حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زمان
بەشی زمانی کوردی

# کارەکتەرسازیی لە ڕۆمانی (شەوانی ئادەم) ی (بەیان سەلمان) دا

تێزێکە

**ئاشتی حسین عارف**

**پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا**

سەرپەرشت

**پ.د. مەریوان عمر حسن**

٢٧٢٣ کوردی

٢٠٢٣ زاینی

ئەم تێزە بە ناونیشانی (کارەکتەرسازیی لە ڕۆمانی"شەوانی ئادەم" ی "بەیان سەلمان"دا) بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردییدا.

ناو: پ.د. مەریوان عمر حسن

سەرپەرشت

بەروار: ١ / ٨ /٢٠٢٣

بە پێی ئەو پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ.ی.د.محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

بەروار: ١٠/ ٩ / ٢٠٢٣

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم تێزەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.ی.د.نجم خالید الونی

ئەندام

بەروار: ٢٠٢٣/١٠/٢٣

ناو: پ.د. انور قادر محمد

سەرۆکی لیژنە

بەروار: ٢٠٢٣/١٠/٢٣

ناو: پ.ی.د.تانیا اسعد محمد

ئەندام

بەروار: ٢٠٢٣/١٠/٢٢

ناو: پ.ی.د.هەژار احمد غفور

ئەندام

بەروار: ٢٠٢٣ / ١٠ / ٢٣

ناو: پ.د.شنۆ محمد محمود

ئەندام:

بەروار: ٢٠٢٣/ ١٠ /٢٣

ناو : پ.د. مەریوان عمر حسن

ئەندام و سەرپەرشت

بەروار: ٢٠٢٣ / ١٠ /٢٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو: پ.د.شاخەوان جلال حاجی فرج

ڕاگری کولێجی زمان

ڕۆژ: ٢٠٢٣ /١٢/ ٥

پێشکەشە بە:

دایک و باوکم و گشت ئازیزان

دڵسۆزانی زمانی کوردی

بە نیشتیمانەکەم (کوردستان).

سوپاس و پێزانین:

سوپاس و ستایش و پێزانینی زۆرم  بۆ سەرپەرشتیاری تێزەکەم، بەڕێز (پ.د. مەریوان عومەر حسن)، کە بە بیری تیژ و سەرنجی وردی لە خەمی تێزەکەمدابوو.

سوپاس بۆ ستافی مامۆستایان بەشی زمانی کوردی لە هەردوو زانکۆی سلێمانی و چەرموو.

سوپاس و پێزانینم بۆ (م. هەرێم عوسمان)، (م. بەیان سەلمان)، کە دڵسۆزانە هاوکارییان کردم و لە خەمی ئەوەبوون توێژینەوەکە بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام بگات.

سوپاس و ڕێزم بۆ بەڕێوەبەر و کارمەندانی کتێبخانەکانی( زانکۆی سلێمانی، زانکۆی چەرموو، بەشی کوردی)

سوپاس و ڕێزم بۆ هەر کەسێک، گەر بە وشەیەکش بێت، هاوکاری کردووم.

**ناوەرۆک**


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| بەشی یەکەم: کارەکتەرسازیی لە تیۆری ڕۆماندا | ٣ |
| تەوەریی یەکەم: زاراوەوچەمک و پێناسە وگرنگیی کارەکتەر لە ڕۆماندا | ٤ |
| تەوەریی دووەم: ڕەهەندە هونەرییەکانی بنیات و ڕانانی کارەکتەر | ١٣ |
| ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەر | ١٣ |
| ١- جەستەیی | ١٥ |
| ٢-کۆمەڵایەتی | ١٥ |
| ٣- دەروونی | ١٧ |
| ٤- هزری | ١٩ |
| ٥- ناولێنا | ٢٠ |
| شێوازی ڕانانی کارەکتەر لە ڕۆماندا | ٢٢ |
| ١- ناڕاستەوخۆ | ٢٤ |
| ٢- ڕاستەوخۆ | ٢٥ |
| تەوەریی سێیەم: پێوەندیی کارەکتەر بە توخمەکانی دیکەی ڕۆمانەوە | ٢٧ |
| ١-گێڕانەوە | ٢٧ |
| ٢-ڕووداو | ٣٠ |
| ٣-شوێن | ٣٢ |
| ٤- کات | ٣٤ |
| تەوەریی چوارەم: جۆرەکانی کارەکتەر لە ڕۆماندا | ٣٥ |
| کارەکتەر لە ڕووی ئەرکەوە | ٣٥ |
| ١-کارەکتەری سەرەکی | ٣٥ |

| | |
|---|---|
| ٢-كارەكتەری لاوەكی | ٣٧ |
| كارەكتەر لە ڕووی پێكهاتەوە | ٣٩ |
| ١-كارەكتەری پەرەنەسێن | ٤٠ |
| ٢-كارەكتەری پەرەسێن | ٤٢ |
| بەشی دووەم:ڕەهەندەكانی بنیات و ڕانانی كارەكتەر لە نێو ڕۆمانەكەدا | ٤٦ |
| تەوەریی یەكەم: ڕەهەندەكانی بنیاتی كارەكتەر لە نێورۆمانەكەدا | ٤٧ |
| ١- جەستەیی | ٤٧ |
| ٢- كۆمەڵایەتی | ٤٩ |
| ٣- دەروونی | ٥٢ |
| ٤- هزری | ٦٤ |
| ٥- ناولێنان | ٨٢ |
| تەوەریی دووەم: شێوازەكانی ڕانانی كارەكتەر لەنێو ڕۆمانەكەدا | ٨٧ |
| ١- ناڕاستەوخۆ | ٨٧ |
| ٢- ڕاستەوخۆ | ٩٤ |
| بەشی سێیەم: پێوەندیی كارەكتەر و جۆرەكانی لەنێو ڕۆمانەكەدا | ١٠٩ |
| تەوەریی یەكەم: پێوەندیی كارەكتەر بە توخمەكانی دیكەی ڕۆمانەوە لە نێو ڕۆمانەكەدا | ١١٠ |
| ١- گێڕانەوە | ١١٠ |
| ٢- ڕووداو | ١٢٥ |
| ٣- شوێن | ١٣٦ |
| ٤- كات | ١٤٣ |
| تەوەریی دووەم: جۆرەكانی كارەكتەر لە نێو ڕۆمانەكەدا | ١٤٦ |
| كارەكتەر لە ڕووی ئەركەوە | ١٤٦ |

| | |
|---|---|
| کارەکتەری سەرەکی | ١٤٦ |
| کارەکتەری لاوەکی | ١٦٧ |
| کارەکتەر لە ڕووی پێکهاتەوە | ١٨٤ |
| کارەکتەری پەرەنەسێن | ١٨٤ |
| کارەکتەری پەرەسێن | ١٨٨ |
| ئەنجام | ١٠٥ |
| پاشکۆ | ٢٠٨ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢١٢ |
| ملخص البحث | ٢٢٢ |
| Abstract | ٢٢٣ |

## پێشەکی:

هەروەک چۆن ڕۆمان لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا ئەمرۆ، بە پێی قۆناغە جیاوازەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ڕۆڵی کارەکتەریش، وەک توخمێکی ڕۆمان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت، خەیاڵی ڕۆمانێک بکەین، بە بێ کارەکتەر، هەرچی لە نێو دەقی ڕۆماندا ڕوودەدات، ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە کارەکتەرەوە هەیە، بایەخی کارەکتەر لەوەدایە، کە ڕۆماننووس لە نێو هەموو توخمەکانی ڕۆماندا، زمان، وەک ئامرازی گرنگیی دەربڕین، تەنیا بەم توخمە دەبەخشێت و لە ڕێگەیەوە، هزرەکانی بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە.

### هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:

هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی ڕۆڵ وپێگەی کارەکتەر لە نێو ڕۆماندا، کە پێگەیەکی بەرز وکاریگەری هەیە ودەتوانین بڵێین، کۆڵەکەی ڕۆمانە، جگەلەوەی هۆکارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، نووسەر "بەیان سەلمان"،وەک یەکێک لە ڕۆماننووسەکان لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی کوردییدا، زۆر کەم ئاوەڕی لێدراوەتەوە، هەروەها ڕۆمانی "شەوانی ئادەم"ی "بەیان سەلمان"، کە تێیدا بەرگریکردنە لە بوون و ناسنامەی نەتەوەی کورد، بە تایبەتی لە قۆناغی پاش ئەنفالدا، کە هەمیشە، لەلایەن داگیرکەرانەوە، هەوڵی بنەبڕکردنی ناسنامەی کورد دەدرێت.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

بریتییە لە دەستنیشانکردنی هەموو خەسڵەت و ڕەهەندە جیاوازەکان و جۆر و پێکهات و پرۆسەی ڕانانی کارەکتەر، کە ڕۆماننووس لەنێو ڕۆمانەکەیدا بەکاریهێناوە، هەروەها خستنەڕووی گرنگی و ڕۆڵی کارەکتەر لەنێو ڕۆمانەکەدا.

### گرفتی توێژینەوەکە:

جیاوازیی زاراوەکان، کە تا ئێستاش کۆدەنگی نووسەرانی ئەم بوارەی لەسەرە نییە، گرفتێکی بنەڕەتی بوو لە نێو توێژینەوەکەمان.

### میتۆدی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەکەماندا، میتۆدی ( وەسفی- شیکاری) بەکارهاتووە، لەبەشی تیۆریی میتۆدیدا وەسفیی و بەشی پراکتیکی، میتۆدی شیکاری بەکارهاتووە، بۆدیاریکردنی خەسڵەت و ڕەهەندە جیاوازەکان و جۆرەکانی کارەکتەر.

**سنووری توێژینەوەکە:**

سنوری توێژینەوەکە، ڕۆڵ و پێگەی کارەکتەر، کە دەستنیشانمان کردووە، لەنێو ڕۆمانی "شەوانی ئادەم"دا.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

بەگشتی توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە و هەر بەشێک چەند تەوەرێک لە خۆ دەگرێت. لەبەشی یەکەمدا بە ناونیشانی" کارەکتەرسازیی ڕۆمان لە دیدی تیۆرییەوە" لە چوار تەوەر پێکدێت، لەتەوەری یەکەمدا زاراوەوچەمک و پێناسەو گرنگیی کارەکتەر لە ڕۆماندا باسکراوە، لە تەوەری دووەمدا، ڕەهەندە هونەرییەکانی بنیاتی کارەکتەر و ڕانانی کارەکتەر خراوەتە ڕوو، لە تەوەری سێیەمدا باس لەپێوەندیی کارەکتەر بە توخمەکانی تری ڕۆمانەوە کراوە، لە تەوەری چوارەمدا جۆرەکانی کارەکتەر لە ڕۆماندا خراونەتەڕوو. لە بەشی دووەمدا، بە ناونیشانی"ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەر و ڕانانی کارەکتەر، لە نێو ڕۆمانی "شەوانی ئادەم"دا، لە دوو تەوەر پێکدێت، لە تەوەری یەکەمدا، ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەر، لە نێو ڕۆمانی "شەوانی ئادەم"دا باسکراوە، لە تەوەری دووەمدا، شێوازی ڕانانی کارەکتەری لە نێو ڕۆمانەکەدا خراوەتەڕوو. بەشی سێیەم، بە ناونیشانی"پێوەندیی کارەکتەر و جۆرەکانی لە نێو ڕۆمانی شەوانی ئادەم"دا لە دوو تەوەر پێکدێت، لە تەوەری یەکەمدا، پێوەندیی کارەکتەر بە توخمەکانی دیکەوە، لە نێو ڕۆمانی "شەوانی ئادەم"دا باسکراوە، لە تەوەری دووەمدا، جۆرەکانی کارەکتەر لە نێو ڕۆمانەکەدا خراوەتە ڕوو. لە کۆتاییدا، ئەنجامی توێژینەوەکە و پاشکۆ و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی نامەکە، بە هەر دوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

**بەشی یەکەم:**

**( کارەکتەرسازیی لە تیۆری ڕۆماندا)**

**تەوەریی یەکەم: زاراوەوچەمک و پێناسە وگرنگیی کارەکتەر لە ڕۆماندا**

**تەوەریی دووەم: ڕەهەندە هونەرییەکانی بنیات و ڕانانی کارەکتەر**

**ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەر :**

**جەستەیی، کۆمەڵایەتی، دەروونی ، هزری، ناولێنان**

**شێوازی ڕانانی کارەکتەر لە ڕۆماندا :**

**١- ناڕاستەوخۆ**

**٢- ڕاستەوخۆ**

**تەوەریی سێیەم: پێوەندییەکانی کارەکتەر بەتوخمەکانی دیکەی ڕۆمانەوە:**

**١-گێڕانەوە**

**٢-ڕووداو**

**٣-شوێن**

**٤-کات**

**تەوەریی چوارەم: جۆرەکانی کارەکتەر لە ڕۆماندا**

**کارەکتەر لە ڕووی ئەرکەوە:**

**کارەکتەری سەرەکی**

**کارەکتەری لاوەکی**

**کارەکتەر لە ڕووی پێکهاتەوە:**

**کارەکتەری پەرەنەسێن**

**کارەکتەری پەرەسێن**

## بەشی یەکەم:
## کارەکتەرسازیی لە تیۆری ڕۆماندا

### <u>تەوەریی یەکەم:</u>
### <u>زاراوەوچەمک و پێناسە وگرنگیی کارەکتەر لە ڕۆماندا:</u>

کارەکتەر یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکانی ڕۆمان، ڕۆڵێکی گرنگ، لە بنیاتی ڕۆماندا دەگێڕێت، بۆیە باسکردنی هەر توخمێک لە توخمەکانی دیکەی ڕۆمان، بە کارەکتەرەوە پەیوەستەو ناکرێت، کارەکتەری تێدا فەرامۆشبکرێت، چونکە ئەگەر ڕۆمان وێنەکێشانی ژیان بێت، گوزارشت لە ئازار و خۆشی و ناخۆشی مرۆڤ بکات، کارەکتەر هۆکاری ئەم گوزارشتکردنەیە، ڕۆماننووس لە ڕێگەی کارەکتەرەوە، پەیامەکانی بە خوێنەر دەگەیەنێت.

"(Character ) کارەکتەر زاراوەیەکە لە جیهانی شانۆوە، هاتووەتە ناو دنیای ڕۆمانەوە، وشەیەکی ئینگلیزییە ،بە واتای ئەو کەسە دێت، کە ڕۆڵێک لەسەر تەختەی شانۆ دەنوێنێت، لە زمانی عەرەبیشدا، زاراوەی "الشخصية" بەکاردێت، کە واتای کارەکتەر دەگەیەنێت. لەزمانی کوردیدا، بە تایبەتی، لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی شانۆیی و دەروونناسیدا، بۆ زاراوەی کەسێتی بەکاردێت"، (ئیبراهیم،٢٠١٦،٢٤). هەرچی دەربارەی کارەکتەرسازییە لە دەقی ڕۆماندا "کەسێتی سازیی مەبەست لێی، ئەفراندنی کەسێتییەکانی چیرۆکە، کە نووسەر هەریەکێکیان بە تایبەتمەندیی ئاکاری و گیانی دیاریکراو لە دنیای چیرۆک و شانۆنامەدا دروستدەکات"، (کەسنەزانی،٢٠١٢،١٢٢)، کارەکتەرسازیی، بەرهەمی کۆی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤێکە، هەموو ئەو شتانەی، دەتوانرێت لە هەموو ڕەهەندەکانەوە بەوردی لە ژیانی کارەکتەردا بزانرێت، لە پاڵیدا، پێناسی تایبەتیی هەر کارەکتەرێک، لە نێو دەقی ڕۆماندا دروست دەکەن.

کارەکتەر ئەو کەسەیە، کە لە ناو دەقی ڕۆماندا، نووسەر دەیخولقێنێت، تا ڕۆڵێکی پێ بسپێرێت، بۆیە ئەفراندنی کارەکتەر، یەکێکە لە هەستیارترین ئەو ئەرکانەی، کە ڕووبەڕووی ڕۆماننووس دەبێتەوە، چونکە بنیاتنانی ئەم توخمەی ڕۆمان، پێویستیی بە شارەزای و لێهاتوویەکی زۆرهەیە، هەروەها چۆنیەتی نواندنی ڕۆڵی کارەکتەر لە ناو ڕەوتی ڕووداوە سەرەکی و لاوەکییەکاندا، گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە کارەکتەر ڕەگەزێکی گرنگی ڕۆمانە، بە بێ بوونی کارەکتەر،

ڕووداو چیَ نابێت، بەبیَ ئەم دووانەش، شتێک لە گۆڕێ نییە، بە ناوی ڕۆمانەوە، ئەمەش لە پاڵ ڕەگەزەکانی تریشدا.

نووسەران لە ڕوانگەی جیاوازەوە، باسیان لە کارەکتەر و پێکهاتەی ئەم توخمە کردووە، (ئەرستۆ) یەکەم کەسە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناوی کارەکتەری هێناوەو بە یەکێک لە شەش توخمە سەرەکییەکەی تراژیدیای داناوە، کە ئەوانیش بریتین لە"چنین، کەسێتی، داڕشتن، هزر، دیمەن، گۆرانی" (ئەرستۆ،٢٨،٢٠١١)، ئەگەرچی لە ریزبەندیدا، لە دوای چنینەوە دایناوە، لەبارەی ئەوەی (ئەرستۆ)  چنینی ڕووداوی پێش کارەکتەر خستووە،"بە بەم شێوەیە عیبرەت ڕەنگدانەوە نییە، بۆ ڕەوشتی مرۆڤەکان، بەڵکو ئەو کردارەیە، کە مرۆڤەکان بە پلەی یەکەم ڕای دەپەڕێنن، ئەو مەبەستەش، کە لەلای (ئەرستۆ) خەسڵەتە، بە پلەی دوو دێت، بەم شێوەیە خەسڵەت ڕێژەی ڕەنگدانەوەی کردارەکانە بۆی، لای ئەرستۆ کردار و ڕووداو بابەتی سەرەکیی درامان، بە بەمشێوەیە کارەکتەری بە پاشکۆی کردار و ڕووداوەکان دادەنا، ئەوەش، سروشتی کردار و ڕووداوەکانە، کەخەسڵەتی کارەکتەرەکان نیشاندەدات"، (دەوڵەت،٤٢،٢٠١١)، ئەمەش یەک دەگرێتەوە ، لەگەڵ بۆچوونی نووسەر و ڕەخنەگری ئینگلیز(لێسلی ستیفن)دا، بەڕای ئەو "مەبەستی سەرەکیی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان پێشاندان و ئاشکراکردنی کارەکتەرە، ئاراستەیەکی تریش پێی وایە کارەکتەر و ڕووداوەکانی ناو چیرۆک لەیەک جیانابنەوە"، (یاقووب،١٠،٢٠٢١)، جگەلەوەی، (ئەرستۆ) چەند مەرجێکی بۆ پێشکەشکردنی کارەکتەر دیاریکردووە، کە ئەو مەرجانە بە پێی بارودۆخی سەردەمی خۆی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو مەرجەی، کە "دەبێت کارەکتەر، لەگەڵ واقیعدا یەکبگرێت" لە ڕۆمانی کۆندا بەرجەستە دەکرا، بەوەی کارەکتەر بەرجەستەکردنی کەسانی واقیعیبوو.

لە ڕۆمانی کۆندا، زۆر گرنگی بەکارەکتەر دەدرا، "ساکارترین شێوە بۆ وەسفکردنی کارەکتەر لای ڕۆماننووسە کۆنەکان، بریتیی بوو لە وەسفی جەستە و کورتەیەک لە ژیانی کارەکتەر، بەو هۆیەشەوە، خوێنەر ئاگاداری پلەی کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و سیاسی ئەو کارەکتەرە دەبوو"،(مەنتک،١٦١،٢٠١٣)، چونکە"وەسف وێنەگرتنێکی زمانیی واتادارە، لەڕێگەیەوە ڕۆماننووس دەتوانێت، بەهۆی زمانەوە وێنەیەکی دەرەوەی کارەکتەر پێشانی خوێنەر بدات"،(خەلیل،٤٥،٢٠٠٧)، لە ڕۆمانی کۆندا، لە ڕێگەی تەکنیکی وەسفەوە، وێنەیەکی فۆتۆگرافی کارەکتەر پێشان دەدات، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا، لە ڕێگەی تەکنیکی مەنەلۆگەوە، گرنگی بە شیکردنەوەو شۆڕبوونەوە بۆ ناو ناخی کارەکتەر دەدرێت وزێتر باسی شتە شاراوەکانی دیوی

ناوەوەی کارەکتەر دەکرێت، بۆ ئەوەی زانیاری و حەزە شاراوەکانی ناو زەینی شیبکاتەوە. لە ڕۆمانی نوێدا، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی ڕۆمانی شەپۆلی هۆش"هەموو وەسواسێکی ڕۆحی و سەرقاڵییەکی زەینی، لە ڕێی ڕۆمانەوە پێشاندەدرێت و ڕۆمانەکەش، دەبێتە گۆڕەپانی نواندنی هزر و هەر دەرهاویشتەیەک، لەلایەنی ئاگایی و نیمچە ئاگایی و بێ ئاگایی و هەڵقوڵانی ئەندێشەو هەست و تەداعی واتاوە دەردەکەوێت"،(شمیسا، ١٣٧٩،١٧).

هەندێک لە ڕەخنەگران لە ڕوانگەی پێوەندیی نێوان کارەکتەر و ڕووداوەوە تەماشای کارەکتەر دەکەن و پێناسەی دەکەن بەوەی "کارەکتەر بکەرێکە کاریگەریی لەسەر ڕووداو هەیە و بەشێکی ڕووداوەکانی چیرۆک پێوەندیی بەوەوە هەیە، لەڕێی وەسفی ئاکار و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەیەوە شێوەکەی دەردەکەوێت، لە ڕێی بگێڕەرەوە تایبەتمەندیی دەروونی و جەستەیی ئەو وەسف دەکرێت" (حجازي، ٢٠٠١،١٠٣)، بەهەمان شێوە ڕووداویش هەمان کاریگەریی لەسەر کارەکتەر هەیە و بەهۆی ڕووداوەکانەوە کارەکتەر پۆلێندەکرێت، پێوەندیی نێوان ئەم دوو توخمەی ڕۆمان پێوەندییەکی ئۆرگانییە هەردووکیان، کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە.

سەبارەت بە ئەفراندنی کارەکتەر، لەلایەن ڕۆماننووسەوە، ڕەخنەگرانی بواری ڕۆمان لە دید و ڕوانگەی جیاوازەوە، سەیری ئەم بابەتەیان کردووە، چونکە "ئەفراندنی کارەکتەر، کە لەوانەیە پڕ هەڵچوونترین ڕووی چیرۆکنووسین بێت، نووسەر بە ئەفراندنی کارەکتەرێک، دەڵێی دەست دەداتە ئەفراندنی مرۆڤێک، کە دەتوانێت ئازادانە لە ڕووداوەکانی چیرۆکدا حزورپەیدا بکات و کاریگەر بێت، لە واقیعدا، ئەمە هەمان حاڵە کە سیفەتی خواوەندێتی بە نووسەر دەدات و ئەو دووچاری تاقیکردنەوەیەکی غەریبی چێژبەخش دەکات"،(مستور،١٣٨٤، ٣٤). هەر سەبارەت بە ئەفراندنی کارەکتەر(دیان وات) دەڵێت:" باشترین ڕێگە بۆ دروستکردنی کەسێتی لە ڕۆماندا، کەسێکی کامڵ بەهەموو بونییەوە دابهێنێرێت، بەجۆرێک زانیاریی تەواوی بەرامبەری هەبێت و ئەنجامدانی هەرکارێکی لە سەر ئەو شێوەو ئەو بنەمایە بێت، کە خۆت نەخشەت بۆ کێشاوە"، (عبدللە،٢٠٠٠،٦)، بەو واتایەی دەبێت کارەکتەری ناو ڕۆمان بە جۆرێک بنیاتبنرێت، کە توانای قەناعەت پێهێنان لای خوێنەر دروست بکات و کارتێکەری و ئاوێتەکردنی هەبێت و چێژبەخش بێت، بۆ ئەوەی خوێنەر ڕازی بکات، تا کۆتایی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لەگەڵیدا بمێنێتەوە، بۆ ئەمەش، پێویستە ڕۆماننووس شارەزای تەواوی لە بارەی کارەکتەرەکانەوە هەبێت، چەند ناسینەکەی قووڵ و بەهێز بێت، ئەوەندە دەتوانێت

گوزارشـــتکردنەکەی راســـت و ڕوون بێـــت لـــە بـــارەی نـــاخ و دەروونـــی کـــارەکتەر و هەڵســـوکەوتی ئـــەو کارەکتـــەرەی، کـــە خـــودی ڕۆمـــاننووس خولقێنـــەریێتی، ئەمانـــەش دەبنـــە هۆی بەهێزی بنیاتی کارەکتەر و زیندوویێتی لە هزی خوێنەردا پێدەبەخشێت .

ســـەبارەت بە ســـەرچاوەی کـــارەکتەر"بۆ کارەکتەرســـازیی دەبێـــت، ڕۆمـــاننووس نمونەیـــەکی وا بخولقێنێـــت، خوێنـــەر هەســـت بکـــات لـــە ژیانـــدا نموونـــەی هەیـــە، لەهـــەمان کاتـــدا، ڕەنگـــە نموونەشـــی نـــەبێت"، (مـــەنتک،٢٠١٣،١٦٥)، بەڵام هەنـــدێکی تـــر لە نووســـەران، کـــارەکتەر بە تەواوی بەواقـــیعەوە دەبەســـتنەوە، چـــونکە کـــارەکتەر ئەو کەســـایەتییانەن لە نـــاو دەقـــی ڕۆمانـدا، لەکـات و شـوێنی جیـاوازدا، نموونەیـان لە ژیانـدا هەیە، بـۆ نمـوونە کەسـایەتیی زبـر ورەق و گۆشەگیر یان نەرمونیان.

ئەم بۆچوونەی سەرەوەش، یەکانگیرە، لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی (میشال بۆتۆر)دا، کە یەکێکە لە ڕابەرانی ڕۆمانی نوێ "واقیع بەسەرچاوەیەکی گرنگی دامەزراندنی کارەکتەر دەزانێت، هەروەها بڕوای بەوە هەیە، کە کارەکتەر دەمامکی جۆراو جۆری نووسەری ڕۆمانن و لە پشتی ئەوانەوە، ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە، لە ڕێی ئەوانیشەوە خەون بە خۆیەوە دەبینێ" (ئەڵوەنی، ٢٠٢١،١١) ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کارەکتەر، وەک توخمێکی هونەری، چەند لە ڕۆماندا گرنگە، ئەوەندەش بەلای خودی ڕۆماننووسەوە گرنگە، چونکە ڕۆماننووس بۆ گەیاندنی پەیامەکانی بە خوێنەر بەکاریاندەهێنێت.

بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەوە، هەندێک لە نووسەران پێیانوایە بە زیندووکردنی کارەکتەر و بەستنەوەیان بە واقیعەوە، دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەقەکە، پێیانوایە"ڕۆماننووسی بەتوانا ناخوازێ کەسانێک دروست بکات، کە دەقاو دەق نموونەیان لە ژیاندا هەبێت و ئاسایی بن، ئەمە ئەرکی ئەدیب و هونەرمەند نییە، بگرە دەبێت لەسەر لاپەڕەکاندا، کەسایەتیی پڕ ژیان و زیندوو دروست بکات"،(خەیات،٢٠١٩،٣٥)، ئەرکی ڕۆماننووس گواستنەوەی واقیع بۆ ناو ڕۆمان نییە، بەڵکو ڕانانی کارێکی هونەرییە، هونەریش، بریتی نییە لە پێشاندانی واقیعی بەردەست، یان گوزارشتکردن لە هەندێ هزری پێشینە، بەڵکو دووبارە داهێنانەوەیەتی، جگە لەم دووئاراستەیە، سەبارەت بە سەرچاوەی کارەکتەر، ئاراستەی سێیەمیش هەیە و پێیوایە، لەکاتی بنیاتنانی کارەکتەر، لە نێو ڕۆماندا "کارەکتەرەکان تێکەڵەیەکن لە وێنە بابەتییەکان و وێنە خودییەکانی ڕۆماننووس، چونکە ڕۆماننووس لە کاتی بیناکردنی کەسەکانیدا، بیەوێت، یان نەوێت، بزانێت یان نەزانێت، چەند ڕەگەزێکی کەسەکانی لە ژیانی تایبەتیی خۆیەوە وەرگرتووە، ئەو کەسانە دەمامکێکن لەو

دەمامکانەی ڕۆماننووس لە پشتیانەوە، چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە و لەوانەوە، خەون بە خۆیەوە دەبینێت"، (عبدلله،٩،٢٠٠٠)، بەڵام لەگەڵ ئەوەی، کارەکتەر چەند نموونەی لە واقیعیشدا هەبێت و وێنەخودییەکانی ژیانی ڕۆماننووس کاریگەریی بەسەریانەوە هەبێت، کاتێک لە ڕۆماندا بەرجەستە کرا، دەبێتە کارەکتەرێکی هونەریی سەربەخۆ، چونکە هەرچەندە، ڕۆمان کارکردنێکی واقیعییانەیە لەسەر کۆمەڵگە، بەڵام بەهاتنە ناوەوەی کارەکتەر، بۆ ناو ڕۆمان، لە واقیعیبوون دەکەوێت و دەبێتە کارەکتەرێکی هونەری و تێکەڵ بە خەیاڵ دەکرێت، بۆیە"کارەکتەر لە ڕۆماندا، چەند دروستکراوی دەستی نووسەرەکەی بێت، تەنانەت ئەگەر لە یەکێک لە قۆناغەکانیشدا، ڕەگ و ڕیشەیەکی واقیعی هەبێت، ئەوا هەرئەوەندەی، یەکەم هەنگاوی لە نێو ڕۆمانەکەیدا هەڵهێنا، ئیتر ژیانێکی سەربەخۆی دەبێت"، (بێستون،٢٠١٤،٤٠)،

لە پێناسەی بنیاتگەرەکاندا بۆ کارەکتەر، ئەوان وەک دیاردەیەکی زمانی، دەڕواننە ئەم توخمەی ڕۆمان، سەبارەت بە سەرچاوەی کارەکتەر(فۆرستەر)لەو باوەڕەدایە، "کارەکتەر بارستەیەک وشەیە، ڕۆماننووس سازیی دەکات و ناوی لێدەنێت و ڕەگەزی دیاری دەکات، هەروەها شێوەی شیاوی بۆ هەڵدەبژێرێت و وای لێدەکات، بدوێت و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک هەڵسوکەوت بکات"، (فورستر،١٩٩٤،٣٧)، ڕۆماننووس وێنەی کارەکتەر دەکێشێت و هەموو ڕەهەندەکانی ئاشکرا دەکات، بەپێی ڕەوتی ڕووداوەکان، هەنگاو بەهەنگاو پەرەیپێدەدات، هەر لە درێژەی باسی بنیاتگەرەکاندا، کە وەک پێکهاتەیەکی زمانی سەیری کارەکتەردەکەن، پێیانوایە"کارەکتەر لە ڕۆماندا ناتوانێت، لە دەرەوەی سیستمی زمان درێژە بە ژیانی خۆی بدات، بۆیە ئەو کەسێتییە هیچ بوونێکی لە دەرەوەی تێکستەکەدا نییە، بە واتا ومانای دی، تێکستەکە بەسەر خۆیدا داخراوە و قایل و هەم پێبەندیی یاسا تایبەتەکانی ناو خۆیەتی"،(خەیات،٢٠١٩،٢٠)، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین کارەکتەر لە ڕۆماندا زیندەوەرێکە، لە وشە پێکهاتووە و ژیانیشی، تەنیا لە ڕووی لاپەڕەکاندا بەسەر دەبات.

لای(تۆدۆرۆف)کارەکتەر "پێش هەموو شتێک کێشەیەکی زمانییە، یان ڕێزمانییە، بۆیە کارەکتەر هیچ بوونێکیان نییە لە دەرەوەی وشەکاندا، چونکە ئەوان هیچ نین، جگەلە بونەوەرێک لەسەر پەرەی کاغەز، یان بونەوەرێکن لە کاغەز"،(رحیم، ٢٠١٢، ٣)، کارەکتەر گوزارشتکردنە لە مرۆڤ، لەڕێگەی وشەوە، بەڵام هەندێکی تر لە ڕەخنەگرانی ڕۆمان، پێیانوایە، گەر کارەکتەر لە ڕوانگەی زمانیشەوە سەیربکرێت، هەر پەیوەست بە واقیعەوە دەبێتەوە، بۆیە"ئەگەر بابەتی کارەکتەر پێش هەمووشتێک مەسەلەیەکی زمانی بێت، ئەوا هیچ دروست نییە، کە پێوەندیی نێوان کەسو کارەکتەر،

بە بێ هوودە ڕەت بکەینەوە، واتە هەر کارەکتەرێک کەسەکان"توێژێک" دەنوێنێت، بە گوێرەی ڕێگە تایبەتەکانی وێناکردن"( جوف، ١٦،٢٠١٢)، ئەم بۆچوونەش، دەرخەری ئەوەیە، کارەکتەر جگەلەوەی توخمێکی گرنگیی ڕۆمانە، بەڵکو لە بنەڕەتدا، ئەوان کەسەکانی ناو کۆمەڵگە بەرجەستە دەکەن، بەڵام بە شێوەیەکی هونەری نەک بە هەمان شێوەی واقیع.

هەر دەربارەی دەستکردی کارەکتەر، (عبدلله سەراج) دەڵێت:" کەسایەتیی ناو ڕۆمان، کەسایەتییەکی ئەدەبی و هونەرییە، ڕۆماننووس ئەفەراندوویەتی، بۆیە هەڵەیە، ئەگەر بە چاوی واقیعی و ئاسایی تەماشایان بکەین، جا ئەگەر لێکچوونی، لەگەڵدا هەبێت، یان نەبێت"، (سەراج،١١،٢٠٠٧)، بۆیە دەبێت، کارەکتەر، وەک بوونێکی هونەری سەیربکرێت، چونکە هەروەک (جۆرج ساند) دەڵێت"کاری من وێنە کێشانی ڕوخساری کەس نییە، ئەمە شێوازی من نییە، من دەخولقێنم، خەڵکی ئاسایی نازانن، مەسەلەی خولقاندن، لە چ ڕوویەکەوە ببینن، تێدەکۆشن بۆ هەر خولقێنراوێک، نوسخەیەکی ئەسڵی لە شوێنکەوە بدۆزنەوە، بێ ئاگا لەوەی، کەخۆتەفرە دەدەن وهونەر چەوتدەکەن" (آلوت، ١٣٨٠،٤٥٧)، ئەوە خوێنەرە، بە پێی تێگەیشتن و لێکدانەوەی بۆ کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان، کۆپییەکی لە واقیعدا بۆ دەدۆزێتەوە، بەڵام پێویستە، بە چاوێکی هونەری، سەیری کارەکتەربکات. بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی، کە پێیانوایە، نووسەر دروستکەرو خولقێنەری  کارەکتەرە، لە ناو دەقی ڕۆماندا، هەندێکی دیکە لە ڕەخنەگران لەوانە(فلیپ هامۆن) پێیوایە، کارەکتەر "پێکهاتەیەکە خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوە دروستی دەکات، نەک لە ڕێی دەقەوە"،(عزام،١١،٢٠٠٥)، بە پێی ئەم بۆچوونەی هامون، کارەکتەر مۆرفیمێکی بەتاڵە و خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەوە، بە مانا و دەلالەت پڕیدەکاتەوە، لێرەشدا خوێنەر، بنیاتی کارەکتەر بە پێی جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و پاشخانی خوێنەرو شیکردنەوە بۆ کارەکتەر وێنەی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان دەکێشێت، ئەگەرچی (د.نجم ئەڵوەنی)یش ئاماژەی بە بوونی پێوەندییەکی گرنگ، لە نێوان کارەکتەر و خوێنەردا کردووە، بەڵام ڕۆماننووس بە داڕێژەری کارەکتەر دەبینێت و دەڵێت: "پەیوەندیی نێوان کارەکتەر و خوێنەر، یەکێکە لەلایەنە زۆر گرنگەکانی دەقی ڕۆمان و هەروەها یەکێکە لە ئامانجە پڕ بایەخەکانی ڕۆماننووس، چونکە دەیەوێت، لە ڕێی باسکردنی ژیان و بەسەرهاتی کارەکتەرەکانەوە، وێنەکانی ژیانی مرۆڤی ڕاستەقینە پێشانی خوێنەران بدات،" (ئەڵوەنی،١٣،٢٠٢١)،

کارەکتەری ناو ڕۆمان، تێکەڵەیەکە لە وەسفی خەیاڵی هونەری و ڕۆشنبیریی کۆکراوەی ڕۆماننووس، ئەم جۆرە پێکهاتەیەش ڕێگە بە ڕۆماننووس دەدات، بەوەی بتوانێت پێکهاتە و وێنەی

کارەکتەر زیاد و کەم و گەورە، یان زیادەڕەوی تێدا بکات، بەجۆرێک دەتوانێت، ئەم بونەوەرە کاغەزییە، بکاتە وێنە و ئاوێنەی کەسێکی دیاریکراو لە واقیعی مرۆڤی دەوروبەردا، بەم جۆرە دەردەکەوێت، دوو هۆکار لە دروستکردنی کارەکتەردا ڕۆڵ دەبینن: یەکەمیان، بابەتییەو دووەمیان خودییە، ڕۆماننوس لە کرداری دروستکردنی کارەکتەرەکاندا، ناتوانێت واز لە خودێتی بهێنێت، بابەتێتی ئەوەی بەسەردا دەسەپێنێت، کارەکتەرەکان لە ڕووی بیرکردنەوەو هەست و سۆز و ئارەزووەکانیانەوە، هەریەکەیان بونەوەرێکی سەربەخۆ بێت.

## گرنگیی کارەکتەر لە ڕۆماندا:

ڕۆمان باشترین و گونجاوترین چەشنی ئەدەبە، بۆ وێناکردن و بەرجەستەکردنی ڕووداو و بەسەرهاتەکان و ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە، چونکە هەر وەک (پیرسی لۆبۆک) دەڵێت:"خودی ڕۆمان وێنەیەکی ژیانە"، (ئیبراهیم،٢٠١٦،٣٠)، چونکە"ڕۆمان لە بنەڕەتدا، بۆ ئەوە دەنوسرێت، نامەیەک لە نوسەرەوە بگەیەنرێتە خوێنەر، بۆ ئەمەش، ڕۆماننووس کۆمەڵێ کارەکتەر ڕادەسپێرێت، بۆ ئەوەی لە باتی خۆی لە ڕێی ئەوانەوە، ئەم نامەیە بە باشترین شێوەو لە جوانترین شێواز و داڕشتنی ئەدەبیدا، بۆ خوێنەر بنێرێت"(عومەر،٢٠١٥،٢٧)، هەر ئەمەش وایکردووە، بڵێین، ڕۆماننووسی سەرکەوتوو ئەوەیە، کە بتوانێت لە ڕووی هونەرییەوە، کۆمەڵێ کارەکتەری زیندوو دروستبکات، چونکە ئەگەر بنیاتی هونەریی کارەکتەر لاوازبێت، ئەوا کاردەکاتە سەر هەموو بنیاتی ڕۆمانەکە ولاوازی دەکات، گرنگیی کارەکتەر بەجۆرێکە، کە هەندێکجار خوێنەر بەشێوەیەک، تێکەڵ بە دنیای کارەکتەر دەبێت، دەیکاتە سمبولێک لە ژیانیدا،"زۆرجار کارەکتەر دەبێتە سەمبولێک، بۆ ڕێڕەوی ژیانی واقیعی خوێنەر، تاڕادەیەک چۆن لە خەون و خەیاڵەکاندا بە دوای خۆماندا دەگەڕێین، لە ڕۆمانیشدا، بە دوای یەک، یان چەند کارەکتەرێک دەکەوین، تا لەگەڵیاندا ببین بەیەک، ئەم پەیوەستبوونەی خوێنەریش بە کارەکتەرەوە وتێکەڵاوبوونی هەست و سۆزی لەگەڵیدا، بۆ لایەنە مرۆییەکە دەگەڕێتەوە"، (شێخانی،٢٠١٢،١٤).

گرنگیی کارەکتەر بە جۆرێکە، (ئەندریە جید) دەڵێت:" هەرگیز بیرێک مەڵێ، تەنها لە ڕێگەی کارەکتەرەوە نەبێت"،(فەرەج،٢٠١٢،٤٧)، هەر بیروبۆچوون و پەیامێک، کە ڕۆماننووس بیەوێت، بیگەیەنێتە خوێنەر، گەر لەڕێگەی کارەکتەرەوە نەبێت سەرکەوتوونابێت لە گەیاندنی پەیامەکەیدا، هەندێک لە توێژەران بوونی ڕۆمان بە تەواوەتی بە کارەکتەرەوە پەیوەست دەکەن، "ڕەنگە ڕۆمان، بەبێ کارەکتەر بوونی نەبێت، بۆیە، بوونی ڕۆمان بە بوونی کارەکتەرەوە بەستراوە"، (شێخانی،٢٠١٢،١٧). ناکرێت، خەیاڵی ڕۆمانێک بکەین، بەبێ کارەکتەر، چونکە ڕۆمان بێ کارەکتەر

دروست نابێت، "کارەکتەر یەکێکە لە توخمە سەرەکییە گرنگەکانی ڕۆمان و بە بێ ئەو، هیچ ڕۆمانێک نانوسرێت، سەرجەم ڕووداوەکانی هەر ڕۆمانێک، پەیوەندیی بە ژیان و کار و کردەوەکانی ئەوەوە هەیە، هەروەها شوێن و کات تەنانەت ململانێ و پلۆتی ڕۆمان، هەموویان بۆ دەرخستنی کەسایەتیی کارەکتەر دادەمەزرێن"،(ئەڵوەنی،٩،٢٠٠٩)، لێرەدا دەردەکەوێت، هەموو توخمەکانی تری ڕۆمان لە خزمەتی کارەکتەردان، بۆ دەرخستنی تایبەتمەندی و ڕوونکردنەوەی هەڵسوکەوت و ڕەهەندەکانی کارەکتەرن. هەندێک جار کارەکتەر لەوەش زێترە، کە یەکێک بێت لە توخمەکانی ڕۆمان، بەهۆیەک دادەنرێت، بۆ تێگەیشتن لە بوون و ژیان بەوەی"گرنگیی کەسێتی لە ناو ڕۆماندا لەوەدا بەدەردەکەوێت، دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی ماهییەتی مرۆڤ و هۆیەکە بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەتی بوونی مرۆڤ و هێنانەگۆی ئامانجەکانی، لە میانی کێشە و شۆڕش و ڕووبەڕووبونەوەکانییەوە، لەمەوە ئەو پەیوەندییە بەهێزەی  نێوان کەسێتیی مرۆیی و کەسێتیی ناو ڕۆمان بەدەردەکەوێت"، (عبدلله،٦،٢٠٠٠). و گوزارشت لە زۆر کێشەی بنەڕەتیی مرۆڤ دەکات و زۆر پرسیاری لەم بارەوە، لا دروستدەکات.

هەردەربارەی گرنگی کارەکتەر(عبدالرحمن مونیف) دەڵێت:" کارەکتەر لە ڕۆماندا، خولگەی مانا مرۆڤایەتییەکان و تەوەرەی  هزر و بیروڕا گشتییەکانە،.... لە ڕۆماندا هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە جگەلەوەی، هزرەکان، تەنیا لە کارەکتەردا بەرجەستەبکرێت و لەهەمانکاتیشدا کارەکتەر لە هزرەکان بەرجەستەبکرێت، ئەویش لەناو کۆمەڵێک داب و نەریتی مرۆڤایەتی، کە تێیدا کارلێککردنی هۆشیاری تاک، لەگەڵ هۆشیاری گشتیدا دەردەکەوێت بەشێوەیەک لە شێوەکانی کارلێککردن، بەو شێوەیەی نووسەر مەبەستیەتی، لە تێڕوانینی بۆ نەریت و مەبەستە مرۆڤایەتییەکان"،(مونیف،٥٢،٢٠٠٦)، هەر لەمیانی کارەکتەرەوە، دەتوانین، ئاشنای سیستەمی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیی ئەو سەردەمە ببین، کە کارەکتەری ناو ڕۆمانەکە نوێنەرایەتی دەکات، چونکە ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هزرییەکانی کارەکتەر لە چوارچێوەیەکی مێژووییدا دەردەکەون، ئەوان نموونە یان وێنەی مرۆڤی سەردەمێکن و لەو کاتەدا جۆری سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕەوشتی ئەوان چۆن بووە، لەڕێگەی کارەکتەرەوە بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە، گرنگییەکی دیکەی کارەکتەر لەوەدا بەدەردەکەوێت "خوێنەر بەهۆی کارەکتەرەوە دەتوانێ، شارەزای کێشەو گیروگرفت و چۆنیەتیی بیرکردنەوەی مرۆڤی ئەو سەردەم و کۆمەڵگەیە بێت، کە ڕۆمانەکە باسی دەکات"، (عومەر،٢٥،٢٠١٥)، تەنانەت کارەکتەر ڕۆڵی هەیە، لە بە زیندوو هێشتنەوەی دەقی ڕۆمان، چونکە" ئەوە کارەکتەرە نەمری و ناوبانگ بە ڕۆمان و ڕۆماننووس

دەبەخشێت، چونکە دوای خوێندنەوەی، لەلایەن خوێنەرەوە، ئەوەی بە نەمری و زیندوویێتی، لە خەیاڵی خوێنەردا دەمێنێتەوە، تەنیا ناوی ڕۆماننووس و کارەکتەرەکانە"، (عومەر،٢٢،٢٠١٥).

گرنگی کارەکتەر لە ڕووی لە ناو ڕۆمان، "لەوەدایە، جیاواز لە توخمەکانی تری ڕۆمان دەتوانێت، ڕووداو بەڕێوەببات، کارەکان ڕێکبخات و خەسڵەتی گێڕانەوەی بە ڕۆمانەکە ببەخشێت، لەسەروو هەمووشیانەوە، تاکە توخمە لە ناو ڕۆماندا، هەموو توخمە شێوەییەکانی دیکەی ڕۆمان لەناو کارەکتەردا بەیەکدەگەن و کۆدەبنەوە، لەناو ئەوانیشدا نوێبوونەوەی کات و شوێنە پێویستەکانە، لە پێناو پەرەسەندن و بەردەوامبوونی گوتاری ڕۆمان"، (بحراوی،٢٠،١٩٩٠)، لێرەشدا،"ئەندێشەی داهێنەرانەی نووسەر، هەمیشە گەورەترین و کاریگەرترین ڕۆڵی هەیە، کە بەشێوەیەکی پلەیی، لەسەر هێڵێکی زەمەنی لەکاتی کار و خوێندنەوەدا، بەرەو پێشچوونی گێڕانەوە پێکدێت"، (عزیز ،٢٠١٠، ١١٢)، جگەلەوەی، ئەگەرچی کارەکتەر بۆ خۆی توخمێکە لە ڕۆماندا، بەڵام گرنگیی بوونی لە ناو دەقەدا، لەوەدا دەردەکەوێت، کە ڕۆڵی لە گەشەپێدانی توخمی دیکەی ڕۆماندا هەیە، "کارەکتەر، وەک تاڵە دەزوویەک وایە، لەناو جەستەی ڕۆماندا بەهۆیەوە ڕۆماننووس، دەتوانێت جوڵە و تان و پۆی ڕووداو و کارەکتەرە لاوەکییەکان و توخمەکانی تری ڕۆمان بە یەک بگەیەنێت، وەک ئەڵقەکانی ملوانکەیەک، بە دوای یەکیاندا بهێنێ و زنجیرەیەکی پتەویان لێدروست بکات"،(حەمەغریب،١٩،٢٠١٣). سەرەڕای هەموو، ئەمانەش تایبەتمەندییەکی گرنگ لە کارەکتەردا هەیە لە هیچ توخمێکی دیکەی ڕۆماندا نییە "ئەویش توانای قسەکردنە، گرنگیی ئەم توانایەش لە ناو ڕۆماندا، لەوەدا بەدەردەکەوێت، کە تەکنیکی دیالۆگ و مەنەلۆگی پێدروست دەبێت، گرنگی بوونی ئەم دوو تەکنیکەش لە ژیانی کارەکتەردا، لەوەدا بە دەردەکەوێت، زمانی کارەکتەر لە زمانی ڕۆماننووس جیادەکاتەوە"،(عومەر،٢٨،٢٠١٥).

یەکێکی دیکە لە گرنگییەکانی کارەکتەر ئەوەیە، هەموو توخمەکانی تری دەقی ڕۆمان بەهۆی ئەوەوە چالاک دەبن، چونکە" کات، شوێن، ڕووداو، گێڕانەوە، ئەگەرچی ئەم توخمانە سەربەخۆن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەریەک لەم توخمانە، لە ڕێگەی کارەکتەرەوە ئەکتیڤ دەبن و ئەرک و ڕۆڵی خۆیان بەرجەستە دەکەن، چونکە هەر کەسەکانن، زمان دروست دەکەن و وەسفی ئەو دیمەنانە دەکەن، کە بەلایانەوە جوانن، هەر کەسەکانن، ڕووداوەکان ئەنجامدەدەن و کێشەو ململانێ بەرپا دەکەن.... هەر کەسەکانن لە ڕۆماندا، شوێنەکان ئاوەدان دەکەنەوە و بوون پڕ دەکەن لە هاوار، دەنگە دەنگ و زنا، هەر ئەویشە، لەگەڵ کاتدا یەکدەگرێت و واتای نوێ بەکات دەبەخشێت"، (عبدلله،٥،٢٠٠٠)

کارەکتەر، وەک توخمێکی ڕۆمان، بوونەوەرێکی بەرهەمهێنراوی زمان و ئەندێشەی ڕۆماننووسە، ئەوکاتەی، لە ناو ڕەوتی ڕووداوەکاندا دەردەکەوێت و کارێک ئەنجامدەدات، بۆ ئەوەی ببێتە مایەی سەرنجڕاکێشانی خوێنەر."دەشێ مەسەلەی کارەکتەر لە سێ لایەنەوە سەیربکرێت: یەکەم، کارەکتەر دەبێت حەقیقی بێت، بەڵام نەک بەو مانایەی، کارەکتەرێکی ئاسایی بێت و بناسرێتەوە، بەڵکو بەو مانایەی، دان بە بوونی ئەم جۆرە کارەکتەرەدا بنرێت، دووەم، ڕۆماننووس دەبێت بیر لەوەبکاتەوە، کە کارەکتەرەکان بە جۆرێک لە هاوسۆزی بوروژێنن، بۆیە دەبێت کارەکتەری بەلاوە گرنگ بێت، سێیەم، کارەکتەر دەبێت، شایستەی ئەوە بێت هەردەم لە یاددا بێت، لە بیرنەچێتەوە. لە هزر و بیری خوێنەردا بچەقێت"،(یاقووب،٢٠٢١،٥٠).

## تەوەریی دووەم: ڕەهەندە هونەرییەکانی بنیات و ڕانانی کارەکتەر:

### ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەر:

بێگومان بنیاتی کارەکتەر بە هەردوو لایەنی دەرەکی و ناوەکییەوە، پێویستییان بە چەند ڕەهەندێک هەیە، تا وەک جەستەیەکی زیندوو بخرێتە بەر دیدی خوێنەر، "زیندوو نەک بە واتای هەناسەدان وگیان لەبەربوونی کارەکتەر، بەڵکو زیندوو بە واتای بەرجەستەبوونی لە بەرچاو و هزری خوێنەردا، بەجۆرێک وێنە بکێشرێت تا خوێنەر بە ئاسانی و بەئاسایی هەستی پێبکات وبتوانێت، بە جۆرێک لە جۆرەکان لە خەیاڵی خۆیدا وێنەی بکات، (شێخانی،٢٠١٢،٢٥). ئەمەش وایکردووە، بنیاتی کارەکتەر بە یەکێک لە گرنگترین و ئاڵۆزترین ئەو ئەرکانە دابنرێت، کە ڕووبەڕووی ڕۆماننووس دەبێتەوە، بەوەی پێویستی بە توانا و بەهرەیەکی هونەری گەورە و شارەزایی و تێگەیشتنێکی تەواو لە چەمکی کەسێتیی مرۆڤ بە هەموو لایەنە جۆربەجۆر و ئاڵۆزەکانەوە هەیە، چونکە "لە ڕێی ڕانانی ڕەهەندە جیاوازەکانی کارەکتەرەوە، بە شێوەیەکی پلەیی و بە گوێرەی ئەو لۆجیکەی، کە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە و کەشە گشتییەکەی دەیسەپێنێت، هەروەها لەمیانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی وێنەکێشانی ئەوانەوە دێت، ئەمەش وا دەکات، ئەو کارەکتەرانە مانای خۆیان وەربگرن و یارمەتی خوێنەریش دەدات، بۆ ئەوەی بیانناسێتەوەو لێیان تێبگات،" (سماحة،١٩٩٩،٣١). لەم بارەوە(د.نجم ئەڵوەنی) دەڵێت:"کارەکتەری ڕۆمان بە پلەی یەکەم توخمێکی هونەرییە، بەڵام بێ واتاش نییە و شێوازی وێنەکێشانەکەشی واتای خۆی هەیە"،(ئەڵوەنی،٢٠٢١،١٩)، بۆیە کارەکتەر، تەنیا وشەیەک نییە، بەڵکو لە کۆمەڵێک ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، دەروونی وهزری...هتد، پێکدێت.

قورسی لە ڕانانی ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەر، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەو کارەکتەرانەی کە ڕۆماننووس دروستیان دەکات، یان ڕاستر بڵێین، دەیانخولقێنێت، سەرەتا، تەنیا بریتییە "لە کۆمەڵە ڕستەیەکی یەک بەدوای یەکهاتووی بێ گیان، بەڵام دواتر ڕۆماننووس لە ڕێگەی بەخشینی چەند ڕەهەندێک، لە بنیاتی مرۆڤی ڕاستەقینە، بەو وشانە بەرگێکی زیندوو بەو وشانە دەبەخشێت"،(سابیر،١٥٦،٢٠٠١)، ڕۆماننووس لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا، هەموو ئەو ڕەهەندانە لە شێوەی قالبێکی دیاریکراودا بە کارەکتەر نابەخشێت، بەڵکو بە پێی پێویستیی ناوەرۆکی ڕۆمانەکە هەنگاو بەهەنگاو، لەگەڵ  بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکاندا، بە کارەکتەرەکانی دەبەخشێت،" هەڵبەت مەرجیش نییە، هەموو ئەو ڕەهەندانەی کەسێتی، لە ڕۆماندا دەربکەون، بەڵام بێگومان هیچ کەسێتییەک نییە، بەبێ ئەو ڕەهەندانە پێکهاتبێت"، (خەیات، ٢٩،٢٠١٩)، هەندێجار، بە پێی پێویستی و مەبەستی ڕۆماننووس، لە بنیاتی کارەکتەرزێتر گرنگی بە ڕەهەندێک دەدەرێت، لە چاو ڕەهەندەکانی تردا، ئەم گرنگیدان و زەقکردنەوەی ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی، هەروا لە خۆڕانییە، بەڵکو بەپێی ناوەرۆک و مەبەستی نووسەرە، دیارە، هەموو ڕەهەندەکانیش کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە و ڕەنگرێژی وێنەی کارەکتەر دەکەن.

بۆئەوەی کارەکتەری نێو ڕۆمان بە شێوەیەکی زیندوو و وەک بونەوەرێک "بەبەرچاوی خوێنەرەوە هاتووچۆ بکات، پێویستە بە شێوەیەکی خۆڕسکانە، لەگەڵ یەکتردا کار بکەن، ئەو کات خوێنەر بێویستی خۆی، تێکەڵ بە هەستی کارەکتەر دەبێت، زۆرجار دەبێتە بەشێک لە هەستی کارەکتەر ... بۆئەمەش نووسەر پێویستی بە کۆمەڵێک ڕەهەند هەیە، لە بنیاتی کارەکتەردا پشتیان پێدەبەستێ، ئەمەش لە کارەکتەرێکەوە بۆ کارەکتەرێکی دیکە لە ڕووی ئەرکەوە دەگۆڕێت و بەرە بەرە ڕەهەندەکان ئاشکرا دەبێت، بە هۆی بەریەککەوتنی ئەم ڕەهەندانەش، لە نێوان کارەکتەرەکاندا ڕووداو دروست دەبێت"، (شێخانی،٢٨،٢٠١٢)، بێگومان ئەم ڕەهەندانەش، لە ناو دەقی ڕۆماندا بە شێوەیەکی ئاڵۆز بە ناو یەکتردا ڕۆدەچن، دەبن بە تەواوکەری یەکتریش، بۆیە جیاکردنەوەو باسکردنیان، بە تەنیا بۆ بەرچاو ڕوونییە، دەربارەی هەریەک لەم ڕەهەندانە، کە ئەمانەن:

## ١- جەستەیی:

یەکێکە لە ڕەهەندە بنەڕەتییەکان، بۆ وێنەکێشان و ناسینی کارەکتەر، ئەم ڕەهەندە دیوی دەرەوە و هەموو ئەو تایبەتمەندییانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستە بە جەستەی مرۆڤەوە وەک"کورت و درێژی باڵا، ڕەنگی پێست، قەڵەوی و لاوازی، جل و بەرگ و ئەو کەرەسانەی کارەکتەر بە کاریان دەهێنێ وەک پێڵاو چاویلکە...هتد"، بەتایبەتی، پیشاندانی "جل و بەرگ" گرنگیی خۆی هەیە، دەبێتە بەشێک لە کەسێتیی کارەکتەر، چونکە هەندێجار بەهۆی پیشاندانی ئەم تایبەتمەندییەوە، خوێنەر ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئابوریی کارەکتەرەکەی بۆ دەردەکەوێت بەوەی سەر بە چ چینێکی ناو کۆمەڵە لە ڕۆمانی کۆندا، لەبەر ئەوەی، کارەکتەر بەرجەستەکەری کەسانی واقیعیبوو، لە بنیاتی کارەکتەردا گرنگییەکی زۆر بەمڕەهەندە دەدرا، ئامرازی پیشاندانی ئەم ڕەهەندانەش، تەکنیکی وەسفەوە، "گرنگیی بوونی ئەم ڕەهەندە، تەنیا لەوەدا نییە، کە دیوی دەرەوەی کارەکتەر پیشاندەدات، بەڵکو لە پاڵ ئەمانەشدا، ڕۆڵی لە دروستکردن و بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکانیشدا هەیە"،(عومەر،٥٣،٢٠١٥)، جگەلەوەی، هێماکانی جەستەو جووڵە و هەڵسوکەوتی کارەکتەر، دەبێت بە دەرخەری هەستو نەست و هەڵوێستی کارەکتەر بەرانبەر بەدیاردەکانی دەوروبەری، چونکە جەستە" وەک هۆکارێک بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکان و لە پێناو ژیانەوەو نواندنی کردەوەکانیاندا بەکارهاتووە"، (ئەرستۆ، ١٦،٢٠١٠). ئەم گرنگییدانەش بە دیوی دەرەوەی کارەکتەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە لە ڕۆمانی کۆندا نووسەر حەقیقەتی کارەکتەری لە دیوی دەرەوە دا دەبینی، نەک ناوەوەی کارەکتەر، بەڵام بە پێچەوانەوە، بە تایبەتی لە دوای سەرهەڵدانی ڕۆمانی شەپۆلی هۆش، گرنگییدان بەم ڕەهەندە، بەراورد بە ڕەهەندی دەروونی کەمتر بایەخی پێدەدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە، بە پێی پێویست بە کاربهێنرێت. ڕەهەندی فیزیکی زۆر جار لە ڕێگەی وەسفەوە دەخرێتە ڕوو، لە ڕێگەی حیکایەتخوان، یان یەکێک لە کارەکتەرەکانی دیکەی ناو دەقەوە.

## ٢- کۆمەڵایەتی:

"ڕۆمان لە هونەرەکانی تر کراوەترە، بە ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاوترە، سروشت و پێکهاتەکەی، هەر لەسەرەتاوە ئاماژە بەوە دەکات، وەک ئاوێنەیەک توانای لە خۆگرتن و مەیدانی ڕەنگدانەوەی خەم و ئازارەکانی شەقامە، بەڵام بە سروشت و ڕەنگێکی مرۆییانە نەخشێنراوە، ڕۆمان لەسەرەتای پەیدابوون و گەشەکردنی، پەیوەستبووە بە چینی ناوەڕاست و ئەو گۆڕانکارییانەی لە هزر و بەرهەم وپێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هاتنە ئاراوە، بۆیە ئەو سروشتە

کۆمەڵایەتییەی ڕۆمان، وا لە ڕۆماننووس دەکات، بەرپرس بێت لە ئاست گرنگییدان بە ململانێ کۆمەڵایەتییەکان، کە لەواقیعدا بوونیان هەیە، لە پێناو دووبارە دارِشتنەوەی لە فۆرمێکی هونەرید، (ڕەسول، ١٢٠،٢٠١٣)، ڕۆمان، وەک ژانرێکی ئەدەبیی باوی سەردەم، پێوەندییەکی بەهێزی بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

(باختین) لە لێکدانەوەی وشەی ڕۆمانەوە، ئاماژە بە تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی ئەم ژانەرە دەکاتو دەڵێت: "شێوازی گونجاوی ژانری ڕۆمان، تەنیا دەبێت، کۆمەڵایەتی بێت، دیالۆگی کۆمەڵایەتیی ناوەکیی وشەی ڕۆمان، ئەوە دەخوازێت، چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی دیاری ئەو وشەیە ڕوونبکاتەوە، کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو بنیاتی شێوازەکەیدا هەیە"شێوەکەی و ناوەرۆکەکەی"، ئەمەش لە ناوەوە، نەک لە دەرەوەدا هەڵدەسوڕێت، چونکە دیالۆگی کۆمەڵایەتی لە ناو خودی وشەکەدا دەردەکەێت، چ ئەوەی پەیوندی بە ناوەرۆک و چ ئەوەی پەیوەندی بە خودی شێوە هەبێت" (ئەڵوەنی، ١٢٦،٢٠٢١)، ڕۆمان جگەلەوەی، لە ناوەوە لە ڕێگەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی کارەکتەرەکانەوە گوزارشت لە کۆمەڵایەتیی بوونی خۆی دەکات، لەهەمان کات، خودی ڕۆمان دیالۆگی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاکەکانی نێو کۆمەڵگەدا دەکات، بەوەی کۆمەڵێک بۆچوون و تێڕوانین ئاراستەی خوێنەر دەکات. کەواتە"سەرەڕایی ئەوەی ڕۆمان لۆجێکی ئیستاتیکی تەواو تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام ئەم لۆجیکە لەگەڵ لۆجیکی کۆمەڵگەدا یەکدەگرێتەوە، بە گوێرەی ئەمەش، هەمیشە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و مێژوویی بوونی هەیە" (زیرافا، ٥،٢٠٠٥). جگەلەوەی، ڕۆماننووس بۆ خۆشی تاکێکی کۆمەڵایەتییەو سود لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی وەردەگرێت و دەیانکاتە کەرەسەی نووسین، زۆرجار نووسینەکەشی کاردانەوەیە بەرانبەر بەو ژینگەیەی، تێیدا دەژێت، هەر ئەمەش دەبێتە پاڵنەر بۆ بەرهەمهێنانی دەقەکەی.

گرنگیی ئەم ڕەهەندەی کارەکتەر، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی " زاناکان ئەوەی سەبارەت بە پێکهاتەی کەسێتیی مرۆڤ لەسەری یەک دەنگن، ئەوەیە، کە بەشێکی زۆرکەمی ئەو پێکهاتەیە بۆ بۆماوەیی دەگەڕێتەوە، بەڵکو بەشێکی زۆر سیفەتەکانی مرۆڤ، دەرئەنجامی فاکتەری ژینگە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکەیەتی"(قەزاز،١٣،٢٠١٠)، بۆ کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانیش، هەمان بۆچوون دروستە، ئەم ڕەهەندە مەودایەکی فراوانی لە ناو ڕۆماندا هەیە، وەک" بواری خێزانی، پیشە، چینی کەسەکە، شوێنی نیشتەجێبوون، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی...هتد"، ئەم ڕەهەندەی کارەکتەر فرەلایەنە، "چونکە جەخت دەکاتە سەر بوون و ڕۆڵی کارەکتەر لە ناو ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیدا پێوەندیییەکانی بەوانیترەوە، پێگەی کۆمەڵایەتییەکەی و ئایدۆلۆژییەکەی، بەمەش لە لایەکەوە پێوەندییی و

ململانێکانی، لەگەڵ ئەوانیتردا، لەلایەکی ترەوە دۆخی ئابوری و ئینتیمای چینایەتی ودەسەڵاتی زۆر دەخاتەڕوو"، (عەبدوڵلا،١٢،٢٠٢١)، ئەم مەودا فراوانییەش وایکردووە، کە"زۆربەی کێشەو گرفتەکانی ناو ڕۆمان لەم ڕەهەندەی کارەکتەردا ڕەنگدەداتەوە، بۆیە ئەم ڕەهەندە، وەک کەرەسەی خاو وایە بەدەست ڕۆماننووسەوە، دەتوانێت بەشێکی زۆری بابەتەکانی لەم ڕەهەندەی کارەکتەرەوە وەربگرێت"، (عومەر،٢٠١٥،٥٥).

ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی کاریگەریی لە وێنە کێشانی کارەکتەردا هەیە، بۆیە کاریگەریی لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی دیکەی کارەکتەردا، دەبێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆیان، ئەو کاریگەرییە لە ڕەهەندەکانی دیکەدا دەردەکەوێت، وەک کاریگەری لەسەر ڕەهەندی فیزیکی هەیە، بۆنموونە ئەوجلوبەرگەی کارەکتەر دەیپۆشێت،  دەبێت ڕەچاوی کۆمەڵگەکەی بکات، یان کاریگەری لە سەر ڕەهەندی دەروونی هەیە و زۆرجار کارەکتەر بەهۆی بارێکی کۆمەڵایەتییەوە تووشی هەڵچوونی دەروونی دەبێت.

## ٣- دەروونی:

باسکردنی هەست و سۆز و بیرکردنەوەی کارەکتەر، ڕۆڵێکی گرنگ لە ئاشکراکردنی کەسێتیی کارەکتەرەکاندا دەگێڕێت، ئەم ڕەهەندە بە دیوی ناوەوەی کارەکتەرەوە پەیوەستە، لەم بارەیەوە (مەریوان دەوڵەت) دەڵێت: "لە ڕەهەندی دەروونیدا، ڕۆماننووس گرنگیی بە لایەنی دەروونی کارەکتەر دەدات و باس لە ڕەوشی دەروونی دەکات و هەوڵدەدات ڕەفتارە ناوەکی و دەرەکییەکانی خودی کارەکتەر دیاری بکات، کە لە ئەنجامی کاردانەوەی خود لەگەڵ دەوروبەردا لە هەمانکاتدا کاریگەریی دەوروبەر بەسەر خودی رەفتارەکانی کارەکتەردا بەدیاربخات، کە زێتر پانتایی حاڵەتە دەروونییەکانی پێوە دیارە"،(دەوڵەت،٢٠١١،١٠٤). لەکاتی دەرکەوتنی ناوەوەی کارەکتەر و هەست و نەستی بواری لێکدانەوە و ڕاڤە بۆ خوێنەر فراوان دەبێت و مەودایەکی بەرفراوانی لە بەردەمدا دەکرێتەوە، ئازاد دەبێت، لە وەرەگرتن، یان ڕەتکردنەوەی بیروڕای کارەکتەر. ڕەهەندی دەروونی هەموو ئەو دۆخانەی، کەپێوەندییان بە دەروونی مرۆڤەوە هەیە وەک "بیرکردنەوە، هەڵچوون، وروژاندن، سۆز، خۆشەویستی، ڕەشبینی، گەشبینی....هتد، تا دەگاتە، تێکچوونی باری دەروونی و گۆڕان بۆ مرۆڤێکی نائاسایی دەگرێتەوە، ئەمانە لە کارەکتەردا بەرجەستە دەبن و ڕۆماننووس بەهۆیەوە بەشێک لە کەسایەتیی کارەکتەرەکانی پێ بنیات دەنێت و پێوەندیی کارەکتەر بەخوێنەرەوە پتەو دەکات"(شێخانی،٢٠١٤،٦٧)، هەندێک لەم سیفەتانە پێوەندیی

به لایەنی جەستەییەوە هەیە، بۆ نموونە نەبوون، یان کەمووکوڕی، لە یەکێک لە ئەندامەکانی جەستەدا، ڕەنگدانەوەی لەسەر دەروونی تاک هەیە، هەندێکی دیکەیان، پێوەندیی بە هۆکار و پاڵنەرە دەرەکییەکان و ژینگەوە هەیە، بۆنموونە زۆرجار بەربەستی کۆمەڵایەتی دەبێتەهۆی دروستبوونی فشاری دەروونی لەسەرتاک وکارەکتەر لە ڕۆمانی نوێدا، لەبەرئەوەی ڕۆماننووس حەقیقەتی کارەکتەریان لە دیوی ناوەوەدا دەبینی، ئەوا بەراورد بە دیوی دەرەوە، گرنگییەکی زۆریان بەم ڕەهەندەی کارەکتەر داوە و هەوڵیانداوە، لە ڕێگەی تەکنیکی مەنەلۆگەوە، ئەو هۆکارو پاڵنەرانە بخەنەڕوو، کە دەبوونە مایەی بەرجەستەبوون و چالاکبوونی ئەم سیفەتانە لە کەسێتی و پێکهاتەی کارەکتەر"،دا (عومەر،٢٠١٥،٥٦)، ئەم ڕەهەندە، جگە لەوەی کاریگەریی لەسەر جوڵە و دروستبوونی پەیوەندیی نێوان کارەکتەرەکان هەیە، لە هەمانکاتدا، کاریگەریی لەسەر دروستبوون و یەکلاکردنەوەی ڕووداوەوە هەیە، چونکە بەشێک لە ڕووداو و کێشەکانی ناو ڕۆمان، لە ئەنجامی هەڵچوون، یان دیاردەیەکی دەروونی لە نێوان کارەکتەرەکاندا سەرهەڵدەدەن، بۆیە بەشێک لە ململانێکانی ناو دەق بۆ ئەم ڕەهەندەی کارەکتەر دەگەڕێنەوە.
شیکردنەوەی دەروونی، ڕێگەیەکی گرنگە، بۆ ئەوەی، ناخی کارەکتەرەکان بناسین و بزانین چ جۆرە ململانێیەک لەوێدا ڕوودەدات و چ کێشەیەک، ئازار بە ناخی دەگەیەنێت و چ حەزێک بووەتە پاڵنەری کارو کردەوەکانی. دەربارەی گرنگیی ئەم ڕەهەندە (تۆلستۆی) دەڵێت: "مەبەستی سەرەکیی هونەر، گوتنی ڕاستییە، دەربارەی دەروونی مرۆڤ، ئاشکراکردنی ئەو نهێنیانەیە کە ناتوانرێت بە وشەی سادە گوزارشتی لێ بکرێت"، (ئەڵوەنی،٢٠٢١،١٠٩)، ئاشکراکردنی شتە شاراوەکانی ناو ناخی کارەکتەر و هەست و سۆزەکانی، وادەکات، خوێنەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، پردێکی متمانە لەگەڵ ئەودا بنیات بنێت. ئەمەش وادەکات ئەو کارەکتەرە بەلای ئەوی خوێنەرەوە پەسەندکراو بێت و بە نەمری لە زەینیدا بمێنێتەوە، لە ڕەهەندی دەروونیدا، ڕۆماننووس "پاڵنەرە دەرەکییەکان بۆ فشار خستنە سەر کارەکتەر بەکاردێنێت، جا ئەوە لەلایەن کارەکتەری دیکەی ناو ڕۆمانەوە بێت، یان لەلایەن دیاردە سروشتییەکان، یان بەهۆی باری گوزەرانی ئابورییەوە بێت، لە ئەنجامدا فشارە دەروونییەکان دروست دەبن و لە بارێکی ئاساییەوە بۆ بارێکی نائاسایی دەگۆڕێت، لە دوایدا بەریەککەوتن لە نێوان کارەکتەرەکاندا دروست دەبێت بەهۆیەوە ڕووداو دێتە ئاراوە، یان گۆڕانکاری جەوهەری بەسەردا دێت" (شێخانی، ٢٠١٢،٣٢).
لەبارەی گرنگیی ئەم ڕەهەندەوە، (رسول حەمد) دەڵێت:"ڕۆمان کاتێک بەرز و بڵند دەبێت، کە بتوانێت وێنای ژیانی ناوەوەی مرۆڤ بکات، نەک ڕووکاری دەرەوەی ژیان، پوختەیی وبەهێزی

ڕۆمان پەیوەستە بە ئاستی وێناکردن و گونجان و دژایەتی نێوان ئەم دیوەی ژیان،...بۆیە ئەرکی ڕۆماننووس گێڕانەوەی ڕووداوە مەزن و گەورەکانی مێژوو نییە، بەقەد ئەوەی دەبێت ڕووداوە بچووک و لاوەکییەکان بکاتە جێگای بایەخی ئێمە". (ڕەسوڵ،٢٠١٣،٥٧)، چونکە کلتوری گەورە هەمیشە لەوەڵامی پرسیاری سادە و بچووکەوە دەست پێدەکات

## ٤- هزری:

مرۆڤەکان لە ژیاندا خاوەن هزر و تێڕوانینی خۆیانن، ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات لە ژینگەکەیەوە وەریدەگرێت، چونکە"هزر شێوازێکە لە بیرکردنەوە و داب و نەریت و ئاکار و تێگەیشتن و یاسا و هونەرەکان، لەماوەیەکی مێژوویی دیاریکراودا"،(مەنتک،٢٠١٣،١٢٣)، هزر هەموو بیروباوەڕی"سیاسی، ئاینی، کۆمەڵایەتی و کلتوری...هتد" دەگرێتەوە، وەک دەستورێک تاک کار و ڕەفتاری خۆی، لە ڕێگەیەوە جێبەجێدەکات، ڕەهەندی هزری لە ڕێگەی ئەو وشانەی، کە کارەکتەر لە دیالۆگەکانیدا دەریاندەبڕێت هەندێجاریش لە ڕێگەی کردار و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانەوە ئاشکرا دەبێت.

لە ڕەهەندی هزریدا، بیروبۆچوون و ئاراستەو فەلسەفەی کارەکتەر دەردەکەوێت، هەربۆیە"ئەم ڕەهەندە بایەخێکی گەورەی، لە ئاستی پێکهاتەی هونەریی دەقدا هەیە، چونکە ئەو سیفەتە جەوهەریە، کە جیاوازی دەبەخشێتە کارەکتەرەکان"،(عەبدەڵڵا، ٢٠٢١،١١)، ڕەهەندی هزری ڕۆڵێکی گرنگیی لە چنینی ڕۆماندا هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی" پاڵەوان، یان کۆمەڵە کارەکتەرێک گۆشەنیگای تایبەت و جیاوازی، بەرانبەر بە ڕایی کارەکتەرەکانی دیکە دروست دەکەن، لەو جیاوازییە هزرییەشدا کێشەکانی ناو ڕۆمان سەرهەڵدەدەن و چنینەکە دروست دەبێت"، (شێخانی، ٢٠١٤،٣١)، واتە گرنگیی بوونی ئەم ڕەهەندە، بە تایبەتی هزری جیاواز، ململانێی نێوان کارەکتەرەکانی لێدەکەوێتەوە." چونکە ئەو کێشانەی بەهۆی هزری جیاوازەوە دروست دەبن، هەندێک جار لەنێوان دوو تاکدا، یان لە نێوان دووچینی جیاوازدا، بە هۆی سەپاندنی هزری لایەک و ڕەتکردنەوەی، لەلایەن لایەکی ترەوە سەرهەڵدەدەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەرجەستە بوونی ئەم ڕەهەندە لەلای کەسەکانەوە، پەیوەستە بە بوونی حاڵەتی هۆشیاری لای تاک، چونکە هۆشیاری وا لەمرۆڤ دەکات پەی بە شتەکان ببات،... "لە ناو ڕۆمانی کۆندا بە هۆی باڵا دەستی حیکایەتخوانی هەمووشتزانەوە کارەکتەر بە ناچاری، هەڵگری هزری ڕۆماننووسبوو وزێتر گوزارشتی لە هزری ئەو دەکرد...، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا، بە هۆی بوونی

تەکنیکی فرە دەنگییەوە سەپاندنی هزری ڕۆماننووس بەسەر کارەکتەردا، کۆتایی پێهات"،(عومەر، ٥٧،٢٠١٥)، بە واتەیەکی دیکە لە خستنەڕووی هزری کارەکتەردا هەندێجار نووسەر هەڵوێستی بێلایەنی هەیە، بە تایبەتی لە ڕۆمانی فرەدەنگیدا، چونکە کاتێک چەند گۆشەنیگایەک لە نێو کارەکتەرەکاندا هەیە، یەک لەوی دیکە جیاواز و سەربەخۆیە، بەڵام "کاتێ یەک گۆشەنیگای هزری دەسەڵاتی بەسەر کارێکی ئەدەبیدا هەبێ، هەموو بەهاکان ملکەچی یەک گۆشەنیگا دەبن"، (شێخانی، ٣١،٢٠١٢)، بەڵام کاتێک گۆشەنیگای جیاواز و فرەدەنگ بوو، جیاوازی و سەربەخۆیی کارەکتەر جوانتر دەردەکەوێت. بەشێوەیەکی گشتی، ئەو ئەدەبیاتەی مەیلی بەلای بابەتە هزرییەکانەوە بێ، ئاستی قووڵی ڕوانین و وردبوونەوەی نووسەر دەردەخات، هەڵوێست لە قەیران و نەهامەتییەکانی مرۆڤ وەردەگرێت.

### ٥- ناولێنان:

ناولێنان، وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، ڕەنگدانەوەی باری سەرنج و جۆری بیرکردنەوە و چۆنیەتی تێگەیشتن و تێڕوانینی کۆمەڵە بۆ ژیان، بە پێی ئاستی ژیری و کۆمەڵایەتی و شارستانیەت و داب و نەریت، واتاکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، لەڕووی زانستی سیمۆلۆجیاوە، "ناوی مرۆڤ وەک هێمایەکی زمانی لە قۆناغێکی دیاریکراودا، پەیوەستە بە شیکردنەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و زمانییەوە" (سەعیدومحمد،٢٤،٢٠١٩), ئەم هێما و نیشانانە، ڕۆماننووس بە ویستی خۆی دەیانکاتە ناو و ناسنامەی تایبەتی کارەکتەرەکانیەوە، ناوی کارەکتەر لە ڕۆماندا، پانتایەکی فراوان لە بنیاتی هونەریی ڕۆماندا پڕ دەکاتەوە، لەوڕووەوەی، کە هەر کەسێک لە ژیانی واقیعیدا ناوێکی تایبەتی هەیە. لەڕۆماندا"یەکەم شت، کە خوێنەر لە هەر کارەکتەرێکدا سەرنجی دەدات، ناوەکەیەتی، گومان لەوەدانییە، ناوی کارەکتەر لە ڕۆماندا بیرۆکەیەک دەبەخشێتە خوێنەر، ... ڕۆمانوسەکان، بەگشتی هەوڵدەدەن، ناوی کارەکتەرەکان، لەگەڵ پێگە و کەسایەتییەکانیاندا بگونجێنن"،(یاقووب،١٣،٢٠٢١)، گرنگیی ناوی کارەکتەر بە جۆرێکە، کە "ناو یەکەمین(عەتەبە)یە، کە خوێنەر لە ڕێگەیەوە جیهانی کارەکتەر دەناسێت، زۆر لە ئەدیبان ناو بە یەکێک لەو کەرەسە هونەرییانە دەزانن کە لە ڕێگەیەوە نووسەر دەتوانێت، کارەکتەرێکی زیندوو و قایلهێن خەلق بکات"،(عەبدوڵڵا، ١٣،٢٠٢١).

"ڕۆماننووسان بە ناونانی کارەکتەرەکان هەوڵدەدەن، بەتایبەتی نیشانی بدەن، مەسەلەی شوناسی تاکێتی لە ڕووی لۆجیکییەوە، پەیوەندییەکی نزیکی، لەگەڵ شوێنی ئەپستمۆلۆجیی ناوە تایبەتەکاندا

هەیە"،(کۆمەڵێک نووسەر،٢٣،٢٠٠٢)، واتە "ناوی کەسێتیی، بەشێکە لە بوونی دانەبڕاوی ئەو بوونەوەرە مادییە، یان گیاندارە. ناو بۆ چەسپاندنی بوونی کەسێتی و ناساندنی لە ڕۆماندا پێویستییەکی بێ یەک و دووە"،(سەڕاج،٤٥،٢٠٠٧) گرنگیی ناوی کارەکتەر بە جۆرێکە، کە(حسین عارف)، بە یەکێک لە بنچینە گرنگەکانی چیرۆکنووسین دایدەنێت و دەڵێت:"ئەو چیرۆکنووسەی ناوی کەسەکان، لەگەڵ کەسایەتیی ناو چیرۆکەکە و سەردەمەکەیدا نەگونجێنێت، هەر زوو نەشارەزایی خۆیم پێڕائەگەیەنێت. بنچینەی هەرە گرنگیی هونەری چیرۆکنووسین، هەڵبژاردنی ناوی کەسەکانی چیرۆکەکەیە"،( صبری، ٩٩،٢٠٠٨)، ئەمەش بۆ ئەو تێڕوانینەمان دەبات، گەر ڕۆماننووسێک ناوی کارەکتەر، لەگەڵ خودی کارەکتەر و سەردەمەکەیدا نەگونجێنێت، لە دەقەکەیدا سەرکەوتوو نەبووە.

" کاتێک ڕۆماننووسێک بەمەبەستێک ناوێکی ناسراو بۆ کارەکتەرێک هەڵدەبژێرێت، دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبونەوەی یان دەلالەتێکە بۆ سیفەتێک لای خاوەنەکەی، یان دەگەڕێتەوە بۆ مەرجەعێکی ئەفسانەیی یان مێژوویی یان ئاینی و ئەدەبی"، (ئیبراهیم، ٤٩،٢٠١٦). زۆرجار خودی دەق بە ناوی کارەکتەرەوە ناونراوە، واتە هەڵگری ناوی کارەکتەری سەرەکی و پاڵەوانەکە بووە، بێگومان ئەمەش لە پێناو زیندوویێتیی دەقەکەدا، چونکە "چۆنیەتیی ئاماژەدان و نەخشەکێشانی وێنەکانی ژیان و بەواقیعی کردنی دەقێک، هەروەها پراکتیزەکردنی هەموو لایەنە هونەرییەکانی دەق و گرنگییدان بە هەموو وردەکارییەکی بابەت و ڕووخساری ڕۆمان، دروستکردنی پێوەندیی نێوان ناونیشان و ناو کارەکتەری ڕۆمانەکە بە زیندووی دەهێڵێتەوە لە یادی خوێنەردا، وەک جۆرێک لە جموجۆڵ و پێوەندیی ناوی کارەکتەر و ناونیشان دەردەکەوێت"(حمە بچکۆل، ٩٤،٢٠١٩،)، لێرەوە دەکرێت، نووسەر نازناو، بە پێی پیشە و شوێن، یان تەنیا پیتێک بۆ ناوی کارەکتەرەکەی هەڵدەبژێرێت.

لە بنیاتی کارەکتەردا، بە هۆی ئەو ڕەهەندانەی، کە کارەکتەر پێکدەهێنن، کارەکتەر ناوێک هەڵدەگرێت، "بۆیە دەکرێت ناو لە کارەکتەرێک بنرێت، لە ڕێگەی ئەو کۆمەڵە خاسیەتانەی کە لە میانەی گێڕانەوەدا بکەرەکەی هەڵگرتووە"(شێخانی،٢٨،٢٠١٢). ئەم ناوەش، دەبێتە ناسنامەی کارەکتەر.

## شێوازی ڕانانی کارەکتەر لە ڕۆماندا:

ڕۆماننووس تەکنیکی جیاجیا بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی وابکات کارەکتەرەکانی جێگەی سەرنجبن، هەندێکجار ئەم تەکنیکانە بە پێی شێوازی نووسین دەگۆڕێن، تێگەیشتن لەو ڕێگەیانەی، کە بۆ ڕوونکردنەوە و خستنەڕووی کارەکتەر بەکاردێن، یارمەتی خوێنەر دەدەن، بە شێوەیەکی قووڵتر، لە کەسێتی و دەروونی کارەکتەر بگات، ڕۆماننووس بۆ قەناعەت پێکردن و سەرنجڕاکێشان و تێکەڵکردنی هەست و سۆزی خوێنەر بە کارەکتەر، هەوڵدەدات وێنەی کارەکتەر پێشانی خوێنەر بدات، بۆیە ڕانان و لێکدانەوەی کارەکتەر، یەکێکە لە ئامانجەکانی ڕۆمان.

یەکێک لەو پرسە گرنگانەی لە بابەتی کارەکتەری هونەرییدا دێتە بەر باس، چۆنیەتی ڕانانی ئەم تەکنیکە گرنگەیە، لە نێو ڕۆماندا، چونکە"کارەکتەرەکان گوتاری ڕۆمان چەسپاوتر و پێداگرتر دەکەن، (حسین١٩٩٧،١٠١)، هەربۆیە وێناکردنی کارەکتەر، بەهایەکی هونەریی زۆر گرنگیی هەیە، لەبەرئەوەی "خوێنەر پێویستی بە کارەکتەرێکی زیندوو و ئاخێوەرە بە چاو بیبینێ، جۆرێک لە ڕاستگۆیی تێدابێت، هەست بە سروشتی ڕاستەقینەی بکرێت و زیندوویی ژیان لەمیانەی کارەکتەرەکانی ناو دەقەکەوە بەدی بکرێت"، (ئیبراهیم"٢٠١٦.٥٩)، چونکە ئەوە داهێنان نییە، کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە تەواو، وەک خۆمان بیربکەنەوەو شەیدای ئەو شتانەبن، کە خۆمان حەزمان لێیانە، "ڕۆماننووسی داهێنەر لێدەگەڕێت، کارەکتەرەکانی کەسانی جیاوازبن، ئامادەی گۆڕان بن و خۆیان لەسەر بەردی واقیع چارەنووسی خۆیان هەڵبکۆڵن"،(خەیات،٢٠١٩،٣٤)، بۆ ئەمەش پێویستە، هەڵبژاردنی کارەکتەر، لەلایەن ڕۆماننووسەوە، "تێکەڵ بێت لە چاکە و خراپە، جوانی و ناشیرینی لە ڕەفتار و شێوە و ...هتد، تاوەکو زیندوویی و واقیعییەتی ئەوان بخاتەڕوو، هەروەها لە هەڵسوکەوتیانیشەوە گرێچنی کێشە و ململانێی جۆراوجۆر دروست بکات بۆ هاتنەکایەی ڕووداو، "،(عوسمان،٢٠١٠،٤٤)، بەو واتایەی ڕانانی کارەکتەر لە ڕۆماندا، پێویستی بە توانای ڕۆماننووسە، چونکە پێویستییەکی گێڕانەوەی ڕووداوەکانە.

ڕانانی کارەکتەر، بە پێی قوناغی ئەدەبیش، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، "لە ڕۆمانی ڕیالیزمیدا کەسایەتییەکان نموونەی هەڵوێست بوون، ژیانیان وەکو خۆی دەخستەڕوو، لە ڕووی خستنەڕووی کارەکتەرەوە پێوەندییبە هەستی مێژووخوازی ئەو چەمکە کۆمەڵایەتییانەوەهەیە، کە ڕۆماننووس دەیویست لەڕێی ئەوانەوە گوزارشت لە دابونەریت و ململانێکانی سەردەمەکە بکات، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا، کارەکتەر بە پێچەوانەی ڕۆڵی پێشوویەوە و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە تەنیا گوزارشت لە هەست و هەڵچوونە خودییەکانی دەکات و ڕەنگدانەوەی ژیانی تایبەتیی

کارەکتەرن، واتا کێشە و ململانێ و حەز و خولیاکانی ناخ ودەروون لەگەڵ دەوروبەر دەخرێتەڕوو"، (حەمەبچکۆل،٨٢،٢٠١٩). ڕۆماننووس دەبێت شێوازی تایبەتی و گونجاو بۆ ڕانانی کارەکتەرکان بەکاربهێنێت.

شێوازی ڕانانی کارەکتەر لە ڕۆماندا چەند جۆرێکە، هەر جۆرێکیش خاسیەت و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، باوترینیان شێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە لە ڕانانی کارەکتەردا "لە کارەکتەرسازییدا، دووجۆر شێواز بەکاردەهێنرێت، یەکەمیان کارەکتەرسازیی ڕاستەوخۆ و دووەمیان کارەکتەرسازیی ناڕاستەوخۆ، لە یەکەمیاندا نووسەر بە شێوەیەکی سادە و روون دەڵێت کە پاڵەوانی چیرۆکی ئەو، چ جۆرە مرۆڤێکە، بەڵام لە دووەمیاندا، بە پێشاندانی ڕەفتار و گوفتار و کارەکانی کارەکتەری ناو چیرۆک، ئێمە بەوان ئاشنا دەکات، نووسەران سوود لە هەردوو شێوازەکە، بۆ ناساندنی کەسەکانی ناو چیرۆکەکانیان وەردەگرن"،( مهاجرانی ،٨٨،١٣٧٨). ئەگەرچی هەندێک لە نووسەران ئاماژە بەڕێگەی سێیەمیش دەکەن، وەک (ئیبراهیمی یونسی) کە" ئەویش ڕێگای(ئەکشن)ە، کە بەهۆی ناساندنی شێوازی کارو ڕەفتاری کەسەکانەوە، تایبەتمەندییەکانی بە خوێنەر دەناسێنرێن"، (یونسی، ١٣٨٤، ٣٠١)، لە نێو دەقی ڕۆماندا ڕۆماننووس سود لە هەردوو شێوازەکە وەردەگرێت و بەکاریاندەهێنێت، بەڵام هەندێجارشێوازێک لەم شێوازانە زێتر بەسەر بنیاتی ڕۆمانەکەدا زاڵدەبێت.

هەندێکی تر لە نووسەران، بە شێوازی شیکاری و نواندن ناوی دەبەن بەوەی"ڕێگای شیکاری تێیدا ڕۆماننووس بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەسێتییەکان بەهۆی گێڕەرەوەیەک یان کەسێتییەکی تری نادیار، کە ئەرکی پرۆسەی گێڕانەوەی خراوەتەوە ئەستۆ دەخاتەڕوو، لە ڕێگەی نواندن کارەکتەر لەڕێگەی خودی کەسێتییەکە خۆیەوە پێشکەش دەکات، ڕۆماننووس ڕێ بە کەسێتییەکان ئەدات، کە دەربڕی ناسنامەی خودی خۆیان بن و بەسەربەستی بجووڵێنەوە و لەمیانەی ئەو ڕێگەیەدا خوێنەر هیچ ئەرکێکی پێویست نییە بۆ ناسینی ئەو کەسێتییانە، چونکە بە ئاسانی هەموو هەڵسوکەوت و سیفەتەکانیان بەرجەستەدەکات"، (خەیات،٤٢،٢٠١٩)، لە ڕێگەی شیکاریدا، نووسەر بوار ناداتە خوێنەر، لە بارەی کارەکتەرەکانەوە بەدوای زانیاریدا بگەڕێت، چونکە کارەکتەر بەهەموو تایبەتمەندییەکانییەوە بە تەواوی پێشکەش دەکات، بەڵام"ڕێگەی نواندن ڕۆماننووس دوورە پەرێز دەوەستێت لەوەی دەست بخاتە ناو باسکردن و ڕوونکردنەوەی کەسێتییەکانی ڕۆمانەکەی، واتە ڕۆماننووس بێلایەن دەوەستێت بوار بۆ کەسێتییەکان دەڕەخسێنێت دەربڕی

خودی خۆیان بن"،(خەیات،٤٢،٢٠١٩)، ئەم ڕێگەیە، شێوازی درامیشی پێدەوترێت، کەتێیدا، پاڵەوان لە ڕێی کردارەکانی خۆیانەوە دەخرێنەڕوو.

هەر کام لەم شێوازانە بەکاربهێنرێت"لەکاتی پێشکەشکردنی کەسەکاندا ڕۆماننووس نابێت وای پێشان بدات هەمووشتێک لە بارەیانەوە دەزانێت و بەتەواوەتی دەستی بەسەردا گرتووە، بەڵکو بەرەبەرە لە میانی تێپەڕبوونی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا ئەمە ئاشکرا دەبێت"،(عبدلله، ٨،٢٠٠٠)، ڕۆماننووس، یان بە شێوازی ڕاستەوخۆ، لەڕێگەی حیکایەتخوانەوە، کارەکتەر دەخاتەڕوو، یان بەشێوازی ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگەی ڕەفتار و ئاخاوتنەکانی خودی کارەکتەرەوە، ئەو پێشکەشدەکات، شێوازی یەکەم دەچێتە خانەی گێڕانەوە و هی دووەمیش دەچێتە خانەی نواندنەوە.

## ڕانانی کارەکتەر بە شێوازی ناڕاستەوخۆ:

ئەم شێوازە، پەیوەستە بە حیکایەتخوانەوە، چونکە"حیکایەتخوان ڕوحی حیکایەتە جا بەهەر شێوە و شێوازێک لە ڕۆماندا بە کارهێنرابێت، بنیاتی گێڕانەوەی ڕۆمان و شێوازی کارەکتەرسازیی لە ڕۆماندا پشت بەو حیکایەتخوانە و ڕۆڵی ئەو دەبەستێت لە کاتی گێڕانەوەدا "(ئەلۆەنی، ١٢٣،٢٠٠٩)، لەم شێوازە، لە ڕانانی کارەکتەردا"حیکایەتخوانی هەمووشتزان، شیکردنەوە بۆ هەست و سۆز و هزرو بیربۆچوونی کارەکتەر دەکات و بە دواداچوونیش بۆ بەشێک لە هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان دەکات، هەروەها ڕاڤە بۆ بەشێکی دیکە یان دەکات، تەنانەت ئەمجۆرە بینینە زۆرجار ڕێگە بە حیکایەتخوانی هەمووشتزان دەدات بە ڕاشکاوی و بێ هیچ پێچو پەنایەک ڕاو بیروبۆچوونی خۆی لەسەر هەڵسوکەوتی کارەکتەرکان دەربرێت"، (نجم،٩٨،١٩٦٣)، ڕانانی کارەکتەر زێتر وەسفی دەبێت، کارەکتەر لەم شێوازەدا، بە شێوەیەکی گشتی، وێنەی دەرەوەی بۆ خوێنەر دەکێشرێت، ڕاڤەی هەست و سۆز و پاڵنەری کارەکتەر دەکرێت و شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت. بۆیە، خستنەڕووی کارەکتەر بەمجۆرە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر پێشوەختە هەموو شتێک دەربارەی کارەکتەرەکان بزانێت، ئەمەش دەبێتە هۆی کوشتنی توخمی چێژی خوێنەر لە ناسین و دۆزینەوەی سیفەت و کەسێتیی کارەکتەردا، چونکە "حیکایەتخوان هەموو کۆدی ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەر ئاشکرادەکات و هیچ بوارێکیش بۆ خوێنەر ناهێڵێتەوە بۆئەوەی لێکدانەوە و شیکردنەوەی تازە لە بنیاتی کارەکتەرەکە بدۆزێتەوە، بە جۆرێک پێویست ناکات خوێنەر جارێکیتر هەڵسەنگاندن بۆ ڕەهەندەکانی کارەکتەر بکات، "(عومەر، ٦٠،٢٠١٥).

ئەم شێوازە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە گێڕانەوەی بابەتییەوە هەیە، بەواتەیەکی دیکە"ئەم جۆرە کارەکتەرسازییە بابەتییە لە بەستنەوەی گێڕانەوە بە ڕابردووی کارەکتەرەوە سەرچاوەی گرتووە، حیکایەتخوان لە چەشنی هەواڵدا دووبارە بۆ خوێنەری گێڕاوەتەوە"،(ئەلۆەنی،٢٠٠٩،١٢٥)، بینین و وێنەکێشانی کارەکتەر، لەدەرەوەی ڕووداوەکاندایە، حیکایەتخوان خۆی، وەک کامێرا، تەنیا لە دەرەوەدا ڕووداوەکانی پێش چاوی تۆمار دەکات لەم حاڵەتدا، حیکایەتخوان هیچ کورتکردنەوەیەک یان گشتاند یان بڕیاردان و هیچ جۆرە دەستێوەردانێک لە هەستی کارەکتەر ناکات و تەنیا وەسفی دیمەنەکان دەکات، ڕەفتار و قسەکانیان تۆمار دەکات. ئەم جۆرە ڕانانە"خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی بێ بەشکردنی خوێنەر لە چێژی دۆزینەوەی یەک بە دوای یەکی ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەر، بۆیە هەندێ لە ڕەخنەگران ئەمجۆرە ڕانانەی کارەکتەر بە جۆرێک لە کەمو کوڕی شێوازی ڕاستەوخۆ دەزانن"،(عومەر،٢٠١٥،٦١)، لەلایەکی دیکەوە ڕانانی کارەکتەر بەمشێوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی، ڕۆمانەکە لە هونەری درامی دوور بکەوێتەوە وکارەکتەر بە شێوەیەکی وەستاو نیشانی خوێنەر بدات.

**ڕانانی کارەکتەر بەشێوازی ڕاستەوخۆ:**

شێوازی دووەمە بۆ وێناکردن و **ڕانانی** کارەکتەر، لەم شێوازەدا ڕۆماننووس ڕێگە بۆ کارەکتەری ناو دەق خۆش دەکات، کە گوزارشت لە بیر و بۆچوون و هەستی خۆی بکات، ئەمەش وادەکات خوێنەر ڕووبەڕووی زانیاری و چوارچێوەیەکی ئامادەکراو نەبێتەوە، دەربارەی کەسێتی و ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەر. "لەم شێوازەدا گۆشەنیگای حیکایەتخوان سنوردارە و تەنیا ئەوە پێشان دەدات کە ئەیبینێ یان دەتوانێ ببینێ پێشاندەدات. شێوەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەش شێوەی دراماییە، لەم شێوازەدا لە پاژەوە سەیری گشت دەکرێت، پاژ دەلالەت لە گشت دەکات"، (ئەلۆەنی،٢٠٠٩،١٣٩)، بەواتەیەکی دیکە ئەم شێوازە لە ڕانانی کارەکتەر" لە کاتێکدا دەبێت، کە یەکێک لە کارەکتەکان وەسفی هەست و پاڵنەر و خەونەکانی خۆیمان بە زمانی خۆی بۆ بگێڕێتەوە، لە ڕێی بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەمی تاکی قسەکەرەوە"، (جاسم،٢٠٠٤،١٢٠)، ئەم شێوازە، بەراورد بە شێوازە ڕانانی ناڕاستەوخۆ گونجاوترە، چونکە ئازادیی زێتر بە کارەکتەر دەدرێت، تا ناخ و ئازارەکانی خۆی دەرببڕێت، چونکە"ڕۆماننووس یان گێڕەرەوە ڕێگە خۆش دەکات بۆ کارەکتەر تا گوزارشت لە ناخ و دەروونی خۆی بکات، کەسێتیی خۆیمان بۆ ئاشکرا بکات لە

ڕێگەی قسەکانی یان کارو کردەوەکانییەوە"،(نجم،١٩٦٣،٩٤)، لەبەرئەمەیە، شێوازی ڕانانی ناڕاستەوخۆ زۆر لە شێوازی شانۆیی نزیک دەبێتەوە.
لەم شێوازەی ڕانانی کارەکتەردا " گفتووگۆ ڕۆڵی سەرەکی هەیە، بووەتە هۆی ئەوەی کە ناسینی کارەکتەررزێتر لە ڕێگەی گفتووگۆی نێوان کارەکتەرەکانەوەبێت"،(ئەڵوەنی،٢٠٠٩،١٤١)، ئەم شێوازە ئەرکێکی قورس ناخاتە سەرشانی ڕۆماننووس، بۆ ڕانانی کارەکتەرەکان، بەڵکو لە بەرانبەردا بوار بە خوێنەر دەدات "بەوەی پوختەی ئەنجام و توانجەکان سەبارەت بە ڕەهەند و کەسێتی کارەکتەرەکان بدۆزێتەوە، ئەویش چ لە ڕێگای بەشداریکردنی کارەکتەرەکان لە ناو ڕووداوەکاندا بێت یان لە ڕێگەی ڕوانینی کارەکتەرێک بۆ کارەکتەرێکی دیکە" ،(بحراوي،١٩٩٠ ٢٢٣). بەواتەیەکی دیکە، لەم شێوازەدا نووسەر "کارەکتەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا لە شێوەی مۆرفێمێکی بەتاڵدا پێشکەش بە خوێنەر دەکات ئەرکی پڕکردنەوەی ئەو مۆرفێمە بەتاڵەش لە ماناو دەلالەت بۆ ناسینی کەسێتی و ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەر دەخاتە ئەستۆی خودی خوێنەر بەوەی خوێنەر دەبێت هەنگاو بە هەنگاو بەدرێژایی ڕەوتی ڕووداوەکان چاودێری کەسێتی و ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەر بکات، لەگەڵ کۆتایی هاتنی ڕۆمانەکەش شارەزایی تەواوی کارەکتەر دەبێت و وێنەیەکی کارەکتەر لە مێشکیدا دروست دەبێت،" (عومەر، ٢٠١٥،٦٣). ئەم وێنانەش لە ڕێگەی کردارەکانی کارەکتەرەوە دروست دەبن، چونکە کاتێک ڕۆماننووس ڕێگە بە کارەکتەر دەدات خۆی پێشکەش بکات، یەکێک لە بنەماکانی ئەم جۆرە ئەو کار و کردەوانەیە کە کارەکتەر لە ناو ڕووداوی ڕۆمانەکەدا ئەنجامیدەدات، بۆیە کار وکردەوە ڕۆڵی گرنگیی لە ناساندنی کارەکتەردا هەیە، ناسینی کارەکتەر لەم ڕێگەیەوە، دەبێتە هۆی زێتر قەناعەت پێهێنانی خوێنەر بە ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەر ڕانانی کارەکتەر بە ڕێگەی ناڕاستەوخۆ، دووجۆرە: یان لەڕێگەی کارەکتەر خۆیەوە خۆیمان پێدەناسێنێ، یان لە ڕێگەی کارەکتەرێکی دیکەی ناو ڕۆمانەکەوە، کارەکتەر بە خوێنەر دەناسێنێت.

**تەوەری سێیەم:**

## پێوەندیی کارەکتەر بە توخمەکانی دیکەی ڕۆمانەوە

**<u>پێوەندیی کارەکتەر بە گێڕانەوەوە :</u>**

گێڕانەوە بڕبڕەی پشتی ڕۆمانە، (جان لۆفیف) پێیوایە، گێڕانەوە بریتییە لە"هەر پەیڤێک، کە جیهانێک دەگەڕێنێتەوە بۆ زەین کە لە هەردوو ڕەهەندی مادیی و مەعنەوییەوە لە جیهانێکی ڕاستیی وەرگیرابێت و دەکەوێتە شوێن و کاتێکی دیاریکراوەوە و زۆربەی کاتیش بە هەڵگەڕاوەیی لە ڕێگەی گۆشەنیگای کارەکتەرێک یان زێترەوە پێشکەش دەکرێت"،(سەعید،٢٣،٢٠٠٩)، پرۆسەی گێڕانەوە، لەلایەن گێڕەرەوەیەکەوە، یان زێتر پێشکەشدەکرێت، دەربارەی پێکهاتەی پرۆسەی گێڕانەوە (عبدللە سەراج) دەڵێت:"گێڕانەوە شێوە، یان هونەری گەیاندنی چیرۆکە بە خوێنەر، ئەویش بە زمانێکی تۆمارکراو چەند ڕووداوێک و چەند کەسایەتییەک، لە جێکاتێکی ئەو تۆدا، کە خوێنەر ڕابکێشێت و سەرسامی بکات، ئەمەش سێکوچکەی(گێڕەرەوە، گێڕانەوە، خوێنەر)دووپاتدەکاتەوە"، (سەراج،٢٦،٢٠٠٧).

گرنگیی گێڕانەوە بە جۆرێکە، کە هەندێک لە نووسەران پێیانوایە" چیرۆکنووسی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە، کە دەزانێت چۆن چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە"، (ڕسول،٢٢،٢٠٠٥)، بەڵکو هەندێک لە ڕەخنەگران پێیانوایە، کە گێڕانەوە لە مێژوو باڵاترە، لەم بارەوە (وایت) دەڵێت: "ئێمە کاتێک بایەخ بە گێڕانەوە دەدەین، واتە بانگەشە بۆ بیرکردنەوە لە سروشتی ڕۆشنبیریی و لەوانەیە لە خودی سروشتی مرۆڤایەتیش بکەین"، (بیرون،٢٧،١٩٩٢) لە نێو دەقی ڕۆماندا "گێڕانەوە ئامرازێکە بۆ چنینی پێوەندییەکان لە نێوان توخمە هونەرییەکاندا کە بنیاتی دەقی چیرۆکی لەسەر بنیات دەنرێت"، (عوسمان، ١٥١،٢٠١٠)، دەربارەی شێوازەکانی گێڕانەوەی هونەری لە نێو دەقی ڕۆماندا، زۆرێک لە ڕەخنەگرانی بواری ڕۆمان ئەم دوو شێوازەیان دیاریکردووە:

**شێوازی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ (خودی):**

ئەم شێوازە یەکێکە لە جۆرەکانی گێڕانەوە، کە کارەکتەر لەناخی خۆیەوە دەدوێت، لەم شێوازەدا لەسەر زاری کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەوە، ڕووداوەکان دەگێڕدرێنەوە، لەم جۆرەدا جێناوی کەسی یەکەمی تاک بەکاردێت، یان لەزمانی کەسێکی دیاری بەشداربووەوە، بەسەرهاتەکان دەگێڕدرێنەوە، هەروەها جێناوی کەسی دووەمی تاکیش بەکاردێت، پشت بە وێناکردنی کارەکتەرەکان لە ڕوانگەی تایبەتیی خۆیانەوە دەبەستێت و شیکارییان بۆدەکات"،

(ئیبراهیم،٨٤،٢٠١٦)، هەندێک لە ڕەخنەگران ئەم شێوازە بە گێڕانەوەی خودی ناو دەبەن، چونکە لەم جۆرەدا ڕۆماننووس ڕێگە بە کارەکتەری سەرەکی، یان یەکێک لە کارەکتەرە بەشداربووەکانی ناو دەقی ڕۆمانەکە دەدات بە زاری خۆی بەسەر هاتەکانمان بۆ بگێڕێتەوە، وەک کارەکتەری سەرەکی ناو ڕۆمانەکە، یان وەک کارەکتەرێکی بەشداری ناو ڕۆمانەکە، لە بارەی خۆیەوە بۆ کارەکتەرێکی دیکەی ناو ڕۆمانەکە دەدوێت، واتا کارەکتەرێکی بەشدار بەسەرهاتی خۆی لە زاری خۆیەوە دەگێڕێتەوە، بە شێوەیەک خوێنەر واهەست دەکات، گێڕەرەوە تەنها لەبارەی خۆیەوە زانیاریی هەیە، ئەم جۆرە، ئەو باوەڕە لای خوێنەر دروست دەکات، کە کارەکتەر لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆیدا ڕاستگۆیە، وەک کارەکتەرێکی بەشدار لە ناو ڕۆمانەدا.

گرنگیی ئەم شوازە لە گێڕانەوە لەنێو ڕۆماندا وایکردووە، کە (فریدمان) "چاکی و بە پێزیی ڕۆمان، بە نەمانی گێڕانەوەی بابەتییەوە گرێدەدات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بە غیابی گێڕەرەوەی هەمووشتزان، ڕۆمان زیندووتر و بە پێزتر دەبێت، چونکە لە گێڕانەوەی خودییدا بنیاتی جۆراجۆر و فرە دەنگی و فرە نیگای دێتە کایەوە و کارەکتەرەکانیش بواریان بۆ دەڕەخسێت کە ڕاستەخۆ ڕووبەڕووی خوێنەر ببنەوە و گوزارشت لە ناخی خۆیان بکەن"، (سەعید،١٩٦،٢٠٠٩).

لەم جۆرەدا، کارەکتەر لە ڕووداوەکاندا بەشدار دەبێت، بۆیە ئەم جۆرە ڕۆڵی "ڕەنگدانەوە، یان گواستنەوەی ڕووداوەکان ناگێڕێت، بەڵکو ڕۆڵی هێنانەکایەیان دەگێڕێت، بەواتایەکی دیکە حیکایەتخوان لە پشت ڕووداوەکانەوە ناوەستێت، بەڵکو لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەوەستێت"،(عوسمان، ١٦٣،٢٠١٠). بەکارهێنانی ئەم شێوازەش، بە پێی قۆناغی مێژوویی، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لەڕۆمانی کوردیدا "لەدوای ڕاپەڕین شێوازی گێڕانەوەی خودی زاڵە بەسەر شێوازەکەیتردا، لە ڕێگەیەوە هەست وهۆش و بیری کەسانی ناو چیرۆک بەوردی و لە ناخەوە خراوەتە ڕوو، بەڵام گۆڕان لە تایبەتمەندیەکانیدا کراوە، ئەویش بەکارهێنانی چێناوی کەسی دووەمی تاک(تۆ)یە لە شێوازی خودیدا و لەڕێگەی چیرۆک گێڕەوەی هەمانشتزانەوە، ئەمەش بۆ ئەو تێڕوانینەی نووسەران دەگەڕێتەوە کە ڕاستەوخۆ ویستویانە لەگەڵ خوێنەردا بدوێن و خۆیان بکەن بە خاوەن ئەزموونەکە"، (عەلی،٢٩٨،٢٠١٢)، جگەلەوەی، برەوسەندنی ڕۆمانی تەوژم هۆش، لە گەشەکردنی ئەم شێوازە لە گێڕانەوە لە ڕۆمانی کوردیدا ڕۆڵی هەبوو.

**شێوازی گێڕانەوەی ناڕاستەوخۆ (بابەتی):**

ئەم جۆرە لە گێڕانەوە بە کۆنترین جۆری گێڕانەوە دادەنرێت، لە گێڕانەوەی بابەتیدا بە هۆی دەرەکیی بوونی"بە سەربەخۆیی گێڕەرەوە جیادەکرێتەوە لە هەڵوێست و ڕووداوە گێڕاوەکان"،(برنس،٢٠٠٣،١٦٣)، لێرەدا ڕۆماننووس"ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و کارەکتەرەکان شیدەکاتەوە، بەشێوەیەکی قووڵ بە ناخی کارەکتەرەکان ڕۆدەچێت و هەڵسوکەوتەکانیان دەخاتەڕوو، هەست و سۆزی کارەکتەرەکان بە وردی وەسف دەکات، بیرو بۆچوونی کارەکتەر و ئایدیۆلۆژیاکانیان دەخاتەڕوو"، (ئیبراهیم، ٢٠١٦،٨٤)، هەندێک لە ڕەخنەگران بە گێڕەرەوەی هەمووشتزانی ناو دەبەن، ڕەخنەگران ئەم شێوازە لە گێڕانەوە، بە زمانحاڵی ڕۆماننووس دادەنێن، بەهۆی ئەوەی، گێڕەرەوە شارەزای زۆری هەیە لە بارەی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەو جۆری ئەو بەسەرهاتانەی کە لە ژیانیاندا لەناو دەقی ڕۆمانەکەدا بەسەریان دێت، چونکە"ڕۆماننووس ئاگاداری هەمووشتێکە تەنانەت بیر و هەستی شاراوەی کارەکتەرەکانیش"،(الفضل،٢٠٠٣،١٢).

لەم شێوازە لە گێڕانەوەدا جێناوی کەسی سێیەمی تاک بەکاردێت. ئەمەش وایکردووە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا"گێڕەرەوە سەربەستییەکی تەواوی لە هەڵسوڕاندن و باسکردن و شیکردنەوەی ڕووداوەکاندا هەبێت و بە ئارەزووی خۆی، بە ناوتەواوی توخمە هونەرییەکانی ڕۆماندا گوزەر بکات و وەسفێکی گشتی کات و شوێن بکات"، (ثامر،١٩٩٢،١٨٢)، بەمجۆرە، بوار بۆ هیچ کارەکتەرێکی ناو ڕۆمانەکە نامێنێتەوە، کە گوزارشت لە خۆیان بکەن. لەم شێوازەدا ڕۆماننووس بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لەپشتی گێڕەرەوەی بابەتییەوەیە، هەروەک (فلۆبێر) دەڵێت: "پێویستە نووسەر بۆ خۆی نەنووسێت، بەڵکو دەبێ لە بوونیدا وێنەی خوابێت، نەبینراو و بەتوانابێت بە چەشنێک لە هەموو شوێنێکدا هەست بە بوونی بکەین، بەڵام نەیبینین"، (عوسمان،٢٠١٠.١٥٦)، لە پشت هەموو گێڕانەوەکانەوە، ڕۆماننووس ئامادەیە، بەڵام پێویستە، بە جۆرێک گێڕانەوەکە بەرجەستەبکات، کە خوێنەر بە زەقی هەستی پێ نەکات.

ئەمجۆرە لەگێڕانەوە، بەلای هەندێک لە نووسەرانەوە لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداودا بە پەسەند دانانرێت، هەروەک (هێنری جیمس) دەڵێت:" دەبێتەهۆی پچڕاندن و ناڕێکی بە هۆی گواستنەوەی کتوپڕ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە، یان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، بە بێ ئەوەی هۆیەکی ڕوون و ئاشکرامان پێشکەشبکات، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی ونبوونی پێوەندیی ئۆرگانی نێوان پارچە جیاجیاکانی ڕۆمان،"(عەلی،٢٠١٥،١٣٩)، بەڵام پێمانوایە، ئەم پێوەندییەی نێوان توخمەکانی دەق و تۆکمە و سفتیان لە بنیاتی ڕۆمانەکەدا، زێتر دەکەوێتە سەر توانای ڕۆماننووس، لە چنینی ئەوپێوەندییانەدا، وەک لەوەی بگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی بابەتی،

بەواتەکی دیکە دەکرێت، گێڕانەوە بابەتیش بێت، بەڵام گەر نووسەر بەتواناو و لێزان بوو، لە دروستکردنی پێوەندیی نێوان توخم و کارەکتەرەکاندا سەرکەوتوودەبێت بە جۆرێک خوێنەر هەست بە پچڕان لە نێو دەقەکەدا نەکات.

## پەیوەندیی کارەکتەر بە ڕووداوەوە:

هەموو ڕۆمانێک لە پێناو گێڕانەوەی ڕووداوێکدا دەنوسرێتەوە، ئەو ڕووداوە ڕوویدا بێت یان لە داهاتوودا ڕووبدات، هەموو ڕووداوێک پێویستیی بە شوێن و کەسێک هەیە، بۆ ئەوەی ڕووبدات، ئەم توخمە، بە بنەمایەکی گرنگیی ڕۆمان دادەنرێت، (ئەرستۆ) بەیەکەم کەس دادەنرێت، لەبارەی ڕووداوەوە دواوە، توخمەکانی تراژیدیای بە شەش ڕەگەز دەستنیشانکردووە،" چنین، کەسێتی، دارشتن، هزر، دیمەن، گۆرانی"، هەروەها دەڵێت لە هەموو توخمەکان گرنگتر چنینە، واتە ڕێکخستنی ڕووداوەکانە"،(ئەرستۆ، ٢٩،٢٠٠٤)، دەربارەی پێوەندیی نێوان ڕووداو وکارەکتەر (ئەرستۆ) "پێیوایە ڕووداو کارەکتەر بنیات دەنێت، کارەکتەر بوونی نییە، بە بێ بوونی ڕووداو، چونکە ڕووداوەکان دەستنیشانی کەسایەتییەکان دەکەن و بە بەردەوامی، کارەکتەرەکان دەخەنە جوڵەوە"،(عەبدوڵا،٢٩،٢٠٠٨). بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە لە بارەی پێوەندیی کارەکتەر بە ڕووداوەوە (د. نجم ئەڵوەنی) دەڵێت: "ڕووداوەکان باسی ژیانی ئەو(کارەکتەر) دەکەن و هەڵوێستەکانی پێشاندەدەن و بیروباوەڕی ئەو دەردەبڕن و باسی چارەنووسی ئەو دەکەن"، (ئەڵوەنی،٣٢٥،٢٠٠٤)، پێوەندیی نێوان ڕووداو وکارەکتەر دوولایەنەیە.

گرنگیی و پتەوی پێوەندیی نێوان ئەم دوو توخمە، بە جۆرێکە" هیچ کردارێک بە ڕووداوێکی هونەری دانانرێت، ئەگەر لەگەڵ کارەکتەرێکدا کارلێک نەکەن، هەر لەمەشەوە پێوەندیی ڕووداو بە کارەکتەرەوە پێکدێت"،(مجید،٢٠١٣، ٢٣)، جگەلەوەی، هەموو ڕووداوێک، لە ڕووی هونەرییەوە پێویستیی بە چەند کەرەسەیەک هەیە، وەک زمان بۆ وردەکاری ڕازاندنەوەی ڕووداوەکە و بەخشینی جۆرێک لە هێز بە ڕووداوەکە، لە هەمان کاتیشدا، ئەمیش دەبێتە بنەمای توخمەکانی تر لەم بارەیەوە (د. عزالدین اسماعیل) دەڵێت: "ڕووداو توخمێکی هونەریی گرنگیی نێو توخمەکانی گێڕانەوەیە، بڕبڕەی پشتی کەسێتی و زمان و شوێن و کاتە لە بینای ڕۆماندا، کۆمەڵە بەشە ڕووداوێکە، پەیوەست و ڕێکخراوە، بە شێوەیەک کاریگەریی لە ناخدا بە جێدەهێڵێت، (اسماعیل،٨٥،١٩٨٥).

جۆری پێوەندیی کارەکتەر و ڕووداو، وەک دوو توخمی ڕۆمان" کارەکتەر ڕەگەزێکی تەواو پەیوەستی ڕووداوە، کاتێک کەسێتییەکمان لە دەقی ڕۆماندا بەرچاو کەوت لە پرۆسەی گێڕانەوە، زیندووبێت، یان مردووبێت، ڕاستەخۆ لایەنی کەم کردارێک، یان ڕووداوێک ئامادەیی دەبێت، چونکە ڕووداو بێ کارەکتەر ڕوونادات، هەروەها کارەکتەرش بەهۆی ڕووداوەوە دەبێتە پاڵەوان"، (عبدلله،٢٦،٢٠٠٠)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ڕووداو دەبێتە مایەی بنیاتنانی کارەکتەر، کارەکتەرەکانیش هەڵسوڕێنەری ڕووداون بە واتەیەکی دیکە ئەنجامی ڕووداوەکان سروشتی کارەکتەرەکان دیاریدەکەن، بەوەی، کارەکتەرێکی بگۆڕ و ئەکتیفە، یان کارەکتەرێکی سادە و نەرێنییە، لەوێشەوە ململانێ دێتە ئاراوە، بۆ گەیشتن بە چارەسەر و گەیاندنی کێشەکە بە ترۆپەک.

لە جیهانی ڕۆماندا، زێتر لە ڕووداوێکی سەرەکی و چەند ڕووداوێکی لاوەکی بەرچاو دەکەون، بەو واتایەی، ڕووداو لە ناو دەقی ڕۆماندا، هەندێک جار خۆی وەک ڕووداوێکی سەرەکی دەنوێنێت، کاریگەریی بەسەر چارەنووسی کارەکتەری سەرەکی و کارەکتەرەکانی دیکەوە هەیە، بەڵام هەندێجار ڕووداوەکە زۆر کاریگەری نابێت بەسەر کارەکتەرەوە و تایبەت دەبێت بە کەسی لاوەکی، لێرەدا دۆخی بکەر و بەرکار هەیە، بە شێوەیەک، کارەکتەری بکەر خاوەن ڕۆڵی خۆیەتی، لە سەرهەڵدانی ڕووداوەکەدا، کە لەتوانایدا هەیە، ڕەوتی ڕووداوەکە بەرەو دەرئەنجام ببات، بۆیە بەمجۆرە کارەکتەرە، دەوترێت کارەکتەری بگۆڕ، هەندێجار ڕووداو بەسەر کارەکتەردا زاڵ دەبێت، بە شێوەیەک کارەکتەرەکە دەبێتە بەرکار، هەروەها دەبێتە کارەکتەرێکی چەسپاو، لە توانایدا نییە، ڕۆڵی کاریگەر بەسەر ئەنجامی ڕووداوەکەوە بگێڕێت، "هەر ئەوپێوەندییە بەهێزەی نێوانیشیانە وایکردووە کە جۆرێک لە کارلێکی نێوانیان بەدی بکرێت وەک بازنەیەک یەک بەدوای ئەوەی تریاندا بێت و تاکۆتایی چیرۆکەکە بەردەوامبن، چونکە سەرەتا کارەکتەرەکان کارلێک دەکەن و ڕووداو دروست دەکەن دواتریش هەر ڕووداوەکانە کاریان تێ دەکاتەوە و لە هەڵسوکەوت و چالاکییەکانیان بەردەوام دەبن، نا ئامادەیی یەکێکیان نائامادەیی ئەوەی تریان دەسەلمێنێ"، (عەبدوڵا،١٩،٢٠٢١). هەر ئەمەش وای لە نووسەرێکی، وەک (محمد الشنطی) کردووە کە ئاشکرابوونی پاڵنەری ڕووداو بە ناسینی کارەکتەر ببستێتەوە و بڵێت:" بۆئەوەی ئەوپاڵنەرانە ئاشکرابن، کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ڕووداو، دەبێت ئەو کارەکتەرانە بناسین، کە ڕووداوەکان دروستدەکەن، ڕووداویش لە خودی خۆیدا، وێنەگرتنی کارەکتەرە، لە کاتی ئەنجامدانی کارێکدا، بۆیە ناتوانرێت ڕووداو وکارەکتەر جیابکرێتەوە، (شێخانی،٨٣،٢٠١٢).

سادەترین ڕووداو لە ڕۆماندا "پێویستیی بە بوونی سێ کەس هەیە، نوسەر، خوێنەر، پاڵەوان"،(ئیبراهیم،١١٣،٢٠١٦). ئەوەی گرنگە لە کارەکتەردا، قورساییەتی لەسەر یەکلایکردنەوە و پەیوەستبوونی بە ڕووداوەکانەوە، گرنگە، تا چەند دەتوانێت قەناعەت بە خوێنەرانی بکات و دۆخی سەرسامبوونی ئەوان بە دەست بهێنێت، چونکە ڕووداوپێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ڕانان و ناساندنی کارەکتەرەوە هەیە، ئەویش بەهۆی ئەو کردەوانەی لە ناو ڕووداوەکاندا ئەنجامیدەدەن، ئاشکراکردنی کارەکتەر لەڕێگەی ڕووداوەوە، زێتر قەناعەت بە خوێنەر دەکات و سیمای واقیعیانەتر بە کارەکتەر دەدات و سەرنجی خوێنەریش ڕادەکێشێت. لەم بارەوە(لۆرانس بلۆک) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات" هۆکاری سەرەکی کەوا لە خوێنەر دەکات لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی هەر ڕۆمانێکدا بەردەوام بێت، هەوڵدانی خوێنەرە بۆدۆزینەوەی ئەو ڕووداوانەی، کەدواتر ڕوودەدەن، هۆکاری گرنگییدانی خوێنەریش بە ڕووداوەکان، خۆی لە لێهاتووی و زیرەکی نووسەردا دەبینێتەوە، کە چۆن وێنەی کارەکتەرەکان دەکێشێت، چونکە خوێنەر دەیەوێ بزانێت ژیانی کارەکتەرەکان، چۆن دەبێت خۆی پێوەسەرقاڵ دەکات تا بەتەواوەتی ئاگاداری ژیانیان بێت، (بلوک،١٢١،٢٠٠٩).

## پێوەندیی کارەکتەر بە شوێنەوە:

شوێن دەبێتە ژینگەیەکی گرنگیی کەسێتیی مرۆڤ لە ژیانی واقیعیدا، بەهەمان شێوەش، کاریگەریی خۆی لەسەر کارەکتەر لە ناو ڕۆمانداهەیە کاریگەریی شوێن لەسەر مرۆڤ لە ڕووی دەروونی و هزرییەوە دەبێت. لە ڕۆماندا شوێن دەبێتە ئەو زەمینەیەی، کە کارەکتەر کار و کردەوەکانی تێدا ئەنجامدەدات. "توخمێکی هونەری گرنگ پێکدەهێنێ و لە ڕێی ئەوەوە ئاشنای گۆشەنیگای حیکایەتخوان و زۆربەی کارەکتەرەکان دەبین"، (ئەڵوەنی،٧٠،٢٠١١). شوێن بە بێ کارەکتەر، هیچ واتایەکی نییە، بەهەمانشێوە کارەکتەرش دەبێت کار و کردەوەکانی لە ناو شوێندا ئەنجامبدات ئەم دوو توخمەی ڕۆمان، ئەوەندە ئاوێتەی یەکتر دەبن، بەجۆرێک " خەڵک شوێنە و شوێنیش خەڵکە" (شێخانی، ١٠٢،٢٠١٢)، بەواتەیەکی دیکە، لێرەدا پرۆسەیەکی کارلێکردن لە نێوان هەردووتوخمەکەدا هەیە، "شوێن خاوەن ناسنامە و هەڵگری دەلالەت و دەسەلات و سیستەم و کەش و ڕەهەند و سروشتیی خۆیەتی... چونکە هەر شوێنە دەسەلاتگیریی خۆی هەیە و خاوەن ڕەهەند و ڕووبەری تایبەتیی خۆیەتی بۆ ڕێگەدان بە جوڵەکردن و کردار و گفتوگۆکردن. هەرشوێنێک ڕیتمێکی تایبەتی خۆی هەیە، شوێن هەڵگری فرە دەلالەتە"، (ئیسماعیل،٢٤،٢٠٠٩).

بەهەمان شێوەش کارەکتەر کاریگەریی لە سەر شوێن هەیە، کاتێک ڕۆماننووس باسی کارەکتەری بێ ویست و خواستی خۆی کرد، باس لە شوێن دەکات، بە پێچەوانەشەوە، هەر دروستە.

جگە لەمەش، شوێن لە ڕۆماندا گرنگییەکەی لەوەدایە "ڕووداو و کێشمەکێشی لە سەر ئەو ڕووبەرەدا جوڵە و ئاراستە دەکرێت"، (ڕشید،١٥،٢٠٠٧), هەر بۆیە، شوێن کارەکتەرەکان و ڕووداوەکان بە یەکەوە گرێدەدات، لەم بارەیەوە (عبدالله سەراج) دەڵێت:"جێ، لە ڕۆماندا گرێدەری کەسایەتییەکانە بە ڕووداوەکانەوە، بەواتەیەکی دی، ئەوە کەسایەتییە، چوارچێوەی جێگاکان دەبڕێ بۆ دەراندنی گۆشەنیگا، یان ڕووداوەکان، هەر بۆیە دەبێ جێگە لە سەران سەری ڕۆمانەکەدا بەشدار بێت و کاریگەری خۆی هەبێت، دەنا هیچ پێویست بە وەسفکردنی ناکات، شوێن بەشێکی گرنگیی پانتایی و ڕەهەندەکانی ڕۆمانەکەیە"، (سەراج، ٥٠،٢٠٠٧)، لە کاتی خوێندنەوەی هەر دەقێکی ڕۆمان لەو شوێنە واقیعییەی، کە خوێنەری تێدایە دەگوێزرێتەوە بۆ ئەو جیهانە خەیاڵییە دروستکراوەی، کە ڕۆماننووس خولقاندویەتی, لە پاڵ ئەمانەشدا، شوێن لە ناو ڕۆماندا، "لە ڕێگای بوونی کارەکتەرەوە پۆلێندەکرێت، بۆنموونە، لە ڕێگەی خاوەندارێتیی کارەکتەرەوە، بۆ شوێنی گشتی و تایبەتی دابەشدەبێت، لە ڕێگەی هەست و سۆزی کارەکتەرەوە بۆ شوێنی هۆگر و ناهۆگر دابەشدەبێت، لەڕێگەی جوڵەی کارەکتەرەوە دابەش دەبێت بۆ کراوە و داخراو"،(عومەر، ١٥٥،٢٠١٥).

گۆڕانکاریی لە شوێندا، بە هەر دووهۆکاری مرۆیی و سروشتییەوە، کاردانەوەی لەسەر باری دەروونیی کارەکتەر هەیە، شوێن ڕاستەوخۆ کار لە مرۆڤ دەکات و دەیگۆڕێت، بۆ نموونە هەڵبژاردنی شوێنی ڕۆمان کاریگەریی تایبەتیی خۆی لەسەر دروستبوونی کەسێتیی کارەکتەرەکاندا هەیە، لەوانەیە، شوێنێکی جەنجاڵو پڕبێت، یان ئارام و هێمن و کەسانێکی کەمی لێبن، یان شوێنێکی پڕ لەترس و ڕاڕایی بێت. کەواتە یەکێک لە بنەما گرنگەکانی ڕۆمان، دروستکردنی پێوەندییە لە نێوان کارەکتەر و شوێندا. ژیانی کارەکتەر، باری دەروونی و کۆمەڵایەتیی ئەو، لە ڕێی شوێنەوە دەردەکەون. زۆر گرنگە ڕۆماننووس شوێنەکان بناسێت و زانیاریی پێویستی لەسەرجوگرافیای ئەو شوێنە هەبێت، کە دەیەوێت کارەکتەرەکانی لێ بژێت و بەشداری ڕووداوەکان بکەن، چونکە" ئەم پێوەندییەی نێوان ڕۆماننووس و شوێن وا دەکات کە ئەو شوێنە بەهایەکی تایبەتی هەبێت و ببێتە هێزێکی کاراو جووڵە بە گێڕانەوەکە ببەخشێت و بەشداری لە بنیاتی ڕووداوەکاندا بکات و ناسنامەی کارەکتەرەکان ئاشکرا بکات"، (ئەڵوەنی،٦٩،٢٠٢١). وێنەکێشانی شوێن و ژینگەی کارەکتەر، هاوکات وێنەکێشانی کارەکتەریشە.

## پەیوەندیی کارەکتەر بە کاتەوە:

کات فاکتەرێکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤدا، کات لە دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤەوەیە، کات تەوەرەی سەرەکیی ئەدەبی گێڕانەوە پێکدەهێنێت، دەربارەی ئەم توخمەی ڕۆمان (نجم ئەڵوەنی) دەڵێت: "ڕۆمان وەک مۆسیقا هونەرێکی زەمەنییە، چونکە زەمەن نێوەندی ڕۆمانە وەک چۆن نێوەندی ژیانە"،( ئەڵوەنی، ٨٧،٢٠٢١)، کات هەموو کارەکتەر و ڕووداوەکان، نەک هەر دەخولقێنێت، بەڵکو بە یەکتریشیانەوە دەبەستێتەوە، مادام هیچ جووڵەیەک ناکەوێتە دەرەوەی کاتەوە. کاریگەریی کات لەسەر کارەکتەر لەوەدا دەردەکەوێت، کە بە هۆی ئەو بەردەوامییەی هەیەتی، پرسیاری لا دروست دەکات. کات پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە گێڕانەوەوە هەیە، بە گوێرەی شێوازی گێڕانەوەی تێکستەکە، بە گونجاوترین شێوە، گوزارشت لە هزری ئەوان لە هەڵوێستە جیاوازەکان و فەلسەفەی ژیانیان دەکات، لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕووداوەکان پیشاندەدات.

کارەکتەریش بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، ملکەچی کاتی ناو ڕۆمانەکە دەبێت، "کات، ئەو کاتە ڕێژییەیە کە چۆنیەتی ڕووداوەکان و جوڵانەوەی کەسێتییەکان لە ئێستا و ڕابردوو و ئایندەدا بە گوێرەی شێوازی ڕێکخستنی تێکستەکە دیاریدەکات"، (کەسنەزانی،١٢٧،٢٠١٢). کات وەک توخمێک لە ڕۆماندا، دووجۆر کاتمان هەیە"کاتی حیکایەت، کاتی گێڕانەوە، کاتی حیکایەت ئەو کاتەیە کە کارەکتەرەکان جووڵە دەکەن و ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات، کاتی گێڕانەوە، ئەو کاتەیە، کە گێڕەرەوە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانمان بۆ دەگێڕێتەوە"، (مەنتک،١٤٢،٢٠١٣)، یان هەندێکی دیکە لە توێژەران، کات دابەش دەکەن بۆ:

کاتی دەرەوەی دەق: "ئەو کاتەیە، کە ڕۆمانەکەی تێیدا نووسراوەتەوە. کاتی ناوەوەی دەق: کاتی ڕووداو وبەسەرهاتی ناو ڕۆمانەکە"(ئیبراهیم، ١٣٠،٢٠١٦)، بەواتەیەکی دیکە "کاتی گێڕانەوە ئاسۆ و فەزای کاتە لەسەر ئاستی دەق، چیرۆکگێڕەرەوە کە دیوێکی نووسەر خۆیەتی، لەناو کاتی گێڕانەوەدا چەند کاتێکی تر ئاوێتەدەکات و تێکەڵەیەک لەم ڕووە ئەنجامدەدات، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی فەزایەک بۆ گێڕانەوە فەراهەم بکات، ئامانجی هونەری جێبەجێ بکات، بەمەش کاتی ڕووداو وکاتی گێڕانەوە جیاوازییەکیان تێدادەبێت و درێژی و کورتییان بە پێچەوانەی یەکترەوەدەردەکەون"، (سامان،٣٠٩،٢٠١٢). ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دیمەن لە نێو دەقی ڕۆماندا.

## تەوەری چوارەم:

## جۆرەکانی کارەکتەرلەڕۆماندا:

### کارەکتەر لە ڕووی ئەرک و ڕۆڵەوە لەنێوڕۆماندا:

مرۆڤەکان، وەک چۆن لە ژیاندا جیاواز و جۆراو و جۆرن، بە هەمان شێوە، لە ڕۆماندا کارەکتەرەکان جیاواز و جۆراو جۆرن، لەم بارەوە (جێرمی هۆثورن) دەڵێت: " جۆرەها کارەکتەری ئەدەبی هەیە، وەک چۆن جۆری جیاوازی خەڵکی لە ژیانی ئاساییدا هەیە"، (ئەڵوەنی،٢٠٢١،٢٣)، بە زۆرشێوەی جیاواز، جۆرەکانی کارەکتەر پۆلێنکراوە، هەریەک لەم پۆلێنانەش لە سەربنەمایەکە، یەکێک لە جۆرەکانی پۆلێنکردن دابەشکردنی کارەکتەرە بە پێی ئەرک و ڕۆڵ کارەکتەر لە ناو دەقی ڕۆماندا. کارەکتەر لە ڕووی ڕۆڵەوە:

## کارەکتەری سەرەکی :

هەروەک چۆن لە ژیانی ئاساییدا کەسانێک هەن ڕۆڵی گەورەو سەرەکی لە ڕووداو وبەسەرهاتەکاندا دەگێڕن، "بەهەمان شێوە لە فەزای ڕۆماندا کەسانێک هەن، کارەکتەری سەرەکین و دەتوانن ڕۆڵی سەرەکی بنوێنن"، (مجید،٢٠١٤،١١٢) نووسەر بایەخێکی تایبەت بە کارەکتەری سەرەکی دەدات، گرنگیی بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و هزرییان دەدات، بۆیە کارەکتەری سەرەکی بە یەکێک لە گرنگترین توخمەکانی دەقی ڕۆمان دادەنرێت، ئەم کارەکتەرە زێتر قورسایی خراوەتە سەر،" نووسەر هەموو تواناکانی بەکاردەهێنێت بۆ دەرخستنی ئەم کارەکتەرە لە هەموو ڕوویەکەوە، شوێنی هەرە گەورەی لە قەبارەی ڕۆمانەکەدا دەداتێ، چونکە هەڵگری نامەی نووسەرو بەرجەستەکەری ڕوانین و هەڵوێستەکانیەتی لە ژیاندا"، (سماحة،١٩٩٩،٢٢).

"کارەکتەری سەرەکی، ناوەندی ڕۆمان پێکدەهێنێت، کار دەکاتەسەر ڕێڕەوی ڕووداوەکان هەڵسووکەوتەکانی کار دەکاتەسەر ژیانی کارەکتەری دیکە و بەمەش ڕەوتی سەرەکی بەسەرهاتەکان بەرەو پێش دەچن، قەیرانەکانی ژیانی ئەو(کارەکتەری سەرەکی) لە ژیانی کارەکتەرە لاوەکییەکاندا ڕەنگدەداتەوە و تەنانەت هەندێک جار، شێوەی چارەنووسی ئەوان دادەڕێژێت"، (ئیبراهیم، ٢٠١٦،١٣٩)، "ئەم کارەکتەرە بزوێنەری سەرەکی زۆرینەی ڕووداوە سەرەکییەکانە و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە بەرەو پێشچوونی کار و چالاکییەکانی ناو دەق، کە وەک زنجیرەیەک وایە کارەکتەرە لاوەکییەکان و کێشە و ڕووداوەکان بەیەکەوە لەمەودا دەقەکە پێکەوە گرێدەدات، لە هەمان کاتدا دەچێتە ژێرباری دیکە و لەڕووی بیری و دەروونییەوە

پەرەدەسێنێت و گەشەدەکات" (عبدللة، ، ١٥،٢٠٠٢)، کەواتە پێویستە، ئەم کارەکتەر بەردەوام لە هەموو ڕەهەندەکانی کەسێتییەوە، لە گەشەکردندا بێت تاکۆتایی دەقەکە، چونکە بازنەی بە یەکەوە گرێدانی هەموو توخمەکانە، بێگومان، لەگەڵ گۆڕانی هەر یەک لە توخمەکانی تر ئەمیش دەگۆڕێت.

لە کاتی ڕانانی کارەکتەری سەرەکییدا، پێویستە ڕۆماننووس "هەمووشتێک لەبارەی کارەکتەری سەرەکییەکەوە بزانێت، وەلێ تەنیا لایەنە گرنگ و هەرەتایبەتییەکانی بۆ خوێنەر ئاشکرابکات نووسەر یەکسەر هەموو لایەنە سەرنجڕاکێشەکانی  قارەمانەکەی باس ناکات، وردە وردە ڕووناکی دەخاتەسەر ژیانی هەر بۆیە کارێکی ئەستەمە ئەو کەسێتییە هەر لە سەرتاوە ئەدگاری تەواوەتیی خۆی وەربگرێت" (خەیات،٢٩،٢٠١٩). دەربارەی هەڵوێستی ئەمجۆرە لە کارەکتەر "هەڵوێستی تازەی دەبێت، دەبێت بە شێوەیەک دەربکەوێت کە بە لایەنی کەمەوە مامەڵە لەگەڵ لایەنە دژوارەکاندا بکات" (خدر،١٠٨،٢٠١٢). زۆرجار کارەکتەری سەرەکی  لە ڕۆماندا، مەرج نییە مرۆڤ بێت، دەکرێت، بونەوەرانی تربن، گرنگترین ئەرکی ئەم کارەکتەرە ئەوەیە، کە ڕووداوە سەرەکییەکان ئەنجامدەدات، بۆیە هەمیشە بنیاتنانی ئەمجۆرە کارەکتەرە، بۆ ڕۆماننووس مایەی ترس بووە.

 تایبەتمەندیی ئەم جۆرە لە کارەکتەر ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی خۆرسکانە، بۆ قەدەری تاکانەی خۆی ناژێت، لە ناو ئەو ڕێکەوتانەی، کە دەوریانداوە، بەڵکو دەیەوێت، بەشدار بێت لەو تایبەتمەندییەی، کە ڕۆماننووس پێی بەخشیوە لە ناو کارەکتەرەکانی تردا کارەکتەری سەرەکی لەلایەک خۆی لە کرۆکی ڕووداوەکان نزیک دەکاتەوە، لەلایەکی ترەوە، پێوەندیی لەگەڵ کارەکتەرە لاوەکییەکاندا دەبەستێت. جگەلەوەی مەرج نییە کارەکتەری سەرەکی هەمیشە هەڵگری سیفەتی باش بێت، بەڵکو وەک هەر مرۆڤێکی تر، هەڵگری لایەنی باش و خراپ دەبێت، چونکە"کارەکتەر ئەو کاتە قووڵایی دەبێت، کە فرە ڕەهەند بێت. ڕۆماننووس لەدروستکردنی کارەکتەرە سەرەکییەکاندا، پەنا بۆ ئەم فرەڕەهەندییە دەبات، ئەگینا لەپاڵ ئەم کارەکتەرە سەرەکییانەدا کارەکتەری ترش بەکاردێنن، کە تاکڕەهەندن و قووڵاییان نییە"، (یاقووب،١٤١،٢٠٢١). کارەکتەری سەرەکی  بە پێی ڕووداوەکان و کارەکتەرەکانی دیکەی دەق، لایەنی باشی و خراپی تێدا زاڵدەبێت، چونکە کارەکتەری سەرەکی چەندان دیوی ناکۆک و نەگونجاو لە کەسێتییاندا هەیە، زێتر لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و کردار و هەڵوێستەکانییەوە دەناسرێتەوە، هەر ئەمەشە وادەکات زیندوویێتی بە

کارەکتەر ببەخشێت. کردار و هەڵوێست ولایەنی ئەرێنی و نەرێنیی کارەکتەر باشتر دەردەخەن لەو وەسفانەی ،لەلایەن حیکایەتخوانەوە بۆ کارەکتەر دەکرێت.

## کارەکتەری لاوەکی:

شان بە شانی کارەکتەرە سەرەکییەکان لە زۆربەی ڕۆمانەکەدا دەبینرێن، بەڵام لەلایەن ڕۆماننووسەوە ڕۆڵی لاوەکییان پێدەبەخشرێت، کەمتر بەشدارییان پێدەکرێت، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە، لە ناو ڕۆماندا گرنگ و پێویست نەبن، چونکە ئەگەر کارەکتەری لاوەکی بە پێی هەڵکەوتەی خۆی ئەرکێکی جێبەجێنەکرد، ئەوا بوونی لە ناو ڕۆمانەکەدا زیادەیە و بۆ دەقەکە دەبێتە خەوشێک، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ڕۆڵی کارەکتەری لاوەکی هیچی کەمتر نییە لە کارەکتەری سەرەکی، بۆیە "نووسەری بە توانا هەموو هونەرەکەی بۆ کارەکتەری سەرەکی تەرخان ناکات، بەڵکو وەک چۆن گرنگیی بە پاڵەوان دەدات ئاواش گرنگیی بە کارەکتەری لاوەکی دەدات"،(شێخانی،٢٠١٤،١٨)، چونکە بەهەمان شێوەی کارەکتەری سەرەکی، بەشداری لە گێڕانەوەی ڕووداودا دەکات و وەک هەموو توخمەکانی تری ڕۆمان، بەشداری لە خەلقکردنی ڕۆماندەکات هەندێجار ئەو شتانەی کە شاراوەیە، دەیخاتەڕوو، زۆر جار دەبێتە هاندەری کارەکتەری سەرەکی بۆ ئەنجامدانی کار و کردەوەکانیان، ئەو بیرە شاراوە و نهێنیانەی لە زەینی کارەکتەری سەرەکیدان بەهۆی کارەکتەری لاوەکییەوە دەردەکەون.

هیچ ڕۆماننووسێک ناتوانێت بە بێ بوونی ئەم جۆرە کارەکتەرە ڕۆمان بنیات بنێت، چونکە ڕۆمان لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییەی لە نێوان کارەکتەرەکاندایە دروست دەبێت،"کارەکتەری لاوەکی هەندێ کار ئەنجامدەدات، لەوانە بەشداریکردن لە بنیاتی ڕووداو و پێکهاتەی کارەکتەری سەرەکی"،(بطرس،٢٠٠٣،٧٠)، هەندێجار کارەکتەری لاوەکی، لەگەڵ کارەکتەری سەرەکیدا هاوهەڵوێستن، بەڵام "هەندێجار ڕۆڵی پێچەوانە دەگێڕن، کە هزر و بەهاکانی بە تەواوەتی جیاوازە لەگەڵ هزر و بەهاکانی کارەکتەری سەرەکیدا، ئەمەش مانای وایە کارەکتەری لاوەکی دەتوانێت هەڵوێستی کارەکتەری سەرەکی دیاری بکات و جەختی لەسەر بکاتەوە، چونکە وێنەیەکی تەواو پێچەوانەی پێشاندەدات"، (ئەڵوەنی، ٢٠٠٩،٥٧)، لەبەر ئەم هۆکارانەشە، کارەکتەرە لاوەکییەکان بەشدارییەکی کارایان لە ئاشکراکردنی لایەنێک، یان چەند لایەنێکی کارەکتەری سەرەکیدا هەیە. چونکە ئەمجۆرە پێدانەی هەڵوێستی پێچەوانە بۆ ئەوەیە بەراورد لە نێوان هەردوو هەڵوێستەکەدا

دروست ببێت وزێتر هەڵوێستی کارەکتەری سەرەکی ڕوون ببێتەوە، جگەلەوەی هەندێجار ئەم هەڵوێستە پێچەوانەیەی نێوان کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی، دەبێتە هۆی دروستبوونی ململانێ لە نێو ڕۆمانەکەیدا، ئەم ململانێییەش یەکێکە لە بنەماکانی زیندوویی ڕۆمان، "چونکە گەرئەم ململانێیانە بوونی نەبێت ئەوا چیرۆکەکە کرچ وکاڵ دەردەچێت، هیچ بەها و تامێکی لای خوێنەر نابێت، ئەو ململانێیانەش هەمیشە خۆی لە هێزی خێر و شەردا دەبینێتەوە، ململانێکان جۆراو جۆرن، هەر یەکەیان هەوڵی بەدەست هێنانی ئامانجەکانی خۆی دەدات بە هەر شێوە و ڕێگایەک بێت.(تاهیر،١٢٨،٢٠١٣). هەر لەم بارەیەوە(محمد علی السلامە) دەڵێت: "کارەکتەری سەرەکی لە ناو ڕۆماندا، لەئەنجامی لێکدانی نێوان واقیع و کارەکتەری لاوەکی بنیات دەنرێت، واتە واقیع و کارەکتەری لاوەکی، کارەکتەری سەرەکی پێکدەهێنن"،(السلامة،١٦٠،٢٠٠٧)، هەندێجارش کارەکتەری لاوەکی ڕۆڵی ئەوە دەگێڕێت، کە چۆنیەتی بیرکردنەوەو باری دەروونیی کارەکتەری سەرەکی ڕوونبکاتەوە.

دەربارەی پێکهاتەی ئەمجۆرە کارەکتەرە "شێوەیەکی سادەیان هەیە، خاوەن کەسێتییەکی ڕووکەش و ئاشکراو، تاڕادەیەکیش بە ئامادەکراوی پێشکەشدەکرێت کارەکتەری لاوەکی زێتر ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە پەراوێزی ژیاندا دەژین، کارو کردەوەی گەورە ناکەن و هەمان خاسیەتی ئەو کەسانەیان دەبێت و وێنەیەکی ئەو کەسانە بەرجەستە دەکات، کە بەدەوری بیرۆکەیەک یان سیفەتێکدا دەخولێنەوە، (عارف،٤٦،٢٠١٦). ئەم سادەییەش وادەکات خوێنەر بە ئاسانی بتوانێت، لە ڕەهەندەکانی ئەم کارەکتەرە تێبگات و لە ڕۆمانەکەدا بیانناسێتەوە.

کارەکتەری لاوەکی مەودای جوڵە و ڕەفتارەکانی، بەراورد بە کارەکتەری سەرەکی سنوردارکراوە، بواری سەربەستیی کەمترە، "لەگەڵ ئەوەشدا کارەکتەری لاوەکی خاڵی نییە لە گرنگیی، لەمەشەوە دەکرێت کارەکتەری لاوەکی کەم گەشەکردووی بە جووڵەمان هەبێت، لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی دیکە، بەڵام لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە ناگۆڕێت، هەروەها لە شوێنێکەوە ناچێتە شوێنێکی دیکە، ئەم جۆرە گۆڕانانە کەم ڕوودەدات، بەڵام گەشەکردنەکەی ناگاتە پلەی گەشەی کارەکتەری سەرەکی  کە چالاکترە"، (عبدالکریم،١٠٨،٢٠١٤).

گرنگیی ئەم جۆرە لە کارەکتەر وایکردووە، کە (محمد علی السلامە) بڵێت: "هیچ کارەکتەرێکی لاوەکی نابینم، کە کاریگەری بەسەر ڕووداوی ڕۆمانەکەوە نەبێت، ئینجا قەبارە و ڕۆڵەکەی هەرچەند بێت"،( السلامە،٧٢،٢٠٠٧)، بنیاتنانی کارەکتەری لاوەکی، لەلایەن نووسەرەوە، بێ ئامانج نییە، بەڵکو گرنگیی خۆی هەیە، ئەم گرنگییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کارەکتەری لاوەکی، " هەندێ

لایەنی شاراوەی کارەکتەری سەرەکی بەدیاردەخات و تیشک دەخەنە سەر لایەنی شاراوەی دەروونی، یان لەوانەیە نهێنی پارێز بێت و بەهۆیەوە دەتوانین لە کارەکتەری سەرەکی بگەین، لەبەر ئەوەی دەروونی خۆی ڕاستگۆیانەتر و ڕاشکاوانەتر بۆ نهێنی پارێزەکەی بکاتەوە"،(عبدللە، ١٩٨٦،٧٥)، بەواتایەکی تر هەندێجار ڕۆماننووس، بە پێی پێویستیی ڕووداوەکان وردترین لایەنی ژیان لە ڕێگەی کارەکتەری لاوەکییەوە بەدیار دەخات، نەک سەرەکی. کارەکتەر لە جەستەی دەقدا توخمێکی بنیاتییە و ناکرێت لاببرێت، یان پەراوێز بخرێت، هەرچەندە لە ئەرکدا، ڕۆڵی بچووک بێت.

## کارەکتەر لە ڕووی پێکهاتەوە لە نێو ڕۆماندا:

بنیاتی کارەکتەر لە ڕووی پێکهاتەوە، بە پێی ئەو تایبەتمەندییانە دیاریدەکرێت کە لە نێو ڕۆماندا دەبینرێن، هەندێک کارەکتەر پێکهاتەکەی ئاڵۆزە و تا کۆتایی ڕۆمانەکە بە کۆمەڵێک گۆڕانکارییدا تێدەپەڕێت، ئەمەش وادەکات، تێگەیشتن لێی ئاسان نەبێت، بەڵام هەندێک کارەکتەر پێکهاتەکەی سادەیە و گۆڕانکارییەکی گرنگ تێیدا ڕوونادات، وەک زاراوە، لەلایەن نووسەران و ڕەخنەگرانەوە چەندین زاراوەی جیاوازیان بۆ ئەم جۆرە کارەکتەرانە بەکارهێناوە، یەکەم کەس کە باسی کارەکتەری لە ڕووی پێکهاتەوە کردبێت (ئی،ئێم، فۆستەر)ە کە" هەردوو زاراوەی بازنەیی و فلاتی بۆ کارەکتەر بەکارهێناوە،... کەچی (محمد غنیم هلال) یەک ئاست و گەشەکردووی بەکارهێناوە، بەڵام (محمد علی السلامە) فلات و بازنەیی گەشەسەندووی بەکارهێناوە"، (شێخانی،،٢٠١٢،٢٠)، مەبەست لە کارەکتەری بازنەیی"کارەکتەری سێ ڕەهەندە، زۆر تایبەتمەندیی هەیە و تەنانەت هەندێکیان ناکۆکن، کارەکتەری بازنەیی لە چوارچێوەی کرداردا پەرەدەسێنێت"(ئەڵوەنی،٢٠٢١،٣٣)، هەروەها(ریچارد جل) جۆرەکانی کارەکتەر بۆ "داخراو و کراوە دابەشدەکات کارەکتەری داخراو ناکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو گۆڕانانەی لە ڕێڕەوی گێڕانەوەکەدا ڕوودەدا و ڕۆڵی سەرەکی لە پلانەکەدا ناگێڕێ، بە پێچەوانەوەی کارەکتەری کراوە کە بەهۆی گونجانی لەگەڵ دۆخەنوێیەکاندا ئەوا ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕێڕەوی پلانەکەدا دەگێڕێت"، (ئەڵوەنی،٢٠٢١،٢٦). هەروەها (عدنان خالید) دەڵێت: "دەتوانین بە کارەکتەری فلات بڵێین وەستاو یان جێگیر، هەروەها بە کارەکتەری بازنەییش بڵێین جووڵاو یان دینامیکی، پێوانەشمان بۆ ئەم ناولێنانە چەندێتی پلە و گۆڕانەکەیەتی. جۆری یەکەم جێگیر و نەگۆڕە، جۆری دووەم جوڵاو

گەشەکردووە"،(عبدللە،١٩٨٦،٦٨)، هەروەها لە نێو نووسەرانی کوردیشدا (پەرێزسابیر) "هەردوو زاراوەی (ئاڵۆز و سادە) بەکاردەهێنێت، جۆرێکیان بینایەکی ئاڵۆزی دەبێت و کاتێک کەسەکان پەرەدەسێنن و دەگۆڕێن و کاریگەر دەبن، جۆرەکەی دیکەشیان بینایەکی سادەی دەبێت، کاتێک کەسەکان چەسپاو دەبن. ناگۆڕین و پەرەناسێنن"، (سابیر، ٢٠٢١،١٨٢)، ئێمە لێرەدا هەردوو زاراوەی کارەکتەری پەرەنەسێن و پەرەسێن بەکار دەهێنین:

## کارەکتەری پەرەنەسێن:

تایبەتمەندیی ئەم جۆرە کارەکتەرە ئەوەیە، کە خاوەن یەک ئاستی دیاریکراوە و لە کاتی ململانێکاندا زۆر سادە دەردەکەوێت، هۆکاری پەرەنەسەندنی ئەمجۆرە کارەکتەرە ئەوەیە، کە پەیوەندیی دیالیکتیکیانەی لەگەڵ ڕووداوەکاندا نییە، بەوەی کارلێک، لەگەڵ ڕووداوەکاندا ناکەن، ناکەونە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانەوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی گیانی بەرەنگاری و پەرچەکردار لەلایەن ئەم جۆرە کارەکتەرەوە بەرانبەر بە ڕووداو وپێشهاتەکان و ململانێکان، کە لەلایەن کارەکتەرەکانی تری ناو ڕۆمانەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. لەم بارەوە(فورستر) دەڵێت: "تاقیکردنەوەی کارەکتەری بازنەیی لە تاقیکردنەوەی سەرسوڕمان و قەناعەت پێکردندایە، ئەگەر هیچ سەرسوڕهێنەر نەبوو، ئەوا فلاتە، ئەگەر قەناعەت پێکەر نەبوو، ئەوا فلاتەو دەیەوێت خۆی بە بازنەیی پیشانبدات"، (ا.م.فورستر،١٩٩٤،٦١). هەندێک جار خاسیەتی کارەکتەری پەرەنەسێن تەنیا پێوەندیی بە کارەکتەری لاوەکییەوە نییە، بەڵکو کارەکتەری سەرەکیش دەگرێتەوە، بە تایبەتی ئەو ڕۆڵانەی پێوەندیی بە ڕەهەندی ئایدیۆلۆژیاوە هەیە، کارەکتەر پێداگری لەسەر ئایدیۆلۆژیای خۆی دەکات.

کارەکتەری پەرەنەسێن هەر لە یەکەم دەرکەوتنییەوە، کەسێتییەکەی ئاشکرا دەبێت. کارەکتەری پەرەنەسێن لە ناو دەقی ڕۆمانەکەدا "بە کامڵی لە دایک دەبێت بە بێ ئەوەی ڕووداوەکان سروشت وسیماکانیان بگۆڕێت، یان لە پێکهاتەی زیاد و کەم بکات"،(الطائي،٢٠١٢، ١٣٣).

هۆکارێکی دیکە، پەرەنەسەندنی ئەمجۆرە کارەکتەرە بۆ "پابەندبوون بە داب ونەریت و بەهاکانی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، بەوەی، هەمووکات ئامادە نییە لەو نەریت و بەها باوانە لابدات"، (عومەر،٢٠١٥،٤٧)، ئەمەش وادەکات، ئەم جۆرە کارەکتەرە لە ناو ڕۆماندا بە ئاراستەیەکی ڕاست و دیاریکراو بڕوات تاکۆتایی ڕۆمانەکە بە جێگیری دەمێنێتەوە، بێ هیچ گۆڕانێک، بەردەوام"لەسەر بیرۆکەیەک، یان سیفەتێکی دیاریکراو بنیات دەنرێت، یەک خاسیەتیان دەبێت و بەدرێژایی ڕەوتی

ڕۆمانەکە گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت، بەجۆرێک، نە ڕووداوەکان کاریگارییان بەسەرەوە دەبێت نە هیچیان لێوەردەگرن"، (عومەر،٢٠١٥، ٤٧)، جگەلەوەش ئەم کارەکتەرە خاوەن کەسێتییەکی ڕوونە، چونکە"دەبێ لایەنە تایبەتمەندی و خودییەکانی ئەم کەسایەتییە و خاسیەتەکانی بەڕوونی دیاربێت و بە جوانی وێناکرابێت"، (خەیات، ٢٠١٩، ٣٠)، هەربۆیە بنیاتنانی ئەمجۆرە لە کارەکتەر بۆ ڕۆماننووس ئاسانە، بۆیە"کارەکتەری پەرەنەسێن سوودێکی گەورەی لە تێڕوانینی نووسەر و خوێنەرەوە هەیە، کاری نووسەر ئاسان دەکات، بە دەست لێدانێک دەتوانێت، کارەکتەرەکە بنیات بنێت، بە درێژایی ڕەوتی ڕۆمانەکە خزمەتی بیرۆکەکەی دەکات، پێویستشی بە ڕانان و لێکدانەوە و شیکردنەوە نییە، هەروەها خوێنەریش هەندێ لەو جۆرە کارەکتەرانە لە ناو هاوڕێکانی خۆیدا دەبینێت، بۆیە ئاسانە کە بەبیریبێتەوە و لە سروشتی کارەکە تێبگات"،(سلامة،٢٠٠٧، ١٩).

سادەیی ئەم کارەکتەرە ئەوە "ناگەیەنێت هیچ ڕۆڵێکی نییە، بە پێچەوانەوە، گرنگیی و ڕۆڵی ئەم کەسێتییە لە کەسێتیی پەرەسێن کەمتر نییە، ئەم کارەکتەرە فلاتە زۆرجا دەبێتە نموونەی چینێکی تایبەتیی کۆمەڵگە"، (عبدلله، ٢٠٠٠، ١٦)، چونکە فرە ڕەهەند نییە، ناتوانێت نوێنەرایەتیی بەشێکی زۆر لە پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵ بکات، لەم ڕوانگەیەشەوەیە پێی دەوترێت فلات لەلایەکی دیکەوە"بوونی کارەکتەری پەرەنەسێن لە ڕۆماند دەبێتە هۆی ئەوەی زێتر واقیعییەت بە ڕۆمان ببەخشێ بەوەی تێکەڵاوییەک لە پێکهاتەکەیدا دروست دەکات، لەلایەکی دیکەوە ئەم جۆرە کارەکتەرە کۆمەڵێ ئەرک و ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت بەوەی بەهۆی ئەو ڕۆڵ و ئەرکانەی لەناو ڕۆماندا ئەنجامیدەدات دەتوانێت، بوونی خۆی لەناو ڕۆماندا بسەلمێنێت،... چونکە بەهۆی پەرەنەسەندنی ئەم کارەکتەرەوە دەتوانرێت ڕۆشنایی زێتر بخرێتە سەر هەڵوێست و ڕەفتارو هەڵسوکەوت و کار وکردەوە و چۆنیەتی بیرکردنەوەی کارەکتەری پەرەسێن"،(عومەر ،٢٠١٥، ٤٩).

سەبارەت بە هەڵوێستی ئەم کارەکتەرە، (محمد غنیمی هلال) دەڵێت: "کارەکتەرێکی خاوەن یەک ئاراستەیە و لە ململانێکاندا ئاڵۆز نییە، سادە و ساکارە، گوزارشت لە یەک سیفەت، یان یەک هەست و سۆز دەکات، بە درێژایی ڕەوتی دەقەکە، هەر لە سەرەتاوە تاکۆتایی، پێکهاتەکەی بە جێگیری دەمێنێتەوە و ڕەگەزی کتوپڕی تێدا بەدی ناکرێت، زۆر بە ئاسانیش دەتوانرێت هەڵوێست و هزر و بیروبۆچوونەکانی، بەرانبەر بە ڕووداو وکارەکتەرەکانی دیکە دیارییبکرێت،... بنیاتی ئەمجۆرە کارەکتەرە لە ڕووی هونەرییەوە، سادەیە بە ئاسانی دەتوانرێت، وێنەی بکێشرێت"، (هلال،٢٠١٥، ٢٥٩)، چونکە کارلێکردنی لەگەڵ ڕووداوەکاندا لەسەر بنەمایەکی سادەیە، نابێتە هۆی

ئاشکرابوون و دەرکەوتنی ناخ و دەروون و لایەنی کۆمەڵایەتی، دەتوانرێت بەچەندرستەیەک ئەم کەسێتییە دەرببڕێت.

بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی سەرەوە، کە پێیوایە بنیاتنانی ئەمجۆرە کارەکتەرە بۆ نووسەر ئاسانە، بەڵکوو هەندێک لە ڕەخنەگران پێیانوایە "ڕۆماننووس لەکاتی بنیاتنانی ئەمجۆرە کارەکتەرە، توشی ماندووبوونێکی زۆر دەبێت، تاکو ئەمجۆرە کارەکتەرە لەسەر ئەم شێوازە جێگیرییەی بپارێزێت و گۆڕانی بەسەردا نەیەت، (السلامە،٢٠٠٧،٢٠)، بۆ نووسەر کارێکی ئاسان نییە هەڵوێست و هزری ئەمجۆرە کارەکتەرە بە درێژایی ڕۆمانەکە بە جێگیری بمێنێتەوە لەگەڵ هەموو ڕووداوەکاندا.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەو گێڕانەوەیەی، کە ئەمجۆرە کارەکتەرەی تێیدا بێت "ناتوانێت، هەستی ناخ بگوازێتەوە، جووڵەی نییە، لە دەرەوە بۆ قووڵایی ناخ"، (مارتن، ١٩٩٨،١٥٨). بوونی ژمارەیەکی زۆر لە کارەکتەری لەمجۆرە لە نێو ڕۆماندا، دەبێتەهۆی لاوازبوونی بنیاتی هونەریی ڕۆمانەکە، چونکە ئەم کارەکتەرە کەمتر کارلێکی، لەگەڵ ڕووداوەکاندا هەیە، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی ململانێ وپێوەندیی نێوان کارەکتەرەکان لە نێودەقەکەدا لاوازبێت، بەڵام بە نەبوونیشی ڕۆمان چێنابێت.

## کارەکتەری پەرەسێن:

وەک چۆن لە ژیاندا، هەندێک مرۆڤ هەن، چالاکن و ڕووداوەکان کاریان لێدەکات و ئەوانیش کار لە ڕووداوەکان دەکەن، لە ڕۆمانیشدا بەهەمان شێوەیە ڕۆماننووس لە ڕێگەی کارەکتەری پەرەسێنەوە وێنەی ئەو چینەی کۆمەڵگە نیشاندەدات. مەبەست لە کارەکتەری پەرەسێن بە تەنیا کارەکتەری سەرەکی نییە، چونکە هەندێک جار کارەکتەری لاوەکیش پەرسێنە، بەڵام لە بەرئەوەی "کارەکتەری پەرەسێن فرەڕەهەندە، زێتر دەبێتە خاسیەتی کارەکتەری سەرەکی وزۆربەی جاریش تێڕوانینی ڕۆماننووسیش دەنوێنێت، بیرو باوەڕ وهەڵوێستەکانی خۆی بە هۆی هەڵوێست و کردارەکانی ئەوەوە دەردەبڕێت"، (شێخانی، ٢١،٢٠١٢)، بنیاتی ئەمجۆرە کارەکتەرە زۆر ئاڵۆزە، ناتوانرێت، بە چەند ڕستەو پەرەگرافێک وێنەی بکێشرێت، چونکە بۆئەوەی ڕۆماننووس هەموو لایەنەکانی ژیانی بەدیاربخات، پێویستی بە کۆمەڵێک ڕەهەند دەبێت، ئەم ڕەهەندانەش زەمینە سازییان دەوێت، تا قەناعەت بەخوێنەر بکەن. بۆ ئەمەش دەبێت بە گوێرەی ڕووداوەکان و

باردۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی، قۆناغ بە قۆناغ گەشەبکات، چونکە "ئەم جۆرە لە کارەکتەر لە ئەنجامی ململانێ لەگەڵ ڕووداو و کۆمەڵدا کەم کەم پەرەدەسێنێ و گەشەدەکات، تا چەندیش چیرۆکەکە بەرەو پێشبڕوات خود و حەقیقەتی زێتر بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت، لە ناکاویش دەوڵەمەندی دەکات بە لایەنەکان و سۆزە مرۆییە ئاڵۆزەکان، بۆیە دەبێت، حیکایەتخوانیش ئەمجۆرە کارەکتەرە بە شێوەیەکی هونەریی باوەڕپێکراو پێشکەش بکات، بەوەی نابێت هیچ سیفەتێکی تازەی پێببەخشێت تاکو پاساوێکی بابەتی بۆ هەڵوێستەکانی نەهێنێتەوە لە ناو داب و نەریت و ئەو ژینگەیەی کە کارلێکی لەگەڵدا دەکات"،(عومەر، ٤٣،٢٠١٥).

کارەکتەری پەرەسێن، "پێکهاتەیەکی تەواو نەبووە، یان تەواو نەکراوە، بۆیە مامەڵەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی تەواو نابێت و دەرناکەوێت،تا ئەو دەمەی، گێڕانەوەی ڕۆمانەکە، نزیکی کۆتایی دەبێتەوە، ئەمەش ئەو ڕاستییە تیۆرییەمان بۆ دەسەلمێنێت، لەوەی کەسێتی ناو ڕۆمان دەستکەوتێکی پێشوەخت نییە، بەڵکوو بە دواهاتن و کەڵکەبوونە و لە حاڵەتی خەلقبوونێکی بەردەوامدایە، لە هەمووچرکەیەکدا دروستدەبێت و کامڵ دەبێت. دوا ئەدگاری کۆتایی خۆی وەرناگرێت، ئەو کاتە نەبێت، کە ڕۆمانەکە تەواو دەبێت"، (خەیات، ٢٨،٢٠١٩)، بۆیە ئاسانییە، ئەم جۆرە لە کارەکتەر، هەر لەسەرەتاوە ئەدگاری تەواوەتیی خۆی وەرگرێت، یان ڕوخساری کۆتایی پێهاتووی هەبێت، بەڵکو دەبێت، لە ئەنجامی مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر و ڕووداوەکاندا وێنەی بکێشرێت.

ئەم کارەکتەرە بە کارەکتەرێکی یاخی لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، چونکە"گۆڕان و پەرەسەندنی ئەمجۆرە کەسانە، لە ئەنجامی لادانە لە ڕەوتە لاساییەکەی ئەو ڕووداوانەوە دروست دەبێت"، (سابیر، ١٧٥،٢٠٠١)، بەواتایەکی دیکە، لە بەرئەوەی، گۆڕانکاری پێویستیی بە بنچینە و بنیاتێکی نوێ هەیە، پێویستی بە خستنەسەری کۆمەڵێک بەهای نوێ هەیە، تا ئەم گۆڕانکارییە لە لایەنی فۆرم و ناوەرۆکەوە ئامانجی خۆی بپێکێت و قەناعەت بە خوێنەر بهێنێت، "بۆیە ئەم کارەکتەرە بەها و نەریتە باوەکان تێکدەشکێنێت، هەمووکات پابەندی نەریتە باوەکان نییە، چونکە لە جووڵەو بۆچوونی ئەو کارەکتەرانە چاوەڕێی شتی چاوەڕواننەکراویان لێدەکرێت" ، ( ڕێزان عوسمان،١٧٠ ) .

ئەم کارەکتەرە، لەبەر ئەوەی فرە ڕەهەندە، زیندوویەتیی زێتر بە ڕۆمان دەبەخشێت و بەهۆی بزێویی خۆیەوە وهەڵوێستە جیاوازەکانی بەراورد بە کارەکتەرەکانی تر، خوێنەر زێتر پەلکێشی ناو ڕووداوەکان دەکات، بۆیە (لۆرانس) دەڵێت:" لە ڕۆماندا کارەکتەرەکان ناتوانن، کارێک بکەن ئەگەر

زیندوو نەبن، ئەگەر بە پێی نەخشەیەکی دیاریکراو بەردەوام باش بوو یان خراپ بوو، ئەوا لە زیندوویی ژیان بێبەش دەبن، ئەوکاتە ڕۆمانەکەش زیندوویەتی خۆی لەدەست دەدات"(شێخانی،٢٠١٢،٢٢). بۆ ئەوەی کارەکتەرەکان و ڕۆمانیش زیندوویەتی لەدەست نەدەن، دەبێت گۆڕان لە ئاراستەی ژیان لە بواری ئەرێنی بۆ نەرێنی و بە پێچەوانەشەوە ڕووبدات.

پەرەسەندن و گۆرانی پێکهاتەی ئەمجۆرە لە کارەکتەر لە ناو ڕۆماندا، بە ئەنجامدانی کاری نوێ و چاوەڕوان نەکراو بەستراوەتەوە. ئەمجۆرە لە کارەکتەر، تەنیا کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکان نییە، بەڵکو"کارەکتەری پەرەسێن کاریگەریی ڕووداوەکانی لەسەرەو لە ڕووداوەکانی ناو دەقەکەدا شت فێر دەبێت و دونیابینی خۆی لە ڕێگەی تێگەیشتن لەو ڕووداو و گۆڕانکارییانەی، کە لەناو دەقەکەدا ڕوودەدەن فراوانتر دەکات"،(مجید،٢٠١٣،١٢٤). ئەم کارلێکە بەردەوامەش. وادەکات "ئەمجۆرە کارەکتەرە خاوەن چەندین ڕەهەندی مرۆیی وەک هەست و سۆز و هەڵچوون و بیرو بۆچوون و لایەنی دەروونی و بیرکردنەوەبێت و هەموو ئەو ڕەهەندانەش پەیتا پەیتا لە هەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی دیکە دەر دەکەوێت، لە هەر هەڵوێستێکدا هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی نوێی دەبێت کە دەبێتە هۆی ئاشکرابوونی یەکێک لە ڕەهەندەکانی کەسێتی ئەو "،(عبدلله،٢٠٠٠،١٥)، بۆیە خوێنەر تا لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە نەبێتەوە، نازانێت چارەنووسی چی لێدێت و چۆن کۆتایی پێدێت، لەبەر ئەوەیە بەردەوام لە حاڵەتێکی تایبەتی و قۆناغێکی جێگیردا نامێنێتەوە، لە هەموو هەڵوێست و کردارەکانیدا هەمیشە لە گۆڕان و بەرەو پێشچووندایە.

سەبارە بە ژمارەی ئەم جۆرە لە کارەکتەر لە نێو رۆماندا، لە گەڵ بوونی ئەم بنیاتە ئاڵۆزەدا "چەند ژمارەی ئەمجۆرە لە کارەکتەر زێتر بێت سود بە بنیاتە هونەرییەکەی دەگەیەنێت، چونکە بەهۆی ئەو بنیاتە ئاڵۆزەوە ڕۆماننووس دەتوانێت بۆشاییە هونەرییەکانی ناو ڕۆمانەکەی پێ پڕبکاتەوە بەوەی لەسەر ئاستی تێکست و ڕووداودا بەهۆی ئەم بنیاتە ئاڵۆزەوە گەشەو بەرەو پێشچوون بە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بدات"،(عومەر،٢٠١٥،٤٤)، لە هەمان کاتیشدا، ڕێژەی زۆری، یان کەمی بەشداریکردنی کارەکتەر لە ڕووی ئەرکەوە لە ناو ڕووداوەکاندا نابێتە پێوەر بۆ ئەوەی، کارەکتەر بە کارەکتەرێکی پەرەسێن ئەژمار بکرێت، بەڵکو کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکاندا وای لێدەکات بە پەرەسێن ئەژمار بکرێت، بۆیە پێویستە لەسەر ڕۆماننووس بە قووڵی ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هزری ئەمجۆرە لە کارەکتەر نیشانی خوێنەر بدات. لەسەرەتاوە، تا کۆتایی ڕۆمانەکە، بەردەوام تیشک بخاتەسەر ڕەهەندێک، یان چەند ڕەهەندێکی ئەم کارەکتەرە و

پەرەیان پێبدات، بەهۆی ئەمجۆرە کارەکتەرەوە دەتوانێت زۆربەی زۆری واتاکانی لەناو پێکهاتەی ئەم کارەکتەرەدا کۆبکاتەوە،

کارەکتەر بە پەرەسێن و پەرەنەسێنەوە، ئەگەر هەندێ شێوە و هەڵسوکەوت و ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی، لە واقیعەوە وەربگیرێت، بەرجەستەکردنی لە ڕۆماندا کارێکی ئاسان نابێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە، بۆ گرنگیی کارەکتەر لە ناو ڕۆماندا، بەڵکو پێویستی بە شارەزاییەکی زۆر لە بنیاتنانیدا هەیە، هەرکەموکورییەک لە کارەکتەردا کاریگەریی لەسەر سیمای گشتی ڕۆمانەکەدا دەبێت.

**بەشی دووەم:**

**<u>ڕەهەندەکانی بنیات و ڕانانی کارەکتەرلەنێو ڕۆمانەکەدا</u>**

**تەوەری یەکەم:**

**- <u>ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەر لە نێوڕۆمانەکەدا</u>**

**١-جەستەیی**

**٢- کۆمەڵایەتی**

**٣- دەروونی**

**٤- هزری**

**٥- ناولێنان**

**تەوەری سێیەم:**

**<u>- شێوازی ڕانانی کارەکتەر لەنێو ڕۆمانەکەدا</u>**

**١- شێوازی ناڕاستەوخۆ**

**٢- شێوازی ڕاستەوخۆ**

**بەشی دووەم:**

## ڕەهەندەکانی بنیات و ڕانانی کارەکتەر لە نێو ڕۆمانەکەدا

**تەوەریی یەکەم:**

### ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەر لە نێو ڕۆمانەکەدا :

**١-جەستەیی:**

ڕەهەندی جەستەیی کارەکتەر بایەخی خۆی لە نێو ڕۆماندا هەیە، مەبەستی نووسەر لە نیشاندانی ڕەهەندی جەستەیی، کارەکتەر ئەوەیە زانیاریمان لە بارەیەوە پێبدات، چونکە ئەم ڕەهەندە سیمای کارەکتەر دەنەخشێنێت و دیوی دەرەوە پێشاندەدات, وەک درێژی وکورتی، باریکی و قەڵەوی، بچوک یان گەورە، ...هتد... .

لەم ڕۆمانەدا، نووسەر لە ڕێگەی وەسفێکی وردەوە، ڕەهەندی جەستەیی هەندێک لە کارەکتەرەکانی بە دیارخستووە، کە ئەم وەسفانەش، بوون بەهۆی ڕوونکردنەوە و دەرخستنی بنیاتی کارەکتەرەکان لە چوارچێوەی ڕۆمانەکەدا، بۆنموونە (ژینۆ) کە یەکێکە لە کارەکتەرەکان، لە ڕێگەی وەسفێکی جەستەییەوە بەمجۆرە وێنەی تەمەن و ڕوخساری (مەردۆخ)مان بۆ دەکێشێت، کە لە بیستەکانی تەمەنیدایە دەڵێت:**"ژینۆ تەماشایەکی خێرای مەردۆخی کرد، بینیی ئەو تەمەنەی بە میگوت، گەلێک لەوە گەنجترە. هەرگیز تەمەنی لە سی ساڵیشدا نییە، مەردۆخ دەموچاوی بێ ڕیش و سمێڵ و قژێکی کورت، بە بێ کڵاو، ڕووخساری بە ناوەندی بیستەکان دەچوون"**.(سەلمان،٢٠١٥،٧٦)، دیارە پێشتر (مەردۆخ) بە (ژینۆ)ی گوتووە، کە تەمەنی سی و شەش ساڵە، بەڵام لە ڕێگەی ئەم وەسفەوە، دەردەکەوێت، کە گەنجترە.

هەروەها نووسەر لە ڕێگەی گێڕەرەوەی بابەتییەوە، وێنەیەکی وردی یەکێک لە کارەکتەرە ژنەکان (زۆزان) پێشکەش دەکات ودەڵێت: **"کچێکی گەنج بە هەنگاوی خێرا و پڕ گومان دەڕۆیشت، باڵایەکی کەڵەگەتی هەبوو، بە جەمانەیەکی ڕەشو سپی، قژی شاردبۆوە، جلێکی پیاوانەشی لەبەردا بوو، لەگەڵ پیاودا جیانەدەکرایەوە، چۆڵەوانییەکە وەهابوو، خۆشی ڕووت کردبایەتەوە، تووشی هیچ نەدەبو....لە ئاستێکدا وەستا، بیریکردەوە، کە جلە ژنانەکەی لەبەر بکات باشترە، ئەگەر ماڵێک بێتە ڕێیی، لەوانەیە ژن بگرنە خۆیان، .... جەمانەکەی لادا قژێکی درێژ و پڕ و ڕەشی بەقورسی**

**هاتە خوارێ، جەمانەکەشی بە دەوری سەر و ملیدا پێچاو و بەردەوامبوو لە ڕۆشتن، لە ڕووکەشدا، تابلێی ئاسایی دەینواند، کەچی دەمووچاوێکی خنجیلانەی جوانی هەبوو، تارادەیەکیش ڕووخسارێکی کێویی هەبوو، بە تایبەتی چاوی تەماشایەکی گوماناوی تێدا دەخوێندرایەوە، لەو ژنانەبوو کە دەڵێن لە هەموو بارودۆخێکدا خۆی ڕزگاردەکات"**،(سەلمان،٢٠١٥،٢١٣). لێرەدا جگە لە وەسفی ڕووخساری، کە بە زمانێکی ورد وەسفی پرچ و باڵای دەکات، لەهەمان کاتدا نووسەر لە ڕێگەی جل و بەرگەوە ئاماژەی بە ئالۆزی ئەو دۆخە سیاسییەکردووە، کە پێیدا تێدەپەڕێت، چونکە لە هەندێک شوێندا جلی پیاوانە و لە هەندێک شوێندا جلی ژنانە لەبەردەکات، ئەمەش وەک ئاماژەیە، بۆ نائارامی دۆخەکە، جگەلەوەی، ئەم کارەکتەرە بەردەوام لە سیمایدا گومان دەبینرێت، چونکە لە دۆخی جەنگدا متمانە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا نامێنێت، بۆیە بەردەوام لەدەوروبەر بە گومانە.

هەندێجار وەسفی جەستەیی و دەروونی تێکەڵ بەیەکتر دەبن، هەر یەکێک لەم ڕەهەندانە دەبنە ڕەنگدانەوەی ئەوی تریان، چونکە نا ئارامی دەروونی، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەهەندی جەستەیی هەیە، بە پێچەوانەشەوە، هەر دروستە، بۆیە کاتێک گێڕەرەوەی سەرەکی، وەسفی جەستەیی (ئادەم) دەکات، لە هەمانکاتدا لە ڕێگەی ئەم وەسفە جەستەییەوە، باری دەروونیشی بومجۆرە ئاشکرا دەکات:**"هەردوولێوی وشک ببوون و توێخی هەڵدابوو، ڕەنگی ئاڵ و پەمەیی بوو، بەڵام دەوروبەری چاوی شین و مۆر ببوون و برێ لۆچیشی گرتبوو، بەهەر حاڵ، بە کەسێکی زۆر ماندوو دەچوو، نەک نەخۆشێک و هەتا بشڵێی ڕەزا سووکبوو، تەمەنی وادەردەکەوت بە چەند ساڵێک لە سەرووی پەنجاکان بێت"**،(سەلمان،٢٠١٥،٦٩). گێڕەرەوە لە ڕێگەی ئەم وەسفەی ڕوخساری (ئادەم)ەوە ڕابردووی پڕ ئازاری ئەم کارەکتەرەمان بۆ دەردەخات، کە لە ڕووی دەروونییەوە چەندە ماندووە، و چەند ئازاری چەشتووە، بێگومان ئەمەش بە هۆی جەنگ و وێرانکارییەکانەوە، کە کاری کردۆتە سەر ڕوخساری و لەسەر لێوی و نێوچەوانی دەرکەوتووە. هەر لەڕێگەی ئەم ڕەهەندەوە، تەمەنیشی دەردەخات، بەوەی کە مووی سپی کەوتووەتە سمێڵ و ڕیشی، بەفری زەمەن وتەمەن نیشتۆتە سەر و سیمای، ڕوخساری چرچی تێکەوتووە: **"پیاوە هەڵسوکەوتی برێک بە کەسێکی کێوی دەچوو، نێوچەوانی چەند چرچێکی تێکەوتبوو، دڵنیانەبوو مایەی تەمەنی بێت، ئەوەندەی بە نیشانەی بێتاقەتی و تەنیایی دەچوو، پێستێکی جوانی گەشی هەبوو، سمێڵ و ڕیششی بە تەنکی هاتبووەوە و چەند موویەکی سپی تێکەوتبوو، بەگشتی، سیمای پیاوێکی بێزار و ڕەقی دەنواند، نەک دڕندە و بێئوسوڵ"**،

(سەلمان،٣٣٦،٢٠١٥) لەم وەسفەدا، گێڕەرەوە وێنەی کەسێتیی (ئادەم) دەکێشێت، کە کەسێکی ڕەفتار ڕەقە ئەمەش لەئەنجامی بێزاری و تەنیاییەوە دروستبووە، نەک سروشتیی ئەم کارەکتەرە خۆی بێت، جگەلەوەی، کەسێکی سرکەو بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت، جگەلەوەی ڕوخساری کە چرچی تێکەوتووە ڕەنگدانەوەی باری دەروونییەتی

بە هەمان شێوە، گێڕەرەوە بە وەسفێکی زۆر ورد وێنەی (سەکینە) دەکێشێت دەڵێت:**"سەکینە، وەک زۆربەی ژنانی شار، سەری ڕووت بوو، سەرپۆشێکی بەدەوری ملیدا دابوو، قژی نیوچە درێژ، ڕەنگی خۆرمایی بوو، خاو بوو، تا ڕادەیەک، کاڵتر دەینواند، لەو ژنە پێستسافانە بوو، وێڕای زۆری جگەرەکێشان، گەر بۆ دەرمانیش بگەڕێی بەدوای زیپکەیەکدا، لە ژێر پێستیشەوە بۆت نادۆزرێتەوە، هەر دوو ڕوومەتی کەمێک داکەوتبوو، بەوەش دەچوو بەهۆی ماندوو بونەوەبێت....ڕەنگی چاوی سەوزیی گەڵایەکی ناسکی تازەی هەبوو، بریقەیەکی جوانی تێدا بوو، چاوی گەورەو پڕ دەربڕین بوو،... دوو هێڵی زەقیش ئەمبەر و ئەوبەری نێوانی هەردوو برۆی هێنابۆوە یەک، وای لێکردبوو، نێوچەوانی بەردەوام کرژیی پێوە دەربکەوێت، بێ ئەوەی نیشانەی چرچدەرکەوتنت بێت".** (سەلمان،٣٤٠،٢٠١٥)، گێڕەرەوە، لە ڕێگەی ئەم وەسفە جەستەییەوە کە باس لە ڕووخساری سەکینە دەکات، ئەوە بۆ خوێنەر ڕووندەکاتەوە، کە سەکینە ژنێکی شارنشین و ژنانە بووە، چونکە ژنی شار، زێتر سەرپۆش بەدەوری ملیدا دەدات، نەک گوند، بۆیە ئەگەرچی، ئەم ژنانە، بەهۆی دۆخی ئەنفالەوە، ڕوویان لە گوندێک کردووە، بەڵام نەیانتوانیوە، دەستبەرداری نەریتی شار بن، جگە لەوەی ئەوەش دەردەکەوێت، ئەم ژنە شارنشینە وێڕای جوانی ڕوخساری(پێست ساف، چاو سەوز، قژ کاڵ..هتد)، بەڵام خەمی ئەو دۆخەی، کە ئەنفال دروستیکردووە، بە جۆرێک کاریکردووەتە سەر باری دەروونی، کە بەردەوام کرژی لەسەر ڕوخساریەتی، چونکە کرژیی، ڕوخساری ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی دەروونییەتی، واتە ڕۆماننووس لە ڕێگەی ڕوخسارەوە، ئازارەکانی دەروونی نیشاندەدات.

## ٢- کۆمەڵایەتی:

بەگشتی سەرچاوەی ڕۆمان ئەو واقیعەیە، کە ڕۆمانەکەی تێدا لە دایکبووە، هەر بۆیە ژینگە بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی، ڕۆڵێکی بەرچاو لە بەرهەمهێنانی ڕۆماندا دەگێڕێت و ناتوانرێت، پەراوێز بخرێت. ئەم بایەخە وایکردووە نووسەران گرنگی بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی کارەکتەر بدەن و سیمای کارەکتەری پێبنەخشێنن، چونکە نووسەر"لە ڕێگەی پرۆسەی پێوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان

کارەکتەرەکانەوە فەزای نێو دەق دادەمەزرێنێت و ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان پێشان دەدات."(فەتاح،٥٢،٢٠٢٢).

لەم ڕۆمانەدا، نووسەر لە ڕێگەی ئەم ڕەهەندەوە، وێنەی کۆمەڵایەتیی هەندێک لە کارەکتەرەکانمان بۆ دەکێشێت، جگەلەوەی ئاوڕی لە چەند گرفتێکی کۆمەڵایەتیی نێو کۆمەڵگەی کوردی داوەتەوە، بۆ نموونە گێڕەرەوەی سەرەکی باس لە کەسێتیی (ئادەم\وەستا)دەکات پێش ئەوەی بێتە کۆشک(خانووی پیاوەکان)، بەوەی کەسێکی لادەر بووە، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بە پێی نەریتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردی، چونکە لادانی کۆمەڵایەتی زاراوەیەکە بۆ "هەڵسوکەوتێکی ناباو، کە لەگەڵ هەموو بەها و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا دژ بێت، ڕەفتاری کەسی لادەر ئەو هەڵسوکەوتەیە، دەبێتەهۆی ناڕازیبوونی کۆمەڵایەتی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە، چونکە جۆرێکە لە بەگژاچوونەوەی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان".( کەریم،٧٧،٢٠١٢)، ئەم کارەکتەرە کاتێک دەچێتە پایتەخت، بۆ خوێندن لە زانکۆ، لە جیاتی خوێندن، شوێنی دەبێتە قومارخانەو یانەکان، بۆیە کاتێک عاشقی (سەکینە) دەبێت گێڕەرەوە بەمجۆرە کەسێتیی دەخاتەڕوو دەڵێت:**" لە دنیای یاری و قومار و لە قەحبەبازی زێتر، تامی لەشی ژنی نەکردبوو، نەیدەزانی برینی ئێشق چییە"**، (سەلمان،٣٣٩،٢٠١٥). ئەو پارەیەی، کە ماڵەوە بۆیاندەنارد یان بە قومار پەیدایدەکرد، لە کاری لەشکرِیدا خەرجی دەکرد، وەک خۆی دەڵێت:"**بەسەرما ئەهات هەندێجار کە ئەگەیشتمە نزیک ئەو بازارە کۆنەیە، ڕووی چونەکەم ئەگۆڕی و بەرەو گەڕەکێکی کۆن و هەژار ئەچووم، لەوێ چەند ژنێکم ئەناسی، فێرببوم بەدزییەوە جارجار بچمەلایان**".(سەلمان،٥٠٨،٢٠١٥)، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتری ژیانی ئەم کارەکتەرەدا، وەرچەرخان ڕوودەدات، جۆری بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی بە ئاراستەیەکی ئەرێنی دەگۆڕێت.

لایەنێکی دیکەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لەم دەقەدا بۆ دەرخستنی کارەکتەر، نووسەر تیشکی خستۆتەسەر "میوان دۆستی" زۆرێک لە کارەکتەرەکان، ئەمە وەک بەشێک لە نەریتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئێمە، ئەمەش لە میانی گفتوگۆیەکی نێوان(ژینۆ و مەردۆخ)دا دەردەکەوێت، کاتێک (مەردۆخ) دەچێتە کۆشک داوای لێبوردن دەکات بەوەی، وەک ڕێبوارێک ڕووی تێکردوون، (ژینۆ) بە(مەردۆخ)دەڵێت:**"ئێمە بەم جۆرە میواندارییە ڕاهاتووین، جەنابت نەهیچی وا زیاد دەکەیتە سەرمان و نەهیچشمان لێکەم دەکەی.."**.(سەلمان،٢٩،٢٠١٥). لەم گفتوگۆیەدا دەردەکەوێت، کە دەرگای کۆشک هەمیشە بۆ ڕێبواران کراوە بووە، جا مابێتەوە، یان درێژەی بە سەفەرەکەی دابێت و ڕۆشتبێت.

هەر لە چوارچێوەی ئەم ڕەهەندەدا، چەمکی(جێندەر)یەکێکە لەو چەمکانەی، زۆر بە وردی کاری لەسەر کراوە، (پاساری ناو)یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ناو کۆشکی پیاوان، ئەم کارەکتەرە دوو توخمە، ئەوەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێیدەوترێت(نێرەمووک)، ئەم کارەکتەرە لەدەست توانجی کۆمەڵایەتیی نێو کۆمەڵگە هەڵهاتووە، چونکە کاتێک منداڵبووە و لە قوتابخانە هاوڕێکانی تایبەتمەندیی جەستەیی دەزانن، ئیدی لێرە بەدواوە، وەک تاکێکی ناتەواو، دەبێتە جێی توانجی کۆمەڵەکەی، بەمجۆرە ئازارەکانی خۆی دەردەبڕێت:**"...دیارە لەو وەختەدا، تەمەنم بواری نەدەدا لە ناشیرینی خەڵک و تەنانەت ئەو منالانەش تێبگەم، خۆم بە دەمی خۆم ڕۆژێکیان لەلایان نهێنییەکەم، کە هەر بۆ کەس نهێنی نەبوو، درکاندم، هەر ئەوەبوو قسە لە زارمەوە بەرگوێی ئەوان کەوت، دوای ئەوە، بەردەوام جێی تیرو توانجیان بووم تا ئەو ڕۆژەی پانتۆڵەکەیان داکەنم و دوو شتی بچووکی سەیریان بە نێو ڕانمەوە بینی، ئیدی گاڵتە پێکردنی گەورە لە دوای ئەوەوە دەستی پێکرد، چاک بیرم دێت کە چەند منالێکیان لێشم ئەترسان، وەک ئەوەی من دەعبایەک بم"،** (سەلمان،٢٠١٥،٨٩) ئەم کارەکتەرە گوزارشت لە ئازارێک دەکات کە دواکەوتوویی کۆمەڵگە هۆکارێتی نەک جەستەی تاکێک، چونکە هەرکە دەرکەوت،ئەم تاکە جەستەی لەوانی دی جیاوازە ئیدی دەبێتە هۆی کاتبەسەر بردن بۆ ئەوانی تر:**"ئێمەو مانان بۆ ئەوان مایەی تاقیبکردنین، ئەبینە جێی بەختەوەری و شادمانییان! ئەو هەموو وەختەی خوا پێیداون و نازانن بە چی بەسەری ببەن، بە ئێمە ئەیکوژن"**،(سەلمان،٢٠١٥،٨٧). نووسەر پێمان دەڵێت، ئەم توێژە لە مرۆڤ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، بە واتای وشە قوربانین، لە ڕووی دەروونییەوە بە تەواوی تێکشکاون، لە ڕێگەی ئەم کارەکتەرەوە، ڕۆماننووس پێماندەڵێت ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگەی کوردی، لە ئاستێکی دواکەوتوودایە، دواجار ئەمجۆرانە لە تاک، دەبنە قوربانی ئەم دواکەوتووییە.

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی، کە نووسەر وەک گرفتێکی کۆمەڵایەتی ئاوەڕی لێداوەتەوە، ڕوانینی ژنانە بە چاوی نەریت، بەرانبەر بە یەکتر، (سەکینە) ئەگەرچی وەک کارەکتەرێکی ژن، گوزارشت لە قوربانیدانی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەکات، کە هەمیشە لەپێناوی خێزان و دەوروبەردا قوربانیداوە، وەک لێرەدا دەردەکەوێت، (سەکینە)، وەک ژنێکی بێهاوسەر(بێوەژن)، (وەستا/ئادەم)ی خۆشدەوێت، بەڵام لەبەرئەوەی خاوەنی دوو کچە، بۆیە لەپێناوی کچەکانی و خوشکیدا، قوربانی بەم خۆشەویستییەی دەدات سەرەڕایی ئەم قوربانیدانەش لەلایەن (مەندان)ەوە سەرزەنشت دەکرێت، وەک ژنێکی بێ شەرم سەیریدەکات، چونکە (سەکینە)ی خوشکی، لە لایەک تەمەنی هەڵکشاوە و لە لایەکی ترەوە، خاوەنی دوو کچە، بەڵام سەرنجی پیاوێکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە،

ئەمەش بە جۆرێک لە نەنگیی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بۆیە (مەندان) ئەو دۆخەی بۆ پەسەند ناکرێت، ئەگەرچی بۆخۆشی ژنە، وەک گێڕەرەوە دەڵێت: **"مەندان لە دڵەوە سەرزەنشتی خوشکی دەکرد، بۆی قبوڵ نەئەکرا خوشکەکەی لەم تەمەنەدا و لەم بارودۆخەدا، سەرنجی پیاوێکی بەلای خویدا ڕاکێشاوە، وێڕای ئەوەی سەکینە هیچ بە ڕەفتارییەوە دیارنەبوو، کەچی مەندان شتێک لە مێشکیدا دەهات و دەچوو و ئاگاداری دەکردەوە کە خوشکیشی هەمان هەستی بۆ ئەو پیاوە جوڵاوە."** (سەلمان، ٢٠١٥، ٣٥٢) لێرەدا دەردەکەوێت، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بە جۆرێک لە نەنگیی دادەنرێت، کە ئافرەت گەر تەمەنی هەڵکشابێت و بیەوێت کەسێکی خۆش بوێت، بۆیە (مەندان) ئەو خۆشەویستییەی (سەکینە)ی بۆ پەسەند ناکرێت و سەرزەنشتیدەکات، هۆکاری ئەمەش بۆ نەریتەکان وپەروەردەی کۆمەڵایەتیی ئەم ژنە دەگەڕێتەوە.

(مەردۆخ)یش کە یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکان، هەر لەسەرەتای دەقەکەوە، گێڕەرەوەی بابەتی، باس لە دۆخی دەروونی دەکات، کاتێک بە چواڵەوانییەکدا دەڕوات و ترس هەستی داگیر دەکات: **"شەرم گرتی لەوەی ترس پەیی پێبرد،،، کە دەترسێت. ئەم بیرکردنەوەیەش نەقیزەی لێدەدا، کە هەربڕوات و نەوەستێت. زانی دەبێ بگاتە جێیەکی ئاوەدانی، دەنا ئەم بیرۆکەی ترسە عارەقەی شینومۆری پێدەڕێژێ،،،خۆئەمەش مەرجی پیاوەتی نییە! کە بنیادەم نەتوانێ بڕوات، یەعنی ناتوانێت"**، (سەلمان،٢٠١٩،٣). نووسەر لێرەدا، ڕوانینی کۆمەڵایەتی بۆ پیاو دەخاتە چوارچێوەیەکی ترەوە، پرسیار لەسەر وێنەی پیاوبوون لە نەریتی کۆمەڵایەتی ئێمەدا دادەنێت، بەوەی ئەو جەربەزە و چاونەترسی و بەهێزییەی، کۆمەڵ بۆ پیاوی دەکات، نەک هەندێجار وانییە، بەڵکو خودی پیاوانیش بۆ خۆیان دەبن بە قوربانی ئەم وێنەیەی، کە کۆمەڵ بۆیاندەکات، بەوەی جێگەی شەرمە، گەر پیاو بترسێت، چونکە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا سەرچاوەی پیاوەتی و ناو و ناوبانگی پیاو هێز وچاونەترسی و دەسەڵاتیەتی، بەڵام ڕۆماننووس پێمان دەڵێت پێویستە هەر وەک مرۆڤێک سەیری پیاو بکرێت، کە دەکرێت پیاویش وەک مرۆڤێک بترسێت، نەک بەو وێنە کۆمەڵایەتییە، کە کۆمەڵگە بۆی کێشاوە.

## ٣- دەروونی:

ئەگەر ئەرکی ڕەهەندی جەستەیی نیشاندانی دیوی دەرەوەی کارەکتەر بێت، ئەوا ڕەهەندی دەروونی، ئەرکی ڕوونکردنەوەی دیوی ناوەوەیەتی، بە بێ بایەخدان بەم ڕەهەندە، ناتوانرێت وێنەیەکی دروستی کارەکتەر بکێشرێت، لە ڕەهەندی دەروونیدا، کارەکتەر دووچار دەکەوێتە نێو

ململانێوە، جارێک، لەگەڵ دەروونی خۆیدا، جارێک لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، لێرەشەوە ئەو پاڵنەرە ناوەکییانە ڕووندەبنەوە کە دەبنە هۆی جووڵەو ڕەفتاری کارەکتەر، ئەمەش وایکردووە، ڕۆماننووس لە پێکهێنانی کەسێتیی کارەکتەردا قووڵ ببێتەوە و وێنەی ناوەوەی کارەکتەر زەق بکاتەوە، ئەم کردارەی ڕۆماننووس، دەبێتەهۆی دروستبوونی پێوەندیی نێوان کارەکتەر و خوێنەر، وێنەی کارەکتەر لای خوێنەر ڕوون دەکاتەوە.

بەو پێیەی، ئەم ڕۆمانە باس لە قۆناغی پێش وپاش ئەنفال و دەستپێکردنەوەی ژیان لە گەرمیان دەکات، چونکە قۆناغی سەرەکیی شاڵاوی ئەنفال بەر ئەم ناوچەیە کەوت، بۆیە کاریگەریی دەروونی ئەنفال و جەنگەکان لە سەر تاکی کورددا لەم ڕۆمانەدا تەوەرێکی سەرەکییە، هەر بۆیە ڕەهەندی دەروونی کارەکتەرەکان، بە قووڵی کاری لەسەرکراوە. بەواتایەکی دی نووسەر دەیەوێت بڵێت، کاتێک مرۆڤەکان هەست دەکەن تراژیدیا کۆتایی هاتووە و شەڕ وەستاوە، ئەوا کۆتایی هاتنی یەکجاری نییە، چونکە ئاسەواری نەرێنیی ئەو تراژیدیایە لەسەردەروونی مرۆڤەکان بەردەوام دەبێت. بۆنموونە گێڕەرەوەی سەرەکی، وەسفی باری دەروونیی(سەکینە ومەندان) دەکات، ئەگەرچی باسی ڕوخساریان دەکات، بەڵام ڕوخساریان، ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخە دەروونییەیە، کە بەهۆی شاڵاوی ئەنفال و بێ هاوسەری (بێوەژن)یەوە تێیکەوتوون، بە جۆرێک وێنەیان دەکێشێت، کە تەواوی تەمەنیان ناخۆشی بووە، وەک دەڵێت:**"هەردووک بەرگڕەش و دەمووچاومۆن بوون، بەوە دەچوو لە منداڵییەوە خەندەیان بە خۆوە نەبینیبێت، بە گەیشتنیان بۆ خوارەوە، بێ سڵاو و بێ هیچ دەربڕینی هەستێک، یەکێکیان بە کرژی و وشکی ڕووی کردە کچەکان،پرسی کێیە؟"**،(سەلمان،٢٠١٥، ٢١٧ ). نووسەر لەڕێگەی ئەم وێنەیەی بۆ ئەم کارەکتەرە ژنانەی کێشاوە، پێمان دەڵێت، هەمیشە خەمێکی شاراوە لە ناخی ڕزگاربووانی ئەنفالدایە، چونکە "لەباری دەروونییەوە، پێیانوایە، هەست بە بوونی ژیان ناکەن و چاوەڕێی مردنێکی لە سەرخۆن. ئەوان مردون لە لاشەیەکی زیندوودا کات بەسەر دەبەن، هەمیشە لە دڵەڕاوکێ، شپرزەییدا دەژین و لەگەڵ خودی خۆیاندا نامۆن و لە کێشەی ناوخۆییدا دەژین کە کاری کردووەتە سەر ڕەفتاری ڕۆژانەیان و وەکو جاران ناتوانن پێوەندیی لەگەڵ ژینگەکەی خۆیاندا ببستنەوە، ئەوەش وای لێکردوون کە گۆشەگیربن و لە خەمۆکییەکی شاراوەدا بژین". (بیارەیی،٢٠١٣،٢١)، ئەم دۆخە دەروونییەش وایکردووە، هەمیشە ڕوو کرژبن، جگەلەوەی، بەرگ ڕەشیان ئاماژەیە، بۆ لەدەستدانی ئازیزانیان لە پرۆسەی ئەنفالدا، هەربۆیە خەم بووە بە ناسنامەیان، بەهۆی لەدەستدانی ئازیزانیانەوە.

یەکێکی دیکە لەو لێکەوتە دەروونییانەی، کە نووسەر لەزاری (سەکینە)ەوە دەیخاتەڕوو ئەوەیە، کە ڕزگاربووانی ئەنفال بە هۆی ئەو تراوما"زەبری دەروونی"یەی کە بەسەریاندا هاتووە، توانای بڕیاردانیان نییە، کاتێک (وەستا)داوا لە(سەکینە) دەکات، لەلای بمێنێتەوە، لەوەڵامدا (سەکینە) دەڵێت:**"ئێستا جارێک ئێمە کارەساتێکی وەها زلما تووش بووە، هەر ئەقڵم لەسەردا نەماوە، ئەتەوێ چیت پێبڵێم؟ ژیانی ئەو کچەم و دوو کچی خوشکەکەم، فەوتا، لەم وەزعەیا، هیچم پێناکرێت و بڕیاری هیچم پێنادرێت، با ئەوانیش هەڵسن، تاووتوێی مەسەلەکان بکەین و هەر تۆزقاڵێک شتەکانمان لەلا ڕوون بێتەوە، ئەوجا قسەی خۆمت ئەدەمێ"**،(سەلمان،٢٠١٥،٣٥٨)، ئەمەش وەک لێکەوتەیەکی کارەساتی ئەنفالە، چونکە ئەم کارەکتەرانە ناتوانن، هیچ بڕیارێک بدەن بە مانەوە یان ڕۆیشتن، بەهۆی ئەو زەبرە دەروونییەوە، کە دووچاری ڕزگاربووان بووە، چونکە "زەبری دەروونی ئەوکات ڕوودەدات، کە تێیدا کەسەکان ڕووبەڕووی ڕووداوێکی ناخۆش و کتووپڕ و چاوەڕواننەکراو و لە ناکاو دەبنەوە"، (عەبدولڕەحمان،٢٠١٨،٩٠)، ئەم دۆخە لەناکاوەش ، تووشی جۆرێک لە گرفتی دەروونییان دەکات، بۆیە هیچ کات ڕزگاربووانی ئەنفال ناتوانن، وەک تاکێکی ئاسایی بڕیاربدەن، بەڵکو هەمیشە ڕاڕا و نائارامن .

یەکێکی دیکە لەو گرفتانەی، کە نووسەر ئاوەڕی لێداوەتەوە، کاریگەریی تێپەڕبوونی تەمەن و هاوسەرگیری نەکردن(قەیرەیی)ە لەسەر باری دەروونیی ئافرەت بەگشتی و ڕزگاربووانی ئەنفال بەتایبەتی، چونکە هەندێجار ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی تێکەڵ بەیەکتر دەبن، یان گرفتی کۆمەڵایەتی، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر باری دەروونی تاکدا دەبێت، بۆنموونە گێڕەرەوەی سەرەکی(بابەتی)، باس لە پیربوونی کچەکانی (سەکینە و مەندان) دەکات، کە جوانییان بووە بە ئەفسانەیەک و ڕۆژانە یادەوەرییان، ئازاری دەروونییان دەدات، چونکە هەمیشە لە چاوەڕوانی دەزگیرانەکانیاندان، کە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون، بەمجۆرە وێنەی دۆخی دەروونییان دەکێشێت"**...سەقامگیر و تەنهاتر دەبوون، تەمەنیانساڵی دەچووە سەر، گەنجێتییان کاڵ دەبووە و دەبووە یادگارییەکی دوور، تەنانەت وێنەیەکی خۆشیان پێنەبوو بەراوردی بکەن لەگەڵ ئێستایاندا، جوانییان دەبووە خودی ئەفسانەیەک و ڕاستییەکی ڕووتوقوت و پڕ برین، لە هەموو جێیەک یادەوەرییان پەلاماری دەدان، دەژیان، دەیانزانی کە هێشتا هەناسەیان تێداماوە، کە چی بۆنی پیربوونیان لە خۆیان دەکرد..."**،(سەلمان،٢٠١٥،٤٢٠) ئەم وێنەیە، ئاماژەیە بۆ ئەو بارە دەروونییەی، کە کچانی بەتەمەن بە گشتی و ڕزگاربووانی ئەنفال بەتایبەتی تێیکەوتوون، چونکە ڕزگاربووانی ئەنفال بە هۆی ئەوەی هەمیشە چاو لە ڕێی هاتنەوەی ئازیزانیانن، کەمتر توانای بڕیاردان و

هاوسەرگیرکردنیان هەیە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی "خەمۆکی بووەتە بەشێک لە بیرکردنەوەیان و کاریگەری لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان داناوە،... پاش زانینی ئەوەی ئیتر ئازیزانیان بەیەکجاری لەدەستداوە، قەناعەتیان بگاتە کۆتاییهێنان بە چاوەڕوانی، ئەو ڕێژەی خەمۆکییە هەڵکشان و داکشان بە خۆیەوە دەبینێت"،(عەبدولڕەحمان،٩٢،٢٠١٨)، بۆیە، تەواوی تەمەنیان بە چاوەڕوانی بەسەر دەبەن، تا دەبن بە کچێکی بەتەمەن و هێشتا هاوسەگیرییان نەکردووە، ئەمەش دەبێتەهۆی دروستبوونی چەندین گرفتی دەروونی و هەمیشە بە ئازاری دەروونییەوە دەتلێتەوە، جگەلەوەی، ئەم کارەکتەرانە (ئەفسانە و بەفرین) دەزگیرانداربوون و دەزگیرانەکانیان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتون و لە قۆناغی دوای ئەنفالیشدا"ئەم ئافرەتانە لەم فەزا کۆمەڵایەتییەدا، ناتوانن بڕیار لە شوکردنەوە بدەن، چونکە بڕیاردان لەو بابەتە، بە واتای چوونە دەرەوە، لە سنوری بازنەی داب و نەریتی کۆمەڵدایە، ئەمانیش بوونە قوربانی نەریتی کۆمەڵایەتیی نێو کۆمەڵی کوردەواری، چونکە لە کۆمەڵی کوردیدا ،کۆمەڵێ شوێن و مەکان بۆ ئافرەت بەگشتی و ژنانی پاشماوەی ئەنفال بەتایبەتی دیاریکراوە، دەرچوونیش لەو سنورانە نیشانەی عەیب و عاری گەورەی لەسەرە"،(عەزیز،١٢٣،٢٠٠٥)، بۆیە ،ئەم دۆخەیان کاریگەریی ڕاستەوخۆی، لەسەر باری دەروونییان دەبێت، بەردەوام لە دۆخێکی دەروونی ناجێگیردان.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم ژنانە لەبەر ئەوەی ساڵانێک لە شوێنێکی چۆڵدا بە تەنیا بوون، بۆیە ئەم تەنیاییە، کردوونی بە ژنێکی ئازا و چاونەترس بەرانبەر بە هەموو ئەو بەربەستانەی، کە دێتە ڕێیان، بەتایبەتی کاتێک ڕێبوارێکی پیاو لادەداتە لایان و دەیەوێت ڕووە خراپەکەی خۆی نیشانی ئەم ژنانە بدات، (سەکینە) هۆشداری دەداتە پیاوەکە و دەڵێت:**"...ئەچین بۆ ئەو گوندانەی دەوروبەرمان، بێ ئەوەی هیچ پاشەکشێمان پێبکات، ئەوەهاش بە ئاسانی دەستمان ئەچێتە ئەوەی پیاو لە پشتی ملەوە سەربڕین، ژنی وەک ئێمە کە شارو گوندی تێدا کۆ ئەبێتەوە، یەعنی دنیا لە باخەڵیا هەڵئەگرێ،...ئاگادارت ئەکەمەوە، کە ئێمە لەو ژنانەین، نەتۆفان و نە ڕەشەبا نامانترسێنێ، کابرا زەلامی وەکی تۆ، هەر نامانترسێنێ"**،(سەلمان، ٤٥٤،٢٠١٥). لەم وێنەیەدا، نووسەر ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ژنانی ڕزگاربووی ئەنفال، سەرەڕایی هەموو گرفتەکان، توانیویانە، بەسەر هەموو لەمپەرەکاندا زاڵبن، دواجار ئەم گرفتانە بووە بەهۆی زێتر بەهێزبوونیان.

هەروەها گێڕەرەوە باس لە دۆخی دەروونی هەموو ئەو کارەکتەرانە دەکات، کە ڕوودەکەنە کۆشک، هیچیان لە دۆخێکی دەروونیی ئارام و ئاساییدا نین، چونکە ئەم کارەکتەرانە لە جەنگ و وێرانە هەڵهاتوون، تورە و بێزارن لە جەنگ و نایەکسانی گێڕەرەوە بەمجۆرە وێنەی باری

دەروونییان دەکات، دەڵێت: **"ئەو پیاوانە تاڕادەیەک غەمگینن، لە خولەکەکانی ژیانیاندا، سەختی و دژواریی ڕۆژانێکی ڕابردوویان هەڵگرتووە، وشکایی کانییەک، پاش تێکدانی، لە ناخیاندا هەڵکۆڵیوە و تووڕەبوونێکیان لەناخدا هەڵگرتووە بەرامبەر بە ناڕەوایی لە هەموو دنیا..."**،(سەلمان،٢٠١٥،١٩) ئەو وێرانەیەی، کە جەنگەکان دروستیانکردوون، بەردەوام لە زەینی ئەم کارەکتەرانەدا دەمێننەوە، تووشی هەڵچوون و شپرزەیی دەروونییان دەکات بەرانبەر بەهەموو دیاردەکان.

(مەردۆخ) وەک یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکان، هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژێت ئەم گرفتە دەروونییەی، هۆکاری سەرەکی گەڕیدەیی ئەم کارەکتەرەیە، وەک خۆی دەڵێت:**"من ترسیش لە جێی خۆم هەڵی کەندم، نەک ڕەشبینی، بۆ پەراوێزبوونیش، زۆر بەئاگانیم لەوە، لەوانەیە وەهابێت، بابڵێم شتێکی تایبەتی خۆمم هەیە، ناوی لێ ئەنێم ترس، ئەشتوانین ناوی لێ بنێین دڵەڕاوکە، فشاری نادیار... ئەو ناوەی خۆت بە باشی ئەزانی، ئەگینا ترس، وەک ترس نییە، هەر ئەوەندەیە کە ناوی ترم بۆی نییە، ئەگەر ئەتەوێ ڕوانتریش بم، ئەوا ئەترسام لە تۆڵەسەندنەوە، تۆقم چووبوو لەوەی ئەوەندە ڕقەبەربیم، کەس لە ژێر دەستم دەرنەچێت"**، (سەلمان،٢٠١٥،١٧٤).

ئەم کارەکتەرە هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا دەژێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەو دۆخە نائارامەی تێیدایە، چونکە"دڵەڕاوکێ هەڵچوونێکی دەروونییە ئاماژەیە بۆ هەستکردن بە ترسێکی گشتگیر یاخود بۆ مەترسیەک کە ڕوودانی نزیکە یان هەڕشە و ترسێک کە سەرچاوەکەی نادیارە، لەگەڵ هەستکردن بە گرژی و فشار و ترسێکی دانەڕێژراو لە ڕووی بابەتییەوە، زۆرجار ئەم ترسە پەیوەستە بە دوارۆژ و ئایندەی نادیارەوە، ئەگەر ئارامی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە واقیعی تاک و کۆمەڵدا ون بوو یاخود دەستەبەر نەبووبێت، ئەوا تاک لەو حاڵەدا تووشی دڵەڕاوکێ دەبێ"، (سەعدون،٢٠١٣،٢٢٨)، بۆیە ئەم ترسەش هیچ نییە، جگە لە دیاردەیەک، کە بۆ بوونی ئەگەرەکان لە داهاتوودا دەگەڕێتەوە، کە یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەیە، ڕەنگە تۆڵەکردنەوە بیکاتە مرۆڤێکی دڕندە، هەر ئەم ئەگەرانەشە، بوونی مرۆڤەکان دەسەلمێنێت، چونکە"مرۆڤ هیچ شتێکی بۆ دیاری نەکراوە، ئەمە ئەو ڕاستییەیە، کە (کیرکەگارد) دەکاتە باوکی بوونگەراکان، ئێمە بوونێکی پێدراومان نییە، ژیانێکی ئامادەمان نییە، بەڵکو بوونێکمان هەیە پڕئەگەرە کە تێیدا مەحکومین هەڵبژێرین، ترس و دوودڵی هاوڕێی ئەبەدیمانن، ئەوە دۆخێکی ساتی و ڕاگووزەر نییە، بەڵکو جەوهەر و بنەمای بوونمانە"، (عەلی،٢٠٢٢،٣٧)، هەر ئەم ئەگەرانەش، هۆکاری فشاری دەروونیی ئەم کارەکتەرەیە، هەروەها لە دیالۆگێکیتر لە گەڵ(ئادەم)دا دەڵێت:**"قوربان من کەسێکی داڕماوم، دەمێکە هەستم بەلەشم نەماوە، واهەست دەکەم لە سەردەمێکی دێرینەوە ماومەتەوە و پاشماوەم**

**لەبەردەستانە، ئەم کەسەی لە بەردەمتە، لادیوار و بەردی ئەو شوێنەوارەیە، کە ئێستا هیچی وەهای نەماوە، بیرۆکەکانیشی گەڕانە بەدوای ڕابردوویەکی ونبوودا، من لێم ڕوونە، کە ئێستا چیی دی ئەو ڕابردووە نادۆزمەوە و پەتەکانی ناگرمەوە دەست، تازە بڕواناکەم دەرفەتێکم لە ژیانا مابێت، تاکوو بە دوایا بچمەوە**"،(سەلمان،٢٠١٥،١٨٣) مەردۆخ لێرەدا، گوزارشت لە ئازارەکانی تاکێک دەکات، کە جەنگ و وێرانەو ئەنفال، بە جۆرێک تێکیانشکاندووە، تەنها جەستەی ماوە و ڕەهەندی دەروونی بەتەواوەتی داڕماوە و جەستەشی، پاشماوەی جەنگەکانەو کاریگەریی جەنگەکانی لەسەرماوە، ئەم کارەکتەرە، بەهۆی جەنگەوە، ناسنامە و ڕابردووی ونکردووە و ڕەشبینیشە لە بەرانبەر دووبارە دەستپێکردنەوەی ژیان و دۆزینەوەی خود و ناسنامە و ڕابردووی، چونکە دوای جەنگ، مرۆڤ ناتوانێت، ژیان بە شێوەیەکی تەواوەتی دەست پێبکاتەوە، مرۆڤ دەتوانێت تەنیا هەندێک لە شتە ڕووخاوەکان دروست بکاتەوە، دوای جەنگ، تا ماوەیەکی درێژ ناتوانێت بیر لە نوێ بکاتەوە، تەنیا شتێک مرۆڤ بتوانێت بیکات ئەوەیە، جیهانی کۆن، داڕماوەکان وەک خۆیان دروستبکاتەوە، بۆیە ئەم کارەکتەرەش، هێشتا لە قۆناغی بنیاتناوەدایە.

ئەمە جگە لەوەی، ئەم کارەکتەرە بەردەوام لە دۆخێکی دەروونیی ڕاڕا دایە، بەهۆی جەنگەکانەوە کاتێک لەگەڵ (ژینۆ)دا گفتوگۆ دەکات، لێوی خوێنی لێدێت، (ژینۆ) پرسیاری دەربارەی هۆکاری ئەم خوێنەبەربوونەی لێوی لێدەکات، لە وەڵامدا دەڵێت:"**بڕوات هەبێت نازانم، قوربان، قەد سەرم لێی دەرنەکردووە، مایەی مەترسیش نییە، هەر بۆیە ئەوەندە گوێم پێنەداوە، ئەوەندەم بەسە کەسێک باوەڕم پێنەکات تا وام لێبێت، یان پێشبینی ناخۆش بکەم لێوم شەق دەبات و خوێنی لێدێت**"، (سەلمان،٢٠١٥،٤٥)، سەبارەت بە هاتنی خوێن لە لێو نووسەر دەڵێت:" لێرەدا لێو شەق بردن هێمایە بۆ دڵەڕاوکێ و نائارامیی دەروونی (مەردۆخ)، چونکە لەبنەڕەتدا (مەردۆخ) کە ناوی پێشووی (هیوا)یە، شاعیرە، ئەم ڕستەیە گوزارشت لە نائارامی دۆخی خۆی و دۆخی گشتی دوای شەڕی ناوخۆیە، کە ئیدی کەس باوەڕی بە کەس نەماوە و هەمیشەش، پێشبینی خراپە و ناخۆشیی لێدەکرێت. سەبارەت بە هاتنی خوێن لە لێو لە جیاتی لووت، یان هەر ئەندامێکی دیکە دەکرا، بڵێم: خوێن لە لوتی بەر دەبێت، یان شوینێکی تری، بەڵام لێو شەقبوون گرنگتر بوو بەلامەوە، چونکە دەم و لێو قسەی پێدەکرێت. لەوێدا مەردۆخ هەست بەوە دەکات، کە باوەڕی پێ ناکرێت"، (سەلمان،٢٠٢١،چاوپێکەوتن). ئەم دۆخە دەروونییە نائارامەی (مەردۆخ) بە درێژایی ڕۆمانەکە بەردەوامی هەیە، لەگفتووگۆیەکدا(ژینۆ) پێی دەڵێت: "**هەر بۆیە زووتریش پێم وتی کە تۆ شاعیری، چونکە هەر شاعیری ڕاستەقینە لە هیچکوێ ئۆقرە ناگرێ، بگرە غەم بەرۆکت بەرنادات**". (سەلمان،

١٠٢،٢٠١٥)، ئەمەش گەر لەلایەک بە هۆی هەستی شاعیرییەوە بێت، لە لایەکی ترەوە وەک لێکەوتەیەکی جەنگە، چونکە لێکەوتەی جەنگ وایکردووە، هیچ تاکێکی کۆمەڵ باوەڕی بەوی تر نەبێت، هەمیشە هەموو تاکەکان، بە گومانەوە لە یەکتر بڕوانن و سەرئەنجام تاکێکی دەروون شێواو بێتە بەرهەم، بۆیە (مەردۆخ)دەڵێت:**"قوربان کەمباوەڕی زۆر سەرنجی ڕاکێشاوم، لەوەتەی هەم، کەسێکم تووش نەبووە باوەڕ بەکەسی دیبکات، تەنانەت دایک و باوک و برا و خوشکەکەم، ڕووی نەداوە قسەیەک بکەین پێکەوە یان شتێک بۆ یەکێکیان بگێڕمەوە، یاخود ئەوان بۆ منی بگێڕنەوە یەکسەر باوەڕی پێکرابێت. هەمیشە ئاماژەیەکی دەست، جووڵەیەکی چاو، سەر، یان ئەوەتا بە ئیحمئیحمی قورگەوە مایەی ئەوە بوو، کە ئەوی دیکە تێبگەیەنێت قسەکانی جێی باوەڕی بەرامبەرەکەی نییە"**.(سەلمان،٢١،٢٠١٨). تەنانەت ناوی هەندێک لە کارەکتەرەکان گوزارشت لەم بارە دەروونییە دەکەن، وەک (پاساری)ناو، هەر خودی ناوەکەی گوزارشت لە باری دەروونی دەکات، چونکە"پرۆسەی ناولێنان لای هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگاو لای هەموو میللەتێک،، وەک یەک نییە و جیاوازە، لایەنی دەروونی بە کۆی تێڕوانین و بیرو بۆچوونەکانەوە، لەگەڵ باری سەرنجی تایبەتیی تاکەکانیدا وادەکات لەگەڵ ناوهێنانی کارەکتەر جۆرە لێکدانەوەیەک لە ڕووی واتاوە لە ناخ و دەروونی بەرامبەردا دروست بێت".(حەمە بچکۆڵ، ١٠٠،٢٠١٩)، ئەم کارەکتەرە ناوەکەی لە چۆلەکە (پاساری) یەوە وەرگیراوە، کاتێک شت دەخوات، هەمیشە بە گومانە و سەیری چواردەوری خۆی دەکات و ڕاڕایە، ئەمەش لەزاری خودی کارەکتەرەکە خۆیەوە، بۆ خوێنەر دەخرێتە ڕوو، کاتێک باس لە هۆکاری ناولێنانی خۆی بۆ (مەردۆخ) دەکات و دەڵێت:**"ئەوجا گەر بێمە سەر سەرەتاکانم لێرە،... نانیشم بە دزییەوە ئەخوارد، پاشان بەرە بەرە هاتمە ناو پیاوەکان، بەڵام بە گومانەوە نانم ئەخوارد، بەڕێز ئادەم و ژینۆ پێیان ئەوتم، کە نان ئەخۆی، بە پاساری ئەچی، پاساری هەمیشە بە گومانەوە نان ئەخوات، تا دەنووکی بۆ وردە نانێک ئەبات، دەجار بە دەوروبەری خۆیا ئاوەڕ دەداتەوە، هێندە ئەترسێ بکەوێتە تەڵەوە**".(سەلمان، ٩٣،٢٠١٥)، دیارە هۆکاری ئەم دۆخە دەروونییە ئاڵۆزەی دەگەڕێتەوە بۆ تانە و توانجی کۆمەڵایەتی، چونکە (پاساری ناو) لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، دووتوخم(نێرە مووک)ە، ئەمەش لە نێو کۆمەڵگەدا وەک کەسێکی نائاسایی سەیر دەکرێت و زۆر جاریش، وەک توانجێکی کۆمەڵایەتی، ئاراستەی ئەوکەسە دەکرێت سەر ئەنجام دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو تاکە لە ڕووی دەروونییەوە ئاسایی نەبێت وباوەڕی بە خۆی نەبێت.

یەکێکی دیکە لەو گرفتە دەروونییانەی، کە لەم ڕەهەندەدا تیشکی خراوەتەسەر، ئەویش هەستی(خۆبەکەمزانین)ە، لای تاکی ڕۆژهەلاتی بە گشتی و تاکی کورد بە تایبەتی، چونکە تاکی کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی هەستی خۆبەکەمزانین، لە ئاست ئەوی تر لەلای بەدیدەکرێت. ئەم هەستە بەجۆرێکە لەلای (مەردۆخ)ی کارەکتەر، کە هیچ کات بە خەیاڵیش نەیوێراوە، خۆی وەک کەسی یەکەم ببینێت، تەنانەت لە فیلم و دراماشدا، بەڵکو هەمیشە خۆی لە شوێنی کەسی لاوەکی و سێیەردا داناوە، وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات:"**تا ئەم ساتەی لەگەڵ جەنابتم، هەمیشە خۆم لە پاڵ کەسانی هەژار و پەراوێزکراو بینیوەتەوە، بڕوات هەبێت، کاک ژینۆ، تەنانەت لەناو چیرۆکەکانیشا، هەرخۆم لەگەڵ کەسایەتیی دووەم و سێیەم ئەبینی، نەک پاڵەوانەکان، لە چی فیلمی دنیایە، تەنها خەیاڵم بەلای یاوەری قارەمانەکەدا ئەچوو، لە تابلۆکانیش، خۆم دەشوبهاند بەو کەسایەتییانەی لە پشتی پشتەوە بە بچووکی کێشراون، لە مۆسیقاشا، خۆم لەو ئامێرانەیا ئەبینییەوە، کە ئاوازەکانیان لە ژێرەوە ئەبیسترا و بەحاڵ گوێمان لێیانە**"(سەلمان،١٠٣،٢٠١٥). بەشێکی زۆری ئەم هەستی خۆبەکەمزانینەش، دەگەڕێتەوە بۆ ژێردەستەیی سیاسی و نەتەوەیی، چونکە"نوقسانبوونی (کورد)ی بندەست، جۆرێک چەواشەکردنی تێدایە، ئەویش ئەوەیە، کە مانای ،سەرەتایی و ڕەنگە مانای ڕەسەنی ئەویدیی بندەست و مێژوو وشوناسی ئەو بەتەواوی چەواشە کراوە، وەک جۆرو شێوەیەکی دیکە و هاوکات، وەکو بابەتێکی نامێژوویی و ئاسایی نیشاندراوە، دەزگای دەسەلاتدار و زمانی زاڵ، بەتەواوی ئەویدیی بندەست و ماناکەی سەرکوت ناکا، بەڵکو لاوازکردنی ئەو مانابیە"،(غولامی،٥٦،٢٠٢٢). ئەم هەستە لای تاکی کورد ،جگە لە جەنگ و نائارامی وژێر دەستەیی سیاسی و کۆمەلایەتی، بە شێکی بەهۆی هەڵەی پەروەردە و خێزانەوە دروست بووە، بۆیە، ئەم کارەکتەرە وەک وێنەی تاکێکی کورد، بەردەوام ئەم هەستەی لەلا هەست پێدەکرێت.

تاکی کورد لە کۆنەوە، تا ئێستا، لە دۆخێکی قەیراناوییدا ژیاوە، هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابوری و کلتوریی کۆمەڵگەی کوردی بە ئاقارێکی قەیراناوییدا تێپەڕیوە، بەلام کێشەی بنەڕەتی ئەوەیە، کە تاکی کورد تێڕامانێکی مەعریفی وهزری، لەسەر ڕەوت وهەلومەرجی گشتیی ژیانی خۆی نییە، بۆیە هەست بە قەیراناوییبوونی دۆخی خۆی ناکات و پێناسەی خۆی ناکات، ئەمەش وایکردووە، درک بە گرفتە دەروونییەکانی خۆی نەکات، (ئادەم)، کە کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، لە گفتوگۆیەکیدا، لەگەڵ (مەردۆخ) بە (مەردۆخ) دەڵێت هەمووومان بیمار و دەردە دارین بە هۆی جەنگەوە، چونکە (مەردۆخ) سەرەڕایی هەموو گرفتە دەروونییەکانی، خۆی پێ بیمارنییە، بەلام (ئادەم) پێی دەڵێت: "**ئەوەنە بەسە خۆت بە نەخۆش نەزانی، ئەوجا تێبگەی لەوەی چەنێک لە**

**هەموو کەس نەخۆشتری، ... خەڵکێک لە ناو شەڕ و کوشتاری ناڕەواییدا بژین، یاخود پێیدا ڕەت بووبن، چۆن بە بنیادەمی ساغوسەلیم تەماشایان ئەکەی؟ ئەمە هەر پرسیاری ناویٚ، بگرە یەک نیشانەی سەرسوڕمانی زلیشی پێویستە، ئێمە هەر هەموو، بە چاک و خراپمانەوە، بیمارین. سەربازێکی پاش جەنگین، وەها دەرئەکەوێت، کە زیندووە، بابڵێین نە کوژراوە، کەچی هەرچی زام و برین و ئێش و درز و شکاوییە، بە هەموو سوچێکی گیانی و یادەوەرییەوە لکاوە، لەوانشە قەت لێی نەبێتەوە، ئەگەر تاو نەداتەخۆی و هەرچیی لە خۆیا ئەنجامی نەدات، تا بتوانیٚ دیسان خۆی بە ساغی، یان نیوچە ساغی دروست بکاتەوە".**( سەلمان،٢٠١٥،١٨٠). ئەم کارەکتەرە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە کۆمەڵگەی پاش جەنگ هەرگیز، تاکەکانی لە ڕووی دەروونییەوە تەندروست نین، بەڵکو تاکێکی بیمارن، هەمیشە بە هۆی لێکەوتەکانی جەنگەوە، لە ڕووی دەروونییەوە بە ئازارەوە دەتلێنەوە، چونکە بەگشتی. دوای جەنگ ڕێژەی دڵەڕاوکیٚ لە کۆمەڵگەدا زیاد دەکات و ژمارەی خەڵکی نیگەران لە زیادبووندادەبن. باوترین و مەترسیدارترین نەخۆشی، کە لەدوای جەنگەوە سەرهەڵدەدات، نەخۆشی، یان حاڵەتی سترێسە، کە لە ئەنجامی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆیی جەنگەوە دەردەکەوێت. بێگومان کاتێک باسی جەنگ دەکرێت ئەوەی پێشتر بەهۆی جەنگەوە ئازاری چەشتبێت، وەک کوولانەوەی برین دووبارە برینەکەی دەکولێتەوە، بۆیە لێکەوتی جەنگ بەو جۆرە، دەبێتە هۆی سترێس و فشاری دەروونیی کەسەکان، لەئەنجامدا کەسەکە هەست بەگۆشەگیری و سترێس دەکات، بەڵام زۆرجار تاکەکان دان بەبوونی ئەم جۆرە لەگرفتی دەروونیدا نانێن، وەک لای(مەردۆخ) دەبینرێت.

یەکێکی دیکە لەو گرفتە دەروونییانەی، کە ڕۆماننووس ئاماژەی پێکردووە، بوونی کەسێتییدووڕووو(ازدواجییەت)ە لای کارەکتەرەکان، وەک لێکەوتەیەکی دیکەی جەنگەکان، ئەم گرفتە "دەروونییە کە سەرچاوە دەگرێت لە شڵەژانی ڕەفتار و هەڵسوکەوت بە شێوەیەکی نائاسایی، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەی، ئەو تاکە توانای بەرگری تراوما(زەبری دەروونی) نییە، لە ئەنجامی ئەم زەبرە دەروونییەوە ازدواجییەت لە کەسێتییاندا دروست دەبێت، بە شێوەی تایبەتمەندی کەسی و کۆمەڵایەتی بە کاریگەری ژینگەی دەرەکی و وەک کاردانەوەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕۆشنبیری وهزری".(یوسف،٢٠٢١، قل و دل).

بەشێک لە کارەکتەرەکانی ناو ئەم دەقە، هەڵگری ئەم تایبەتمەندییەن، چونکە، هەروەک ڕۆماننووس ئاماژە بە هۆکاری ئەم دژیەکییە لە ڕەفتاری کارەکتەرەکاندا دەکات دەڵێت: "کارەکتەری بیر ئاڵۆز و ناواخن ئاڵۆزی وەک ناو ئەم ڕۆمانە ناتوانن وەک کەسێکی ئاسایی سادە قسە بکەن و ڕەفتار

بکەن، مرۆڤی دوای کوشتار و جینۆسایدن، ناکرێت مرۆڤێک بخەیتە سەر سەکۆی ڕووداوەکان کە بە تەواویی خاوەنی قسەی خۆی بێت. ئێمە لەناو دەقێکی ئیدیاڵدا نین هەتا کارەکتەرەکان بە ئیدیاڵ وێنا بکەین، بە پێچەوانەوە، ڕووی ڕاستەقینەی هەر یەک لەو کەسێتییانە دەرئەنجامی ئەو واقیعن کە مرۆڤێک بەرهەم دەهێنێت، هەر چرکەیەک بیروڕایەکی جیاوازی هەبێت و لە هەر شوێنێکدا هەڵوێستێک بنوێنێت"(سەلمان،چاوپێکەوتن،٢٠٢١). کە ئەمەش بە لای بەشێک لە نووسەرانەوە، بە حاڵەتێکی ئاسایی ڕۆمان دادەنرێت، چونکە "نووسەر لە ڕۆماندا و هەندێجاریش لە چیرۆکدا گەربییەوێ بە دیدێکی نوێوە دنیا ببینێت و سیفەتی داهێنان هەڵبگرێت، پێچەوانەی تێکستی زانستی و ئاینی هێڵ لە نێوان دوالیزمەکاندا ناکێشێت و بە توندی وەک دووجەمسەری دژ بەیەک جیایان ناکاتەوە: پاڵەوان و پەراوێزخراو، جەللاد و قوربانی، چاکەوخراپە...هتد زۆر دوالیزمی تر هەڵدەوەشێنرێنەوە، بەمەش تێکستی فرە دەنگ دروست دەبێت و کارەکتەرەکان هەڵگری زمانی ئازادی خۆیان دەبن، ئەویش بێگومان بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی نوێ و گەیشتن بە ڕاستی و تێگەیشتنی ناباو"،(عومەر، ٢٠١٩،١٣٤).

یەکێک لەو کارەکتەرانەی، کە دووڕوویی لە گفتوگۆکانیدا بە ڕوونی دیارە (مەندان)ە، کاتێک ژنەکان دەگەنە ماڵی(وەستا) و(وەستا) داوادەکات لای بمێننەوە، (مەندان) لەلایەک سەرزەنشتی (سەکینە) دەکات، کە لەگەڵ (وەستا)دا جیاواز لە ژنەکانی تر، زیاد لە پێویست دەدوێت و سەرنجی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە، لەلایەکی ترەوە کاتێک (ویژدان) هەست دەکات، (وەستا/ئادەم) دایکی خۆش دەوێت، بە تەنزەوە بەدایکی دەڵێت، شووی پێبکە (مەندان) سەرزەنشتی (ویژدان) دەکات**"مەندان لە وێدا سەرزەنشتی ویژدانی کرد و پێی وت: ئەرێ نابینی ئێمە لە چیداین؟ تۆ دەقەیەکیش ناتوانی دان بە خۆتا بگری و بزانی بۆ ئەم شتانە لێک ئەدەینەوە؟ ئەبینی ئێمە لە چیداین یان نا؟ خۆ هێشتا ناوی کوڕەکان ساردنەبۆتەوە، تۆ ئەوها زوو لە بیرت چوو... دایکت خۆ بۆخۆشی خۆی لێرە نییە، ئەو قسەیەشی هەر بۆخۆی نییە. ئێمە یان لێرە ئەمێنین و سەکینە پێی ڕازی ئەبێت، مەلا هەبێ و نەبێ، ئەمە قسەی قوڕە لەم کات و شوێنانە، یان بۆ جێیەکی تر ئەڕۆین و ئیتر بیبڕنەوە"**، (سەلمان،٢٠١٥،٣٦٥)، ئەمەش وادەکات، (مەندان) دووڕوویی لە قسەکانیدا دەربکەوێت، هۆکاری ئەم دۆخەشی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی "لە ناو دەروونی هەموو کەسێکدا دوو نەفسی ململانێکەر هەن، ئەو دوانەش لە ڕێگەی ئەم دوو واژەیەوە دەردەبڕێن، دەروونی کۆمەڵایەتی و دەروونی سروشتی، هەر لەم سۆنگەیەوە، دەشێت بوترێت: هەموو کەسێک حەزدەکات لەلایەکەوە مل بۆ یاسا کۆمەڵایەتییەکان بدات، لەلایەکی دیکەشەوە شۆڕشیان بەسەردا بکات"، (وەردی، ٢٠١٩،٧١)،

لێرەشدا، لەلایەک ئەم کارەکتەرە پەیوەستە بە نەریتی کۆمەڵایەتی و لای نەنگییە خوشکی بەو تەمەنەوە خۆشەویستی بکات، لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی فشاری ئەو دۆخەوە دەیەوێت، سنوری ئەو نەریتە ببەزێنێت، کە ئەو خۆشەویستییە پەسەندبکات، ڕەنگە ئەم بەزاندنەش بە ناچاری بێت، ئەمەش وایکردووە، دژیەکییەک لە گفتوگۆکانیدا دەربکەوێت.

یەکێکی دیکە لەو کارەکتەرانەی کە دووڕوویی لە گفتووگۆکانیدا دەردەکەوێت، (ئادەم\وەستا)یە، ئەمەش کاتێک بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، کە (بێڤەر) دەگاتە کۆشک و هەواڵی (سەکینە)ی پێدەدات، لەسەرەتادا بێ باکانە هەستی خۆی دەردەبڕێت بەرانبەر بە گەیشتنی هەواڵی (سەکینە)، چونکە تازە تەمەنی تێپەڕیوە: **"ئەوجا بە گەڕانەوەی بۆ جێیەکەی خۆی و بێ ئەوەی تەماشای خاتوون بکات، وتی،" بەچی ئەچێت، تازە تەمەن بەسەرچووا!"**،(سەلمان،٢٠١٥،٥٠٠)، بەڵام هەر لە هەمان کات و هەمان گفتووگۆدا دەڵێت:**"ئەگەر کەسێک بهاتبایە و پێی بوتبام مردووە، من هەر بە زیندوو دام ئەنا، پێویستم بەوە بوو ئەو ژنە زیندوو بێت و بەدواما بگەڕێت، هیچ پلەیەکی بەختەوەری ژیان ناگاتە ئەوەی دڵنیابین کەسێک بەدواماندا ئەگەڕێت، بمبەخشە، خاتوون، ڕەنگە بەم سەرە ماشو برنجییەوە کۆمەڵێ ورێنە لە بەردەمتا بکەم، کە لێی تێنەگەی، بەڵام لەوە تێئەگەی، کە چەندە مەمنونتم"**، (سەلمان، ٢٠١٥،٥٠٠)،سەبارەت بە هۆکاری ئەم دژ بەیەکییە،(عەلی وەردی) دەڵێت: "کاتێک ڕوودەدات کە کەسەکە لە ڕووی بەهاوە لە ژێر کاریگەری دووسیستەمی جیاواز بێت"، (الوەردی،٤٧،٢٠٠١)، لێرەدا دەردەکەوێت، کە پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان، دەبنە هۆی دژ بەیەکی لە ڕەفتار و قسەی ئەم کارەکتەرەدا، چونکە لەلایەک(وەستا) لە ژێرکاریگەریی سیستەمی کۆمەڵایەتیدایە بەهۆی ئەوەی بەفری زەمەن و تەمەن لەسەری نیشتووە وپێی شەرمە باس لە خۆشەویستی بکات، لەلایەکی ترەوە، لە ڕووی دەروونییەوە، تەمەنێکە لە چاوەڕوانیی(سەکینە) دایە وبەخۆشەویستی ئەوەوە دەژێت، بۆیە ناتوانێت ئەم جۆش و خرۆشە بشارێتەوە، کە هەواڵی سەکینەی پێدەگات، ئەمەش دەبێتە هۆی دژ بەیەکی لە قسەکانیدا.

جێگەی ئاماژەیە، نووسەر لەسەر زاری (مەردۆخ)ەوە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی مرۆڤ لە بنەڕەتدا بۆ خۆی بە هاودژی هاتووەتەبوون، چونکە یەکێتیی بوون، بۆ خۆی بوونی نییە، تا مرۆڤ هەوڵی بۆبدات و پەیرەوی بکات، دەڵێت: **"قوربان، ئێمە تەنها پێکهاتەی هاودژیین! لەوانە گەوجتر ناناسم، کە وابزانن بنیادەم ڕێکوڕوانە، گونجان و خۆ ڕێکخستن خاڵێکی گەشی گەوجەکانە، کە لەهیچە خۆیان بەوەوە سەرقاڵ ئەکەن، ئەم دنیایە پڕ لە چەوتی و ناڕێکییە، چۆن و بەچی کەس هاودژ نابێ؟یەکێتییەک نییە لە ژیاندا، تا هەموومان بیگەینێ، دەنا بنیادەم ئەوەندە**

**سەرقاڵی دنیا نە ئەبوو".** (سەلمان،٢٥٢،٢٠١٥). ئەمەش دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە نێوخۆیدا، بەردەوام لەنێوان دنیای نێوخۆی و دنیای دەرەوەیدا لە ململانێدایە.

یەکێکی دیکە لەو گرفتە دەروونییانەی، کە لە چوارچێوەی ڕەهەندی دەروونیدا، تیشکی خراوەتەسەر، هەستکردنە بە غەریبی، غەریبی کوشندە، تەنیا گیرسانەوە نییە، لە سەرزەمینێکی جوگرافی و کولتووریی جیاواز، لە ژینگەی منداڵی و زێدی خۆتدا، بە تەنیا ئاوارەیی و پەناهەندەیی ناو کۆمەڵگایەکی نا ئاشنا نییە، بەڵکو غوربەتی هەرە کوشندە ئەوەیە، لە نیشتمانی خۆتدا هەست بە غەریبی بکەیت، چونکە لە بنەڕەتدا، خەمی گەورەی مرۆڤی لە پێناو دڵنیایی دەروونی و ئارامی ڕۆحییە. کێشەی گەورەی (مەردۆخ)ی کارەکتەر، هەستکردنە بەم غەریبیە، بەهۆکاری جەنگ هەروەک دەڵێت:**"کێشەکە ئەوەیە کە هەست بە غەریبی ئەکەم، هەر وەک پێشتریش وتم، من کە قەت سۆزم بۆ شوێنی خۆم نەبووە و نە بەوکاتە وەستاوەی لەسەر شەڕ چەقی بەستووە بەندم، کەچی خەریکە سۆزم بۆ ئەوێ وا هەناوم ئەخواتەوە، بۆ ساتێکی سادەی بینینی دایکم..."،**(سەلمان،٢٠٧،٢٠١٥) ئەم کارەکتەرە، ئەگەرچی لەسەرەتادا هیچ سۆزێکی بۆ خاکەکەی نییە، بەهۆی جەنگەوە، چونکە جەنگە بەردەوامەکان جۆرێک لە هەستی نامۆییان لەلادروستکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سۆزی بۆ دایکی وایکردووە، سۆزی بۆ خاکەکەشی لە لادروست ببێت، جگەلەوەی لەگەڵ هەموو کاریگەرییە دەروونییەکانیدا پێویستە بوترێت هەموو گۆڕانکارییەکانی دنیا، سەرەتا لە هەستکردن بە غوربەتەوە دەست پێدەکەن. ئەوە کەسانی غەریبن، جیهان دەگۆڕن، بێگومان ئەمەش کاتێک ڕوودەدات، کە مەنفا تەنیا هەستی دووری لە واقیعدا نییە، بەڵکو دەبێت ئاوێنەی تورەییش بێت بەرانبەر ئەو واقیعە. کاریگەریی مەنفا بە جۆرێکە هەموو ئەوانەی، شتێکیان هەیە، بیڵێن، لە کاتی پێویستدا شتێکی نوێیان بنیات ناوە، هەمیشە ئەوانە لە ناوجۆرێک لە جۆرەکانی مەنفادا ژیاون، ئەوانەی پەناهەندەیی لە ناویاندایە، هەرگیز ناتوانن لە دەست پەناهەندەیی خۆیان ڕزگاریان ببێت بێگومان مەردۆخی کارەکتەریش، لە ئەنجامی ئەم تورەیی و هەستی غەریبییەوە، دەستی بەسەفەری گەڕیدەیی کردووە، بەهیوای گەیشتن بە دڵنیایی و ئارامیی دەروونی و دۆزینەوەی ژینگەیەکی ئارام، چونکە ژیان، تەنیا سەفەرێکە بۆ دۆزینەوە، ئەمجۆرە سەفەرەش ئەگەری ئەوە دەخاتە بەردەمی مرۆڤ هەست بکات بوونی هەیە و بەشدارە لە دروستکردنی دنیا و گۆڕانکارییەکاندا، لە ڕووی دەروونییشەوە، هەست بە ئارامی بکات.

## ٤- هزری:

ئەگەر یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی بەرهەمی ئەدەبی، بیر و هزر بێت، ئەوا، لەگەڵ فەلسەفەدا لەم خاڵەدا یەک دەگرنەوە، بەوەی ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان، بە تایبەتی لە ڕێگەی پرۆسەی عەقڵییەوە، پرسیار و گومان، لە بارەی بوون بە گشتی دادەمەزرێنێت، بۆیە بە درێژایی مێژوو ئەدەب و هزر لەیەک دانەبڕاون، ئەم ڕەهەندە سەرجەم بیروبۆچوونەکانی کارەکتەر دەگرێتەوە. هزر چەمکێکی سادە نییە، بەڵکو زۆر ئاڵۆزە، بۆ ئەوەش نەهاتۆتە ئاراوە، تا بە ئاسانی سنووردار بکرێت، بۆیە بەردەوام لەناو واقیعی خۆیدا لە چالاکی و ململانێدایە، هزر مرۆڤ بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانەوە گرێدەدات.

ئەم ڕەهەندە مەودایەکی فراوانی لە نێو ئەم ڕۆمانەدا داگیرکردووە، چونکە زۆربەی زۆری کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە، تاڕادەیەکی زۆر ڕۆشنبیر و ئاست بەرزن، بە تایبەتی لە ڕووی زمان و دیالۆگەوە، (ئادەم) وەک یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکان ئاستی ڕۆشنبیریی بەرزە، لە هەندێک شوێندا، وەک ڕەخنەگرێک دەدوێت، لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ (مەردۆخ)دا، (مەردۆخ)باس لەوە دەکات، کە دنیای دەرەوەی کۆشک کراوەترە، لەوەڵامی (مەردۆخ)دا (ئادەم) دەڵێت:"**دنیایەکی کراوە هەیە، بەڵام لەبیرت نەچێت، ئەو دنیایەی دیاردە تێیدا زاڵبێت، باو ونەریتیش بۆیان ئەبێتەوە ئەو ئاوێنەیەی هەرکەسە خۆی لە ئەوانی دیکەیا ئەبینێتەوە، دڵنیاش ببە کە دەرەوە هەموو بیابانە، باهەرچی هاتە ڕێگەشت، سەوزایی بێت، گشتی ئەبێتە ڕەهێڵە ئەگەر بارانیش نەبارێت، ئەشبێتە ڕەشەبا لێت، ئەگەر شنەیەکیش نەبێت... کەس دەستی هیچ کەسێک ناگرێت و هەڵی بسێنێتەوە**"،(سەلمان،٢٠١٥،٢٥٧) لێرەدا (ئادەم) لە ڕووی هزرییەوە، وەک کەسێکی دژەباو دەردەکەوێت، ڕەخنە لە کۆمەڵگە دەگرێت، کە نەریتەکانی وا لە تاک دەکەن هەموو ببنە کۆپی یەکتری و لاسایی یەکتری بکەنەوە، چونکە ئەم نەریتانە بازنەیەکیان بە دەوری تاکەکاندا کێشاوە و سەرئەنجام هەموو تاکەکان لە سنوری ئەم بازنەیەدا دەخولێنەوەو دەبنە کۆپی یەکتری. بە واتایەکی دیکە (ئادەم) دەڵێت کۆشک دەروازەیەکە بۆ خۆدۆزینەوە، چونکە هیچ نەریتێکی ناو کۆمەڵگەی تێدا نییە، کە کەسەکان پێوەی پەیوەست بکات، ئەمەش وادەکات، زووتر خۆی بدۆزێتەوە، چونکە هەروەک (کیرکێگارد) ،دووجۆر لە بوونی مرۆیی دەستنیشان دەکات:" (بوونی هۆشیار) و(بوونی ناهۆشیار)، بوونی هۆشیار ئەو بوونەیە، کە هەوڵدەدات و کۆششێکی زۆر دەکات، تاکو خودی خۆی بناسێت، بە پێچەوانەی بوونی ناهۆشیارەوە، کە بە ئەنقەست، هەوڵی ئەوە دەدات، لە نێو جەنجاڵی جیهاندا خۆی ون بکات، بگرە بەختەوەریشە، کە خاوەن بوونی خۆی

نییە"(ڕۆستەم،٢٠١٦،٤٩)، (ئادەم) پێیوایە کارەکتەرەکان تەنیا لە کۆشکدا دەتوانن خۆیان بدۆزنەوە، بە پێچەوانەوە دنیای دەرەوەی کۆشک تەنیا قەڵباڵغییەکە بۆ خۆ ونکردنی تاک لە نێو نەریتەکاندا، ئەمەش وایکردووە بە ژینگەیەکی بێ بەرهەم و بیابان ئاسا بۆ تاک ناوی بەرێت، هەروەها لە دیالۆگێکی دیکەدا (ئادەم) نەک تەنیا داب و نەریت، بەڵکو ڕەخنە لە بەشێک لەو نووسەرانە دەگرێت، کە نانی وشە دەخۆن، پێیوایە ئازار و ئەزموونی ژیان و تێڕامان مرۆڤ دەگەیەنێتە ئاستی زانا و بیریاران، بە پێچەوانەشەوە دەکرێت ببێتە پیاوکوژ لەم دەقەدا نووسەر زۆرتر لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی بوونگەرایيدا بیروڕای کارەکتەرەکانی خستۆتەڕوو، چونکە "جیاوازی فەلسەفەی کۆن و بوونگەرایی لەوەدایە، مرۆڤ لە یەکەمیاندا بابەتی زانستە، لە دووەمیاندا بابەتی ئەزموونە، هەمیشە خاڵی دەستپێکردن لە فەلسەفەی بوونگەراییەکاندا ئەو ئەزموونە بەرجەستەزیندووەیە، کە مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەزموونی دەکات، ئەم ڕاستییەش لای زۆربەی فەیلەسوفە بوونگەراکان دووپاتکراوەتەوە کە بناغەی ئەزموونی خودی دەبێتە سەرچاوەی بیرکردنەوە"، (رسول، ٢٠١٣،٤٧)، ئادەمیش، جەخت لەسەر هەمان چەمک دەکاتەوە، بۆیە دەڵێت: **"...هەموو کەسێک لە جۆری ئازار و ئەزموونەکانی خۆیەوە ئەتوانێ ببێتە باشترین فەیلەسوف و دەروونناس وڕەنگە جەلادیش، ئەوە بەسە بە دەقی ژیانتدا بچییەوە و لە هەرسووچێکدا بوەستی و بەسەریا تێپەڕنەبی، چیی ورد و درشتە لێکی بدەیەوە و تا ئەتوانی ڕامێنی، بۆ ئەوەی تۆ ببێتە فەیلەسوف و دەروونناس و کلکی ئەوانە ببڕی، کە نانی وشە ئەخۆن..."**،(سەلمان،٢٠١٥،١٨٩). ئەزموون یەکێکە لەو چەمکانەی، کە لەم دەقەدا، بە قووڵی کاری لەسەرکراوە نووسەر لە سەرزاری (ئادەم)ەوە، ئەوە دەخاتە ڕوو، کە مرۆڤی خاوەن بوویەکی ڕەسەن، ئەو کەسەیە، کە فەلسەفە و تێڕوانینی لە ژیانیدا خۆیەوە وەردەگرێت و هەڵدەهێنجێنێت، هەڵوەستە لەسەر پنتەکانی ژیانی دەکات، نەک تەنیا بەشێوەیەکی تیۆریی شتەکانی وەرگرتبێت، بەمەش دەبێتە کەسێکی سەرکەوتوو هەروەها لە گفتوگۆیەکی دیکە لەگەڵ (ژینۆ)دا دەڵێت: **"هەموو کەسێک خۆی وانەی تایبەتی بۆ خۆی دروست ئەکات، ئەمجۆرە وانانە هیچی ناوترێنەوە، ئەبێ کەسەکە خۆی بژی و فێریان بێت، هەرچی گیانێتی پیا چزا بێت، دەنا هەرچی وشەی ئەم دنیایەیە، ژینۆی ئازیز، ناتوانێ خاڵێک بخاتە سەر ڕستەی ژیانی کەسێکی پڕ ئەزموون. تاقیکردنەوە بەشەگەورەکەی ژیانە، فێربوون لەوانی تریشەوە بەشێکە و خوێندنەوەی بیری بیریارانیش بەشەکەیترە، کە کەسەکە وانە فێربوو، ئەوسا بە ئاسانی ئامانجیش دیاری ئەکات"**،(سەلمان،٢٠١٥،٤٨٢) ئەم کارەکتەرە بە درێژایی ڕۆمانەکە لە ڕووی هزرییەوە وەک

کارەکتەرێکی ئەزموونگەرا، تێڕوانینەکانی دەخاتەڕوو، ئەزموونی خودیی و ئەزموونە جیاوازەکانی ژیان، دەبنە تەوەری کارکردن لەلای، بە تایبەت ئەو دیدە خودییانەی، کە وەکو ڕاگوزەرێک بەسەر ڕووداوەکاندا ڕەت نابن، بەڵکو دەبنە سەرچاوەی هزری بۆی "ئەم ڕاستییە لەلای سەرجەم فەیلەسوفە بوونگەراکان دووپاتکراوەتەوە، ئیدی بناغەی ئەزموونی خودی دەبێتە سەرچاوەی بیرکردنەوەی فەلسەفی، تەنانەت ئەوانەشی کە هەوڵی بە زانستیکردنی بوونیاندا"،(ڕەسول،٢٠١٥،٩٣) ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت سەرچاوەی بەرچاوڕوونی و پاشخانی هزری مرۆڤ سێ بەشە: یەکەم ئەو شتانەی، کە مرۆڤ خۆی بە تاقیکردنەوە پێیاندا تێدەپەڕێت، کە ئەمەی بە بەشێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤدا وەسفکردووە، دووەم سود وەرگرتن لەوانی ترەوە خوێندنەوە بەشەکەی تری سەرچاوەی هزری مرۆڤە، بەڵام کاتێک ئەزموونی کامڵ نەبووبێت، کە مرۆڤ پڕ ئەزموون بوو، خوێندنەوەش کاریگەریی کەمتر لەسەری دەبێت. تەنانەت ئەزموون بەدرێژایی دەقەکە، بە جۆرێک گرنگیی پێدراوە لای زۆربەی کارەکتەرەکان جێگەی گفتووگۆیە لەسەر زاری کارەکتەرێکی دیکەوە (مەردۆخ) جەخت لەسەر هەمان بابەت کراوەتەوە و پێمان دەڵێت زانستیش بەشێکی ئەزموونە کاتێک دەڵێت:**"گوند ڕێگر نییە لەوەی خوێنەوار بین، قوربان! زانستیش هەندێ جار بەهرەیە و ئەزموونیشە. کابرایەکی جوتیار یەک دنیا شت ئەزانێ لەسەر عەرد و گژوگیا و وەرزی باش و خراپ و بەرهەمی دانەوێڵە و بگرە پێشبینیی یەک دنیاشت ئەکات بۆ وەرزی داهاتوو، ئێمەومانان دەساڵ بۆمانی باسبکەن، هەر تەقەی سەرمان دێت"**،(سەلمان،٢٠١٥،٤١)، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت زۆرجار ئەزموونی مرۆڤ بە خوێندن و خوێندەوارییەوە پێوەست نییە، بەڵکو مرۆڤی نەخوێندەوار و گوندنشینیش دەکرێت خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندبێت لە بوارێکدا .

بەرجەستەبوونی مەرگ لەپێوەندیدا، بە بوون و ژیانی مرۆڤەوە، تەوەرێکی دیکەی گفتوگۆی کارەکتەرەکانە، بەبێ قسەکردن دەربارەی ژیان ئەستەمە لە مەرگ تێبگەین، واتە بە بێ تێگەیشتن لە کاتی بوونی ژیاندا، تێگەیشتن لە مەرگیش کارێکی ئاسان نییە، مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە بە مەرگی خۆی هۆشیارە، ئەمەش یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی کە مرۆڤی پێدەناسرێتەوە، ئەم تایبەتمەندییەش وادەکات مرۆڤ بە تێگەیشتنی لە مەرگی خۆی، بەشێکی جەوهەری مرۆڤایەتی تەواو بکات. لە چوارچێوەی ڕەهەندی هزریدا، (ئادەم) بە شێوەیەکی وردتر لەسەر ئەم چەمکە دەدوێت ،لە گفتوگۆیەکی نێوان (مەردۆخ و ئادەم)دا، دەربارەی مەرگ (ئادەم) دەڵێت: **"تەماشا بکە، کاک مەردۆخ، من کە خۆم بە مردوو دانەنێم، کەس ناتوانێ بە مردوو دامنێت، مردن تەنها لە ناخی**

**خۆمانە، لەوەیا نییە کە قاچمان و دەستمان و چاومان لە کارکەوتبن، هەر بۆیە پێشتریش باسی ئەوەم بۆکردی، کە باشترە کەسێکی وەکی ئێمە، هەرچی وێنەیە لەلای بەرەو مردن بیبات و لەوڕێیە یان ئامانجی خۆی بدۆزێتەوە، یاخود ئەگەر لێی ڕوونە پێی بگات، ئا ئەمەشیان بە مەحاڵ ئەبینم"**(سەلمان، ٢٧١،٢٠١٥)، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت مردنی ڕاستەقینە مردنی خەیاڵ و هزر و تێڕامانە، نەک لەکارکەوتنی جەستە، جگە لەوەی"ئێمە بۆیە باس لە مەرگ ئەکەین تا بێئاگا نەبین لە ژیان، ئەگەرچی ئاگابوون بە مەرگ، تووشی ترس و نیگەرانیمان دەکات، لە هەمانکاتدا یارمەتیدەریشە بۆ ئەوەی لە بوونی خۆمان تێبگەین و دەروازەیەکیشە بۆ هەنگاونان بەرەو ڕەسەنێتی بوون، پەیداکردنی تێگەیشتن دەرحەق بە پێدراوەکانی ژیان"،(غەریب، ١٣٢،٢٠١٦)، بەواتایەکی دیکە (ئادەم) پێمان دەڵێت، مرۆڤ بە تێڕامان لە مردن دەتوانێت ئامانجی خۆی ببینێت، بەڵام ،کە مردن هات، ئیدی هەرگیز ناگەیت بەو ئامانجە. مردن دوا وێزگەی مرۆڤە، کە لێیدەوەستێت و چیتر بواری ئاوڕدانەوە نەماوە، بۆیە، ئەگەر کەسێک بە باشی بیری لە مردن کردەوە، هەموو وێنەکانی هێنایە پێش چاوی، ئەوکاتە دەتوانێت، بە ڕوونی ئامانجی خۆی ببینێت و لە خۆی بپرسێت لەم دنیایەدا چی دەوێت؟ و ئامانجی لە ژیانکردن چییە، ئەمەش دەمانباتەوە بۆ ئەو وتەیەی (کێرکەرگارد) ،کەدەڵێت:"ئەوەی لە مەرگدا گرنگە، ئەوەیە، کە هۆکارێکە بۆ جیدی بیرکردنەوە، جیدییەتێک کە بەقسەی کیرکەرجارد کەوانی بیرکردنەوەی مرۆڤ وەها ڕاستدەکاتەوە، بتوانێت ڕێک تیری خۆی بە ئاراستەیەک بهاوێت، کە بە بێ مردن و بیرکردنەوە لە مردن ئەو ڕاستکردنەوەیە نەکردە و مەحاڵە"، (عەلی،٢٠٣،٢٠١٥).

(ئادەم) پێمان دەڵێت، کاتێک تاک خاوەن بوویەکی ڕەسەن بێت و ئامانجی ڕوون بێت، مردن ناکاتە شکست وزیان بۆ مرۆڤ:**"کاک مەردۆخ، ئەوەی جێی ڕێزە، جەنگی خۆتە بە تەنیا بەڕێوەیبەری، جەنگی بە کۆمەڵ، هەر کوشتنی بە کۆمەڵی لێ ئەبێتەوە، بەڵام ئەم جۆرە جەنگە یان خۆت تیائەچی، یاخود بەسەر خۆتا سەرئەکەوی، بشزانە، ئەگەر هات و مردنیش بێتەڕێت، هەر سەرکەوتووی، مردن ناکاتە شکست، بە مەرجی ئەوەی خۆت بوویبیت، بێ خۆهەڵخەڵەتان بەرامبەر بە تەڵەکانی ژیان، خۆت و خۆت بوویبیت"**(سەلمان،٢٥١،٢٠١٥) (ئادەم) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە گرنگترین جۆری جەنگ، جەنگی خۆتە لەگەڵ خۆتدا لە پێناو خود ناسین، کاتێکیش کە خۆتنتاسی، زانیت ئامانجت لە ژیاندا چییە و هەوڵت لە پێناویدا، ئەوکاتە مردنیش سەرکەوتنە بۆت، چونکە کە ئامانجی خۆت لە ژیاندا زانی ناکەویتە داوی ئەو بابەتە بریقەدارانەی، کە لە ئامانجی ژیان دوورت دەخەنەوە، ئەمەش کاتێک دەبێت، کە لەڕێگەی هزرکردنەوە، بەردەوام لە پرۆسەی خودناسیدا بێت،

بە شتی ڕووکەش وناجەوهەرییەوە، مەستی دنیا نەبیت، چونکە"مرۆڤ هەروا لە ناو سروشت، یاخود بوونی ناکۆتادا بێهزر و گەوج نابێ، بەڵکو نارەسەنی و گەوجێتی ئەو لەوەدایە، کە بوون و جەوهەری بوونی خۆیی و بنەڕەتی ئەنتۆلۆژی خۆیی نە هزرێنێ. ئەگەر ئەو دەستەوسان لە ئاست پرۆسێسی خۆناسیندا ڕابوەستێ، هەرگیز لە ناو بێپایانی بووندا ناتوانێ وێڵبێت بە شوێن نهێنییەکاندا". (حەمەعەلی،٢١،٢٠١٢). کەواتە واتا و هەموو نهێنییەکانی بوون لە پرۆسەی خۆناسیدان.

بنەڕەتی بوونی مرۆڤ، خاوەن مۆرکێکی کۆمەڵایەتییە، نەک تەنیایی، ژیانی بە کۆمەڵ ڕاستییەکە توێژەرانی بواری کۆمەڵایەتی سەلماندوویانە، بەڵام ئەمەش بەو واتایە نییە، کە ئیدی تاکەکەس بخرێتە نێو سیستەمێکی وشکی داسەپاوی کۆمەڵایەتییەوە، کە هەموو چەشنە خودبوونێک لە دەستبدات و ئازادییەکانی داگیربکرێت. تەنیایی لەم ڕەهەندەدا، بە وردی کاری لەسەرکراوە، (ئادەم) پێیوایە تەنیایی بۆ مرۆڤ دۆخێکی بە بەرهەمە گەر توانی ئەم دۆخەی تەنیایی بکاتە ساتەوەختێک بۆ تێڕامان و وەبەرهێنان، ئەمەش لە میانی گفتوگۆی نێوان هەر دوو کارەکتەری سەرەکی(سەکینە و ئادەم)دا، خراوەتەڕوو (سەکینە) دەڵێت:**"تەنیایی ڕووخێنەرە، وەستا، دروستکەر نییە.**

**ئادەم: ئەگەر نەمانزانی چی بکەین لە تەنیایی وایا، قسەکەت دروستە،... ئێمە کە تەنیاین، سادەترین شت ئەوەیە کە فێر ئەبین تەماشای خەڵکی بسڕینەوە"** (سەلمان، ٣٧٧،٢٠١٥) (ئادەم) لە ڕووی هزرییەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "یەکەمین شت، کە گرنگە بۆ ئەو کەسەی بە دوای ڕاز و نهێنیدا دەگەڕێت ئەوەیە، کە لەسروشت و چییەتی تەنیایی تێبگات، بە واتا واز لەو شتە بهێنین کە هەموو بە شانازییەوە باسی دەکەن: کەسێتی، بە تایبەتی، کە وەک خەڵاتێک لە لایەن حەشاماتەوە، دراوە بە تاک"، (ئۆشۆ،٨٢.٢٠١٨)، کاتێک تاک ئاشنای تەنیایی دەبێت، تێڕوانینی ئەوانی ترو چۆنیەتی سەیرکردنیان بەرانبەر بە خۆی، چیتر بۆی گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە، خودی خۆیەتی، بەڵام هەندێجار تاک تەواو بەئاگانییە بەرانبەر بە تەنیایی خۆی و تەنیایی خۆی پەسەند ناکات، هۆکارەکەشی ئاسانە، "چونکە تاک نامۆیە بە خۆی، کە نامۆبێت بە خودی خۆی، چاوەڕێ ناکرێت، کە هۆشیاریی ئەوەی هەبێت، تەنیایی خۆی پەسەندبکات، ئەوەیان هۆشیارییەکی قووڵتری گەرەکە، لەبری ئەوەی تەنیایی، وەک دۆخێکی زێدە جوان و چێژبەخش ببینێت، بەخشینی ڕوحێکی ئاشتەوایی و هێور،...، کەچی زۆر بەدبینانە لە تەنیایی دەڕوانێت و خراپ تێدەگات"، (ئۆشۆ،١٨،٢٠١٨). ڕەنگە هەر ئەم هۆکارەش وای لە(سەکینە) کردبێت، بە ڕووخێنەری ناوببات،

چونکە نەیتوانیوە لە سروشتی تەنیایی بگات، بەڵام (ئادەم) بەپێچەوانەوە، بەدۆخێکی جوان ناوی دەبات، ڕەنگە توانیبێتی باشتر درک بەم چەمکە بکات، پێی ئاشنا بووبێت، لەم ڕوانگەیەوە (ئادەم/وەستا) دەڵێت:**"کە فێری تەنیایی بووین، فێری ئەوەش ئەبین کە هەر جارە شتێکی باشتر لەوەی پێشووتر دروست بکەین، تاقیکردنەوەیتر ئەچێتە سەر دەست و مەچەکمان و دنیا لەلامان ئەبێتە گەمەی فوتبۆڵێن**"(سەلمان،٢٠١٥،٣٤٦). بەواتایەکی دیکە، (وەستا) پێمان دەڵێت ئەوە تێڕامانە لە کاتی تەنیاییدا وا لە مرۆڤ دەکات، تێگەیشتنی بۆ شتەکان و جیهان باشتر بێت و ئەزموونی زێتر بکات، چونکە ئەو کاتەی تۆ تەنیایت دەتوانیت، خۆت بدۆزیتەوە و لێی بەهرەمەند بیت، بە هێز و داهێنەر دەبیت، توانای ئەوەت دەبێت، کە خۆت بە چەندەها کار و کردەوەی جوان و واتادار سەرگەرمبکەیت، چونکە ئیدی ئەو خۆسەرقاڵکردن و سەرگەرمییە، هەڵاتن و ڕاکردن نییە لە خودی خۆت، بەڵکو دەبێت بە شێوازێک لە دەربڕین و گوزارشت، ئەو تەنیاییەی مرۆڤ بە هۆی تێنەگەیشتنەوە هەستی پێدەکات، تەنیاییەکی بزوێنەر و دروستکەرە، چونکە دەبێتە هۆی ئەزموونکردنی تر هەروەک (بەختیار عەلی) دەڵێت:"مرۆڤ هەمیشە جێگایەکی تاریک و داخراوی هەیە کە لە ڕێگەی قسە وپێوەندییەوە بۆ ئەوانیدی ئاشکرا نابێت، لەمڕووەوە مرۆڤ مەحکومە بە تەنیایی، تەنیاییەکی قووڵ، چونکە هیچ مرۆڤێک نییە بتوانێت بەتەواوەتی لە مرۆڤێکی دیکە تێبگات. بەڵام ئەم تەنیاییە تەنیاییەکی کوشندە یان نەرێکار یاخود خنکێنەر نییە، ئەمجۆرە لە تەنیایی ئەو بەشەیە لە بوون کە ئێمە دەپارێزێت.... ئەو بەشە نهێنییەی بوونمانە کە زۆرجار لای خۆشمان نهێنی و تەلیسماوییە".(عەلی،٢٠٢١،٢٩٣).

سەرەڕای هەموو ڕەهەندە جوانەکانی تەنیایی، کە دەرفەتێکە بۆ تێڕامان لە خود، بەڵام لە کۆتایی دەقەکەدا (ئادەم)، پێمان دەڵێت مرۆڤ ناتوانێت بۆ هەمیشە تەنیا بێت، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، دەبێت لە نێو کۆمەڵدا بژی، بەڵام لەنێو کۆمەڵیشدا دەتوانیت خۆت بیت و قەرەباڵغی نە بێتەهۆی ئەوەی بوونێکی ساختەت بۆ دروست بکات، بەڵکو لە نێو خەڵکیشدا دەتوانین خاوەن بوویەکی ڕەسەن بین دەڵێت:**"ئێمەی بنیادەم ئەتوانین بە تەنیا بین، ماوەیەکی زۆر، هەرچەندە ئەڵێی زۆر ئەتوانین بەتەنیا بین، دواجار هەر ئەگەڕێین بەدوای کەسێکدا. من بێ ئەوەی بزانم بەدوای ئەو ژنەدا ئەگەڕام، سەر وەختێکیش ئەو بەدواما ئەگەڕێ، کە لە خەونی تەنیایی هەڵئەسێتەوە، کەس ناتوانێ هەتا هەتایە بێ خەڵکیتر بژی، ئەکرێ خۆمان و خۆمان بین، لە نێو خەڵکا بین و هەر خۆمان لەگەڵ خۆماندا بین"** (سەلمان،٢٠١٥،٤٦٧).

هەر لە چوارچێوەی ڕەهەندە هزرییەکەدا، نووسەر ئاوەڕی لە کێشەی مانا داوەتەوە. کێشەی مانا کێشەیەکی بەردەوام و قسە لەسەرکراوە، وەڕسکەر و بێزارکەرە، خەوزڕێنی پرسی مانا و بێ مانایی لەپێوەندیی بە ژیانی کەسەکانەوە، بەردەوام نیگەرانیهێنە، هەوڵدان بۆ پەیداکردنی مانایەک لەژیاندا، هێزێکی ڕەسەنە، نەک ئاراستەیەکی لاوەکی، لەکۆششە غەریزییەکانی مرۆڤدا، ئەم مانایە، کە تایبەتە بەخودی مرۆڤ، تەنها خۆشی دەتوانێت و دەبێت بەرجەستەی بکات، یان بیهێنێتەدی. تەنها لەم کاتەدا ماناخوازی دەبێتە پرسێکی گرنگ و مرۆڤ ڕازی دەکات، دەکرێت مرۆڤ بۆ ماوەیەکی کورت، یان درێژ، خۆی لەم پرسەدا نەبان بکات، بەڵام ناتوانێت بۆ هەمیشە خۆی لێ لابدات.

پرسی مانا لەم ڕۆمانەدا، بە وردی کاری لەسەرکراوە، ئەمەش لەمیانی گفتووگۆیەکی نێوان (ژینۆ و مەردۆخ)دا دەخرێتەڕوو لەم گفتوگۆیەی (ژینۆ) و (مەردۆخ)دا دەربارەی واتا ئەوە دەردەکەوێت، کە تەواوی کێشەکانی مرۆڤ لە بنەڕەتدا کێشەی نەدۆزینەوەو نەگەیشتنە بە واتای شتەکان ئەم کارەکتەرە پێیوایە گرفتی مرۆڤ لەگەڵ مەرگشدا لەوەدایە، لە واتاکەی ناگات، جگەلەوەی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، هەندێکجار ڕووداوە ڕووکەشەکان وا لە مرۆڤ دەکەن لە گومان دەربارەی واتای شتەکان دووربکەوێتەوە، بەڵام ئەم دۆخەش کاتییە، چونکە" بوونی ئەو پرسە لە خۆیدا هێمایە بۆ پرۆسەی گەڕان بە دوای وەڵامدا، بەڵام لە هەمووی بنەڕەتیتر خودی پرۆسێسی گەڕانەکەیە، نەک دۆزینەوەی وەڵام، وەک ئەوەی خەڵکانێک بانگی بۆ دەدەن، جەوهەری ئەو پرسە لە بوونی وەڵامدا نییە، بەڵکو لە نەبوون یان نا کۆتایەتیی وەڵامدایە، هەڵبەتە وەڵام بە مانا کۆنکرێتییەکەی واتە وەڵامێکی دیاریکراو و سنوردار"،(حەمەعلی، ٢٠١٨،٥٦)، کاتێک (مەردۆخ) دەڵێت:**"بێواتایی مردنە، نەبوونی مانا بۆ ئەو شتانەی بەدەورمانەوە ئەخولێنەوە و هەراسانمان ئەکەن، سامناکە، کوشندەیە کەس دەرهەقی ئەوە نایە، سایا خۆمانی لێ ئەکەینە نەبان، یان ئەوەتا قبوڵی بێواتاییەکەی ئەکەین، لەم حاڵەشا هەر کوشتنی خۆمان مسۆگەر ئەبێت، چونکوو واتا نییە و نابێت، ئەزانی کاک ژینۆ؟ لەو جیابونەوەیەی باست کرد، تاقە شتێک ئەبینم، کە پەیوەستە بە ڕاستی بوونمانەوە. ئێمە لەو کاتانەیا ئەتوانین بە چاکی تەماشای خۆمان بکەین، بێ ئەوەی خۆمان هەڵخەڵەتێنین، عانێ دەسەڵاتی ئەوەمان بەسەر خۆماندا ئەبێت، حوکم بەسەر خۆمانە ببڕینەوە....ئەوساتە تاقە چرکەیەکە تیایا، یان بە تەواوەتی ئەگەڕێینەوە بۆ خودی خۆمان، یاخود بۆ هەتا هەتایە لێی جیا ئەبینەوە"**،(سەلمان،٢٠١٥،٢٨٠) ئەم کارەکتەرە ئەوە دەخاتەڕوو، "گەیشتن بە مانایەکی دیاریکراو ڕەنگە سەرەتای پرسی ماناداربوون نەبێت، ئەوەندەی ڕێگەیەکە بۆ گەیشتنمان بە بێمانایی،

لەبەرئەوەی مانا بوونێکی ڕامنەکراوە و هەرپێوابوونێکی مرۆڤ بۆ ڕامکردنی مانا جیا لەوەی دەبێتە پێوابوونێکی نالۆژیکی، دەشبێتە بنبەست بۆ بیرکردنەوە و خودی ئەو پرۆسەیە پێویستە مرۆڤ پارێزگاری لە بەردەوامێتییەکەی بکات". (حەمەعلی،٦٢،٢٠١٨)، بۆیە هیچکات مانایەکی ڕەها نەبووە و نابێت، جگەلەوەی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کاتێک مرۆڤ لە خود ورد دەبێتەوە دەبێت بە دادوەر بەسەر خۆیەوە، ئەوساتە دەتوانێت ئاشنای خودی خۆی بێت و بۆ خودی خۆی بگەڕێتەوە، گەر لەم ساتەشدا، نەیتوانی بۆ خود بگەڕێتەوە، ئەوا بۆ هەمیشە بە خۆی نامۆ دەبێت.

یەکێک لەو گرفتە هزرییانەی، لەم ڕۆمانەدا تیشکی خراوەتەسەر هەندێجار مرۆڤ نازانێت، لە ژیاندا وێڵی چییە؟، دەنگێک لە ناخیدا نائارامی دەکات، بەڵام نازانێت، چیدەوێت، سەرئەنجامی ئەم دۆخەش مرۆڤ تووشی ڕەشبینی دەکات، دەبێتە هۆی خۆخواردنەوە لای تاک، بۆیە (ئادەم) دەڵێت:**"بەڕێز من ئەگەڕام بە دوای شتێک، نەمدەزانی چییە، ئێستاش هێشتا هەر نایزانم... کاک مەردۆخ، هەر نەزانینی ئەوە، خۆی پێداگرتنە لەسەرلایەنی ڕەشبینیت! تۆ بەدوای شتێکا ئەگەڕای و ئەگەڕێیت، کە دەستت نەکەوتووە ودەستیشت ناکەوێ، گەڕاین و دەستمان نەکەوت، یان هەر هیچ نەبێت دەستمان بەری نەکەوت، ئەوا بەسەر خۆمانا ئەقوپێینەوە و دائەخرێین"**.(سەلمان،١٧٦،٢٠١٥). لەسەر ئاستی قووڵی ئەم گفتوگۆیەدا دەردەکەوێت، مرۆڤ هەمیشە لە چاوەڕوانی شتێکی نادیاردایە و نازانرێت چییە، هەروەک( بەختیارعەلی) دەڵێت:" مرۆڤ دواجار هەموو شتێک لە چاوەڕوانی شتێکی نادیاردا دەکات، چاوەڕوانی شتێکی دی. مرۆڤ هەمیشە بە ئومێدی شتێکی دی دەژی، شتێکی نادیار، شتێک ناونانرێت، دەستنیشان ناکرێت، شتێک وادەکات لەپشت هەموو ئەو پلان و بەرنامانەوە بێت کە هەیەتی چاوەڕوانی شتێکی تریش بێت، شتێک زێتر لەوەی لە ئاسۆکانی ئێستادا دەبینێت".(عەلی،١٥،٢٠٢٢) ئەمەش وادەکات، هەروەک (لاکان) ئاماژەی بۆ دەکات" کە مرۆڤ ناتوانێت بگاتە پنتێکی جێگیر، ئەوەی بۆی دەگەڕێت هەمیشە دووردەست و نەگیراو دەمێنێتەوە،... بازنەی گەڕان بەدوای سوبێکتێکدا کە لە بازنەی هەمیشەیی خودسازییدایە، داناخرێت... ئەو ناوکەی سوبێکت دەیەوێت بیگاتێت، ناوکەیەکی خاڵییە".(عەلی،٩٨،٢٠٢١)، ئەم خاڵیبوونەش وادەکات، مرۆڤ دووچاری ڕەشبینی بێت، چونکە ئەم وێڵبوونە، بەدوای بنەڕەتێکی ئامادەبوودا نییە، ئەوەندەی ئەفراندنی هەموو ئەو ئەگەر و واتایانەیە، کە مرۆڤ بە دوایاندا وێڵبووە، ئەم ناکۆتاییەی گەڕان لە ئاستی جیاوازدا، کاریگەریی نائومێدکەرانەی، لەسەر بوونیەتیی مرۆڤ دادەنێت، هەمیشە نائومێدی لەگەڕانی ناکۆتادا، مرۆڤی فڕێداوەتە بەردەم بژاردەی هەمەجۆرەوە، بەتایبەتی بژاردەی وەلامێکی ڕەها و دڵنیاکەرەوە، کە

بوونی نییە، سەرئەنجام تووشی بێ ،هیوایکردووە، هەربۆیە (مەردۆخ) بەردەوام دەیەوێت شتێک بدۆزێتەوە لە پێناویدا وێڵ بێت و بژی، گێڕەرەوە دەڵێت: **"بنیادەمەکان بەدوای بەختەوەریدا وێڵن یان بەدوای ئازادی؟ لەلای ئەو نە ئەویان بوو و نەئەمیان، بەدوای ئەوەدا دەگەڕا، کە تەنها بەخۆڕایی نەمرێت، ئەگەر کەسێک، وەک دەڵێن، هەر دەمرێ، با هیچ نەبێ کەمێک جوانیی لەم دنیایە ببینێت، ئەوجا با بمرێت، هەر بەخۆڕایی و لە پێناوی هیچدا، ئاخربۆ؟ بۆبمرێت؟"،** (سەلمان،١٤٩،٢٠١٥)، لێرەدا، ئەو پرسیارە خراوەتەڕوو، کە مرۆڤ وێڵ دەبێت، لە پێناو ئازادییە، یان بەختەوەری؟، ئەمەش، بێگومان پرسیارێکی هزریی گرنگە، و بە پێی تێگەیشتنی مرۆڤەکان دەگۆڕێت، دەکرێت بڵێین ئازادی دوا وێستگەی حەسانەوە و ئاسوودەیی مرۆڤە، بەڵام "ئازادی بەتەنیا بەس نییە، بەڵکو پێویستە تەواوکەرێکی هەبێت، ئەویش مافی دەسەڵاتە، واتە ئازادی بێ بوونی مافی دەسەڵات ناتەواوە و کێماسی تێدایە. کاتێکیش کێماسی لەئازادیدا بوو، واتە مرۆڤ هێشتا بە قۆناغی حەسانەوە و بەختەوەری نەگەشتووە و ئاسوودیی ژیانی، زامن نەبووە. نابێتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ بەختەوەری مرۆڤ و ژینگەیەکی لەبار، بۆ پێڕەوکردنی حەز و خواستەکانی مرۆڤ" (بەرزنجەیی،٢٠١٩،پێگەی پ.م.نیوز). دەرئەنجام دەکرێت بڵێین، ئازادی و بەختەوەری، دوو دیوی یەک دراون، مرۆڤ، گەر دەستبەرداری ئازادی ببێت، لە پێناوی بەدەستهێنانی بەختەوەریدا، ئەوا هەردووکیانی لە دەستدەچێت، بە پێچەوانەشەوە، هەر دروستە، بەڵام ئەم کارەکتەرە بەهۆی جەنگ و توندوتیژییەوە، تەنیا دەیەوێت، جوانییەک لە ژیاندا ببینێت بەرلەمردن، چونکە جەنگ هەموو جوانییەکانی لێسەندووەتەوە.

یەکێکی دی لەو چەمکانەی، لە چوارچێوەی ڕەهەندی هزریدا خراوەتەڕوو"ڕاستییە"، ئێمە لە سەردەمێکداین، کە بە واتای وشە نوێیە و شوێنێک بۆ ڕاستی ڕەها و پێوەری گشتی نەماوە، هەموو ئەو شتانەی ،بەڵگەنەویستن، ئەوانیش ڕێژیین و بە پێی کات و شوێن دەگۆڕێن، نووسەر لەسەر زاری (بێڤەر/زۆزان)ەوە، ئەوە دەخاتەڕوو، بۆ گەیشتن بەڕاستییەکی ڕێژەیی، پێویستە مرۆڤ فرە ڕوانینبێت و تەنیا بۆ یەک ئاراستە نەڕوانێت، بەڵکو ئاسۆی ڕوانینی مرۆڤ بە هەمووئاراستەکاندا بێت، لە ڕێگەی ئەم کارەکتەرەوە، نووسەر دەیەوێت بڵێت، ڕاستی تەنها یەک دیوی جێگیر و دیاریکراوی نییە، بەڵکو چەند دیوێکی هەمەجۆریی هەیە، بەڵام ئەوە مرۆڤەکانن، کە ناتوانن پەی بەوەببەن و خۆیان ڕادەستی، تەنها یەک جۆر بیرکردنەوە و بڕیاردان کردووە، (بێڤەر) دەڵێت:**"فێر بووم لە تەنیشتەوە و بەتیلەی چاو شتەکان ببینم، ئیتر بایەخ بە سەیرکردنی بەرامبەرەکەم نادەم هەتا سەیری بەرامبەر بکەم، وا ئەزانم هەر ئەوە ڕێی ڕاستییە کەچی هیچی**

**ڕاستی، نابینم، که تەماشای تەنیشتم ئەکەم، هەر چیم بوێت، ئەیبینم**"، (سەلمان،٢٠١٥،٥٢٢)، ئەم کارەکتەرە ئاماژە بەوە دەکات، کە مرۆڤ چەند ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوان و فرە ڕەهەند بێت، ئەوەندە توانای بینینی شتەکانی زێتر دەبێت، بە واتایەکی دیکە، ئەم جۆرە لە ڕوانین، مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ بونەوەرێکی فرەڕەهەند، بۆ چاوێکی فرە ئاراستە، کە گرفتی گەورەی تاک ئەوەیە، خاوەنی یەک ئاراستە لە بینین بێت، بەڵکو هەموو بیرێک، جەستەیەکی فرە ئاست و فرە پارچە و فرە بەشە، بۆ گەیشتن پێی، پێویست بە فرەڕوانین و فرە ئاراستەدەکات.

هەر لەچوارچێوەی ئەم ڕەهەندەدا، نووسەر ئاوڕێکی خێرای لە (ئاین) و گرفتەکانی پەیوەست بە ئاین داوەتەوە، ئیمان بەگشتی و بەجەوهەر کێشەیەکی فەلسەفییە، بەردەوام پێویستیی بە پێناسەکردنەوە هەیە، لەم بارەوە (بەختیار عەلی) دەڵێت:"ئیمان هێزێکی ئاسودەبەخشە، بەڵام ئەو ئاسودەییەی ئیمان دەیبەخشێت، دەبێتە ئاسودەییەکی کوشندە گەر لەسەری خەوتین و بە قەڵا و پشت و پەنای ئەبەدیمان زانی. ئیمان لە زانست بێت یان لە دین، دەکرێت هەوێنی گەڕان بێت و دەکرێت هەوێنی مردنیش بێت، قومێکی کەم لە ئیمان پێویستە بۆ ژیان، قومێکی گەورەش کوشندەیە بۆ بیرکردنەوە".(عەلی،٢٠٢١،٨٨)، نووسەر لەسەر زاری (ئادەم)ەوە، ئەوەی بۆ خوێنەر خستۆتەڕوو، کە زۆر خواردنەوە لە ئاوی ئیمانی دینی گرفتە، هەم بۆ خود، هەم بۆ کۆمەڵ، ئەمەش کاتێک لە ڕێگەی یادەوەرییەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گەنجی و باس لە ئیمانی دینی دەکات، کەچۆن دووری خستۆتەوە لە خۆی، دەڵێت: "**حەزیش ئەکەم بۆتی ڕوونبکەمەوە، کە زەمانێکی زۆر دوور پێش ئێستا، من نوێژم ئەکرد، لەسەر پەیرەوی هەرچی پەیمانێرەکانی مێژووە و بە ماوەی یاسایی نێو هەموو ئاینەکانی ئاسمان و زەویش، بە ڕۆژوو ئەبووم، تا توانیم لە ئاسمان نزیک بوومەوە، تا ئەهاتیش لێی دوور ئەکەوتمەوە، کە لێشی دوور کەوتمەوە، بە چاکی تێبینیمکرد، کە هێکڕا هێکڕا لە خۆم نزیک ئەبوومەوە: بە بڕوای خۆم، ئەگەر بەو قۆناغە سەختە نەچوومایە، نەدەگەیشتمەوە بە خۆم**"، (سەلمان،٢٠١٥،٣٠)، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت ناکرێت، مرۆڤ لە چاوەڕوانی بە هەشتێکی ئاسمانیدا، دەستبەرداری ژیانی سەر زەوی ببێت، بوونی خۆی فەرامۆشبکات، چونکە لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا، "ئیمان بە واتای ڕووکردنە خودا و پشتکردنە خود بوو، ئاینداران کارێکیاندەکرد مرۆڤەکان تەنیا ڕوو لە ئاسمان بکەن و پشت بکەنە زەوی. بیرۆکەی بەهەشتی ئەو دیو زیندەگی، جێگای هەموو خەونێکی دنیایی گرتبووە، ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە ژیان تا ئەمڕۆ لە کلتوری ئێمەدا بەرقەرارە، ڕێزنەگرتنی ژیان لە کلتوری ئێمەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕەهەندە دژە دنیاییە"،(عەلی، ٢٠٢١،٧٣)، جگەلەوەی، یەکێک لە

تایبەتمەندییەکانی کەسی دیندار ئەوەیە، کە پەیوەستە بە چارەنووسەوە، بەو واتایەی، کەسی دیندار پێیوایە، ئەوەی ڕوویداوە و ئەوەی لە داهاتووشدا ڕوودەدات، خودا لە چارەی نووسیوە، ئەمەش پێچەوانەی بوویەکی ڕەسەنە چونکە"مرۆڤ ئەگەر ڕەسەنێتی خۆی لە دەستبدات، هەموو ژیانی خۆی بە چارەنووسەوە وابەستەدەکات، ئەمەش نکۆڵی کردنە لە ئازادی و بەرپرسیارێتی و هەڵنەبژاردن و بڕیارنەدان، هاوکات جۆرێک لە جۆرەکانی نامۆبوونیش دەگەیەنێت، بەو مانایەی بەشێک لە ئازادی خۆمان ببەخشین بە کەسێک یان هێزێک لە دەرەوەی ویستی خۆمان، ئەوا بوونی خۆمان فریوداوە و کەوتوینەتە دۆخی درۆ لەگەڵ خۆکردن و بەمەش سروشتی مرۆییمان لە دەست دەدەین"، (ڕۆستەم، ١٢٥،٢٠١٦)، ئەم کارەکتەرە پێیوایە، زۆرجار دوورکەوتنەوە لەدین، دەبێتە هۆکارێک بۆ گەڕانەوە بۆخود، بەڵام دەکرێت، مرۆڤ گەر دیندارش بێت، دین و عەقڵ بکاتە تەواوکەری یەکتری، نەک جێگرەوەی یەکتر هەنگاو بەرەو خودی خۆی بنێت. تەنانەت هەر ئەم تێڕامانە بۆ دین بووەتە یەکێک لە هۆکارەکانی گەڕیدەیی (مەردۆخ)، بەوەی "دین و جەنگ" ڕێگر بووە لە خۆدۆزینەوەی، چونکە ئەم کارەکتەرە وێڵی خود دۆزینەوەیە، دینش یەکێکە لە هۆکارەکانی نامۆیی مرۆڤ هەروەک(فیورباخ) دەڵێت" هۆکاری یەکەم و کاریگەر لە پرۆسەی نامۆکردنی مرۆڤدا ئاینە، لەبەرئەوەی ئاینەکان لەلایەک موژدە و هیوا دەبەخشن، لەلایەکی ترشەوە ترس و تۆقاندن،... مرۆڤ دووربێ لە ئاین یاخود نزیک بێ هەر تووشی نامۆبوون دەبێ، مرۆڤ بەهۆی ئاین و لە ژێرکاریگەری گوتاری ئایندا بە ژیانی خۆی نامۆ دەبێت لەڕێگەی بیرکردنەوەو سزاو پاداشتی پاشەڕۆژ لەلایەن پەروەردەگارەوە..هەندێکیش پێیان وایە کە دوورکەوتنەوە لە ئاین و خودا گرنگترین فاکتەرێکە کە مرۆڤ تووشی نامۆیی دەکات، (سەعدون،٢٤٥،٢٠١٣)، هەربۆیە، ئەم کارەکتەرە دەیەوێت، لەم ژینگەیەدا هەڵبێت:"**دەمەو عەسرەکەی کوڕێکی گەنج لە عانی نوێژکردنەکانی دایکی، سووکە شەڕێکی دایک و کوڕ لە نێوانیاندا ڕوویدا، دەیویست لە دەمی ژنێکی سادە و ئاسایی تێبگات، چۆن لە نێو ئەو هەموو شەڕ و نوێژانەدا، ڕێی خۆی بدۆزێتەوە؟ چۆن لە نێوان بانگ و بانگێکدا، بتوانێ هەڵبەستێک بنووسێتەوە؟ هەر هیچ نەبێ، بتوانێ کتێبێک بخوێنێتەوە! چۆن شەو بتوانێ لەگەڵ لوولەی تفەنگ و زرمەی ئارپیچی خەوی لێ بکەوێ و چۆن لەو شەوە کورتە پڕ دڵەڕاوکەیە بە بانگی بەرەبەیان خەو بچێتە چاوی و شریقە و زرمە نەیتارێنێت؟، خۆی دەخستە جێی هەموو ئەو کەسانەی دەچوون بۆ شەڕو نەدەگەڕانەوە چاوی وێنەی ئەو شەڕکەرانەی پێوە نووسابوو، کە بێناز لە ناو خەڵتانی خوێنی ساردبووی لاوێتییاندا نوقم ببوون، لە چاڵی بە کۆمەڵدا، کە لە سەنگەرێکی بەرگرییەوە بۆیان ببووە گۆڕی بە**

**کۆمەڵ**"(سەلمان،٢٠١٥،٣٨٣)، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت، دین بە هاوکاریی جەنگ، وەک دوانەیەک، هۆکاربوون بۆ لە ناو بردنی تێڕامان و خود دۆزینەوە، بۆیە"دەبێت ئیمان لەوە بپارێزین جێگای گەڕان و ئەزموون و عەقڵ بگرێتەوە، لە هەموو دۆخێکدا ئیمان کاتێک مانای هەیە کە نەبێتە دوژمنی عەقڵ، بەڵکو چەکێکیتری دۆزینەوەی مەعریفە بێت".(عەلی،٢٠٢١،٨٩)، بەڵام لە ژینگەی ئەم کارەکتەرە، دین جێگەی هەموو پرسیار و تێڕامانەکانی گرتۆتەوە، بۆیە هیچ ڕۆڵێکی لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەم کارەکتەرەدا نییە.

لەلایەکی دیکەوە، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە، بەکارهێنانی ئاین و بەها دینیەکانە، لەلایەن دەسەڵات و گروپەکانەوە، بۆ بەرژوەندییەکانیان، وەک لەم گێڕانەوەیەدا گێڕەرەوە دەربارەی (مەردۆخ) دەڵێت:**"کوڕەکەی ئەو پرسیارەی لێدەکرد،'چۆن لە نێو ئەو هەموو شەڕ و نوێژانە ڕێی خۆی بدۆزێتەوە؟، ئەویش پێی دەوت، کوڕم، بۆ ناچی بۆ مزگەوت، ئەوان هەموو وەڵامەکانیان لەلایە! کوڕەکەش ماوەیەک بوو بەم قسانەی دایکی دەهری ببوو، چاوی ئەوەی دەبینی، کە دنیای شەڕکەران گۆڕەپانی بۆ دنیای ئیماندارانی ساختە خۆش کردبوو...وەعزی مەلاکانیش لەو دیوی مینبەرەکانەوە، هانی پیاوانی دەدا بەشداربین لە شەڕ، خوێنڕێژان حەڵاڵە..."**، (سەلمان،٢٠١٥،٣٨٤)، ئەوەی بۆ ئەم کارەکتەرە قورسە، ئەوەیە کاتێک ئاین، وەک کایەیەک ببێت بە دواوەڵام و هەموو وەڵامەکان لای ئەوبن، ئەوکاتە کاریگەرییە خراپەکانی زێتر بەدەردەکەون، مەترسی ئیمانی دینی ئەوەیە، کە بە خێرایی دەبێتە، دواوەڵام، ئەمجۆرە لە تێڕوانین، کە ئاین وەڵامی هەموو پرسیارێکی لەلایە، هۆکارێکە بۆ لە دەستدانی تێڕامان و بیرکردنەوە وسەرئەنجام ونبوون لە ناو هەموو پرەسیارەکاندا، چونکە ناکرێت، ئاین جێگەی بیرکردنەوەو عەقل بگرێتەوە، ئەم تێڕوانینە لەو بنەمایەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئاین لەڕوانگەی ئەوەی خۆی، وەکو بەرنامەیەک بۆ ژیان پێناسە دەکات، بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی، لەگەڵ سەرجەم بوار ولایەنەکانی ژیانی مرۆڤدا هەیە، هەوڵدەدات، وەڵامی پێویست و گونجاو، بۆ سەرجەم پرس و گرفتەکانی مرۆڤ هەبێت، هەربۆیە (غەزالی) پێیوایە "زۆرینەی دیندارەکان خۆیان ناناسن، بەوەی توخمە لاواز و بنەما بە هێزەکانی خودی خۆیان لا ئاشکرا نییە، بەمەش کەوتونەتە نێوان خۆ بەکەمزانێکی بێورە و خۆ بەزلزانێکی بێ بنەما"، (ڕەسول،٢٠١٣،٣٥٢). لەلایەکی دیکەوە، ئەم جۆرە لە تێکەڵکردنی دین بە سیاسەتەوە کارەساتی لێدەکەوێتەوە، چونکە هەمیشە دەسەڵاتی سیاسی بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان، دین بە کاردەهێنن، ئەو کۆمەڵگایەش، کە ئەمجۆرە تێکەڵکردنەی تێدا ڕوودەدات، بۆ هەمیشە لە ناو قەیراندا دەتلێتەوە، چونکە"تێگەیشتنی مرۆڤمان لێ ببێت بە ئاین، یاخود تێگەیشتنە مرۆییەکانمان بە ئاین پێ

بفرۆشن، لەو بارەدا پیرۆز و ناپیرۆز، ڕەهاو سنوردا، ئاسمانی و زەمینی، خودا و مرۆڤ، تێکەڵ بە یەکتر دەکرێن، لەویشەوە کارەساتە جەرگبڕەکانی مێژوو کە بەناوی ئایینەوە ئەنجامدەدرێت ڕوودەدەن، جەنگەکانی مرۆڤ دەبن بە جەنگی بەناوجەنگی پیرۆز"(ڕەسول،٢٠١٣،٣٥٨). بەجۆرێک کاتێک پرسیار دەکرا، دەربارەی ئەو دۆخە، گێڕەرەوە دەڵێت: **"لە ژێر لێوەوە بە هێمنییەکی دەستکردەوە وەڵامی دەدایەوە، کە ئەمە ئیرادەی خوایە و فەرمانی لەسەرە و سەرکەوتن هەر بۆ ئەو کەسانەیە کە دەمرن..... ئاخرییەکەشی، هەموو بیرۆکەکانیان خۆی لەوەدا کورت دەکردەوە، کە هەموو گوناهبارن و دەبێ بە سزای خۆیان بگەن. کەچی کەس وتەیەکی نەدەهێنایەوە تاشەڕکەران بە گوناهبار بزانن، کەس چەقۆی لە دەستی کەس نەدەسەنی، وەختی بڕینی سەری بەرامبەرەکەی، کە بێ ئەملا و ئەولا، بە حەڵاڵی دەزانی،** (سەلمان،٢٠١٥،٣٨٥).

هەر لە چوارچێوەی ڕەهەندی هزریدا، نووسەر تەوەرێکی بۆ باسکردن لە وێرانە تەرخانکردووە، چونکە شوێنی ڕووداوەکانی دەقەکە، وێرانەی پاش ئەنفالە، ئەمەش بە ئاشکرا لەسەر زاری (ئادەم)ەوە دەخرێتەڕوو، دەڵێت:**"سا یان ئەوەتا لە ناو هەناوی وێرانەدا داهێنانی خۆت ئەکەی، یاخود لەگەڵی بەشداری داهێنان ئەکەیت".** (سەلمان،٢٠١٥،٢٠٠)، ئەم کارەکتەرە داهێنانی پەیوەست کردووە بە وێرانەوە، چونکە پرسیارکردن لە مرۆڤ، پرسیارکردنە لە نێو دژییەکان، لە نێوان بنیاتنان و وێرانکردندا، تواناکانی مرۆڤ لە داهێناندا سنوریان نییە، وەک چۆن شەیدایی مرۆڤ لە تێکدان و وێرانکردن و هەڕەشەکردن لە ژیاندا سنوری نییە، ئەمەش دەمانباتەوە بۆ ئەوەی، کە بڵێین "بوون فرە شێوازە و لە فۆرمی جۆراوجۆردا خۆی دەردەخات، هەرکام لە شێوازەکان خەسڵەتی تایبەتمەندی خۆی هەیە، بوون وەکو فینۆمینەیەکی سروشت لە فینۆمینەی جیهان و بوونی مرۆڤەوە جیاوازە. فینۆمینەی سروشت دیاردەیەکی ڕاستەوخۆیەو بوونی مرۆڤ تەنیا لە ڕوخاندنیاندا نەک لە بنیاتناندا بەشداریدەکات"،(کەمال،٢٠٠٤،٤٩)، لێرەدا، بەشێکی زۆری بوونەکان خۆیان لە وێرانەدا دەبیننەوە، بۆیە داهێنانەکانیش، لە هەناوی وێرانەدایە، چونکە زۆرجار دەبنەهۆی ورووژاندنی مرۆڤ و تێڕامانی بەرانبەر، بەخۆی و سروشت.

جیاواز لە هەموو ڕوانینەخراپەکان بۆ لێکەوتەکانی وێرانە، ڕۆماننووس لە ڕێگەی (مەردۆخ)ی کارەکتەرەوە، پێمان دەڵێت، دەکرێت بەشێوەیەکی جیاواز لە وێرانە بڕوانین، ببێتە هۆکارێک بۆ تێڕامان و بیرکردنەوە، کاتێک دەڵێت:**"باشی وێرانە تەنها لەوەدایە، کە بوارمان ئەدات بە کاوەخۆ بیربکەینەوە و مێشکمان بە تێڕامانێکی قووڵەوە خەریک بکەین، چونکوو لە کاتی شەڕ و کوشتار بەهەلومەرجی ئەو دۆخەوە ئەبەستریینەوە... کە بوارمان ئەدات بە کاوەخۆ بیریان لێ بکەینەوە، ئا**

**لەم ساتەوەختە و لەم شوێنە گونجاوترت بینیوە بۆ بیرکردنەوە؟...چونکوو وێرانە تەنها شوێنێک نییە، ئێرە هەڵگری کاتێکی بەسەرچووە، کە ساتەوەختێک تیایدا ژیان هەبووە و کوژاوەتەوە"**،(سەلمان،٤٢٨،٢٠١٥)، ئەم کارەکتەرە تیشک دەخاتەسەر ئەوەی دەکرێت، وێرانە بکرێتە دەروازەیەک بۆ بەخۆدا چوونەوەو تێڕامانێکی قووڵ، دەربارەی فاکتەرەکانی وێرانە لای مرۆڤ، چونکە" تراژیدیا ئەو بەشە ترسناک و واقیعییەشە، کە مرۆڤ ڕووتدەکاتەوە بەرانبەر بە کرداری خۆی و دەوروبەری. بێگومان تراژیدیا چاوی مرۆڤ دەکاتەوە، لەسەر لایەنە شاراوەکانی، کە فەرمانی بەردکاری پێدەدەن. چاوی کەسەکان دەکاتەوە لەسەر واقیعێکی نەخوازراو ئیدی کەسەکان دوای ئەوە ئازادن، کام ڕێگایە دەگرنەبەر"(سەلمان،چاوپێکەوتن،٢٠٢١)، دیارە ئەم تێڕامانەش لەهەناوی وێرانەدا، دەکرێت، بە هەردوو باری ئەرێنی و نەرێنی سەیربکرێت، لە ڕووی نەرێنییەوە، بینینی واقیعێکی تاک و ڕووی ڕاستەقینەی هەندێک لە ڕەفتارەکانی، لەهەمان کاتیشدا سەیرکردنی لە ڕووی ئەرێنییەوە بەوەی هەمیشە لە دوای وێرانە دەست پێکردنەوە هەیە و دەکرێت، ئەم تێڕامانەش ببێتە هۆیەک بۆ دۆزینەوە و پێداچوونەوە، بە تایبەتی کاتێک لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ (زۆزان)دا، ئاماژە بەوەدەکات، هیچ وانەیەک لە دنیادا، وەک وێرانە مرۆڤ تووشی تێڕامان ناکات، ئەم تێڕامانەش دەکرێت، مرۆڤ هانبدات، ڕۆڵی هەبێت لە دووبارە بنیاتنانەوە، دەڵێت:**"گەرەکمە لەمەودوا من جێی ئادەم ناو بگرمەوە و بەوانە بڵێم کە ڕێیان ئەکەوێتە ئەو کۆشکە، با چاویان فێربێ وێرانە بخوێننەوە، تا لە دروستکردن نزیک ببنەوە. ئەشبمە ئەو ئەندازیارەی دەستی یەکبەیەکی ئەوانە ئەگرم و ئەیانهێنمە ئێرە، نیشانیان ئەدەم کە چی دەرسی دنیایە، ئەوەتا لە نێو دەقی بەرد و شیش و کۆڵەکەی داڕماو، هانیانیش ئەدەم فێر ببن لە داهاتوودا چۆن ببنە شاگردێکی لێهاتووی وەستایەکی دەستڕەنگین"**، (سەلمان،٥٣٣،٢٠١٥).

هەروەها دەکرێت لەڕێگەی ڕامانەوە، لە وێرانە دیوە جوانەکەی ناخمان گەشەپێبدەین، بە پێداچوونەوە بەو بڕیارانەی، کە داومانە و وێرانەی لێکەوتووەتەوە، بەگەشەدان بە لایەنی مرۆڤ دۆستیمان، ئەمەش لە ڕێگەی تێڕامانەوە لە وێرانەوە:"**پیاوە وەڵامی دایەوە، بۆ نا، زۆرکات وا ئەزانین دەستبەتاڵین، هیچ نییە بیکەین، بە تایبەتی لە کاتی شەڕدا، خۆ ئەتوانین بیربکەینەوە، خۆمان ئەو لایە بۆخۆمان بەهێز بکەین، کە لێیان ڕامێنین و پێیاندا بچینەوە،**"(سەلمان،٩٤،٢٠١٥)، هەرئەم تێڕامانە وا لەمرۆڤ دەکات، کە نەتوانێت پێناسەی وێرانە و کارەساتەکانی پاشماوەی جەنگ بکات، تەنیا لە ئاستیدا مرۆڤ بێدەنگ دەبێت، وەک گێڕەرەوە ئاماژەی پێدەدات:**"بگرە کێشەی لەگەڵ پێناسەی کارەسات پەیداکرد، نەیەتوانی بە هیچ شێوەیەک هەستی بەرامبەریان دەرببڕێ،**

**کارەسات وخۆشەویستی وەکو یەکیان لێهاتبوو، هیچکامیان هەستی ڕاستی مرۆڤ ناتوانێ دەری ببڕێت، باشترە لە ئاستیاندا بێدەنگ بیت".** (سەلمان،٢٠١٥،٤٣٣)، بەراوردکردنی کارەسات بە خۆشەویستی لەو ڕووەوەیە، کە زمان لە توانایدا نییە، گوزارشت لە هەر یەکێک لەم چەمکانە بکات، کاتێک باس لە ڕیشە تاریکەکانی شەڕخوازی لە ڕۆحی مرۆڤدا دەکەین، زمان دەبێتە کەرەستەیەکی خیانەتکار، کە ناچێتە ژێرباری وەسفکردنی هەموو مردن و کارەساتەکانەوە، چونکە تواناکانی زمان لەوە بچووکترن، بتوانێت یەکەبە یەکە، بە جیهانی تاریکی هەر یەکێک لە مرۆڤەکاندا بچنە خوارەوە، بەتایبەتی ئەم کارەساتە ئەنفالیش بێت، چونکە "ڕووبەرێک هەیە لە ئەنفالدا دەکەوێتە ئەو دیو سنووری تەعبیر و ئەودیو سنووری زمانەوە. زمان ناتوانێت بگاتە ناو ئەزموونی ئەوانەی کە چیتر تەنیا لە سمبولێکی گشتی مردندا نەبێت، ناکرێت ئامادەبکرێتەوە، لێرەدا زمان لەبەردەم دڕندەییدا دەوەستێت و دەکەوێتە تێڕامانێکی تیۆریی وگشتی و بە ناچاری باز بەسەر چیرۆکی چارەنووسە جیاوازەکاندا دەدات، وەحشیگەری ئەنفال بە ئەندازەیەکە مردن لە قەوارە ئاساییەکەی دەکاتە دەرێ و دەیکاتە دیاردەیەک کە چیتر زمان ناتوانێت ئابلۆقەیبدات و وەسفی بکات"، (عەلی،٢٠١١،١٠١)، هەر بۆیە، ئاستەمە زمان کارەساتێکی، وەک ئەنفال وەسف بکات.

یەکێکی دیکە لەو چەمکانەی، کە (ئادەم) هەر لەسەرەتاوە، تاکۆتایی دەقەکە، جەختی لەسەر دەکاتەوە دووبارە تێڕامانەوە و سەیرکردنی شتەکان بە چاوێکی وردتر، بە هزرێکی قووڵەوە، ئەمەش لەمیانی گفتوگۆیەکی لەگەڵ (مەردۆخ)دا (ئادەم)دەڵێت: **"کاک مەردۆخ، بە بڕوای من، تۆ هەموو شتەکانی ژیانت وەها تەماشا کردووە، ئەو سەردیوارە هیسی ساڵانێکی بەسەرەوەیە، کەچی تۆ نایبینی، با وەها بێت، کە چۆن خۆت ئەتەوێ، لە بیرت نەچێ، ئالێرەدا تۆ داهێنەری، نەک من، تۆ خەیاڵت بەرفراوانە و هیس بە دیوارەکەوە نابینی، ئەمە پێت ناڵێ کە تێگەیشتن لە شت و لە کەسەکان بە چاوتروکانێک ئەگۆڕێ وهەمان واتایان نامێنێ، کە جاری دووهەم تەماشایان ئەکەین؟"**(سەلمان،٢٠١٥،٢٦٣،)، (ئادەم) پێمان دەڵێت، ناوەرۆک و واتای شتەکان ئەوەنییە، کە لەیەکەم سەیرکردنیدا درکیان پێدەکەیت، بەڵکو لە هەر سەیرکردنێکدا،، واتایەکی نوێی بۆ سەربار دەبێت، بۆیە پێویستە بۆ تێگەیشتن لە شتەکانی دەوروبەر، چەندجارێک لێی ورد ببینەوە، لەهەرجارێکیشدا، واتایەکی نوێمان دەست دەکەوێت و تێڕوانینمانیش بەرانبەریان دەگۆڕێت.

وەک ئاماژەیەکیش، بۆ ئەوەی کارەکتەرەکان دوورکەونەوە لە ڕووکەش و ئاسایی بینین ملوانکەیەکی لە ماڵەکەیدا هەڵواسیوە، لە کاتێکدا ماڵەکەی (ئادەم)، تەنیا پیاوی لێیە و پێیداتێپەڕیوە،

هۆکاری ئەمەش، دەگەڕێنێتەوە بۆئەوەی، ئەو کەسانەی دێنە ماڵەکەیەوە توشی تێڕامان ببن، وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات، دەڵێت:**"ئەو ملوانکەیە لێرەیە، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی دێنە ئێرە بیریان بە لایەکیترا بچێت و بگەڕێن بەدوای واتایا، نەک خەیاڵیان بەلای شتێکی ئاساییدا بچێت، گرنگە ئەو کەسانەی دێنە ئێرە، دەرگای خەیاڵیان وەها بخەنە سەرپشت، نەچن بەلای ئەو شتە سادانەی خەڵکی بەگشتی بیریان بۆ دەچێ"**.(سەلمان،٢٠١٥،٤٩٨)، دانانی ئەم ملوانکەیە، هێمایە بۆ ئەوەی، کە لە ڕابردوودا ژنێک هەبووە، کە ئەم ملوانکەیەی لە ملکردووە، لە کاتێکدا ئێستا تەنیا پیاوی لێدەژێت، هەروەها بۆ ئەوەیە، خەیاڵی ڕێبواران ڕابکێشێت، بەڵام ڕێبواران خەیاڵیان بۆ بوونی ژن لەم شوێنەدا ناچێت، تەنانەت (مەردۆخ)ش، بۆیە نەیتوانی، لەوێ بمێنێتەوە و ڕۆیشت و بەردەوام بوو.

لەڕوانگەی ئەوەی، ڕۆمان جگە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، ڕامان و ڕوانینی وردیش لە خۆدەگرێت، ڕۆماننووس کۆمەڵێک چەمکی، وەک ژیان و مردن لە ڕێگەی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەوە و ڕوانینی قووڵیان، بۆ ژیان و کێشە و ئازارەکانی مرۆڤ دەخاتەڕوو، یان لە ڕێگەی وروژاندنی کۆمەڵێک پرسیار و گومان و بەرجەستەکردنیان لە کەسێتیی کارەکتەرەکاندا، ڕۆماننووس لەڕووی هزرییەوە، لەڕێگەی بەشێک لە کارەکتەرەکانەوە، گرنگیی پرسیار لە ژیانی مرۆڤدا دەخاتەڕوو، بەوەی پرسیاری جەهەری، هۆکارێکە بۆ بەردەوامی ژیان و گەڕان لە پێناوی گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا،(ئادەم) دەڵێت: **"هەندێجار بنیادەم لە ئاستی خۆی ئەچەقێت، کەچی گەشتێکی وەهای دنیا ئەکات، کە هەرچی پرسیارە، لەلای ئەورووژێن، ئەو پرسیارانەی ئەمانژێنن، لە مردن ڕزگارمان ئەکەن، لە ڕاستیشا، لە مردن نییە، ئەوەنەی لە خۆمان دەربازمان ئەکەن، ئەمانبەنە ئەو شوێنانەی وەڵامی ناوەخنی خۆمانی تیایە، کە هیچ کەسێک ناتوانێت چنگی بۆبەرێت، تەنها پرسیارە، کە یەکیەک دێنە پێشێ و ئەوجا دەقاو دەق لە ئاستی خۆیان بە با ئەچن، ئەو پرسیارانەش خۆیان بەو شێوەیەن، کە وەهان، دێن و ئەڕۆن و نامێنن..."**.(سەلمان،٢٠١٥،٢٤٠)، ئەوەی گرنگە لە پرسیارکردندا ئەوەیە، پرسیار عەقڵ دەورووژێنێت، بەڵام وەڵام بێدەنگی دەکات، "پرسیارکردن خەسڵەتێکی مرۆڤانەیە و ئەو کەناڵەیە مرۆڤ تێیدا و لەوێوە ڕاستییەکان دەدۆزێتەوە و دەیەوێت بە داهاتوو بگات. پرسیارکردن هێزێکە مرۆڤ بەرەو داهاتوو دەبات و ڕێگە نادات لە نێو ستراکچەرە چەقوەستاوەکاندا بمێنێتەوە، (کەمال،٢٠٠٧،١٥١)، لەنێو هەموو بوونەوەرانی تردا، تەنیا مرۆڤ پرسیاردەکات و هەوڵی تێگەیشتن لە بوون دەدات، تەنیا بۆ مرۆڤ بوون کێشەیەو هەوڵدەدات، ئەم کێشە تێپەڕێنێت، یان ڕۆشنی بکاتەوە، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت، هەوڵدان بۆ

تێگەیشتن لە پرسیارەکانی بوون و ماناو ژیان، هۆکارە بۆ بەردەوامی گەڕانی مرۆڤ و ژیان، ئەگەرچی، وەڵامی ئەم پرسیارانە لە ناوەخنی خۆماندایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پێیناگەین، چونکە هێشتا، نە مرۆڤ و نە هیچ زانستێک نەگەیشتووە بە وەڵامی ئەم پرسیارانە، هەندێجار ئەم پرسیارانە بە جۆرێک مرۆڤ وندەکەن، خۆی لە بیربکات، کە نووسەر بە دۆخی ڕزگاربوون ناوی دەبات، بەڵام ئەم لەبیرکردنەش کاتییە، سەرئەنجام سەرهەڵدەداتەوە و مرۆڤ تووشی بێ هودەیی دەکات.

گرنگیی پرسیارکردن لەم ڕۆمانەدا، بە جۆرێکە، کارەکتەرێکی، وەک(سەکینە) هەمیشە پرسیار لەسەر شتەکان دادەنێت، وەک خۆی دەڵێت:**"لەلای من، هەمووشتێک پرسیارێکی لەسەرە، هەموو ژیانی پێشووشم هەروابووە، ئێستاش هەروا ئەبێت، ئەو کارەساتەش ئەگەر پرسیاری لەسەر نەبێت، ئەسڕێتەوە، تازە ئێمەش بەوەوە بەستراوین و ناتوانین بیسڕینەوە، لە ژیانمان دەری بکەین، وەک ئەوەی هیچ نەبووبێت"،** (سەلمان،٢٠١٥،٣٥٩)، لەلایەکەوە، لەڕێگەی پرسیارکردنەوە ئاستی ڕۆشنبیریی ئەم کارەکتەرە (سەکینە) دەردەکەوێت، بەوەی کە خاوەنی تێڕامانە و شتەکان بەسادەیی بەسەریدا تێناپەڕێت، بەڵکو لەڕێگەی پرسیارەوە دەیەوێت، بگات بە جەوهەری شتەکان، لەلایەکی دیکەوە، پێمان دەڵێت، پێویستە پرسیاری جدی لەسەر شاڵاوی ئەنفال دابنێین، بۆ ئەوەی لە بیرنەکرێت، بۆ ئەمەش پێویستە، بچینە ناو سەرچاوە قووڵەکانی ئەنفالەوە، دەبێت بە جورئەتەوە لە هەموو جێگەیەکدا بۆ هۆکارەکانی بگەڕێین، گرفتی ئێمە ئەوەیە، هەستدەکەین، کە ئەنفال هیچ شۆکێکی گەورەی لەسەر دنیابینی ئێمەدا دروست نەکردووە، هەروەک (بەختیار عەلی) دەڵێت: "قەیرانی گەورە ئەوەیە کە تا ئەمرۆ ئەنفال ئەو هەستەی لا دروست نەکردوین کە بەشێوەیەکی دیکە لەسەر ژیانی دوای ئەنفال قسەبکەین، ئەنفال کە وەکو گورزێکی کوشندە لەسەر دیدو خەونەکانمان دەرنەکەوێت، نابێتە سەرەتای دنیایەکیتر"، (عەلی،٢٠١٥،١٠٤)، واتە دەبێت ئەنفال ببێتە سەرەتای بیرکردنەوە لە جیهانێکی دیکە. خودی ئەم کارەساتە گەورەیە، دەبێت وامان لێبکات هەموو دەمامکەکان لابەرین و هەموو دیاردەکان، لەبەر ڕۆشناییەکی دیکەدا ببینین، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت، لەدوای ئەنفال دەبێت تێبگەین، جەنگمان نابێت تەنیا لە پێناوی مانەوەدابێت، بەڵکو دەبێت لە پێناوی ماناکانی مانەوەدا،بێت، پێمان دەڵێت بەجۆرێکی تر بیر لە مانەوە بکەینەوە، بە جۆرێکی تر لە لۆژیکی جەلاد و قوربانی بڕوانین، هێزی ئەنفال، هێزی دووبارە بنیاتنانەوەی جیهانبینی بێ، چۆن لە ڕۆشنایی ئەنفالدا دووبارە ژیان بخوێنینەوە.

سەرەڕای گرنگیی پرسیار، ڕۆماننووس لەسەر زاری گێڕەرەوەوە ئەوە دەخاتەڕوو، پرسیارکردنی بەردەوام و جەوهەری، هۆکارێکە بۆ لەدەستدانی بەختەوەری مرۆڤ، بۆیە ئەو مرۆڤانە بەختەوەرن، کە ناخیان ناوروژێت، بەرانبەرشتەکان و هیچ کاتێک پرسیاریان لەلا دروست نابێت، بەڵام ئەم بەختەوەرییەش کورتخایەنە، چونکە مرۆڤ ناتوانێت، بۆ هەمیشە خۆی لە پرسیارلابدات، گێڕەرەوە دەربارەی (مەردۆخ) دەڵێت:**"زۆر دواتریش کۆمەڵێ شتی لێ ڕوون بوەوە، کە ببونە یارمەتیدەری لە دۆزینەوەی وەڵامێکی تاقانەی فرە سەیر، لە ڕاستیدا کەس وەڵام ناداتەوە، چونکوو وەڵام هەر نییە، پرسیارەکان خۆیان و خۆیانن، وەک هەسارە لە بازنەیەکی بە تاڵی گەردوون دەسوڕێنەوە، پرسیار دەکرێت، پرسیاری دی دەکرێت بە وەڵام، ئەم وەڵامەش دەبێتە پرسیارێکیتر، بەوشێوەیە، هەرکەسە بگاتە ئەو پلەیەی ناخی خۆی بەچاکی و وردی بپشکنێت. ئەوە دەگاتە دەرئەنجامێک، لێ ئەمە وەڵام نییە، دەگاتە ئەوەی کە شتە ورووژاوەکانی ناخی هەر کەسە، پابەندە بە شتێکی دەگمەنەوە، شتێک لە ڕەسەنیی یەکەم پرسیاری مرۆڤەوە نزیکە،...ئەوانەشی هیچ ناوەوەیان ناهەژێنێت، خۆیان بە بەختەوەرییەکی فرە کورت هەڵدەخەڵەتێنن، لەوانەیە ئەوەندەی چرکەساتی خواردنی سێوێکی پێ بچێت"**، (سەلمان، ٢٠١٥،٣٨٦)، بە پێچەوانەشەوە، ئەو مرۆڤانەی پرسیاریان دەربارەی دیوێکی تری دنیا لەلا دروست دەبێت، هیچ کاتێک هەست بە ختەوەری ناکەن، چونکە لەکاتی بەدەست نەهێنانی وەڵامی ئەو پرسیارانەدا کە دەربارەی بوون و نەبوون و هەندێ دیاردەی گەردوونن، تووشی هەڵچوون دەبن، ئەمەش وادەکات تووشی جۆرێک لە نامۆیی بوون دەببن، چونکە" نامۆیی لە بوون، مرۆڤ لە بوونی خۆیدا ئەو بۆشاییە دەپێوێت کە دەکەوێتە نێوان ژیان و مردنەوە، واتە ئاکامی ژیان مادام بە مردن کۆتایی دێت، ئیتر هیچ پێویست بەوەناکات مرۆڤ خۆی بە بوون وژیانەوە سەرقاڵ بکات، یەکێ لەو خاڵە جەوهەرییانەی کە لای کەسی نامۆبوو لەم بوارەدا گرنگیی زۆری پێدەدرێت و دەبێتە مایەی سەرنجدان و بایەخدان، مەسەلەی مەرگ و کۆتاییهاتنی ژیانە، بۆیە کەسی نامۆبوو لەم جۆرەی نامۆیی هەمیشە لەو دێوەزمەیەوە دەڕوانێت، کە وەک مۆتەکەیەک چواردەوری بوونی تەنیوە کە ناوی مردنە، ئەم هەڵوێستە لەزۆر باردا گەڕانە بەدوای وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری فەلسەفی گرنگ لە بابەتی ئەوەی کە ژیان چییە؟ بوونی مرۆڤ لە پێناو چیدایە؟ مەسەلەی مردن و کۆتایی بوون چییە؟:، (قادر،٢٠٠٧،٧٣)، هەر ئەم پرسیارانەش، وەک "من کێم؟، مرۆڤەکان بۆ وێرانکاری دەکەن؟، بوون و مانای شتەکانی دەوروبەر چۆن و بۆ؟، ئەم کارەکتەرەی تووشی جۆرێک لە نامۆیی سەبارەت بە بوون کردووە.

ڕۆماننووس کۆمەڵێک گومان و پرسی مرۆیی لە کارەکتەرەکانیدا بەرجەستە کردووە، بە ئامانجی ئەوەی، لە وێوە پرسیار و گومان بورووژێنێت، نەک وەڵامی حازربەدەست پێشکەش بە خوێنەر بکات. بۆیە لە چوارچێوەی ڕەهەندی هزریدا، گرنگیی گومانکردن، وەک حاڵەتێکی سروشتی مرۆڤ دێتەبەر باس، چونکە مرۆڤ لە پێناوی ئەوەی، خۆی لە دۆخی بنبەستی ژیان بە دووربگرێت و لەیەک جۆر ڕیتمی ژیان دووربکەوێتەوە، هەمیشە پێویستیی بە گومانکردنە، هەر بۆیە کاتێک (مەردۆخ) دەگاتە کۆشک، کۆی بارودۆخی ناو کۆشک و کارەکتەرەکان، لەلای جێگەی گومانە و بەردەوام لەگەڵ گوماندا دەژێت، ئەمەش لە ڕێگەی مەنەلۆگێکەوە بۆ خوێنەر دەخرێتە ڕوو **"لە ناکاودا لە خۆی پرسی من چیم لێرە؟ کێم؟ چۆن خۆم بۆیان جێ هێشتووە، تەواوی ژیانم نەشتەرگەری بکەن؟ بۆ لێیان ئەگەڕێم وەها بە هەوەسی خۆیان ناوەوەم شی بکەنەوە؟ هیچ شتێک"،** (سەلمان،٢٠١٥،١٨٠)، هۆکاری ئەم گومان و پرسیارە زۆرەش ئەوەیە، دەیەوێت لەودۆخەی کۆشک تێبگات، چونکە "گومانکردن دۆخێکی بیرکردنەوە و پرسیارکردنی فەلسەفییە و لە پشتییەوە خواستێک هەیە بۆ تێگەیشتن و بەدواداچوون داوای گفتوگۆ و ڕووبەڕووبوونەوە دەکات، بەو واتایەی دەبێتە دەروازیەک، تاوەکو مرۆڤەکان خۆیان لە تاک ڕەهەندی و وەڵامی بنەبڕ بە دووربگرن، هەمیشە ئەودیو شتەکان بخوێننەوە و ڕەهەندە جیاوازەکان ڕەچاو بکەن"، (ڕەسول، ٢٠١٣،٩١)، ئەوەی جێگەی گومانی زۆرە لەلای ئەم کارەکتەرە، ئەوەیە، کە ناتوانێت لەو دۆخەی کە جەنگ دروستیکردووە، تێبگات، جگەلەوەی، هەر بەهۆی جەنگ و توندوتیژییەکانەوە لە دەوروبەر بە گومانە.

### ٥- ناولێنان:

لە بنیاتی کارەکتەردا، بە هۆی ئەو ڕەهەندانەی، کە کارەکتەر پێکدەهێنن کارەکتەر ناوێک هەڵدەگرێت، ئەم ناوەش دەبێتە ناسنامەی کارەکتەر، هەر بۆیە لە ئێستادا ڕەهەندی ناولێنان، گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت.

لەم ڕۆمانەدا، ڕەهەندی ناولێنان، وەک بەشێک لە ناسنامەی کارەکتەر، بەشێوەیەکی ورد و قووڵ کاری لەسەرکراوە، بە پێی ناوەرۆک و گرفتەکان بەکارهاتووە، سەبارەت بە ناوی کارەکتەر لەم ڕۆمانەدا (حەمە مەنتک) دەڵێت:"یەکێک لەلایەنە ئیستاتیکییەکانی ئەم ڕۆمانە کارکردنە لە بارەی ناوەوە، ئاشکرایە هەموو کەسێک ناوێکی هەیە لە ڕێی ئەم ناوەوە دەتوانین ناسنامەی دیاری بکەین، ناو وەک ڕەهەندە ناسنامەییەکەی بە پێکهاتە ژێدەرەکانییەوە هەڵگری ڕەهەندی فکری و

ئاکارییە،...کارەکتەرەکانی ناو ئەم ڕۆمانە پێوەست نین بە یەک ناوەوە، واتە لە ڕووی ناولێنانەوە یەک ناویان نییە، ئەمەیش گومان و ڕاڕایی کۆی کارەکتەرەکان لە فەزا و کەسانی بەرانبەریان دەردەخات، ئاریشەی ناو لێرەدا ئاریشەیەکی خودی و کەسییە"،(مەنتک،١٣٢،٢٠٢١). هەر لەبارەی ڕەهەندی ناولێنان لەم ڕۆمانەدا (سەردار عەبدوڵڵا) دەڵێت:"بەیان سەلمان بایەخێکی زۆر بەوە دەدات کە ناوی کارەکتەرەکان گونجاوی جوگرافیا و زەمەن و فەزای سیاسی و ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئایدیۆلۆژیای خۆیان بن. هەر بۆیە بەوردی ڕەچاوی ئەو پێوەرانەدەکات، بایەخێکی زۆر بەلایەنی دەلالی دەدات"،(عەبدوڵڵا،٢٠٢١،٢٠)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ناو دەبێت "ئیقاعێکی تایبەتی هەبێت و گونجاوبێت لەگەڵ ژینگە و زەمەنی گێڕانەوەدا"، (عەبدوڵڵا،٢٠٢١،١٤). چونکە "ناوی کارەکتەر بۆ خۆی بەشێکە لە پێکهاتەی کەسایەتییەکە، کاتێک کارەکتەرێک باشە یان بەدکارە، دەوڵەمەندە یان هەژارە، ناوێکی پێدەدرێت تاڕادەیەک دەبێت نیشانەی کەسایەتی تێدابخوێنینەوە"،(سەلمان،٢٠١٢،٤٠١)، نووسەر توانیوێتی گونجاندن لە نێوان ناوی کارەکتەر و سیفەت و تایبەتمەندی کارەکتەردا لەلایەک، هەروەها ناوی کارەکتەر و ناوەرۆکی دەقەکەدا لەلایەکی دیکەوە بکات، کە ئەمەش لەناو ڕۆماندا پێویستییەکی ئەم پرۆسەیە، چونکە"ئەگەر چیرۆک و ڕۆمان مێژوویی بن، ئەوا پێویستە ناو وەک کەسایەتییەکان هەڵگری چرکە ساتی ڕوودانی ئەو بەسەرهاتە بێت، مۆرکی سەردەمی باسلێکراوی پێوەبێت، ڕۆمان وچیرۆکی واقیعی، ناوی واقیعی و ڕیالیستی پێویستە، لە ئەفسانەدا ناوەکان هەڵگری چەمکی کلتوری ئەو نەتەوەیەن، کە ئەفسانەکەی تیادا خولقاوە"،(کەسنەزانی، ٢٠١٢،١٠٦).

تەکنیکێکی گرنگیی ئەم ڕۆمانە دوو ناوییە، کە پیاوانی "شەوانی ئادەم" هەڵگری دوو ناون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆرهۆکار، وەک ئەوەی کورد مەحکوومە بە فەزایەک، کە ناتوانێت، ناوی ڕاستەقینەی خۆی بڵێت، وەک لە گفتوگۆیەکدا (ئادەم) بە (ژینۆ) دەڵێت،**"تۆ ئەگەر ئەوێری ناوی ڕاستی خۆت بڵێیت، با ئەوەش هەر ناو نەنێم بوێری، با بەسادەیی بڵێم، ئەگەر ئەتوانی پێم بڵێیت ناوی پێشووترت چییە"**، (سەلمان،٢٠١٥،٢٠٥)، کارەکتەری سەرەکیی ئەم ڕۆمانە، کە ناوی (ئادەم)ە، ڕۆمانەکەش هەر بە ناوی ئەمەوە ناونراوە، لەم ڕۆمانەدا (ئادەم) کاتێک ژنەکان دێنە ماڵەکەی دەڵێت:**"پێم بڵێن وەستا"**، (سەلمان،٢٠١٥،٣٤٢)، دەکرێت، ئەمەش ناوی خۆی نەبێت، چونکە ناڵێت ناوم وەستایە، دەڵێت پێم بڵێن وەستا، دواتر بووە بە(ئادەم)، لەبارەی ناوی ئەم کارەکتەرەوە (هەرێم عوسمان) دەڵێت؛"ئادەم یەکەم مرۆڤی یاخییە لە ژیانی بەهەشتیانە، یەکەم مرۆڤە مێژووسازیی دەکات، ئەو دەسپێکی ژیانی نوێیە، هاوکات بەوە لە فریشتەکان جیادەکرێتەوە کە

خودا دەسەڵاتی ناونانی پێداوە، ناونانیش بریتییە لە خەڵق، ناسین و ناسنامەپێدان، لەم ڕۆمانەشدا (خۆناونانەوە) بریتییە لە جۆرێک لە خۆ دروستکردنەوە و خۆ بنیاتنان، چونکە دەسەڵاتی خوایانە لە مرۆڤدا هەیە"،(عوسمان، ١٧٤،٢٠٢١)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ناوی (ئادەم) دەلالەت لە چیرۆکی حەزرەتی (ئادەم) دەکات سەبارەت بە ئەفراندن و دەستپێکردنی ژیان وهەڵبژاردنی ناولێنان بۆخود، بە واتایەکی دیکە، چۆن ئادەم بە دەستپێکی ژیان دادەنرێت، لەم ڕۆمانەشدا کارەکتەری (ئادەم)بە دەستپێکی ژیانەوە دادەنرێت، هەوڵی تێگەیشتن لە خۆی دەدات، بۆ ناسینەوەی سیستمی بەها و تایبەتمەندییەکانی خۆی، هەروەها هەموو کارەکتەرەکانی نێو کۆشکەکەیدا ئازادن لە هەڵبژاردنی ناوێک بۆخۆیان، هەروەک (پاساری ناو) باس لە خودسازیی و دەسەڵات پێدانی ناولێنان، لەلایەن(ئادەم)ەوە دەکات، بە کارەکتەرەکانی دیکە دەڵێت:**"هەرکەسێک دێتە ئێرە، خۆی ناو بۆ خۆی دائەنێت، لێرە لە دایک ئەبینەوە و خۆمان ناوی نوێی خۆمان دەستنیشان ئەکەین، ئەگەر ناز ناوێکشمان بۆ هەڵبژێریێ، وەک ئەمەی من، هەر بە ئارەزووی خۆمانە بە خۆمانەوە بیلکێنین یان نا"**، (سەلمان، ٩٥،٢٠١٥)، دیارە، هەڵبژاردنی ناوی نویێ، بە واتای دەستپێکی ژیانی نویێ، نەک تەنیا ناوێک بێت و هیچی تر، هەروەها لە گفتوگۆیەکی تردا(ئادەم) بە (مەردۆخ) دەڵێت:**"بڕوانە دەورت، چی ئەبینی؟ کۆمەڵێ پیاوی بێناونیشان، تەنانەت ناوەکانیش وەک هی تۆ داهێنراون. ئەبینی؟ کە من باسی سروشتم لەگەڵ کردی، ئائەمە بەشێکە لە بەشداری داهێنان لەگەڵ سروشتدا، کە خۆت ناو بۆ خۆت داهێنی، ناوێک بێت لەگەڵ دۆخی ئێستات بگونجێت**"،(سەلمان،٢٠٥،٢٠١٥)، مرۆڤ چۆن دەتوانێت، هۆگری سروشت بێت لە هەمانکاتدا خولقێنەری خۆشی بێت، ژیانێکی پڕاو پڕ بژێت و بەردەوام بێت، لە داهێنان، هەروەک لێرەدا دەبینین، مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا داهێنان لە ناودا دەکات، بۆئەوەی لەگەڵ کات و قۆناغە مێژووییەکەیدا بگونجێت.

(هیوا/مەردۆخ)،وەک یەکێک لە کارەکتەرەکانی دیکە، سەرەتا نازانرێت لە لای دایکی ناوی چییە، کاتێک دایکی جێدەهێڵێت و دەگاتە ماڵی(حاجی تەقی)، خۆی بە (هیوا)دەناسێنێت، دواتر لەکۆشک خۆی بە (مەردۆخ) دەناسێنێت، پاشان لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، دەبێت بە هەڵگرەوەی ناو (ئادەم) و خۆی بە (ئادەم) دەناسێنێت وە مەرجیش نییە، هیچ کام لەم ناوانە، ناوی ڕاستەقینەی خۆی بن. هەروەها (زۆزان)یەکێکە لە کارەکتەرە ژنەکان و لە ناو سەرجەم کارەکتەرە ژنەکاندا تەنیا ئەم کارەکتەرە هەڵگری دووناوە، کاتێک دەگاتە ماڵی ژنەکان، لەلای ژنەکان خۆی بە (بێڤەر) دەناسێنێت، بەڵام دواتر، کە دەگاتە کۆشک، لە کۆشکی پیاوەکاندا خۆی بە (هیوا)دەناسێنێت، هەموو

ئەمانەش لە بوونی فرەناوی لای کارەکتەرەکاندا لە ئەنجامی نا ئارامیی دەروونی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دێنە کایەوە، لەم بارەوە نووسەر دەڵێت:"دەتوانین بڵێین، دوو ناوی و سێ ناوی لەم ڕۆمانەدا، ئاماژەیە بۆ داهێنانەوە. کارەکتەرەکان، ژیانی پێشوویان، کە بە نەهامەتی و شەڕ و کوشتن و بەدکاری بەسەر بردووە، لە کۆشکدا ناوی تر، بۆ خۆیان دادەهێننەوە. کۆشک دنیایەکی بچووکراوەی ناو دنیا گەورەکەی دەرەوەیە، بەڵام لە جیهانی ناو کۆشکدا ئاشتی بەرقەرارە. بۆیە کارەکتەرەکان ئازادن لە هەڵبژاردنی ناو بۆ خۆیان، لەم ڕۆمانەدا، بە پێچەوانەوە، تاقە ناوی ڕاستی، هی ئەو شەش ژنەیە، کە بەر کارەساتی ئەنفال نەکەوتوون و ناوی ڕاستیی خۆیانیان هێشتۆتەوە. وەک ئاماژەیەک بۆ گەورەیی و ڕاستیی ئەنفال، کە ڕوویداوە و دەبێ بمێنێتەوە، نەک ناوی تری لێ بنرێت، ناوگۆڕین سیفەتێکە، بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەی ڕابردوو و دەست پێکردنەوە لە خاڵێکی ترەوە، کە کارەکتەرەکان خۆیان دروستی دەکەنەوە " ( سەلمان،چاوپێکەوتن،٢٠٢١).

سەرەڕای ئەوەی، ناو پێناسی کەسەکانە، بەڵام گەر مرۆڤ خۆی بۆ نەدۆزرایەوە ئەوکاتە ناو نابێتە بەشێک لەتایبەتمەندی و پێناسی کارەکتەرەکان، بۆیە لە گفتوگۆیەکدا (ئادەم) بە (مەردۆخ) دەڵێت: **"ئەوەتا تۆ دەرچووی، منیش و ژینۆکانیش ڕۆژێک لە ڕۆژان دەرچووین، بە هیوای ئەوەی جێیەکی کراوە بدۆزینەوە، لە داخراوی دنیا ڕزگارمان بکات، کەچی تەماشای خۆت بکە، مەردۆخناو، نە من و نە تۆ، تەنانەت ناوی خۆشمان بۆ نادۆزرێتەوە، تۆ ئادەم بیت یاخود من مەردۆخ بم، هیچ لە ناواخنی بابەتەکە ناگۆڕێت"**، (سەلمان، ٢٠١٥،١٧٧)، دیارە، لێرەدا مەبەست لە داخراویی دنیا، دنیای کەسەکانە لە ڕووی هزرییەوە، نەک دنیا بە گشتی، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە (ئادەم) پێیوایە، داخستن و کرانەوەمان هەر یەکە، چونکە زۆرجار ئێمە دەکرێت، لە ناو ژینگەیەکی داخراودابین، بەڵام لە ڕووی خەیاڵ و ئەندێشە و هزرەوە، گەشت بکەین بۆ ژینگەیەکی کراوە، بۆیە کاتێک، کە مرۆڤ نەتوانێت، بگاتە دنیایەکی کراوە لە ڕووی هزر و ئەندێشەوە، ناوی هەرچییەک بێت بایەخێکی ئەو تۆی نییە.

جگەلەوەی، ڕۆماننووس کاری لەسەر ئەو ئاراستەش کردووە، کە ناوی کارەکتەرەکان، لەگەڵ سیفەت و تایبەتمەندی کەسێتییاندا گونجاوبێت، وەک ناوی (سەکینە)، کە بەواتای ئارامی دێت، هەم مایەی ئارامییە بۆ کارەکتەرە ژنەکانی تر وهەم بۆ (ئادەم) کارەکتەری سەرەکیی دوای خۆشویستنی، هەروەها ناوی (هیوا)، کە ئاماژەیە بۆ هیوایەک، هەم بۆ (بێڤەر) و هەم بۆ دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دوای شەڕی ناوخۆی کوردستان، "هەروەها ناوی کچەکانی ئەو دەقە هەموو هەڵگری دەلەلاتی خۆیانن بۆ نموونە(ویژدان)، هاوکات نووسەر بایەخی بەوە داوە کە

ناوەکان هی زەمەن وجوگرافیا خۆیان بن کە گەرمیانە، بۆ نموونە(مەندان و سەکینە). کارکردنیشی لەسەر ناوی (ئادەم) لە چوارچێوەی هەمان تەکنیک مەبەستە، کە پێشتر ناوی وەستایە و ئەمەش دەلالەتی خەڵق و دروستکردنی هەیە، بەڵام دواتر بەهۆی گۆڕینی شوێنەوە دەبێتە (ئادەم)"، (عەبدوڵڵا، ٢١،٢٠٢١).

هەروەها یەکێکی دیکە لە کارەکتەرەکان(پاساری ناو)ە، ناوەکەی پاساری"چۆلەکە" گوزارشت لەباری دەروونیی دەکات، چونکە بۆ ڕاڕایی دەروونی و گومان لە دەوروبەر ئاماژەیە، وەک خۆی دەڵێت: **"نانیشم بە دزییەوە ئەخوارد، پاشان بەرە بەرە هاتمە ناو پیاوەکان، بەڵام بە گومانەوە نانم ئەخوارد، بەڕێز ئادەم و ژینۆ پێیان ئەوتم، کە نان ئەخۆی، بە پاساری ئەچی، پاساری هەمیشە بە گومانەوە نان ئەخوات، تا دەنووکی بۆ وردە نانێک ئەبات، دەجار بە دەوروبەری خۆیا ئاوەڕ دەداتەوە، هێندە ئەترسێ بکەوێتە تەڵەوە"**،(سەلمان، ٩٣،٢٠١٥).

سەرباری ئەم گرنگییە زۆرەی ناوی کارەکتەر لە نێو ڕۆماندا، بەڵام هەندێجار کارەکتەرێک یان زێتر لە کارەکتەرێک لە ناو ڕۆماندا بەر چاودەکەوێت کە بێناون، چونکە ئەگەر ناولێنان لە کارەکتەر، هەڵگری واتا و پەیامێک بێت لە ڕۆماندا، ئەوا بێ ناوی بە هەمان شێوە، هەڵگری واتا و ڕەمزە لە نێو ڕۆماندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێناوی دەبێتە هۆی گرفت بۆ ناسنامەی کارەکتەرەکە، چونکە"ئەو کارەکتەرەی ناوی نییە، تووشی کێشەی شوناس دەبێتەوە. خوێنەر لەبری ناوی کارەکتەرەکە، هۆش و بیری دەخاتە سەر ئەوەی، تا چەند ئەو گۆڕانە بنچینەییەی لە شوێن و دەوروبەر ڕوودەدا،...، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێجار نووسەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی کارەکتەری بێناوەوە، دەتوانێت وا لە خوێنەر بکات لە خۆوە شوناسی کەسێکیتر، یان پاشخانی کۆمەڵایەتیتر نەخاتە پاڵ ئەو کارەکتەرە"، (یاقووب،١٨،٢٠٢١). لەم ڕۆمانەدا، تەنیا سێ کارەکتەری تێدایە، کە هیچ ناوێکیان نییە، ئەویش کاتێک (مەردۆخ) لە کۆشکی پیاوەکانەوە بۆ ماڵی ژنەکان بەڕێ دەکەوێت، لە ڕێگەدا لە ناو وێرانە و کەلاوەکانی پاشماوەی جەنگ وئەنفالدا چاوی بەم دووکارەکتەرە(ژن و پیاو)ە دەکەوێت و گفتوگۆیەکی کورت و سەرپێی لەگەڵ پیاوەکەدا ئەنجامدەدات، بەڵام هیچیان تایبەتمەندی و ناسنامەیان ڕوون نییە لە پاڵ بێ ناوییاندا، هەروەها کارەکتەرێکی پیاویش، لە شەوێکی درەنگدا ڕوودەکاتە ماڵی ژنەکان، قەفەسێکی پێیە، کە باڵندەیەکی شەمشەکوێرەی تێدایە، ئەم کارەکتەرە، ئەگەرچی ناوی نییە، بەڵام هەوڵی ترساندنی ژنەکان دەدات، بۆیە دەکرێت بڵێین، هەڵگری سیفەتی خراپەیە.

## تەوەریی دووەم: شێوازەکانی  ڕانانی کارەکتەر لە نێو ڕۆمانەکەدا :

ئەگەر ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەر بە هەمووجۆرەکانییەوە، ڕۆڵی گرنگییان لە بنیاتی کارەکتەردا هەبێت، شێوازی ڕانانەکەشی، ڕۆڵی خۆی لە ناساندنی کارەکتەرەکاندا هەیە، ڕۆماننووس بە هۆیەوە وێنەی کارەکتەر بۆ خوێنەر دەکێشێت، بۆ ڕانانی کارەکتەر بە کۆی ڕەهەندەکانییەوە، نووسەرانی ئەم بوارە دووشێوازیان دیاریکردووە، ئەوانیش:

### ١- ڕانانی کارەکتەر بە شێوازی ناڕاستەوخۆ:

ئەگەر گێڕەرەوە کارەکتەر و ڕووداوەکان پێشکەش بکات، ئەوا بەم شێوازەی ناساندنی کارەکتەر دەگوترێت ناڕاستەوخۆ، چونکە گێڕەرەوە لە باتی ئەوان قسە دەکات باسی ئەوان و ڕووداوەکان و ژیانیان دەکات.

ئەم شێوازە لە ڕانانی کارەکتەر لە نێو ڕۆمانەکەدا، بەراورد بە شێوازی ڕانانی ڕاستەوخۆ زیاتر کاری لەسەرکراوە، بەشێکی گرنگی بنیاتی دەقەکە بەم شێوازەش چنراوە، بۆنموونە گێڕەرەوەی بابەتی، بەم چەشنە وێنەی (هیوا/مەردۆخ)و گەریدەیی ئەو کارەکتەرە ڕووندەکاتەوە، دەڵێت: **"دەیوست تا ئەو ئاستە بەرز بێتەوە، کە دووریبخاتەوە لەوەی چۆن پێشتر ژیاوە و چی لە مێشکیدایە و یاخود لەوساتەدا بیر لەو شتە ترسناکانە دەکاتەوە، کەچی وشەکانی ناو مێشکی گزییان لێدەکرد، ناویتری لەشتەکان دەنا، ڕووداوەکانی ئا ئەم ساتەی پێ ئاشکرا دەکرد و هەستی پێدەردەبڕی، لە کاتێکدا لەلای ئەو پێش ئەوەی بنیادەم بە دوای خۆیدا بگەڕێ، بە دوای وشەدا بگەڕێت، تاکو شتە قورسەکانی پێ دەرببڕێت کەسی وەک ئەو تامردن بەدوایدا دەگەڕێن. ناشبێ بیدۆزێتەوە، چونکوو هەر دۆزینەوەی دەکاتەوە ئەوەی کە بە ڕاستی بوونی نییە، خۆشی وەک ئەو وشەیە دەهاتە پێشچاوی، کە نەدەبوو بدۆزرێتەوە"**.(سەلمان،٢٠١٥،٤١٣)، بەمجۆرە کارەکتەرسازییە بابەتییە، حیکایەتخوان ڕووداو و وێنەی ئەم کارەکتەرەی لە چەشنی هەواڵدا دووبارە بۆ خوێنەر گێڕاوەتەوە، بەوەی ئەم کارەکتەرە دەیەوێت، لەو توندوتیژییەی، کە لە ڕابردوودا بینیویێتی، ڕزگاری ببێت، لە ئێستایەکی ئارام لە کۆشکدا بژی، بەڵام خەیاڵی ڕزگاری نابێت لەو تووندوتیژییە لەگەڵیدا هەر بەردەوامە، بەوەی کاریگەریی لەسەر باری دەروونیی بەردەوام دەبێت، لەلایەکی ترەوە نووسەر بوونی مرۆڤ و دۆزینەوەی خود لە گوزارشتکردندا دەبینێتەوە، چونکە پارچەی بوونی هەر کارەکتەرێک لە ناو زماندا کۆ دەکرێتەوە، واتە پارچەکانی بوون لەناو حیکایەتەکاندا، واتە لەناو زماندا دەدۆزنەوە، هەروەک (هایدگەر) پێیوایە زمان، ماڵی بوونە دەڵێت:" گوتار لە ڕووانگەی بوونگەرانەوە زمانە، چونکە ئەو هەبووانەی، لە ڕوونکردنەوەدا دەردەکەون و ئاماژەیان

بۆکراوە لە نێو جیهاندان"،(هایدیگەر،٢٠١٣،٢٣٧). ئێمە لە ڕێی گوتنەوە، تێگەیشتنمان بۆ بوون لە جیهاندا ڕوون دەبێتەوە، گوتن ڕاستەوخۆ بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوەش بریتییە لە بوون، کاتێک لە ڕێی زمانەوە دەردەکەوێت. هەروەها نووسەر پێی وایە مرۆڤ ناکرێت خۆی بدۆزێتەوە، هەرکات خۆی دۆزییەوە، ئیتر بوونی نابێت و هەموو سیحری بەتاڵ دەبێتەوە، بەواتەیەکی دیکە "دۆزینەوە کۆڵدانە لەوەی، ئیتر بەدوای هیچدا ناگەڕێیت! بەڵام لەناو پرۆسەکەدایت، ئەمە بۆخۆی هاندانە بۆ دۆزینەوە، لەوانەیە ئەمجۆرە گەڕانە، هەتا مردن لەگەڵماندا بێت و پەیوەستە بە گەڕانێکی وجوودی سەیر لە ناخی هەر یەکێکدا، مەرج نییە هەموو کەس هەستی پێبکات، یان بزانێت، کە دەگەڕێت، بەڵام بە نهێنی شتێک لە ناخیدا پەنگی خواردۆتەوەو پێی دەڵێت، ئەگەر درۆ لەگەڵ دەوروبەریشیدا بکات ناتوانێت، لەگەڵ خۆیدا درۆ بکات"(سەلمان، چاوپێکەوتن،٢٠٢١). بە واتەیەکی دیکە، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت کە "بوون بۆشاییەکە پڕناکرێتەوە، بەڵام بەردەوام لە هەوڵی پڕکردنەوەیدایین، واتە پرۆژەیەکە ناگاتە کۆتایی، بوون دوا شێوە و فۆڕمی نییە، بیگەیێنێ و دەستنیشانی بکەین"،(عەلی،٢٠٢١،١٠٠).

هەروەها گێڕەرەوەی (بابەتی)، کەسێتیی (مەردۆخ)مان بۆ دەخاتەڕوو بەوەی، کە نازانێت لە ژیانیدا وێڵی چییە ، سەرەڕایی ئەوەی بەردەوامە لە گەڕاندا بەمجۆرە:**"مەردۆخ خۆی وا دەبینێ، کە بە چاکی خۆی ناناسێت، ئەگەر چی ئەوەی بە چاکی دەیزانی، دووشتە لە ژیانیدا، یەکێکیان لە هەموو ژیانیدا بە دوای شتێکدا گەڕاوە و دەگەڕێ هەرگیز نازانێ چییە: ڕەنگە شوناسی بێت وەک مرۆڤێک، ئەوی تریشیان، کە خۆی بە کەسێکی سادە و ساکار دێتە پێشچاو و هیچ پێوەندییەکی بەم هەموو ئاڵۆزییەی ئێرەوە نییە، هەرچەند لێشیان ورد بێتەوە، ناتوانێ لێیان حاڵی بێ. بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ لەو قسەیەی ژینۆ کردی، حاڵی ببێت، گوایە ئادەم دای هێناون"**،(سەلمان، ٢٠١٥،١٢٣)، گێڕەرەوە وێنەی (مەردۆخ) بەجۆرێک دەکێشێت، کە خۆی ناناسێت، چونکە ناسینی خۆت ڕێگایەکە بۆ ئەوەی، هەموو شتەکان لەبەر چاوتدا ڕوون بن، جگەلەوەی، مرۆڤ هەمیشە بەدوای شتێکی نەزانراوا وێڵە، کە لە پشتی هەموو سەفەرەکانییەوەیە، دەنگێکی نەزانراودا لە ناخیدا نا ئارامی دەکات، بەڵام درکیشی پێناکات، ئەم دەنگەی ناو ناخی چییەو چۆنە؟ نازانرێت، چۆنیش پێیدەگات، جگە لەوەی (مەردۆخ) پێیوایە، داهێنراوی بارودۆخێکن، ئەو دۆخەی لە ناو کۆشکدا بەرقەرارە و ڕووداوەکانی ئەم دۆخە ڕۆڵێکیان پێدەگێڕێت، هەربۆیە، هەمووشتەکان، لای ئەم ئاڵۆزە و تێناگات چۆن لەگەڵ ئەم دۆخەدا بیانگونجێنێت، سەرەڕایی خود ونکردنی.

لە نێو کارەکتەرە ژنەکاندا، ڕۆماننووس لە ڕێگەی شێوازی ڕانانی ناڕاستەوخۆ و گێڕەرەوەی بابەتییەوە کەسێتیی (زۆزان حاجی تەقی)مان بۆ دەخاتەڕوو وەک کچێکی یاخی، چونکە بە پێی نەریتی کۆمەڵگەی ئێمە، کەمترکچ بە دوای خۆشەویستەکەیدا دەڕوات، بەڵام لێرەدا، کچ بڕیار دەدات بە دوای ئەوکوڕدا بگەڕێت، کە خۆشی دەوێت و هەموو قوربانییەک، لە پێناوی خۆشەویستییەکەیدا بدات و دەستبەرداری خێزان و کەسوکاری ببێت، ئەمەش وایکردووە، وەک کچێکی یاخی لە هەموو نەریتەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی دەربکەوێت، گێڕەرەوە بەم شێوەیە بۆ خوێنەری دەخاتە ڕوو "**ئەو ئێوارەیەی کە هیوا ناو بۆ هەتا هەتایە لە گوندەکەیان ون بوو، زۆزان بڕیاری هاتە سەر ئەوەی کە ئەویش لە دنیا یاخی بێت و دوای ئەو بکەوێت، بە هیچ شێوەیەک نەیویست دەستبەرداری ئەو خۆشەویستییە ببێت... ئەگەر لافاویخوێنیش پێشیبگرێت، هەر نەوەستێت. دڵی لەت لەت ببوو، لێ، لاواز نەببوو**"، (سەلمان،٢٠١٥،٤١٦)، گێڕەرەوە، جگە لە یاخیبوونی، وەک کارەکتەرێکی خۆڕاگر لەبەردەم ئازار و دۆخە سەختەکانیشدا، وێنەی بۆ خوێنەر دەکێشێت، هەر بەم شێوازە لە ڕانانی کارەکتەر، لایەنی هزریشی بۆ خوێنەر خستۆتەڕوو: "**هەست دەکرا زەینێکی تیژی لە کاسەسەریدا هەڵگرتووە. لەو ژنانە بوو، کە دەڵێن لە هەموو بارودۆخێکدا خۆی ڕزگاردەکات، نە باوبۆران، نە ئاگر و نە بەفر، ڕێی لێنەدەگرت بگاتە مەبەستی، پێشبینیی هەموومەترسییەکیشی دەکرد و خۆی بۆ ئامادە کردبوو**"،(سەلمان،٢٠١٥،١٢٣). لەڕێگەی ئەم شێوازەوە، لە ڕانانەوە کەسێتیی (زۆزان) خراوەتە ڕوو، بەوەی هیچ بەربەستێک ڕایناگرێت لە گەیشتن بە خۆشەویستەکەی، بۆیە وەک کارەکتەرێکی بەهێز و خۆڕاگر، لەهەمانکاتیشدا، وەک کچێکی ژیر ،کە لێکدانەوەی بۆ هەموو ئەو پێشهاتانەکردووە، کە ڕەنگە بێنە پێشی و خۆی بۆ ئامادە کردوون، پێشکەش بە خوێنەر کراوە، بەڵام پێمانوایە، لە ڕانانی ئەم کارەکتەرەدا، ڕۆماننووس تووشی جۆرێک لە دژیەکیبووە، بەوەی لەلایەکەوە وەک کارەکتەرێکی ژیر دەیخاتەڕوو، وەک لێرەدا دەردەکەوێت، لەلایەکی دیکەوە لە هەندێک شوێنیتردا، وەک کارەکتەرێکی تەواوسادە و ناڕۆشنبیر دەیخاتەڕوو، کە توانای تێگەیشتنی زۆرکەمە لە کارەکتەرەکانی دیکە، وەک ئەوەی نازانێت، هۆرمۆن چییە، (ئادەم) دەڵێت :"**باسەکەی فرە ئاسان کردەوە بۆی و وتی بابڵێین لە نێو لەشی هەریەکێکمان کۆمەڵێ شت هەن، وەک ئاو و چای، بەلای ئەوەدا ئەمانبەن، ببینە پیاو یان ژن...**"، (سەلمان،٢٠١٥،٤٩٦)، یان لە گفتوگۆیەکی دیکەدا، نازانێت خواردنەوە چییە، جگەلەوەی، کچێکی گەنج و کەم ئەزموونیشە، بۆیە وێناکردنی بەو جۆرەی، کە بیرلە هەموو پێشهاتێک بکاتەوە، لەگەڵ ئەم ئاستی هزرییەیدا، پێمانوایە، کەمێک دژبەیەکە، چونکە گێڕەرەوە

ڕەهەندی هزری ئەم کارەکتەرەی بە جۆرێک دەرخستووە، بەوەی گەیشتووە بە ئاستێک، کە گوێی لە بێدەنگی بێت و هەموو جوانییەکان بە جۆرێکی جیاوازتر ببینێ، ئەگەرچی ئەمەشی بۆ جێگۆڕکێی لە نێوان شارەدێ و گوندەکان گەڕاندۆتەوە، چونکە زۆرجار جیگۆڕکێ جۆرێک لە دنیا بینیی نوێ بە مرۆڤ دەبەخشێت و ڕوانینی ئەرێنی بۆ شتەکان لەلادروستدەکات، وەک لێرەدا لای ئەم کارەکتەرەدا دەبینرێت:**"بێڤەر ناویش لەو کەسانەبوو، کە ڕیشەی هەڵکێشرابوو، ئەوەی ئەوی لە کەسانی تر جودا دەکردەوە شتێک بوو، ئەم لە هەڵکێشانەوەی بۆ نیشتەجێبوونی لە ئۆردوگا زۆرەملێکان و پاش ئەوەی گەڕانەوەی بۆ گوند، فێری کردبوو لە بەهای جوانیی تێبگات، لە چاوی بەرامبەرەکەیدا تێبینی قینی نەدەکرد، لەبەرچاوی ئەو شیعریان دەوتەوە، بە بێ ئەوەی گوێی لە وشەیەکیشیان بووبێت، یاخیبوونی ئێستاشی، گەشەکردنی بەڵگەکان بوون لەلای، کە ئەو توانیی گوێی لە بێدەنگی بێت. لەوانە بوو کە هەمیشە بە خۆی دەوت: بۆچی بە چرپە قسە بکەین، ئەو دەمەی ئەتوانین بێدەنگ بین و چاک گوێمان لە یەکتر بێت؟"**.(سەلمان،٢٠١٥،٤١٥). لایەکی دیکەی گۆڕانی ئەم کارەکتەرە، ئەوەیە، کە قوربانی جەنگە و مرۆڤ لە دوای جەنگ و شەڕ و جینۆساید و وێرانە هەرگیز، وەکو خۆی نامێنێت، چونکە بۆچوونی مرۆڤ دەگۆڕێت، سەبارەت بە خۆشەویستی و قین، سەبارەت بە شوێن و کات، سەبارەت بە خودی ژیان و مردن... ئەم جێگۆڕکێیەی، ئەم کارەکتەرەش، کە جەنگ پێی کردووە، هزری تری لێ بەرهەم دێت، کە تەواو جیاوازە لەوەی پێشتر هەیبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێمانوایە، لە وێناکردنی ئەم کارەکتەرەدا دژبەیەکی هەیە.

وەسف ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆیە، کە ڕۆماننووس لە وێناکردنی کارەکتەردا پەیرەوی دەکات لەم شێوازەدا، نووسەران وەسف بەکاردەهێنن، بۆ وەسفکردنی دیوی دەرەوە و سیما و جەستەی کارەکتەر، هەروەها وێناکردنی هەست و سۆزی کارەکتەر بە کورتی، لەم بارەیەوە(سیزا قاسم) دەڵێت"وەسف بووە بە توخمێکی بنەڕەتی لە هونەری ڕۆمانی هاوچەرخدا".(قاسم،١٩٨٤،١١٢)، ئەرکی ڕۆماننووس وێنە کێشانی کارەکتەرەکانە، ئەم وێنەکێشانەش بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی وەسفەوەیە، وەسف وێنەگرتنی زمانییە، وێنەی شتی بینراو ونەبینرار دەگرێت، بە وشە دادەڕێژرێت و پێشکەش بە خوێنەر دەکرێت، لەڕێگەی کۆپلە وەسفییەکانی نێو ڕۆمانەوە، ئاستی ڕۆشنبیری و هەڵوێست و ڕەوشت و ڕەفتاری کارەکتەرەکان ڕوون دەکرێنەوە، هەروەها جیاوازیی بیروباوەڕیان دەخرێنە ڕوو، بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە، (نەجم ئەڵوەنی) پێیوایە ڕانانی کارەکتەر لە ڕێی ڕووداوەوە، پەسندترە لەوەی، لە ڕێی وەسفێکی ڕاستەوخۆوە بە خوێنەر بناسێنرێت، دەڵێت:" کەسێتی ناو ڕۆمان دەبێت وردە وردە لە ئەنجامی پراکتیکدا سیفەتەکانی خۆی

بەدەست بهێنێت، واتە بە هەقی خۆی بیگاتێ و لە ئەنجامی ئەو سیفەتانەوە بێت کە ڕۆماننووس دەیخاتە پاڵی"، (ئەڵوەنی،٢٠٠٩،١٥٢).

لەگەڵ ئەمەشدا، وەسف هەر لە خۆڕا و بێ هۆنایەت، "بەڵکو هەموو پارچەیەک لە پارچەکانی وەسف یارمەتی بنیاتی کارەکتەر دەدات و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی لە گەشەی ڕووداوەکاندا هەیە، بۆ ئەوەی هەموو توخمەپێکهێنەرەکانی دەقی ڕۆمان بچن بەنێویەکدا و یەکەیەکی ئۆرگانی پێکبهێنن و ئەو بەشە جیاوازانە دەبنە ئاوێنە و وێنەی یەکتری دەدەنەوە، بۆ پێشکەشکردنی وێنەیەکی بەرجەستەکراو"،(ئەسعەد،٢٠٠٦،١٨٩)، جۆری وەسفی کارەکتەرەکان پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە جۆری جێناو و گۆشەنیگای بەکارهاتووەوە هەیە، ئەمەش هانمان دەدات، کە لە ڕووی بنیاتەوە تەماشای وەسفەکان بکەین و بزانین لە ناو تەونی هونەریی ڕۆمانەکەدا چۆن بنیاتنراوە و بە چ شێوازێک، لە لایەن گێڕەرەوە و کارەکتەرەکانی ترەوە پێشکەشکراوە.

بۆنموونە گێڕەرەوەی هەمووشتزان، لە ڕێگەی وەسفێکی وردەوە، دۆخی ژیانی ژنەکان بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو، کە لە ساتەوەختی ئەنفالدا دەیانەوێت هەڵبێن و بەر شاڵاوی ئەنفال نەکەون، هەموو خەون و مەبەستیان، بووە بەگەیشتن بە پەناگەیەکی ئارام، جگە لەوەی داهاتوویان نادیارە و هیچ تروسکایەک لەو ساتەدا بەدی ناکەن، دەڵێت:**"تەنها مەبەستیان هاتبووە سەر ئەوەی بچنە ئەودیوی کێوێک، تا بگەنە جێیەک شەوی لێ بەسەر بەرن، داهاتووشیان هەورێکی چڵکن بوو، بە چڕی و لەسەرخۆ بەقورسی لەسەر ژیانیان دەنیشتەوە، لەگەڵیاندا خۆریش هێواش هێواش تاڵی تیشکەکانی هەڵدەوەشانەوە و ئاوا دەبووە ئەودیو، وێڕای قورسیی کۆڵەپشتیان، ترس، هەرچی پەلەبوو، خستبوویە قاچیان، خەریک بوو کەشوبا ساری دەکرد، لێ، بابیی ئەوەندە خۆیان پۆشیبوو، کە سەرما تەنگیا پێ هەڵنەچنێ".** (سەلمان،٢٠١٥،٣٣١).

یەکێک لە بنەما گرنگەکانی کارەکتەرسازیی ناڕاستەوخۆ، وەسفی مەتریالی و جەستەیی کارەکتەرە، حیکایەتخوان سود لە وەسفکردنی باڵا و دەموچاو وجلوبەرگ و سیمای دەرەوەی کارەکتەر وەردەگرێت، بۆ ئەوەی وێنەی بەرجەستەی ئەو کارەکتەرمان پێشکەشبکات، بۆیە گێرەرەوە لە ڕێگەی گێڕانەوەیەکی بابەتییەوە، بەمجۆرە وەسفی ژنەکانی ناو تابلۆکە لە ڕوانگەی (مەردۆخ)ەوە دەکات: **"بەوردی تەمەشای ژنەکانی کرد، لەوێوە دەستی پێکرد، کە ژنێک قژی درێژ و پەخشکردبوو، هەرچەندە لێی ورد دەبووە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت، ئەمە بە ژنی گوند ناچێت، ئەم جۆرە ژنانە، تەنها لەسەردەمی ڕەسەنی شارێکدا بوونیان هەبووە، ژنی دەشتەکی هەرگیز ئەو جۆرە ڕووخسار و بەرگ و ڕێکخستنی قژیان نەبووە،... وێنەیان هێندە تەلیسماوییە، هەرگیز بەوە**

**ناچێت ڕۆژێ خۆشیان ببینێت، دیسان تەمەشای نێوچاویانیکرد، هیچ ژنێکیان چاویان بۆ نەکرابوو، بەوە دەچوو، وێنە کێشەکە دەربڕینی تێیاندا سڕیبێتەوە**"،(سەلمان،٢٠١٥،٢٧٦)، ئەم وێنەیە بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ بۆ خوێنەر خراوەتە ڕوو، گێڕەرەوە سیمای دەرەوەی کارەکتەری بەرجەستەکردووە، لەبەرئەوەشە، جێناوی کەسی سێیەمی(ئەو)، بۆ ڕانانی وەسفەکان بەکارهاتووە، وێنەکەش زێتر مادیی و سیمای دەرەوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سیمایان گوزارشت لە باری دەروونییان دەکات هەر ئەمەش وایکردووە، سیمایان ئاڵۆزبێت، تابلۆکە نیشانەیە بۆ هەزاران ژنی ئەنفال، کە یەک روخساریان بۆ دروستکراوە و لە هەموو ئەو ژنانەدا دووبارە دەکرێتەوە، کە بێ وێنە ماون و وبێ سەروشوێنن، بەڵام لە تەمەنی جیاوازدا، نیشان بدرێت، کە ژنان لە هەموو تەمەنە جیاوازەکاندا بەر ئەنفال کەوتن، واتە لەم تابلۆیەدا لە سیمای ئافرەتێکی ڕزگاربووی ئەنفالەوە، وێنەی هەزاران ژنی ونبووی ئەنفال بەرجەستەکراوە، لە بارەی تابلۆکەوە (مەهدی عومەر) دەڵێت: "تابلۆیەکی شێوەکاریی گەورە لە ماڵەکەی ئادەمدا دەبینرێت، کە هێمایە بۆ گرنگیی وبەهای هونەری لە ژیان و بوونی مرۆڤدا، ئەم تابلۆیە دەرگا لەسەر یادەوەریگەلێکی زۆر دەکاتەوە، کە زەحمەتە بیربچنەوە، تابلۆکە کۆمەڵێک فیگەری ژنن، کە عەشقی ئادەم بۆ یەکێک لەو ژنانە، بووەتە هۆی خولقاندنی ئەو تابلۆیە، کاتێک ئادەم شوێن عەشقەکەی دەکەوێت، تابلۆکە دەگۆڕێت بۆ یادەوەریی کەسێکیتری ناو ماڵەکە، کە ئەویش دیسان ئادەمێکیترە لە ناو تابلۆکەیشدا بە هەمان شێوە فیگەرێکی تری ژن هەیە، کە ئەویش چیرۆکی عەشقێکی ناکامی لە پشتە"،(عومەر، ٢٠١٩،٢٠٤).

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە وەسفی ئەم تابلۆیەدا بۆ جەستەی ژنەکان، وێنەکێشەکە چاوی بۆ ژنەکەکان دروستنەکردووە، لەبارەی نەبوونی چاو لەم تابلۆیەدا، ڕۆماننووس دەڵێت:" لێرەدا خودی دەربڕین مەبەستە، نەک چاوەکە، وەک ئۆرگانێک، نەبوونی دەربڕین بۆ ئەوەیە، جەخت لە گشتی بکرێتەوە، نەک لە تایبەتی، واتە ئەو ژنانە لە دۆخێکی گشتییدان، کە کارەساتی ئەنفالە و هەموو یەک سیمای کارەسات کۆیاندەکاتەوە"،(سەلمان،چاوپێکەوتن،٢٠٢١)، جگەلەوەی، نەبوونی دەربڕین ئاماژەیە بۆ گەورەیی کارەساتەکە، کە مرۆڤ لەئاستیدا توانای دەربڕینی نامێنێت، چونکە هەروەک(بەختیار عەلی) دەڵێت:"هەڵەی هەرە دژواری ڕۆشنبیری ئێمە ئەوەیە، کە کێشەی ئەنفال کورت دەکاتەوە بۆ کێشەی تەعبیرکردن لە خودی کارەساتەکە، ئەنفال دەکاتە کێشەیەک کە نووسەران و شێوەکاران بیکەنە زەمینەی تاقیکردنەوەی توانای خۆیان لەسەر تەعبیرکردن، ئەمەش ئەو دیوەیە لەپێوەندیی ئەنفال و زمان کە زمان هەمیشە تێیدا دۆڕاوە، لە کاتێکدا دەبێت

چەقی قورساییمان لەسەر ئەوەبێت، دوای ئەنفال چۆن ژیان و سیاسەت و ئەخلاق و خۆمان ببینینەوە، واتە وەزیفەی تێکستەکان ئەوە نییە کە تەنیا لە ناو جوغزی ڕووداوەکەدا بمێنێتەوە و لەوێدا گیربخۆن، بەڵکو ئەوەیە کە جارێکی دیکە لەو دیوی ڕووداوەکەوە تیشک بخەنەسەر ماهییەتی ژیان، سەرمانای پێکەوەژیان و لێبوردن، سەرمانای ڕاست و درۆ لەپێوەندییە ئینسانییەکاندا"،(عەلی،١٠٣،٢٠١١)، ئەمەش هەر ئەو هێڵە سەرەکییەیە، کە دەقەکە کاری لەسەرکردووە، کە چۆنیەتی دەستپێکردنەوەی ژیان وپێوەندیی مرۆڤەکان و مانای ژیان و بوون لای تاک، لە قۆناغی دوای ئەنفالدا. بەهەمان شێوەی تابلۆکەی کۆشک، لە کۆتایی دەقەکەشدا تابلۆیەکی دیکە لە خانووەکەی(مەردۆخ/ئادەم)دا هەیە، کە سیمای(زۆزان/بێڤەر)ی تێدا بەرجەستەکراوە، لە سیمای (زۆزان)دا، وێنەی چەندین ژنی قوربانیدەر لە پێناو عەشقێکی ناکام بەرجەستەکراوە، گێڕەرەوە لە چاوی کچێکەوە کە هەمان ناوی ئەو لە خۆناوە دەڵێت: **"چووە تەنیشت وێنەی سەر دیوارەکە، وێنەی کچێکی گەنجی تێدا بینی، بە تەنها لەسەر لقە دارێکی گەش دانیشتووە، هەتا لێی دەهاتە پێشەوە، چاوی ڕەشکەوپێشکەی دەکرد، دەموچاوی کچەکە لە پێشەوە گەنجتر دەینواند..."**،(سەلمان،٥٥٨،٢٠١٥).

هەروەها گێڕەرەوەی بابەتی، بەمجۆرە کارەکتەرەکانی ناوکۆشکمان پێدەناسێنێت، کۆشک لەم ڕۆمانەدا، نەخۆشخانەیەکە بۆ لەخۆگرتنی ئەو مرۆڤانەی، کە تێکشکاون و لەناو وێرانەدا ناسنامەی خۆیان ونکردووە، لە ڕێگەی وەسفێکی جەستەییەوە، بەمجۆرە کارەکتەرەکانی ناو ئەم کۆشکە پێشکەش بە خوێنەر دەکرێن: **"هەر هەموو بە پەیکەری کەسێک دەچوون، ڕاستریشە بڵێین، کە بە کەللە شەکری ساغ دەچوون، بەشی خوارەوەی قاچیان و بەشی سەرەوەشیان هەموو بەیەک دەچوو، دەتگوت یەک لەسەر یەکی دی گیراوەتەوە، چاوی هێندە تیژبوو، بە چاکی هەموویانی بینی -گشتیان جلی کوردیی وەنەوشەییان لە بەردا بوو و مشکییەکی تێکەڵی خەت مۆر و زیرەییشیان بەسەر شانیاندا بوو"**،(سەلمان،٩،٢٠١٥)، هۆکاری لێکچوونی ئەم کارەکتەرانە دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی لە دنیای ناو کۆشکدا، کۆمەڵێک پرەنسیپی لێکچوو بەیەکیانەوە دەبەستێت، لەم بارەیەوە ڕۆماننووس دەڵێت: "لەکۆشکدا هەموو چەمکەکان جیاوازن و داهێندراونەتەوە. ڕەنگی مۆر و زاڵبوونی بەسەر پیاوەکاندا، چوونە ناو جیهانێکی نوێیەوە، کە لە خەڵکی تر جودایان دەکاتەوە، بەوەی، کە ئەو پیاوانە بۆچوون و یەک پرەنسیپ و ئامانج کۆیاندەکاتەوە، کە تەواو هاودژی دنیای دەرەوەی کۆشکە."(سەلمان، چاوپێکەوتن،٢٠٢١)، وەک گێڕەرەوەوە دەڵێت:**"ئەو دابەشبوونەی جیهانی دەرەوەیان وەها دەربڕیبوو، کە هەموو دژ بە دەرەوە، یەک بەرگیان لەبەردا**

**بێت، یەک جۆر هەڵوێست و هەڵسوکەوتیان هەبێت. ئەمانە، تەنانەت شێوەی ئاخفتنەکانیشیان شێوازێک بوو لە دەربڕین، دژ بە دابەشبوونی خەڵکی شار و شارۆچکە و گوند وئۆردوگا و بگرە گەرەکیش**"، (سەلمان، ٢٨٢،٢٠١٥)، ئەم کارەکتەرانە پێکەوە لە ناو کۆشکدا بە ژیانێکی ئاشتیانە و جێهێشتنی توندوتیژی و جەنگەکان دەژین، تێڕوانینێکی قووڵتریان بۆ ژیان و واتای دەوروبەر و ڕاستی و بەختەوەری لای مرۆڤەکان هەیە، جگەلەوەی، ڕەخنە لەودابەشبوونە سیاسییە دەگرن، کە لەدوای ڕاپەڕینەوە کۆی بوارەکانی ژیانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا گرتۆتەوە.

## ٢- ڕانانی کارەکتەر بەشێوازی ڕاستەوخۆ:

لەم شێوازەدا، ڕانانی کارەکتەر لە ڕێگەی کارەکتەر خۆیەوە، یان لە ڕێگەی کارەکتەرەکانی دیکەی نێو ڕۆمانەوە دەبێت، واتە گێڕەرەوەی بابەتی، دەکێشتەدواوە و گێڕانەوە بۆ کارەکتەرەکان خۆیان بەجێدەهێڵێت.

**ڕانانی کارەکتەر لەڕێگەی کارەکتەر خۆیەوە:**

یەکێک لەو شێوازە گرنگانەی، کە لە ڕۆماندا دەبێت بایەخی پێبدرێت، چۆنیەتی ناسین و ڕانانی کارەکتەرە لەسەر زاری کارەکتەر خۆیەوە، واتە ڕۆماننووس ڕێگەدەدات بە کارەکتەر، بۆئەوەی خۆی گوزارشت لە خودی خۆی بکات، بێ ئەوەی حیکایەتخوان ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت، ئەم کردارە ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی کارەکتەرسازیی، بە ڕێگەیەکی گرنگ و نوێ دادەنرێت، چونکە خوێنەر ڕاستەوخۆ، لەگەڵ کارەکتەردا دەبێت، بێ دەست تێوەردانی نووسەر، کاتێک کارەکتەر لە ڕێگەی جێناوی(من) گفتوگۆدەکات، یان ڕووداو دەگێڕێتەوە، پەنا بۆ گۆشەنیگای کەسی یەکەم واتا گۆشەنیگای خودی دەبات، بەمەش گێڕانەوەکە دەبێتە گێڕانەوەیەکی خودی، "ئەم کارەکتەرە کە دەتوانێت کارەکتەرێکی سەرەکی یاخود لاوەکی بێت، بە بەڵگەکانی دەروونزانی بە ئاسانییەکی زێترەوە نوقمی ناوەرۆکی چیرۆکەکە دەبێت، خوێنەر هەست دەکات یەکێک لە کارەکتەرەکان چیرۆکەکەی بۆ دەگێڕێتەوەو گفتوگۆی لەگەڵ دەکات، لەم ڕووەوە بەم گۆشەنیگایە دەوترێت گۆشەنیگای دەروونی"،(ئەڵوەنی،١٤٠،٢٠٠٩). گرنگیی ئەم شێوازە، وای لە هەندێک لە ڕەخنەگران کردووە، پێیانوابێت، ڕۆماننووسی ڕاستەقینە ئەم شێوازە لە دەقەکەیدا بەرجەستە دەکات، لەوانە (ئەندریە جید) دەڵێت: "ڕۆماننووسی خراپ لە کاتی بنیاتنانی کارەکتەردا، کارەکتەرەکە ئاراستە دەکات و وای لێدەکات بدوێت، بەڵام ڕۆماننووسی حەقیقی کاتێک کارەکتەرەکە هەڵسوکەوت دەکات، ئەو گوێی لێدەگرێت و چاودێری دەکات"، (شێخانی،٢٧،٢٠١٢).

ئەم شێوازە لە ڕانانی کارەکتەر لەنێو ڕۆمانەکەدا کەمتر بەکارهاتووە، بەراورد بە شێوازی ناڕاستەوخۆ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشدارە لە بنیاتی ڕۆمانەکەدا، بۆنموونە (سەکینە)، کە یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی نێو ڕۆمانەکە، لەسەر زاری خۆیەوە لە گفتووگۆیەکیدا، لەگەڵ(ئادەم)دا، پێناسی خۆی بۆ خوێنەر دەخاتە ڕوو، دەڵێت:**"وەک خۆت وتت کاتم پێویستە تاکوو بە خۆما ئەچمەوە، منش ژنێکی تەنیام، تەنیایی من لەوەی تۆ سامناکترە، بە کەسێکی زل و درێژ ئەچم، کە جێی لە هیچ شوێنێکا نابێتەوە، یان بە کەسێکی زۆر زۆر کورتە باڵا ئەچم، کە لەبەر بچووکی هەموو کەس ئەیشێلێ، داریش کە کەوت و یان بڕیتەوە، پاش ماوەیەک وشک ئەبێت، من ئەو کەسە زل و بچوکەم و ئەو دارە بڕاوەیەشم، ئێستاکەش کە تۆ ڕازی دڵتم بۆ ئاشکرا ئەکەی، پەشۆکانمت، خەریکە سەرم لێ بشێوێ، لێم تێبگە، ئەمە ئێجگار سەختە بۆ ژنێک لە تەمەنی منا گەلێک قورسە لەم دۆخەی ئێمە تیاین..."**،(سەلمان،٢٠١٥،٣٧٩)، لەسەرەتای گفتوگۆکەدا (سەکینە) تەنیایی خۆی، بە دۆخێکی سامناک ناو دەبات، چونکە"یەکێک لەو نەخۆشییە دەروونییانەی کارەساتی ئەنفال بۆ مرۆڤی کوردی هاوچەرخی دروستکردووە، نەخۆشی خامۆشییە، خامۆشی جۆرە نەخۆشییەکی دەروونییە، مرۆڤ بە هۆی هەندێ فاکتەری دەرەکی وەک فشاری ڕامیاری یان تەنگووچەڵمەی کۆمەڵایەتی یان ناڵەباری باری ئابوری ژیانی مرۆڤ دوچاری دەبێتەوە، ئەو کەسەی دووچاری خامۆشی دەبێت زێتر لایەنی گۆشەگیری زاڵ دەبێت بەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانییەوە، کاریگەرترین لایەنی خراپ بەسەر ژیانی مرۆڤەوە دیار نەبوونی چارەنووسیەتی... ئەوانەی لەو کارەساتە ڕزگاریانبووە تووشی خامۆشی و مات و ملوولی ئازاری دەروونی وسەرلێشێواوی بوونتەوە و سەدان کێشەیان بۆ هاتۆتە پێش"، (عەلی،٢٠٠٩،٢٩)، هەروەها (سەکینە) دایکی دووکچی گەنجە، بەنیازبوو، یەکێک لە کچەکانی لەگەڵ خوشکەزاکانیدا، لە لادێیەکی گەرمیاندا بگەیەنێتە لای دەزگیرانەکانیان، بەڵام بەهۆی ڕوودانی کارەساتی ئەنفالەوە ئاراستەی ڕووداوەکان گۆڕان، ئیدی، کە بەڕێکەوت ڕێی دەکەوێتە ماڵی(ئادەم)، لێرەدا جۆرێک لە هەستی خۆشەویستی لە نێوان (سەکینە و وەستا)دا دروست دەبێت، لە هەمانکاتیشدا، ناتوانێت چارەنووسی هەردوو کچەکەی و خوشکەزاکانی، لەپێناو خۆیدا بسڕێتەوە، جگە لەوەی، ئەو کارەساتە گەورەیەیان بەسەردا هاتووە، بۆیە وێناکردنی خۆی، بە کەسێکی زۆر گەورە و زۆر بچووک مەحاڵی ئەو بیرۆکەی خۆشەویستییەیە، کە لە کۆمەڵگەدا جێی نابێتەوە، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕێگە پێدراو نییە کە ژنێک لە قۆناغی کامڵیدا باسی خۆشەویستیی بکات و پیاوێکی خۆش بوێت، هەر بۆیە دواتر خۆی دەچوێنێ بە دارێکی وشکبوو، کە بەهۆی دۆخی

کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بڕاوەتەوە و سەرئەنجام وشکبووەتەوە، بۆیە لە ئێستادا هیچ لە پێوەندییەکەیان شین نابێت.

ناساندنی کارەکتەر بەم ڕێگەیە، بە جۆرێک گرنگە، کە زانستی دەروونناسی ئاماژە بەوەدەکات ناسی کەسێتیی کەسەکان بەستراوە بە کار و کاردانەوەی کەسەکانەوە، بۆیە ناسینی کارەکتەر لەڕێگەی هەڵسوکەوتەوە، دەبێتە هۆی زێتر قەناعت پێهێنانی خوێنەر بە ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەرەوە، ئەمەش زێتر لە ڕەفتارەی (وەستا)دا دەردەکەوێت، کاتێک دەیەوێت، ماڵەکەی خۆی بۆ ژنەکان بە جێبهێڵێت، چونکە شوێنێکی ئارام لە دەرەوەدا بۆ ژنەکان نییە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە هۆکاری جێهێشتنەکەی هەلپەرستی نییە، بەڵکو لە ڕوانگەیەکی مرۆڤایەتییەوەیە، وەک خۆی ئاماژەی پێدەدات: **"من پیاوی تەنیایی وشەوم،...من گورگێکی تەنیا نیم لە نەبوونی مێگەلێک هەر بلوورێنم، نە تۆپڵە بەفرێکی جێماوم بەسەر لووتکەی شاخێکەوە لە سەرمادا هەر خۆمی پێوەبگرم، نەکەسێکیشم پەنای بۆ نوێژ بردبێت، تاکو یاساکانی ئەو دنیام پێ پڕبکاتەوە، من لێرەم لەم دنیایە، قاچم بەچاکی لە ناو ژیانە، خۆم بە ویستی خۆم دنیای خۆمم پڕ لە واتا کردووە تا ئەم ساتەش کە لەگەڵ تۆم، بەدوای هیچ شتێکدا نەگەڕاوم، من گەشتی خۆمم بۆ هەموو شوێنێک بە ئاسانی کردووە، هەر بۆیە لەوەش تێگەیشتم، کە لە هیچ کوێیەک ئاسایش نییە"**،(سەلمان،٢٠١٥،٣٧٨)، لەم گفتوگۆیەدا (ئادەم) وێنەی خۆی بە ڕوونی بۆ خوێنەر دەکێشێت، ئاماژە بەوە دەکات، کە هۆکاری ئەم هەڵوێستەی، لە هەلپەرستی و ناچارییەوە نییە، بەڵکو لە ڕوانگەی مرۆڤایەتییەوە، دەیەوێت لەم دۆخە نائارامەی ناوچەکە لەناو ئەم خانووە ئارامەدا زێتر لە خۆیان بگەن، پاشان بڕیاربدەن، سەبارەت بەم هەڵوێستەی وەستا (شەونم یەحیا)، دەڵێت"لەڕووی فەلسەفەی کۆمەڵناسییەوە باس لەگەشبینی و ڕاستگۆیی و شکۆی مرۆڤ لە کۆمەڵگە دەکات، بۆ ئەوەی بوون و بەهاکانی خود بە ڕێگایەکی ئەخلاقی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەتایبەت ئەو کاتەی تاک لە حاڵەتێکی دژواردایە و پێویستی بە وانیترە، یاخود کەسایەتییەکی وەک وەستا کە خۆی تەنیایی هەڵبژاردووە"،(یەحیا،٢٠١٩،١٧)، بەواتایەکی دیکە،(وەستا) پێمان دەڵێت، بەهاکان مرۆڤ بەرەو ئاڕاستەیەک نابەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە هۆکارن، کە مرۆڤ بەرەو خودی خۆی دەبەنەوە. کاتێک دەڵێین، کە مرۆڤ بەهۆی بەهاکانەوە دەجوڵێت، لەوێدا شتێک شاراوەیە، ئەویش ئەو ڕاستییەیە، کە هەمیشە بۆ تاک ئازادی هەڵبژاردن، یان دیاریکردن پەیدا دەبێت، ئازادی لەپەسەندکردن، یان ڕەتکردنەوەی هەوڵەکاندا، ئازادی لەهێنانەدی، یان ئاشکراکردنی واتا شاراوەکانی دەروونی خۆیدا، یان نەبینینی ئەو واتایەدا، بۆیە ئەم کارەکتەرەش بە ئازادی، ئەمجۆرەی لەشێوازی ژیانکردن و

گەڕانەوە بۆ خود هەڵبژاردووە، لەهەمانکاتیشدا، هاوکاری ژنەکان دەکات، تەنانەت ئەم یارمەتیدانەشی، لەڕوانگەی دینداری و بیرکردنەوە لە دنیایەکی تر نییە، بەڵکو تەنیا لەپێناوی بەهای مرۆڤایەتیدایە.

هەروەها (ئادەم/وەستا) لەسەرزاری خۆیەوە داوا لە (سەکینە) دەکات، کە بەشێوەیەکی ئەرێنی لێی بڕوانێت، ڕووکەشانە بڕیاری لەسەر نەدات، دەڵێت:**"منیش ئەوەنە داوایەم لێتە، کە بە چاکی بمبینی، من لەو کەسانەم، کە بەرامبەرەکەم بە باشی ناتوانێ زوو بمناسێت، دڵکرانەوە و ڕاشکاویم وا دەکات، یەکسەر حوکمی سادەیی هاکەزایی بەسەرما ببڕنەوە، بۆیە تەنها داوام ئەوەیە لێت، کە بە چاوی ناوەوەت تەماشام بکە**".(سەلمان، ٣٥٩،٢٠١٥)، لەم داوایەدا، (ئادەم) کەسێتیی خۆی بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو، بەوەی کەسێکی ڕاشکاو و دڵکراوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کارەکتەرەکانی دیکە ناتوانن، بە کاتێکی کەم لە تێڕوانین و بۆچوونەکانی بگەن، ئەم دڵکراوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ عاشقبوونی، چونکە نەیتوانیوە، کۆنتڕۆڵی هەستەکانی، بەرانبەر بە (سەکینە) بکات، ئەمەش وایکردووە، وەک کەسێکی خاوەن تێڕوانینی سادە دەربکەوێت، کە لەماوەیەکی کەمدا عاشقی (سەکینە) دەبێت و هەستەکانی بۆ دەردەبڕێت، بەڵام ئەوەدەخاتەڕوو، کە بۆخۆی کەسێتیی بەمجۆرە ڕووکەش نییە.

هەندێجار کارەکتەر لەم شێوازە لە ڕاناندا، گرنگترین و ئاڵۆزترین کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی خۆی ئاشکرا دەکات، لە ئاوات و ئامانج و گۆڕان و تێکشکانەکانی دەدوێت و خوێنەر لەزاری خۆیەوە، ڕاستەوخۆ گوێی لە دەنگی کارەکتەر خۆی دەبێت، بێ ئەوەی چاوەڕێ بکات، کە حیکایەتخوانێک، یان کارەکتەرێکی دی بێت و شیکردنەوە بۆگرفتەکانی بکات، (مەردۆخ) وەک یەکێک لە کارەکتەرەکانی نێو ئەم ڕۆمانە، کاتێک دەگاتە کۆشک لە ڕێگەی گفتوگۆیەکەوە، بە (ئادەم) و هەموو پیاوانی کۆشک دەڵێت:**"بەڕێزان، ڕەنگە من تەواو لەسەر هەق نەبم، بەڵام وای بۆ ئەچم، کە شتێک لێرە کۆی کردووینەوە تا شێوازێکی بنیاتگەر بە بوونمان بدەین بەکورتی، ژیان بخەینە بەر وەرزە وشکەوەبووەکان، بەوەش ئەچێت، پاش ئەو هەموو هێنە و بردەیە لە نێوانمان، کەسمان لێرە نەبین و تەنها بەڕێز ئادەم لێرەیە و دانیشتنێکی تەنیا ئەگێڕێ! با بەڕاشکاوی بڵێم ئێمە بوونمان نییە، لە وانەشە ئەمە لە هەستێک تێنەپەڕێ، کەچی بەسەرمانا زاڵە. هەڵهاتنمان بە هەر هۆیەکەوە بووبێت، گەڕانە بەدوای مانایەک، دروستە کە لە ئێستادا پێناسەیەکم بۆی نییە، کە ئەو مانایە چییە! کۆبوونەوەشمان لێرە، بەوجۆرەی خۆت پێشتر هێمات پێکرد، بەڕێز لێرە چاوی خستە ناو چاوی ئادەم، جۆرێکە لە بەڕێوەبردنی هەنگاوی دیاریکراوی ئەو**

**گەڕانە...".**(سەلمان،٢٠١٥،٢٠٨)، لێرەدا، وێنەی (مەردۆخ) وتەواوی کارەکتەرەکان، وەک کارەکتەرێکی بێ ناسنامە بۆ خوێنەر خراونەتەڕوو، تەواوی کارەکتەرەکان ناسنامە و بوونی خۆیان لێسەنراوەتەوە، دوای ئەنفال دەیانەوێت، بە شێوازێکی بنەڕەتی، بوون و ناسنامەی خۆیان سەرلەنوێ بنیاتبنێنەوە و ژیان بە شێوەیەکی نوێ دەست پێبکەنەوە، بەواتایەکی دیکە، ئەمە بانگەوازێکی بوونگەرانەیە، چونکە"بوونگەرایی بەگشتی خواستێکە بانگی مرۆڤ دەکات ئاوەڕ لە خودی خۆی بداتەوە و پێداگرانە بڕوانێتە خۆی، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ناوبوونی تایبەتی و بتوانێت ببێتە بوونێکی ڕەسەن"،(ڕۆستەم،٢٠١٦،٤٠)، ئەمەش هەمان ئەو تەوەرەیە، کە لە کۆشکدا کارەکتەرەکانی بۆ پەروەردە دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەبەرئەوەی کارەساتەکە مەزنە، بۆیە تاڕادەیەک لە قۆناغی شۆکدان و هێشتا بەرچاو ڕوون نین. سەبارەت بە شێوازی بنیاتگەرانەی ئەم کارەکتەرانە ،(حەمە مەنتک) دەڵێت:"شێوازی بنیاتگەرانە بۆدۆزینەوەی بوونی خۆیان پێرەوی لێدەکەن، ئەم شێوازە بریتییە لە دۆزینەوەی ئەو بنیاتانەی دەقەکەیان پێکهێناوە، بۆ ئەمەش بۆ زمانی دەقەکە دەگەڕێینەوە، هەموو کارەکتەرەکان دوای شەڕ ناسنامە و بوونی خۆیان بزرکردووە، بەواتەیەکی دیکە لێیان سەنراوەتەوە، پارچەبوونی هەرکارەکتەرێک لە ناو زماندا کۆدەکرێتەوە، ئەویش لە ڕێی گێڕانەوەی بەسەرهات و حیکایەتی خۆیان"،(مەنتک،٢٠٢١،١٣٧)، واتە کاتێک کارەکتەر لە ڕێی زمانەوە گفتوگۆ دەکەن و بیرکردنەوەی خۆیان دەردەخەن، لەم ڕێگەیەشەوە، بوونی خۆیان ئاشکرا دەکەن، نووسەر لەسەر زاری ئەم کارەکتەرەوە، پێمان دەڵێت، شێوازی بوونیادگەرانە "نرخی مرۆڤ بەرز دادەنێ و جەخت لەسەرناوازەبوونی دەکاتەوە بەو واتایەی مرۆڤ خاوەن بیرکردنەوە و ئازادیی و ویست و هەڵبژاردنە"،(ساموک،٢٠١١،١٢٦)، هەر ئەمەشە، کە هەمووکارەکتەرەکانی لە کۆشکدا کۆکردۆتەوە و تەوەرێکی بنەڕەتیی ڕۆمانەکەش پێکدەهێنێت.

هەر ئەم کارەکتەرە دواتر بێ هیوای خۆی دەردەخات، بەوەی لە ژینگەیەکی وێرانەی پاش ئەنفال لە گەرمیاندا هەوڵی گەڕانیداوە، بەدوای مانا و هێمای ژیاندا، بەڵام بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشتووە، گەڕان بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، لە ناو ژینگەیەکی لەمجۆرەدا، بە ساویلکەی ناو دەبات، چونکە هەموو سەرچاوەکانی کانیاوی ژیان پڕکراوەتەوە، دەڵێت: **"ئەوەندە من بێئەقڵم، کەس بێئەقڵ نییە، چونکوو ساویلکەم، بڕوام وابوو کە دەرچووم، ئەگەم بەشتێک، دەی ئەوەتا وەک خۆت لەمن باشتر ئەبینیت، سادەترین هێمای ژیان لە هیچکوێیەک نییە، من لە جێیەک دڵی دایکم سووتان، لە جێیەکی دی دڵی کچێکم ڕفاند و هەیکەلەکەیم جێ هێشت"**، (سەلمان،٢٠١٥،٤٣٦). ئەم کارەکتەرە،

هەڵهاتووی جەنگە و وێڵی دوای هێمایەکی ژیانە لە نێو وێرانەی پاش ئەنفالدا، بەڵام لە ژینگەیەکی لەمجۆرە گەڕان بۆ هێمایەکی ژیان بە ساویلکە ناو دەبات، جگەلەوەی، پەشیمانە لە جێهێشتنی دایکی و خۆشەویستەکەی، بەڵام لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، جارێکی دیکە خۆشەویستی بۆ کارەکتەرێکی دیکە(زۆزان)، وایلێدەکات، لە کۆشکدا نیشتەجێ بێت، گەر بە شێوەیەکی کاتیش بێت.

یەکێکی دیکە لە کارەکتەرەکانی نێو ئەم دەقە ( بێڤەر- زۆزان)ە، کە لە سەر زاری خۆیەوە خۆیمان پێدەناسێنێت، بەوەی، لە پێناوی خۆشەویستییەکەیدا ئامادەی هەموو قوربانیدانێکە، جا بەلایەوە گرنگ نییە، بە پێی نەریتی کۆمەڵایەتی، بە کەسێکی لادەریش دابنرێت، بۆیە کاتێک دەگاتە لای ژنەکان و پرسیاری هۆکاری گەیشتن، بەم شوێنەی لێدەکرێت، لە وەڵامدا دەڵێت:"**...تێئەگەن بەدوای چی و بەدوای کێدا کەوتووم؟ ئەگەر ئەمە لەلای ژنی وەک ئێوە بێحەیایی و بێشووریی یە و بە ڕێلادان سەیری ئەکەن، دەی ئەوە من گەلێک بێشەرمم و لە هەرچی ڕێی ئەم دنیایەیە، لام داوەو ڕێی خۆمم گرتۆتەبەر، بێ ئەوەی بێحەیایش بێت لە ڕووتان، پێتان ئەڵێم قەت قەت وازی لێ ناهێنم**"،(سەلمان، ٢٠١٥،٢٣٥). لێرەدا ناسنامەی ئەم کارەکتەرە بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە ئافرەتێکی یاخییە، چونکە ئەم کارەکتەرە بێ گوێدانە نارەزایی و تانەو توانجی کۆمەڵایەتی، خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات، لە هەموو نەریتەکان یاخی دەبێت، هەوڵی گەیشتن بەخۆشەویستەکەی دەدات، بەڵام بە گەیشتنی بە خۆشەویستەکەی دەمرێت. ئەم مردنە، کۆتایی بە گەڕانەکەی دەهێنێت، دواتر لەبەر ئەوەی، ژیان بەردەوامە کارەکتەرێکی تر دێت بەدوای خۆیدا دەگەڕێت، لە پێش ئەوەی، بەدوای کەسێکدا بگەڕێت، بە هەمان ناوی (زۆزان)، لە گەڕانەکەدا بەردەوام دەبێت.

یەکێکی دی لە شێوازەکانی خستنەڕووی کارەکتەر لە ڕێگەی کارەکتەر خۆیەوە، مەنەلۆگە، واتەخۆدووان، یان قسە لەگەڵ خۆکردنە لەناخەوە، بەبێ دەنگ و تەنیا و لە زەیندا، پەنابردن بۆ ئەم تەکنیکە بۆ ئەوەیە، کارەکتەر دەربڕی خودی خۆی بێت "ئەمەش وەکو ئاخاوتنێکی بێ دەنگی سانسۆر نەکراو لە زەینی کارەکتەردا"( سومرلیان،١٩٨٢،٥٨)، ئەرکی مەنەلۆگیش، خۆی لەچەند خاڵێکدا دەبینێتەوە لەوانەش" گوزارشتکردن لە کێشە و بیرەکان بەزەنجیرەیەکی لۆجیکی و بێ کەموکوڕی، هەروەها خستنە ڕووی دنیای ناوەوەی کارەکتەر بێدەست تێوەردانی نووسەر لەڕێگەی ڕاڤەکردن و وەسفکردنەوە بە بێئەوەی کەمترین و بچووکترین دەستێوەردان لە کارەکەدا بکات ....ئارامیش بەکارەکتەر دەبەخشێت"(سەعید،٢٠١٢،١٥٠)، سەبارەت بە مەنەلۆگ (تودوروف) دەڵێت "مەنەلۆگ پرۆسەیەکی توێکارییە"( تودوروف،١٩٨٢،٥٧)، گرنگیی دیالۆگی ناوەوە ئەوەیە کە

پەیوەندیی نزیکتر و واقیعیتر لە وێنە کێشانی بزاوتی هەستەکاندا لە زەینی کارەکتەردا بە دیدەهێنێت، لە مەنەلۆگدا کارەکتەر لەهەردوو رەگەزی کات و شوێن رزگاری دەبێت و ئەم رزگاربوونەش یارمەتیدەر دەبێت، بۆ ئەوەی بەکتوپڕی هەموو ئەوشتانەی، مەبەستێتی، بیگێڕێتەوە، چونکە مەنەلۆگ دەربڕینی دەنگی ناڕازی خودە، بەرانبەر بەهەموو کێشە و حەزە چەپێنراوەکان، راستترین و واقیعیترین دەربڕینە، ناتوانرێت بە ئاشکراو پڕ بە دەم هاوار بکرێت و دەرببرێت، ئەمەش وادەکات، وێنەی کارەکتەر، لەلای خوێنەر روون دەربکەوێت.

بوونی ڕۆڵی مەنەلۆگ لەنێوان کارەکتەر و خوێنەردا پێویستە، چونکە ناخی کارەکتەرەکان بۆ خوێنەر دەخاتە ڕوو. بۆنموونە لەم ڕۆمانەدا (زۆزان) لە ڕێگەی مەنەلۆگێکەوە، پێشبینی بۆ ئایندەی خۆی دەکات، لە بری گەیشتن بە هیوای خۆشەویستی دەگات بە مەرگ، جگەلەوەی، لە ڕێگەی ئەم مەنەلۆگەوە، ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە بە شوێنێک گەیشتووە، هیچ بەرچاوڕوونییەکی سەبارەت بە ئاراستەی ڕۆشتنی نییە، چونکە تەواوی ناوچەکە وێران بووە، بۆیە پێشبینی مەرگی خۆی دەکات:**"لەگەڵ خۆیدا بە کورتی ئەمەی وت: دڵم خەبەری داوە کە لەبری ئەوەی من هیوا بدۆزمەوە، ئەوان من بدۆزنەوە، بۆ بۆنی خوێن ئەکەم؟ ئا لەوێدا گرێکوێرەی هەموو کارەساتەکان لە چاویدا دروستبوو، لە خۆیی پرسییەوە: "تۆبڵێی بزر نە بووبم؟ پاش تۆزێک، هەر خۆشی وەڵامی دایەوە بۆمن لەکوێم تا بزر بووبم؟ ئێستاش بەرەو کوێ ئەچم؟ بگەڕێمەوە کوێ؟... ئەمانەی بە دڵما دێن خورپەی پێشمەرگ نین؟"**، (سەلمان،٢٠١٥،٥٣٧)، ئەوەی لەم مەنەلۆگەدا بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە، ئەم کارەکتەرە لە ناو گێژاوی ئەو دۆخەی، کە تێیکەوتووە لە لایەکەوە بە هۆی جەنگ و کارەساتەوە، لەلایەکی ترەوە، بە هۆی عاشقبوونی بە هیوا و پاشان جێهێشتنی، لەلایەن هیواوە، بووە بەهۆی ونبوونی بە جۆرێک، کە هیچ ئاراستەو بەرچاو ڕوونییەکی لە هەنگاوناندا نییە، تەنیا کوێرانە ڕێگەی گرتووەتەبەر، هەر ئەمەش هۆکاری گەیشتنی بووە بەو شوێنە، کەلەلایەن ژمارەیەک چەکدارەوە، کۆتاییان بە ژیانی هێنا.

هەروەها (سەکینە)ش بە هەمان شێوە لە ڕێگەی مەنەلۆگێکەوە، باسی کەسێتیی خۆی و(مەندان)ی خوشکی دەکات، کە هەم لە ڕابردوودا تەنیابوون و پێشبینیش دەکات، کە لە داهاتووشدا هەر بە تەنیایی بمێننەوە، چونکە هاتنیان بۆ خانووەکەی (وەستا)، بە جۆرێکی تر تەنیایان دەکات، بەوەی خۆشەویستی لە نێوان (سەکینە و وەستا)دا دروستبووە، بەڵام (سەکینە) لە بەرئەوەی، لە لایەکەوە لە کارەساتێکی، وەک ئەنفالدا ڕزگاری بووە، هێشتا کاریگەریی لەسەر ماوە، لەلایەکی ترەوە، بەهۆی ئەوەی، تەمەنی هەڵکشاوە و کچەکانی گەورەبوون، هەموو ئەمانە ڕێگرن، لەم

خۆشەویستییەدا، بۆیە دەبێت یەکێکیان ئەوی تریان جێبهێڵێت، سەرئەنجام (وەستا) وێڵ دەبێت، ئەمەش جۆرێکی تر لە تەنیایی لای (سەکینە) دروست دەکات، (سەکینە) لە دڵیدا وتی"**تەنیایی بنیادەم ئەگەڕێنێتەوە بۆ خۆی، دۆخی ئەم وەستایە، هەلومەرجی خۆم و مەندانم ئەهێنێتەوە بیر، ژیانی پێشوومان، بەوەش ئەچێت داهاتووشمان، هەر بە دەزووی تەنیایی بتەنێتەوە، ... ئەم هاتنەی ئێمە، ڕێخۆشکردنە بۆ شێوەیەکی تر لە تەنیایی، ئەو هەموو شەوەی بەدەم یەکەوە گرێداوە و لە ناویانا بۆتە گەڕیدە، هەرچی بیروڕای کەسانیترە، کە لە کتێب و چیرۆکەکانا بە جوانی بۆمانی ئەگێڕنەوە، دەرهەقی ساتێکی ڕاستی تەنیایی کەسێک نایەن، ئەوەنە بەس نییە تا لە تەنیایی تێبگەی، گەرەکە تیاشیدا بژی، وردە وردە بیخۆی... ئەگەر ئێمەش لە داهاتوودا وەک ئەم لە تەنیاییدا نوقم بین، ئەوا بیروبۆچوونمان گەلێک ئەگۆڕێت**"(سەلمان،٢٠١٥،٣٤٦)، (سەکینە) پێمان دەڵێت، تەنیا لە دۆخی تەنیاییدا مرۆڤ دەتوانێت، لە خۆی ورد ببێتەوە لە خودی خۆی تێڕابمێنێ، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ، باشتر لە خۆی بگات، پێشمان دەڵێت، هەرچی بیروڕای تیۆریی ناو کتێبەکانە، وەک ساتێک ژیان لە تەنیایدا نییە، بۆ نقووم بوون لە خود، پێشیوایە، گەر مرۆڤ گەیشتە ئەم ئاستە لە تەنیاییدا، ئەوا تێڕوانینی بۆ خود و دنیا دەگۆڕێت، جگە لەوەی، هۆکاری تەنیایشی لە داهاتوودا بۆ عاشقبوونی بە(وەستا) دەگەڕێتەوە، چونکە لەم ڕۆمانەدا"ئیشق بۆ داگیرکردنی یەکدی نا، ئیشق بۆ خۆ ئازادکردن، بۆ بەجێهێشتن و بڕیاردان لە بارەی خۆوە، ئیشق لە (شەوانی ئادەم)دا داگیرکردنی یەکدی نییە، بەڵکو یەکدی ئازادکردنە، بە جێهێشتن و تەنیا کردنە، ئیشق هەڵهاتنە لە دەرەوە و گەڕانەوەیە بۆ خود، دەرچوونە لە بێ واتایی و واتا سازکردنە، مانا دانەوەیە بە خود و ژیان، بەرزکردنەوەی ژیانێکی ئایدیالیستیانە لە بەرانبەر ژیانە نا ژیانە واقیعیەکەدا، عاشقەکانی نێو ئەم ڕۆمانە بە هۆی ئیشقەوە یاخی دەبن، خۆیان جارێکی دیکە لە پنتێکی دیکە ژیانسازیی دەکەن"،(عوسمان،٢٠٢١،١٧٦). بە ورد بوونەوە لەم ڕۆمانەدا بۆمان دەردەکەوێت، لە ڕاستیدا مرۆڤ بەوە دەتوانێت، مانا بۆ ژیانی بگەڕێنێتەوە، کە ژیانی تەرخان بکات بۆ خۆشەویستنیی کەسانی تر، بۆدەوروبەر، بۆهێنانەکایەی شتێک، کە مانا و ئامانج بە ژیانی ببەخشێت، وەک لای ئادەم دەبینرێت.

لە نێو سەرجەم کارەکتەرەکاندا، (مەردۆخ) زۆرترین مەنەلۆگی هەیە، چونکە لە هەمووان، زێتر ڕاڕا و گومانکەرە، بەر لە دەستپێکردنی سەفەرەکەی و دەرچوونی لە ماڵەوە، لە ڕێگەی مەنەلۆگێکەوە ئەوە دەخاتەڕوو، بەهۆی ئەو دۆخەی، کە کۆمەڵگەی تێدایە، گەر سەفەریش نەکات، هەر دەمرێت، بۆیە مردنی لەڕێگەی سەفەرەکەی هەڵبژارد:"**لەبەر خۆیەوە وەها بڕیاری دابوو، کە چی دێتەڕێم،**

**بابێت، ئەگەر لێرە بمێنمەوە، هەر ئەمرم، ڕەنگە بە کوشتن نەبێ، بەڵام بەداخەوە، ئەمرم، بابڕۆم لەمەو دوا شەڕی خۆم بکەم باشترە"،** (سەلمان، ٢٠١٥،٣٨٧)، لەڕێگەی ئەم مەنەلۆگەوە، وێنەی (مەردۆخ) بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە کە بڕیاردەدات، ئەو دۆخە پڕ تووندوتیژییە بەجێبهێڵێت و شەڕی خودناسین دەست پێبکات، چونکە گەر نەڕوات، ئەوا لە ڕووی هزری و دەروونییەوە دەمرێت و تەنیا جەستەی زیندوو دەبێت. دوای دەرچوونی لە ماڵەوە و گەیشتنی بە کۆشکی پیاوەکان، کاتێک لەوێ گفتوگۆ لە نێوان (مەردۆخ) و کارەکتەرەکانی نێو کۆشکدا دروست دەبێت، بە هەمان شێوە لەڕێگەی گفتوگۆیەکی ناوەکییەوە، بە خۆی دەڵێت، چیتر ڕێگە بە کارەکتەرەکانی دیکە نەدات، لەڕێگەی پرسیارەوە، بگەنە ناخی و شیبکەنەوە: **"لە ناکاودا لە خۆی پرسی،" من چیم لێرە؟ کێم؟ چۆن خۆم بۆیان جێهێشتووە، تەواوی ژیانم نەشتەرگەری بکەن؟ بۆ لێیان ئەگەڕێم وەها بە هەوەسی خۆیان ناوەوەم شی بکەنەوە؟"،** (سەلمان، ٢٠١٥، ١٨٠)، لەڕێگەی ئەم وێنەیەوە، نائارامیی دەروونیی ئەم کارەکتەرە دەردەکەوێت، کە لە دۆخێکی ڕاڕاییدایە و لە دەوروبەر بەگومانە، نایەوێت لە ڕێگەی پرسیارەوە درک بە ناخی بکەن. هەر لە کۆشکدا لەڕێگەی مەنەلۆگێکی ترەوە، وێنەی کۆشک، وەک زانکۆیەکی ژیان دەکات، چونکە کاریگەریی گەورەی لەسەر هەبووە، بووە بەهۆی وەرچەرخان و بەرچاو ڕوونی لە بارەی سەفەرەکەیەوە، بۆیە لە دڵی خۆیدا وتی: **"تەنها کارەساتە گەورەکانی ژیان لە شوێنێکی وەها بڕوانامەی بەرز ئەدەنە بنیادەم"**، (سەلمان،٢٠١٥،٢١٢). چونکە مرۆڤ لە کارەساتەکاندا، ئەزموونێکی زۆر و گەورە فێردەبێت، کە لە باری ئاساییدا ناتوانێت فێریان ببێت، هەر ئەمەش وایکردووە، کە کۆشک بە زانکۆ لەلایەن ئەم کارەکتەرەوە بچوێنرێت، چونکە هەمووئەوانەی لە کۆشکدان، بە کارەساتدا تێپەڕیوون و هەڵگری ئەزموونی دۆخە سەختەکانن.

**ڕانانی کارەکتەرلە ڕێگەی کارەکتەری دیکەوە:**

شێوازێکی دیکە، کە بەکارهاتووە ئەویش بەکارهێنانی کارەکتەرێکی بەشدارە لە دەقەکەدا، بۆ وەسفکردنی کارەکتەرێکی دیکە، ئەمەش، وەک ماسکێک ڕۆماننووس خۆی لە پشتییەوە حەشارداوە، هەندێک لە نووسەران پێیانوایە، ئەم شێوازە  بە ڕێگەی شێکاری ناڕاستەوخۆ دادەنرێت"بۆ خستنەڕوو و چۆنیەتی مامەڵەکردنی کارەکتەرەکانی دیکەو تێڕوانینیان بۆ کارەکتەری بەرامبەر، ئەمەش بە گێڕانەوەکاندا دەبینرێت، چ وەک خۆدواندن یان گێڕانەوەبێت بۆ کارەکتەرێکی دیکە"،(ئیبراهیم،٢٠١٦،٦٤)، هەر لەبارەی گرنگیی ئەمجۆرە لە ڕانانی کارەکتەر لە دەقدا ( نەجم ئەڵوەنی) دەڵێت:"لەوانەیە ڕانانی کارەکتەر لە ڕوانگەی کارەکتەری دیکەوە ئەگەر لێزانانە

بنیاتنرابێت، زیندوێتی و سەرنج ڕاکێشی بە ڕۆمانەکە بدات و شاراوەترین و جوانترین و ناشرین ترین بنەما ڕۆحییەکانی ئەوان بخەنە بەردەم خوێنەران و ببێتە هۆی ئەوەی کە دەنگی کارەکتەرەکان بیستراوبێ وتاڕادەیەکی گونجاویش ئازادی بۆ جوڵە و بیرکردنەوەی ئەوان فەراهەم بکات، (ئەڵوەنی ،٢٠٠٩،١٤٦).

دیالۆگ یەکێکە لەو بنەمایانەی، بۆ ڕانانی کارەکتەر لەم شێوازەدا پشتی پێدەبەسترێت، " یەکێکە لەو ئامرازانەی، کە ڕۆماننووس لە کارەکتەرسازییدا بەکاریدەهێنێت، لەم ڕووەوە خۆیشی بە دژوارترین هونەری دادەنێت"،(الزابت بوئن، ١٣٨٣،٣٥٥) ئامانجی ڕۆماننووس لە بەکارهێنانی دیالۆگدا ئەوەیە کە هەست و سروشتی کارەکتەرەکان بە هۆیەوە بۆ خوێنەر بگوازرێتەوە، دیالۆگ بۆ جوڵاندن و ڕاگەیاندنی هەڵوێستەکان ڕێگەیەکی گرنگە، گوزارشتە، لە کاردانەوەی کارەکتەرەکان و ناخ و دەروون و هەڵوێستیان، جا ئەم کاردانەوەیە، چ دەروونی، یان جەستەیی، یان کۆمەڵایەتی بێت، هەربۆیە"دیالۆگ پێوەرێکی دەروونیی وردە، توانای پۆلێنکردنی دەروونیی کارەکتەرەکانی هەیە به بلیمەتی و بە ڕاستگۆیانە، جگەلە وێناکردن و پەرەپێدانی ڕووداو"( الطالب ،١٩٧١،٥٧)، چونکە لە دیالۆگدا هەر کارەکتەرێک دەبێتە خاوەن دەنگ و بۆچوونی تایبەتیی خۆی، بەواتای ئەوەی، دیالۆگ گوزارشت لە بیروبۆچوون و ئاستە جیاوازەکانی ئاگایی کارەکتەر دەکات. کەرەستەی دیالۆگ لە نێوان کارەکتەرەکاندا زمانە، بۆیە لەڕێگەی ئەو وشانەی، کە کارەکتەر لەئاخافتنەکاندا بەکاریاندەهێنێت، ناسنامەی خۆی لە زۆر بواردا بۆ خوێنەر ئاشکرادەکات و وادەکات، خوێنەر شارەزای ڕەهەندە جیاوازەکانی بنیاتی کارەکتەربێت.

پێویستە، دیالۆگ لەگەڵ سروشتی کارەکتەر و واقیعی دەروونی و کۆمەڵایەتییاندا گونجاوبێت. یەکێک لە ئەرکەکانی دیالۆگ ئەوەیە"ڕۆڵێکی بەرچاو لە کێشانی وێنەی کارەکتەرەکان دەبینێت"(سەعید،٢٠١٢،٢٢)، چونکە مرۆڤ لەکاتی قسەکردندا تایبەتمەندیی و بیرکردنەوەکانی بە ڕوونی دەردەکەون و زۆرجاریش، هەندێک لە مەبەست و ئامانجەکانی ئاشکرا دەبێت. (چارلس مۆگان) دەڵێت " هونەری بەکارهێنانی دیالۆگ خۆی لەسێ شتدا دەبینێتەوە، ئەوانیش: وێنە کێشانی کارەکتەر، گەشەپێدانی ڕۆمان، دروستکردنی حاڵەت و پانتایی "(ملقد،١٩٧٥،١٣).

لەم شێوازەدا کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە لە نێوان خۆیاندا گفتوگۆ دەکەن و ڕەهەندی دەروونی و هزری و کۆمەڵایەتیی یەکتری، بۆ خوێنەر دەخەنەڕوو، ئەمەش لە ڕێگەی زانیاری، یان بۆچوونی خۆیان، بەرانبەر بە یەکتر، ئەمەش وایکردووە"دیالۆگ بە شێوەیەکی تایبەتی دەرفەت دەدات کە زانیاری ڕاستەوخۆ دەربارەی کارەکتەر پێشکەشبکرێت، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو قسە

وەکو جوڵە و بەشێوەیەکی سازکراو بەرەو ئەویتر"(ئەڵوەنی، ٢٠٠٩،١٤٢). بۆیە لە دیالۆگدا، خوێنەر لە کارەکتەر نزیکتر دەبێت و لە تێڕوانینی خوێنەرەوە، زێتر ڕاستگۆیی تێدا دەبێت، چونکە وەک ئەوە وایە، کەسێکی واقیعی لە بەرانبەریدا وەستا بێت و بدوێت.

لەم ڕۆمانەدا، چەند کارەکتەرێک بەم شێوازە بە خوێنەر ناسێنراوە، بۆ نموونە (ئادەم)، ئەگەرچی بۆخۆی کارەکتەرێکی ڕۆشنبیرە، بەڵام وێنەی(مەردۆخ)مان، وەک کارەکتەرێکی ئاڵۆز بۆ وێنا دەکات، کە لە هەموو ئەزموون و گەشتەکانیدا، زێتر تێگەیشتن لێی ئاڵۆزە، چونکە (مەردۆخ) شاعیرێکی عاشق و گەڕیدەیە و بۆیە بووە بە کارەکتەرێکی ئاڵۆز، ئەمەش لە میانی گفتوگۆیەکی (ئادەم) و (ژینۆ)دا بەرجەستە دەبێت، بەمجۆرە بە (ژینۆ) دەڵێت: " **...ئەمەوێ بشڵێم، کە دژوارترین گەشتم ئەوەی ئەو شاعیرەبوو، کە ناوی مەردۆخی لە خۆی نابوو**".(سەلمان،٢٠١٥،٤٨٢)، لەم گفتوگۆیەدا (ئادەم) وێنەی (مەردۆخ)مان بە جۆرێک بۆدەکێشت، کە تێگەیشتن لەم کارەکتەرە بە جۆرێک ئاڵۆز و سەختە، کە سەرەڕایی ئەوەی ئەزموونی ژیان فێری زۆر شتیکردووە، بەڵام ناتوانێت، لەم کارەکتەرە بە ئاسانی بگات، چونکە مرۆڤ گەر سادە بوو، بەرانبەر بە ئاسانی لێی تێدەگات، بەڵام مەردۆخ کارەکتەرێکی گەریدەیە، بۆیە بیری بەئاسانی ناخوێندرێتەوە.

هەروەها لە گفتوگۆیەکی نێوان(ژینۆ و مەردۆخ)دا، ژینۆ (مەردۆخ)ی کارەکتەرمان بۆ دەردەخات، کە عەشق، لەلای (مەردۆخ)، جۆرێکە لە ترس، ناتوانێت، بەرگەی نزیکی بگرێت، بۆیە هەرکاتێک پێیدەگات لێی دوور دەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو عەشقە بە جوانی بمێنێتەوە و هەمیشە بە خەون و جوانی ئەو عەشقەوە بژی: "**ئەگەر وایە، کاک مەردۆخ، ئەی پێم ناڵێی بۆ تۆ لەو شوێنە نەگیرسایتەوە، کە ژنێک، ئیشقێک بەپیرتەوە هات؟**

**مەردۆخ بە دەنگێکی پڕ پەشیمانی وتی، نازانم، قوربان! بەڕاستی خۆشم نازانم**

**ژینۆ، وەک تانەی لێ بگرێت، هەر بەچرپە و ئاوازێکی سەرزەنشتی، پێی وت"من وای بۆ ئەچم، کە تۆ خەونێکت هەیە سەبارەت بە ئیشق، نەک خودی ئیشق، ئەمە جودایە. بە بڕوای من، تۆ ئەوەندە شێتی ئیشقی، ئەوەندەش لێی ئەترسێی، هەرکاتێک دۆزیتەوە، لێی دوور ئەکەوییەوە. تۆ لەو کەسانەی، کە بەرگەی نزیکیی ئیشق ناگری**".(سەلمان،٢٠١٥،٢٨٨). وەک دەردەکەوێت لای ئەم کارەکتەرە ئیشق ئامرازە، نەک ئامانج، چونکە ئەم پێیوایە، ئیشق ئامرازێکە بۆ بینینی جوانییەکان و دەیەوێت، جوانییەکان ببینێت، ئیشقیش، تەنیا ئامرازی گەیشتنە بەو ئامانجە، بۆیە هەر کاتێک پێیدەگات، لە ترسی ئەوەی ئەم ئیشقە بگاتە قۆناغی داکشان و چیتر جوانییەکان نەبینێت، بۆیە جێیدەهێڵێت.

هەر ئەم کارەکتەرە لەلایەن(زۆزان)ەوە باشتر بە خوێنەر دەناسێنرێت، بەمجۆرە: **"چووە ناخی ئەو گەنجە تەلیسماوییەوە، ئەوەندەی ئەو لێی تێگەیشت هیوا ناوخۆی لە خۆی نەدەگەیشت، چرکەیەکی ترسی دڵی ئەڤیندار ئاگاداری کردەوە، کە ئەو جۆرە پیاوە ناگەڕێت بەدوای ژندا، سەرقاڵی گەڕانێکی ترە، واتاکانی بۆ نادۆزرێتەوە، کە دۆزیشییەوە، هەمیشە درەنگە"**، (سەلمان، ٤١٥،٢٠١٥)، ئەم کارەکتەرە ئەگەرچی لەسەرەتادا توانای خۆناسینی نییە و نازانێت، بۆ وێڵە و بەدوای چیدا وێڵە، بەڵام دواتر لە کۆتایی دەقەکەدا بەرچاو ڕوونتر دەبێت، جگەلەوەی، (زۆزان) پێمان دەڵێت، ئەوەی ئامانجە لای (هیوا) سەفەری مانایە، گەڕانە، لە پێناو دۆزینەوەی مانای ژیان و بوون و دەوربەر نەک بە تەنیا ژن، بەڵام دەکرێت، ژن بۆگەیشتن بەم ئامانجە هەنگاوێک بێت، تیشک دەخاتە سەر ئەوەی، کاتێک مرۆڤ لە واتای ژیان و شتەکان تێدەگات، کە کات درەنگەو هەمووشت تێپەڕیوە، ئەمەش یەکێکە لە نادادییەکانی ژیان، بەرانبەر بە مرۆڤ.

یەکێکی دیکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی نێو دەقەکە (ئادەم)ە، لە گفتوگۆیەکی نێوان(مەردۆخ و ژینۆ)دا، (ژینۆ) بە جۆرێک باس لە کەسێتیی (ئادەم) دەکات بە ئەدەب و موزیک دەیچوێنێت، هەروەک چۆن ئەدەب چێژ دەگەڕێنێتەوە بۆ هەمووشت، ئادەمیش بەهەمان شێوە وای لە کارەکتەرەکانی ناوکۆشک کردووە، کە بە چاوی چێژ و جوانییەوە، دووبارە شتەکان ببینەوە دەڵێت:**"ئەو دەمەی زۆربەمان هاتین بۆ ئێرە، ئەو زەوق و چێژی بۆ چاک کردین، بەڕێز ئادەم بەشتێک ئەچێت لە دنیای ئەدەب، چونکە ئەدەب وەک موزیک و هەموو هونەرێکی باڵا، شتێکە کە چێژ بۆ شتەکان چاک ئەکاتەوە و ئەیهێنێتەوە جێی خۆی، وەک بڵێی لە جێ چووبێت یان شکابێت و ئەو بیخاتەوە ئاست خۆی وڕاستی بکاتەوە. هەر بۆیە تەنها ئەو شێی ئەو هەموو ڕابردووەمی لەبەر ئاگری گەورەیی دڵی وشک کردەوە"**،(سەلمان، ٨٨،٢٠١٥)، ئەم چواندنەی (ئادەم) بە ئەدەب، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، (ئادەم) هانی کارەکتەرەکان دەدات بۆخود بگەڕێنەوە و خود پەروەردە بکەن، ئەمەش وادەکات، ئەم کارەکتەرانە تێڕوانینیان جوانتر بێت، بە چاوی چێژەوە بۆ ژیان و دەوروبەر بڕوانن، ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم ڕۆمانەدا، تیشکێکی زۆر خراوەتە سەر پێگەی ئەدەب و هونەر، لە گەڕان و دۆزینەوەی خودی تاکدا و دووبارە دەستپێکردنەوە، بەشێوەی بوونێکی (ڕەسەن)، هەروەک (نیچە) لە کتێبی(لە دایکبوونی تراژیدیا)دا، دەڵێت:"مۆسیقا بەرزترین شێوازی میتافۆڕە بە دروستی و ڕەوانی ڕاستی بوونمان پێدەناسێنێت"،(کەمال،١٦٨،٢٠٠٦)، ئەمەش بەڕوونی لای (ئادەم) دا دەردەکەوێت، چونکە (ئادەم) لە زۆربەی شەوەکانیدا کاتێک، لەگەڵ(ژینۆ)دا دەچووە سەربان و لە ڕێگەی موزیکەوە وەڵامی بەشێک لە پرسیارەکانی (ژینۆ)ی دەدایەوە (ژینۆ)

دەڵێت:**"سەرەتا بە ژەنینی شمشاڵەکەی وەڵامی دایەوە، بە پیاسەیەکی دوورودرێژ لە ناخی تاریکیی ئەو سەربانە بیابان ئاسایەدا، شمشاڵەکەی دەنگی دایەوە، بێ ئەوەی ئاوازێکی تایبەتیشی لێوەبێت"،** (سەلمان،٢٠١٥،٤٨٠)، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت، بە بێ مۆسیقا ئەستەمە لەوە تێبگەین، جۆرێک لە جوانی هەیە، دەکەوێتە ئەو دیوی توانای وشەوە، دەچێتە قووڵاییەک، مرۆڤ بە کۆتایی و بە بنی ناگات، مۆسیقا ئاشکراکردنی سنوری زمان و ئاشکرابوونی بێ سنووری و نا کۆتایی جوانییە، "جوانی و هونەر و مۆسیقا کەرەستەیەکی گرنگیی ئازادبوون و بڵندگەرایی مرۆڤن، ئەوانەن دەتوانن پارێزەری جوانی بن"،(عەلی،٢٠٢١،٦٩). لەم ڕۆمانەدا ئەدەب وموزیک و تابلۆ بەوردی کاریان لەسەر کراوە، چونکە لە دنیای ناوکۆشکدا، موزیک و تابلۆ گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت، هەروەها، (ژینۆ) وێنەی (مەردۆخ)، کە یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ناو ڕۆمانەکە، وەک شاعیرێکی ڕاڕا و نیگەران دەکێشێت، لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ (مەردۆخ) دا، کەسێتیی (مەردۆخ) بەمجۆرە دەردەخات، کە کەسێکە بەردەوام نیگەران و بێزار و ڕاڕایە ودەڵێت:**"وەک ئێمە ناتەوێ بگەڕێیتەوە بۆ هیچکوێ! تۆ تەنانەت ئەوەندە بێزاریت، لە شوێنکا ئۆقرە ناگری، هەر بۆیە زووتریش پێم وتی کە تۆ شاعیری، چونکە شاعیری ڕاستەقینە لە هیچکوێ ئۆقرە ناگرێ، بگرە غەم بەرۆکت بەرنادات، دەنا فەرموو...فەرموو پێم بڵێ تۆ بە هیچ کوێیەکی دیکەیا نەڕۆیشتی؟ نەگەیشتی بە جێیەک، دڵت بحەوێنێتەوە؟"**،(سەلمان، ١٠٢،٢٠١٥)، جگە لە شاعیربوون، ئەم دۆخەی وەک لێکەوتەیەکی جەنگ و کارەساتەکانە، چونکە "دڵەڕاوکێ، هەر کاتێک ئارامی و ئاسایشمان لە دەستدا، تووشی دەبین. یان لە کاتی هەستکردنمان بە مەترسی و هەڕەشەکرد ئەم دۆخەمان تووش دەبێ، بەڵام دڵەڕاوکێی دەروونی پێچەوانەی دڵەڕاوکێی گشتییە، جۆری دڵ ڕاوکێکە بەردەوام لە زەینمان بوونی هەیە، چونکە ئەم جۆرە لە دڵەڕاوکێ بە هیچ شتێکی دیاریکراوەوە پەیوەست نییە".(سەعدون، ٢٤٨،٢٠١٣). کەواتە لەڕێگەی ئەمجۆرە لە ڕانانەوە کەسێتیی(ئادەم و مەردۆخ) بۆ خوێنەر خراوەتەڕوو، کە ئەدەب دۆست و هونەر دۆستن، تەنانەت مەردۆخ شاعیریشە.

(ئەفسانە)ش لە گفتوگۆیەکی نێوان ژنەکاندا، هۆشداری دەداتە دایکی، دەربارەی (وەستا)، لەم هۆشدارییەی (ئەفسانە) کەسێتیی (وەستا)مان بۆ دەردەکەوێت، بەوەی کە پیاوێکی تەنیاو گەڕیدەیە و بە ئاسانی ڕام ناکرێت، لە دنیای دەرەوەی کۆشک یاخییە، پابەندی هیچ نەریتێک نابێت، دەڵێت: **"دایکە ئەم پیاوە وریایە، دروستکەرە، ڕاوی ئاژەڵ ئەزانێ، ئەگەر زۆری بۆ هات ڕاوی خۆشی ئەکات، دایکە، تۆ ئەزانی ئەمدیوی تەنیایی چییە؟... ئەم پیاوە تەنیایە، تەنیا، تەنیایی فێری گەڕیدەیی**

**کردووە، بە بێ ئەوەی لە جێی خۆی بجووڵێت، بە ویستی خۆی ڕیشەی لە کۆمەڵ هەڵکێشاوە و لە جێیەکی چەپەکی وەک ئا ئەمە، لە تەنیایی ڕواندویەتیەوە، پاشان هەرچی ڕەگی خوو و نەریتە کە مێشک پاشەکەوتی کردوون، ئەو لێی دەرباز بووە، فێری کردووە دنیای دەرەوە بسڕێتەوە، کە گەیشتووشە بەو پلەی تەنیاییە، ئیدی بە چاکی بیر ئەکاتەوە، هەرچی پووشوپەڵاشە، لە مێشکی دەری هێناوە و لە جێیانا بیرکردنەوەی قووڵی ڕێکخستووە و بە جوانی لەسەر یەک سەفتەی کردوون، نابینی لەکەس ناترسێ و شەرم لە کەس ناکات**"،(سەلمان، ٣٧٤،٢٠١٥)، ئەوەی لە ڕانانی ئەم کارەکتەرەدا بۆ خوێنەر دەخرێتەڕوو ئەوەیە، کە بەتەواوەتی لە دنیای دەرەوەدا دوورکەوتۆتەوە، تەنیایی کردۆتە هاودەمی، چونکە لە ناو کۆمەڵگەدا، هاوکێشەکە بە جۆرێکە، کە مرۆڤ لە ناو قەرەباڵغی و ئاپۆڕای ئەو عەزازیلە بێتە دەرەوە، ئیدی خاوەنی خۆی نییە، کەسێتیی مرۆڤ بە بێ ئەوان هیچی تێدانامێنێتەوە، کەسێتی و زۆرێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ، دەستکردی ئەوانی دیکەیە، کە بە تۆیان بەخشیوە، بەڵام ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت، تا مرۆڤ ئەو سنورە نەبەزێنێت و ئەو خەڵکە دەمامکدار و حەشاماتە لە دوای خۆیەوە بە جێنەهێڵێت، مەحاڵە و هەرگیز ناتوانێت، خۆی بدۆزێتەوە، کە ئەم هەنگاوەی نا، ئەو کاتەش دەتوانێت، بیرکردنەوەی خۆی ڕێکبخات و بزانێت ئامانجی چییە، هەموو شتەکان بە جوانی ببینێت و خەوشەکانی نێو کۆمەڵ لە هزریدا دەربکات، کە مرۆڤێک گەیشت بەم ئاستە، ئیدی گوێ بە توانجی کۆمەڵایەتی نادات و شەرم ناکات، لەگەیشتن بەوەی، دەیەوێت.

دەتوانین بڵێین، زۆربەی زۆری وێنەی ڕەهەندە جیاوازەکانی (ئادەم)، لەلایەن کارەکتەرە ژنەکانەوە کێشراوە، هەر لە درێژەی گفتوگۆی نێوان ژنەکاندا، کاتێک ڕەخنە لە (سەکینە) دەگرن، چونکە ئەو بووە بەهۆی کوشتنی (وەستا) و بەرەو وێڵبوونی ناردووە، (سەکینە) دەڵێت:"**باشتر وایە بڵێم، کە ئەو بەدەستی خۆی، خۆی کوشت، خۆی ژەهری ماری خستە سەر لەتەنانی ڕێبوارێتی و خواردی، ویستی لە کۆچی بەردەواما بێت، تیاما، بینیی کە جارێک نەیئەویست بوەستێ، ئەگەر لە جێیەکیش وەستا، هەر کۆچبەر بێت**"،(سەلمان،٢٣٧،٢٠١٥)، سەکینە ئەوە بۆخوێنەر ئاشکرا دەکات، کە (ئادەم) بۆهەمیشە گەڕیدەیە، گەر بەجەستەش لە شوێنێکدا بوەستێت، بە بیر و هزر هەر گەڕیدەیە، دیارە، ئەم گەڕیدەبوونەشی وایکردووە، نەتوانێت لەگەڵ هەندێک دۆخدا بگونجێت، بۆیە سەرئەنجام خۆشی بوو بەقوربانی.

هەندێجار لە کارەکتەرسازیی ڕاستەوخۆدا، بە تایبەتی کاتێک کارەکتەرێک باسی کارەکتەرێکی دیکە دەکات، دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر ڕەهەندێک، یان زێتر لە ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەردا

بناسێت، ئەو کارە لە ناو دەقەکەدا ئەنجامبدات، بۆنموونە خوشکی (ویژدان)، لەمیانی گفتوگۆیەک لەگەڵ دایکیدا وێنەی (زۆزان)مان بۆ دەکێشێت بەوەی کچێکی وریا و چاو نەترسە و شتەکان لە لایدا، دەبێتە جێگەی گومان و تێڕامان، ساویلکە نییە، تا هەوڵی خەڵەتاندنی بدەیت، دەڵێت:**"سەیربکە، دایکە، ئەم کچە بێڤەرناو، کچێکی نەبان نییە تا لە خواست و نیازی ئێمە تێنەگات، ئەمە لەو جۆرە ئافرەتانەیە، کە گومانکەرە، پێویستیشی بە هیچ نییە، تا لەلای ئاشکرا ببێت کە ئێمە هەموو ڕازین بێتە ناومان، گەر خۆی بیەوێ لەلامان جێگیر ببێت...کچێکی گەنجە، تەمەڵ دیار نییە، وەک خۆشی وتی، چاو نەترسە، ئێ ئێمەش هەر ئەوەمان ئەوێت"**.(سەلمان،٢٠١٥،٢٣١)، بەم شێوازە، لە ڕانانی کارەکتەردا وێنەی (زۆزان) بۆ خوێنەر خراوەتەڕوو، بە جۆرێک، کە خوێنەر پێویستیی بە وەسفی تر لە ڕۆمانەکەدا نییە، بۆ ئەوەی لە ڕەهەندی دەروونی وهزری ئەم کارەکتەرە تێبگات، ئەم کارەکتەرە، ئەگەرچی زۆری نەخوێندووە، بەڵام نەبان نییە، هەمیشە لە ڕێگەی گومانەوە هەوڵ بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان دەدات، چونکە سەرەتا گومانکردنی، دواتر وەڵامدانەوەی ئەو گومانە، لەڕێگەی تێفکرین و تێڕامانەوە، دەبێتە هەنگاوێک بۆ دۆزینەوە و گەیشتن بە ڕاستیی شتەکان، بۆیە ژنەکان، گەرچی ڕێگەیان بە کەس نەداوە، لە ماڵەکەیاندا بمێنێتەوە، بەڵام بەهۆی چاونەترسی و گەنجی و ئازاییەوە، دەیانەوێت، ئەم کارەکتەرە ،لەلایاندا بمێنێتەوە، بەڵام (زۆزان) لەسەفەرەکەیدا بەردەوام دەبێت.

هەر لەنێو کارەکتەرە ژنەکاندا، وێنەی کارەکتەری(مەندان) لەڕێگەی یەکێک لە کچەکانییەوە بۆ خوێنەر دەخرێتەڕوو، لە هەمانکاتیشدا، هۆکاری بێ هاوسەریی ئەم کارەکتەرە بۆ خوێنەر دەخرێتەڕوو، کە بۆ هاوسەرەکەی جێهێشتووە، ئەمەش لەڕێگەی پرسیار و وەڵامی نێوان دووکارەکتەرەوە، چونکە هەندێجار پرسیاری کارەکتەرێک و وەڵامی کارەکتەری بەرانبەری گەلێک سیفات و ئاکاری کارەکتەرێک، بۆ خوێنەر ئاشکرادەکات، بەمەش خوێنەر زانیاریی زێتر دەبارەی کارەکتەری جێ مەبەست، بەدەست دەهێنێت، ڕەنگە تام وچێژی زێتر لای خوێنەر دروست ببێت، وەک ئەم پرسیارو وەڵامەی (بێڤەر) و یەک لە کچەکانی (مەندان) دەربارەی (مەندان) و هاوسەری: **"من دڵنیام کە لەبەرئەوەی باوکی من ئەترسا، لە هەمووشتێک ئەترسا، بۆیە دایکم ژیانێکی تری بۆ ئێمە هەڵبژارد، بەڵام قەتیش وای دانەنابوو بگەینە ئائەم حاڵە، بێڤەرناو لێی پرسی لەچی ئەترسا ؟ لە مردن، لەوەی، کە هیچ نەبێت، پاش مردن و قەت چاوی بە ئازیزەکانی نە کەوێتەوە، دایکم بە پێچەوانەی باوکم، هەمیشە خۆی بۆ پیربوون و مردن حازر کردووە. ئێستاش تەماشای بکە، ئەبینی؟ بەردەوام جلی ڕەشی سادەی لەبەرە، بێجگە لە سیگارەکەی دەستی کەس بە مێردی**

**نازانێ**"،(سەلمان،٢٠١٥،٢٤٤)، لە ڕێگەی ئەم شێوازەوە لە خستنەڕووی کارەکتەرەوە، لەلایەک کارەکتەری هاوسەری (مەندان) بۆ خوێنەر دەخرێتەڕوو، بەوەی هەمیشە لە ترسی مەرگدا دەژیا، ترسی لە مەرگ، یان بیرکردنەوە لە تاڵیی مەرگ، ژیانی تاریک و وێرانکردبوو، کە ژیان بۆ خۆی پڕە لە ڕووناکی و بنیاتنان، ئەگەرچی مرۆڤ لە ئەزەلەوە لەمردن ترساوە، چونکە دەزانێت، ڕۆژێک دێت، دەبێت بمرێت، ئەوەی مرۆڤ لێی دەترسێت، مردن نییە، بەڵکو لەوە دەترسێت، هەرگیز دەست بە ژیان نەکاتەوە، وەک ئەم کارەکتەرە، ئازیزەکانی نەبینێتەوە، لەم بارەیەوە( شۆپنهاوەر) دەڵێت: "بیرکردنەوە لە مەرگ ئازار بەخشە، نەک مەرگ، کەواتە هەموو ئەو ئازارەی، لەو ماوەیەدا مرۆڤ دەیبینێت، ئازاری بیرکردنەوەیە لە مەرگ، ئەگینا مەرگ خۆی بێ ئازارە، چونکە جارێک نەهاتووە، بەڵام، کە هات، ژیان نامێنێت، تا مرۆڤ تێیدا ئازار بچێژێت".(عوسمان،٢٠٢٠،پێگەی وشە)، هاوسەری (مەندان) هەمیشە لە بیری مەرگدابووە بۆیە ژیانی ئاڵۆزبووە، بەڵام (مەندان) بە پێچەوانەوە، هەمیشە ئامادەبووە بۆهەموو قۆناغەکانی ژیان و ڕووبەڕووی بووەتەوە، ئەمەش هۆکاری جیابوونەوەیان بووە، جگەلەوەی، بەرگ ڕەشی ئاماژەیە بۆ لەدەستدانی ئازیزانی لە پرۆسەی ئەنفالدا، بۆیە وەک زۆرێک لە ئافرەتانی ڕزگاربووی ئەنفال ئامادە نییە، هیچ پیاوێک، وەک هاوسەر هەڵبژێرێتەوە.

## بەشی سێیەم:

# پێوەندیی کارەکتەر و جۆرەکانی لەنێو ڕۆمانەکەدا

<u>تەوەری یەکەم:</u>

**پێوەندیی کارەکتەر بە توخمەکانی دیکەی ڕۆمانەوە لە نێو ڕۆمانەکەدا**

**١- گێڕانەوە**

**٢- ڕووداو**

**٣- شوێن**

**٤- کات**

<u>تەوەری دووەم:</u>

**أ- جۆرەکانی کارەکتەر لە نێو ڕۆمانەکەدا**

**ب- کارەکتەر لە ڕووی ئەرکەوە**

**١- کارەکتەری سەرەکی**

**٢- کارەکتەری لاوەکی**

**ج- کارەکتەر لە ڕووی پێکهاتەوە**

**١-کارەکتەری پەرەنەسێن**

**٢-کارەکتەری پەرەسێن**

## بەشی سێیەم:

## پێوەندیی کارەکتەر و جۆرەکانی لەنێو ڕۆمانەکەدا

**تەوەری یەکەم:**

### پێوەندیی کارەکتەر بە توخمەکانی دیکەی ڕۆمانەوە لە نێو ڕۆمانەکەدا

**١- گێڕانەوە :**

ڕۆمان پرۆسەی گێڕانەوەیە، پێوەندییەکی بەهێز لە نێوان کارەکتەر و گێڕانەوەدا هەیە، چونکە" گێڕانەوە بریتییە لە زاراوەیەکی ئەدەبی و هونەری کە نووسەر، یان یەکێک لە کەسایەتییە سەرەکییەکان لە تێکستێکی گێڕانەوەییدا، ڕووداوەکان لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا دەگێڕێتەوە،" (فەتاح،٢٠٢٢،٢٠)،پێوەندیی نێوان ئەم دوو توخمەی کارەکتەر لەوەدا بەروونی دەردەکەوێت، کە بنیاتی گێڕانەوە لەسەر سێ پایە دامەزراوە کە:" گێڕەرەوە، بابەتی گێڕانەوە و بۆ گێڕاوە"،ن لە زۆرکاتدا، ڕۆماننووس ئەرکی گێڕەرەوە بە یەکێک لە کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە دەسپێرێت. بەگشتی گێڕانەوەش دوو شێوازی هەیە:

### أ- شێوازی گێڕانەوەی خودی:

فۆرمی نووسین و شێوازی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا، پێکهاتووە لە هەڵبژاردنی چەند فۆرمێک، وەک تێکستێکی مۆدێرن "ڕەهەندی سینەمایی بەسەریدا زاڵە، ڕووداوەکان هەر بۆ گێڕانەوە دروست نەبوون تا فۆرمێکی زنجیرەیی وەربگرن و بەدوای یەکدا بێن، بەڵکو پاڵنەرێک لە وێنەی بۆنێک، وشەیەک، شوێنێک، شێوازی پێکەنین و خواردن و هەر شتێکیتر، دەبێتەهۆی هێنانەپێشەوەیان کە دەبنە فاکتەری ئامادەبوونەوە و هێنانەوەی ئەو یادەوەرییە، بۆیە مۆنتاج بەشێکی سەرەکی فۆرمی نووسینی ئەم ڕۆمانەیە"،(عومەر،٢٠١٩،٢٠٤). سەبارەت بە شێوازی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە بە شێوەیەکی گشتی، شێوازی گێڕانەوە لە ڕۆمانی(شەوانی ئادەم)دا، زێتر شێوازێکی خودییە، ڕۆماننووس ڕێگە بە کارەکتەرەکان دەدات، بۆ ئەوەی خۆیان چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە، چونکە هەر یەکەیان، هەڵگری چیرۆکێکەو لەسەر زاری خۆیانەوە بۆ خوێنەر دەخرێنەڕوو، بۆنموونە کارەکتەری سەرەکیی دەقەکە (ئادەم/وەستا)، ژیانی ڕابردووی خۆی بە شێوەی گێڕانەوەی خودی بۆخوێنەر دەگێڕێتەوە، دەڵێت:**"بێمەوە سەر ژیانم، کاک مەردۆخ، باوکم و دایکم بە ماوەی جیاواز لە نێوانیان، عەمری خوایان کرد، باوکم بە چاکی زانیی مێشکی لە**

**کارکردن ئەوەستێ و ترپەکانی دڵی، کە بێ وەستان بۆ دایکم لێی ئەدا، یەک بەدوای یەکا لە ترپە وەستان، براکەم تیاچوو، ژنەکەی و منالّەکانی، تازە گرنگ نییە پێت بڵێم چەند منالّی هەبوو، یەک بەدوای یەک نەخۆشی دنیا ڕووی تێکردن و دوای بڕینەوە، لەملاو ئەولا کەسوکارەکانم وشکیان کرد و مردن، کەچی من ئەوەندە دڵڕەق و بێبەزەیی بووم، تا توانیم خۆم لەو جیهانە زامدارە بەدوور گرت...بڕێکی باشی تەمەنم بە تەنیایی بەسەر برد، هەر لەوهەنگاونانی تەنیاییەدا، بوومەوە بە کەسێکی دی، خوێنەوار بیت و بەتەنیا، هەر وەک تۆ کاک مەردۆخ، ئەوە قەڵاکانی دنیا بە کوتەکێک ئەگری، من لەگەڵ خۆما، لە جەنگی بەردەوامدا بووم، تاکوو توانیم لە جێیەک پێش ئائەمەی ئێرە، کە ناوت ناوە کۆشک، خانوویەکی لێدروست بکەم و پلانی تەنیایی و شەڕی خۆمی تیا بەسەر بەرم، هاتنی ژنێک بۆ ئەوێ، گشت پلانەکانمی گۆڕی و جۆری شەڕەکەی دیسان لەلام گۆڕی، بۆیە ئەگەر ئێمە لەگەڵ خۆشمانا لە شەڕدا بین، ئەوە لە هەمان جۆری شەڕدا نامێنین"،** (سەلمان، ٢٠١٥، ١٩٠)، (ئادەم) لەڕێگەی ئەم گێڕانەوەیەوە، هۆکاری تەنیایی لە ڕابردوودا بۆ ئەو دۆخە دژوار و بێکەسییەی خۆی دەگەڕێنێتەوە، بەڵام لە ئێستادا، دەبێتە هۆکارێک بۆ گەشتی بێ کۆتایی، لە پێناوی دۆزینەوەی خود و شەڕی لەگەڵ خۆیدا، چونکە"دۆزینەوەی خۆت بەو مانایە دێت، تۆ مانای ژیانت دۆزیوەتەوە، بە واتا درکاندنی نهێنییەکانی ژیان، دۆزینەوەی خود گەورەترین دەستکەوتە لە ژیانی مرۆڤدا، ئەو دۆزینەوەیەش، تەنها ئەو کاتە دێتە کایەوە، کە تۆ تەنیابیت،(ئۆشۆ،٢٠١٨، ٥٧)، هەر بۆیە ئادەم هەوڵدەدات، بە قووڵی بچێتە ناو تەنیایی خۆیەوە، خۆی ببێتە سەنتەری ئەو بازنەیەی، کە بووەتە خەڵوەتی خۆی، ئەمەش ترۆپکی تێڕامانە.

هەروەها (مەندان) یەکێکە لە کارەکتەرە لاوەکییەکان، لەسەر زاری خۆیەوە هۆکاری بێ هاوسەری و ژیانی ڕابردوو بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو، دەڵێت: "**باوکی ئەو دووکچە نان و ئاوی لێ تاڵ کردبووین، شەو وڕۆژ ئاگای لە هیچ نەبوو، کارێکی نەدەکرد، لاواز ببوو، نەمەتوانی پشتی پێ ببەستم ئێوە کەیفی خۆتانە چۆن سەیرم ئەکەن، من ژنێکم، حەزم بە پیاوێکە بە ئەمەک و کارا بێت، لە تەنگانەیا پشتی پێ ببەستم... ناچار بووم هەر لە دە دوازدە ساڵییانەوە، پەلی ئەو دوو کچە بگرم و بەرەو شوێنێکی تر بچین... پاش ئەوە باوکیان قەت ڕێمانی نەدۆزییەوە، ئەو لەشارێک و ئێمە لە شارێکی دیکە، کەسمان کەسی نەبینییەوە ساڵانێکی زۆر تێپەڕی، ئیتر هیچ هەواڵێکیمان نەبیست، لەوانەشە مردبێت"،** (سەلمان،٢٠١٥، ٢٤٥)، ئەم کارەکتەرە هۆکاری جێهێشتنی هاوسەرەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی، کە هاوسەرەکەی پیاوێکی لاواز بووە، چونکە ژن پیاوێکی دەوێت، کارا و ئازاو تۆکمە بێت، بۆیە نەیتوانیوە، پشتی پێببەستێت و سەرئەنجام جێیهێشتووە،

بڕیاریداوە، کچەکانی بێ هاوسەر گەورەبکات، لە هەمانکاتشدا، گوێ بە توانجی کۆمەڵیش نادات، کاتێک دەڵێت، کەیفی خۆتانە چۆن سەیرم دەکەن، واتە جێهێشتنی هاوسەرەکەی، بە جۆرێک لە نەنگی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بەڵام ئەم بێ گوێدانە ئەم نەنگییە، بڕیاری خۆی داوە.

یەکێکی دیکە لە کارەکتەرەکان (پاساری ناو)ە، لە ڕێگەی ئەم شێوازە لە گێڕانەوە، باس لە ئازارەکانی خۆی دەکات، کە بەهۆی ئەوەی، ئەم کارەکتەرە دوو توخمە لە نێو کۆمەڵگەکەیدا، کە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووە، وەک ئامرازی کات بەسەر بردن سەیر، دەکرێت نەک وەک مرۆڤێک، دەڵێت: " **وەختێ لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییم بووم، ڕۆژێکیان کۆمەڵێ منداڵی مەکتەب بە قسەی خۆش کردمیانە نێو ئاودەستەکانی قوتابخانە، بە کۆمەڵێکەوە پانتۆڵەکەیان داکەنیم، تاکوو بزانن چیم، ئەمەش لەبەرئەوەی دایکم تێی گەیانبووم، کە نابێ کەس بزانێ من چیم، .... بەردەوام جێی تیروتوانجیان بووم و تا ئەو ڕۆژە کە پانتۆڵەکەیان داکەنم و دوو شتی بچووکی سەیریان بە نێو ڕانمەوە بینی، ئیدی گاڵتەپێکردنی گەورە لەدوای ئەوەوە دەستی پێکرد**"، (سەلمان،٢٠١٥،٨٨)، ئەم کارەکتەرە بەردەوام لە دۆخێکی دەروونیی نائارام و ڕاڕادایە و لە دەوروبەر بەگومانە، بە هۆی سوکایەتی و بە کەم سەیرکردنی، لەلایەن دەوروبەرەوە، هەر لە قۆناغی منداڵییەوە، بەهۆی ئەوەی دووتوخمە، واتە ئەم دۆخە دەروونییە ئاڵۆزەی ئێستای بۆ قۆناغی پێشووتری دەگەڕێتەوە، بۆیە لە پێناوی ڕزگاربوون لە توانجی کۆمەڵایەتی هەڵهاتووە، هەرئەمەش هۆکاری سەفەرەکەی و گەیشتنیەتی بە کۆشکی پیاوەکان.

هەر لە ڕێگەی گێڕانەوەی خودییەوە، (زۆزان)یش، لەسەرزاری خۆیەوە، باس لەو ئیشقە ناکامڵە دەکات، کە لەنێوان خۆی و گەنجێکدا دروستبوو، بەڵام هەر زوو لە ڕۆژێکی باراناویدا ئەم ئیشقەی نێوانیان کۆتایی هات، ئەگەرچی لە نێو ڕۆمانەکەدا هۆکاری جیا بوونەوەکەیان ڕوون نییە، بەڵام پێدەچێت ،سەفەری (زۆزان)، هۆکاری دابڕانیان بێت، بەهۆی ئەو ژینگە توندوتیژەی، کە تێیدابووە، چونکە دەڵێت:"**ئەو هیچی بەسەر نەهات، من شتی زۆرم بەسەر هات و جیا بووینەوە، ڕۆژێک بوو باران نمە نمە ئەباری، ئەتگوت بۆ هەموو ئاشقان، ئەو جۆرە ڕۆژە هەر شادی و لەیەکدابڕانیشە، چووینە ژێر دارێکی چڕ، هەر وەک ئێستا چۆن قژم کردەوە، ئەو ساتەش هەمان شتمکرد،... چیرۆکی ئەو خۆشەویستییەمان، هێشتا لە ناوەڕاستیابوو، بە دوو منداڵ ئەچووین، وەک لەوەی بە دوو ئاشق، کەسمان قسەی نەکرد، دڵمان وەک سەوزەیەکی تەڕی ناسک، هێشتا لاسکەکانی خۆیان بە خاکەوە گرتبوو،...هەر ئەو ڕۆژە بارانە، زۆر شتمان بۆیەک درکاند وەک دڵمان ئاگاداری کردبینەوە کە ئەوە دواجارە، زۆر شتەکانم لە بیر نەماوە، لەوانەشە لەبەر سەرڕەحەتی لەبیری**

**خۆمی بەرمەوە"،** (سەلمان،٢٠١٥،٥٦٤)، ئەم گێڕانەوەیە، بەهۆی بەردانەوەی پرچییەوە لە ناو کۆشکدا دێتەوە یادی، بۆ کارەکتەرەکانی ناو کۆشکی دەگێڕێتەوە، لەڕێگەی ئەم گێڕانەوەیەوە دەردەکەوێت، سەرەڕای هەڵهاتنی، لە ژینگەیەکی توندوتیژ، بە ئازاری ئیشقش بریندارە، کە هێشتا کاریگەریی لەسەرماوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێجار گێڕەرەوەی کەمشتزانیش لە پرۆسەی گێڕانەوەکەدا، دەردەکەوێت و دەبێتەهۆی تێکەڵبوونی هەردوو شێوازەکەی گێڕانەوە، واتە گێڕانەوە لە ڕێگەی یەکێک لە کارەکتەرە بەشدارەکانەوە دەبێت، لەم بارەوە (ناسر ئێرانی) دەڵێت: "لە گۆشەنیگای شەیەتحاڵدا کاری گێڕانەوە بە یەکێک لە کارەکتەرە لاوەکییەکانی چیرۆک دەسپێرێت و ئەم کارەکتەرە کە ڕۆڵێکی گرنگیی لە ڕۆمانەکەدا نییە وزێتر شایەتی بەسەرهاتە نەک بکەری سەرەکی ڕووداوەکانی جیهانی چیرۆک، هەڵبەتە تا ئەو ئەندازەیە کە دەتوانێ زانیاری بەدەست بهێنێ، لە گۆشەنیگا و بە زمان و دەنگی خۆی بۆخوێنەر دەگێڕێتەوە"،(ایرانی،١٣٨٠،٤٠١)، لەم ڕۆمانەدا یەکێک لە کارەکتەرە بەشداربووەکانی پرۆسەی ئەنفال (ژینۆ)یە، لە ڕێگەی ئەم شێوازە لە گێڕانەوە و بە پێی گۆشەنیگای خۆی، بە شێک لە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، گێڕەرەوە بەشدارە لە پرۆسەی ئەنفالدا، بۆیە کاتێک دەست بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەکات، بۆماوەیەکی کەم لە گێڕانەوەی خودییەوە دەبێت بە گێڕانەوەی بابەتی، بەڵام دواتر دەگەڕێتەوە بۆ خودی: **"من تێکەوتم، نازانم چۆن! بەڵام بەباشی تێکەوتم و وەختێ خەبەرم بۆوە، کە کاتی ڕەشەگیری فەرمانیان پێدام لەگەڵ هاوڕێیەکم ئەبوو منداڵی ساغ و بە توانا و پڕژیان بۆ ئەوان دەستگیر بکەین و جیایان بکەینەوە، ئەوان خۆیان هەر نەدەپەرژان، ئەوەندە سەرقاڵ بوون بەئەرکی ترەوە، بە کوشتن و گرتنی خەڵکی تر، هەرچۆن خۆیان پاک و پووختە، ناویان لێنابوو ئەرک، هەر ئەبوو ئێمە، ئەوانەی پەراوێزی لیستەکانیان بووین، بە گیانمان لارەملیی ئەوان هەڵگرین و ئا بەو ئەرکە هەڵبساینایە**"،(سەلمان٢٠١٥،١٣٠).

لێرەدا، گێرەرەوە لەڕێگەی جێناوی کەسی یەکەمەوە باس لە ڕابردووی خۆی دەکات، کە چۆن کەوتووەتە ناو داوی(ڕژێمی بەعس)، چونکە لە شاڵاوی ئەنفالدا منداڵەکانیان جیادەکردەوە و دەیانپاراستن ودواتر دەیانبردن بۆ بازرگانەکان و مامەڵەیان پێوەدەکرد،ن پاشان کەمێک دەبێتە بابەتی وباس لە ئەرکی ئەوان(سەرانی ڕژێمی بەعس) دەکات، کە لە ژێر ناوی ئەرک، خەریکی کوشتن و ڕەشبگیریی و وێرانکردنن، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی خودی و باس لە ئەرکی خۆی دەکات، کە دەبوو پارێزگاری لەو منداڵانە بکەن، تاکوو وەکو کاڵایەکی بازرگانی بەساغ و سەلامەتی بە دەستی کڕیارانیان دەگەن.

## ب- شێوازی گێڕانەوەی بابەتی:

لەم شێوازەی گێڕانەوەدا، جێناوی کەسی سێیەمی تاک بەکاردێت. ئەمەش وایکردووە، لە پرۆسەی گێڕانەوەدا"گێڕەرەوە سەربەستییەکی تەواوی لە هەڵسوڕاندن و باسکردن و شیکردنەوەی ڕووداوەکان هەبێت و بە ئارەزووی خۆی بە ناوتەواوی توخمە هونەرییەکانی ڕۆماندا گوزەر دەکات و وەسفێکی گشتی کات و شوێن دەکات"، (ثامر،١٩٩٢،١٨٢)، بەمجۆرە بوار بۆ هیچ کارەکتەرێکی ناو ڕۆمانەکە نامێنێتەوە، کە گوزارشت لە خۆیان بکەن. لەم شێوازەدا ڕۆماننووس بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لەپشتی گێڕەرەوەی بابەتییەوەیە، لە پشت گێڕانەوەی بابەتییەوە ڕۆماننووس ئامادەیە، بەڵام پێویستە بە جۆرێک گێڕانەوەکە بەرجەستەبکات، کە خوێنەر بە زەقی هەستی پێ نەکان.

ئەم شێوازە لە گێڕانەوە لە ناو دەقەکەدا، بەراورد بە شێوازی گێڕانەوەی خودی کەمتر بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆک و ڕابردووی هەندێک لە کارەکتەرەکان بەمجۆرە خراونەتەڕوو، بۆنموونە گێڕەرەوەی بابەتی، باس لە سەرەتاکانی دروستکردنی کۆشک و گەیشتنی (ژینۆ) دەکات، بۆ لای (ئادەم)، چۆن لەگەڵ هاتنی هەر کارەکتەرێکدا، کۆشک فراوان دەکەن، دەڵێت: **"ئادەم ئەو ساتانەی یەکەم لەگەڵ ژینۆ، چی زەوی و کێڵگە و دەغڵی میراتیی خاڵی بوو، نیشانی ئەوی دابوو، لەو ڕۆژەوە بێ وەستان کاریان دەکرد و بەرەبەرە خانووەکەیان گەورە دەکرد، بەردەوامیش هەڵهاتووەکان، پاش بڕینی ڕێگەیەکی زۆر، دەگەیشتنە لایان و ئەمانیش دەیانگرتنە خۆیان، پاش دوو ساڵێک، بەشێکی زۆری ئەو خانووە دروست کرابوو، چوار پیاوی ترش دواتر هاتن و لەوێ مانەوە، تا دەهاتیش، خانووەکە گەورەتر دەکرایەوە و ژووریتری بۆ دروست دەکرا، بەسەر پەرشتی ئادەم، هەموو کەوتنەکار، هەموو گیانیان ببووە وزەیەکی خاوێنی بێ خڵتە"،** (سەلمان،٢٠١٥،٤٦٥)، لەم گێڕانەوەیەدا دەردەکەوێت، کە هۆکاری گەورەی ئەم خانووە، دەگەڕێتەوە بۆ زۆری بیمارانی جەنگ و هەڵهاتن لە ژینگەی توندوتیژ و گەیشتنیان بۆ ئێرە، چونکە لەگەڵ هاتنی هەر کارەکتەرێکدا ژوورێکی بۆ زیاد دەکرا، تا بەمجۆرە فراوان بوو و ژمارەی ژوورەکانزێ تر بوون.

هەر بەم شێوازە لە گێڕانەوەدا، گێڕەرەوەی بابەتی، باس لە چۆنیەتیی بەسەربردنی شەوەکانی (ئادەم) لە کۆشکدا دەکات، کە ناونیشانی ڕۆمانەکەیە، دەڵێت: **"ئادەم لە شەوە بێکۆتاییەکانیدا کە لە هی هەموو بونەوەرەکانی دنیا درێژترە، چۆن حیکایەتخوانێک دەبوو بەردەوام چیرۆک بگێڕێتەوە وەهاش پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، کە پێویست ناکات یادی خۆشی و ناخۆشی بکەینەوە، لەبری**

**ئەوە باشترە چیرۆکێک بگێڕینەوە دنیای ئازار و نەهامەتی و ئەڤین و بەختەوەری و بە تایبەت ئەزموون باس بکەین، ئەزموون لە لای ئادەم ئەو قوڕە خاوەیە، کە پەیکەری بچووکی لێ دروست دەکەی، لە هەر پەیکەرێکیشدا وێنەی بێکۆتایی بە هەر یەکێکیان دەدەی"،** (سەلمان، ٤٦٣،٢٠١٥)، دیارە، لێرەدا مەبەست لە بێ کۆتایی و درێژیی شەوەکان لەلایەکەوە بۆ زۆری چیرۆکە تراژیدییەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەگەڕێتەوە، لەلایەکی دیکەوە، پەیوەستە بە بارودۆخی کارەکتەرەکانی ناو کۆشک، چونکە " هۆش و هەستی کەسەکان دەبنە پێوەری کورتی و درێژی کات"، (شێخانی، ١٢٩،٢٠١٣)، بە پێی باری دەرونیی کارەکتەرەکان، بەو جۆرە شەوەکان درێژە، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی کاتی دەرونییەوە. هەروەها ئەزموون لای (ئادەم) سەرچاوەی دروست بوونی کەسێتییە، بێگومان سەرچاوەی ئەم ئەزموونەش، ئێش و ئازار و گەرماو سەرمای ژیانە، "لێرەدا مەبەست لە کۆنتێکستی ئەو دۆخەیە، کە (ئادەم) دەیخاتە پێش چاوی ئەوانی تر، ئەوە هەوڵێکی ئینسانییە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەردەوام لەناو یادەوەرییدا نەمێنێتەوە، بەڵکو بچێتە ناو دنیایەکی کراوەترەوە، چونکو دنیای ناو یادەوەریی داخراوە، ڕاستییە، ناتوانین دەستکاری بکەین، بە کۆمەڵێک ڕووداو سنووردار کراوە، بەڵام خودی چیرۆک داهێنانە! کە وتیشت داهێنان، واتە بۆی هەیە، ئەزموون و ئازار و ناخۆشی و خۆشیش دابهێنێتەوە. ئەوەی کە لە ڕۆمانەکەشدا، کاری لەسەر کراوە، داهێنانەوەی چیرۆکی ئەو کەسایەتییانەیە، ئەوانن، کە خاوەنی ئەو دنیایەن وا لە شەوانی ئادەمدا پێشنیاری دەکرێت"(سەلمان، چاوپێکەوتن،٢٠٢١). بەواتایەکی دیکە، شەوان (ئادەم) کۆیاندەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێی گێڕانەوەی حیکایەتەکانی ژیانیان، خۆیان بیربخاتەوە، چونکە دەکرێت، مرۆڤ لە ڕێگەی زیندووکردنەوەی خەیاڵ و یادەوەرییەوە، کار لەبارەی داهاتووەوەبکات، دەکرێت گێڕانەوە ببێتە جێگرەوەی ئەو دۆخەی تێیدان، لە بێناسنامەیی و بۆ دووبارە داهێنانەوە یارمەتیدەربێت.

هەروەها بە هەمان شێوە ،گێڕەرەوەی بابەتی بەشێوەیەکی بابەتییانە و لە دەرەوەی ڕووداوەکاندا، باس لە دۆخی کارەکتەرە ژنەکان دەکات، لە دوای ڕزگاربوونیان لە شاڵاوی ئەنفال و نیشتەجێبوونیان لە گوندێکی دووردەست، دەڵێت:**"سەکینە و هەردوو کچەکەی، ئەفسانە و ویژدان، لەگەڵ پوریان، مەندان و دووکچەکەی، ڕەهێڵە و بەفرین، فێرببون تەنهاییان لەو گوندە بچکۆلانەیە، کە لە خانووەکەی ئەوان تێنەئەپەڕی، ژیانیان بەسەر بەرن. هەرکەس بگەیشتبایەتە لایان، وێڕای قورسی ئەو ژیانەیان، هەر بایی خۆی خزمەتیان دەکرد و بەڕێیان دەکرد، شێوازی قسەکردن و جۆری دروومانی کراسەکانیان و قژداهێنانیان بە خەڵکی دەناساندن، کە شارین. ژیانی پڕ تەنیایی**

**و سەختی ئەویش، فێری کردبوون پشت بە خۆیان ببەستن و بیروبۆچوونیان سەبارەت بە دنیا، بە بەردەوامی هەڵسەنگێنن و لەگەڵ یەکدی بیگۆڕنەوە.."**، (سەلمان،٢٠١٥،٢٤٦)، لەم گێڕانەوەیەدا جگە لە دەرخستنی سیمای ئەم کارەکتەرانە، کە گوزارشتە لە نیشتەجێبوونیان لە شار لە ڕابردوودا، گێڕەرەوە ئەوەش بۆ خوێنەر دەخاتە ڕوو، کە تەنیایی بووە بە هۆی گۆڕانی تێڕوانینیان بۆ ژیان و چاونەترسیان.

هەر لە درێژەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا بەم شێوازە باس لە دۆخی دەروونیی ژنەکان دەکرێت، لە ساتەوەختی ئەنفالدا، کاتێک ڕوودەکەنە سەرسنور، بۆ ئەوەی بچنە ئەودیوی سنورەکانەوە بۆ ڕزگار بوونیان لە شاڵاوی ئەنفال :**"...ئەفسانە، بە کەمێک شەرمەوە، بارەکەی خستەوە سەر شانی و هەڵسایەوە سەر پێ، بە تووڕەبوونەوە قژە کورتەکەی خستە پشت گوێی و لەگەڵ ئەوانی تردا کەوتنەوە هەڵزنین بە شاخەکەدا، ئەفسانە دایکی دەناسی، دەیزانی چەندە ژنێکی بە سۆزە، ئەم هەڵوێستەی تەنها بۆ ئەوەیە، کە خۆیانبگرنەوە و بەردەوام ببن،...لەو هەموو ڕووداوەدا پووری و دایکی لە نێو ئەواندا گەورەترین قوربانی بوون،...سەکینە هەموو فیکری لەلای ئەو کچانەبوو، نەفەسی جگەرەکانی قوڵتربوو لە پێشوو، ژمارەشیان لەو ڕۆژەوە زۆر زیادی کرد"**، (سەلمان،٢٠١٥،٣٢٨)، نووسەر لە ڕێگەی ئەم گێڕانەوەیەوە، ئەوە بەرجەستەدەکات، قوربانی ئەو دۆخە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتییەی کۆمەڵگە زێتر ژنە. وێڕای ئەمەش، کەسێتیی بەهێزی (سەکینە) دەردەکەوێت، چونکە "کەسێتی ڕاستەقینەی هەر مرۆڤێک لەو بڕیارگەلەی کە لە بارودۆخی گرژیدا دەیدات دەردەکەوێت، هەتا گرژی و فشارزێتربن ئەم دەرکەوتنە تەواوترە و ئەو بڕیارە کە دەدرێت، نزیکترە لە سروشتی بنیاتی کەسێتییەکەوە"،(کارد،٦٩)، لەم دۆخەشدا سەکینە دەیەوێت بەردەوام بێت و خێزان و دەوروبەری بگەیەنێتە پەناگەیەکی ئارام.

گێڕەرەوەی بابەتی لە درێژەی گێڕانەوەکانیدا لەبارەی دۆخی ژنەکان، دۆخی دەروونیی (بێڤەر)مان بۆ دەخاتە ڕوو کاتێک دەگاتە ماڵی ژنەکان، بەم جۆرە: **"بۆ بێڤەر ناو، ئەو وەختە لەگەڵ ئەو نیو تاقمە ژنەدا، بڕێک دژوار و غەمگین بوو، ورەی دابەزی، تاقەتی مانەوەی نەما، ئەمانە بڕێک بە شێت دەچن، بڕێک بە ئاقڵێکی بێوێنە، لە هەمووی سەرنجڕاکێشتریش بۆی، ئەمانە کۆمەڵێ ژنی بێ پیاو و چاونەترسن، بە کورتی، سەڵتن و منەتیان بە کەس نییە، وایە، مەسەلەی کوشتن ئەم هێنایە مەیدان، کەچی ئەوەتا، هەموو قسەکانی ئەوان هاتە سەر ئەوەی باسی کوشتن بکەن، بە بێ ئەوەی داچەڵکێن، لەلاشی ئاشکرا بوو ئەمانە شارین، هەرگیز دەشتەکی نین"**، (سەلمان،٢٠١٥،٢٢٩)، هۆکاری ئەم ئاڵۆزییەی ژنەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخەی، کە تێیکەوتبوون، کە تەنیایی

فێریکردوون، لەسەرپێی خۆیان ڕاوەستن ،بێ ئەوەی بیرلەهیچ کەس بکەنەوە، دیارە لێرەدا مەبەست لەکوشتن، کوشتنی دەروونی و وێڵبوونە، نەک کوشتنی فیزیکی، چونکە (سەکینە) بەهۆی خۆشەویستییەوە، پیاوێکی بەرەو وێڵبوون ناردووە و وەک خۆی بە کوشتن ناوی دەبات، ئەوەی وایکردووە، کە (زۆزان) لەم کارەکتەرانە نەگات، ئەوەیە کە لەم تەنیایی و چۆڵەوانییەدا، باس لە زۆر چەمکی هزری دەکەن.

هەندێجار گێڕەرەوەی بابەتی، هێندە ڕۆدەچێت، دەست تێوەردان لە زین وخەیاڵی کارەکتەرەکاندا دەکات، کاتێک کە (مەردۆخ) خەیاڵی بۆ شوێنی پێشووی دەیگەڕێنێتەوە، گێڕەرەوەی بابەتی وێنەکانی ناو خەیاڵی، بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو دەیگێڕێتەوە:**"مەردۆخیش ڕەنگی کۆشکی پێوە دەنووسا، چاوی لەسەر عەردی ڕێڕەوەکە چەقانبوو...خەیاڵی بەرەو ڕێگەیەک بردی، کە وێنەی ڕووداوی پێشووی ژیانی لەسەر نەخشابوو و تێکەڵ بە یەکە یەکەی ئەم ساتانەی ئێرە دەبوو، هەموو تابلۆی گەورەبوون، هەر چەندە هەوڵی دا نەگەڕێتەوە ناوچەکەی خۆی، کەچی ئەو کەسە کەمانەی لە ژیانیدا مابوو، بانگیان دەکرد بگەڕێتەوە، پێیان دەوت سیمای وەک خۆی نەماوە و چیی دی نایناسنەوە، خۆشی شوێنەکانی لەلا تێکەڵ ببوون، چی ماڵ و دوکان بوو، ڕووخابوون و تێک شکابوون، کار لەوەدا نەمابوو کەسی لێ نیشتەجێ بێ، ئەوانەی بەناوی ساغییشەوە هێشتا گیانیان تێدا مابوو، دیمەنیان شێواوبوو..."،** (سەلمان،٢٠١٥،١٤٨). گێڕەرەوە لە ڕێگەی زەینی(مەردۆخ)ەوە، ئەوە بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو، کە بە هۆی جەنگەوە، تەواوی ناوچەکە(گەرمیان) وێران بووە و هیچ شتێک لە جێگەی خۆیدا نەماوە، بووەتە بیابانێکی تەواو. هەموو دیمەنەکان بە جۆرێک شێواوە، چ گیاندار و چ بێ گیان، هیچ کامیان ناناسرێنەوە.

لە چوارچێوەی گێڕانەوەدا، یەکەکانی گێڕانەوە لە ڕیزبەندی کاتیی خۆیان لادەدەن، ئەمەش بۆ(یادگە) دەگەڕێتەوە، جگە لە یاسای کات، گوێڕایەڵی هەندێ یاسای ترش دەبێت، بەو واتایەی، ئەو پێوەندییەی لە ئەنجامی نایەکسانیبوونی کاتی ڕۆمان و کاتی ڕووداو دێتە کایەوە، "بەهۆی ئەم تێکشکاندنەی کاتەوەیە، کە گێڕانەوە بۆ نواندنی یەک لە دوای یەکی ڕووداوی ماندووکەر ناگۆڕێت، ڕێگە دەدات، لە نێوان ئەو ڕووداوانەی زۆر جیاوازن لەیەک، پێوەندیی هۆ و ئەنجام، یان پێوەندیی درکەیی بدۆزرێتەوە". (دیولاج، ١٣٨٨، ١٤١)، تەکنیکەکانی تێکشاندنی ڕیزبەندیی کات ئەمانەن:

**پ- گەڕانەوە، یان پاشخستن:**

بریتییە لە ڕاگرتنی گێڕانەوەی "ماجەرای ڕووداوەکانە و گەڕانەوەیە بۆ هێنانە ئارا یان بیرکەوتنەوەی ڕووداوی ڕابردوو، ئەمەش تەکنیکێکی سینەماییە" ،(سامان ٣١٠،٢٠١٢)، ئەم تەکنیکە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی دەق و ڕوونکردنەوەی ڕابردووی کارەکتەرەکان بەکاردێت، بە جۆرێک هەندێک ڕووداوی ڕابردووی کارەکتەر، کە پێویست و گرنگن، دەهێنرێنەوە و بۆ خوێنەر دەخرێنەڕوو.

لە نێو ڕۆمانەکەدا، ڕۆماننووس سودی لەم تەکنیکە بۆ گەڕانەوەی چەند ڕووداوێک وەرگرتووە، کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، بۆ ڕەوتی ڕووداوەکان گرنگەو باسنەکراوە، لە ڕێگەی یادەوەرییەوە لە ئێستادا باسدەکرێت، نووسەر بەم شێوازە لە گێڕانەوەدا، باس لە ڕابردووی (ژینۆ) دەکات ئەمەش کاتێک، کە (زۆزان) دەگاتە کۆشکی (ئادەم) و بە بینینی ئەم کارەکتەرە،(زۆزان) (ژینۆ)بەخەیاڵ گەشت دەکاتەوە بۆ شارەکەی خۆی و کەسوکارەکەی بە خەیاڵ دەهێنێتەوە یادی، ئەم ڕووداوە سەرەتایە، کاتێک (ژینۆ) دەستی بە سەفەرەکەی کردووە، بەڵام ڕۆماننووس لە کۆتایی دەقەکەدا بە شێوازی گێڕانەوەی بابەتی، بۆخوێنەری دەخاتەڕوو دەڵێت:**"کزیی چاوی باوکی، بە چاویلکە ئەستوورەکانی و پشتی کۆمییەوە، نەفرەتی لێدەکرد، دەبینێ چۆن لە نێو ماڵەکەیاندا دەهاتودەچوو و دیقەتی شەهادە هەڵواسراوەکەی کوڕەکەی دەدا، کە هیچی لە دوا هەڵنەکڕان، مەراق لە پڕ زۆر پیری کردبوو، دایکی دەبینی، کە لە هەفتەیەکدا هەشت بۆ نۆ جار دەچووە سەر گردێکی بەرزی نزیک ماڵەکەیان، تا لە گۆڕی گەنجیتردا گۆڕی نەبووی کوڕەکەی ببینێ، دووبراکەی لە ترسی پرسیاری دەوروبەریان، هەر یەکەیان لە شارێکی تر نیشتەجێ ببوون، هەر چوار خوشکەکەشی، هەموو ڕۆژێک بە ناوی بازاڕەوە دەچوونە ناوجەرگەی شار و تەماشای خەڵکیان دەکرد و دەگەڕانەوە، لەبەر سامناکیی شاریش، نەیاندەوێرا هیچ پرسیارێک لە کەس بکەن"،** (سەلمان،٤٧٥،٢٠١٥)، لە ڕێگەی ئەم گەڕانەوەیەوە، (ژینۆ) دۆخی خێزانیی دوای سەفەرکردنی بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو، کە چۆن دایکی لە گۆڕی گەنجانی تر، گۆڕی کوڕەکەی دەبینێت، ئەمەش ئاماژەیە، بۆ هاوچارەنووسی هەموو گەنجانی شار لەو دۆخەدا، هەروەها هۆکاری ڕۆشتنی براکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوپرسیارانەی، کە لەلایەن خەڵکەوە، دەربارەی چارەنووسی (مەردۆخ)ی برایان دەکرا، بەڵام ئەوەش دەخاتەڕوو، بە تێپەڕبوونی کات هەموو برینەکان سارێژ دەبن، چەند گەورەش بن:**"ژینۆش لە هاتنی ئەم کچە، ساتەکانی هەڵهاتنی خۆی دەهاتە بەرچاو، لەتلەتبوونی دڵی کەسوکاری خۆیی وەها دەبینی، کە هەمان ئەو لەتانە ساڵ دوای ساڵ لەلای خۆیانەوە بەدەم**

**یەکەوە دەیدروونەوە، با جێی دوورمانەکەشی دیار بێت، خۆ هەر دێتەوە یەک!**"
(سەلمان،٢٠١٥،٤٧٣).

هەر لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە، دیمەنی دڵخۆشی ژنەکان، پێش ڕوودانی ئەنفال و لە دەستدانی دەزگیرانەکانیان بۆ خوێنەر دەخرێنەڕوو، ئەگەرچی ئەم ڕووداوە سەرەتا و دەستپێکی ڕووداوەکانە، کاتێک ژنەکان دەیانەوێت، بگەنە گوندێکی سنوری گەرمیان، بۆ لای دەزگیرانی کچەکانیان، بەڵام دواخراوە و لە ناوەڕاستی ڕۆمانەکەدا خراوەتەڕوو، گێڕەرەوە لەڕێگەی تەکنیکی گەڕانەوە و بەهۆی یادگەوە، گەڕاوەتەوە بۆپێش ڕوودانی شاڵاوی ئەنفال و دڵخۆشیی کچەکان و خەیاڵی گەیشتنیان بە دەزگیرانەکانیان و دەیان خەونی ڕەنگاو ڕەنگ بۆ ژیانی داهاتوویان باس دەکات، بەڵام ئەنفال ڕوودەدات و هەموو خەونەکانیان دەبنە بەفری بەرهەتاو و دەتوێنەوە و لەناو دەچن، دەڵێت: "**هەموو دڵیان گوشرابوو، هەر لەو ساتەوەی پیاوەکە هاتەسەر ڕێیان، چی پێکەنین بوو بووە یادگارییەک، کە زۆر دواتر، لە جێیەکی دی، کە لەوەودوا لێی نیشتەجێ بوون، دەهاتەوە یادیان چەندە شاد و پڕهیوا بوون ئەو ڕۆژە، کە دەرچوون! چەند سیمای گەشی بەسەر ڕووخساریانەوە نووساندبوو، کچەکان بە خەیاڵی بینینی دەزگیرانەکانیان، دڵیان باڵە فڕێی بوو، چاویان بە گلێنەیەکی سافی گەنجێتی، گەش دەیڕوانییە دوور، لە هەموو بستێکی سەر ئەو ڕێگەیەشیان، خەونێکی لەلا دادەهێنان، ئەو خەونانە لەلایان هەموو قابیل بە هاتنەدی بوو...**"، (سەلمان،٢٠١٥،٣٣٠).

**ت– پێشخستن**: ئەمەش تەکنیکێکی سینەماییە و ئایندەخوازیی پێوە دیارە،"کرداری گێڕانەوەیە بریتییە لە هاوردەکردنی ڕووداوێکی ئایندە وئاماژەکردن بە ئەو ڕووداوە"،( المرزوقي، ١٩٩٦)، ئەم تەکنیکە، وێڕای گرنگیییەکەی لە نێو ڕۆماندا، بەڵام "هەندێجار توخمی پەرۆشی(تشويق) کە بڕبڕەی پشتی دەقی ئەدەبییە، لەلای خوێنەر دەکوژێت، بە پێچەوانەشەوە هەندێجاروا لە خوێنەر دەکات کە بە پەرۆشەوە پەلە لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بکات تا بگات بەو ڕووداوەی کە پێشوەخت باس کراوە، بەدیهاتن یان ڕوودانی ئەو ڕووداوەی کە پێشوەخت  باس لە ڕوودانی کراوە"،(سەعید،،٢٠١٣،٢٤٣).

ئەم تەکنیکە بریتییە لە پێشخستنی ڕووداوێک، کە لە داهاتوو و لە چوارچێوەی ڕۆمانەکەدا ڕوودەدات، یان ئەو ڕووداوانەی، کە گێڕەرەوە پێشوەخت باسیان لێوە دەکات، یان ڕوو دەدەن یان لەسەر ئاستی پێشبینیدا دەمێنێتەوە و نایەنەدی. لە نێو ڕۆمانەکەدا، لەچەند شوێنێکدا ئەم تەکنیکە

بەکارهاتووە، لەسەرەتای دەقەکەدا، کاتێک(مەردۆخ) دەگاتە کۆشک، لەگفتوگۆیەکی لەگەڵ (ئادەم)دا، (ئادەم) پێشبینی خۆی بۆ چارەنووسی(مەردۆخ) دەخاتەڕوو، کە ئەمیش لەداهاتوودا لە کۆشکدا دەبێت بە شوێنگرەوەی(ئادەم) و ژمارەیەک هەڵهاتووی دیکە لەخۆدەگرێت، جگەلەوەی، هەر لەم گفتوگۆیەدا، (ئادەم) ئەوە دەخاتەڕوو، کە کۆشک بە جێدەهێڵێت، ئەمەش لە کۆتایی دەقەکەدا ڕوودەدات و دەڕوات بەرەو خانووی ژنەکان، بە (مەردۆخ) دەڵێت: **"تۆش، سا یان ئەڕۆی و وێڵ ئەبی، یان ئەوەتا ڕێیەکی تر ئەدۆزیتەوە، بینینی خۆت بەو شێوەیە، هەر ئەوە ئەگەیەنێت. بۆ خۆ دۆزینەوەش، گومانم لەمەش هەیە، لەبەر ئەوەی هەلومەرجی ژیانی ئێستا ئەو دەرفەتە نادات، ڕەنگە لە داهاتوویەکی دوور ئەمە بێتە دی، لە ئێستایا، ئەم جۆرە هیوا درۆزنە لە خۆت داتاشە. ئەگەر ئەوەش هاتە دی، ئەوا یا ئەگەڕێیتەوە ئێرە، وەک ئەمانەی لێرەن،.... بەوەش ئەچێت، ئاخرییەکەی هەر تۆ بتوانی جێیەکی پان وبەرین لێرە بگری، گریمان من لێرە ڕۆشتم! ڕۆشتنی منیش بە کاتەوە بەستراوە، هەر ئەو کەسانە ئەتوانن جێی کەسێکی وەک من بگرنەوە، کە دڵیان هەیە، نەک سیفەتی باوکێتی،.. تۆش بێ ئەوەی بە چاکی خۆت بناسی، ئەوەت تیایە"،** (سەلمان،١٧٣،٢٠١٥)، لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، (ئادەم) بۆ لای ژنەکان دەچێت، بەڵام ئەوەی بە کراوەی هێڵراوەتەوە، ئەوەیە، ئاخۆ(ئادەم) لەماڵی ژنەکاندا دەمێنێتەوە، یان دەبێتە وێسگەیەک بۆی، وەک هەموو وێسگەکانی تری ژیانی، جگەلەوەی، (ئادەم)، کە پێشبینی شوێنگرەوەی بۆ (مەردۆخ) دەخاتە ڕوو ئاماژە بەوەش دەکات، کە سیفەتی باوکێتی تێدانییە، چونکە بەبڕوای (ئادەم)، باوک کەسێکی تۆکمەیە، بەڵام ئەم بە دەردی دڵ بریندارە، بۆیە ئەمجۆرە لە کارەکتەر گونجاوترن، بۆ لەخۆگرتنی هەڵهاتووان، چونکە تەوەرێکی ئەم ڕۆمانە، باس لەوە دەکات، خۆشەویستیی نێوان مرۆڤەکان، بە جیاوازییەکانەوە جوانە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، مرۆڤ گەر بە عەقڵ خۆشەویستی کرد، کار بۆ ڕازیکردنی ئەوانی دی (مەعشوق) دەکات، بەڵام کارەکتەرێکی وەک(مەردۆخ)زێتر سۆز تێیدا زاڵە، ئەمەش وادەکات، کەمتر خاڵی لاوازی بشارێتەوە، بەڵکو خود خۆی دەبێت، لەم بارەوە (بەختیارعەلی) دەڵێت: "بە عەقڵانیکردنی هەرچی زۆرتری خۆشەویستی، واتە دروستبوونی هەلومەرجێک تێیدا مرۆڤ جەوهەری خۆی، لاوازییەکانی، ئەوەی دەشێت ئەوانی دی قەبووڵی نەکەن، بشارێتەوە، خۆی بشوێنێت تا ئەو وێنەیە بتاشێت کە لای ئەوانیدی پەسەندە. بە مانایەکی تر مرۆڤی ڕۆژگاری ئێمە بەردەوام دەبێت چاوەڕوانی ئەوانیدی تێربکات"، (عەلی،١٦٣،٢٠٢٢)، کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانەش وێڵن لە پێناو گەیشتن بە وێنەی ڕاستەقینەی خۆیان، نەک وێنەی داتاشراو بۆ خۆیان دروستبکەن، لە پێناو ڕازیکردنی ئەوانی دیدا، لەم

پێناوەشدایە، گەیشتوون بە کۆشک، بۆیە (ئادەم) (مەردۆخ) بە گونجاوتر دادەنێت، بۆ بەڕێوەبردنی کۆشک، چونکە سۆز بەسەریدا زاڵە و کار لەسەر عقڵانیکردنی هیچ پێوەندییەک ناکات، لە کاتێکدا دەبێت، لە باوکێتیدا مرۆڤ بە عەقڵانی مامەڵەبکات.

هەروەها کاتێک (بێڤەر) دەگاتە ماڵی ژنەکان، لە گفتوگۆیەکی نێوان (سەکینە و بێڤەر) دا، لە ماڵی ژنەکاندا (سەکینە) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە چۆن لە ڕابردوودا، هەر شوێنیان وێرانە بووە، ڕەنگە داهاتووشیان هەمان شوێن بێت، تەنانەت لە نێو وێرانەشدا بمرن، بە (بێڤەر) دەڵێت:" **ئەم چەند ساڵەی پێشوو هەموو چوونەکانی ئێمە بەرەو لای گوندی وێرانە بوو و نەمانەتوانی لێی دەربچین، بە خوا وابزانم ئاخرییەکەشی گۆڕەکانمانیش هەر لە نێو وێرانە ئەبێت"،** (سەلمان،٢٠١٥،٣١٢)، ئەگەرچی، لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا(سەکینە) نامرێت، بەڵام ئەم پێشبینییە بۆ (بێڤەر) ناو ڕاست دەردەچێت، بەوەی، لە نێو وێرانەدا دەکوژرێت و گۆڕەکەیشی، هەر لە نێو وێرانەدا دەبێت. پێش مردنی، کاتێک (بێڤەر) دەگاتە کۆشکی پیاوەکان، لە ژوورەکەیدایە، لە چوارچێوەی خەیاڵدا گفتوگۆیەک دروستدەکات، وا لە خوێنەر دەکات، چاوەڕوانی ئەو ڕووداوە بێت، ئەویش باس لەوە دەکات، چۆن بگاتەوە لای (سەکینە)و هەواڵی (وەستا)ی بۆ بەرێت:"**بێڤەر بە سەکینەی وت هەموو تەمەنی بە دیار تووە دانیشتووە باجی ئەزانی؟ ئەو ئێستا سیگار ناکێشێ ئەشزانێ کە تۆ بەدوایدا دەگەڕێی، یان ئەوەتا خۆت و ئەوانی دی بچن بۆ لای یاخوود..." سەکینە لێی پرسی ئەوچی؟ بۆ قسەکانت تەواو ناکەی؟ نایەوێ بمبینێتەوە؟ نا، نا، وانییە ئەو لە ئێستایا ناتوانێ دەربچێت، قاچی بەرگەی ئەو هەموو ڕێگەوبانە ناگرێت. تۆزێک ناساغە، هەر ئەوەیە ئەبێت چاوەڕوان بیت، تا ئەگاتەوەلات**"،(سەلمان،٢٠١٥،٥٢٢)، بەڵام پاش جێهێشتنی کۆشک و پێش گەیشتنی بە ماڵی ژنەکان و گەیاندنی ئەم پەیامە (بێڤەر/زۆزان) لە ڕێگەدا دەکوژرێت، دەکرێت، جۆری مامەڵەی نووسەر لە بەکارهێنانی تەکنیکەکەدا لە بەرچاو بگرین، بەوەی دەبێت ،بزانین دواجار، چ مەبەستێکی ئێستاتیکی لە هاتنەدی، یان نەهاتنەدییاندا هەیە. دەشێت، ڕووداوێک پێشبینیی بۆ کرابێت و نەیەتە دی، وەک لێرەدا دەردەکەوێت، ڕۆماننووس لە نەهاتنەدی، ئەم پێشبینییەدا، مەبەستی لە گەیاندنی ئەو پەیامەیە، کە جەنگ لە بەیەکگەیشتنی خۆشەویستەکاندا ڕێگرە.

ج - **کورتکردنەوە**: یەکێکە لەو تەکنیکە گرنگانەی، کە ڕۆماننووس پەنای بۆدەبات، بۆ ئەوەی خۆی لە درێژ دادڕیی گێڕانەوەی بەسەرهاتی هەندێ کارەکتەر بپارێزێت، بەم شێوەیە"باسکردنی ئەو ڕووداوانەی کە کاتێکی زۆریان خایاندووە بە کەمترین دێڕ یان پەرەگراف لە پرۆسە

گێڕانەوەدا، واتە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی چەندین ڕۆژ یان مانگ یان ساڵ لە چەند پەرەگراف یان چەند لاپەڕەیەک، بە بێ ئەوەی باسی وردەکارییەکانی قسە و کردارەکانیان بکرێت"،(سەعید،٢٤٨،٢٠١٣)، ئەم کورتکردنەوەیەش، بە پێی بارودۆخی ڕووداوەکان دەبێت، ڕۆڵی لە گوزەرکردنی خێرای ڕووداوەکاندا لە ڕۆمانەکەدا هەیە، بە تایبەتی ئەو ڕووداوانەی، کە پێویست نین و گۆڕانکاری لە کەشی ناو دەق و بارودۆخی کارەکتەردا ناکەن.

هەندێجار کورتکردنەوە، هیچ ئاماژەیەکی کاتی تێدا نابێت، ڕووداوەکان بە خێرایی تێدەپەڕت، بەڵام خوێنەر خۆی هەست دەکات، ئەم ڕووداوانە کاتێکی زۆریان خایاندووە، بەڵام کورتکراونەتەوە. ئەگەرچی ئەم کۆتکردنەوەیە لە چەند شوێنێکدا، لە نێو ڕۆمانەکەدا هەیە، بەڵام لە هەموویان خێراتر ئەم چەند دێڕەیە، کە لەلایەن یەکێک لە کارەکتەرە ژنەکانەوە ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی هەشتاوهەشت، تا کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووی کورد"ئەنفال، ڕاپەڕین، شەڕی ناوخۆ"بەم چەند دێڕە دەردەبڕێت، دەڵێت: **"زۆر دواتریش کە هەوڵمان ئەدا و دووبارە ئەڕۆیشتینەوە بەرەو ئەوێ، ئەگەیشتینە ئاستێک و لەدەمی خەڵکەوە ئەمانبیست، گوایە جێیەکەوە خەڵکی دەستیان بە ڕاپەڕین کرد و سەرتاپای شارەکانی گرتۆتەوە، ... پاش ئەوەش، زۆر کەمی برد، فرەکەم، لەوێشدا کەس فریا نەکەوت لەو ئاوە ئازادە، شڵپێک بداتە دەموچاوی، تا ماندووبوونی دەربچێت لە کاروانی سەرنەگومکردن و کوشتن و داماڵینی خاک! ئیتر یەکسەر ئەو قۆناغە بە تەوژمە هات، کە هەزار بەرەی شەڕ بەڕاست و بە چەپ سەنگەریان دژ بە یەک لێدا، مەیتی دوژمن و نا دوژمن چووە پاڵ یەک"**،(سەلمان، ٣١٣،٢٠١٥ )، لێرەدا، ئەگەرچی هیچ ئاماژەیەکی کورتکردنەوە نییە، بەڵام خوێنەر هەست دەکات، ڕووداوەکانی دەیەیەک لەم پەرەگرافەدا کورتکراوەتەوە، هۆکاری ئەم کورتکردنەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ڕۆماننووس دەیەوێت، زێتر لەسەر لێکەوتەکانی ئەو ڕووداوانە، بوەستێت، لەسەر دەروون و هزری تاکی کورد نەک، خودی ڕووداوەکان.

**چ- لابردن**: بریتییە لە "لابردنی یان قرتاندنی بەشێک لە حیکایەت، بەشێک لە کاتی ڕۆمانەکە"،(سەعید، ٢٥٠،٢٠١٣)، ئەم تەکنیکەش لە پێناوی خێراکردنی ڕووداوەکانی ناو دەقدا و لابردنی ئەو ڕووداوانەی، کە گرنگ نین و خزمەت بە ڕەوتی ڕووداوەکان ناکەن، هەندێجاریش لە پێناوی خۆدوورگرتنی ڕۆماننووس، لە درێژدادڕی و خستنەڕووی ڕووداوی نا پێویست، هەروەها بێزار نەبوونی خوێنەر، لە خوێندنەوەی ئەو ڕووداوانەی، کە گرنگ نین. بۆ نموونە لە نێو

ڕۆمانەکەدا، گێڕەرەوە ڕووداوەکانی شەش حەوت ساڵی، بەتەواوەتی لابردووە دەڵێت: **"شەش-حەوت ساڵ پێش هاتنی بێڤەر ناو بۆ لای شەش ژنەکە، لە شارۆچکەیەکی زۆر دوور، لەو جێیەی کە ئێستا ئەو ژنانە لێی دەژیان، هێشتا بەهار بوو..."**،(سەلمان،٢٠١٥،٣١٧)، بێگومان، لەو شەش حەوت ساڵەدا، ڕووداوگەلێکی زۆر ڕوویانداوە، بەڵام بە هۆی ناپێویستی، بۆ ڕەوتی ڕووداوەکان لە نێو دەقەکەدا لابراون. لە کۆتایی ڕۆمانەکەشدا، گێڕەرەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ماوەیەکی زۆر بە ڕێگاوە بووە، بەڵام ڕووداوەکانی ئەم ماوەیەیی هەموو لابردووە، ڕاستەوخۆ دێتە سەر شوێنی گەیشتنی بە دارەکە، بێگومان وەستانیشی لێرەدا، ئاماژەیە بۆئەوەی لێکەوتەکانی جەنگ نەک تەنیا مرۆڤ، بەڵکو ژینگەشی کردووە بە قوربانی، چونکە ئەوداره‌ی لە ژێریدایە، بە هۆی جەنگەوە سووتاوە، دەڵێت: **"زۆران پاش ئەو ماوە لە ڕۆیشتن، گەیشتەوە ئاست هەمان دارە سووتاوەکە و تۆزێک لە ژێریدا دانیشت، بەخۆیی وت" هەر تۆزێک دائەنیشم..."** (سەلمان،٢٠١٥،٥٤٢)، هۆکاری نەپەڕاندنی ئەم ڕووداوە ئەوەیە، کە جەنگەکان ژینگەشی هاوشێوەی مرۆڤەکان، لەناوبردووە. هەروەها گێڕەرەوە ڕووداوەکانی دووساڵی سەرەتای دروستکردنی کۆشک دەبڕێت و لە کاتی گێڕانەوەدا، تەنیا وەک ژمارەیەک ئاماژەی پێدەکات، سەرجەم ڕووداوەکانی لابردووە، بەمجۆرە: **"لەو ڕۆژەوە بێ وەستان کاریان دەکرد و بەرەبەرە خانووەکەیان گەورە دەکرد، بەردەوامیش هەڵهاتووەکان، پاش بڕینی ڕێگەیەکی زۆر، دەگەیشتنە لایان و ئەمانیش دەیانگرتنە خۆیان، پاش دوو ساڵێک، بەشی زۆری ئەو خانووە دروست کرابوو"**، (سەلمان، ٢٠١٥،٤٦٥).

**ح- وەستان**: ئەم تەکنیکە، بریتییە لە ڕاگرتنی تەواوەتی کات، لە پێناو وەسف کردنی شتێکدا، ئەمەش لە ڕێگەی خاوکردنەوەوە، "خاوکردنەوە لە نمایشکردنی ڕووداوەکاندا بۆ ڕانانی زانیاریی وردتری ڕووداوەکانە لەلایەن گێڕەرەوە"، (بوطیب، ١٩٩٩،١٧٧٠)، ئەم تەکنیکەش پشت بە وەسفکردن دەبەستێت، لێرەدا کاتی ڕووداو خاودەکرێتەوە، تا ئاستی وەستان، بۆ نموونە، لە دیمەنی کوژرانی (زۆزان/ بێڤەرناو) دا گێڕەرەوە بە تەواوەتی کاتی ڕووداوەکە خاو دەکاتەوە تا ئاستی وەستان، بەوەی، کوشتنەکە چەند چرکەیەکە، بەڵام گێڕەرەوە کات دەوەستێنێت و گوزەر بە خەیاڵیدا دەکات و بە چەند لاپەڕەیەک باس لە خەیاڵ و گەیشتنی بە(هیوا) و گفتوگۆی نێوان دووخۆشەویست (هیوا و بێڤەر) دەکات، دەڵێت: **"زۆزان لەو مەودایەوە ڕەق ببوو، لە ئاس خۆی تەماشای پانۆرامای ئەو کارەساتەی دەکرد، هەر نەیدەوێرا نزیکیان بکەوێت. لەو مەودایەوە**

**پیاوێکی چەکداری بەتەمەن ئەوی بەدی کرد، تفەنگەکەی بەرەو ئەو درێژ کرد، زۆزان درنگ هۆشی وەبەر هاتەوە زانیی کە ڕێی لێ تێکچووە،..."**،(سەلمان،٢٠١٥،٥٤٠).

کاتێک (مەردۆخ) دەگاتە کۆشک ولەلایەن (ژینۆ)وە پێشوازی لێدەکرێت، ڕووبەڕووی هەڵسوکەوتی ئەم کارەکتەرە دەبێتەوە، بەوەی کە دەیانەوێت زێتر لە کۆشک بمێنێتەوە، بەڵام لەم کاتەدا چاوی دەچێتەسەر تابلۆی ژنەکان، گێڕەرەوە دێتەسەر وەسفێکی دورودرێژی تابلۆکە و هەموو گفتوگۆکان دەوەستێت:**"گەرەکمە بکەومە خۆم و هەر لە ئێستاوە بەهانەیەک حازر بکەم، پێش گەڕانەوەی ژینۆ ناو، ئەم لێکدانەوەیەی مەردۆخ ناو، بەرەو لای تابلۆکە هەڵی ساند و لە بەردەمیدا چەقی، بە تام و چێژەوە تەماشای ژنەکەی ناوی کرد، بەردەکانی دیوارەکە ساف وڕێک و پوختەبوون، بۆنی کاتی لە هەر بەردێکیان هەڵگرتبوو ...."** (سەلمان،٢٠١٥،٢٧)، ئامانج لەم وەستانەدا، وەسفکردنی کارەکتەری نێو تابلۆکەیە، کە سەرجەمیان ژنن، لە پێناو دەرخستنی تایبەتمەندیی ئەو کارەکتەرانەدا و ئەو دۆخەی تێیدابوون.

## ٢- ڕووداو:

توخمێکی ڕۆمانە، کاتێک باس لە کارەکتەرێک دەکەین، ڕاستەوخۆ خەیاڵمان بۆجووڵە دەچێت، ڕووداوێک هەیە و بزوێنەرەکەی کارەکتەرە، بۆیە پێوەندییەکی پتەو لەنێوان کارەکتەر و ڕووداودا هەیە، بەو پێیەی، دووپێکهاتەی سەرەکیی گێڕانەوەن، بۆیە هیچ کارەکتەرێک لە دەرەوەی ڕووداودا بوونی نییە و هیچ ڕووداوێکیش بە بێ بوونی کارەکتەر دروست نابێت، ئەم دوو توخمە، بەردەوام لەگەڵ یەکتردا لە کارلێکدان. لە پاڵ دروستکردنی هەر ڕووداوێکدا کۆمەڵێک پاڵنەری( سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری...هتد) هەن، پاڵ بە کارەکتەرەکانەوە دەنێن بۆ ئەنجامدانی ئەوکارەی، کە ئەنجامی دەدات، تەنانەت، هەر ئەو هۆکارانەش پاڵ بە کارەکتەرەوە دەنێن، بۆ بەرەو پێشبردن و یەکلاییکردنەوەی ڕووداوەکان.

سەبارەت بە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە "لەسەر زەمینەی ڕووداوێکی مێژوویی بنیات نراوە، ئەویش کارەساتی ئەنفالە، بەڵام ئەم زەمینەیەو خودی ئەنفال نە بووەتە بنەڕەتی گێڕانەوە، بەڵکو کارەکتەرانی ڕزگاربووی ئەنفال چیرۆکەکەیان پێکهێناوە"،(عوسمان،٢٠٢١،١٧٥)، سروشتی ڕووداوەکان لە نێو ڕۆمانەکەدا، هاوشان و هاوڕیتمی تەکنیکی سینەماییە، بەو مانایەی "ڕووداوێکی گەورەی وەک ئەنفالمان هەیە، کە لە ڕۆمانەکە لە پەراوێزدایە، ڕووداوە سەرەکییەکان ڕووداوی

خودی و تاکەکەسین، لەبەرئەوە دیمەنە بچووکەکە، لە نێو وێنە گەورەکەی ئەنفالدا پارادۆکسێکی جوانیناسانەی بە تێکستەکە بەخشیوە، ئەنفال بچووککراوەتەوە تا زەق نیشان بدرێت، زەقێتیەکەشی لە ڕووداوە خودییە سەرەکییەکاندا نمایشکراوە، لەبەرئەوە پەرشوبڵاوی ئەنفال لە ڕووداوە خودییەکان چڕکراوەتەوە"، (عوسمان،٢٠٢١،١٨٠)، چونکە زۆرجار ئەدەب دەتوانێت، قووڵایی تراژیدیا گەورەکان لە ڕێگەی چیرۆکێکی پەراوێزییەوە بگێڕێتەوە. لە پشت ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەوە، زیاد لە هۆکارێک هەیە، ڕۆڵیان لە ئاراستەکردن و جوڵەپێکردنی ڕووداوەکاندا وگۆڕانی پێکهاتەی کارەکتەرەکاندا هەیە، سێ هۆکار ڕۆڵی گرنگییان لە ناو ڕێرەوی ڕووداوەکاندا هەیە، کە ئەمانەن:

## أ- هۆکاری سیاسی (ئەنفال،جەنگ):

جەنگە بەردەوامەکان و ئەنفال پاڵنەر زۆربەی ڕووداوەکانی نێو ئەم ڕۆمانەن، هۆکاری ئەم ڕووداوانەش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەعس دەیەوێت، هەموو دنیا بکاتە ئاوێنەیەکی گەورە، ئاوێنەیەک، کە جگەلە وێنەی خۆی، هیچ وێنەیەکی دیکەی لەسەر نەبێت، بەعس دەیەوێت ژینگەی کوردستان لە ناوببات و خۆی ژینگەیەکی نوێ سازبکات، دەیەوێت، گوندەکان لە ناوببات، خەڵک شارنشین بکات، چونکە دەسەڵاتی خۆی لە شارەکانی کوردستاندا ڕووناکتر دەبینی، تا گوندەکان، بەعس دەیەوێت، پەشۆکاوی ژینگە دروست بکات، چونکە پەشۆکاوی ژینگەیی وێرانکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەموو سەرچاوەکانی ئابوریی ئازادە، پەشۆکاوی ژینگە پەشۆکاوی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانشە، ئەمەش بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال هۆکار بوو.

هۆکاری سیاسی، نەک هەر کاریگەری بەسەر جوڵە و پێکهاتە و ئاراستەی کارەکتەرەکانەوە هەیە، بەڵکو کاریگەری بەسەر ئەنجام و بنیاتی ڕۆمانەکەوە هەیە، جگەلەوەی، نووسەر دەچێتە ناو جیهانی ناوەوەی کارەکتەر، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانی جیهانی دەرەوە (ئەنفال،جەنگەکان) لەسەر جیهانی ناوەوەی کارەکتەرنیشانبدات، بەمەش وێنەیەکی گشتگیری کارەکتەر دەخاتە ڕوو. ڕۆماننووس بە شارەزاییەکی باشەوە، هەوڵیداوە، وێنەیەکی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیی قۆناغی ئەنفال و پاش ئەنفال پێشان بدات، بە گوێرەی ئەمەش، کاری کردووە، سود لەو واقیعە وەربگرێت، بۆ ئەوەی وێنەی کارەکتەرەکان بکێشێت، و ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەرەکان دیاری بکات.

هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە، کاتێک (سەکینە) و ژنەکان دەیانەوێت، بە گوندێکی گەرمیان بگەن، کە سێ لە کچەکانیان بۆ لای دەزگیرانەکانیان دەبەن، کە لەدەست ڕژێمی بەعس هەڵهاتوون، بەڵام لەڕێگەدا پێش گەیشتنیان بەو گوندە، هەواڵی دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالیان پێدەگات، بۆیە ڕێڕەوی ڕۆشتنیان بۆ سەرسنور دەگۆڕێت، لە پێناو ڕزگاربوونیان لەم کارەساتەدا، ئەمەش کاتێک لە ناو ئۆتۆمبیلدان، لە ڕێگە ڕێبوارێک هەڵدەگرن، هەواڵی دەست پێکردنی شاڵاوی ئەنفالیان پێدەدات ودەڵێت:"... **زووبکە، برا، زووبکە، خەریکی چیت؟ هەتا ئەتوانی خێرا لێرە بڕۆ، نەچن بۆ هیچکام لەو گوندانە و بەو ڕێگەیەشدا مەگەڕێنەوە، کە لێوەی هاتوون، بەخوا دنیا ئاگر بارانە، بڕوابکەن ڕۆژی حەشر ئەوەیە، کە من بە چاوی خۆم لە دوورەوە بینم، هەرچی ڕێگەوبانە، گیراوە، بەخودا ئاسمانیشیان ئابلۆقە داوە! دایانە بەسەر ئەو گوندەو ئەوەی ڕوحلەبەربوو، ڕاپێچیانکرد، بە ئاژەڵ و پەلەوەریشەوە، دایان بەسەریاندا، چۆن دانەسەرێک! کەسی لێنەما، کەس، کەس"،** (سەلمان،٢٠١٥،٣٢١)، لێرەدا، پرۆسەی ئەنفال بەهۆکاری سیاسی و نەتەوەیی ئەنجامدرا، چونکە هۆکاری ڕوودانی ئەنفال بۆ ڕق و کینەی بەعس بەرانبەر بە کورد دەگەڕێتەوە، کە لەئەنجامی ترس و گومانەوەیە، لە شوناسی خۆی، چونکە"شوناسە ترساوەکان زۆرجار، لەبری ئەوەی بایەخ بە بەهێزکردنی پایەی کلتوری خۆیان بدەن، لەبری ئەوەی لەڕێگەی داهێنانەوە پایەکانی ژیان و مانەوەی خۆیان بەهێزبکەن، بە کینە وەڵامی دنیا دەدەنەوە....هەرشتێک لەو نەچێت، یان ڕیشەکانی لەو نەبێت ڕەتیدەکەنەوە"، (عەلی،٢٠٢٢،٢٥١)، بەواتایەکی دیکە، بەعس پێیوابوو، کورد هەڕەشەیە بۆ سەر شوناسی، بۆیە ئەمجۆرە پەلامارە دڕندانەیەی ئەنجامدا. لێرەدا ئەنفال هۆکاری گۆڕینی ئاراستەی جوڵەی کارەکتەر و دروستبوونی ڕووداوەکانی دواترە، چونکە ژنەکان ڕوودەکەنە ماڵی (ئادەم) و لێرەوە چیرۆکی خۆشەویستیی نێوان ئەم دووکارەکتەرە(ئادەم و سەکینە) دروست دەبێت، دواتر زنجیرەیەک ڕووداوی تری بە دوادادێن، بۆیە لێرەدا ڕووداوەکان زێتر کاریگەرییان بەسەر ئاراستەی کارەکتەرەکانەوە هەیە، واتە کارەکتەرەکان لە دۆخی بەرکاریدان، ڕووداو لە دۆخی بکەریدایە.

لە قۆناغی پاش ئەنفالیشدا دوای دەستپێکردنی ڕاپەڕین و هاتنەئارای دۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاواز، دواتریش سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا، هۆکاری سیاسی کاریگەریی لەسەر دەروونی کارەکتەرەکان وئاراستەکردنیان هەیە، بەوەی، وای لە کارەکتەرەکان کردووە، بیر لە گەڕانەوە بۆ شارو زێدی خۆیان نەکەنەوە، بەردەوام لە گوندا بمێننەوە، لە پێناو پاراستنی خۆیان، یەکێک لە کارەکتەرە ژنەکان دەڵێت:"**زۆر دواتریش کە هەوڵمان ئەدا و دووبارە**

**ئەڕۆیشتینەوە بەرەو ئەوێ، ئەگەیشتینە ئاستێک و لەدەمی خەڵکەوە ئەمانبیست، گوایە لە جێیەکەوە خەڵکی دەستیان بە ڕاپەڕین کرد و سەرتاپای شارەکانی گرتۆتەوە، ... پاش ئەوەش، زۆر کەمی برد، فرەکەم، لەوێشدا کەس فریا نەکەوت لەو ئاوە ئازادە، شڵپێک بداتە دەموچاوی، تا ماندووبوونی دەربچێت لە کاروانی سەرنگومکردن و کوشتن و داماڵینی خاک! ئیتر یەکسەر ئەو قۆناغە بە تەوژمە هات، کە هەزار بەرەی شەڕ بەڕاست و بە چەپ سەنگەریان دژ بە یەک لێدا، مەیتی دوژمن و نا دوژمن چووە پاڵ یەک، ڕووشیداوە کە لە ناو ماڵێکدا لاشە بەسەر یەکدا کەڵەکە کرابن، ئێ دیسان گوند و ماڵ و خانووش هەتا ئەهات، لە نێو کەڵەکەی چلوسک و خۆڵ و بەرددا نوقم بوون..."**، (سەلمان، ٣١٣،٢٠١٥ )، نووسەر پێمان دەڵێت، گەر لە قۆناغی پێش ئەنفالدا تاکی کورد لە جەنگەکانی دوژمن هەڵدەهات، لە قۆناغی پاش ئەنفال ولە دوای ڕاپەڕینی ئازادیدا لە جەنگی ناوخۆ و هەموو ناشیرینییەکانی دەسەڵاتی کوردی هەڵدێت، لە هەردوو قۆناغەکەشدا تاکی کورد قوربانییە، هەم لە ڕووی دەروونییەوە، کە نابێت بە خاوەن دەروونێکی ئارام و تەندروست و هەم مادیی و هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، توشی پەشێوی کۆمەڵایەتی دەبێت، لێرەشدا دیسان ڕووداوە سیاسییەکان کاریگەرییان بەسەر ئاراستەی کارەکتەرەکانەوە هەیە.

یەکێکی دیکە لە کارەکتەرەکانی ناو کۆشک (پیاوی کەنارزێکە/ژینۆ)یە، ئەم کارەکتەرەش هۆکاری هەڵهاتن و گەیشتنی بە کۆشک، بەهۆی گرتنی هەرەمەکییەوە بووە، لەلایەن دەسەڵاتی ئەوکاتەوە، هەرئەم گرتنە هەرەمەکییە هۆکاری ئەوەبووە، دواتر وەک بیمارێک کاتێک بەئاگاهاتووە، لە پێناوی کڕینەوەی خوددا گەیشتووە بە کۆشک، ئەم کارەکتەرە، گەرچی دەرچووی زانکۆیە و دکتۆرە، بەڵام لە پێناو پاراستنی ژیانیدا دەبێتە ئەندامێکی ڕژێمی بەعس و کار بۆ ئەوان دەکات، دوای گەیشتنی بە کۆشک لەسەر زاری خۆیەوە، بە گفتوگۆ بەشێک لە ڕووداوەکانی ژیانی خۆی بۆ مەردۆخ باس دەکات، دەڵێت:**"کە نەشبم بە دکتۆر، ئەبم بە چی؟ بە هیچ... ئەزانی بۆ؟ چونکە هەر چییەک بووبم، ئێستا ناکاتە هیچ ئەوەبوو، لە کاتی ڕەشەگرتنەکەشدا بۆ پاراستنی ژیانم هەر وەک بەڕێز ژینۆ، کەوتمە دوای ئەوانەی منداڵی خۆیان و منداڵی کەسانی دەسەڵاتداریان ئەکردە پاشکۆی لیستی خۆیان، ناوی شۆڕەسواری بێوێنەیان لێ ئەنان! منداڵی خەڵکی ترشیان ئەکردە سووتەمەنیی ڕاپێچەکان بۆ نێو توونی کورە نوێیەکانی بیابان..."**، (سەلمان، ١٣٠،٢٠١٥). گێڕەرەوە هۆکاری بەشێک لە تاوانەکانی بۆ ڕەشبگیری و ئەو دۆخە سیاسییەی کە تێیکەوتبوون دەگەڕێنێتەوە، چونکە گەر ئەوکارانەی نەکردایە(دەستگیرکردن و بردنی منداڵ و فرۆشتنیان بە وڵاتانی دیکە)، لەلایەن دەسەڵاتی ئەوکاتەوە، لە ناودەبرا، بۆیە گرتنی هەرەمەکییانەی هەزاران

گوندنشین، له ناوچه قەدەغەکراوەکاندا و شوێن بزرکردنیان، یەکێک بووە له سیما هەرە دیارەکانی دەسەڵاتی بەعس، بۆیە ڕووداوەکانی ژیانی ئەم کارەکتەرەش هەر ئەم هۆکارە پاڵنەر بووە بۆ گەیشتنی بە کۆشک.

## ب- هۆکاری هزری:

له ڕوانگەی ئەوەی، کە بوون و مانا و چەندین چەمک و بابەتی هزری، خولیای بەردەوامی تێکڕای مرۆڤەکان بووە، ڕۆمانیش، وەک ژانەرێکی نوێ، بووەتە ڕووبەرێکی گونجاوی ڕەنگدانەوە و شوێنی ڕاستەقینەی دەرکەوتنی کێشە هزرییەکان، لەم ڕۆمانەدا ڕەهەندی هزری بە وردی کاری لەسەرکراوە و مەودایەکی فراوانی لە ناو دەقەکەدا بۆ تەرخانکراوە. هۆکاری هزری یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی گەڕیدەیی هەندێک لە کارەکتەرەکان و ئەفراندنی زۆرێک لە ڕووداوەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، بەشێکی زۆری کارەکتەرەکان ڕۆشنبیرن، بۆیە ناتوانن، لە ژینگەیەکی توندوتیژدا بمێننەوە، ژینگەکەشیان بە هۆی جەنگە بەردەوامەکانەوە، هەمیشە نائارامە، بۆیە ئەم کارەکتەرانە لەو ژینگەیە هەڵدێن، بۆنموونە(مەردۆخ) یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ناو دەقەکە، لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ(ئادەم)دا، (ئادەم) بە (مەردۆخ) دەڵێت:**"کاک مەردۆخ، تۆ کە دەرچووی، لە تاو بێزاریی خۆت بوو، نەتدەزانی چی بکەی، ڕاستییەکەشی ئەوەبوو، کە سەرت هەڵگرت تاکوو خۆت بدۆزیەوە، هەموو ئەوانەی ئەگەڕێن بەدوای خۆیاندا، وەک تۆن، ڕەنگە منیش بە هەمان ڕێدا هاتبم، ئەم مەسەلانە لەسەر درنگ و زوویی وەستاوە..."**، (سەلمان، ٢٠١٥،٦٤)، تەوەرێکی سەرەکی و بنچینەیی ئەم ڕۆمانە، کارکردنە لەسەر خود و خودسازیی، تەنیایی و گەڕانی کارەکتەرەکانیش لەم پێناوەدایە، بەردەوام لە هەوڵی خۆدۆزینەوەدان، چونکە "فەرد هێزی خودسازیی هەیە، ئەو سەیری خودسازیی وەک پرۆسەیەکی هەمیشەیی دەکات، وەک هێزێکی ناوەکی و بوونێک کە مرۆڤ ناتوانێت لێی ڕابکات"، (عەلی،٢٠٢١،١٠٣)، بوون بە خۆت، دەبێت پرۆسەیەکی هەمیشەیی بێت، هەوڵدان بۆ ژیانێکی ڕەسەن یان ڕاستەقینەی سەربەخۆ بە جۆرێک دەبێتە خۆویستی. لەو کاتەی، کە ڕەسەنایەتی خود بەرووکەش دەکرێت و لە دیاردەی خۆهەڵواسین و وابەستەیی بە ئەوانی ترەوە، واتە ئەو جۆرە ژیان و ڕەوشتەی کە ئەو " خەلک" دەیخوازێت، دەبینرێت، ئەم کارەکتەرەش سەفەرێکی درێژی لەم پێناوەدا گرتووەتەبەر، تاکو بتوانێت، بەو ئامانجەبگات، لەبەرئەوەی ئەو ژینگەیەی، کە تێیدایە، بەهۆی توندوتیژییەوە، ناتوانێت بۆ خود بگەڕێتەوە، بۆیە بەجێیدەهێڵێت و هەڵدێت.

هەر ئەم هۆکارەی سەرەوەش، هۆکاری ڕووکردنە کۆشکە، لەلایەن (مەردۆخ)وە، لەوێش جێگیر نابێت، بەردەوامیدەدات بەسەفەرەکەی، بەمجۆرە (ئادەم) بۆ خوێنەری دەخاتەڕوو و بە(مەردۆخ) دەڵێت:**"ئەبینی چۆن تۆ هاتیت و هەر زوو لەم جیهانە بچووککراوەی ئێمە و لەگەڵ ئێمەیا خۆت گونجاند؟ چونکی تۆش لەگەڵ دنیای دەرەوە ناتوانی هەڵکەی، ئەگینا بۆ ئەگەڕێیت؟ بۆ ئەو هەموو ڕەشبینییە لە ڕۆحتەوە هەڵئەقوڵێت! من ئێستا گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە تۆ بەدوای واتایەک ئەگەڕێیت، بەدوای واتای ڕەها، بەجۆرێک، کەس نەیخاتە بەردەستت، ئەتەوێ بە پێی خۆت بەدوایا بچیت. تۆ لەو کەسە دەگمەنانەی، کە گەڕانەکە لە خودی خۆیا مانای نییە، ئەوەی بایەخی بەلاتەوەزێترە، ئامرازێکە بتوانی بەهۆیەوە ئەو خاکەی لە ناختە بپشکنی"**.(سەلمان،٢٠١٥،١٨٨)، سەفەری ئەم کارەکتەرە لە پێناو گەیشتنە بەمانا و پاشان گەڕانەوە بۆ ناخی خۆی، جگە لەوەی تیشک دەخاتەسەر ئەوەی، ئەم هەوڵدانەشی، بۆ گەڕان بۆ مانا لە پێناو پشکنینی ناخی خۆیەتی، چونکە خۆناسین و هەستکردن بەخۆ، وەک بوویەکی ڕەسەن، "هەنگاوی سەرەکییە بۆ دۆزینەوە و پەیبردن بە دیاردەکانی ژیان و نهێنییەکانی مەرگ، ناسینی بوون و نەبوون، کە لە خۆ ناسینەوە دەست پێدەکات، ئەگەرچی مرۆڤ توانای ئەوەشی نەبێت وادەی مەرگی خۆی بزانێت، بەڵام دەزانێت بەرەو ڕووی هەنگاو دەنێت، خۆ دۆزینەوە و خۆناسین مانا بە پێوەندیی و دەوروبەر دەدات، ئەمەش وادەکات ویستی ژیان لای مرۆڤ بە هێزتر بکات"، (ڕۆستەم،٢٠١٦،١١٥)، (مەردۆخ) دەیەوێت، بگات بەناخی خۆی، زەوی نێو ناخی خۆی بپشکنێت، دواجار لەئەنجامی ئەم پشکنینەی ناخی هەوڵ بۆ پەیداکردنی مانای راستەقینە لەژیاندا دەدات، نیگەرانییەکەیشی، هەر بە هەمان هۆکارە، چونکە، هەروەک (سارتەر) دەڵێت"نیگەرانی مرۆڤ بەرەو هەڵبژاردنی بوونی خۆی دەبات، واتە مرۆڤ سەرپشک دەکات، کە چارەنووسی خۆی دیاری بکات وبەرپرسیارێتی ئەم چارەنووسەش هەڵبگرێت".(تەها،٢٠٠٤،٣٤)، هەموونیگەرانیی مەردۆخیش، لە پێناو بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی و هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیاریەتییە، جگەلەوەی ڕەشبینییەکەشی، فەلسەفییە نەک دەروونی "ئەو نا ئومێدییە، نا ئومێدییەکی ئەنتۆلۆجییە، لە هەمانکاتدا دەبێت بە بناغە بۆ بەرەوپێشچوونی ژیان"، (کەمال، ٢٠٠٥، ١٩٥)، تەواوی سەفەرەکەشی، لە پێناو گەیشنە بەمجۆرە لە بوون. بۆیە ئەم فاکتەرە وایکردووە، کە ئەم کارەکتەرە هەندێک لە ڕووداوەکان لەدوای گەیشتنی بە کۆشک و بەردەوامی سەفەرەکەیدا بخولقێنێت، واتە لێرەدا کارەکتەر بکەری ڕووداوەکانە.

هەر لە درێژەی گفتوگۆی نێوان (ئادەم) و (مەردۆخ)دا، (مەردۆخ) بە (ئادەم) دەڵێت: **"ئەوەی بایەخی بەلامەوە هەیە، بەڕێز، ئێرە وێنەیەکە لە گومانەکانمان بەرامبەر بە بوونمان، کەچی جۆرێک لە**

**خۆبینینمان هەر تێدایە، کە ڕێگرە بەرامبەر بەوەی پێی لێ نەنێن، ئێمە هەموو گیانمان گومانە. کەسمان نە ئێوە، نە منیش، بڕوامان بە بوونمان نییە لەم جێیە، کەچی هەر یەکەمان ئەیەوێ بیسەلمێنێ، کە ئەوی ترمان بوونی نییە و ئەم بیرۆکەیە تەنها خولقێنەری ئا ئەم شوێنەیە، شوێنێکی وەک ئێرە، نەک تەنها ئەم خانووە، لە گردۆڵکەکەوە تاکوو ناوەوەی ئێرە، هەموو مایەی سەرسامییە، کەچی ئەوەتا، من خۆم هەڵئەخەڵەتێنم بەوەی لێرەیام".** (سەلمان،٢٠١٥،١٨١)، هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی کۆشک بۆ گومانی کارەکتەرەکان دەگەڕێتەوە، چونکە بەهۆی گومان و ڕاڕایی هەڵهاتوون و سەرئەنجام بەم شوێنە گەیشتوون و ئەم کۆشکەیان دروستکردووە، تەنانەت گومان لە بوونی خۆشیان دەکەن، "گومان بەو مانایەی مرۆڤ جگەلە عەقڵی خۆی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی نییە و دەبێت لەسەرتینوێتی ئەبەدی خۆی بۆ وەڵام بەردەوام بێت، لەسەر ئەوە بەردەوام بێت بگەڕێت و بدۆزێتەوە و نەگاتە یەقین"، (عەلی،٢٠٢١،٦٠)، (مەردۆخ) ئاماژە بەوە دەکات، کە بوونی کۆشکی پیاوان و ڕووکردنە ئەو شوێنە، بۆ خۆی لە ئەنجامی گومانەوەیە، چونکە گەڕان بەدوای وەڵامی گومانەکانیان گەیاندویەتییە ئێرەو لێرەشدا ئەم گومانە، هەر بەردەوامە. گومانی مرۆڤ لە شتێک، یان کەسێک، گومان مرۆڤ فڕێدەداتە نێوان دوو حاڵەتی ناکۆک، چونکە مرۆڤەکە بەو بینینە گوماناوییە،، دەگاتە ئەوەی ئایا ئەو کەسە، یان ئەو شتە پەسەند دەکات یان ڕەتیدەکاتەوە؟ کەوابێت ئێمەی مرۆڤ لەخۆڕا گومان ناکەین و وزەی بیرکردنەوەمان لەو شتانەدا خەرج ناکەین، مایەی تێگەیشتنبن، یان ڕوونبن. بە واتەیەکی دیکە، مرۆڤ لە ژیانیدا گرنگە، گومان لە تەواوی شتەکان بکات، ئەگەر تەنیا یەک جاریش بێت. گومان بناغەی داناییە، هەمان گومانی ئەم کارەکتەرە لە کۆشکیش بەردەوامی هەیە، ئایا کارەکتەرەکانی نێو کۆشک پەسەندبکات یان نا؟

یەکێکی دیکە لە هۆکارە کاریگەرەکانی سەر ئەم کارەکتەرە،(مەردۆخ) و گەڕیدەیی ئەو بۆ ئاین و جەنگ دەگەڕێتەوە، چونکە ئاین بە درێژایی مێژوو کاریگەریی خۆی لەسەر تاکەکانی هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەبووە، جا چ کاریگەریی باش، یان خراپ بێت، دیارە، (مەردۆخ) بەکارهێنانی ئاین بۆ بەرژەوەندی بەهۆکاری گەرمبوونی جەنگەکان دادەنێت، ئەمەش یەکێک بووە لە هۆکارەکانی وێڵبوونی ئەم کارەکتەرە، چونکە (مەردۆخ) لەسەرەتادا، کاتێک لای دایکی دەبێت، ئاین خوێنڕشتن حەڵاڵ دەکات: **"چاوی بە باشی ئەوەی دەبینی، کە دنیای شەڕکەران گۆڕەپانی بۆ دنیای ئیماندارانی ساختە خۆش کردبوو، هەر بۆیە دوای ئەو جۆرە وەڵامەی دایکی، گەلێک پەستی دای دەگرت، وا لە هەموو خەڵکی دەروبەری بێتاقەت ببوو، هەر دەیویست بڕوات، هەموو ئیش و**

**کاری خەڵکی هاتبووە سەر ئەوەی لەماڵەوە بچن بۆ مزگەوت، لە دەستنوێژەوە بۆ نوێژ، لە میشەوە بۆ نوێژێکی تر، واعزی مەلاکانیش لەودیوی مینبەرەکانەوە، هانی پیاوانی دەدا بەشداربین لە شەڕ، خوێنڕژان حەڵاڵە... با کوڕە منداڵەکانیان بە گۆچان ڕێی خۆیان بدۆزنەوە، نەک بە چاو"،** (سەلمان،٢٠١٥،٣٨٤)، دیارە، لێرەدا وا دەردەکەوێت، ئیمانداری ساختە، مەبەست لە بەکارهێنانی ئاینە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی، جا ئەم بەکارهێنانە بە مەبەست بێت، یان لە ئەنجامی باش تێنەگەیشتن لە دینەوە بێت، کە زۆر جا ئەم باش تێنەگەیشتنەش بە هۆی ئەوەوەیە، ئاین بە کەناڵی عەقڵ و مەعریفەدا تێناپەڕێت، لەبری ئەوەی، ئەم دووکایەیە ببنە تەواوکەری یەکتر، دەبن بە جێگرەوەی یەکتر، هەر وەک (بەختیار عەلی) ئاماژە بەمجۆرە لە بەکارهێنانی ئاین دەکات و دەڵێت:" ئاین بە کەناڵە مەعریفی و عەقڵییەکاندا تێناپەڕێت، وەک پەرچەکردارێکی لێدێت، بەرانبەر هێزێکی گەورە کە دەمانەوێت لە ڕێگەی کڕنوشەوە ترسی خۆمان بەرامبەری هێوربکەینەوە"، (عەلی،٢٠٢١،٥٠)، بە واتایەکی تر، ئاین لە پێداویستیی مرۆڤەوە بۆ هەقیقەت سەرهەڵدەدات، کاتێک مەعریفە ناتوانێت، ئەم هەقیقەتە بۆ مرۆڤ بەردەست بکات، تینوێتیی مرۆڤ بۆ وەڵام، خواستی دۆزینەوەی مانا، خواستی گەیشتن بە ڕوونکردنەوەیەک، بۆ بوون و نەبوونمان، بەگشتی ئاین دەکاتە پێداویستییەک، بەڵام سەرەڕایی ئەمانەش نابێت، وەک بوارێک سەیربکرێت، کە وەڵامی یەکەم وکۆتایی هەموو پرسیارەکانی لایە، کاتێک ئاین گەیشت بەو ئاستە، ئەوکاتە مرۆڤەکان دەتوانن، بەئاسانی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بەکارییبهێنن، جگەلەوەی، ئەم کارەکتەرە ئاماژە بەوە دەکات، کاتێک ئاین بەمجۆرە بوو لە نێو کۆمەڵگەدا، شوێنکەوتوانی، ئاینی لە ڕێگەی گۆچانەوە ڕێگەیان دەدۆزنەوە نەک لە ڕێگەی چاوەوە، واتە شوێنکەوتنێکی کوێرانە دەبن، نەک لە ڕێگەی هەبوونی جۆرێک لە مەعریفە لای ئایندارانا، ئەمەش بووە بە هۆی وێڵبوونی ئەم کارەکتەرە، کەواتە لێرەدا کارەکتەر لە دۆخی بکەریدایە، چونکە لە ڕووی هزرییەوە، ئەو ژینگەیەی پێ هەزم ناکرێت، بۆیە بڕیاری ڕۆشتن دەدات و دەبێتەهۆی خولقاندنی ڕووداوەکانی داهاتوو.

جگە لە مەردۆخ، لە نێو کارەکتەرە ژنەکانیشدا (زۆزان)، کاتێک دەگاتە کۆشکی (مەردۆخ/ئادەم) یەکێک لە هۆکارەکانی بۆ گەڕانی، لە پێناو دۆزینەوەی خود دەگەڕێنێتەوە، بۆیە کاتێک (مەردۆخ/ئادەم) پرسیاری هۆکاری گەیشتنی بە کۆشک لێدەکات، بەم جۆرە وەڵامی دەداتەوە: **"هەر وەک تۆ، وەک هەموو ئەوانەی، بە دووری نازانم، پێش من گەیشتوونەتە ئێرە! وەک هەموو یەکێک کە بگەڕێ، هەر شتێک ئەدۆزیتەوە، ئێ منیش ئێرەم دۆزییەوە، نابێ؟"،** (سەلمان،٢٠١٥،٥٥١).

## ج- هۆکاری دەروونی:

ترس و نیگەرانی، وەک سیمایەکی بەرچاوی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە دەردەکەوێت، بەو پێیەی کارەکتەرەکان وێنەیەکی بوونی تاکی کوردن، لە واقیعی ڕۆژهەڵاتی پڕ لە کێشەو گرفتدا، "ترس و دڵەڕاوکێش ئاماژەیە بۆ هەستکردن بە ترسێکی گشتگیر، یاخود بۆ مەترسییەک کە ڕەنگە ڕووبدات، یان هەڕەشە و ترسێک، کە سەرچاوەکەی نادیارە، هاوکات هەستکردن بە گرژی و فشاری دەروونی، زۆرجاریش ئەم ترسە پەیوەستە بە دوارۆژ و ئایندەیەکی نادیارەوە"، (ئیبراهیم و عەبدولڕەحمان، ٢٠٢١،١٥٨)، جگە لەوەش لە ئاستی قووڵدا، نیگەرانی لای تاک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی " پێشمەرجێکی ئەنتۆلۆجییە بۆ بوونی ئەو، مرۆڤ نییە نیگەران نەبێت و لەم هەڵوێستەوە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر و کۆمەڵدا نەکات، لە ڕووی ئەنتۆلۆجییەوە، مرۆڤ بە نیگەرانییەوە پەیدا دەبێت"، (کەمال، ٢٠٠٤،١١١). کەواتە نیگەرانی بەشێکی دانەبڕاوە لە بوونی مرۆڤ و بەردەوام لەگەڵیدا دەژێت، جا گەر ئەمە بۆ مرۆڤێکی دەروون دروست ڕاست بێت، ئەوا بۆ تاکی کورد بەهۆی ئەوەی، بەردەوام لە قەیرانی هەمەجۆردابوون، چەندین جار دروستە.

بەهۆی ئەوەی، کارەکتەرەکانی نێو ئەم ڕۆمانە هەڵهاتووی جەنگە بەردەوامەکانن، تەوەرێکی گرنگیی ڕۆمانەکەش بۆ لێکەوتەکانی جەنگ لەسەر دەروونی کارەکتەرەکان تەرخانکراوە، بۆیە هۆکاری دەروونی بووە بەهۆی دروستبوونی بەشێک لە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە، بۆ نموونە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ وایکردووە کە (مەردۆخ)ی کارەکتەر بڵێت: **"من ترسیش لە جێی خۆم هەڵی کەندم، نەک ڕەشبینی، بۆ پەراوێز بوونیش، زۆر بە ئاگانیم لەوە، لەوانەیە وەها بێت، با بڵێم شتێکی تایبەتی خۆمم هەیە، ناوی لێ ئەنێم ترس، ئەشتوانین ناوی لێ بنێن دڵەڕاوکە، فشاری نادیار... ئەو ناوەی خۆت بە باشی ئەزانی..... ئادەمیش قسەکانی پێبڕی،" ترس دڵی ڕەشبینییە، مەردۆخ ناو، ڕەشبینیش سەرچاوەی خۆی هەیە، لێی تێر ئەبیت، پێشبینی ئەوەش ئەکەم، کە خێوی تینوویێتیت هەر ئەتگەڕێنێتەوە سەری. درۆشە ئەگەر کەسیش بزانێت هۆیەکەی چییە..."**، (سەلمان،٢٠١٥،١٧٥)، ئەم کارەکتەرە ڕەشبینە بەرانبەر بە چارەنووسی نادیاری، ئەو دۆخە سیاسییە نائارامەی، کە لەنێو کۆمەڵگەدا هەیە، هۆکاری ئەم بارە دەروونییەتی، واتە لێرەدا، جگە لەڕەشبینی تاکەکەسی ڕەشبینییەکی گشتی لە نێو کۆمەڵگەی کوردی، لە دۆخی دوای ئەنفالدا هەیە، بۆیە زۆرێک لە تاکەکان هۆکارێکی دیاریکراویان بۆ ڕەشبینییان نییە، جێگەی ئاماژەیە، کە ڕەشبینی لای (مەردۆخ) و (ئادەم) ڕەشبینیەکی هێزدارە، چونکە لە هەناوی دۆخێکی تراژیدیای، وەک کارەساتی ئەنفال سەریدەرهێناوە، هەروەک (نیتشە) دەڵێت: "تراژیدیی، نەک هەر هۆکارێکە بۆ ڕێگەگرتن لە مەرگ،

بەڵکو سەرچاوەی ژیانی ئەبەدییە و ئاراستەیە بۆ ئاسۆ نەزانراوەکان"،(هلال،٢٠٠٥،٨٠) بەلای (نیتشە)وە، تراژیدیا پاڵنەری ئیرادەی مرۆڤە، ئەم ئیرادەیەی باسی دەکات ئیرادەی ژیانە، ڕێک لە قووڵایی تراژیدیاوە هاتووە، تراژیدیا ئەم ویستە ژیان چالاک دەکات و وزەی تێدەگەڕێنێتەوە، چونکە مرۆڤی تراژیدی عاشقی ژیانە، نامرێت مەگەر لە پێناوی ژیاندا نەبێت، هەر ئەم ڕەشبینییە، پاڵنەری گەریدە بوونی ئەم کارەکتەرەیە.

ڕاڕاییبوون و ناجێگیری دۆخی دەروونی،ی ئەم کارەکتەرە وایکردووە لە هیچ شوێنێکدا ئارام ناگرێت، وەک خۆی دەڵێت: **"کە دەرچووم ئەگەمە شوێنێک، پاش کەمێک ئۆقرە ناگرم و لەوێش ئەڕۆم، ڕەنگە هەر ڕۆژێک یان دوو ڕۆژێکم پێ بچێ لەو جێیە، ئیدی تێناگەم هەست ئەکەم ئەبێ لەوێش بڕۆم! کەچی هەر ناگەمە هیچ شوێنێک ئێرەش هەر وێزگەیەکە لەلام"**، (سەلمان، ٢٠١٥،٤٤٣). ئەم کارەکتەرە پێماندەڵێت، هەڵهاتووانی جەنگ بەردەوام دەنگێک لە ناخیاندایە نایەڵێت، لە هیچ شوێنێک ئارام بگرن وهیچ کاتێکیش ناگەنە ئەو شوێنەی، کە مایەی ئارامییە بۆیان، چونکە نائارامییەکە لە ناخیاندایە.

یەکێکی دیکە لە کارەکتەرەکان (پیاوی کەنارزێکە/ژینۆ)ەیە، ئەم کارەکتەرە لەزاری خۆیەوە یەکێک لە هۆکارەکانی گەیشتنی بە کۆشک بۆشکستی لە خۆشەویستیدا دەگەڕێنێتەوە، فشاری دەروونی لە دوای ئەم شکستە، ناچار بە سەفەرکردنی کردووە، تا گەیشتن بە کۆشک، وەک خۆی دەڵێت:**"لێشت ناکەمە نهێنییەکی گەورە، بەوە ئەچێت کە زۆرپێوەندییی بە شکستی خۆمەوە هەبووبێ و ویستبێتم خۆم لە شتێکدا نوقم بکەم، ئەم خۆ نوقمکردنەش، هۆی سەرەکی بۆپێوەندییەکم ئەگەڕێتەوە لەگەڵ کچێکی هاوڕێم لە زانکۆ، هەمووژیانم دا بەو، کچانی تر بە عەزرەتمەوە بوون، کەچی من گوێم پێ نەدەدا و هەر ئەو چاوی پڕکردبووم، خۆشەویستییەکی وەها گەورەم بۆی هەبوو، قەت بڕوام نەدەکرد تا سەر لەگەڵم نەبێت، کە گەیشتنە دواساڵی دانیشگە، دیارە وەک هەموو گەنجەکان، منیش هێشتا خۆم پێنەگەیاندبوو...ئەوە بوو ژیانێکی تابڵێی ئاسانتری هەڵبژارد، چووە باوەشی دکتۆرێکی زۆر بە تەمەنتر لەخۆی"**،(سەلمان،٢٠١٥،١٤٤)، لە دوای ئەم شکستە ویستویەتی، خۆی نقووم(سەرقاڵ) بکات، بەڵام ئەم دۆخەی بەرەو ئاراستەیەکی هەڵەی برد، کە تێکەڵبوون بووە بە دەسەڵاتی ئەوکاتە، ئەمەش وایکردووە، بەهۆی کارەکەیەوە دۆخی دەروونی ئاڵۆزتربێت، هۆکاری شکستی لەم پێوەندییەش بۆ ڕەهەندی مادی دەگەڕێتەوە، کە زۆرجار بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆشەویستەکان دەدات.

هەروەها (بێڤەر/زۆزان)، هۆکاری سەرەکیی دەست پێکردنی سەفەرەکەی، کە لە کۆتایی ڕێگەدا دەیگەیەنێتە مەرگ، بۆ عاشقبوونی بە (مەردۆخ/هیوا)، دەگەڕێنێتەوە تا کۆتایی دەقەکەش، درێژە بەم سەفەرەی دەدات، کاتێک بە (مەردۆخ) دەگات کە خۆی بە هۆی زمداربوونییەوە لەسەرە مەرگدایە، وەک گێڕەرەوە باس لە دەست پێکی سەفەرەکەی دەکات: "**ئەو ئێوارەیەشی کە هیوا ناو بۆ هەتا هەتایە لە گوندەکەیان ون بوو، زۆزان بڕیاری هاتە سەر ئەوەی کە ئەویش لە دنیا یاخی بێت و دوای ئەو بکەوێت، بە هیچ شێوەیەک نەیویست دەستبەرداری ئەو خۆشەویستییە ببێت، دەیزانی هەر ئەو دەتوانێ ئەوەی بداتێ، کە تەنانەت ئەو خۆی بە خۆی نەداوە، بڕیاریدا بەرەو پێشەوە بچێت، ئەگەر لافاوی خوێنیش پێشی بگرێت، هەر نەوەستێت.**"، (سەلمان،٢٠١٥،٤١٦). لێرەدا کارەکتەر خولقێنەری ڕووداوەکانی دواترە و وەک بکەرێک ڕۆڵ دەبینێت، کارەکتەرێکی ئەکتیڤە، بێگومان هەر ئەم هۆکارەش یەکێک بووە لەو فاکتەرانەی، کە کارەکتەری سەرەکیی (ئادەم/وەستا) لەسەرەتای دەقەکەدا، ماڵەکەی بۆ (سەکینە) بە جێبهێڵێت، لەسەرزاری خۆیە ئەوە دەخاتەڕوو: "**بەهاتنی ئا ئەم سەکینەیە، گەورەترین شەڕی پیاو کە لەگەڵ زاتی خۆی ئەیکات، لە کۆڵم بووەوە. ئەتوانم ئەگەر لێرەش نەبێت و لەگەڵ ئەویش نەبێت، خانوویەکیتر دروست بکەمەوە، ڕەنگە لەمەش گەورەتر و تۆکمەتر بێت و تا ماوم لەگەڵ وێنەکانی تەمەنی ئەوا ژیانی تەنهاییم بەسەر بەرم**"،(سەلمان،٢٠١٥،٣٧٣). ئەم کارەکتەرە تیشک دەخاتە سەرئەوەی، کە خۆشەویستی(سەکینە)، بەشێوەیەکی نیمچەیی بووە هۆی خودناسی، چونکە، گەر پێشتر بە تەنیا شەڕی خودناسی کردبێت، لێرە بەدواوە، ئەم خۆشەویستییە دەبێتە دەروازەیەک بۆ خۆناسین و جەنگی خۆی لەگەڵ خۆیدا لە پێناوی خودناسیندا، واتە تەنیا جۆری ئەم جەنگە گۆڕاوە.

کەواتە لە نێو ڕۆمانەکەدا پێوەندیی نێوان کارەکتەر و ڕووداو پێوەندییەکی ئۆرگانییە، هەم کارەکتەر کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکان هەیە، هەم ڕووداوەکانیش کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی کارەکتەرەکان هەیە و چارەنووسی هەندێک لە کارەکتەرەکان، بە پێی ڕووداوەکان کۆتاییدێت، نەک ویستی خۆیان، لە ناوڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا، بە پلەی یەکەم هۆکاری سیاسی (جەنگ و ئەنفال)، کاریگەرییان لەسەر کارەکتەرەکاندا هەیە، پاشان هۆکاری هزری، ڕۆڵێکی گرنگیی لە جووڵەو ئاراستەی ڕووداوەکاندا هەیە.

## ٣- شوێن :

شوێن وەک توخمێکی سەرەکی لە ڕۆماندا، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ کارەکتەردا هەیە، لە شوێندا کارەکتەرەکان کارلێکدەکەن و ڕووداوەکان ڕوودەدەن، هاوکات کارەکتەریش کاریگەری لەسەر دروستبوونی شوێن هەیە، پەیوەندیی نێوان کارەکتەر و شوێن، پەیوەندییەکی ئۆرگانییە.

سەبارەت بە شوێن لە نێو ڕۆمانەکەدا، شوێن و ژینگەی دەقەکە گوندە، چونکە مرۆڤ بۆ تێڕامان و گەڕانەوە بۆ خود و خۆداهێنانەوە، کە تەوەرێکی سەرەکیی دەقەکەیە، پێویستە بگەڕێتەوە بۆ سروشت و دووربکەوێتەوە لە جەنجاڵی شار، "بەواتایەکی دیکە، لەم سەردەمەی ئێمەدا، بەتایبەتی ئەو هەموو ئامێر ئەلیکترۆنییانەی بەدەورمانەوەن، ڕێگرن لەوەی مرۆڤ بە قووڵی بیربکاتەوە. تەنانەت خوێندنەوەی کەسەکان قووڵ نییە. پرسیاریان سەرپێیە، مەبەستیان نییە لە ڕاستی و دروستی پرسە گەورەکانی ژیان وردببنەوە، تا ڕادەیەک بەسادەیی بەسەریدا تێپەڕ دەبن. لەبەرئەوە نیشتەجێبوون لەگوند، دووبارە دروستکردنی پێوەندییە لەگەڵ سروشت و چوونەباوەشی ئارامی و تێفکرینە. بۆ ئەم ڕۆمانەش گرنگە، جگەلەوەی گوند پەناگە و داڵدەی کەسانی هەڵهاتووە، بۆ هەموو کاتێک لەلای کورد".(سەلمان، چاوپێکەوتن،٢٠٢١) لەمەش گرنگتر، دەقەکە زیاتر باس لەقۆناغی پاش ئەنفال دەکات، ئەنفالیش گوندەکانی کوردستانی زێترکردە ئامانج، ئەم ناوچەیەش(گەرمیان)، دوای ئەنفال بەتەواوی وێرانکراوە و هیچ شتێک وەکو خۆی نەماوەتەوە، واتە هەموو شتێک بە چیا و دۆڵ ودەشتەوە ناناسرێنەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر کارەکتەرەکان هەیە، بۆ نموونە گێڕەرەوە باسی کاریگەریی وێرانەی پاش ئەنفال، لەسەر(مەردۆخ)دەکات، بەوەی وێرانە و بەبیابانبوونی گەرمیان، هۆکارێکە بۆ نەدۆزینەوەی ئاراستەی ڕێ و ئامانج و بەردەوامبوون لە سەفەریدا، گێڕەرەوە دەڵێت:**"نە بوونی شوێن پێی بنیادەم یان وڵاخێک و هیچ گیانلەبەرێک بەسەر ئەو خۆڵ و خاکەی ئەم بەسەریا دەڕۆی، بواری نەدەدا بزانێ دەیەوێ بەرەو کوێ بچێت، ئەمەش بەهانەیەکیتر بوو، کە نەوەستێ، هەر دەتگوت سەربازێکە و فەرمانی گەیشتنی لەسەرە..."**، (سەلمان، ٢٠١٥، ٥)، جگەلەمەش، نووسەر دەیەوێت، لە ڕێگەی شوێنەوە گەورەیی ئەم تراژیدیایە دەربخات، چونکە نووسەر کە"وەسفی شوێن و دیمەنەکان دەکات، ئینجا تراژیدیای ئینسانی تێدەخەنێ"، (ئیسماعیل،٢٠٠٩،٢٠)، لێرەدا، لە ڕێگەی شوێنەوە، کاریگەریی ئەو تراژیدیایە لەسەر باری دەروونی و هزریی کارەکتەر دەردەکەوێت، چونکە شوێن لە ڕۆماندا، دەکرێت، سوودی لێوەربگیرێت، لەدانەپاڵی دۆخی هزری، یان دەروونیی کارەکتەرەکان بەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژین، ئەمەش وادەکات، ڕۆڵی زێتر ببینێت، لەوەی بۆ

ڕووداوەکان وەک دیکۆر بێت، لەم دۆخەدا دەبێتە تەوەرێکی ڕاستەقینە، وەک لێرەدا دەبینین، شوێن کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر باری دەروونی کارەکتەر و ئاراستەی ڕووداوەکان هەیە.
جگەلەمەش لە ناوچەی گەرمیاندا، زۆربەی هەرەزۆری ڕووداوەکانی ناو ئەم ڕۆمانە لە دوو خانوودا ڕوودەدەن، (کۆشکی پیاوەکان/خانووی ژنەکان). سەربارەت بەم خانووانە (مەهدی فاتیح) دەڵێت:"قسەکردن و وتووێژ لە نێو کۆشکەکەی ئادەمدا، بەڵگە و هێمای ئەوە دەدات، کە کۆمەڵێک کەس دوای ئەنفال دەیانەوێ بەشێوەیەکی جیاواز و لەسەربنەمای بیرکردنەوەی جیاواز دروست ببنەوە، کە پێشتر بەو شێوە نەبووە، بەڵام لە ناو ماڵی ژنەکاندا قسەکردن و وتووێژ بە شێوەیەکە وەک بڵێی دەیانەوێ درێژە بە ژیانی ڕابردوویان بدەن، ئەویش بە خەیاڵی ئەوەی ئەو خەونانەی پێش ئەنفال هەیانبووە بیکەنە ڕاستی و پێیانبگەن، ئەمەش بەڵگەی کارکردنی نووسەرە لەسەر دوو هێڵی فکری لێک جیاواز لەم ڕۆمانەدا"، (عومەر، ٢٠١٩،٢٠٤)، بەواتایەکی دیکە چیرۆکی کارەکتەرە ژنەکان لە دوای ئەنفالەوە دەستپێدەکات، بەڵام هەر بەهیوای گەڕانەوەی ئەو کەسانەی، کە بەر لە ئەنفال خۆشیان ویستوون، ئەمەش لەسەر زاری یەکێک، لە کچەکانەوە دەخرێتە ڕوو، کاتێک (ڕەهێڵە) بە (بێڤەر) دەڵێت: **"ئاخر ئێمەش سالآنێکە بەم دەردی ئیشقەوە ئەناڵێنین، کەسیان نەماون و هەر یەخەی خەونمان بەر نادان"،**(سەلمان،٢٠١٥،٢٣٩)، چاوەڕوانی، بەشێکی دانەبڕاوی نیگەرانییەکانی ئەم کارەکتەرە ژنانەیە. هیچ دۆخێکی چاوەڕوانی نییە، نیگەرانییەکی گەورەی مرۆڤی لە پشتەوە نەبێت، هیچ نیگەرانییەکیش نییە، چاوەڕوانییەکی گەورەی، لای مرۆڤ بە جێنەهێشت بێت، هەروەک لای ئەم کارەکتەرە ژنانە دەردەکەوێت، کە بە هۆی چاوەڕوانییەکی تاقەت پروکێنەوە بۆ گەڕانەوەی ئازیزانیان بەردەوام نیگەرانن.
بێگومان، زۆرێک لە ڕەخنەگران و لێکۆڵەران، گرنگییەکی بەرچاویان بە دابەشکردن و پۆلێنکردنی شوێن داوە، هەڵبەتە ئەم جۆراوجۆری دابەشکردنەش، پێوەندیی بەبارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە هەیە ، بەڵام ئێمە لێرەدا، تەنیا گرنگیی بەم دابەشکردنە دەدەین :
**- شوینی کراوە:**

ئەم شوێنە هەر لەناوەکەیەوە دیارە، کە بە ڕووی هەموو کەسێکدا دەرگای کراوەیە، هەمووکەسێک دەتوانێت ئەمجۆرە لە شوێن، بەبێ جیاوزی بەکاری بهێنێت، وەک "شەقام و کۆڵان و ڕێگاو بازاڕ، چایخانە، هتد..." "ئەو شوینانە، کە هەردەم لەبەردەم کارەکتەرەکانی نێو ڕۆماندا کراوەیەو هەڵسوکەوتی تێدادەکەن، ڕووداوەکانی تێدا پەرەدەسێنێت و گەشەدەکەن. هەندێک لەم شوێنانە سروشتبن و هەندێکی دیکەیان دەستکردی مرۆڤن، بەڵام لە ڕووی بنیات و زۆرجار لە

ڕووی بەکارهێنانییەوە شوێنی کراوەن، لەو ڕووەوە، کە ڕووبەرێکی فراوانیان هەیە(سەعید،٢٠١٣)، مرۆڤ دەتوانێت، لە زۆر بەیاندا بژی، بەڵام هەندێ شوێنی دیکە هەیە، کە لە ڕووی بنیاتەوە داخراون ، بەڵام لە ڕووی بەکارهێنانەوە کراوەن، واتە زۆر لەخەڵکی دەتوانن بەکاریبهێنن وەکو: "زانکۆ ، قوتابخانە ، مزگەوت ، فەرمانگە حکومییەکان...هتد. بەشێوەیەکی گشتی، شوێنی کراوە ئەو شوێنەیە، کە مرۆڤ بەگشتی مافی بەکارهێنانیان بەبێ جیاوازی هەیە.

بۆ نموونە، شوێنی کراوە، لەم ڕۆمانەدا دەشتی گەرمیانە، کە ئەنفال کردوێتی بە بیابان، گێڕەرەوە بەمجۆرە وەسفی دەکات، کاتێک (مەردۆخ) پێیدا تێدەپەڕێت، دەڵێت: **"مەردۆخ هیچ خاکێکی بە پیتی تووش نەبوو، نە ڕووبارێک ونە چەمێک، کە ئاوی خوڕی پێدا بڕوات، کانی هەر بە ناو کانی بوو، دەزوولەیەکی ئاوی شاراوە لە کونێکەوە بە دزییەوە دەهاتە دەرێ، جۆگەلە ئاوەکانی تووشیان دەبوو، ڕەنگی نەوت و باڕووتیان لێ نیشتبوون، وێرانە، مانای بێدەنگی ڕەهای لەلا دەسەپاند، .... هەموو بەردێکی کەوتوو، دارێکی هەڵکێشراو و بڕاو، لە هەر پەنجەریەکی بێناز، لە وشکیی هەموو ئەو کانی و سەرچاوانەی دەهاتنەڕێی، تەنیا وێنەی خۆی تێدا دەبینی ڕەنگی دەدایەوە..."**، (سەلمان،٢٠١٥،٢٩٧)، لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەم شوێنەوە، کە شوێنێکی کراوەیە، نووسەر توانیوێتی زۆر بەلێهاتووی دیمەنەکان بۆ خوێنەر بگوازێتەوە، هەرچەندە ڕۆماننووس ئەو شوێنەی بەکارهێناوە، شوێنێکی گشتییە، بەڵام لێرەدا، بۆتە شوێنی کوشتن و ئازاردانی مرۆڤی کورد، گێڕەرەوە توانیویەتی، ئەو ڕاستییەی، دەربارەی کورد کراوە، بیگەیەنێت بەکاریگەریی ئەم شوێنەوە. جگەلەوەی، بەهۆی لێکدانەوەی دەروونیی ئەو کارەکتەرەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە حیکایەتخوانی هەمووشتزان، هەوڵی ئەوە دەدات، لە ڕێی ئەم شوێنەوە وردتر وشاراوەتر هەستی کارەکتەرەکان ئاشکرا بکات، ئەم وێرانەیە، یەکێکە لە هۆکارەکانی دەروون ئاڵۆزی، چونکە ناکرێت، لە شوێنێکی لەم شێوەیەدا، کە جگە لە بۆنی باڕوت و خوێن هیچی تر نییە، چاوەڕوانی تاکێکی دەروون ئارام و تەندروست بکەین، بۆیە لێرەدا، شوێن کاریگەریی زۆری لەسەر دەروونی کارەکتەرهەیە، بەهۆی جەنگ و وێرانەوە بۆ کارەکتەرەکان بووە بە شوێنێکی ناهۆگر و بێزارکەر.

**-شوێنی داخراو**

پێچە"وانەی شوێنی کراوەیە، واتە تایبەتە بە کەسێک، یان کۆمەڵەکەسانێک، وەکو "ژوور، ماڵ، کێڵگە،... هتد"، بەم پێیە، شوێنی داخراو سنور دیاریکراوە. شوێنی داخراو، ئەو شوینە تایبەتەیە، کە دەسەڵاتی خودی تێیدا بەگەڕ دەخرێت و بەڕووی خەڵکیدا داخراون لە ژێر ڕکێفی تاکدایە، شوێنی داخراو بەو شوێنانە دەوترێت، کە لەبەردەم هەموو کەسدا کراوەنییە وداخراوەو ڕووبەرێکی

جوگرافیی دیاریکراوی هەیە"(سەعید،٢٠١٣)، لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانین بڵێین، لەم جۆرە شوێنەدا، مرۆڤ تاڕادەیەک دەتوانێت، بەسەربەستی وئازادی مامەڵەبکات.

شوێنی داخراو لەم ڕۆمانەدا ئەو دووخانووەیە، کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن، خانووەکان، کە لە نێو وێرانەیەکی دوای ئەنفال لە ناوچەی گەرمیاندا دروستکراون، لە ڕەوتی ڕۆمانەکە، ئاشکرا دەبێت، کە چۆن ئەم دوو خانووە (وەستا/ ئادەم) دروستکەریانە و سەرەتا یەکێک لەم خانووانە بۆ ژنەکان بەجێدەهێڵێت. دواتر (وەستا/ئادەم) لە جێیەکی تر، خانوویەکی دیکە دروستدەکات و دەبێتە بنکەی پێشوازیکردن لە هەموو ئەو کەسانەی، گەڕیدە و وێڵی پەناگەیەکی ئارامن و کۆمەڵ خستوونیەتی پەراوێزەوە، لەم دوو خانووەدا کارەکتەرە ژن و پیاوەکان، بەجیان، بە جۆرێک خانوویەکیان تەنیا کارەکتەرە ژنەکان و ئەوی تریان کارەکتەرە پیاوەکانی لێدەژین، سەبارەت بە هۆکاری ئەم جیایەی کارەکتەرە ژن و پیاوەکان، نووسەر دەڵێت:"جیابوونەوەی ژن و پیاو دۆخی ئەنفال سەپاندوێتی، چونکە ئەو ژنانە لە شەوێکدا گەیشتنە لای ماڵی (وەستا)و داڵدەی دان، لەبەرئەوەشی ئیشقی بۆ (سەکینە)، هەر لەوێدا لەلا دروستبوو، بەڵام گەورەیی کارەساتەکەی بەسەریاندا هاتبوو، ڕێگربوو لەوەی، لەیەک خانوودابن، بۆیە دۆخی ئەنفال سەپاندووێتی بەسەر کارەکتەرەکاندا، کە بەو جۆرە دوور لە یەک بژین، بەڵام دەرگای ماڵی پیاوەکان کراوەیە بۆ هاتنی ژنەکان، هەروەک لە نێو ڕۆمانەکەشدا بانگەشەی بۆ دەکەن، کە لە داهاتوودا، ژنیش دێتە ئەویَ. ئەمە لۆجیکی ڕووداوەکان وەهای خواستووە،(سەلمان،چاوپێکەوتن، ٢٠٢١).

سەبارەت بە خانووی پیاوەکان، (ئادەم)، کە دروستکەری خانووەکانە بە (مەردۆخ) دەڵێت: **"ئێرەش جێیەکە، بوارمان ئەدات بیربکەینەوە و لە شتەکانی دەوروبەرمان تێڕامێنین، لە هەمان کاتدا هەر ئێرەشە ناوەخنی نا بیرکردنەوەو نا تێڕامان، کە توانیمان خۆمان بخەینە مابەینی بیرکردنەوە و نابیرکردنەوە، ئەو بیرۆکانە لەدایک ئەبن، کە پردی پتەوە لە نێوان ژیانی ئێمە و خەڵکیتر دروست ئەکەن، کاک مەردۆخ تۆ تێبینی ئەوە ناکەی، کە لەناو ئێمە ژیان بە هەموو کراسە ڕەنگاو ڕەنگەکانی لێرەیە؟ گرفت لە چیدایە، کە خۆمان ژیانێک هەڵبژێرین بە پێوانەی خەڵکی نەگونجانی لەگەڵ ڕاستییا هەیە؟"**،(سەلمان، ١٧٨،٢٠١٥)، (ئادەم) پێمان دەڵێت، نێو کۆشک شوێنێکە، بۆ خۆ دروستکردنەوە و هەڵسانەوە دوای کەوتن، لە هەمان کاتدا، شوێنێکە بواری کەسەکان دەدات، بە خۆیاندا بچنەوە و لێی ڕابمێنن، بیرکردنەوەی دەرەوەش لە خۆیاندا داماڵێنن، هاوکات دابڕانیش لەگەڵ ئەو ڕابردووە قورسەدا بکەن. جگەلەمەش (ئادەم)، کە دروستکەریەتی، ئازادی تەواو بە کارەکتەرەکان بۆ هەڵبژاردن لە نێو بژاردەکان دەدات، بۆیە کارەکتەرەکان لێرەدا، زێتر هەست

بەبوونی خۆیان دەکەن، چونکە" ماهییەتی مرۆڤ بە هۆی هەڵبژاردنی ئازاد و ئاگامەندیی بوونی مرۆڤ لە جیهاندا ئامادە دەبێت، هەر بۆیە بوونەوەرەکانیتر چارەنووسێکیان هەیە و خۆیان نەیانخولقاندووە"، (کاکی، ١٧٧،٢٠١٤)، بەڵام مرۆڤ چارەنووسی خۆی هەڵدەبژێرێت، بۆیە ئەوانەی کە توانیویانە، لە کۆشکدا بمێننەوە، گەیشتوون بەو ڕاستییەی، کە تەنها بەو جۆرە دەستپێکردنەوە محاڵ نییە، سەبارەت بە ڕاستیی بوونیان ئەوەیە، کە بە پێوەری خەڵکی تر، ڕاستی نییە، جگەلەوەی خانوویەکی لەوجۆرە، کە لەناو پاشماوەی جەنگ و وێرانەدا ئازادی وئاشتی تێیدا بەرقەرارە، بێگومان بۆ خەڵکی دەرەوەی کۆشک جێگەی باوەڕ نییە، بۆیە لێرەدا شوێن بەهۆی بوونی ئازادی و تێڕامانێکی ئازادانەوە، کاریگەریی لەسەر کارەکتەرەکان هەیە.

هەر سەبارەت بەو ئازادییەی لەخانووی پیاوەکاندا هەیە، گێڕەرەوە بەمجۆرە وەسفی دەکات **:"مەردۆخ لەوێدا بیری دەکردەوە، بۆ پەنجەرەکانی ئەم کۆشکە وەها بێ پەردەیە،...دیوارەکانی خانووەکە هەموو بەردن و بێ بۆیەن"،** (سەلمان،١١٦،٢٠١٥)، نەبوونی پەردە لە کۆشکدا ئاماژەیە بۆ بوونی ئازادی و نەبوونی هیچ سانسۆرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دینی، تەنانەت ڕۆشنبیریش کاتێک دەڵێت**"لە ژووری یەکەمەوە کە پێشوازی لێکرا تا ژوورەکەی لێی نووست و ژووری ئادەم ناو و ئەم ژووری نانخواردنەش، پەرتووکێکی لێ نەبینی، بەوە دەچی هیچ کوێیەکی ئەم ماڵە، کتێبێکی تێدا نەبێ، کەچی شێوازی قسەکردنی ئەم کەسانە و ڕەفتار وهەڵوێستیان، ... وەها دەبینین، کە کەسانێکی پڕ زانست و خوێنەوارن..."**،(سەلمان،١١٦،٢٠١٥)، ئەوەی بۆ (مەردۆخ) جێگای پرسیاربوو، بۆچی کتێب لەم کۆشکەدا نییە،" لە خەیاڵی ئەودا، کۆشکەکە خۆی خانوویەکە"، لە کاتێکدا کارەکتەرەکانی ناوی، گەریدەن و هەوڵی خۆبنیاتنانەوە دەدەن لە قسە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتیاندا، دەردەکەوێت، پڕ زانستن، لەم بارەیەوە ڕۆماننووس دەڵێت: "نەبوونی کتێب لەم ماڵەدا، کەم بایەخی کتێب ناگەیەنێت بە پێچەوانەوە! هەر لەبەر ئەوەی، کتێب گرنگە، بۆیە لەوێدا ونە، چونکە تاقە جۆری کتێبگەلێک، کە لەو سەردەمەدا دەست بکەوێت، ئەوانەن کە لایەنی ئایین و سیاسەت و مێژوویان بەسەردا زاڵە، هەر بۆیە، دواتر لە ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت، لە ژوورێکدا تەنیا ئەو جۆرە کتێبە لە ژوورێکدا کەڵەکەکراوە و دەرگای نیوچەکراوەیە، بێ ئەوەی کەس بیانخوێنێتەوە. جگەلەوەی لە سەردەمی شەڕ و ناکۆکیدا بەهای زانست نامێنێت و تەنها ئەو لایەنانە دەسەپێندرێنە سەر هزری مرۆڤ، ئیدی بۆ ئەوەی کەس، کاریگەریی چەواشەکاری لەسەر نەبێت، پێیان باشترە، ئەو کتێبانە کەڵەکە بکرێن و نەیخوێننەوە. هەر خودی کەڵەکەکردن و ڕێکنەخستنیان بەڵگەیە، لەسەر ئەوەی بەهایەکی ئەوتۆی لەلایان نییە"،(سەلمان،چاوپێکەوتن،٢٠٢١).

واتە جۆری کتێبەکان لەلایان ڕەتکراوەیە. ئەمەش ئاماژەیە، بۆ ڕەتکردنەوەی سانسۆری ڕۆشنبیری وخوێندنەوەی چەند سەرچاوەیەکی دیاریکراو لە کتێب، بێگومان، ئەم دۆخە ئازادەی ناو کۆشک کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کارەکتەرەکان هەیە، بەوەی بەشێکیان دەبنە نیشتەجێی کۆشک، بەشێکی ترشیان، وەک (مەردۆخ) بەرچاو ڕوونتر دەبێت، لەوەی چی دەوێت و لەم وێسگەیە بەدواوە، وێڵی دەبێت.

جگە لەمەش، سەرجەم ژوورەکانی ئەم خانووە لە یەکتر دەچن: **"مەردۆخ بەچوار دەوریدا سوڕایەوە، لەبەر خۆیەوە وتی" بەوە ئەچێت هەموو ژوورەکان وەک یەک دروست کرابن. ئەم ژوورەش بەهەمان شێوەی ژووری یەکەم و ژووری ئادەم ناو، بێ پەردە بوو، هیچی وەهای تێدا نەبوو، تەختەیەک بۆ نووستن، کورسییەکی داری سپی، نزیک تەختەی نوستنەکە دانرابوو..."،**(سەلمان،٢٠١٥،٧٧). ڕۆماننووس دەیەوێت، لە ڕێگەی وەسفی کەرەستە و کەلوپەلی ژوورەکانی نێو کۆشکەوە نیشانی خوێنەری بدات، کە وەستا و کارەکتەرەکانی ناو کۆشک زۆر پەیوەست بە دونیای مادەوە نین، ئەمەش جۆرێکە لە گونجاندن لە نێوان کارەکتەر و شوێندا، چونکە "وەسفی شوێن دەبێت، بە شێوەیەکی خوازراو گوزارشت لە کارەکتەربکات. چونکە ماڵی مرۆڤ درێژکراوەی مرۆڤ خۆیەتی، ئەگەر وەسفی ماڵەکەیت کرد، ئەوا وەسفی مرۆڤ خۆیتکردووە"،(سەعید، ٢٠١٩،١٢٥). گوزارشت کردن لە شوێن، لە هەمان کاتدا گوزارشت کردنە لە سروشتی ژیان و بیرکردنەوەو هەستی ناوەوەی کارەکتەرەکان، جگەلەوەی، لێکچوونی ژوورەکان ئاماژەیە بۆ لێکچوونی کارەکتەرەکان و دۆخی دەروونی و هزریان، چونکە هەر ژوورێک هی کارەکتەرێکە. واتە لێرەدا کارەکتەر دروستکەری شوێنەو کاریگەریی لەسەر ڕێکخستنی ناوەوەی ئەم خانووەدا هەیە.

کاریگەریی ئەم کۆشکە لەسەر کارەکتەرەکانی نێو کۆشک، بەگشتی و ئەم کارەکتەرە بەتایبەتی، بە جۆرێکە (مەردۆخ) کاتێک، دەگاتە ماڵی ژنەکان وەسفی ئەم شوێنە بۆ کارەکتەرە ژنەکان دەکات، دەڵێت: **"من گەشتمە شوێنێک هیچ کونوقوژبنێکی بەڕاستی نەدەچوو نە کەسێکیان بە کەسی ڕاستی ئەچوون، کۆشکێک بوو، ئەتگوت لە کات دابڕاوە، لە شوێنێکە، ئەگەر بچی بۆ هەر کوێیەک دوور لەوێ، هەر بۆی ئەگەڕێیەوە، ئەو جۆرە کۆشکە تەنها لەخەیاڵی کەسی ڕێبوار و گەڕیدەیا دروست ئەبێ، ئەوێ بێگومان دەستکردی کەسێکە، کە خەیاڵی لە ڕاستی هەڵی کەنیوە، ئا لەوێدا چاندوویەتیەوە، کە ئەچیتە ناویان، بەردەوام هەست بەوە ئەکەی، خەریکی کارکردنن تێیایدا و شتێکت تیا دروست ئەکەن، لەو ساتەوەختە درکی پێناکەی، بەدەرچوونت لەوێ، هێکرا هێکرا لە**

**ناخت گەشەدەکات"**، (سەلمان،٢٠١٥،٤٤٤). ئەوەی بووە بە هۆی پەیوەستبوونی کارەکتەرەکان بەم شوێنەوە بۆ ئارامی و ئازادییەکی تەواو لەنێو کۆشکدا دەگەڕێتەوە، لە کاتێکدا دنیای دەرەوە پڕە لە توندوتیژی. لەهەمانکاتدا، بەشێک لە کارەکتەرەکانیش، بە تایبەتی(ئادەم)، کاریگەریی لەسەر دۆخی ناو کۆشک هەیە، بەوەی، لەلایەک دروستکەری کۆشک و لەلایەکی دیکەوە یارمەتیدەری کارەکتەرەکانی ناوێتی، بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی ژیان، بە شێوازێکی نوێ و فەراهەمکردنی کەشێکی ئارام. کەواتە شوێن بێ کارەکتەر واتای نییە، بۆیە پرۆسەی کارلێکی بەردەوام لە نێوان ئەم دوو توخمەدا دروست دەبێت، کارەکتەر کار لە شوێن دەکات و شوێنیش کار لەو کەسانە دەکات، کەسەردانی دەکەن، یان لە ناویدا دەژین. هەر سەبارەت بە کاریگەریی شوێن لەسەر کارەکتەر، کارەکتەریی سەرەکی ڕۆمانەکە(ئادەم/وەستا) ئاماژە بەوە دەکات، کە چۆن شوێن کار دەکاتەسەر پێکهاتەی کەسەکان، دەڵێت: **"پێم وابوو جێگۆڕکێ لە ژیانی کەسێک دڵی گۆڕانکارییە و تەنانەت بۆ ئەو بۆچوونەش چووم، کە نەتەوەیەک لە جێی نەتەوەیەکیتر ئەو ئەزموونی جێگۆڕکێیە بژی، تاکو بگاتە ئەو قەناعەتەی کە چۆن شوێن پێکهاتەی کەسەکان دروست دەکات و بونەوەرێکی تازەی لێ دەرئەهێنێت، کە لە ناو پاکەت پێچرابێت، دواتر هەر ئەو بوونەوەرە، یان دەبێتە دروستکەر، یان ڕووخێنەر"**، (سەلمان٢٠١٥،٢٦٤)، لە ڕێگەی ئەم گێڕانەوەیەوە، (ئادەم) پێمان دەڵێت، پێوەندیی نێوان کارەکتەر و شوێن پێوەندییەکی دوولایەنەیە، چونکە لەلایەکەوە شوێن کاردەکاتە سەر مرۆڤەکان و گۆڕان و وەرچەرخان لە تاکدا دروست دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە، هەرئەم تاکەش کار دەکاتە سەر شوێن، جا چ بە ڕۆڵی، لە دروستکردن یان ڕووخاندنی ئەو شوێن دا بێت،

کەواتە لەم ڕۆمانەدا لە بەرئەوەی، بەشێکی زۆری ڕووداوەکان لە نێو وێرانەی پاشماوەی ئەنفالدا ڕوودەدەن، بۆیە شوێن کاریگەریی لەسەر کارەکتەرەکان هەیە، چونکە ئەم وێرانەیە بۆخۆی کاریگەریی لەسەر باری دەروونیی کارەکتەرەکان هەیە، هەروەها لە نێو ئەم وێرانەیەشدا ڕووداوەکان زیاتر لە نێو دوو خانوودا ڕوودەدەن(کۆشکی پیاوەکان –خانووی ژنەکان)، خانووی پیاوەکان زێتر ئازادی و ئاشتی تێدا بەرقەرارە و پەروەردەی هزری و دەروونیی کارەکتەرەکان دەکرێت.

## ٤- كات :

به هۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی، کات لەناو هەر تێکستێکی ئەدەبیدا هەیەتی، بە تایبەتی لە ڕۆماندا، ڕەخنەی ئەدەبی بایەخێکی گەورە بەم توخمە دەدات. بە دەگمەن لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەبینین پێوەندیی کات و کارەکتەری فەرامۆش کردبێت. توخمی کات دیارترین خەسڵەتی جیاکەرەوەی ڕۆمان و چیرۆکە، بەوەی لە ڕۆماندا دەتوانرێت، بەشێکی زۆری ژیانی ڕۆژانە پیشانبدرێت، بەڵام لە چیرۆکدا ئەو مەودا فراوانەی نییە، هیچ یەکێک لەو ڕەگەزانەی ڕۆمان پێکدەهێنن وەکو کات پەیوەستی گێڕانەوە نین، چونکە گێڕانەوە، بەبێ کات بەرهەم نایەت. گرنگیی کاتیش لە پرۆسەی گێڕانەوەدا لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە هەر دەقێک خۆی لە خۆیدا لەسەر کاتی فرە تەوەرە و فرەلایەن دادەمەزرێت. هەر ئەم گرنگییەشە وای لە ڕەخنەگران کردووە، کە چیتر وەکو بابەتێکی ئاسایی لە کات نەڕوانن، بەڵکو بەلایانەوە کات خودی ڕۆمانە .

بوونی کات بە بوونی کارەکتەرەوە لە نێو ڕۆماندا پەیوەستە، چونکە کارەکتەر هەست بە بوونی کات دەکات، زۆر جار کورت و درێژی، بە پێی هەستی کارەکتەر دەپێورێت، بە تایبەت لە کاتی دەروونیدا، بە پێچەوانەشەوە، کاتیش چوارچێوە بۆ کردارەکانی کارەکتەر دادەنێت، کاتیش دووجۆرە:

**کاتی ناوەوەی دەق:** بۆ دەستنیشانکردنی کاتی ناوەوەی دەق پشت بە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە دەبەسترێت، لێرەدا دەتوانین بڵێین، کاتی دەستپێکی ڕووداوەکان دەکەوێتە کۆتایی پرۆسەی ئەنفالەوە، بەڵام "زەمەنی دوای ئەنفال لەم ڕۆمانەدا زەمەنێکی ونبووە، ئەم ونبوونەیش سیفەتێکی بێ کۆتایی پێدەدات، خوێنەر هەست ناکات بە کۆتاییەک دەگات"، (عومەر،٢٠١٩،٢٠٤)، بەشێک لە کارەکتەرەکان لە ڕێگەی یادەوەرییەوە، ڕووداوەکانی پێشتر ئاوێتەی دەقەکە دەکەن، ئەنفال دەبێتە دەسپێکی ڕووداوەکان، هەروەک (سەکینە) دەڵێت:**"لەبری ڕێوی، ڕەشەگیری بە پیرمانەوە هات، بڕواناکەم کەسیش بەڕاستی شتێکی ئەوتۆ لەو بارەیەوە بزانێ، ئێمە خۆشمان، کە پاشماوەی ئەو خەڵکەین، هەر بەڕێکەوت بەر ئەو کارەساتە نەکەوتین، ئیتر چۆن گشت ڕووداوەکە بزانین"،** (سەلمان،٢٠١٥،٣١٠)، ڕووداوەکان درێژەیان دەبێت، تا دەگەنە ڕاپەڕینی نەوەد و یەک و پاشان شەڕی ناوخۆی باشوری کوردستان:**"زۆر دواتریش کە هەوڵمان ئەدا و دووبارە ئەڕۆیشتینەوە بەرەو ئەوێ، ئەگەیشتینە ئاستێک و لەدەمی خەڵکەوە ئەمانبیست، گوایە لە جێیەکەوە خەڵکی دەستیان بە ڕاپەڕین کرد و سەرتاپای شارەکانی گرتۆتەوە، ... پاش ئەوەش، زۆر کەمی برد، فرەکەم، لەوێشدا کەس فریا نەکەوت لەو ئاوە ئازادە، شڵپێک بداتە دەموچاوی، تا ماندووبوونی**

**دەربچێت لە کاروانی سەرنگومکردن و کوشتن و داماڵینی خاک! ئیتر یەکسەر ئەو قۆناغە بە تەوژمە هات، کە هەزار بەرەی شەڕ بەڕاست و بە چەپ سەنگەریان دژ بە یەک لێدا، مەیتی دوژمن و نا دوژمن چووە پاڵ یەک**"، (سەلمان، ٣١٣،٢٠١٥ ). کەواتە کاتی سەرەکی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە، لە دوای ئەنفالەوە دەست پێدەکات، بەڵام لە ڕێگەی یادەوەرییەوە کارەکتەرەکان ڕووداوەکانی ساتەوەختی ئەنفالیش دەگێڕنەوە، بەڵام کاتی کۆتاییهاتنی ڕووداوەکانی دەقەکە دیارینەکراوە و بە کراوەیی هێڵراوەتەوە، بۆیە نازانرێت، کۆتایی کاتی ڕووداوەکان لە نێو ئەم ڕۆمانەدا کەیە.

**کاتی دەرەوەی دەق**: کاتی ئەو رابردوودا وانەیە، کە دەکەوێنە پێش سەرەتای رۆمانەکەوەو لە ئێستای گێڕانەوەکان لە ریّی زەینی کارەکتەرەکانەوە، گێڕەوە بەرەو ئەو کاتانەمان دەگێڕێتەوە.

جگەلەوەی، لە نێو ئەم ڕۆمانەدا، زۆرتر کار لەسەر کاتی شەو کراوە، چونکە لەگەڵ تەوەریی سەرەکی دەقەکەدا گونجاوە، کە کارکردنە لەسەر تێڕامان و گەڕانەوە بۆ خود، بێگومان ئەمەش زێتر لە شەو و تاریکیدا ڕوودەدات.

کاتی شەو لە نێو ڕۆمانەکەدا زۆر بە چڕی کاری لەسەر کراوە، لە لایەکەوە، وەک ئاماژەیەک بۆ تاریکیی قۆناغەکە بۆ کورد، چونکە ئەنجامدانی شاڵاوی ئەنفال و دواتر، ئەگەرچی ڕاپەڕین بەرپابوو، بەڵام کەمی خایاند وشەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد، بۆیە بۆ نەتەوەی کورد قۆناغێکی تاریکە، لەلایەکی دیکەوە، بۆ گوزارشتکردن لە تەوەرێکی سەرەکیی دەقەکە، کە تێڕامان و بینینی شتەکانە، بە شێوەیەکی جیاواز لە خەڵکی ئاسایی، بێگومان ئەم تێڕامان و بیرکردنەوەیەش زێتر لە شەو و تاریکیدا ڕوودەدات، وەک لە ڕووناکی و ڕۆژدا، دەربارەی هەڵبژاردنی ئەم کاتە(هەرێم عوسمان) دەڵێت:"شەو هاوشانی ئیشق، تەنیایی و ئازادی..هتد، هێزی خۆبنیاتنانەوەن، ڕۆماننووس"شەوانی" لە خۆوە هەڵنەبژاردووە، چونکە شەو بێدەنگی و گوێ لە خۆگرتنە، ژاوەژاوی ئەویتر"کە دەشێ ئەنفال و ڕابردووبێت" بێدەنگ دەکات، بۆ ئەوەی"خۆی" قسەبکات، شەو لێرەدا دەبێتە ژیلەمۆی بە خۆدا چوونەوە وئاڵوگۆڕی بیروڕا و وەرگرتنی بیری نوێ و دۆزینەوە ودەرچوون لە ڕێی داخراو، شەو بە تاریکی مرۆڤ سنوردار دەکات، بەڵام خەیاڵی بەرفراوانتر دەکات، شەوان هێزی خەیاڵ و بیرکردنەوەیە، سنورەکانی واقیع تێدەپەڕێنێت وزێتر لە خودی خۆی مرۆییمان نزیک دەکاتەوە، خەڵوەت و بێدەنگی شەوان بەرزترین دەنگی مرۆڤە ڕەسەنەکانە بۆ داهێنان و خۆداهێنانەوە، بۆ بیرکردنەوە لە بوونی خۆو جیهان"، (هەرێم،١٧٦،٢٠٢١).

ئەم گرنگییەی شەو لەزاری یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە بۆ خوێنەر دەخرێتەڕوو ودەڵێت:**"هەر چۆن شەو لەلای ئێمە واتای تاریکی نییە و ڕەنگەزێتر ڕۆژ کاتێکی کراوەی بێمانا و بێبەها بێت و سەرمان لێ تێکبدات و نەهێڵێت بە کاری خۆمان هەڵسین، دەسا شەو بۆ ئێمەو مانان، مایەی تێڕامان و قوڵبوونەوەیە لە واتای هەموو ئەو شتانەی پێیان ئەڵێن"شت" تۆ وەهای نابینی کاتێک بە ڕۆژ تەماشای شتێک ئەکەی، لەوانەیە تەنها ڕووناکی ڕۆژ ئەوەت نیشان بدات، کە وەهایە؟ ئەگینا ئازایەتی و بوێریی کەسێک لەو ساتانەیا دەرئەکەوێت، کە لە قوڵایی شەوەوە ڕاستیی شتەکان ببینێت، هەر وەک نا بینا، بتوانێت وێنەو واتایان لێ دەربهێنێت، ڕۆژ لە خزمەتی بینینی شتە باو و نەریتییەکانە، کە زۆرینەی خەڵک ئەیبینن"**،(سەلمان،٢٠١٥،٢٥٧)، ئادەم لەم گفتوگۆیەدا تیشکی خستۆتەسەر ئەوەی، کە شەو بۆ مرۆڤ دەرفەتێکە، بۆ دووبارە تێڕامان لەو شتانەی، کە کەسانی ئاسایی ناتوانن، درکی پێبکەن، بەڵکو توانای مرۆڤ لەوەدایە، لە قووڵایی تاریکی، دیوی ئەودیوی شتەکان ببینێ و بگەن بەواتا شاراوەکانی، کە کەسێکی ڕووکەشبین، تەنها واتای دەرەوەی شتەکان لە ڕووناکیدا دەبینێت، ناتوانێت، بگات بەو واتا شاراوەیە. هەر لە درێژە گفتوگۆی نێوان (مەردۆخ و ئادەم) دا، (ئادەم) دەڵێت: **"تەماشا بکە، کاک مەردۆخ، بۆنموونە، ئەگەر بەشەو تەماشای تابلۆی ژووری پێشوازیکردنەکە بکەی، دڵنیام لەوەی بەشێوەیەکی دیکە لێی تێئەگەی، ئەو تابلۆیە بە ڕۆژ تەنها بە پێنووسی ڕەش کێشراوە، دەی شەو تەماشای بکە، ئەبینی کۆمەڵێ ڕەنگن، تەنانەت کەسایەتییەکانی ناویشی، هەمان ئەوانە نەبن کە یەکەم ڕۆژ بینیوتن"**،(سەلمان،٢٠١٥،٢٥٩)، نووسەر بە جۆرێکی جیاوازتر، دەڕوانێتە ڕەنگی ڕەش و کاتی شەو، پێمان دەڵێت، گەر مرۆڤ تێڕامانی هەبێت، دەتوانێت، لە هەناوی ڕەنگی ڕەشدا، چەندین ڕەنگی تر ببینێت، کە هەمووکەس توانای بینینیان نییە، لەقوڵایی شەو و ئاڵۆزیدا بۆ ڕەنگە جیاواز و بابەتە گرنگەکان بگەڕێت، کە لەڕەنگی تر و لە کاتی تر ناتوانرێت، ببینرێت.

## تەوەریی دووەم: جۆرەکانی کارەکتەر لە نێو  ڕۆمانەکەدا

**کارەکتەر لە ڕووی ئەرکەوە:**

پێکهاتەی هونەریی ڕۆمان پێویستی بەوەیە، چەند جۆرە کارەکتەرێکی جیاوازی لە خۆ بگرێت، لە هەڵسوڕاندنی ڕووداوەکاندا بوونیان هەبێت و هەر یەکەشیان بە ئەندازە و پێگەی هونەریی خۆی ڕۆڵ بگێڕێت، ئەمەش ڕۆماننووس ناچار دەکات، کە کارەکتەرەکانی، بۆ چەند جۆرێک دابەشبکات.

**کارەکتەری سەرەکی:**

کارەکتەری سەرەکی لە سەرەتاوە، تاکۆتایی ڕۆمانەکە ئامادەیی هەیە، بە هۆی پێوەندیی لەگەڵ کارەکتەرەکانی تردا، دەبێتە دروستکەری بەشێک لە ڕووداوەکان و چارەسەری بەشێکی زۆر لە گرفتەکانیش دەکات، واتە ڕۆڵی سەرەکی لە دروستکردنی گرێدا لە ناو دەقەکەدا هەیە.

سەبارەت بە کارەکتەرە سەرەکییەکانی نێو ئەم دەقە، هەموو کارەکتەرەکانی نێو دەقەکە بەگشتی و کارەکتەرە سەرەکییەکان بە تایبەتی، هەڵگری چیرۆک و پاشخانێکی تراژیدین، ئەمەش ئاماژەیە، مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێت بە تاکێک، کە بگەڕێتەوە بۆ خود و توانای تێڕامانی هەبێت، زۆرجار دەبێت بە قۆناغێکی تراژیدیدا تێپەڕبێت، لەم بارەیەوە، ڕۆماننووس دەڵێت: " لێرەدا تراژیدی ئەو بەشە ترسناک و واقیعییەشە، کە مرۆڤ ڕووتدەکاتەوە بەرانبەر بە کرداری خۆی و دەوروبەری. بە گەڕانەوە بۆ هەر یەک لە کارەکتەرەکان، دەبینین، ڕابردوویەکی تراژیدییان هەیە، لە شوێنێکدا کارەکتەرەکە خۆی خراپەی نواندوە، وەک (ئادەم)، کە قوماربازە و هاتوچۆی لای سۆزانی کردووە و بێ باکیی نواندوە، یان کارەکتەرەکانی تر خراپەیان بەرانبەر کراوە، وەک کەسایەتیی پاساری کە نێرەمووکە و خەڵک خراپەیان لەگەڵدا کردووە. ئەگەر خراپە نەبێت تراژیدیا ڕوو نادات... بێگومان، تراژیدیا چاوی مرۆڤ لەسەر لایەنە شاراوەکانی دەکاتەوە، کە فەرمانی بەدکاری پێدەدەن، چاوی کەسەکان لەسەر واقیعێکی نەخوازراو دەکاتەوە، ئیدی کەسەکان، دوای ئەوە ئازادن، کام ڕێگایە دەگرنە بەر"،(سەلمان، چاوپێکەوتن،٢٠٢١).

**کارەکتەرە سەرەکییەکانی نێو ڕۆمانەکە ئەمانەن:**

**ئادەم :**

یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی نێو ئەم ڕۆمانە، ناونیشانی ڕۆمانەکەش، هەر بەناوی ئەم کارەکتەرەوە ناونراوە، سەبارەت بە پاڵەوانبوونی ئەم کارەکتەرە سەرەکییە (ئارام کۆشکی)، دەڵێت: "نووسەر مەبەستێتی لەبەر پێشاندانی قووڵایی تراژیدیا گەمەیەک لەگەڵ خوێنەر بکات، گەمەی ئەوەی وابزانێت لە ڕۆمانەکەدا پاڵەوانێک هەیە، بەڵام لەدوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە خوێنەر هەست بەوەبکات لەسەردەمی تراژیدیا هەمووان قوربانین و کەس پاڵەوان نییە"، (کۆشکی،١٩،٢٠٢٠). بۆیە ئەم کارەکتەرە سەرەکییە، کەمترسیفەتی پاڵەوانی تێدایە.

(ئادەم/وەستا) لە سەرەتای ژیانیدا، لە ڕووی ئابورییەوە لە خێزانێکی ئاست ناوەندداییە، بە مەبەستی خوێندن، ڕوودەکاتە بەغدادی پایتەخت، بەڵام لەوێ درێژە بە خوێندن نادات، ناشتوانێت، ئەم ڕاستییە بۆ خێزانەکەی ئاشکرابکات، چونکە لەکاردانەوەی خێزانەکە دەترسێت، لە بەغداد لە جیاتی خوێندنی زانکۆ، تەواوی کاتەکانی، خەریکی قومار و کاری لەشکرِین، دەبێت لەگەڵ ئافرەتانی لەشفرۆشدا، ئەمەش بە ناسنامەیەکی خوێندکاری، کە بە پارە دروستیکردووە، بۆ ئەوەی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیرنەکرێت، دوای لەدەستدانی باوک و دایک و خاڵۆی و هەڵوەشانەوەی خێزانەکەی، ڕوودەکاتە گوند و لەسەر زەوییەکانی خاڵۆی، کە بۆی بە جێهێشتووە، خانوویەک دروست دەکات، ئەمە دەبێتە سەرەتای وەرچەرخان لە ژیانیدا، وەک خۆی دەڵێت: **"لێرە بەردەوام بین، بەردەوامبوون هەر لێرەیە، لەم هەنگاوی تەنیاییە، بێ چۆڵەوانی، کەس ناتوانێ بگاتەوە بەخۆی، من ئا لێرەیا گەیشتمەوە بە خۆم، پارچەکانی ژیانم، دیسان بەدەم یەکەوە درووییەوە، ژیان لە ناو خەڵکا گەڕەلاوژەیە، کە چوویتەوە ناویان، ڕادێیت، ئەمە وەک قومار وایە و دەرچوون قورسە لێی، ژیانێکە، پڕ هوروژمە"**، (سەلمان،٣٧٢،٢٠١٨)، (ئادەم) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، هۆکاری گەڕانەوەی بۆ خود تەنیایی، و دەرچوونە لە هوروژم، هەر وەک لە ڕۆمانەکەدا ڕوون دەکرێتەوە هوروژم واتە هەر قسەی خەڵکی دەجویتەوە بە بێ تێگەیشتن، هەر دەگەڕێیت و جوانی نادۆزیتەوە، بۆنی هیچ، جۆرە خۆشەویستییەک ناکەیت، چونکە لە نێو جەنجاڵی کۆمەڵ ون دەبی، (ئادەم) ڕوودەکاتە تەنیایی لە پێناو بەدەست هێناوەی خود، چونکە مرۆڤ تەنیا لەنێو تەنیایی خۆیدا دەتوانێت بەشێوەیەکی نیمچەیی، خۆی بدۆزێتەوە، تەنیابوونیشی وایکردووە، لە قومار و تەزویر و لەشکرییەوە، بە ئاراستەی تێرامان لە بوون و خود و ژیان ڕێڕەوی بگۆڕێت، پاشانیش تێکەڵ بە ئیشقێکی جوان ببێت.

(ئادەم) لەم قۆناغی تەنیاییەدا بە جۆرێک بیری دەگۆڕێت، دەگاتە ئەو ئاستەی، کە لە ژیانێکی بێ بەرنامەو لادەری کۆمەڵایەتی وهەرەمەکییەوە، ئامانجێک بۆ ژیانی دیاریبکات و لە پێناویدا بژی و

قوربانی بدات، چونکە  بەلایەوە **"ژیان یەعنی هەبوونی ئامانجێک، خولیایەک، ئیتر جۆری ئەو ئامانج و خولیایە چییە، هەر جێی پرسیار نییە، تەنانەت جێی بایەخیش نییە کەسێک بە ئامانجی بگات یان نا، هەر هەوڵدانەکەی تێی ئەگەیەنێت، کە هێشتا ئەژی، ئەوەش بزانە، کاک مەردۆخ، تەنیا مردن ئەو ڕێگرەیە بەرامبەر بە گەیشتن بەو ئامانجەو  سڕینەوەی  بە تەواوی، دەنا کە ئامانجت لە بەرچاو گرت، ئەمڕۆ نا سبەی هەر پێی ئەگەی، گریمان پێشی نەگەیشتی، خۆدرکت پێکرد، ئەمەش وات لێ ئەکات، هەرهیچ نەبێ بەگەوجی نەمری"**، (سەلمان ٢٠١٥،٢٤٩)، (ئادەم) پێماندەڵێت، مرۆڤ کاتێک زیندووە و ئەزموون دەکات، کە ئامانج و خەون و خەیاڵی هەبێت، جا ئەم ئامانجە، هەر چی و هەرجۆرێک بێت، گرنگ نییە، گرنگ بوونی ئامانج و خەونە، گەر مرۆڤ ئامانجی نەبوو، تەنیا هەناسە دەدات، ئەوەی، کە زۆر گرنگە، ئەوەیە، کە ئامانج و واتای ژیان شتێکی گشتی نین، بەڵکو هەر تاکێک دەبێت واتاو ئامانجی ژیانی خۆی لەساتە جیاوازەکاندا بدۆزێتەوە، کەسێک کە ماهیەتی و چیبوونی ژیانی بزانێت، لەگەڵ هەموو دۆخێکدا هەڵدەکات، چونکە "ئەوەی خەیاڵ و خەونی هەبێ ناتوانێ بەتەواوی ئومێد لەدەستبدات، تەنانەت هەرە بێئومێدترینەکان کاتێک بیانەوێت گوزارشت لە دۆخی ڕاستەقینەی خۆیان بکەن ناتوانن بە بێبوونی ئومێد سەرکەوتووانە گوزارشت لەم ڕەوشەی ژیانیان بکەن"، (حەمەعلی، ٢٠١٨،٢٨)، هەر بۆیە (ئادەم) هەمیشە دەیەوێت، ئەو کارەکتەرانەی ڕووددەکەنە کۆشک، لەسەر هەبوونی خەونێک پەروەردەبکات، لە گفتوگۆیەکدا بە(مەردۆخ) دەڵێت:**"دەی بزانە کاکە مەردۆخ، ئەوە هەر ئەسڵی نییە، بێ خەون، کاریش بوونی نییە و ئەگەر هەشبێ، تا بڵێی نارێک و خوار و خێچ دەر ئەچێت! هەر بۆیە لە شەوا بیرکردنەوە و خەون ئەبنە هاوڕێت و ئەتپارێزن"**، (سەلمان، ٢٠١٥، ٢٦٠)، ئەمەش دەمانبات، بۆ ئەو بۆچوونەی (پاسکال) لە بارەی خەونەوە دەربارەی مرۆڤ، کە لە دوو ڕوانگەوە دادوەری دەکات و پێیوایە: "ئەگەر لەپێوەندیی بە ئامانج و خەونەوە دادوەری بکەین، لەوێرا مرۆڤ وەک بوونێکی مەزن و بێهاوتا دەردەکەوێت، یان ئەوەتا وەک زۆرینەی خەڵک دادوەریدەکەن، بۆ نموونە دەربارەی سروشتی ئەسپ ئایا بەباشی ڕادەکات، یان خەسڵەتی باشی هەن؟ لەم شێوە دادوەریکردنەدا مرۆڤ قێزەون و شورەیی ئامێز دەبێت، چونکە لە دادوەری یەکەمدا مرۆڤ کێشەی خۆی لەتەک ئامانجی بوونی خۆیدا بەرجەستە دەکات، ئەمەش گەڕانی مرۆڤ و بیرکردنەوەیە دەربارەی مانای ئەو بوونە، تەنها بەم شکڵە پرسی جەوهەری ئەو دێتە گۆڕێ، ئاوەڕدانەوەی جیدی خەون و مانای بوونی مرۆڤ"، (حەمەعەلی،٢٠٢١،٣٠).

هەر ئەم کارەکتەرە پێماندەڵێت خەون لەیەک کاتدا، هەم بێدەنگی و هەم هاواریشی هەڵگرتووە، واتە هاوارێکی بێدەنگی لە ناخدا هەڵگرتووە دەڵێت: **"ئاخرهەرخەون بێدەنگی و هاواری لە ناوەخندا هەڵگرتووە. سیفەتی وێرانەش وەهایە، کە لایەکی ڕابردووی لە خۆیا هەڵگرتووە، بە شوێنەوار ئەچێ کە چی وانییە، چونکوو لایەکی ئێستای هەیە، کە بەردەوامە لە ڕووخاندن"**، (سەلمان،٥٥٦،٢٠١٥)، (ئادەم) پێمان دەڵێت، پێویستە قوربانی لە پێناو خەونەکانماندا بدەین، سەبارەت بە بەراوردکردنی خەون بە وێرانە، لەو ڕوانگەیەوەیە، کە لە ئاستی وێرانەدا مرۆڤ بێدەنگی هەڵدەبژێرێت، ئەم بێدەنگییەش هاوارێکی بێدەنگە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ناتوانێت، گوزارشتی لێبکات، بەڵام وێرانە لەوەدا جیاوازە، کە کاریگەرییەکانی لەسەر دەروونی مرۆڤ بەردەوام دەبێت.

ئەوەی گرنگە، لە بارەی ئەم کارەکتەرەوە ئەوەیە، ماڵەکەی (ئادەم) دەبێتە وێستگە و پەناگەیەک بۆ هەموو ئەو مرۆڤانەی، لە توندوتیژی هەڵهاتوون و وێڵی دۆزینەوەی خود و گەڕانەوەن بۆ ناو ناخی خۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، (ئادەم) پێیوایە، ئەو دەنگەی لە ناخیدایە، پێنەگەیشتن پێی باشترە، چونکە مرۆڤ بەردەوام دەنگێک لە ناخیدایە و وەک ئاژەڵێک، کە ڕاوچی ڕاوی بنێت، ڕادەکات، ئەمیش ئەم دەنگەڕاوی دەنێت و نایەڵێت، ئۆقرە بگرێت، ئەم گەڕانە بەردەوامەش دەبێتە سەرچاوەی دۆزینەوە و داهێنانەکان، دەڵێت:**"...باشترە کەس ئەو ئاژەڵەی ناخی نەدۆزێتەوە، کە دۆزییەوە، واز لە هەمووشت ئەهێنێ کە توشی ئەم دۆخەش بوو، بوونی خۆی ئەسڕێتەوە، دۆزینەوە بەڵایە، کاک مەردۆخ، بڕوات هەبێت وەک ئەو خەڵاتە گەورانە وایە، کە بە نووسەرەکان ئەدرێ، تاکو کپیان بکەن و بیانکوژن، خەڵاتکردن بەشێکە لە کوشتنی کەسێکی داهێنەر، لە بەرئەوە باشترە هیچ نەدۆزییەوە و هەر بگەڕێی، "**،(سەلمان،٢١٠،٢٠١٥)، نووسەر پێیوایە گەڕانەوە بۆ ناو ناخ و درککردن بەو دەنگەی، ناخو ڕوحی داهێنەرانەی مرۆڤ دەکوژێت و چیتر مرۆڤێکی گەڕیدە نابێت، ئەگەر چی مەرج نییە، هەموو گەڕانێکیش بۆ ئەم دەنگە، داهێنانی لێبکەوێتەوە، لە بارەی پێوەندیی نێوان گەڕان و داهێنان، نووسەر دەڵێت:" دەکرێت لە ڕێگای گەڕان مرۆڤ داهێنان بکات. ئەوە لەسەر خودی کەسەکە وەستاوە، چۆن تەماشای داهێنان دەکات؟ چۆن کاری تێدا دەکات؟ ئامرازی کارکردنەکەی بۆ گەیشتن چییە، بەوەی، وەک خەون لە خەیاڵیدا نیشتۆتەوە و پێویستە بیکاتە بەرهەمێکی داهێنەرانە. دۆزینەوە ترسناکە، چونکە لەبری ئەوەی لە ئامانجەکەت نزیکت بخاتەوە، دوورت دەخاتەوە لێی. جگەلەوەی، کە دەگەڕێیت، واتە بەردەوام لەناو پرۆسەکەیت بۆ دۆزینەوە، بەڵام هێشتا نەتدۆزیوەتەوە"، (سەلمان، چاوپێکەتن،٢٠٢١)، بە واتایەکی دیکە، نووسەر

پێمان دەڵێت، چێژو بەردەوامی ژیان لە گەڕاندایە، نەک دۆزینەوە، چونکە، کە دۆزیتەوە، واتە گەڕان و کۆشش کۆتایی دێت.

(ئادەم) وەک کارەکتەرێکی ڕۆشنبیر، ڕۆڵی گرنگیی هەیە، لە پەروەردەی هزری ئەو کارەکتەرانەی کە بە برینداری و خەمە جیاوازەکانی ژیانەوە ڕوو دەکەنە ماڵەکەی، لە میانەی گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ (مەردۆخ)، کاتێک پرسیاری دەربارەی گەیشتن بە ڕاستی و حەقیقەتی لێدەکات لە وەڵامی (مەردۆخ)دا دەڵێت:"**... دونیا پڕێتی لە هەزاران ڕاستی و هەزاران درۆ! یەک بازنەیەکی بێهودەشە هەموو دونیا بەدەوریا ئەخولێتەوە. ئەمەت بیرنەچێت. چونکوو ئەو ڕاستیانە هیچیشی ڕاستیی ڕاستی نین، کە دۆزیتەوە، لە ڕاستیبوون تێئەپەڕێت و واتایەکی دیکە وەردەگرێت،... ڕاستی بوونی نییە، درۆش مەرج نییە درۆبێت، شتێک هەیە کە خۆمان ناومان ناوە ڕاستی، دەنا سانایی گەیشتن بە هەقیقەت، لەوەیە کە هەرکەسێک وا ئەزانێت خۆی هەڵەیە تاکوو بەدوایا بگەڕێ، ناوەرۆکی واتاش هەر لە نێو دەقەکانی ئەو هەقیقەتانە خۆی مەڵاس داوە**" ،(سەلمان،٢٠١٥،٢١٠)"، نووسەر لەسەر زاری (ئادەم)ەوە، ئەوە دەخاتەڕوو، هەر کەسەو جۆرێک ڕاستی لەلایە، ڕۆماننووس دەیەوێت، ڕاستیی ڕەها بخاتە بەردەم ترازان، مرۆڤ لە کۆتی داخراویی و دۆگمایی ڕزگاربکات، بیخاتە بەردەم ئاوااڵیی و بەرینیی بوونەوە، چونکە باوەڕبوون بە یەک ڕاستی و بینینی، وەک دوا ڕاستی، مرۆڤ دادەبڕێت، لە هەبوونی دنیابینییەکی فرەڕەهەند، عەقڵی مرۆڤ لە ئاست درککردن بە فراوانیی بوون و ڕەنگاوڕەنگی ژیان دادەخات، چونکە "ڕاستی لە جەوهەر و پوختەدا هەمیشە و لە هەمووشوێنێکدا بریتییە لە گونجان، بەیەکەوە گونجانی بوونەوەران لە نێو خۆیاندا و وەک داهێنراو لەگەڵ داهێنەرەکەیاندا"، (عزیز، ٢٠٠٦،١٣٤)، کەواتە ئەوەی ئێمە بەڕاستی دەبینین ڕێکەوتنی نێوان چەند کەسێکە، یان گرووپێکە لە خەڵک، بە واتایەکی دیکە "جەوهەری ڕاستی تاکانە و ڕەهایە و ئەویش پێناسە نەکراوە"،(کەمال، ٢٠٢١،١٩١) هەربۆیە پێناسەکردنی، بەپێی گروپ و کۆمەڵگە دەگۆڕێت. بەواتایەکی دیکە، ڕۆماننووس پێیوایە،"ڕاستی هەرکەسێک لەگەڵ کەسێکی دیکەدا یەک نین، ڕاستییەک هەیە، کە فیکر پێشنیاری دەکات، تەنانەت ئەوەش مەرج نییە، ڕاستیی هەموو مرۆڤەکان بێت. لەبەرئەوە بە دۆزینەوەشی، هەر ناکاتە ئەوەی، گەیشتووین بە ڕاستی، چونکە بەری ڕاستی زۆر دوور و ئاڵۆزە، مرۆڤ هەمیشە دەگەڕێت بەدوای ڕاستیی ڕاستییەکاندا. ئایا کەس دۆزیویەتەوە؟ یان ئەوە گەیشتنە بە جۆرێک لە ڕاستی، کە هەمان ئەوە نییە، کە لەلای هەموو کەسێکە. ڕاستیی کەسێکی ئیماندار، وەک کەسێکی بێ ئیمان نییە!، هی هەژارێک، وەک هی دەوڵەمەندێک نییە...هتد"(سەلمان، چاوپێکەتن،٢٠٢١).

هەر لە درێژەی گفتوگۆکاندا، دەربارەی ڕاستی شتەکاندا (ئادەم)بە (مەردۆخ) دەڵێت: "**زۆر بڕوا بەچاوت مەکە، کاک مەردۆخ، دونیا هەمووی بریتییە لەتۆپێکی ئاویی خڕی هەڵخەڵەتێنەر، تەماشای هەر لایەکی و دیوێکی بکەی، جۆرە ڕاستییەکت بۆ ئاشکرا ئەبێت، لە هەمووشی سەرنجڕاکێشتر، وەک وتم، ئەوەی بە ڕۆژ ئەیبینیت، هەمان ئەوە نییە کە بەشەو ئەیبینیت، حەزم بە ئامۆژگاری نییە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە وەها لە من گەیشتووی، پێم خۆشە هیچت بۆ ئاسان نەکەمەوە و خۆت بەدوایا بچی..**"،(سەلمان٢٠١٥،٢٥٩)، (ئادەم) پێیوایە، کە ڕاستی فرەڕەهەندە، لەهەر گۆشەنیگایەکەوە سەیری بکەیت، بەجۆرێک شتەکان دەبینیت، ئەم سەیرکردنەش بە پێی تێڕوانینی کەسەکان دەگۆڕێت، جگەلەوەی پێمان دەڵێت، دونیا بۆخۆی خەڵەتێنەرە، بۆیە هەرگیز بڕوا بە چاوت مەکە، چونکە هەندێجار مرۆڤ ڕاستییەکان لە میانەی بەرژەوەندی و شتەباوەکانی دەوروبەری دەبینێت، ئەگەر هاتوو ئەو ڕاستییە، لەگەڵ بەرژەوەندی و شتە باو و کۆمەڵایەتییەکاندا یەکبگرێتەوە، ئەوا سەختە، دان بە ڕاستییەکی جیاوازدا بنێت، جگە لەوەی ڕاستی شتێک نییە، تەنها گریمانەیەکە مرۆڤ مەزەندەی دەکات، بۆ ئەوەی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیاندا پەنای بۆ ببات، ڕاستیی ڕەهاش بوونی نییە، چونکە مرۆڤ پێویستیی بە ڕاستیی ڕێژییە، کە لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی ڕۆژانەدا سودی لێوەبگرێت.

یەکێکی دیکە لەو چەمکانەی، کە (ئادەم) لەگەڵ میوانانی کۆشکەکەیدا تاوتوێی دەکات، تاریکی ناخی مرۆڤەکانە، ئەگەرچی لە کۆی ڕۆمانەکەدا، (ئادەم) جەخت لەسەر گرنگیی تاریکی و ڕەنگی ڕەش لەبواری تێڕاماندا دەکاتەوە، بەڵام ئەو تاریکییە، تا ئەو ئاستە گرنگە، نەگاتە ناخی مرۆڤ، کە گەیشت، ئیتر مرۆڤ هەموو شتەکانی تر بە تاریکی دەبینێت، کاتێک (مەردۆخ) دەربارەی تاریکیی دەرەوە پرسیار لە (ئادەم) دەکات، لە وەڵامدا دەڵێت: "**کاک مەردۆخ، بڕوات هەبێ تەنها لە تاریکی خۆم ئەترسم، لە تاریکی ناخم، کە ڕۆژێک یەخەم بگرێ و بمدا بە عەرددا و لە بنم بهێنێ، تاریکی دەرەوە چییە؟ ئەوە سەرپێییە، کە دێت هەر ئەشڕوات، تاریکیی ناو خۆت کە هات، دەست لە خۆت بشۆرە**"، (سەلمان، ٢٠١٥،٢٥٩)، (ئادەم) پێماندەڵێت، هەموو دۆخە تاریک و ئاڵۆزەکاندا، گەر لەدەرەوەی مرۆڤدا بوو، تێدەپەڕێت، بەڵام گەر گەیشتە ناخی مرۆڤ، چیتر تۆ خاوەن ڕەهەند و ڕەفتار و هزری مرۆڤایەتی نیت، چونکە، کە تاریکی گەیشتە ناخ، ئەوا فشارێکی گەورە دەخاتە سەر مرۆڤ، بەهۆی فاکتەری دەرەکییەوە، "مرۆڤ بوونیش لەوەدایە، کە نەهێڵیت ئەو فشارەی ناوەوە کەرتت بکات، چونکە تاکە هیوا بمێنێتەوە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤەکەی ناخمان ئەوەیە کە نەهێڵین فشارەکان بمانبەن"، (عەلی،٢٠٢١،٣٢٨)، واتە ئەوەی، ئەم کارەکتەر دەیخاتەڕوو، ئەوەیە کە

نەهێڵین هیچ فاکتەرێکی دەرەکی ببێتەهۆی تاریکبوونی ناخمان، چونکە تاریکیی نێو ناخ تاکە شێوەی تاریکییە، کە بەئاسانی ناتوانرێت، ڕووناک بکرێتەوە، تاریکیی دەرەوە، هەمیشە درزێکی تێدایە، جۆرە تیشکێک دەتوانێت، دزەبکاتە ناوی، بەڵام تاریکیی نێو ناخ، هیچ تیشکێک ناتوانێت، دزەبکاتە ناوی و ڕووناکی بکاتەوە.

لە گفتوگۆیەکی دیکەدا، ئاماژە بەوە دەکات، کە مرۆڤ هەموو کێشەکان لە ناخی خۆیدایە دەڵێت:"**هیچ کێشەیەک لە دەرەوەی ئێمە بوونی نییە، کاک مەردۆخ، دڵنیابە لەوە، ئەوانەی لەدەرەوەی ئێمەن، درەنگ یان زوو هەر چارەسەر ئەکرێن. گریمان نەشکرێن، هەر ناکەنە ئەو کێشەیەی لە ناوەوەی خۆمانە، ئەمەیان تەنها دەستی خۆمانی پێی ئەگات، کەسی تر دەستی ناگاتێ، واش ئەزانی کە دەستی خۆت لێی نزیکە، دەی من پێت ئەڵێم وانییە، بەداخەوە، چونکە خۆت دەستی بۆ نابەی، کە هەموو شتێک لە ناوەوەی خۆمان پەیا ئەبێت، هیچ کەسێک ئەوەندەی خۆمان لە ناوەوە جەنجاڵ نییە، کەس لە خۆمان زێتر ئەو گڤە بایەی ناخمان نابیستێ و هیچمان بۆ ناکرێ لەگەڵی"**، (سەلمان،٢٠١٥،١٦٧)، ئەم کارەکتەرە پێماندەڵێت، مرۆڤ بەشێکی زۆری گرفتەکانی لە ناوەوەی خۆیدایە، بۆیە"کەسی زرنگ و هۆشیار لە یەکەم هەنگاویدا بۆ گەوهەر و بوونی خۆی لە نێو خۆیدا دەگەڕێت، نەک گەڕان بە ناو جیهانێکی دیکەدا لەدەرەوە، بەلایەنی کەمەوە با فەلسەفەکەت گەڕان بێت، بە ناو ناخی خۆتدا، بەرلەوەی، خەون بەوەوە ببینیت، کە بە هەموو دونیادا بگەڕێیت"،(ئۆشۆ،٢٠١٨،٦٥)، چونکە، گەر گرفتەکانی ناوەوەی خۆمان بینی و چارەسەرمانکرد، بێگومان ئەمەش لەڕێگەی پشکنینی ناخماندا، ئەوا هەموو گرفتەکانی دەرەوە ڕاگوزەرە و تێدەپەڕێت، ئەمە جگە لەوەی، ئەم کارەکتەرە پێماندەڵێت، زۆری کێشەکان لە ئەنجامی ئەو دابەشبوونە ناوەکییەدایە، کە لە ناو ناخی مرۆڤدا ڕوودەدەن و گرفتەکانی دەرەوەش ڕەنگدانەوەی ئەم گرفتە ناوەکییەیە، بۆیە دەڵێت: "**...کێشە لەوەیە، ئەگەر وریا نەبین، ئەمە ئەبێتە بەڵا بەسەرماندا، چونکوو کە تۆ بوویتە دوو بەشەوە، نازانی کامەیان بەشە ڕاستەکەتە و کامیان درۆیە، لەوانەیە بەشە درۆکە بەسەرتا زاڵ بێت، چەواشەت بکات، سەرت لێ بشوێنێ و وات تێبگەیەنێت، کە ئەو ڕاستەکەیە، بەمەش زەحمەتە خۆت بدۆزیەوە"**. (سەلمان،٢٠١٥،٢٨٠)، زۆرجار گرفتی ئەم دابەشبوونە ئەوەیە، مرۆڤ بە جۆرێک چەواشە دەکات، نەزانێت، کامیان ڕاستەو کامیان هەڵەیە، ئەمەش وادەکات، بڵێین"شەڕی گەورەی ناخەکییانەی مرۆڤ لەو دابەشبوون و کەرتبوونەدایە، کە دژیەکییەکانی خۆی پێکیدەهێنن، بەشێوەیەک ئەشێت شەڕی لە بەرانبەر دونیادا،

له بەرانبەر جەمسەرە ناکۆک و دژەکانی خۆیدا پیادەکردن و گواستنەوەی ئەو شەڕ و نە کلۆکییە ناوەکییەکانەی خۆی بێت"، (حەمەعەلی،٢٠١٢،٧).

یەکێکی دیکە لەو چەمکانەی، کە (ئادەم) ئاماژەی پێدەدات، بەختەوەری و خۆشبەختییە لە ژیانی مرۆڤدا، بێگومان، ئەمەش بەپێی تێڕوانین و هزری مرۆڤەکان بۆ ژیان دەگۆڕێت و هەرکەسەو لە شتێکدا بەختەوەری دەبینێتەوە، لە تێڕوانینی ئەم کارەکتەرەدا، بەختەوەری هەربوونی نییە، ئەمەش دژ وەستانەوەیە لەگەڵ هەڵپەی زۆرینەی مرۆڤەکاندا، هەر لەسەرەتای ژیانەوە، تا هەنوکە، لەپێناو دەستەبەرکردنی بەختەوەرییە، بەختەوەری بە هەموو واتا و ڕەهەندە جیاوازەکانییەوە، بە پێی بیر و هزر و جیاوازی کەلتوری مرۆڤەکان دەگۆڕێت، (ئادەم) بە (سەکینە) دەڵێت:**"بەختەوەری هەر بوونی نییە، سەکینە، ئەوەی منیش بۆ تۆی پێشنیار ئەکەم، مافی بەوەوەنییە، ئێمە هەردووکمان کەسانێکی زامدارین، با جۆری زامەکانیشمان وەک یەک نەبێت و هەمان سەرچاوەیان نەبێت، من بە شێوەیەکی دیکە پێشنیاری ژیانت بۆ دەکەم، با بڵێین ڕوویەکی ژیان، نەک هەموو ڕووەکانی، ئەکرێ پڕی نەهامەتی و ناتێگەیشتن بێت لەیەک، ئەشکرێ پڕ ساتی ئارامی بێت، بەڵام نە تۆ و نە خۆشم، بە بەختەوەری چەواشە ناکەم، ئەمە درۆی گەوجەکانە، نەخۆشی ساویلکەکانە.... هەر مانای ژیان خۆی، یەعنی وەیەکدادان لەگەڵ ناخۆشی، کە ئەمەمان قبوڵ کرد، ئەوسا سەرفراز ئەبین و تا ڕادەیەک بە ئاسودەیی، نەک بەختەوەری، ئەتوانین ڕەوتی ژیان بەڕێکەین، مەبەستیشمە بڵێم، بەرێ بکەین، نەک بژین!"**، (سەلمان،٢٠١٥،٣٦٠)، دیارە، ئەم تێڕوانینەی (ئادەم)، دەمانباتەوە بۆ ئەوەی، گەر مرۆڤ لەدایکبوون و مردن و هەندێجار ژیانیشی لەدەستی خۆیدا نەبێت، لێرەوە ژیان نابێتە ئەو پانتاییەی، کە خۆشی و بەختەوەری بەردەوامی تێدا بدۆزێتەوە، بەڵکو سەر زەمینێکە، بۆ ئازارو نەهامەتییە بەردەوامەکان، هەر بۆیە هەر بیرکردنەوەیەکیش لە بەختەوەری، جۆرێک دەبێت لە خۆ فریودان، تەنانەت (ئادەم)زێتر لەمەش دەڵێت، ئەو مرۆڤانەی، کە پێیانوایە، بەختەوەری هەیە، لە ڕووی هزرییەوە ساویلکەن، خۆیان خەڵەتاندووە، چونکە ئەم بۆچوونە، لە ناهۆشمەندییەوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەرئەوەی"نیگەران و غەمی هەمیشەیی مرۆڤ لە ئاست بوونی خۆیدا سەرچاوەی نابەختەوەرییەکانی ئەوە، یا هەر خودی نابەختەوەرین، هەموو ئەمەش بە توندی گرێدراوی هۆشمەندی مرۆڤە، پاسکال لەو بارەیەوە دەنوسێت: تەنها بوونێکی ئاگامەند دەتوانێت نابەختەوەربێ، لەوانەیە بەختەوەری پێکهاتبێت لە درکنەکردن و نا هۆشمەندی مرۆڤ لە ئاست نابەختەوەری و ئازاردا، یاخود ڕوونتر، بەختەوەری خۆقوتارکردنی مرۆڤە لە لەکۆڵگرتنی غەم و

نییگەرانییە بونگەراییەکانی خۆیی"، (حەمەعەلی،٢٠٢١،٤٤)، بۆیە (ئادەم) پێیوایە، بەختەوەری هەربوونی نییە، بەختەوەری خۆگێلکردنە لە ئاستی پرسیار و گرفتە جەوهەرییەکانی مرۆڤدا.

خۆشەویستی دیاردەیەکی گرنگیی ناو ژیانی کۆمەڵایەتییە، بۆ پێکەوەیی و ئاسودەیی مرۆڤەکان بناغەیە، خۆشەویستی پانتاییەکی فراوانی لەم ڕۆمانەدا داگیرکردووە، نووسەر پێیوایە، هەموو کارەساتەکان لە ئامادەنەبوونی خۆشەویستیدا ڕوودەدەن، هەرکاتێک خۆشەویستی بە واتا فراوانەکەی بوونی هەبوو، چیتر کوشتار بەردەوام نابێت، لەم نێوەندەشدا خۆشەویستیی نێوان (نێر و مێ) یەکێکە لەو فاکتەرانەی، کە بووە بە هۆی گەڕیدەی ئەم کارەکتەرە و وەرچەرخانی لە ژیانیدا دروست کردووە، بەوەی خۆشەویستیی ئەم کارەکتەرە بۆ (سەکینە)، بووە بە هۆی گۆڕانکاری لە ژیانیدا، تەنانەت جێهێشتنی ماڵەکەیشی بۆ ژنەکان، هەر بەم هۆکارەوەیە، ئەمەش لەوەڵامێکی بۆ (مەردۆخ)دا دەردەکەوێت، دەڵێت:**"کە بەڕێزت باسی خۆشەویستیت کرد، بەشێکی ئەم هاتنەت بۆ ئێرە پەیوەندیی بەوەوە هەبووە، وانییە؟**

**بەڵێ، ئەمەشت لێ ناشارمەوە، ئەمە نەک پەیوەندیی پێوە هەیە، بگرە ئەوە دڵی مەسەلەکەیە....، پاش خۆکوشتنی خاڵم گەورەترین خۆشەویستی فێربووم. لەو شتە سادەیە تێگەیشتم، کە ئەکرێت کەسێکت خۆش بوێت، بێ ئەوەی موڵکی تۆ بێت یا تۆ موڵکی ئەو بیت، ئەشکرێ کۆمەڵێ کەسمان خۆش بوێت، لەبەرئەوەی بەهای شتێک، واتایەکی گەورە کۆمان ئەکاتەوە، ڕەنگە ژیانی ئێرۆکانە ئەم لایەت بۆ ڕوون بکاتەوە، هەندێجار درەنگ ئەگەینە ئەو قەناعەتە، لەوانەیە هەرگیز ئەو ئیشقەمان ڕووناکی نەبینێت، کەچی هەر بەردەوام ئەبێت..."**،(سەلمان،٢٠١٥،٢٠٢،٢٠١)، نووسەر پێیوایە، خۆشەویستی ڕێگایەکە، بۆ گەڕیدەی و خۆدۆزینەوە و دووبارە داهێنانەوە، بە واتایەکی دیکە"ئاماژە بە گرنگیی چەمکی خۆشەویستی، دەکات، ئەگەر دونیای خۆشەویستی حکوم بکات، هەموو شتێک بەرەو باشتر دەڕوات، لێرەشدا تەنها خۆشەویستیی نێوان ژن و پیاو مەبەست نییە، بەڵکو هەموو جۆرە خۆشەویستییەک"، (سەلمان، چاوپێکەتن،٢٠٢١).

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم ڕۆمانەدا، (ئادەم) دەیەوێت، بەتێڕوانینێکی جیاوازەوە لەم چەمکە بڕوانێت، ئەویش پاراستنی تایبەتمەندی و جیاوازیی هەر دووجەمسەرەکەیە لەم پێوەندییەدا، چونکە زۆر، جار بوون لە پێوەندیی خۆشەویستیدا، دەکەوێتە بەر هەڕەشەی ناڕەسەنێتی، چونکە ئەم جۆرە پێوەندییە تەقلیدی و ئایدیالییەی کەی هەیە، جەمسەرەکان لەپێوەندیی خۆشەویستیدا یەکێکیان دەیەوێت، ئەوی تریان لە بوونی خۆی دابڕێت، "وردە وردە ئەم پێوەندییە خۆشەویستییەی، کە لەسەر بنەمای ئارەزوویەکی سەربەستانە بنیاتنراوە، دەچێتە قۆناغی ململانێی

بوونەکانەوە، ململانێی نێوان خودی من و خودی ئەو، بەوە کۆتایی دێت، یان لە ناو خۆشەویستییەکەمدا فەنادەبم، یان ئەو لە ناو مندا فەنا دەبێت، فەنابوونی هەر کامێکیشمان، بە فەنابوونی خۆشەویستی کۆتایی دێت، چونکە چیدی عاشق و مەعشوق بونیان نامێنێت، بەڵکو تەنیا یەک عاشق هەیە، یان یەک مەعشوق"،(الحفنی،١٩٦٧،١٠٤)، بۆیە (ئادەم) لە پێناوی فەنا نەبوونی ئەم ئیشقە و بەردەوامبوونی هەریەکەیان بە بوونی ڕەسەن و تایبەتمەندیی جیاوازی خۆیانەوە، بڕیاری ڕۆشتن دەدات و ئیشقەکەیان بەردەوام دەبێت، بە بێ ئەوەی هیچ کامیان موڵکی ئەویتریان بێت، بۆیە دەڕوات:**"... زانیی هەر ئەم شەوە پێکەوەن، بەیانی، لەگەڵ ڕۆژبوونەوەدا، ئەم خەونە کورتەی لەگەڵ سەکینە کۆتایی دێت، بەیانییەکەی ئێرە جێ دەهێڵێت، بەتەواوی دەسەڵاتی خۆی ئەم شوێنەی خۆی دروستیکرد و دیداری تاقە خۆشەویستییەکی لێناسی دەبێتە شوێنی سەکینە و ئەو ژنانە، دەبێت بە ماڵی تەنیایی ئەو ژنانە، وەستا بەرەبەیان هەڵسا،... تورگەکەی لەشان و ملیدا تووندکرد، پێش هەڵسانی ژنەکان، بەهەمان جلەکانی دوێنێ سەر شینایی، ماڵەکەی خۆی بۆ ئەوان بەجێهێشت"**،(سەلمان،٢٠١٥،٣٨١)، ئەم کارەکتەرە پێماندەڵێت، وابەستەیی ئەوانی تر وتوانەوە تێیاندا خۆشەویستی لە ناو دەبات، تازێتر خاوەنی خودی خۆت بیت بە هەموو جیاوازییەکانەوە، قووڵتر دەرک بە خۆشەویستی دەکەیت. بەختەوەری لەو کاتەوە دەست پێدەکات، کە مرۆڤ ئازاد بێت، لە وابەستەبوون لە ڕووی جەستەییەوە، بۆیە لە پێناو پاراستنی تایبەتمەندی و جیاوازی هەریەکەیان و بەردەوامبوونی ئیشقێک، کە هەر یەکەیان خاوەن بوونی خۆیان بن، بڕیاری ڕۆشتن دەدات و ماڵەکەی بۆ ژنەکان بەجێدەهێڵێت، جگەلەوەی، تیشک دەخاتەسەر ئەوەی، دەشێت بەها و جوانی و کۆمەڵێک چەمک ببنە هۆی دروستبوونی خۆشەویستیی نێوان کۆمەڵێک مرۆڤ، وەک ئەوەی لە نێو کۆشکدا دەبینرێت.

یەکێکی دیکە لەو چەمکانەی، کە لای (ئادەم) جێگەی بایەخە، (ئەزموون)ە، جگەلەوەی، بە درێژایی دەقەکە جەخت لەسەر گرنگیی ئەزموون دەکاتەوە، لێرەشدا لەسەرووی خوێندنەوەوە دایدەنێت، پێیوایە، مەرج نییە، ئەو کەسانەی بۆ ژیان، خاوەنی تێڕوانینێکی قووڵن کەسانی خوێندەواربن، چونکە خوێندن مرۆڤ تێکەڵ بە کاری بەکۆمەڵ دەکات، مرۆڤیش لە ناوکاری بەکۆمەڵ، دەبێتە کەسێک کەمتر بواری تێڕامانی هەبێت، (ئادەم) دەڵێت:**"خوێندن فێری شتێکمان ئەکات، کتێب زۆر شتمان فێر ئەکات و ژیانیش هەموو شتێکمان فێر ئەکات. ئەوەی لە دەرگا ژەنگاوییەکانی قومارەوە فێری بووم، دەرگای خوێندن نەیتوانی ئەو لایەم بۆ تێر بکات، وەکوو کەسێک، کەخۆم پێویستم پێیبوو. خوێندن بۆ ئەو کەسانەیە کە کاری کۆمەڵ بەڕێوە ئەبەن، بیرکردنەوەی قووڵیش کاری ئەو**

**کەسانەیە، کە بەشداری لە لێکدانەوەی دونیا ئەکەن"،** (سەلمان،٥٠٩،٢٠١٥). ئەم تێڕوانینەی (ئادەم)، جۆرێکە لە ڕەشبینیین بەرامبەر بە خوێندن، پێیوایە، بە گشتی خوێندن کەسێکی قوولبین، بەرهەم ناهێنێت، کە خاوەن پرسیاری جدی بێت، چونکە"زۆرینەی ئەو میتۆدانەی لە زانکۆکاندا سودی لێوەردەگیرێت، ئەو میتۆدانەن، کە تێگەیشتنی قووڵ و ڕەخنەیی لە میتۆدەکاندا نابینرێت"، (عوسمان،١٢٢،٢٠١٨)، هاوکات، مامەڵەی زانستخوازانەش، ڕێگری کردووە، لەوەی توێژەر، لەگەڵ ڕۆحی نووسیندا لەپێوەندییدا بێت، لەم نێوەندەدا پرسیار و گومانی بنەڕەتی داناهێنرێت، لەکاتێکدا دەبوو، گومان و پرسیاری بنەڕەتی بەجێبهێڵێت، مرۆڤ لە خوێندندا، تەنیا لە یەک بواردا، شارەزا دەبێت، بەڵام لە ئەنجامی ئەزموونی ژیانەوە، ڕەنگە شارەزایی چەند بوارێک ببێت، جگەلەوەی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە زۆرجار کاری خراپیش بۆ مرۆڤ دەبێتە ئەزموونێک.

**مەردۆخ:**

یەکێکی دیکەیە لە کارەکتەرە سەرەکی و گەڕیدەکانی نێو ئەم ڕۆمانە، کە هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە، گەشتی ژیانی، لە پێناوی خۆدۆزینەوە و خۆبنیاتنانەوە و پاشانیش گەڕیدەی ئیشق دەستپێدەکات، کاتێک ناتوانێت لە نێو ژینگەیەکی خوێناویدا، بەهۆکاری جەنگ و دینەوە، ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە، چونکە، نە جەنگ ئارامی و نە دین وەڵامی پرسیارەکانی پێدەبەخشێت، جگەلەوەی، دین بە ناڕاستەوخۆ لە جەنگەکەدا بەشدارە، بەوەی هەندێجار بەشداری کردنی لەجەنگدا بۆخەڵکی دەکردە ئەرکێکی دینی، بۆیە (مەردۆخ) بڕیاردەدات، دایکی جێبهێڵێت و سەفەری گەڕیدەیی دەستپێدەکات:"**... ویستی لەبری ئەوەی لە ئاسمانی زیکری ئەو خەڵکەی ئەوێ بسوڕێتەوە، بگاتە ئەو دیوی دونیا و بە چاوی خۆی ببینێت چیی لێیە، کە ئەو ڕۆژەهاتە پێشی، سڵی نەکردەوە، هەر پاشنیوەڕۆکەی لە باوڵێکی چەرمدا کورتەک و شەڕواڵێکی پاکی دەرکرد لە بەری کرد،... هاتە ژوورەکەی دایکی، بینی هێشتا لەسەر بەرماڵی نوێژەکەیەتی، لێی نزیک بووە، بەدیاریەوە وەستا، تۆزێک بۆنی سمڵەکەی ملی کرد، بەڵام لە تاواندا نەیوێرا سەیری دایکی بکات، چاوەڕیی کرد تا دایکی گەیشتە سوجدە و سەری دانواند، ئەو جا بەسۆزەوە ماچی سەری کرد وماڵەکەی بە جێ هێشت"،** (سەلمان،٣٨٦،٢٠١٥). لێرە بەدواوە، سەفەری ئەم کارەکتەرەو ڕووداوەکانی ژیانی دەست پێدەکەن، ئەمەش لە هزری ئەم کارەکتەرەدا دەبێتە وەرچەرخانێک، بەڵام ئەو ژینگە توندوتیژەی پێشوو، بەردەوام کاریگەریی لەسەر باری دەروونیی بەجێدەهێڵێت.

کێشەی نیشتەجێبوون و مانەوە لە شوێنێکدا، بەهۆی دەروون ئاڵۆزی و ڕاڕاییەوە، کێشەی سەرەکیی ئەم کارەکتەرەیە، بۆیە کاتێک (ژینۆ) باسی کۆشکی پیاوەکانی بۆدەکات و دەڵێت، ئێرە گەر لەم دۆخەدا، زیندانیش بێت سەرتییدا ڕەحەت دەبێت، بەڵام (مەرۆخ)ی گەڕیدە دەڵێت:**"ئێ بەڵکو من نەمەوێت سەرم ڕەحەت بێت، قوربان! پاشان من سەر ڕەحتی خۆم لە گەڕاندا ئەبینم، ئەوە بۆ من ژیانە، من بەوجۆرە ئەژیم، با هەموو کەسێکیش ڕەتی بکاتەوە"**، (سەلمان،٦٢،٢٠١٥)، ئەم دۆخەش بەهۆی لێکەوتەی ئەنفال و جەنگەکانەوەیە، کە بەردەوام ڕاڕایە و لە دۆخێکی دەروونیی ناجێگیردا دەژێت، ئەم کارەکتەرە پێماندەڵێت، تاکی کورد، بەهۆی ئەو کارەساتانەوە، لەڕووی دەروونییەوە بە جۆرێک بریندارە، خۆدۆزینەوەو دەستپێکردنەوە بۆی، ئاسان نییە، جگەلەوەش، وەک کارەکتەرێکی ڕۆشنبیر، پێیوایە، ژیان بۆ خۆی گەشتێکی هەمیشەییە، زێدە جوان و مانابەخشە، جێگایەک بۆ خۆبەستنەوە و جێگیربوونی هەتاهەتایی نییە، ئەم تێڕوانینەش دەبێتە یەکێک لەو هۆکارانەی، کە لەهیچ شوێنێکدا جێگیر نەبێت، دەچێتە هەر شوێنێک، لەوێش جێگیر نابێت، دواتر لەگفتوگۆیەکی لەگەڵ (ئادەم)دا، ئادەم دەڵێت: **"هەرگیز بڕوا نەکەی ئەو جێیە بدۆزینەوە، کە پڕ بە دڵ بە دوایا ئەگەڕێین، بڕوا بەمن بکە، من زۆر گەڕام و هیچم نەدۆزییەوە و گەڕامەوە ئێرە، ڕەنگە هەموو جێیەکی تر بدۆزینەوە، بەڵام ئەوەی ئەمانەوێ نەخێر، هەرگیز نایگەینێ.**

**مەردۆخ: بەپێی ئەو قسانەی جەنابت، ئەوەندە ئەزانم کە هیچ شتێک ئەوەمان بۆ مسۆگەر ناکات، کە ئەو جێیە هەبێت یاخود بیدۆزینەوە"**، (سەلمان،٢٦٧،٢٠١٨)، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت، مرۆڤ کە بە ڕۆح گەڕیدەبوو، هیچ کاتێک ناگات بەو شوێنەی، کە تێیدا ڕۆحی ئارام بێت، چونکە گرفتی ئەم تاکە لە ناخیدایە، نەک لە شوێندا، بۆیە گومان دەکات ئەو شوێنەی ئەم بۆی دەگەڕێت، هەر بوونی هەبێت، بەڵام هەر لە گەڕان بەردەوامیش دەبێت و ناوەستێت و ڕەشبینی چۆکی پێنادات.

یەکەم وێسگەی گەشتەکەی بە خانووی پیاوەکان دەگات، کە لە خەیاڵی ئەودا، وەک کۆشکێک دێتە پێشچاوی و دواتر هەر بە کۆشک ناوی دەبات، ئەوەش لە گفتوگۆیەکی نێوان خۆی و (ژینۆ)دا ڕووندەبێتەوە، کاتێک ژینۆ پێیدەڵێت: **"وتت کۆشک؟"**، بێگومان، بینینی ئەم خانووە بە کۆشک، لە گەرمیانێکی وێرانەی پاش ئەنفالدا، "کۆشک دەکرێت، ڕەمز بێت، ئاماژەیە، بۆ نەتوانەوە لە ڕووداوی هەنوکەدا"، (عوسمان، ١٧٥،٢٠٢١)، کاتێک (مەردۆخ) بۆ پشوو وەرگرتنێک، وەک ڕێبوارێک دێتە ناو ئەم کۆشکەوە، لە سەرەتادا بەر دنیایەکی تەواو جیاواز، لە دنیای دەرەوەی کۆشکدا دەکەوێت، ئەمەش وادەکات، سەرەتا تێگەیشتنی بۆ شتەکانی ناو کۆشک، وەک پێویست نەبێت، بۆیە لە

سەرەتای ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەوە، دنیای ناو (کۆشکە/خانووی پیاوان)، بە درۆ دەبینێت، ئەمەش وادەکات، کە (مەردۆخ) تەواوی بارودۆخی ناو کۆشکی پێ هەزم نەکرێت و دەڵێت: **"ئێوە هەرهەمووتان، بەڕێز، ڕێگەم بدە بڵێم، لە درۆیەکدا دەژین، درۆیەک، کە بەوە دەچێت خۆتان داتان هێنابێت"**،(سەلمان، ٢٠١٥)، بەریەککەوتنی ئەم دوو دونیا پێچەوانەیەی ناوەوەی کۆشک و دەرەوەی کۆشک لەم کارەکتەرەدا وادەکات، لە هەموو شتەکاندا بەگومان بێت، ڕوونکردنەوەی هیچ کام لە کارەکتەرەکانی دیکەی، ناو کۆشک لە گومانی ئەم، کەم ناکاتەوە، گێڕەرەوە دەڵێت:**"قسەکانی ژینۆ شتێکی ئەوتۆی لە گومانی مەردۆخ کەم نەکردەوە"**، (سەلمان،٢٠١٥،٣٥)، بەڵام "ئەمە لە کاتێکدایە، کە هیچی بۆ ئاشکرا نەبووە، هیچی لەلا ڕوون نییە، پاشان وردە وردە لە جیهانی ئەویۆ و لە دیدگای ئەوانەی ناو کۆشک تێدەگات، بەڵام کە دەڕوات، لەبەرئەوەیە، پێویستی بەوەیە، خۆی ئەزموونی شتەکانی ژیانی بکات"،(سەلمان، چاوپێکەتن،٢٠٢١).

سەرەڕای ئەوەش، ئەم کۆشکە گۆڕانکاریی لە دونیابینی ئەم کارەکتەرەدا کرد، بەوەی، کە لێرەدا تێگەیشت، هیچ کاتێک و لە هیچ شوێنێکدا وەستان نییە، بەڵکو ئەوەی بەردەوامی بە ژیانی ئەم کارەکتەرە دەدات، تەنیا بەردەوامبوونێتی، لە ڕۆشتن ودرێژەدان بەو سەفەرەی، کە دەستی پێکردوە، گێڕەرەوە دەڵێت:**"هەر دەبوو لێرەدا، لەلایەکی ئەم کۆشکە، وەڵام بدۆزێتەوە بۆ ئەو گێژاوەی ساڵانێک بوو تێیدا چەقیبوو، ئەم کۆشکە ئەوەندەی پێشوازی لێکرد، ئەوەندەش بە لایەوە نەیەگەیاندە جێیەک، پێدەچوو مەبەستیشی ئا ئەمە بووبێت، کە شتێک نییە بیگەیەنێتە جێیەک تەنها ڕۆشتن هەیە، هەر ڕۆشتن دەبێتە سەرمایەی وردەکاری و لە وەستان دەیپارێزێت"**،(سەلمان،٢٠١٥،١٤٩)، بۆیە لێرە بەدواوە، جۆری سەفەرەکەی گۆڕا، چونکە پێش گەیشتنی بە کۆشک پێیوابوو، دەگاتە جێیەک، بەڵام دوای گەیشتنی بە کۆشک، ئەو بەرچاو ڕوونییەی لا دروستبوو، کە جێیەک نییە، وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ئەم کارەکتەرە بداتەوە.

جگە لە جەنگ و دین، ئیشقی ئەم کارەکتەرە بۆ (زۆزان/ بێڤەر)، دەبێتە فاکتەری گرنگیی بەردەوامی سەفەرەکەی، ئەویش کاتێک لە جەنگەکاندا هەڵدێت، ڕووداوەکاتە گوندێک و دەچێتە ماڵی (حاجی تەقی)، لێرەدا دەکەوێتە داوی نیگایەکی (زۆزان)، هەروەک گێڕەرەوە، ئاماژە بەسەرەتای دروستبوونی ئەم ئیشقە دەکات:**"لە دەرچووندا، هیوا فرسەتی هێنا و تەماشایەکی قووڵی لەگەڵدا گۆڕییەوە....زۆزانیش لەلای خۆیەوە، وەک زۆربەی کچانی گوند کە شەرم نیشاندەدەن، بەڵام ناترسێن، لە تەماشاکردن و نە لەوەی سەرنجی کوڕێک بۆ لای خۆیان ڕاکێشن..."**، (سەلمان،٢٠١٥،٣٩٨)، بەڵام بەهۆی ئەو گێژاوەی، کە تێیدایە و ئەو وێرانەیەی، کە پێیدا تێپەڕیوە

هەرزوو:"**ئەو ئیشقە پرژیانەی هاتەرێشی و ڕۆحی خستەبەر، بەدەستی خۆی هەناسەی هەڵکێشا و نایە چاڵ**"،(سەلمان،١٤٩.٢٠١٥)، بەردەوامیدا بەسەفەرەکەی، (مەردۆخ) پێیوایە، ئیشق و خۆشەویستی، ئەوەندە جوانن، کە هەردوو جەمسەری ئەم ئیشقە لەیەکتر دووربن، هەرکاتێک ئەم دووجەمسەرە بەیەک گەیشتن، ئیدی بەهار و سەوزیی ئەم پرۆسە ئارەزوومەندانەیەش کۆتاییان دێت و زۆر جار قین لەجیاتی دروست دەبێت، بۆیە کچە گەورەی پوری ویژدان بەمجۆرە باس لە ئیشقەکەی (مەردۆخ)و هۆکاری جێهێشتنی(زۆزان/بێڤەر) دەکات و دەڵێت:"**پێ ئەچێ ئەو لەو کەسانە بێت بترسێ لەوەی ئیشق پیر بێت، بۆگەن بکات و بمرێت، دواجاریش، ئەگەر یەکێکتان نەمرن، ئەوا هەربە قین یەکتر ئەکوژن، بە ڕق و بوغز نێو دڵی یەکتر هەڵئەکۆڵن،... ویستتان یەکێکتان نەمێنێت تاکوو بتوانن هەردووکتان بە زیندوویی بمێننەوە، هەربەو کوشتنە، بە مردوویی ئەتوانن بە زیندوویی ئەوی دیکەتان بهێڵنەوە، ئەو وتۆش، ئەگەر یەکترتان نەگرتەوە، ئەوا تازە تامردن شەو و ڕۆژ لە دڵی یەک ئەبن**". (سەلمان،٢٣٥،٢٠١٥). ئەم کارەکتەر ئاماژە بەوە دەکات، کە بەهیوای یەکتر بژین باشترە، لەوەی لەگەڵ یەکدا بژین، بەڵام لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، پەشمانی بەرانبەر بە کوشتنی ئەم ئیشقەی دەردەبڕێت.

سەرەڕایی ئەوەی، کە نە بوونی ژن لە کۆشکدا، بەلای (مەردۆخ)ەوە کێشەیەکی گرنگ و سەرەکییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، تێڕوانینی ئەم کارەکتەرە بۆ ژن جیاوازە، لە تێڕوانینی باو و ڕووکەشانە ئەمەش کاتێک دەڵێت: "**من ژن وەها سەیر ناکەم، کە بەشدار پێخەفم بێت، نانم لەگەڵ بخوات، بیریبکەم و بیرم بکات، خۆشم بوێت و ئەویش خۆشی بوێم و لە بۆنەکانا یەکتریمان بیر بکەوێتەوە، ژن لە لای من ئەو دەرچوونەیە لە خودی خۆم، بازدانێکە، کە لەڕێگەی ئەوەوە ئەتوانم لە گەردوونا بسوڕێمەوە، بە هەوەسی خۆم گەشت بکەم...**"، (سەلمان،٢٨٨،٢٠١٥)، ژن لای (مەردۆخ)زێتر، وەک پێداویستییەکی ڕۆحی سەیر دەکرێت، نەک تەنیا، وەک ئارەزوویەکی سێکسی و کاتی، تەنیا ژنیشە دەتوانێت، پیاو بکات بەگەڕیدە و سەفەری هەموو دنیای پێبکات، دواجار هەر ژنیشە دەبێتە هۆی حەوانەوەی پیاو و جێگیربوونی لە شوێنێکدا. سەرەڕای ئەوەی، ئیشق و خۆشەویستی، یەکێکن لە فاکتەرەکانی گەڕیدەی ئەم کارەکتەرەو خاوەن تێڕوانینێکی فراوانە بۆژن، بەڵام پێیوایە، ئیشق چارەسەری هەموو گرفتێک ناکات، بە تایبەت، گەر ئەم خۆشەویستییە لە نێوان نێر ومێدا بێت، بە چەمکە فراوانەکەی نەبێت، بۆیە دەڵێت:" **خۆشەویستی هاوکاریمان ئەکات، ڕێگەی هەندێ جوانیمان بۆ ئەکاتەوە، چەند تیشکێکی پرشنگدار ئەخاتە سەر ژیانمان، بەڵام ئەفسوس، چارەسەری نەخۆشییە کوشندەکانمان ناکات، ئاخرییەکەی هەر ئەبێ لێرەش بڕۆم**"،

(سەلمان،٢٠١٥،٤١٤). (مەردۆخ) پێیوایە، هەندێ برینی ڕۆحی و نیشتیمانی هەیە، ئەم خۆشەویستییە ناتوانێت، سارێژی بکات، بەواتایەکی دیکە، خۆشەویستی چەند جوانیش بێت، ناتوانێت، سارێژی هەموو برینەکان بێت.

لە کۆتاییدا، (مەردۆخ) خۆی وەک مرۆڤێکی بێ ،ئەقڵ دەناسێنێت بەهۆی ئەوەی، قوربانی بە هەموو کەسە خۆشەویستەکانیدا، لە پێناو گەیشتن بە شوێنێک، کە هیوای ژیان و وەڵامی پرسیارەکانی لێبێت، لەلایەکەوە دایکی جێهێشتووە، لە لایەکی دیکەوە دڵی کچێکی بردووە و جێیهێشتووە، بەڵام نەگەیشت بە هیچش، وەک خۆی دەڵێت:" **ئەوەندەی من بێئەقڵم، کەس بێئەقڵ نییە، چونکوو ساویلکەم، بڕوام وابوو کە دەرچووم، ئەگەم بە شتێک، دەی ئەوەتا وەک خۆت لە من باشتر ئەبینیت، سادەترین هێمای ژیان لە هیچکوییەک نییە، من لە جێیەک دڵی دایکم سووتان، لە جێیەکی دی دڵی کچێکم ڕفاند و هەیکەلەکەیم جێ هێشت.... ئەوەتا پێچەکانی ئەم دنیای دەرەوە مۆتەکەیە و نازانم ئەم گەێنێتە کوێ. ئیدی چۆن بێئەقڵ نیم!"**، (سەلمان،٢٠١٥،٤٢٦). نەبوونی هیچ هێمایەکی ژیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە"بەهۆی ئەوەی جەنگ و وێرانە ڕوویداوە، لەناو وێرانەشدا هەموو شتێک واتای لە دەستداوە، نەبوون و نەمانی واتا لە کاتی شەڕ و کوشتار و پاش شەڕدا، هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە، کە ژیان بوونی نامێنێت"، (سەلمان، چاوپێکەتن،٢٠٢١). بۆیە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، کاتێک (زۆزان) لەسەرمەرگدایە، لە (مەردۆخ) دەپرسێت:**"کەی کوشتار کۆتایی دێت؟ هیواش کە تەلسمی قسە هاتە بەرگوێی، وەڵامی دایەوە،" کەی ئێمەی بەناو بنیادەمەوە بڕیارماندا. ئا لەوێشدا نەیویست دڵی زۆزان زێتر زامداربکات، لە دڵی خۆیدا قسەکانی تەواو کرد،" ئێمەش هەرگیز ئەو بڕیارە نادەین، بڕیار ئەدەین لە شوێن دووربکەوینەوە، بڕیار ئەدەین خۆشەویسترین کەسمان جێ بهێڵین، بڕیار ئەدەین ببینە قارەمانێکی درۆزن، چونکوو وەستاییمان پێ ناکرێت.... کەچی دڵمان نایەت بڕیاری وەستان و ڕاگرتن و کۆتاییهێنان بە کوشتار بدەین"**،(سەلمان، ٢٠١٥،٥٤٥)، (هیوا/مەردۆخ) بەجۆرێک ڕەشبینە پێیوایە، مرۆڤ هەموو بڕیارە قورسەکانی ژیانی دەدات، بەڵام ئامادە نییە، بڕیاری ئاشتی و پێکەوەژیان و مرۆڤدۆستی بدات، پێیوایە، هەمیشە دیوە شەڕانگێزییەکەی مرۆڤ زاڵە و ئەمەشە ئەو وێرانکارییە بە جێدەهێڵێت، کە لە هەرسەردەمەو بە جۆر و شێوەیەک دەبێت، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

هەر ئەو تێڕوانینەی سەرەوەش وایکردووە، کە ئەم کارەکتەرە بەجۆرێکی جیاوازتر، بڕوانێتە (جەللاد)، بۆیە لە گفتوگۆیەکی نێوان (ژینۆ) (مەردۆخ)دا، بە شێوەیەکی جیاواز وەسفی جەللاد دەکات، باشتر ئەم کەسێتییە دەناسێنێت، ناساندنەکەی دیدێکی نوێیە بۆ ناسینەوەی ئەم مرۆڤە، کە

بکەرێکی سەرەکییە، لە کارەساتی ئەنفالدا یان هەر ڕووداوێکی تراژیدیدا، دەڵێت: **"هەموو ئەو کەسانەی ئەڵێن جەللاد نین، لە جەللاد جەللاد ترن، جەللاد بەهانە بۆ تاوانەکانی ناهێنێتەوە، ئەو خۆی وەک ئەرزوحاڵچییەک ئەبینیٚ، کە ئەبێ هەر ئەو کاغەزە سپییە پڕ سکاڵایە لەسەر لەشی قوربانییەکانی ڕەش بکاتەوە، کەسیش بە قوربانی نازانیٚ، با قسە لەسەر ئەوانە بکەین، کە خەجاڵەتیش نین بگرە لە ڕەفتاری جەللادیان گەلێک ڕەزامەندن، ئولفەتیان بەوەوە گرتووە کە دەستیان بە حەیزەران و قامچییەوە بێت، خۆیان بێدەنگ و سەنگین نیشان ئەدەن، بگرە کەس لەوانە ئارامتر نابینیٚ، ناو هەناویشیان مۆڵگەیەکی سەربازییە، کە یەک بەیتوو بالۆرەی تیا جمەی دێت، چۆن کەسانی دی بە هێمنی بکوژن، پاشان وەک دوای هەر ئیشێکی ڕەسەن، بچنە ناو جێ و تا بەیانی بە زرمەی تۆپیش بەخەر نەیەن"**، (سەلمان، ٢٠١٥، ٥٠). ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت، هەندێک لە مرۆڤەکان لە ناوەخندا جەللادن، ئەگەر بە سیماش ئارام بن، بەڵام لە دەروونداد تاریک و شەڕخوازن، لەم بارەیەوە(بەختیار عەلی) دەڵێت: "ئەدەب بەردەوام هەوڵیداوە، هەم پیاوکوژە بچوکەکەی ناو ناخی هەریەکێک لە ئێمە بدۆزێتەوە، هەوڵشی داوە مرۆڤە ئاڵۆز و پڕ تەلسمەکەی ناو پیاوکوژ دەست نیشان بکات و بیخاتە ژێر تیشکەوە، ئەوەی لە پیاوکوژەکانی ئەدەبدا سەرنج ڕاکێشە، ئەوەیە زۆر جار لەنێوان دوو نهێنیدا دەسوڕێنەوە، یەکەمیان پابەندی تاریکستانی دەروونی خۆیەتی، دووەمیان نهێنی و ناڕوونییەکە لە دەرووبەریاندا"، (عەلی، ٢٠٢٢، ١٣٥) ئەم کارەکتەرە پێماندەڵێت، زۆر کەس دەکرێت، وەک جەللاد پێناسە بکرێن، بەبێ ئەوەی، خۆی بە جەللاد بناسێنێت، چونکە لەسەر ئاستی ڕووکەشدا ئارامن و لە ناخدا جەللادن، ئەمەش وادەکات، ناسینی ئەم کارەکتەرانە ئاسان نەبێت، چونکە خاوەن ناسنامەیەکی ڕوون نین.

شوناس یەکێکە لە چەمکە ئاڵۆز و جێ مشتومڕەکان، وەک پرسێکی تاکییەتی، پرۆسەیەکە بۆ خۆناسینی تاک لە کۆمەڵدا، جەخت کردنەوە لێی بەردەوام جیاوازییەکان نیشاندەدات و قووڵی دەکاتەوە. هەروەک (ژاک لاکان) دەڵێت:"ناسنامە بەرهەمی قۆناغی رەمزی و پێشینەی خودی مرۆڤە، ئەو کاتەی کە بنیاتی زمان بەشێکە لەو خودە"، (عەبدوڵلا،٢٠١٧). ناسنامە لەم دەقەدا، بە وردی و فرە لایەنی کاری لەسەرکراوە، چ وەک ناسنامەی مرۆڤ، چ وەک ناسنامەی تاکی کورد، جێگەی لای نووسەر، گفتوگۆ بووە، ئەگەرچی"تواناکانی بوونی مرۆڤ لە ڕێگەی داهێنانەوە پێوانە دەکرێت، نەک لەڕێگەی چەمکی ناسنامەوە، بەڵام وەک چۆن داهێنان بەشێک لە ئاڵۆزییەکانی مرۆڤ دەنوێنیٚ، ناسنامەش بەشێک لەو ئاڵۆزییانەی بوونی مرۆڤی لە خۆگرتووە،... چونکە چەمکی ناسنامە لەگەڵ کۆمەڵێک چەمک دەردەکەوێت: وەک ڕۆشنبیری و سیاسەت و زانستی و دەروونی

و کۆمەڵناسی،...هتد، هەندێ جاریش هەموو ئەوانە وشەکە ئاڵۆز دەکەن"،(عەبدوڵڵا،٢٠٢١،٩)، ئەم کارەکتەرە هەڵوەستەی لەسەر ئەم چەمکە کردووە، کارکردن لەم ڕۆمانەدا بە ئاراستەیەکە، هەر خودی دەقەکە، کە کار لەسەر دەستپێکردنەوەی ژیان دەکات، لە قۆناغی پاش ئەنفالدا پەیامێکە بۆ مانەوە و بەردەوامی ناسنامەی تاکی کورد، هەروەک (مەردۆخ) دەڵێت:**"من ئەوەنەی لێ ئەزانم، قوربان، کە کەس ناتوانێ ناسنامەی کەس بدزێت. ئەوە وەک ئەڤینێکی گەورەیە، درزی تێ ئەکەوێ، لەوانەیە بشکێ، لێ کەس ناتوانێ بیدزێت، بنیادەم خۆی ون ئەکات، ڕەنگە ئەم بارەی من، وەک جەنابت ئاماژەت پێکرد وەهابێ، بەڵام کەس ناتوانێ ناسنامەی کەس بەرێت"**،(سەلمان، ٢٠١٥،٦٤)، لێرەدا (مەردۆخ) جیاوازیی نێوان دووجۆر لە ناسنامە دەکات"ناسنامەی نیشتمانی و ناسیونالی جێگیرە(وەک تایبەتمەندی زمان، مێژوو،نیشتمان...هتد)، بەڵام ناسنامەی تاکگەرا گۆڕاوە، ئەو هەست و خەسڵەتە گۆڕاو و ئەبستراکتانە دەگرێتەوە، کە دەکەونە چوارچێوەی تاکگەراییەوە"، (عەبدوڵڵا،٢٠٢١،١٣)، (مەردۆخ) ئاماژە بەوە دەکات ئەگەرچی ناسنامەی، وەک تاک، تووشی ونبوون بووبێت، بەڵام ناسنامەی، وەک نەتەوە هەرگیز نادزرێت و هەر دەمێنێت، سەبارەت بە ونبوونی ناسنامەی (مەردۆخ)، وەک تاک، ئەم گرفتە هەستکردنە بە جێگیرنەبوونی ناسنامە، جگەلە هۆکاری سیاسی، بۆ تەمەنەکەشی دەگەڕێتەوە، چونکە ئەم گرفتە زێتر لای گەنجان ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها بە هۆی دیارنەبوونی ناسنامەی لە کاتی ئێستادا و نەتوانین بۆ دۆزینەوەی لە ئایندەدا، ئەم تاکە بەدەست قەیرانی نامۆییەوە دەناڵێنێت، بێگومان، سەرجەم ئەم سیفەتانەش لای ئەم کارەکتەرە دەبینرێت، هیچ بەرچاو ڕوونییەکی نییە، سەبارەت بە ناسنامەی، نە لە ئێستا و نە لە داهاتوودا.

لە درێژەی گفتوگۆکانیدا، (مەردۆخ)لە ڕێگەی چەند ڕستەیەکەوە، گوزارشت لە گرفتێکی گەورەی کۆمەڵگە دەکات، بەوەی، کە لەڕۆژهەڵاتدا بەگشتی و کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی، هەموو بوار و وەزیفەیەک مانای خۆی دۆڕاندووە، چونکە کارەکتەرەکان لە ناو کایەی خۆیاندا کارناکەن، بۆیە هیچ گرنگ نییە، مەلایەک و شاعیرێک ڕۆڵەکانیان بگۆڕنەوە، ئەگەرچی مەلا شوێنی بەرەی جەنگ نییە، ئەوە ئەرکی سەربازە، بەڵام ئەمانە گوزارشتن لە شێواوی سیستەم و بەڕێوەبردن، ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە لێکەوتەکانی جەنگ و کارەساتەکان :**"پێکەنینی بەوەش دەهات، کە مەلا چووە بۆ شەڕ و ئەمی شاعیر لەبری ئەو دەبێ بانگ بدات، لەگەڵ خۆشیدا وتی: لەم زەمانە، هیچ شتێک لە جێی خۆی نییە، ئیدی شاعیر بێت یان مەلا، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت!"**، (سەلمان،٢٠١٥،٤٠١).

ئەمەش هەمان ئەو ئامانجەیە، کە دەسەڵاتی ئەوکاتە کاری لەسەر کردووە، لە پێناو شێواندنی کۆی کایەکانی کۆمەڵگە و سیستەمی کارگێڕی.

لە کۆتایی دەقەکەدا (هیوا/ مەردۆخ)، وەک ئاماژەیەک بۆ بەردەوامی چیرۆکی (ئادەم) و هەموو ئادەم ناوەکان، ناوی خۆی دەنێت (ئادەم) دەڵێت: **"ئادەم ناومە، کەسێکە و هەمووکەسێکە، هەر ئەو ئەتوانێ شەوانە وەک با هەڵبکات و خۆی کام لایەی بەکەڵک زانی، بەرەو ئەوێ ئەچێت و تۆوی هەموو جێیەکی دونیا لە ژێر باڵیدا هەڵدەگرێ و بەرێوە هەر تۆودەکات، من ماندوو بووم، زۆر لەوە ماندووترم، گەشتی خۆم بەناوی خۆمەوە بکەم، هەر ئەو ئەتوانێت ببێتە هاوتام و بە چاوی ئەو دونیا ببینمەوە"،** (سەلمان،٥٥١،٢٠١٥)، مەبەستی (مەردۆخ) لەم گێڕانەوەیەدا ئەوەیە، کە چیتر ناتوانێت، بەم تێگەیشتن و کەسێتییەوە لەسەفەرەکەی بەردەوام بێت، بەڵکو پێویستە، پەڕەیەکی نوێ هەڵبداتەوە و لەم ڕووەشەوە، هاوشێوەی دنیابینی(ئادەم) بێت، تۆوکردنی بەردەوامی (ئادەم) ئاماژەیە، بۆ بەردەوامی چیرۆکی گەڕیدەی (ئادەم) ناوەکان، لە پێناو دۆزینەوەی خود و گەڕیدەی ئیشق، لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، بۆیە (ئادەم/مەردۆخ) لە کۆشکێکدا نیشتەجێ دەبێت، بە هەمانشێوە پێشوازی لە ڕێبواران و هەموو ئەو کەسانە دەکات، کە لە جەنگەکان هەڵدێن و وێڵی پەناگەیەکن بۆ خۆبنیاتنانەوە، لێرەش بەدواوە، یەکێک لەو کارەکتەرانەی، کە پێشوازی لێدەکات و دەبێتە هۆی ئارامگرتنی (زۆزان)ە :**"ئادەم ناو دەستی بۆ زۆزان درێژ کرد، تا پێش بکەوێت، مۆمی سەردیوارەکانی کوژانەوە و لەگەڵ زۆزان بەرەو ژووری نانخوارن بەڕێ کەوتن،..."** (سەلمان،٥٥٩،٢٠١٥)، بەڵام لێرەدا، ئێمەی خوێنەر "هەرگیز نازانین ئەوە دوا وێسگەیە بۆ (هیوا/ مەردۆخ)، یان لە سەفەرەکەی بەردەوام دەبێت وئەمەش هەر دەبێتە وێسگەیەک، وەک وێستگەکانی تری سەفەرەکەی، لەلایەکی ترەوە، هەمان کۆشکی ئادەمە، کە جڵەوی بۆ (هیوا/ مەردۆخ) بەجێهێشتووە، یان هیوا کۆشکێک بۆ خۆی دروست دەکات؟، بەڵام دروستە، کە هەردوو کارەکتەری (هیوا/ ئادەم و زۆزان/)، بەردەوامی بە خۆشەویستی دەدەن، دەکرێت بڵێین لاپەرەیەکی نوێ لە ژیانیدا هەڵدەداتەوە، چونکە خۆشەویستی ئەو فاکتەرە گەورەیەیە، کە مرۆڤ جێگیر دەکات و لاپەڕەی نوێ هەڵدەداتەوە. (سەلمان، چاوپێکەوتن.٢٠١٢).

**سەكینە:**

ناوی یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی نێو ئەم ڕۆمانە، نووسەر لە ڕێگەی کارەکتەرە ژنەکانەوە، بەتایبەت(سەکینە)وە، پرۆسەی ئەنفال بەو ئەنجامە قورس و تراژیدییەی لێیکەوتەوە، بە شێوەیەکی وێنانەکراو، هەموو جۆرە توندوتیژییەکی تێدا تاقیکرایەوە، دەخاتەڕوو، بۆیە ڕۆماننووس ئەو کاریگەرییە دەروونییانەی ئەنفال، کە تا ئاستی حاڵەتی تراوما(زەبری دەروونی) لەسەر قوربانیانی زیندوو و ڕزگاربووانی ئەنفال بە جێدەهێڵێت، دەخاتەڕوو. ئەمەش کاتێک بەدەردەکەوێت (سەکینە) و ژنەکانی تر، لە ساتەوەختی ئەنفالدا، بەرەو ئەودیوی سنور هەڵدێن، لە پێناو ڕزگاربوونیان لە شاڵاوی ئەنفال، کاتێک کچەکەی دەگریەت بەهۆی لە دەستدانی دەستگیرانەکەیەوە کە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە،(سەکینە)بە توندی پێیان دەڵێت، دەبێت بەر لە خۆرئاوابوون بگەن بە ناوچەیەکی ئارام، (مەندان) داوای لێدەکات، ئارام بێت، سەبارەت بەم هەڵوێستە توندەی (سەکینە)، بەرانبەر (مەندان) دەڵێت: **"ئەی ئێمە؟ ئێمەش بریندار نین؟ ئەو قوربەسەرییە ئێمەش ناگرێتەوە؟ ئەوەندەی من بزانم، ئێمەی ژن دڵڕەق نین، بەڵام ئەوەنە چاوقایمین، ڕۆحی پیاو ئەبەین و هیچ کارەساتێک نامان لەرزێنێت، خۆت لەمن باشتر ئەزانی، خوشکم، کەکاتی بەسەرا ڕۆیشت، ئەوەشەیان لە بیر ئەچێتەوە، دەدەی، پێ هەڵگرن دار وبەرد لەیەک بدەن، هەر ئەبێ بگەینە ئەو دیو"**، (سەلمان، ٣٢٧،٢٠١٥)، (سەکینە) ئەم هەڵوێستەی بەرانبەر بە ئازاری کچەکان، کە دەزگیرانەکانیان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون و دەگرین، بۆ دڵڕەقی ناگێڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئەو دۆخە دەگێڕێتەوە، کە تێیکەوتوون، دەبێت بەرگەی بگرن، بە تێپەڕبوونی کاتیش هەزمی دەکەن و لەگەڵیدا دەگونجێن ئەمەش سیفەتێکی مرۆڤە بە گشتی، بۆیە سەرەڕای ئەو دۆخە سەختەی، کە پێیدا تێدەپەڕن، بەڵام وەک ژنێکی خۆڕاگر، لەسەرپێی خۆی دەوەستێت و بیر لە ژیانی کچ و خوشک و خوشکەزای دەکاتەوە.

لەم بارەیەوە،(شەونم یەحیا) دەڵێت:"ئامادە بوونی ژن لە نێو ڕۆمانی "شەوانی ئادەم" دا بە شێوەیەکی شیکاریی، شوناسی ڕاستەقینەی ژنی کورد نیشاندەدات، کە ژن ئەو زاتەیە، هەمیشە قوربانی دەستی کۆمەڵگە و نەریتەکانیەتی، پێش ئەوەی بیر لە بەختەوەرییەکانی خۆی بکاتەوە، بیر لە دەوروبەر دەکاتەوە. بە هۆی نەریت سالاری و کۆنترۆڵ و ئابلۆقەی کۆمەڵایەتیی سەر ژنی کورد، وایکردووە بە ئاسانی، نەتوانێت، بیر لە خودی خۆی بکاتەوە، بەڵکو کارەسات و وێرانە سیاسییەکانیش دوو ئەوەندەی تر باری سەرشانی ژنی کوردیان قورستر کردووە، لێرەوە، کارەکتەری (سەکینە) لە نێو ڕۆمانەکەدا، وێنەی ڕاستەقینەی ژنی کورد نیشاندەدات، کە قوربانی بە

خۆشییەکانی ژیانی خۆی دەدات و لە نێو گێژاوی سیاسی و کۆمەڵایەتییدا خۆی ون دەکات".(یەحیا،ڕۆژنامەی هەولێر،٢٠١٩).

ویسگەی یەکەمی (سەکینە) و ژنەکان ماڵی (وەستا)یە، کاتێک دەگاتە ماڵی (وەستا) و هەستی خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست دەبێت، (وەستا) داوای لێدەکات، لای بمێننەوە، بەڵام (سەکینە) لە بەرئەوەی هێشتا شۆکی ئەو زەبرە دەروونییە بەرینەداوە، کە بەهۆی ئەنفالەوە، تووشی بووە، بۆیە ناتوانێت، بە بڕیارەکەی (وەستا) ڕازی ببێت و داوای کاتی زێتر دەکات، تا بەر چاوی ڕوون ببێت، بۆیە بە(وەستا) دەڵێت:**"تۆ نابینی ئێمە هەموو، بە تایبەتی ویژدانی کچم، تێکچوونێکمان پێوە دیارە؟ تۆش هەر وەک من پەشۆکاوی، لە ژێر باری وەهاشدا، ناتوانین هەستی ڕاستی خۆمان لێک بدەینەوە، من بەش بەحاڵی خۆم بە ئاسانی ناچمە ژێر بومەلەرزەی ئەم ساتە،... خۆمن دەمێکە بێوەژنم، کەچی سەیر بکە هەر لە ئێستاوە نابینی کە ئەو کچۆڵانەش ڕووخساری هەموو بێوەژنەکانی دونیایان لە خۆیان هەڵگرتووە؟"،** (سەلمان،٢٠١٥،٣٨٠)، جگەلەوەی، (سەکینە) گومانی لە هەستەکانی خۆی بەرانبەر بە خۆشەویستی (وەستا) هەیە، نازانێت کە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەیە یان سەرپێییەو بەهۆی یارمەتیدانیان لەم دۆخەدا دروستبووە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی (سەکینە)ی نیگەران کردووە، بێوەژنبوونی کچەکانیەتی، چونکە هەمان چارەنووسی خۆیانیان دەبێت، بەوەی، یەکێک لە قوربانییەکانی نەریتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئێمە، ئافرەتی بێوەژنە، ئەم ئافرەتانە دەیان کۆسپ دەخرێنە بەردەم ژیانیان، زۆرجار لەبەر توانجی کۆمەڵایەتی، دەستبەرداری زۆرێک لەخەونەکانیان دەبن، لەوەش گرنگتر ئەوەیە"ئافرەتان کە زۆرترین ڕێژەی دەربازبوون لە چوارچێوەی پەلامارەکە پێکدەهێنن ئەرکی بەڕێوەبردنی خێزانەکانیان لە ڕووی ئابورییەوە دەکەوێتە ئەستۆ، ئەمەش جۆرەها گرفت و ئاستەنگ دێنێتە ڕێی ئەو خێزانانە بەتایبەت ئەو ئافرەتەی ئەرکی بەرێوەبردنی خێزانەکەی لە ئەستۆدایە"،(عەزیز،٢٠٠٥،٦٣)، بۆیە هەموو ئەمانە بوونە هۆی نیگەرانبوونی (سەکینە)، دەربارەی ئایندەی کچەکانی، تەنانەت کاتێک (سەکینە) هەست دەکات، (وەستا) خۆشی دەوێت، ئەگەرچی ئەمیش، هەمان هەستی بۆی هەیە، بەڵام دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەم هەستەدا ڕێگرە و کەپتی دەکاتەوە، وەک گێڕەرەوە دەڵێت:**"سەکینە هەستی لەو کەمترنەبوو، ئەگەرچی نەیهێشت هیچ بە هەڵسوکەوتییەوە دەربکەوێت. ترسناکی ئەو دۆخەی تێیدا بوون، جۆری ئەو کارەساتەی کە ئەمان لە دوورەوە سوێراویان خواردەوە و پشکۆکانیاگرتە باوەش، دۆخی خۆی وەک بێوەژنێک، دایکی دووکچی گەنج، کە ئەمانە کاتی دڵداری و بیستنی خۆشەویستییانە، هەموو ئەمانە ڕێگر بوون، دیوارێکی پۆلایین بوون و لە دژی هەرچی پێی دەڵێن**

**هەست و سۆز دەوەستانەوە، ئیدی چی لە دڵیدابوو، بەدەستی ئەو چارەنووسە بەزەبری هاتە ڕێیان، خەفەیکرد"،** (سەلمان، ۳۵۱،۲۰۱۵،)، لێرەدا دەردەکەوێت، هەمیشە ژن قوربانی دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابورییەکانیش بووە، هەروەک لێرەدا سەکینە نمایندەی ئەم قوربانیدانە دەکات. کاتێکیش (وەستا) بڕیاری ڕۆیشتن دەدات، لەگفتوگۆیەکی لەگەڵ (بێڤەر)دا، دەربارەی ئیشق دەڵێت: **"ئاخر ژن هەر بەوە دڵی خۆی ئەکوژێت، کە پیاو بەرەو هەڵهاتن بنێرێت! پیاویش خۆی هەر هەڵدێت، ئەمڕۆ، یان سبەی، هەر ئەڕوات، ئێمەی ژن تەنیا ڕێیەکەی بۆ خۆش ئەکەین**".(سەلمان،۲۲۸،۲۰۱۵)، ئەمەش، وەک ئاماژەیەکە، بۆ لەناوبردنی دڵی خۆی، پاش وێڵکردنی (ئادەم/وەستا)، هۆکاری ڕەتکردنەوەی پێکەوەژیانی، لەگەڵ (وەستا) لەیەک ماڵدا، دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو دۆخەی، کە ئەنفال دروستیکردووە، هێشتا نەیتوانیوە، تێیپەڕێنێت، بۆیە لەم دۆخەی ئێستایدا ناتوانێت، لەگەڵ (وەستا)دا پێکەوە بەردەوامی بە خۆشەویستییەکەیانبدەن و پێکەوە بژین، سەرئەنجام خۆی بە قوربانی ئەم دۆخە دەبینێت. ئەگەرچی، دوای ڕۆشتنی (ئادەم) (سەکینە) دەیەوێت، ئەم ئیشقە کۆتایی پێبهێنێت و ئەو هەست و هەڵچوونەی هەیەتی، دابمرکێنێتەوە، بۆیە دەڵێت: **"گەرکمە لەم بەشەی ژیانم، بڕیاری کۆتایی ئەو خۆشەویستییەبێت، نەک بە مردنێکی خاو و لەسەرخۆ، کە ئەو قوڵپی دڵەی هەمانە، هێدیهێدی ئارام ببێتەوە و وەها سۆز کەم بێتەوە، تا بە ئێجگاری ساردوسڕ ئەبێتەوە، بۆیە ئەمەوێ لەسەر دوا هەناسەی ژیانم لەگەل تۆ کۆتایی بەم چیرۆکەمان بهێنین**".(سەلمان،،۲۳۷،۲۰۱۵)، بەڵام لە کۆتاییهێنان بەم ئیشقە سەرکەوتوو نەبووە، تا کۆتایی دەقە بەردەوام دەبێت، لە کۆتایی دەقەکەشدا، بە کراوەی بۆ خوێنەر جێهێڵراوە.

هەر ئەم کارەکتەرە، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئاراستەی کۆمەڵگەکەی دەکات، بەوەی هەر کاتێک ژن کەمێک تەمەنی هەڵکشا، ئیتر عەیبەیەکی کۆمەڵایەتییە، باس لە خۆشەویستی بکات، بەڵام ئەم پێیوایە ئاساییە، گەر ژنێکی بەتەمەنیش گوزارشت لە ناخی و هەستەکانیدا بکات، بێگومان، ئەمەش پێویستیی بەقوربانیدانە، گێرەرەوە وێنەی ئەم دۆخەی (سەکینە) بەمجۆرە دەکات:**"سەکینە ڕۆڵەکەی لەگەڵ کچەکانیدا گۆڕیبووە، لەبری ئەوان، تیشکی ئیشق خرابووە سەر ئەو، سەری دانواندبوو، شەرمی بەخۆی دەهات، کە لەو تەمەنە، پاش ئەو هەموو ساڵە، ئا لەم دانیشتنە، لاپەڕەی ئیشقی کپبوو لە دڵیدا، وا لەسایەی بێڤەر، ڕستەکانی بەوردی تاوتوێ ئەکەن**".(سەلمان،۲۳۸،۲۰۱۵)، ئەگەرچی،(سەکینە) بەهۆی (بێڤەر) ناوەوە، دەیەوێت، ئەم هەنگاوە بهاوێت و گوزارشت لە ناخی بکات، بەڵام شەرمیش دەکات، لەبەرئەوەی هێشتا لە ژێر کاریگەریی کلتوردایە و نەیتوانیوە، بازنەی کلتور تێبپەڕێنێت، چونکە ئازاد نییە، لەوەی بڵێ، کە (وەستا)م

خۆشدەوێت، لەلایەن تاکەکانی دەوروبەر و کۆمەڵگەوە سەرزەنیشت دەکرێت، چونکە ئەمە وەک عەیبەیەکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت.

سەرەڕای هەموو ئەوبەربەست و گرفتانەی، کە دێنە ڕێی ژن، (سەکینە) وەک ژنێکی گەرمیانی لەسەرپێی خۆی دەوەستێت و بەرەنگاری هەموو ئاستەنگەکان دەبێتەوە، لەم گفتوگۆیەدا، لەگەڵ (وەستا)دا دەڵێت:**"تەنیایی من گەلێک لە هی تۆ جیایە، وەستا، من بە جۆلانەیەک ناچم، کە هەموو ژیانم چاوەڕوان بووبم پیاوێک ڕام بژەنێت، نە بە موسافیری تاقەبەلەمێکی بێکەس ئەچم، کە لە ئاوێکی قوڵا بە تەنیا مابێتەوە، بگرە بە منداڵێکی یەک ساڵان ئەچم ون بووبێت، نە زمانی هەیە ونبوونەکەی خۆی پێ دەرببڕێ و نەقاچیشی بە تەواوی گرتووە، تاکوو کەسێکی خۆی بدۆزێتەوە"،** (سەلمان،٢٠١٥،٣٨٠)، (سەکینە) پێمان دەڵێت، وەک ژنێکی لەسەرپێوەستاو هیچ کات چاوەڕوانی دەستی پیاو ناکات، بۆ گەیشتن بەوەی، کاری بۆدەکات، بەڵکو هۆکاری باری ژیانی ئەو دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییە، کە وەکو کۆت وپێوەندێک دەست وپێی بەستووە، بووە بەهۆی ونبوونی ،لە نێو ئەو گێژاوەی، کە ئەنفال و جەنگ دروستیانکردووە.

## کارەکتەری لاوەکی:

لە نێو دەقی ڕۆماندا یارمەتیدەری کارەکتەری سەرەکییە، لە دەرخستنی لایەنێک، یان چەند لایەنێکی ژیاندا، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی هەیە، بە لایەنی باش، یان خراپ، سەرەڕای لاوەکی بوونی لە ڕووی ئەرکەوە، بەڵام ڕۆمان بە بێ ئەمجۆرە لە کارەکتەر دانامەزرێت، چونکە ئەمیش ئەرکی لەسەرە ودەبێت لە ڕۆماندا ئەنجامیبدات، سەبارەت بەکارەکتەرە لاوەکییەکانی نێو ئەم ڕۆمانە، زۆر چەمک و گرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگەی کوردی لە ڕێگەیانەوە خراوەتەڕوو، کارەکتەرە لاوەکییەکان ئەمانەن:

### مەندان:

یەکێکە لە کارەکتەرە لاوەکییەکانی نێو خانوی ژنەکان و خوشکی (سەکینە)یە، ڕۆڵی لاوەکی لە کۆی ڕووداوەکانی نێو دەقەکەدا هەیە، سەرەتا کاتێک دەگەنە ماڵەکەی (وەستا)، لەڕێگەی گفتوگۆیەکەوە، لەگەڵ (وەستا/ئادەم)دا، ئەوەمان پێدەڵێت، کە کەسوکاری ئەم کارەکتەرە ژنانە، ئەنفال کراون و خۆشیان بە زەحمەت لەم شالاوە ڕزگاریان بووە، (مەندان) بە (وەستا) دەڵێت:

**"ئەگەر ڕاستییەکەشت ئەوێت، ئەوە من ڕێبوارێکم و لێم قەوماوە، بەرەو گوندێک ئەچووم، کەچی دایانە سەر ئەو گوندە و چی کەسوکاری منی تیابوو، ڕەنگە کوژرابن و ڕاپێچ کرابن، ئەبوو منیش لە دەستیان هەڵبێم، ئیتر ڕێیەکەم هێنامیە بەردەم ئەم ماڵەی تۆ"،** (سەلمان،٢٠١٥،٣٣٥)، هەر لە ڕێگەی ئەم کارەکتەرەوە، بۆ خوێنەر ڕووندەبێتەوە، کە لە پێناوی خۆشەویستیی(سەکینە)یە، (ئادەم/وەستا) دەیەوێت، ژنەکان لەم خانووەدا بمێننەوە و خۆی دەڕوات، چونکە نایەوێت، خۆشەویستیی (سەکینە) لەدەست بدات، گەر بمێنێتەوە، ئەوا (سەکینە) دەڕوات، بۆیە بڕیار دەدات ئەو بڕوات، (مەندان) لە گفتوگۆیەکدا بە (سەکینە)ی خوشکی دەڵێت: **"خۆت لە نەبان مەدە، چونکوو لەبەر خاتری تۆ ئێمەش گل ئەداتەوە، دەی بڵێ وانییە!"**، (سەلمان،٢٠١٥،٣٦٣).

سەرەڕای ئەوەش، نووسەر لە ڕێگەی ئەم کارەکتەرەوە، پێمان دەڵێت، جەنگ و نەریت سالاری شێوازی ژیانی ژنی کورد دیاریدەکات و چوارچێوەیەک بۆ دونیابینی ژن دادەنێت، ئەم کارەکتەرە وابەستەی ئەو وێرانکارییەیە، کە ئەنفال و جەنگەکان بە جێیانهێشتووە، ئەمەش وایکردووە، هەموو خۆشی و ئارەزووەکانی ژیانی، ببێت بەڕابردوویەکی سەرنراو و جارێکی دیکە سەری هەڵنەداتەوە، چونکە **"ئەو لەلای خۆیەوە درۆ بێت یان ڕاست، قەناعەتی بە خۆی کردبوو، کە لێبووە لەو مەسەلانەی ژن و پیاو و خۆشەویستی، ژیانی بێوەژنی لەلایەک و حوکمی نەریتش لەلایەکی دیکەوە، دەسەڵاتی پێدابوو هەرچی حەزو و ئارەزووە، لە قووتوویەکی ڕابردوودا سەربنێتەوە و قەت هەڵی نەداتەو، ئەوەشی مابۆوە، چاوەڕوانی بکات تەنها نەرموو نیانیی کچەکانی بوو، کەوا ئێستا ئەوانیش بەرهەرەشەی وشکبوونەوە دەبنەوە لە ناو دەقی یادەوەریی دەزگیرانەکانیان"،** (سەلمان، ٢٠١٥،٣٥٦)، نووسەر تیشک دەخاتە سەر ئەوەی، ئەگەر بەگشتی سەیری لایەنی کلتوری کۆمەڵگەی کوردی بکەین، دەبینین، کۆمەڵێک دیاردەی زاڵ تێیدا باڵا دەستە و ڕەنگیداوەتەوە، زێتر سەرچاوەکەی نەریتە، ئەمەش بووەتە هۆی بێ بەشبوونی ژن لە زۆر مافی ژیاندا، (مەندان) نموونەی هەموو ئەو ژنانەیە، کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەموو حەزو ویستەکانیان بووە بەقوربانی ئەو چەمکەی، کە پێیدەوترێت (بێوەژن)، چونکە، کە ژن بوو بە بێوەژن، ئیدی مافی ژیانی لێوەردەگیرێتەوە، ئەمەش هەر بەهۆی نەریتەکانەوە، جگەلەوەی، ئەم کارەکتەرەش هاوشێوەی (سەکینە)، تەمەنی هەڵکشاوە و خاوەنی دوو کچە، ئەمەش ڕێگرییەکی دیکەیە، بۆ ئەوەی خۆشەویستی لەلای ئەم کارەکتەرە، لە ناخیدا کپ بکرێت، چونکە عەیبەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەم تەمەن و ئاستە کۆمەڵایەتییەدا، باسی خۆشەویستی بکات.

**بەفرین:**

یەکێکی دیکەیە لە کارەکتەرە لاوەکییەکان، نووسەر لە ڕێگەی ئەم کارەکتەرەوە، کۆمەڵێک چەمک و گرفتی نێو کۆمەڵگەی کوردی خستۆتەڕوو، چونکە ئەم کارەکتەرە ڕۆشنبیرە و دەرچووی زانکۆیە، خوێنەرە، بۆیە گفتوگۆی زۆر بابەتی گرنگ، لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکەدا دەکات، لەسەرەتادا نووسەر لە ڕێگەی ئەم کارەکتەرەوە ئەو ئازارەی ژنان و کچانی ڕزگاربووی ئەنفال دەخاتە ڕوو، کە تەواوی ژیانیان لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئازیزانیاندا بەسەردەبن، تا هەموو تەمەن و ئارەزووەکانیان دەبنە بەفری بەر هەتاو و دەتوێنەوە، گێڕەرەوەی دەقەکە بەم جۆرە، دۆخی دەروونیی(بەفرین) و کچەکانی تر دەخاتە ڕوو:**"سێ کچە دەزگیراندارەکە، چاویان پڕبوو لە وێنەی ئەو کوڕانەی دەبوو بڕۆن بۆ لایان لەو جێیەی کە بۆی هەڵهاتبوون، ئێستاش بێگومان بەر دەستی جاش و سەربازەکان کەوتوون، ئا لەو گوندە چەپەدا، پلانی چاوپێکەوتنیان ڕێکخستبوو، وا ئێستاش بەرەو جێیەکی نادیار دەچن، هیچ شتێک لەلایان بەهای ژیانی تێدانەما..."**،(سەلمان،٢٠١٥،٣٢٤)، ئەم کارەکتەرانە بۆ هەمیشە وێنەی دەستگیرانەکانیان لە زەینیاندایەو بەو ئازارەوە دەتلێنەوە، جگەلەوەی، ئەو تێڕوانینە بۆ ژیان، کە هیچ شتێک لەلایاندا بەهای نەماوە، لە ئەنجامی نیگەرانییەو،ەیە، چونکە "نیگەرانی و ترس ئەو دوو تایبەتمەندییەیە هەرگیز بیرکردنەوەیان بەرنادات ناتوانن بەشێک بن لە ئەمڕۆ، تەنانەت ئەو دۆخە کاری کردووەتە سەر چۆنییەتی ژیانیان، بەشێک لە ژیانیان ونە و ناتوانن بڕیار بدەن. هێشتا لەبەر چاوەڕوانی نەیانتوانیوە هەنگاوێک بەرەو سارێژکردنەوە بنێن،... کارەساتی ئەنفال ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئەوانی شێواندوە و خۆدۆزینەوە کارێکی سەختە بۆ ئەوان"، (بیارەیی،٢٠١٣،٢٤)، بۆیە ئەم کارەکتەرانە، ناتوانن، بەئاسانی دەست پێبکەنەوە و هەموو گفتوگۆکانیان دەربارەی خەونی ڕابردوویانە، نەک داهاتوو، چونکە بەشێکی ژیانیان ونە، کە خۆشەویستەکانیانە، هەر بە خەونی ئەوانەوە دەژین، کە لە ڕابردوودایە نەک، داهاتوو.

ئەم کارەکتەرە یەکێک لەو بابەتانەی، کە گفتوگۆی لەبارەوە دەکات، فەنابوون و توانەوەیە لە ئیشق، ئەمەش کاتێک (بەفرین) بە پوری(سەکینە) دەڵێت:**" ئەوە تۆی کە ئەو پیاوەت ناردووە بە دوای پلەیەکی بەرزی ئیشقا بگەڕێ، پووری، بێ زانینی خۆت و خۆی، بەدوای ئەوەیا چووە، دەنا نە خۆشەویستیی منداڵ و نە هی نێوان ژن و پیاو، دەرەقەتی ئەو جۆرە گەڕانە نایەن، تاکوو جارێکی دی گەشت و گەڕانی نوێی دەست پێبکات و خۆشەویستییەک بدۆزێتەوە، کە بوونی نییە، لێشت ناشارمەوە، پووری گیان، ئەو دەمەی پیاو ئەڕوات، ئیدی ئەو ڕێگەیە ناگرێتەوەبەر، کە**

**پێشتر گرتبووی، بە تەواوی بە دوای دڵیا ناگەڕێت، گەڕانێکی دیکە دەست پێ ئەکات، ئێجگارسەخت و سامناکە، تاکوو لە دونیاش ماوە هەر بەدوای واتایا وێڵ ئەبێت، ئاخر پیاو ئەو خاڵە ڕەهایەشە، پوریێ، کە بەدەوری خۆیەوە ئەخولێتەوە و ئیتر نە ئیشق و نە خۆی و نە واتا هیچیانی بۆ نادۆزرێتەوە.... هەر حەزی لە گەڕانە، بگرە ئاشقی وێڵبوونە"** (سەلمان، ٢٠١٥،٢٣٩)، (بەفرین) باس لەوە دەکات، کە هەندێجار ئیشق بە جۆرێک مرۆڤ دەکات بە گەڕیدە، کە سەفەرێک دەستپێدەکات، تا لە ژیاندا ماوە، بۆ هەمیشە وێڵە، جا گەرئەم وێڵبوونە بە جەستەش نەبێت، بەڵکو گەڕیدە بێت بە هزر، لە پێناو واتای شتەکاندا، تەنیا ئیشقش، دەتوانێت، مرۆڤ بنێرێت بۆ ئەم وێڵبوونە، هیچ جۆرە خۆشەویستییەکی دیکە، مرۆڤ ناگەیەنێتە ئەم پلە بەرزەی وێڵبوون، واتە ئیشق کاتێک ڕوودەکاتە مرۆڤەکان، بە تایبەتی پیاوان، ئەوا دووچاری جۆرێک لە خۆ ونکردن و وێڵبوون، بە نێو دنیای بەرینی ئیشقدا دەبنەوە، کە ئەستەمە، بتوانن، وەک مرۆڤێکی ئاسایی بۆ ژیان و بوون بڕوانن و خۆیان بناسن، " ئەگەرچی مرۆڤ بە گشتی، وەک تاک، هیچ کەس بە تەواوەتی خۆی بۆ نادۆزرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، گەر بە شێوەیەکی نیمچەییش بێت، ژن باشتر لە پیاو خۆی بۆ دەدۆزرێتەوە، چونکە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە تایبەتی، لەبەر زۆری کارەساتەکان و نەهامەتییەکان، پیاو لەبەرەی پێشەوەی شەڕەن، ئەوە پیاوە، کە تووشی بەیەکدادان و ترس و تۆقین دەبێت، بۆیە، ئەگەرچی ژن قوربانی دۆخەکەیە، بەڵام پیاوزێتر کاریگەریی جەنگەکانی لەسەرە، ڕاستیتی ناواخنی مرۆڤ و پشکنینی لایە شاراوەکانی و ئەو تراومایەی لە نەستیدا شوێنەوار بەجێی دەهێڵێت، کەم کەس لێی تێدەگەن".(سەلمان، چاوپێکەوتن،٢٠٢١). جگە لەمانەش، پیاوزێتر لەژن حەز بە گەڕان و وێڵبوون دەکات، جگەلەوەی، لای پیاوان ئیشق دەبێتە، ڕێگەیەک بۆ گەڕان بە دوای واتایەک، کە هەرگیز پێی ناگات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ پێش سەفەرەکەی ناگەڕێتە دواوە، چونکە تێڕوانینی بۆ شتەکان گۆڕاوە، ئەم کارەکتەرە ئەوەش دەخاتەڕوو، کە پیاو وێڵی خۆشەویستییەکە، کە بوونی نییە، بەڵکو تەنیا، وەک یۆتۆپیایەک لە هزریدایە وێڵە بۆی.

هەر ئەم کارەکتەرە لاوەکییە خوێنەوارە، پلەکانی خۆشەویستی و بەراوردکردنی بەجوانی باسدەکات، تاگەیشتن بە پلەی بەرز و تەواوەتیی ئیشق، بەمجۆرە :**"جوانی وەک خۆشەویستی، بەشێکە لە پیرۆزی، قەت قایل نابین بەوەی وێنەی پیرۆز بشکێت، یان تێک بچێت، خۆشەویستیش هەر وەهایە، پێمان خۆشە ون ببێت، نەک تێک بچێت، لەوە تێئەپەڕێت ببێتە ڕووکەش و بەسەر سیما و هەڵسوکەوتمانەوە دەربکەوێت. پێمان خۆشە قۆناغی تیا نەبێت، کەچی بێچارەیە، بنیادەم**

**هەر ئەبێ بە قۆناغەکانیا بڕوات، لە قۆناغێکی تریەی دڵەوە بۆ هەستکردن بە جوانی و بۆ پەرستن و بە پیرۆزکردن و تێکشکانی هەمان ئەو پلەی پیرۆزییە، تا دێینە سەر ڕیشەی خۆشەویستی، ئەوسا تێئەگەین کە هەمووی بریتیبوو لە توانەوە، کە گەیشتین بە ئا ئەمە، ئەو دەمە گەرەکمانە لێی دووربکەوینەوە، چونکوو نامانەوێت ببێتە ئەو بلۆکە سەهۆڵە و بتوێینەوە"،** (سەلمان،٢٠١٥،٢٤١)، بە تێڕامان لەم پلەبەندییەی (بەفرین) بۆ ئیشق، تێدەگەین بۆ کارەکتەرەکانی ناو ئەم ڕۆمانە کاتێک عاشقی یەک دەبن، یەکتر بە جێدەهێڵن، چونکە دەگەنە دواپلەی ئیشق و نایانەوێت بلۆکە سەهۆڵی ئیشقیان بتوێتەوە، بەڵکو دەیانەوێت، ئیشقەکەیان ئەو جوانییەی هەربمێنێت و لە دوورەوە بە هیوای یەکترەوە بژین، وێنە جوانەکان، وەک خۆیان لە هزریاندا بمێننەوە و تێکنەچن.

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی، کە لەسەر زاری ئەم کارەکتەرە لاوەکییەوە خراوەتەڕوو، باسکردنە لە پێوەندیی مەرگ و ژیان، لەگفتوگۆیەکدا، لەگەڵ (بێڤەر)دا لەسەرەتادا ئاماژە بەوەدەکات، لەڕێگەی باسکردن لەمەرگەوە، دەمانەوێت، بگەینە وەڵامی پرسیارە جەوهەرییەکانی بوون و ژیان، پاشان پێیوایە، کە مرۆڤ هەمیشە بۆ دۆزینەوەی بوونی خۆی لە گەڕاندایە، بەڵام قەتیش پێی ناگات، ئەمەش ئەمانباتەوە بۆ  هەمان تێڕوانینی (لاکان) کە دەڵێت"من هەمیشە نوقسانە و ئاماژەیە بۆ بۆشایی، واتە جەوهەرێکی نییە، شوێنێکی خاڵییە کە ئاماژە بە ئامادەگی دەکات، بۆ هەڵگرتنی شوناسێک، بۆ تەماهیکردن لەگەڵ کەسێک یان بابەتێکدا کە دەبێتە هەوێنی کارەکتەرو داڕێژەری شوناس"، (عەلی،٢٠١٢،٧٣)، واتە من هەمیشە لەگەڕاندایە بۆ کامڵبوون و هەڵگرتنی شوناسێک، بەو واتایەی، بوون لە گۆڕانکاریی و نوێ بوونەوەدایە و بە بەردەوامی، خواستی گەیشتن بە قۆناغی باشتر و خۆتەواوکردنی هەیە، هەموو سەفەرەکانی مرۆڤ لەم پێناوەدایە، ئەگەرچی ئەم گەڕانانەش هیچی لێ سەوز نابێت، بەڵام مرۆڤ هەمیشە گەڕیدەی ئەم ڕێگەیەیە، هەروەک دەڵێت:
**"ئێمە باس لە مردن ئەکەین و مەبەستی تەواومان لەژیانە، دیوی ئەمدیوی شتە گەورەکانمان مەبەستە، تا ڕادەیەکی زۆریش، لێمان ڕوون بووە کە هیچ گەڕانێک چاومان تێر ناکات، ئێمە تێر نابین، لە جێی خۆمانین و ناجوڵێین و لەگەڵ ئەوەشدا، هەر ئەشگەڕێین، ئەو گەڕانە تاقە شتیشە، کە بنیادەم تێر ئەکات، قەت هیچی بۆ نادۆزرێتەوە، کەچی ئەوەی پێخۆشە... پیاو لە ئێمە سەرهەڵگرترە، بێڤەر ناو! من تەنها لە خۆمانا و ئێستاکە ئا لەم شوێنەی وا لێی ئەژین و لە تۆشا، ئەم سەرەم بینیوە کە گەشت ئەکات و ئەگەڕێت، هەندێجار بنیادەم لە ئاستی خۆی ئەچەقێت، کەچی گەشتێکی وەهای دنیا ئەکات، کە هەرچی پرسیارە، لەلای ئەورووژێن،"** (سەلمان،٢٠١٥،٢٤٠).

**ڕەهێڵە:**

یەکێکی دیکەیە لە کارەکتەرە لاوەکییەکانی نێو ئەم ڕۆمانە، لە نێو دەقەکەدا ڕۆڵی زۆر لاوەکییە، جگەلەوەی نووسەر لە سەرزاری ئەم کارەکتەرەوە ئاوڕی لە چەند گرفتێکی کەم داوەتەوە ،هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە دەقەکەدا نییە، بۆنموونە لە گفتوگۆیەک، لەگەڵ ژنەکاندا ئەوە دەخاتەڕوو، کە هیچ شتێک لەلای مرۆڤ بە تەواوەتی، پاک و بێ خەوش نییە، تەنانەت خۆشەویستیش جۆرێک لە خڵتی هەر تێدا دەبێت، هەربۆیە، هەموو مرۆڤەکان دوای هاتنە دونیاوە بە دوای خۆشەویستییەکی  پاک و بێگەرددا وێڵن، چونکە هەمووچەمکەکان تێڕوانین و هزری مرۆڤ بۆ ژیان و مرۆڤیش بۆ خۆی بوویەکی ناکاملە، بۆیە هەموو ئەو چەمکانە بە خۆشەویستییشەوە ناکامڵ و پڕ لە خەڵت دەبن، هەروەک دەڵێت:**"بەو جۆرەی تۆ ئەڵێیت، ئەبێ هەموومان بە پیاو و ژنەوە بچینەوە ناو سکی دایکمان، ئێ هەر لەوێ پاکی و خۆشەویستی ساف و بێ خڵتە هەیە، خاڵی پشکنینمان بە دوای ژیان و مردنیشا، هەر لەوێوە دەست پێ ئەکات، بە دەرچوونمان لەسکی دایکمان، هەموو ئەگەڕێن بەدوای شتێکدا، پێی ئەڵێن چی؟ پیاوانزێتر ئەگەڕێن، ئەچن بە شوێن ئەو خاڵەی هەموو هاودژەکان تێیدا یەک ئەگرنەوە، هەر بۆیە بە ئاسانی ئەڕۆن و سەریشیان هەڵئەگرن"**، (سەلمان، ٢٠١٥،٢٤٤). (ڕەهێڵە) پێمان دەڵێت، هەمیشە مرۆڤ وێڵە بە دوای دەنگێکی ناخدا، هەم ئارام بەخش و هەم نائارام، هەم ژیان بەخش و هەم وێرانکەری ژیانیشە، کە ئەویش هەوڵیەتی، لە پێناوی کامڵی چەمکەکاندا بە خۆشەویستیشەوە، پێشمان دەڵێت، پیاوزێتر دەبێتە گەڕیدە لەو پێناوەدا.

هەر لە درێژەی تێڕوانینەکانی ئەم کارەکتەرەدا بۆ خۆشەویستی بە گشتی و خۆشەویستی نێر و مێ بە تایبەتی، ئەوە دەخاتەڕوو، کە پیاو بە بێ ئافرەت هەگیز قۆناغی منداڵی تێناپەڕێنێت، کاتێکیش تێیپەڕاند و لە قۆناغی منداڵی دەرچوو، گەر ژن نەبێت، دیوە شەڕخوازییەکەی، زێتر زاڵدەبێت، چونکە ئەوە ژن و ئیشقی ژنە دەبنە هۆی ئارامی و نیشتەجێبوون و هەندێک جاریش، هەر ئەم ئیشقە، دەبێتە ڕێگەیەک، بۆ خۆدۆزینەوە، بەشێوەی نیمچەیی، بەپێچەوانەشەوە، لە نەبوونی ئەم ئیشقەدا پیاو بەرەو ئاراستەی توندوتیژی دەڕوات، دەڵێت: **"پیاو منداڵێکیشە، پووری گیان، هەرگیز بێ ژن ناتوانێت لە مەلۆتکەیی دەربچێت، کە دەریشچوو، گەلێک ترسناکە، یەکسەر کەڵبەی لێ ئەڕوێت، باوبۆران لە مێشکیدا هەڵئەگرێ، تۆفانێکیش ڕێ لە پێشکەوتنی بۆ جەنگ ناگرێ، ڕەنگە چیرۆکی تۆ و ئەو پیاوەش هەر لەوەوە نزیک بێت، با بەبێدەنگی خۆتی پێ**

**بخۆیەوە..."**، (سەلمان،٢٠١٥، ٢٣٩). کەواتە هۆکاری بەشێک لە خراپەکارییەکانی پێشووی (ئادەم) ئەوە بووە ،کە ژنێک لە ژیانیدا نەبووە.

**ئەفسانە:**

یەکێکی دیکەیە لە کارەکتەرە لاوەکییەکانی نێو دەقەکە، کە لەڕێگەیەوە گفتوگۆی چەند چەمکێک دەکرێت، ڕۆڵی لە تیشک خستنەسەر چەند کارەکتەرێکی دیکەی نێو دەقەکەدا هەیە، بۆ نموونە لە ڕێگەی گفتوگۆیەکەوە، لەگەڵ پوریدا، هۆکاری هەڵهاتنی دایکی ڕوون دەکاتەوە، کاتێک پوری (مەندان) ڕەخنە لە (بێڤەر) دەگرێت، کە لەبەر خۆشەویستی هەڵهاتووە، ئەم کارەکتەرە بە پوری دەڵێت، کە دایکشی پیاوێکی خۆشدەویست و بەجێیهێشت، بۆیە بەم هەڵهاتنەی ئەوی کوشت، کە مەبەست لێی، کوشتنی دەروونی و مەعنەوییە، نەک جەستەیی، ئەمەش وەک بەرگرییەک لە (بێڤەر) ناو، لە پێناو مانەوەی لە ماڵی ژنەکاندا، دەڵێت: **"هەموو حیکایەتەکانی ئیشق هەر وەها کۆتایی پێدێت، پووری گیان. ئەگەر ئەوە بەمردن کۆتایی نەیەت! ئەی دایکیشم پیاوێکی بە هەڵهاتن نەکوشت؟"**، (سەلمان،٢٠١٨، ٢٢٨)، دیارە، مەبەستی ئەوەیە، کە زۆربەی زۆری پێوەندیی نێوان عاشقەکان، یان بەجیابوونەوە و دوورکەوتنەوەی یەکێک لە دووجەمسەرەکەی ئەم پێوەندییە کۆتایی دێت و یەکێکیان ئەوی تریان بە جێدەهێڵێت، یان یەکێکیان دەمرێت، لەحاڵەتی بەیەک گەشتنشدا، خودی ئیشقەکە دەمرێت، لەڕێگەی ئەم گفتوگۆیەوە، بۆ خوێنەر ڕووندەبێتەوە (سەکینە)ش، لە ڕابردوودا پیاوێکی بە جێهێشتووە، جا ڕوون نییە، کە ئەو پیاوە هاوسەری بووە یان نا.

کاتێک دایکی(سەکینە) سەرزەنشتی خۆی دەکات، بەوەی (وەستا/ئادەم)ی بەرەو وێڵبوون ناردووە، (ئەفسانە) بە دایکی دەڵێت:**"ڕاستە، دایەگیان، تۆ بەرەو دونیای وێڵبوونت ناردووە، تەنها شەڕیش لەبری ئەوە دەرهەقی پیاو دێت، ژن پیاو ئەنێرێت بۆ دونیای وێڵبوون، دەنا ئەو خۆی نەچووە، هیچ پیاوێک خۆی ناڕوات، ئەمەش ڕۆیشتن نییە، وێڵبوونە، ئەگەر وێڵبوونیش نەبێت، چەقبەستە لە کات و تەنیا ئەوەی بۆ ماوەتەوە، چاوەڕوانی تۆ بکات دڵت بکەوێتەوە ئیش"**، (سەلمان،٢٠١٥، ٢٣٨)، لێرەدا، ئەوەی گرنگە، (ئەفسانە) پێیوایە، تەنیا شەڕ لە بری خۆشەویستیی پیاو بۆ وێڵبوون دەنێرت ، چونکە ئەو دۆخەی، کە خۆشەویستی دروستی دەکات، لەلای مرۆڤ سەبارەت بە نائارامی خود، ڕەنگە تەنیا لە حاڵەتی شەڕدا، لەلای مرۆڤ بەرجەستە ببێت، جگەلەوەی، ئەم کارەکتەرە جیاوازی

له نێوان ڕۆشتن و وێڵبوون دەکات بەوەی"ڕۆیشتن بە ویستی کەسەکە خۆیەتی، وێڵبوون هۆکاری زۆر گەورەی لەپشتەوەیە. ئێمە لەم ڕۆمانەدا، باس لە پیاوی کورد دەکەین، کە سەختی ژیان و نەبوونی ئارامی و چوون بۆ شەڕ، بەدرێژایی ژیانی وای لێدەکات، ڕۆژێک هەر لەو دۆخە هەڵدێت، لێرەدا، سەکینە(وەستا/ ئادەم)ی بەرەو وێڵبوون نارد، چونکە دەبێت بزانین، کە ئەوان دوای ڕۆیشتنی (وەستا/ ئادەم)، هیچ هەواڵێکی کۆنکرێتیی لەبارەوە نازانن، ئیدی ئەوە لە ڕوانگەی ئەوانەوە وێڵبوونە. بێ ئۆمێدی لە خۆشەویستیدا، دیوێکی تری ئەو وێڵبوونەشە"، (سەلمان، چاوپێکەوتن،٢٠٢١). هەروەها دەڵێت: **"ژن لە حاڵێکا پیاو ئەکوژێت، کە زۆری خۆش بوێت، لە قینا پیاو ناکوژێ، لێی ئەبووڕێ، تاکوو ببێتەوە بە منداڵ و بۆ باوەشی دایکی بگڕ"**،(سەلمان،٢٠١٥،٢٣٣)، بێگومان، ئەو کوشتن و وێڵبوونەش، لە پێناوی بەردەوامی ئەو خۆشەویستییەدایە.

هەر لەڕێگەی ئەم کارەکتەرەوە، ڕۆماننووس تیشک دەخاتە سەر لایەنی دەروونیی ڕزگاربووانی ئەنفال و بۆ خوێنەری ڕوون دەکاتەوە، بەهۆی لە دەستدانی ئازیزانیان و دوورکەوتنەوەیان لە خۆشەویستانیان، بە هۆی شالاوی ئەنفالەوە، هەموویان مردوون، :**"ئەفسانە هاتە قسە و دەستی بۆ دایکی درێژکرد، گوتی" ئائەو ژنە ئەبینی، بێڤەر، ئەوە مردووە، ڕەنگە هەمووشمان مردبین، لەوانەشە تۆش هەر لیرە نەبیت و تەنها ئەم باسانەی ئەیکەین، ئاڵوگۆڕی قسەی نێوان خۆمان بێت و تۆمان خولقاندبێت"**، (سەلمان،٢٠١٥،٢٤٢)، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە، (ئەفسانە) ئەوە دەخاتە ڕوو، کە بەهۆی ئەم گفتوگۆیانەوە، بوون بە (بێڤەر) دەبەخشن و هاوشێوەی چەند چیرۆکێکی تر کە دەیخولقێنن، دیارە، مەبەست لە خولقاندنی (بێڤەر)یش ،جەستەیی نییە، بەڵکو مەعنەوی و هزرییە، چونکە دەیانەوێت، لە ڕێگەی بوونی ئەمەوە، چیرۆکەکان بگێڕنەوە، واتە چۆن چیرۆکێک دەخولقێنرێت، ئەوا ئەمیش بخولقێنن، بۆئەوەی بەهۆی ئەمەوە، گوزارشت لە چیرۆکەکانی خۆیان بکەن، ئەگەرنا ئەمیش، وەکو ئەوان هەر مردووە.

**ژینۆ:**

یەکێکی دیکەیە لە کارەکتەرە لاوەکییەکانی نێو کۆشک، ئەرکی ئەم کارەکتەرە پێشوازی کردنە لەو ڕێبوارانەی، ڕوو لە کۆشک دەکەن، گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات، پاشان دەیانبات بۆلای (ئادەم)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کارەکتەرێکی ڕۆشنبیرە، گفتوگۆ لەسەر زۆر بابەتی بیری و ڕۆشنبیری لەگەڵ میوانانی کۆشکدا دەکات، بۆنموونە کاتێک گفتووگۆ، لەگەڵ (مەردۆخ)دا دەکات، لە بارەی

بیرکردنەوە دەڵێت: "**بیرکردنەوە یەعنی ئازادی، کاک مەردۆخ! ڕەنگە هەر ئەمە بەس بێت بۆ قەناعەتکردنت، کە ئێرە جێی بیرکردنەوەیە! ئەگەر واشی نابینی، با ئەوە بێت کە خۆت ئارەزووتە، بەڵام من بەلای ئەوەیا ئەچم، کە ناتەوێ بیر لە داهاتوو بکەیەوە، تەنیا خەیاڵیش لەدەسەڵاتیدایە پەردەیەک دابداتەوە سەر ڕابردوو و پەردەیەکیشت بۆ هەڵداتەوە لەسەر ئەوەی خۆت ئەتەوێ بیری لێبکەیەوە**"، (سەلمان،٢٠١٥،١٠٧)، لێرەدا (ژینۆ) ئازادی، بۆ مرۆڤ دەکاتە مەرجی بیرکردنەوە ، پێیوایە، مرۆڤ لە شوێنێکدا دەتوانێت، بیربکاتەوە، کە ئازادی بوونی هەبێت، "ئازادی لای بوونی ڕەسەن گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە بوونی خۆی بە ئازدییەوە وابەستەکردووە، ئەوی ڕەسەن لە ڕوانگەی ئازادی خۆیەوە، جیهانی خۆی دادەمەزرێنێت، هەر لە دەلاقەی ئازادیشەوە بیرکردنەوە و هەست و کردارەکانی ئەم بوونە، لە چوارچێوەیەکی یەکگرتووی ئامانجدار دەردەکەوێت"، (ڕۆستەم، ٢٠١٦،٦٤)، بۆیە، گەر لە شوێنێکدا ئازادی نەبوو، بیرکردنەوەیەکی دروست مەحاڵە، لە کۆشکدا ئازادی هەیە، بۆیە بووەتە شوێنێک بۆ بیرکردنەوە. جگەلەوەی، (ژینۆ) جەخت دەکاتە سەر توانای خەیاڵکردن و خەیاڵفراوانی، وەک گرنگترین سیمای کەسێتیی مرۆڤ و جیاوازیشی لەگەڵ کەسانی ئاساییدا پێدەبەخشێت، ئەوە خەیاڵە، وا لە مرۆڤ دەکات کە گەشبین بێت  بە ژیانی، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت، هەر کاتێک خەیاڵ داگیرساوبێت، بەبێدەنگی گەورەترین شۆڕش لە ژیاندا بەرپادەکات، هەر لەڕێگەی ئەم خەیاڵەوە لە ڕابردوو دەربازمان دەبێت، خەون بە داهاتووەوە دەبینین.

هەروەها لە گفتوگۆیەکی تردا، دەربارەی شاکار بوونی دەق، بۆچوونێکی دژەباو دەربارەی شاکاری بوونی دەق دەخاتەڕوو، ئاماژە بەوە دەکات، ئەوە چێژی خوێنەرە، بڕیار لە شاکار بوونی دەق دەدات، نەک کۆمەڵێک مەرج و پێوەری پێشوەختە، بێگومان ئەم چێژەش، بە پێی پاشخانی ڕۆشنبیری و هزری کەسەکان دەگۆڕێت، هەربۆیە نکۆڵی لە شاکاربوونی دەق دەکات و پێیوایە، چەند خاڵێکە، کە کۆمەڵەکەسێک دایانهێناوە نابێتە پێوەر بۆ بڕیاردان لەسەر شتەکان، دەڵێت: "**بەڕێز، لەلای من هیچ شتێک نییە ناوی شاکار بێت، یاخود لەخواروو و سەرووی ئەوەوە بێت. ئەوە تاموچێژی کەسێکە، یان چەند کەسێکە، کە پرسیاری ئەوە ئەکەن، تا چەند کارێک بە شاکار سەیر دەکرێ... هەمووشتێک ئەمرێت. تەنانەت شاکارەکانیش**".(سەلمان،٢٠١٥،٨٢)، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت، دەق چێژە و چێژش بە پێی هزری خوێنەر دەگۆڕێت، بۆیە شاکاربوونی دەقێک دەکەوێتە سەر ئەو خوێنەرەی، لەهەر خوێندنەوەیەکدا بە جۆرێکی نوێ دەق دەبینێت، پێیوایە، بە تێپەڕبوونی کات شاکاریش هەر دەمرێت، بەڵام جوانییەکانی، دەبێتە سەرچاوەی لە دایکبوونی

دەقێکی نویێ، واتە کار دەکاتە سەر هزر و دەروونی نووسەرێکی دیکە، دەقێکی جوانی تر بەرهەم دەهێنێت: "**دواجاریش هەر ئەمرن، بە جوانیی خۆیانەوە ئەمرن، لە نێو دەقی جوانیی ئەوانیتردا ئەمرن، بە کورتی جوانێک ئەمرێ و جوانێکیتر لە دایک ئەبێت، هیچ شتێک نەمر نییە**"، (سەلمان،٢٠١٥،٨٣).

هەر لە درێژە قسەکانیدا، (ژینۆ) پێیوایە، گرنگە، مرۆڤ نەکەوێتە ژێرکاریگەریی زۆرینەوە و شتە باوەکانی زۆرینە نە جوێتەوە، بەڵکو خاوەن تێڕوانینی خۆی بێت، ئەمەش وادەکات، خۆت بیت، نەک ئەوانی تر، دەڵێت:"**گرنگە ئێمە نەکەوینە نێو ئەو شتانەی پێشتر باس کراون و وتراون. مەبەستم شتە باوەکانە، کە خەڵکی بەکورتی و درێژیی تەمەنیان ئەیڵێن و ئەیڵێنەوە و زمانی پێیائەهێنن، کە لێی تێگەیشتوون، کەچی فریان بەسەریەوە نییە**".(سەلمان،٢٠١٥،١٠٠)، ئەم کارەکتەرە تیشک دەخاتە سەرئەوەی، پێویستە مرۆڤ خاوەن تێڕامانێکی قووڵ بۆ خود و دەوروبەر بێت، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە، زۆرینەی مرۆڤەکان چەند بۆچوونێکی یەکتر دەڵێنەوە، بەبێ ئەوەی، لێی تێگەیشتبن، بەڵکو تەنیا دووبارەکردنەوەیەکی کوێرانەیە و دوای زۆرینە کەوتوون، لەمەش گرنگتر ئەوەیە، کە زۆرجار مرۆڤەکان لە شتەکان تێناگەن، بەڵام وای نیشاندەدەن، کە لێی تێگەیشتوون و هەندێکجار، وەک شارەزای ئەو بوارەش خۆیان دەردەخەن.

لە گفتوگۆیەکی دیکە، لەگەڵ(مەردۆخ)دا کاتێک لە بارەی کۆشکی پیاوانەوە دەدوێن (مەردۆخ) دەیەوێت، لە کۆشک بڕوات، چونکە ژنی لێ نییە، بەمجۆرە (ژینۆ) تێڕوانینی خۆی دەربارەی ژن دەردەخات و دەڵێت:"**کاک مەردۆخ، ئێمە وەک تۆ ئێرەمان هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەیە جارێک خۆمان شارەزای خۆمان ببین، کە گەیشتین بەمە، ئەوسا ژن بەدوای ژندا دێنە ئێرە... ژن شەوە، شێوەی نییە، نە سەرەتا و نەکۆتایی، لە تاریکی ڕەهادا دەرئەکەوێ و دێت، تا ئەم سوڕانەوەی ئێمە ڕابگرێ، بەو جۆرە تاریکییە ئەچێت، کە تۆ لێی تێڕاماوی، ئەوەشی وتت، زۆر دروستە، ئێمە ژنمان دەست ناکەوێت، ئەگەر ژنێک لێرە نییە، چونکوو ژن هێشتا تراویلکەیە و بۆمان ناگیرێ، هەمیشە وا ئەزانین وا لە نێو دەستمانە- هەر وەک ئەو ئیشقەی خۆت باستکرد، کەچی هەر بەدوایا ڕائەکەین و نایگرین، ژن جیوەیە، لە هەمان کاتدا شێوەی نییە و دەیان شێوەشی لێ دروست ئەبێت، ژن ئەو وشانەشە، کە قەت لە کاتی خۆیا لێیان تێناگەین...**"، (سەلمان،٢٠١٥،٢٩٠)، جێگەی ئاماژەیە، لە تەواوی ڕۆمانەکەدا، تەنیا لەم گفتوگۆیەی نێوان (مەردۆخ) و (ژینۆ)دا ئەوە بۆ خوێنەر ، لە داهاتوودا ژن دێتە نێو ئەم کۆشکەوە، کە ئێستا تەنیا پیاوی لێ دەژێت، هەروەها دەبێت

لەبیرمان نەچێت، ئەم کارەکتەرە ئاماژە بەوەدەکات، سەرەتا مرۆڤ(پیاو) پێویستە خۆی بناسێت، گەر بەشێوەی نیمچەییش بێت، پاشان هەوڵی ناسینی ژن بدات، چونکە مرۆڤ بەگشتی و پیاو بە تایبەتی ،تا خۆی نەناسێت و خۆی نەدۆزێتەوە و خاوەن بوونی خۆی نەبێت، ناتوانێت، دەوروبەر و بەتایبەت ژن بناسیێ، کە لێرەشدا ژن وەک کارەکتەرێکی ئاڵۆز ناسێنراوە، بەوەی "کە ژن بە شەو دەچووێنرێت،، واتە ژن سەرچاوەی ئیلهام و داهێنانە، بەڵام وێنەیەکە کە ئاسان نییە، بگیرێت، هەر وەکو جیوە، کە زوو شێوەی دەگۆڕێت، ئەم گۆڕینە ئیجابییە، پێوەندیی بە نوێبوونەوە و داهێنانەوە هەیە، نەک بە کەسایەتیی ژن، یان نابێت، وەک دووفاقەی دەروونی سەیر بکرێت. ئەوەش بۆ خودی داهێنان دەگەڕێتەوە، کە ئاڵۆزە و هەموو کەس وەها بەئاسانی، ناتوانێت، داهێنان بکات. چواندنی ژن بە ئاڵۆزی، هەمان چواندنە، بەو لایەنە قورس و ئاڵۆزەی داهێنان".(سەلمان، چاوپێکەوتن،٢٠٢١)، هەربۆیە، تێگەیشتن لێی هەمیشە ئاڵۆزە و درنگ وەختە.

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی، کە ئەم کارەکتەرە گفتوگۆی لەسەر دەکات، خەونە، دەربارەی خەون دەڵێت:**"خەون دۆزینەوەشە، کاک مەردۆخ! ئێمە بە نێو ئەو شوێنانەیا ئەڕۆین، کە نەمانبینیون، ئەبینە گەشتکارێک، کە بە گەیشتنی بۆ شوێنێک، دەروبەری خۆی ئەپشکنیێ، شتەکانی ئەویێ ئاشکرا ئەکات".** (سەلمان،٣٦،٢٠١٥)، ئەم کارەکتەرە باس لەوە دەکات، کە سەرچاوەی دۆزینەوەکان خەونە، هەر ئەم خەونەش مرۆڤ دەکاتە گەڕیدە، تا هەموو پەنتەکان بپشکنێت و شتەکانی ناوی ئاشکرابکات.

پاشان، هەر ئەم کارەکتەرە بەراوردێکی وردی نێوان زیرەکی وفێڵ دەکات، دەڵێت، هەمیشە مرۆڤەکان مەیلیان بۆ فێڵ زێترە، چونکە کەسی زیرەک بیرۆکەکانی وشک و وزە مژە و مرۆڤ ماندوو دەکات، بەڵام کەسی فێڵباز هەمەڕەنگی دەبەخشێت و دەتوانێت، بیرۆکەکانی لە هەموو دۆخێکدا بەکاربهێنێت و مرۆڤ دەرباز دەکات، بەڵام زیرەکی لە هەموو دۆخێکدا بەکارنایەت، دەڵێت: **"کاک مەردۆخ، فێڵ ڕاستییەکی نەمرە و زیرەکیش ڕاستییەکی مردووە، هیچ زیرەکییەک نابینم، کە بەشەر لە نەهامەتی ڕزگار بکات، دەی وەرە و بزانە چۆن بە فێڵێکی بچووک، کەسێک خۆی لە هەرچی دۆخی ترسناکە نەجات دەدات"،** (سەلمان،١١٥،٢٠١٨).

## پاساری ناو:

یەکێکی دیکەیە لەکارەکتەرە لاوەکییەکانی نێو کۆشک، نووسەر لە ڕێگەی ئەم کارەکتەرەوە گوزارشت لە خەم و ئاریشەی ئەو تاکانە دەکات، کە پێیاندەوترێت(دووتوخم)، ئەم کەسانە لە

کۆمەڵگەی دواکەوتوودا، هەمیشە، وەک کەسێکی پلە دوو سەیر دەکرێن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر باری دەروونییان دەبێت، (پاساری ناو) ناوەکەشی، هەر لەم خەم و ئازارەوە وەرگیراوە، چونکە پاساری(چۆلەکە)، هەمیشە بەگومانەوە سەیری دەوروبەری خۆی دەکات، بۆیە بووە بە تاکێک، کە متمانەی بە خۆی نەبێت و هەمیشە بەگومان بێت، ئەم کارەکتەرە، هەندێجار تووشی هەڵچوون دەبێت وەک کاردانەوەی ئەو دۆخەی، کە تێیکەوتووە، چونکە لە ڕووی جەستەییەوە دوو توخمە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، پێی دەوترێت(نێرەمووک)، ئەم دۆخە جەستەیی و کۆمەڵایەتییەی، توشی بارێکی دەروونیی ئاڵۆزی کردووە، ئەمەش لە ئەنجامی تێڕوانینی هەڵەی کۆمەڵ، بۆ ئەمجۆرە تاکەیە، هەر بۆیە کاتێک (مەردۆخ) پرسیاری دەربارەی (دووتوخم)بوونی لێدەکات، کاردانەوەی توند دەبێت، پاشان دەڵێت: **"ببوورە ئەگەر کەفوکوڵێک لە دەممەوە دەرچوو، قسەکانم بە ڕەق وەر مەگرە، گەلێکم چشتووە لەوەی هەموو ژیانم وەها سەیر بکرێم، من نوقسانم لەلای ئەوان"،** (سەلمان، ٨٥،٢٠١٥)، ئەم کارەکتەرە، بە هۆی ئەو دۆخە جەستەییەوە، کە هەیبووە، بەوەی، نە نێرە و نە مێیە، بۆیە خۆی، وەک یاخی دەبینێت لە ڕەوتی ئاسایی مرۆڤەکاندا **:"ئاخرمن هەر لە ئەزەلەوە سەرپێچیکەرم، بەڕێز! هیچکەس وەکوو من لێرە، لە نێو هاوڕێیانی ئێرە، مێژووی ژیانی وەک من بە سەرپێچیکەر و یاخی سەیر نەکراوە"،** (سەلمان،٨١،٢٠١٥).

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی، کە ئەم کارەکتەرە باسی لێوەدەکات، تیشک خستنەسەر شتە سادەکانە لە ژیاندا، کە هەندێجار ئێمە بایەخی پێنادەین، بەڵام ژیان لەسەر بنەمای ئەم شتە سادانە دەڕوات، بۆیە بە (مەردۆخ) دەڵێت: **"وایە وایە، کاک مەردۆخ زۆربەی جار شتە سادەکانی ژیانی ئەو سەردەمە فێرمان ئەکەن چۆن دیسان بەکاریانبهێنینەوە، هەر ئەوانەیش بە سادەیی ئەو ژیانەیان، زۆر شتی ئێستامان بۆ ڕوون دەکەنەوە،...بڕوات هەبێت کاک مەردۆخ ئەوەی کە ئێمەی بەشەر هەندێجار ئەوەنە بەسادە و بێبایەخ تەماشای ئەکەین، لە جێیەک هەر بە کەڵکە. بەڕێز ئادەم دەستی خستەسەر ئەو شتە سادە و ئاساییانە و ئێستا ئەزانین چۆن سودیان لێ وەربگرین"،** (سەلمان، ٩٦،٢٠١٥)، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت، بۆ هەموو شتەکان و هەموو هەنگاوە گرنگەکان، دەبێت لە سادەوە دەست پێبکەین، چونکە "سادەیی بایەخی خۆی هەیە، بەبێ شتە سادەکان هیچ سەرەتایەک بوونی نییە، مرۆڤ هیچ کات ناتوانێت لە ئاڵۆزییەوە دەست پێبکات، چارلیزدیکنز دەڵێت: دەرگا زۆر گەورەکانیش، تەنیا بە کلیلی بچوک دەکرێنەوە، بەڵام سادەیی تەنیا کلیلە، تەنیا ئەو کەرەستەیەیە قفڵەکان دەکاتەوە، بەڵام لەو دیوی دەرگاوە چی هەیە، ئەوە کلیلەکە ناتوانێت پێمان بڵێت. مرۆڤ لە

ڕێگەی کلیلەوە دەتوانێت دەرگاکان بکاتەوە، بەڵام ناتوانێت لەڕێگەی کلیلەوە بزانێت چی لە ژوورەکاندایە"، (عەلی،٢٠٢٢،٢٤٥)، بۆیە ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت، (ئادەم) لە ڕێگەی شتە سادەکانەوە، دەرگای خود ناسینی، بۆ کارەکتەرەکان کردۆتەوە.

## پیاوی کەنارزێکە(ژینۆ٢):

یەکێکی دیکەیە، لە کارەکتەرە لاوەکییەکانی نێو ئەم ڕۆمانە، لەسەرەتادا کاتێک (مەردۆخ) پرسیار دەربارەی ناوەکەی لێدەکات، دەڵێت، مێژووی ژیانمان بڕیار لەسەر ناوەکەمان دەدات:**"کاک مەردۆخی بەڕێز ئێمە بە ناو ناناسرێینەوە، مێژووی هەریەکەمان بریاری ئەوە ئەدات ناومان چی بێت، چیرۆکی ژیانی ڕابردوومان وردە وردە بە کەسەکان ئەڵێن ئێمە کێین وەک لە ناو خۆماندا ڕاهاتووین بڵێین و گرنگە تۆش ئەمە بزانی"،** (سەلمان،٢٠١٨،١٣٧). پاشان نووسەر لە ڕێگەیەوە چیرۆکێکی تری تراژیدیای سەردەمی ئەنفالمان بۆ دەخاتەڕوو، بەوەی ئەم کارەکتەرە، ئەگەرچی لە دایک و باوکێکی دکتۆر بووە و زانکۆی تەواو کردووە و خۆشی بووە بە دکتۆر، بەڵام بەهۆکاری ئەوەی، سەربازی زۆرەملێ نەیگرێتەوە، دەبێت بە پیاوی ئەو دەسەڵاتەی، کە ئەنفالی ئەنجامدا، لەم پرۆسە بەدناوەشدا، ئەرکی فرۆشتنی ئەو منداڵانەبووە، کە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون، بە وڵاتانی دیکە، لەگەڵ کەسێکی تردا، پێکەوە دەبێت، ئەم منداڵانە بەسەلامەتی بپارێزن، تا دەیان گەیەنە دەستی کڕیاران وەک هەر کاڵایەکیتر، دەڵێت: **"ئەو کەسە هاوڕێم بوو، هەر بە حوکمی ئەوەی دەرچووی کۆلێژی پزیشکی بووین، پێکەوە بەرپرس بووین لە سەلامەتی کۆمەڵێ منداڵ، ئەبوو هەموویان وەک وتیشم، ساغ و بێ نەخۆشی و بێعەیب بن لە جێیەکدا خڕمان کردنەوە، وەک چەند کیلۆ سێوێک، لە سەربازگەیەکدا قایممان کردن، خۆی بورجێکی جێماوبوو فەرمانیان دابوو لەوێدا ئەو منداڵانە بشارینەوە، تاکو هێرشەکان تەواو ئەبێت. وابڕیار بوو ئەو کۆمەڵە مناڵە بفرۆشرێن. بەکێ؟ نازانین! بەڵام پێئەچوو بۆ وڵاتانی دراوسێ بێت"**،(سەلمان ٢٠١٥،١٣٣)، بەڵام دواتر، بەهۆی بەئاگاهاتنەوەی و بەرگەنەگرتنی ئەو ئازارە قووڵەی بە هۆی ئەم کارەوە دەیچێژێت، هەڵدێت و ڕوودەکاتە کۆشک، وەک خۆی دەڵێت:**"پاشا ساڵێک لە نەفامی و بارگرانیی ئەو دۆزەی باوکم بۆ پاراستنی ژیانم تێوەیگلاندم، توانیم ئابڕووم بکڕمەوە، ئەوەی ساڵانێک لێم ون ببوو، لەو ساتەدا هاتەوە بیرم، کە ئەو مناڵانە بۆیان گەڕانمەوە، لێم ڕوان بوو بۆ حەیا ئەونەجوانە"**،(سەلمان،٢٠١٥،١٤٠)، ئەم کارەکتەرە، هۆکاری وەرچەرخانی، بەرەو ئاراستەی مرۆڤ دۆستی بۆ ئازادکردنی ئەم گروپە منداڵە دەگەڕێنێتەوە، لەم کارەوە هەستی بەوەکرد، کە ساڵانێکە،

ڕەهەندی مرۆڤدۆستی ونکردبوو، ئەمەش دەبێتە سەرەتایەک، بۆ گۆرانی ژیانی و دەستپێکی نوێ، بووەوە بە مرۆڤێکی خاوەن بەها.

هەر ئەم کارەکتەرە لاوەکییە، سەرنجمان بۆ بەراوردکارییەک لە نێوان خاک و ژندا ڕادەکێشێت، ئەمەش لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ (مەردۆخ)دا، دەڵێت:"**جووتیاری ئەرکە، ئەرک تێکۆشانە، جوانکردنی خاکی ڕووتە، هەر ئەو جوانییەشە، کە وێزگەی تەنهاییمان ئەسرێتەوە و لە خۆشەویستیی خاکدا ئەتوێینەوە، ئەمەش قورسە بە هەموو کەسێک ناکرێت لەگەڵ خاکدا تەبا بێت! ئێمە هەڵدێن لە ژن تاکو لەودا نەتوێینەوە! ئەوجا چۆن ئەتەوێ بچینە باوەشی خاکەوە**"، (سەلمان،٢٠١٥،١٣٢)، ئەم کارەکتەرە لەسەرەتای ئەم گفتوگۆیەدا، پێمان دەڵێت، یەکێک لە هۆکارەکانی هەستکردن بە تەنیایی لای مرۆڤ بۆ نەبوونی خولیا بۆ جوانکردن و ئاوەدانکردنەوەی خاک دەگەڕێتەوە، دەکرێت، مرۆڤ لە ڕێگەی سەوزکردنی خاکەوە، تەنیایی خۆی لەناوبەرێت، چونکە ئاوێتە بوونی خاک، خۆی لەخۆیدا هۆکارێکە، بۆ نەمانی هەستی تەنیایی لەلای مرۆڤدا، ئەم کارەکتەرە، پێیوایە، ئەم ئەرکەش قورسە هەمووکەس ،ناتوانێت، هەستێ بە جوانکردنی خاک، واتە ژیان دۆست و مرۆڤدۆست بێت، پاشان ئاماژە بۆ ئەوەدەکات،، پیاو بۆیە لەژن هەڵدێت تاکوو بە ئاوێتە بوون بەژن خۆی وننەکات، بەڵام کاتێک کاری بۆ جوانکردنی خاک کرد، بەجۆرێک ئاوێتەی دەبێت، کە دەستبەرداربوونی مەحاڵە سەرئەنجام خۆشی ون دەکات.

## مام سەمەنی:

یەکێکی دیکەیە، لە کارەکتەرە سادە و لاوەکییەکان، کە بە شێوەیەکی لاوەکی و لەیەک شوێن لە نێو دەقەکەدا دەردەکەوێت، ئەم کارەکتەرە، کە پیشەی دروستکردنی شیرینییە، بە تەنیا ژیان بەسەر دەبات، دواتر (ئادەم) ناو دەچێتە لای، ئەم تەنیایەش بۆ مردنی هاوسەرەکەی دەگەڕێتەوە، گرنگیی ئەم تەنیایەش، لەزاری خۆیەوە دەخرێتەڕوو ودەڵێت: "**من ناپلیۆنێکی تەنیام، ئاوا بۆ خۆم بە هێمنی خەریکی کەرەستەی شیرینییەکانم، ئەمەش هەر بە تەنیایی ئەکرێت، کە تەنیا بووی بەرهەمت ئەبێت و جۆری بەرهەمەکەشت باش ئەبێت**"، (سەلمان،٢٠١٥،١٩٣)، بەکارهێنانی ناپلیۆن دەگەڕێتەوە، بۆئەوەی، مرۆڤ لە تەنیایدا دەتوانێت، جەنگی خۆی لەگەڵ خۆیدا ئەنجامبدات، ئەمیش تەنیایەو هەرخۆی شەڕی خۆی دەکات، ئەم کارەکتەرە، پێمان دەڵێت، تەنیایی وێسگەی تێڕامانە، مرۆڤ دەتوانێت، لە تەنیاییدا زۆر شت بکات و زۆریش بگۆڕێت. هیچ شتێک هێندەی تەنیایی خزمەت بە مرۆڤ ناکات، تەنیایی دەرفەتێکە بۆ ئاوەڕدانەوە و تێڕامان و خود دوواندن. ئەوەی

چارەنووسی مرۆڤ دەگۆڕێت، ئەو ساتانەیە، لەگەڵ خۆیدا دادەنیشێت و ڕاستگۆیانە خۆی دەدوێنێت و دواجار بڕیاردەدات، گەیشتن بە تەنیایی، گەیشتنە بە کامڵبوون و بیرکردنەوەی چارەنووسساز لەبارەی خۆتەوە، هیچ پسپۆڕێک ناتوانێت، هێندەی خودی مرۆڤ بڕیارێکی دروست و لۆژیکی بدات، بۆیە، مرۆڤ تەنیا لە تەنیاییدا دەتوانێت لە خۆی ڕابمێنێت و بەرهەمی هەبێت.

لە ڕێگەی (ئادەم)ەوە بەشێک لە بیری ئەم کارەکتەرە دەخرێتەڕوو، بەڵام کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر (ئادەم)دا نەبووە، چونکە لەو تەمەنەدا، (گەنجیی ئادەم) لێی تێنەگەیشتووە، کاتێک لێیتێگەیشتووە، کە خۆی لە گەشتی مانادابووە، (ئادەم) بەمجۆرە کەسێتیی(مام سەمەنی) دەخاتەڕوو:**"هەرچەشەی لێکردم، کە لەبری کتێبخوێندنەوە، ببمە پیاو، منش قەت لەو وشەیە تێنەدەگەیشتم، نەمدەزانی بوونبە پیاو مانای چییە! پێم گوت بەڕاستی تێناگەم خاڵە، بڕوام پێ بکە خاڵە گیان، من لەو مەسەلەی"ببە بە پیاو"ە تێناگەم، دەی بۆمی ڕوون بکەرەوە، تاکو بزانم چی بکەم و مەبەستت چییە، کۆمەڵێ قسەی پێ وتم، کە زۆر دوایی لێی تێگەیشتم، ئەوەش پاش شیکردنەوە، ئا ئەمەی ئەگەیاند" بڕۆ بە دوای مانادا بگەڕێ، هەتا ماویشی، دونیا لە بەردەستت ئەبێت، خەڵکی بە نێو دەواری تۆدا دێن و دەڕۆن، بەڵام تامی ئا ئەو وشەیە نادۆزیەوە"،** (سەلمان،٢٠١٥،١٩٧)، ئەگەرچی، هیچ واتایەک لە تەمەن و ئەزموون دابڕاونییە، کە مرۆڤ خۆی بۆتەرخان دەکات، واتا ئەزموونی تێگەیشتنخوازانەی مرۆڤە، لەتەک بووندا، هۆشمەندی و ئاگامەندی مرۆڤە لە ئاست جیهاندا، گەڕان بەدوای واتادا، گەڕانە بەدوای مرۆڤدا، گەڕانە بۆ ڕاستێتی مرۆڤ، گەڕانە بۆ سەرچاوە و بناغەی مرۆڤ، چونکە مرۆڤ قسەکەری بوونە، بوون بەگشتی لە بوونی مرۆڤدا دەردەکەوێت، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت، مرۆڤ تینویەکی هەمیشەیی فەلسەفەی واتایەو هەتاهەتایە، وەک بوونێکی تینوی واتاش دەمێنێتەوە، چونکە هیچ کاتێک تنۆکێک ئاوی ئەم پرسە هەمیشەیی و وەرسکەرە نادۆزێتەوە، تا تینوێتی بشکێت، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت، گەیشتن واتا پێوەندیی بە خوێندنەوەی کتێبەوە نییە، دەکرێت، مرۆڤ خوێنەری کتێبیش نەبێت بێتە ناو ئەم پرۆسەیەوە، بەڵام پێمانوایە، بەبێ تێکەڵبوون بە دونیای هزری، کە ئەمەش زیاتر لەڕێگەی خوێندنەوەوە دەبێت، کارێکی قورسە، مرۆڤ تێکەڵ بە پرۆسەی ماناخوازی بێت.

لەم ڕۆماندا، تەنیا کارەکتەری مرۆڤ داڕێژەری بنیاتی دەقەکە نییە، بەڵکو کارەکتەری ئاژەڵیشی تێدایە، بۆنموونە (تانجی) وەک کارەکتەرێکی ئاژەڵ لە نێو ڕۆمانەکەدا، ڕۆڵێکی لاوەکی هەیە، کاتێک (مەردۆخ) لە کۆشکی پیاوەکاندا دەردەچێت، لە ڕێگەی ئەم کارەکتەرەوە، کە لای گۆڕێکی گەورەیە،

وەک ئاماژەیەک بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکان تووشی دەبێت، دەبێتە هاوسەفەری (مەردۆخ)، تادەگاتە ماڵی ژنەکان:"**لە پڕا ئاژەڵێک هاتە بەرچاوی، داچڵەکا، تا هاتەوەسەرخۆی، بەچاکی دیقەتیدا، هەمان تانجییە، کە لەلای دواگۆڕەکەی سەر ڕێ تووشی بوو،... مەردۆخ چاوی لەوکرد، هەردووکیان وەک دوو تاقە بونەوەری تەنیا، گومانیا لە بوونی یەک کرد، بەوەدەچوون لە یەکتر جێ مابن، بە چاوێکی ماندووەوە تەماشای یەکیان دەکرد، تانجییەکەش وەک مەردۆخ قەپوقوڕ ببوو، قاچەکانی باریک و درێژ، ئەوەندەی تر بەرز دەینواند، مەردۆخ هیچ کاتێک ئەوەندە پێویستی بە هەوتا نەبوو، بە بینینی تانجییەکە، زۆر گەشایەوە، بینینی هاودەمێکی نەناس ئا لەم چۆڵەوانییە، بۆ خۆی ڕەحمەتە**"،(سەلمان،٢٠١٥،٣٠٠)، ڕۆماننووس پێماندەڵێت، کارەسات و جەنگەکان، تەنیا مرۆڤ ناکاتە قوربانی، بەڵکو ئاژەڵ و ژینگەش، هاوشێوەی مرۆڤەکان، دەکاتە قوربانی، بۆیە ئەم ئاژەڵەش بە تەنیا ماوەتەوە و دەبێت بە هاوەڵی (مەردۆخ). جێگەی ئاماژەیە، گێڕەرەوەی دەقەکە وێنەی (تانجی)مان، وەک ئاژەڵێکی پیرۆز بۆ دەکات، بەوەی، وەک ئاژەڵێکی تر ئاسایی نییە، دەڵێت:"**ئادەمیش هیچی بە ئاژەڵێکی ئاسایی نەدەچوو، ئەوەندەی وەک بوونەوەرێکی پیرۆزی میسۆپۆتامیا لە تەنیشتیەوە قیت لەسەر هەردوو پێی دواوەی دانیشتبوو، لەو عانەشەوە کە ناوی ئادەمی لێنرا، هەڵوێستی ئادەمییەکی لێ نیشت و هەستی ئادەمیزادێکی دێرینی تێدا ڕوا، گەلێک کپ و بێگلەیی بوو**"، (سەلمان،٢٠١٥،٣٠٦)، لەبارەی بە پیرۆز سەیرکردنی ئەم ئاژەڵەوە نووسەر دەڵێت:"تانجی، وەک ژمارە ئاژەڵێکی زۆرنییە. تاقانەیە، ڕۆمانەکە لەسەر ئەو لایەنی تاقەنەیەی کاری کردووە. هەر بۆیە ئەو تەنیایی و تاقانەییەی، بە ئادەم (کارەکتەر سەرەکی) دەشوبهێنێت. ئیدی (مەردۆخ) تەنیایی خۆی لەودا دەبینێتەوە و لەبەر هاودەمی ڕایدەگرێت. لەبەرئەوەی ئاژەڵ و باڵندەی تریش فەوتبوون، یان لە ترسی شەڕ و کوشتار هەڵهاتوون، ئیتر تەنها ژمارەیەکی کەمی ئاژەڵ، لەملاولادا ماون و ئەوانیش لە مرۆڤ دەترسن. بەکارهێنانی وشەی پیرۆز لێرەدا لەو ڕوانگەیەوەیە، کە چوێنراوە بە ئاژەڵی میتۆلۆجیی میسرییە کۆنەکان. ئەگەر تێبینیی وێنەکانی سەر دیواری فیرعەونەکان و میزۆپۆتامیا و شارستانییەکانی تر بکەین، دەبینین، کە ئاژەڵ زۆر ئامادەیە و هەمیشە پایەیەکی پیرۆزیان هەیە، لەم ڕوانگەیەشەوە، تانجی ناو ڕۆمانەکەش، لەبەر دەگمەنی و نەمانی بوونەوەری تر، بەو ئاژەڵانە شوبهێندراوە". (سەلمان، چاوپێکەوتن، ٢٠٢١)، هەروەک (مەردۆخ) دەڵێت:"**بەخوا تۆش باش تێگەیشتی، ئادەمی بەڕێز، لەوەی چۆن من کەس بەڕێوە نابینم و دونیا هەمووی خامۆشە و کاول بووە، ئەوها نموونەی تۆشمان تووش نابێت، بڕوات هەبێت، ئەمە هیچ جیاوازی نییە، هاوڕێم، بەوە ئەچێت توخمی تۆش و هاوشێوەکانتیان بنبڕکردبێ**"،

(سەلمان،٢٠١٥، ٤٣٤) هاوکات لەگفتوگۆیەکی ترشدا، لە نێوان (ژینۆ/پیاوی کەنارزێکە) و(مەردۆخ)دا، وێنەی ئەم ئاژەڵە بە پیرۆز دەردەکەوێت، کاتێک (ژینۆ) باس لە چیرۆکێکی ڕابردووی یەکێک لەکارەکتەرەکان دەکات، کە کارەکتەرێکی لاوەکی و بێ ناوە، تەنیا لەم دیمەنەدا دەردەکەوێت، وێنەی ئەم ئاژەڵە لە هەیوانەکەیدا دەبینرێت ودەڵێت: **"ئەویش لە هەیوانەکەیان پێشوازیی لێ کردین، وێنەی خۆی بە هەڵواسراوی لەگەڵ تانجییەکدا زۆر سەرنجی ڕاکێشام"،** (سەلمان، ٢٠١٥، ١٤٢).

یەکێکی دیکە لەو کارەکتەرە ئاژەڵە لاوەکییانەی، کە لە نێو ڕۆمانەکەدا هاتووە (شەمشەکوێرە)یە، ئەم کارەکتەرە کاتێک دەردەکەوێت، کە پیاوێکی ڕێبوار دەگاتە ماڵی ژنەکان وئەم باڵندەیەی پێیە لە نێو قەفەسێکدایە، گێڕەرەوە بۆ خوێنەری دەخاتەڕوو دەڵێت:**"هەموو وەها تێگەیشتن، کە ڕەنگە کەوێک بێت، کەچی پیاوە سەری قەفەسێکی داری بچووکی هەڵدایەوە، شەمشەمەکوێرەیەکی لەناودا بوو، پیاوە گوتی"بەوەئەچێ بەم زووانە بێچووی ببێت"**(سەلمان،٢٠١٥،٤٤٩)، بەکارهێنانی ئەم باڵندەیە، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە لەڕووی کاتەوە دەقەکە کاری لەسەر شەو کردووە و ئەمەش تەنیا لە شەودا دەردەکەوێت، بۆیە ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم باڵندەیە، "لەلایەکی ترەوە، لەبەر هەمان هۆی پێشوو، کە بوونەوەرەکانی تر فەوتاون، یان لە ترساندا هەڵهاتوون. مانەوەی شەمشەمە کوێرەش ،هەر دەگمەنە، بۆیە کردویەتییە ناو قەفسێک. لەبیریشمان نەچێت، کە ئەم باڵندەیە لەناو کەلتووری جیاوازی میللەتاندا پەسەندکراو نییە، یان بەلایەنی کەمەوە باڵندەیەک نییە، کە ڕایگرن، وەک کەو و بولبول و توتی...هتد. ئیتر کە ڕادەگیرێت، وێڕای ناپەسەندی ئاماژەیە بۆ هێشتنەوەی بوونەوەرێک لەناو ئەو وێرانەدا، کە مرۆڤ و هەموو گیانلەبەر و رووەکێکی فەوتکردووە، هەرچەندە بەدڵیشی نەبێت، بەڵام هاودەمی بە کەسایەتییەکان دەبەخشێت"، (سەلمان، چاوپێکەوتن،٢٠٢١).

## کارەکتەر بە پێی سروشتی پێکهاتەی کارەکتەر:

## کارەکتەری پەرەنەسێن(فلات):

ئەم جۆرە لە کارەکتەر لە کێشە و ڕووداوەکاندا، لەسەر یەک هێڵ دەڕوات و هیچ ئالۆزییەکی پێوە دیار نییە، لەسەرەتاوە، تاکۆتایی هەڵگری یەک سیفەتن، جا ئەم سیفەتە ئەرێنی بێت یان نەرێنی، سەرەڕای سادەیی و پەرەنەسێنی، ڕۆڵێکی گرنگیی لە نێو ڕۆماندا هەیە، یارمەتیدەری کارەکتەرە پەرەسێنەکانە، بەبێ بوونی ئەمجۆرە لە کارەکتەر، هەرگیز ڕۆمان چێنابێت، دەربارەی کارەکتەرە پەرەنەسێنەکانی نێو ئەم ڕۆمانە، زۆربەی هەرە زۆری کارەکتەرە لاوەکییەکان سادەن و پەرەنەسێنن و گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر بنیاتی کارەکتەرەکاندا نایەن، بەڵکو لەسەر هەمان ڕەوت بەردەوام دەبن تا کۆتایی ڕۆمانەکە.

### مەندان:

یەکێکە لە کارەکتەرە ژنە لاوەکییەکان، لەسەرەتاوە، تا کۆتایی دەقەکە، لەسەر هەمان بیر و ئاراستە دەڕوات و هیچ گۆڕانکارییەک تێیداڕوونادات، کە کەسێکی نەریت پارێزە وزێتر پابەندە بەنەریتەکان و ژیانی خۆشی لەم پێناوەدا کردووە بە قوربانی، جگەلەوەی، خاوەن ئاستێکی ڕۆشنبیریی ئەوتۆ نییە، ئەمەش لە میانەی گفتوگۆی نێوان ژنەکاندا و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن گێڕەرەوە بۆ خوێنەر، بەمجۆرە دەگوازرێتەوە:" **پوری ویژدانیش دووکەڵی سیگارەکەی بەبا کرد... وتی" هەزار بەیتو باڵۆرەم بیستووە، ئەمەم نەبیستووە. کە کەسێک لەبەر خۆشەویستی هەڵبێت**"(سەلمان،٢٠١٥،٢٢٨)، تا کۆتایی دەقەکە لەسەر هەمان ئاستی تێگەیشتن و نەریت پارێزی بەردەوام دەبێت، تێناگات، چۆن خۆشەویستی، مرۆڤ بەرەو وێڵبوون دەبات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی جێگەی سەرنجە لەسەر هەمان بابەت، بە (بێڤەر) ناو دەڵێت، لەبەرئەوەی سورە لەسەر گەڕان بەدوای کەسێکدا، دەگاتە ئەنجامێک، ڕەنگە ئەمەش لە ئەنجامی ئەزموونی ژیانییەوە بێت:"**خەمتان نەبێت، ئەگەر خۆشی نەیەتەوە، هەواڵێکمان لە ڕێی ئەوەوە هەر پێ ئەگات. ئەوەی ئەوها بە گوڕ بەدوای کەسێکدا بگەڕێت، هەر ئەگاتە جێیەک، هیچ مەراق مەخۆن!**"، (سەلمان،٢٠١٥،٣١٦.)

ئەم کارەکتەرە، ئەگەرچی لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ (سەکینە)دا، هەوڵ دەدات کاریگەریی لەسەر هەڵوێستەکانی (سەکینە)دا هەبێت، ڕۆڵی لە نێو ڕەوتی ڕووداوەکاندا هەبێت، بەڵام ئەمەش هەر لە چوارچێوەی داواکارییدایە و دەیەوێت، (سەکینە) بەمانەوە لە ماڵی (وەستا)دا ڕازی بکات:

"**مەندانیش وتی: سەیربکە، خوشکم باشی ئێرە ئەوەیە، کە ئەتوانین بە ئاسودەیی لێی بژین، کەس لەم ناوچەیە ناژی، ئێرە زۆر دوورە لە شار، ئۆتۆمبێلیش نایگاتێ، بە کورتی ئێمە دوورین لە مەترسی و هەڕەشە ئەمێنینەوە مەسەلەی تۆ و وەستا، یان ئەبێ فێڵی بۆ بدۆزینەوە، یان تۆ ڕازی بیت"،** (سەلمان٢٠١٥،٣٦٥)، بەڵام (سەکینە) لەوەڵامدا دەڵێت، بڕیار بۆ خۆم بەجێبهێڵن، ئەم کارەکتەرە ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە گۆڕانکارییەکاندا نییە، جگە لە چەند گفتووگۆیەک و ڕوونکردنەوەی بنیاتی هەندێک لە کارەکتەرەکان، هیچ ڕۆڵێکی گرنگ و بنیاتی لە نێو ڕووداوەکاندا ناگێڕێت.

**ئەفسانە:**

یەکێکی دیکەیە لە کارەکتەرە پەرەنەسێنەکان، ئەم کارەکتەرە بە هەمان شێوە، سادەو خاوەن تایبەتمەندییەکی دیاریکراوە، ئەگەرچی دەرچووی زانکۆیە و هەمیشە بۆچوونەکانی، لەبارەی بابەتە بیرییەکانەوەیە، بەڵام ئەم تێڕوانینە هزریانە کارناکانە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان و گۆڕانی هزری خۆشی، یەکێک لەو چەمکانەی، کە گفتوگۆی لەسەر دەکات، لەگەڵ کارەکتەرە ژنەکانیتردا ئیشق و واتایە، بۆنموونە لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ (بەفرین)دا، کاتێک باس ئیشق دەکەن، دەڵێت:**"ئەوەی ئەیڵێت ئەوەندە سادەیە خوشکم! هەستی گەورە و ڕەها، سۆزی ڕەها و بێوێنە، واتای ڕەهای ئیشق، واتای ڕەهای تێگەیشتن، ونبوونی ڕەها، تا بگەینە خۆدۆزینەوە، دواجارهەموو بەدوای واتای ژیا و مردنا وێڵ ئەبین، ئەمدیوی ژیان و مردن ئەکاتە هەموو ئەو پرسیارانە، ناو ئەدۆزینەوە بۆ شتەکان و مەبەستیش هەرواتای ژیان و مردنە، ئیتر چی بەوانەوە بەستراوە، شتێکی پێ ئەڵێین"،** (سەلمان،٢٠١٥،٢٤٠)، (ئەفسانە) ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە هۆکاری گەیشتنی (بێڤەر) بەماڵی ژنەکان گەڕانە بۆ واتای ڕەهای ئەو ئیشقەی، کە بۆ (مەردۆخ) هەیبووە، دواجار، ئەمەش دەبێتە ڕێگەیەک بۆ خۆدۆزینەوەی (بێڤەر)، پاشان تیشک دەخاتە سەر واتای ژیان، واتای ژیانیش لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، لە ڕۆژێکەوە بۆڕۆژێکی دیکە لەگۆڕاندایە. ئەوەی، کە زۆر گرنگە، ئەوەیە، کە واتای ژیان شتێکی گشتی نییە، بەڵکو هەر تاکێک دەبێت، واتاو ئامانجی ژیانی خۆی لەساتە جیاوازەکاندا بدۆزێتەوە، کەواتە واتای ژیان مەرجدار، یان لەپێشەوە دیاریکراو نییە، چونکە واتای پەنهانی ژیان تەنانەت لەناو دەردو رەنجیشدا دەدۆزرێتەوە، بەڵام" نیگەرانی ڕاستەقینە دەربارەی پرسی مانای ژیان و چارەنووسی بوون، ئەم غەم و نیگەرانییە ئیجگار قووڵتر و تێکشکێنەرترە لە دۆخی زیندانییەک، کە بۆ خستنە سارای نهێنییەکان ناچار دەکرێ و تینو دەکرێ تا نزیکبوونەوە لە مردن، ئەو لەو لەحزەیەدا لەبەردەم ڕەهاترین دووهەڵبژاردەدایە، یان نۆشینی چەند تنۆکە ئاوێک و

شکاندنی تینویەتی، یان هەڵبژاردنی تینویەتییەکی هەمیشەیی، وەک چۆن مرۆڤ ئەشێ لە سایەی سەرمەدیبوونی غەم و نیگەرانی پرسی مانا و چارەنووسی بووندا بە تنۆکە ئاوەکانی ئاین و ئایدۆلۆژیا، یان زانست تینویەتی بیرکردنەوە و بوونی بشکێنێ"، (حەمەعەلی،٢٠١٢،٣٥)، کەواتە ئەم کارەکتەرە پێماندەڵێت، مرۆڤ لە ڕێگەی واتای ڕەهاوە هەنگاو بۆ گەیشتن بە واتای ژیان و مردن دەنێت، ئەم جۆرە لە تێگەیشتن بۆ ئیشق و واتا، بەردەوام لای(ئەفسانە)دا هەست پێدەکرێت، بەبێ وەرچەرخان لە تێگەیشتنی بۆ ئەم چەمکانە، ئەوەش دەخاتەڕوو، هەموو ئەو ناوانەی، کە مرۆڤ لە چەمک و شتەکان دەنێت، دواجار مەبەستی لێی، پرسیارە جەوهەرییەکەی بوون و مردنە.

ئەم کارەکتەرەش، هاوشێوەی(مەندان)، ئەگەرچی دەیەوێت، کاریگەریی لەسەر بڕیاری دایکی(سەکینە)دا هەبێت، سەبارەت بەمانەوەی (بێڤەر) لەلایان، بۆیە بە دایکی دەڵێت، گەرچیرۆکی ئێمە نەزانێت، ناتوانێت، لە ڕۆشتن بەردەوام بێت، ئەمەش، وەک پاساوێک بۆ مانەوەی (بێڤەر) لەلایان:" **ئەفسانە بە دانیشتنی، بەدایکی وت" دەی پێشی بڵێ ئێمە کێین و چی ئەکەین لێرە، ئەگەر ئەتەوێت هیچ بدۆزێتەوە، ئەشبێ بزانی ئێمە کێین، دەنا چۆن بڕوات!"،** (سەلمان٢٠١٨،٣١٤)، لێرەدا، مەبەستی (ئەفسانە) لەوەی، کە دەڵێت ئێمە کێین، بەقوربانی بوونی ژنەکانە، بەهۆی دۆخی سیاسی ولەدەستدانی خۆشەویستەکانیان و مانەوەیان بەتەنیا، بۆیە گەر (بێڤەر) ئەم دۆخەی ئەمان لە بەرچاوبگرێت، لە ڕۆشتن و بڕیاردان بەرچاو ڕوونتر دەبێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، کاتێک ژنەکان لە گفتوگۆدان و پاشان(بێڤەرناو) دەڵێت، ئێمە بەهەڵە ئەم گفتوگۆیەمان کردەوە، نەدەبوو ئەم گفتوگۆیە دەربارەی ئیشق و بوون و جیاوازیی نێوان نێر ومێ لەم ڕووانەوە بکرایەوە، بەڵام "**ئەفسانە بە هەندێک شانازییەوە وتی، ئەکرێ هەموو بابەتێک بورووژێنین، بێڤەر، من بەش بە حاڵی خۆم، کەسێکی نوقسانم، هەرگیز خۆم بە کامڵ نەهاتۆتەوە پێشچاو، هەر ئەم لایەنی نوقسانییەشمە وا هانم ئەدات بڵێم، لەوانەیە باوکم سەری خۆی هەڵگرتبێ و نەمردبێ"،** (سەلمان،٢٠١٥،٢٤٣)، دیارە، لێرەدا مەبەست لە نوقستان بە واتای جەستەیی نییە، بەڵکو لایەنی هزری و دەروونییە، بەو واتایەی، مرۆڤ بوویەکی ناکامڵە و هەمیشە لە هەوڵی خۆ کامڵکردندایە، هەموو پرسیار و گفتوگۆکانیشی، هەر لەم پێناوەدایە، چونکە بوون هەروەک (محمد کەمال) پێیوایە، بوونی مرۆڤ لە چەند خاڵێکدا کۆدەبێتەوە، "یەکەم، بوونی مرۆڤ بە پێچەوانەی هەبووەکانەوە، پێش ناوەرۆکیی دەکەوێت و ناوەرۆکی لە بوونیدایە، دووەم ناوەرۆک خەسڵەتی نەگۆڕو پێدراو نییەو ئەو پرۆژانەیە، مرۆڤ خۆی هەڵیاندەبژێرێت و بە ئەنجامیان دەگەیەنێت. سێیەم، لەبەرئەوەی مرۆڤ، بە بێ ناوەرۆک پەیدا دەبێت و خۆی ناوەرۆک بۆ خۆی دادەهێنێ ئەوا

ناتەواوە و بوونێکی پڕ نییە، چوارم بوونی مرۆڤ ئاگامەندییە، ئاگامەندانە هەوڵی تێگەیشتنی بوون دەدات و دەیەوێت خۆی تەواو بکات"، (کەمال،٢٠٠٤،٧٩)، هەر ئەم ناتەواوییەش وادەکات، کە کارەکتەرەکان زۆربەیان، چ بە جەستەیی بێت، یان بە هزری، بۆ تەواوکردنی بوونی خۆیان لە گەڕانێکی بەردەوامدا بن،، بەڵام پێشی ناگەن، دیارە مەبەستی لە سەر هەڵگرتنی باوکیشی، ڕەنگە وێڵبوونی بێت، لە پێناو گەیشتن بە وەڵامی هەندێک لە پرسیارە هەمیشەییەکانی و خۆدۆزینەوەی، بێگومان، ئەمەش لە ڕوانگەی (ئەفسانە)وە، سەرەڕای هەموو ئەم تێڕوانینانەش، بەڵام کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکاندا نییە، و گۆڕانکاریی بەسەر ڕەهەند و بنیاتی ئەم کارەکتەرەدا نایەت.

**بەفرین**:

یەکێکی دیکەیە لە کارەکتەرە پەرەنەسێنەکانی نێو ئەم ڕۆمانەدا، وەک کارەکتەرێکی لاوەکی لە نێوکارەکتەرە ژنەکان، ڕۆڵی، تەنیا ڕوونکردنەوە و یارمەتیدان و دەرخستنی بنیاتی هەندێکی دیکە لە کارەکتەرەکانی نێو دەقەکەیە و هیچ گۆڕانکارییەک لەم کارەکتەرەدا ڕوونادات، بۆ نموونە لەمیانەی گفتوگۆی نێوان ژنەکاندا، بەرچاو ڕوونی بە (بێڤەر) دەدات، کە هەمان چارەنووسی ئەمیان دەبێت و دەڵێت: **"من ئەوەندە لێت تێئەگەم، ئیتر پێویستت بە ڕوونکردنەوەی تر نەبێت،...ئەگەر ئەو کوڕەت نەدۆزییەوە، چەند شتێکی خۆمت بۆ ئەخەمە بەرچاو. ژیانی منیش پێئەچوو وا بێتە پێشێ، کە یەکێکمان نە مێنین، ئەبوو ڕووداوێک کارەساتێک ڕێمان پێ بگرێ و وەهام لێ بکات، کە تاماوم قینم لێی نەبێتەوە، ئەو کوڕەی منیش خۆشم ئەویست، چارەنووسی لەوەی تۆوە زۆر دوورنییە، ئەوکەسانەی لەم جۆرە خۆشەویستییەیان تووش ئەبێت، چ بۆی بمرن یان خۆیان بمردنایە، یان ئەوەتا لێی هەڵبێن، هەرئەکاتە هەمان شت"،** (سەلمان،٢٠١٨،٢٣٤)، ئەم ڕوونکردنەوەیەی (بەفرین)، جگە لە خستنەڕووی، ئەو خۆشەویستییەی لە ڕابردوودا هەیبووە، ئەوەش دەخاتەڕوو، کە بۆ بەردەوامی خۆشەویستی، پێویستە یەکێک لەجەمسەرەکانی ئەم خۆشەویستییە، دووربکەوێتەوە جا بەهەر هۆیەک بێت، دەنا گەر ئەم دووکەسە بە بەردەوامی پێکەوەبن ڕق و قین جێگەی ئەم خۆشەویستییە دەگرێتەوە، ئەم خۆشەویستییەش دەکوژرێت، ئەم هزرەشی، تا کۆتایی دەقەکە بەردەوامی هەیە و هیچ گۆڕانێک لە بیرو بۆچوونەکانیدا ڕوو نادات، کە سەبارەت بەم چەمکە شایەنی باسکردن بێت.

## کارەکتەری پەرەسێن لە نێو ڕۆمانەکە:

ئەم کارەکتەرە لە ناو ڕووداوەکاندا گەشەدەکات و گۆڕانی بەسەردا دێت، هەنگاو بە هەنگاو بەرەوپێش دەچێت، بەردەوام هەڵوێستی نوێی لە ڕەوتی ڕووداوەکان دەبێت، هەر ئەمەش وادەکات، خوێنەر بەدواداچوون بۆ هەڵسوکەوت و چۆنیەتیی ژیانی بکات، تا بزانێت چی بەسەردا دێت، ئەم کارەکتەرە زیندوویێتی بە ڕۆمان دەبەخشێت و بە هۆی جووڵەی زۆری لە ناو ڕووداوەکاندا خوێنەر پەلکێشی نێو ڕۆمان دەکات، کارەکتەرە پەرەسێنەکانی ناو ئەم ڕۆمانە لەمانە پێکهاتووە:

### ئادەم:

(وەستا/ ئادەم)، وەک یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکی و پەرەسێنەکانی نێو دەقەکەدا، لەگەڵ بەردەوامی ڕووداوەکان لە نێو ڕۆمانەکەدا، گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر کۆی ڕەهەندەکانی کەسێتیی ئەم کارەکتەرەدا دێت، نووسەر لە ڕێگەی پەرەسەندنی پێکهاتەکانی ئەم کارەکتەرەوە، توانیویێتی، ڕێڕەوی ڕووداوەکان بەرەو پێشەوەببات. ئەم کارەکتەرە بە هۆی کارلێکی، لەگەڵ ڕووداوەکاندا، بە چەندین تاقیکردنەوە و ئەزموونی جیاوازدا تێپەڕیوە، لەئەنجامی ئەو ئەزموونانەشدا، بووە بەهۆی ئەوەی، ئاستی بیرکردنەوەی بەرانبەر بە ڕووداوەکان فراوانتربێت، (ئادەم) لە سەرەتادا لە قۆناغی گەنجێتیدا، کە لە بەغداد خوێندکاری زانکۆ بووە، وەک خۆی دەڵێت: **"ئەوەی کەس نەیئەزانی خاتوون، ئەوە بوو کە من هەر لە دووەمساڵەوە خوێندنم بە جێ هێشتبوو، دوایش، ناسنامەیەکی خوێندکاریم بە پارە دروستکرد و ئیشم ئەکرد، بێگومان من ناوم نابوو ئیش، دەنا پێی ئەڵێن یاری سێ کارت و لەسەر ئەوە ئەژیام..."**، (سەلمان، ٢٠١٥،٥١٠)، بەردەوام لە ماڵەوە هەر بەناوی خوێندنەوە دەچێتەوە بەغداد، بەڵام وازشی لە خوێندن هێناوە، هۆکاری ئەم باس نەکردنەشی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی، کە دەترسا لە باسکردنی ئەم نهێنییە لە ناو خێزان و کۆمەڵگەدا، بەهۆی کاردانەوەی دەوروبەر بەرانبەری، دوای دورکەوتنەوەی لە خوێندن، بووە بە قومارچی و هەرچی پارەی پەیدادەکرد، یان خێزانەکەی بۆی دەنارد، کە وایاندەزانی، لە زانکۆ لە بەشی ئەندازیاری دەخوێنێت، لە قومار و کاری لەشکڕینی ئافرەتانی سۆزانیدا سەرفی دەکرد، بەڵام پاش ئەوەی، باوکی دەمرێت و دواترش دایکی و براکەی، هەر یەک بە هۆکارێک دەمرن، و ئەوجا تاقە خاڵەکەشی دەمرێت و تەنیا دەمێنێتەوە، دواتر بڕیار دەدات، نیشتەجێی گوندبێت و بێتە سەر ئەو زەوییانەی، کە خاڵی بۆی بە جێهێشتووە، لێرەوە، وەرچەرخان لە بنیاتی ئەم کارەکتەرەدا ڕوودەدات و گەشتی ژیان و گەڕیدەی ئەم کارەکتەرە دەست پێدەکات، وەک

خۆی دەڵێت:**"تاتوانیم گەڕام بەدوای تیشکێک، کە بتوانێ نان بە ڕۆحم بدات، بەدوای خوشەویستییەک، بەدوای واتا، تەنانەت زۆریش بەدوای مردنا گەڕام. ئەوەندەی لێشم ڕوون بوو، خۆشەویستی وەک کردارێک مەبەستم نەبوو، ئەمەویست بگەڕێم و ئەو خۆشەویستییە بکەمە بەهانەیەک، ببێتە پرۆژەیەکی گەڕان بە دوای ڕاستی، کە زۆر ماندووش بووم، نەکارێکی بەردەوامم پێکرا، نە تیشکی ئەو خۆشەویستیە هاتە ڕێگەم توانیم بیگرمەوە، تاکو ئێستاش لە برێ شت حاڵی بووم، ئەمەش ناکاتە ئەوەی واتام دۆزیوتەوە"،** (سەلمان،٢٠١٥،١٩٨)، لەم وێسگەیەی ژیانیدا، سەفەری بەردەوامی بە دوای ڕاستی و گەیشتن، بووە بە ڕاستییەکان، ئەمەش پێیوایە، لەڕێگەی خۆشەویستییەوە، دەتوانێت، پێی بگات، کەواتە ئەم کارەکتەرە، پێماندەڵێت، خۆشەویستی بەهانەیەکە بۆ گەڕان بە دوای واتاکانی تری ژیاندا، بۆ گەیشتن بەوانەش، دەبێت، لە خۆشەویستییەوە دەست پێبکەیت، بەڵام سەرەڕای گەیشتنی بە وەڵامی هەندێک پرسیار و تێگەیشتن لە هەندێک چەمک، بەڵام هێشتا واتای بۆ نەدۆزراوەتەوە.

هەتا ئەو ڕۆژەی، بەهۆی شالاوی ئەنفالەوە، ژنەکان هەڵدێن و ڕوودەکەنە ماڵەکەی و بە دیداری (سەکینە) دەگات، لێرەشەوە، گەورەترین گۆڕانکاری، بەسەر ڕەهەندی هزری و دەروونیی ئەم کارەکتەرەدا دێت، عاشقی ژنێک دەبێت، کە لە ئەنفالدا ڕزگاری بووە، ئەم ئیشقە دەیکاتە مرۆڤێکی گەریدەی ئیشق، ئەمەش هەر لەیەکەم ساتی گەیشتنی ژنەکانەوە، بۆ ماڵەکەی (وەستا)، کاتێک دەیانەوێت، پشوویەکی کورت وەرگرن، ئەم ئیشقەی (وەستا و سەکینە) دەست پێدەکات، بەوەی کە هەر بە دەنگی کاریگەر دەبێت:**"بە دەنگی سەکینە، دڵی بزوا، ... دەنگێکە، کە بنیادەم پێی خۆشە لە کاتی نوستندا لایلایەی بۆی بکات... ئەو کە هیچکات دڵی بۆ ژنێک وەها بەهێز لێی نەدابوو، لە دونیای یاری و قومار و لە قەحبەبازی زێتر، تامی لە شی ژنی نەکردبوو، نەیدەزانی برینی ئیشق چییە"،** (سەلمان،٢٠١٥،٣٣٩)، دواتر، لە پێناوی بەردەوامی ئەو ئیشقەدا، بڕیار دەدات، ماڵەکەی بۆ (سەکینە) و ژنەکان بە جێبهێڵێت و بڕوات و لە شوێنێکی تر، خانوویەکی دیکە دروستبکات، چونکە ترسا، لە لەدەستدانی ئەم ئیشقە درەنگ وەختەی، کە هاتووەتە سەررێی، گەر ژنەکان بڕۆن، چیتر نەیاندۆزێتەوە و شوێنیان نەزانێت، بۆیە بە (سەکینە) دەڵێت:**"ئێوە لێرە ئەبن و من ئەڕۆم، ئەبێ بڕۆم و لە جێیەکی دیکە تەنیاییەکی تر بدۆزمەوە. بڕواشت هەبێت، سیگاریش تەرک ئەکەم، بۆ ئەوەی دوکەڵیش دۆستم نەبێ، کەی تۆش لە تەنیاییدا خۆت دۆزییەوە و گریمان لە دوورەوە بانگەوازی منت کرد، ئەوە بڕوابکە، ئەگەر تەمەنم گەیشتبێتە سەدساڵیش، بە مەرجێ نەمردم، هەر دێمەوە لات هەر ئەوەنە دڵنیابم بە دواما ئەگەڕێی، لە چۆڵی قوڵفەش بم، ئەگەمەوە لات، ئەمە بەسە**

**بۆ تۆ؟"**، (سەلمان٢٠١٥،٣٧٦)، لە بنیاتی ئەم کارەکتەرەدا ئەمە گرنگترین پەرەسەندنە، چونکە لە ڕووی هزرییەوە لە کەسێکی قوماربازی بێ باکەوە، بووە بە کەسێکی عاشق، ئەم کارەکتەرە سیگاریش تەرک دەکات، بۆ ئەوەی هاودەمی نەبێت، چونکە تەنیایی، وا لە مرۆڤەکان دەکات، لەسەر بڕوا و عەقیدەکانی سووربێت، بەڵام ئەگەر مرۆڤ هاودەمێکی هەبێت، ئاسانتر بیروبۆچوونی خۆی دەگۆڕێت، چونکە هاودەم زوو زوو بیروڕاکانی مرۆڤ دەگۆڕێت، زۆر جار وادەکات، کە مرۆڤ بیروڕایەکی جێگیریی نەبێت، هەروەها ئیشق تەنها ڕێگەیە، کە بتوانین بەهۆیەوە، بچینە ناو ناخی مرۆڤێکی دیکەوە، هیچ کەس توانای ئەوەی نییە، جگە لەڕێگای ئیشق، هۆشیاری تەواوی هەبێت لەبارەی گەوهەری بوونی کەسێکی دیکەوە. لەوانەش زێتر، ڕەنگە عاشق بەهێزی ئیشق بتوانێت، یارمەتی مەعشوق بدات بۆ ئاگاداربوونەوە لەتواناکانی خۆی و هێنانەدی ئەو تواناییانە، وەک لێرەدا (ئادەم)، دەیەوێت، (سەکینە) لە تەنیایدا خۆی بدۆزێتەوە، چونکە "لەم ڕۆمانەدا عاشقەکان، مەعشوق جێدەهێڵن تا خۆیان بڕیار بدەن، پاش جێهێشتنیش عاشقەکان سۆزدارانە ناکڕوزێنەوە، بەڵکو بە ئاگاییەوە بۆ ئیشقەکەیان دەژین، ژیان لەبەر ئیشقە، لەسەر زەمینەی باش ژیان بۆ مەعشوقەکەیان وەفادارن، لەبەرئەوە پابەندن بەژیانێکی چاکی پڕ لە خۆشەویستییەوە، بێ خۆشەویستی ناژین، بەڵام بە ماناسازییەوە بۆ خۆشەویستیی دەژین، بۆ ئەوەی ژیان و خۆشەویستییەکەیان مانای هەبێت، ئازادانە دەژین و بڕیار لەبارەی بوونی خۆیانەوە دەدەن، عاشقانی نێو ئەم ڕۆمانە(پابەندێکی نا پابەندن) پابەندن بە ئیشقەکەیانەوە، بەڵام خێزان دروستناکەن، هەوەسباز و چێژپەرست نین بەو مانایەی بەرپرسیارێتی ئیشقەکەیان هەڵنەگرن، بەڵام بەرپرسیار و پابەندیشن بۆگەڕان و چاوەڕوانی مەعشوقەکەیان"، (عوسمان،٢٠٢١،١٧٨)، لێرەشدا، (ئادەم) دەیەوێت، (سەکینە) لە تەنیاییدا خۆی بدۆزێتەوە پاشان بگەنەوە بەیەک، جگەلەوەی، ئەوکاتەی (ئادەم)، تەنیا دەبێ و دوور دەکەوێتەوە واتای ئەوەنییە، کە (سەکینە)ی ناوێت، لەڕاستیدا، پێچەوانەکەی ڕاستە دەیەوێت هەم خۆی و هەم (سەکینە) باشتر خۆیان بناسن، بۆیە دەڵێت:**"پێش ئەوەی ئەو ژنە بگاتە ئەو جێیەی یەکەمم کە لێی بووم، ئەویش لە نێو خەڵکا ژیابوو، با پاش ئەو چەند ساڵەی بەو تەنیاییە بیبینمەوە، ئەوجا ئەتوانم حوکم بدەم، کە بەیەکجاری لێی بێئومێدبم یان، ئەو ژنە وەک من وتۆ وایە، ئەبو بەهەرێمی تەنیاییدا بڕوات، بوێرێت خۆی لەقەرەی وێنەی پیربوونی خۆی بدات و چاوی لێوەرنەگێڕێت، تا ئەوساتەی من بینم، خۆی لە خۆی شاردبووە، ئەو وەختە خۆی بۆ دەرئەکەوێ، ئەگەر هەر ئەم چەند ساڵی تەنیاییە فێری ئەوەشی نەکردبێت بووبێتە گەڕیدە، ئەوا لێی تێئەگەم"**، (سەلمان،٢٠١٥،٢٠٢)، (ئادەم) دەوێت،

(سەکینە) پاش تەنیابوونی، بتوانێت، خۆی بدۆزێتەوە و هەموو وێنەکانی لە بەرچاو بێت، تەنانەت وێنەی پیربوونیشی لە بەرچاو بێت، ئەوکاتە لەیەکترو لە ئیشق دەگەن، هۆکاری ئەوەی (ئادەم) دەیەوێتە (سەکینە) وێنە خەوشدارەکانی خۆی ببینێت، ئەوەیە"خۆشەویستی بێمەرج، خۆشەویستی ئەویدی بە هەموو لاوازی و خراپی و خەوشەکانییەوە، ڕەنگە ئەوە پەیامی قووڵ و نهێنی پشت خۆشەویستنی ئەویدی وەکو خۆی، دوای لابردنی هەموو چینەکانی، مەکیاژ کە خۆی و کۆمەڵگا دەیخەنە سەر ڕوخساری"،(عەلی،٢٠٢٢،١٥٨)، بەڵام لە ئێستادا، (سەکینە) وێنەی ڕاستەقینە و خەوشداری خۆی نابینێت، یان بە مەبەستەوە خۆی لێ شاردۆتەوە، بۆیە (ئادەم) دەیەوێت، بگاتە ئاستێک هەموو وێنەکانی خۆی بە تەواوەتی ببینێت، واتە خوشەویستییەک بە تایبەتمەندیی و جیاوازیی هەریەکەیانەوە دروست ببێت. ئەمە جگەلەوەی، گەر ئەم تەنیاییە، فێری گەریدەی کردبێت، ئەوکاتە (سەکینە) خۆی لە گەشتەکەیدا بەردەوام دەبێت، و لە شوێنک ئارام ناگرێت، دیارە، مەبەست لەگەشت لێرەدا، زێتر هزرییە، وەک لە جەستەیی.

بێگومان سەرەڕای هەموو جوانییەکانی تەنیایی و ڕۆڵی گەورەی تەنیایی لە تێڕامان لە خود و خودناسین، بەدەریش نییە، لەلایەنی نەرێنی، ڕەنگە هەندێجار تەنیایی ببێتەهۆی گۆڕانکاری لە تێڕوانینەکانی مرۆڤدا، چونکە"تەنیا بوون دۆخێکی ترسناکە، هەرچەندە سەرەداوی ژیان و پرۆژەی بوونی مرۆڤ وادەردەکەوێ زێتر لەدەستی خۆیدابێ، بەڵام بەردەوام هەستێکی تایبەتی غەمگین و کاولکار لە هەناوی بوون و گیاندا بەرزدەکاتەوە، ئەم هەستە بەڕادەیەکی گەورە لە بایەخ و ڕەهەندە پۆزەتیڤەکەی دێنێتەخوارەوە"،(حەمەعەلی٢٠٢١،٢١)، هەربۆیە لە کۆتاییدا (ئادەم) پێیوایە، مرۆڤ چەند تەنیا بێت، دواجار دەبێت بۆ ناو کۆمەڵ بگەڕێتەوە و تێکەڵ بە ژینگەی کۆمەڵایەتی ببێتەوە.

ئەگەرچی، (ئادەم) لەسەرەتادا ئافرەتی تەنیا بۆ چێژ دەویست، بەڵام دواتر پێیوایە، ئەو ئیشقەی هاتۆتەڕێی، دەرئەنجامی بەهەر جۆرێک بێت، بەیەک بگەنەوە، یان نا بژاردەیەکی دروستە، بۆیە بە گەشبینییەوە (ئادەم) دەڵێت، گەر بەیەکیش نەگەینەوە، هەر ڕێگەیەکی ڕاستمان هەڵبژاردووە، چونکە ئەم ئیشقە لە ناخیاندا هەر بەردەوامە و بە هیوای ئەم ئیشقەوە دەژین و بەردەوام دەبن، دەڵێت: **"ئەگەر گەڕا و نەشمدۆزێتەوە، هەر ئەزانم کە ڕێیەکی ڕاستم گرتبووەبەر، گەڕان جیایە لە دۆزینەوە، ئەوەی یەکەم پڕ مانایە، ئەوەی دووەم، دەرئەنجامە. ئێمە لێرەوە دەست پێ ئەکەین، چی ئەبێ با ببێت. ژینۆی ئازیز، پێویستە ئێمە هەمیشە بڕیار بۆ کەسەکە خۆی بەجێ بهێڵین، چونکوو هەرخۆی ئەزانێت چی کردووە و بەدوای چیدا ئەگەڕێت"**، (سەلمان، ٢٠١٥،٤٦٤)، لێرەدا (ئادەم)

جیاوازی لە نێوان گەڕان و دۆزینەوەدا دەکات، بەوەی یەکەمیان پرۆسەیەکی تەواو چێژبەخش و پڕ واتایە، دووەمیان ئەنجامە، مەرجیش نییە، هەموو گەڕانێک بگاتە ئەنجام، کە دۆزینەوەیە، بەڵام هەر گەڕانەکە بۆ خۆی گەورەیە و واتای بەردەوامی و ژیانکردنە، ئەم کارەکتەرە لە ڕێگەی خۆشەویستییەوە، ڕێگەی یەکەمی گرتۆتەبەر، جا ئەنجامەکەی بۆ گرنگ نییە، بەیەک دەگەن یان نا. بێگومان، لە بنیاتی ئەم کارەکتەرەدا ئەمە گرنگترین گۆڕان و پەرەسەندنە، لە قۆناغی قوماربازییەوە بەرەو ئەم ئاراستە هزرییەکە هەنگاوینا وە .

هەروەها (ئادەم) تیشک دەخاتەسەر ئەوەی، کە مرۆڤ، تازێتر ئەزموونی ژیان بکات، تەنیاتر دەبێت، چونکە زۆرێک لە مرۆڤەکان دێن و دەڕۆن، ڕەنگە ببنەهۆی زێتر تەنیابوون، جگەلەوەی تێڕوانینی بۆ ژیان و مەرگیش دەگۆڕێت، بۆیە جێگەی مشتومڕ نییە، کە مرۆڤ هەرچەندە ئەزموونی زێتر بێت و پێوەندیی کۆمەڵایەتی زۆرتربێت، ئەزموونی تاڵتر ببینێت، تێڕوانینی بۆ ژیان و مەرگ واقیعیانەتر دەبێت، هەروەک چۆن، ئەمیش ڕوانینی بۆ مەرگ دەگۆڕێت، حەزدەکات بە جۆرێک بمرێت، لەگەڵ حەزو و ئارەزووەکانیدا، یەک بگرێتەوە، نەک ئەوەی، وەک مرۆڤێکی دیکە قەدری بۆ دیاریدەکات، (ئادەم) دەڵێت:" **بۆیە ئەمەتان پێ ئەڵێم، تا لەلاتان ڕوون بێت کەس لەسەر یەک بیروڕای گەنجێتی نامێنێت، دەنا هەر ڕەوتی دونیا ئەوەستێ، بۆیە لەم تەمەنەما، مەبەستمە بڵێم ئێستاکە، مەیلم بۆ مردن گۆڕاوە، بەکورتی، لێرەش من وەک هەموو کەسێکی تری ئەم دونیا پێم خۆشە بە جۆرێک بمرم، شایان بە حەز و ئارەزووم بێت، .... ئاخر هەتا بژین، تەنیاتر ئەبین، زێتریش ئەگۆڕێین، بۆ چوونیشمان بۆ مردن، وێنەی تری ئەچێتەسەر، کە تاقیکردنەوە و سەختییەکانی ژیان هەڵیان ئەسەنگێنن، بۆیە ئەشێڵم کە من تەنیا نیم**"، (سەلمان،٢٠١٥،٣٤٨).

ئەم کارەکتەرە، ئەگەرچی پێشتر، نەک هەر عاشق نەبووە، بەڵکو کەسێکی لادەربووە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام دوای ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر ڕەهەندی هزریدا دێت، پێماندەڵێت، لە هەناوی کارەساتەکانیشدا، مرۆڤ دەتوانێت، ئیشق و خۆشەویستی بدۆزێتەوە و لە گەمەی ژیانی تەنیاییدا، ژیان دروست بکاتەوە و سەرلەنوێ دەست پێبکاتەوە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەیە، کە دەڵێن، مرۆڤ لە کاتی کارەساتدا ناتوانێت، خەیاڵ بە ئیشق و ژیانەوە بکات، بۆیە کاتێک (سەکینە) دەڵێت ناتوانم، هیچ بڕیارێک بدەم، چونکە لەکارەساتێکی گەورەی، وەک ئەنفال ڕزگاری بووە و کاریگەریی هێشتا لەسەری ماوە، (ئادەم)یش لە وەڵامدا دەڵێت:"**تەنها لە کارەساتی وەها گەورە، ژن و پیاو ئەتوانن پێکەوە ببن و یەکتر بدۆزنەوە، ئەو کارەساتە هات و تازە ناتوانین هیچ بگۆڕین، بەڵام خۆ ئەتوانین ژیانی خۆت و من و ئەو ژنانە بکڕینەوە، با ڕەشبینی دات**

**نەگرێت، ژیانی خۆت و ئەوان لەم ڕۆژە ڕەشە بپارێزە و لێی دەربچن، ئێمەومانان تەنها لە تاریکیدا، لەناو هەناوی شەودا ئەتوانین خۆمان بدۆزینەوە".** (سەلمان، ٣٥٩،٢٠١٥)، (ئادەم) (سەکینە) هاندەدات، بۆ دووبارە دەسپێکردنەوەی ژیان و تێپەڕاندنی ئەو کارەساتەی، کە ڕوویداوە، ئەمەش پێچەوانەی هەڵسوکەوتی سەرەتایەتی، بەرانبەر بە ژن و تاریکیش، چونکە لەسەرەتای تەمەنیدا، تەنیا بۆ چێژ و تێرکردنی ئارەزووەکانی، سەیری ژنی دەکرد، نەک وەک دەروازەیەک بۆ خۆدۆزینەوە.

کاتێکیش، (ئادەم) ماڵەکەی بۆ ژنەکان بەجێدەهێڵێت، و لە شوێنێکی دیکەدا کۆشک دروستدەکات، لە کاتی گەیشتنی (بێڤەر) بۆ ئەم کۆشکە، پرسیار لە (ئادەم/وەستا) دەکات، خۆسالآنێکە شوێنی (سەکینە) دەزانی، بۆ سەردانت نەکردووە؟ (ئادەم) لەڕێگەی وەڵامەکەیەوە، لەلایەکەوە ئاوڕی لە نەریتێکی کۆمەڵایەتی، لە کۆمەڵگەی کوردیدا داوەتەوە، ئەویش زۆرجار، وەک جۆرێک لە کەموکورتی لە پیاوەتیی پیاودا سەیر دەکرێت، گەر ئەم پیاوە سازش بۆ ژنێک بکات و بکەوێتە دوای گەر خۆشەویستیشی بێت، دەبێتە عەیبە بۆ ناو و پیاوەتی، چونکە لە نێوکۆمەڵگەی ئێمەدا، هەندێجار پیاویش گیرۆدەی دەست داب و نەریتەکانە، بە واتایەکی دیکە نەریتەکان بیرو بۆچوونەکانی پیاویش کۆت و بەند دەکات و ناهێڵێت، پیاوانیش لە بریاردان ئازادبن، پاشان لەکۆتاییدا، گۆڕانکاری لەڕەهەندی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت، بەوەی لەم نەریتە کۆمەڵایەتییە یاخی دەبێت و بڕیار دەدات، بۆ لایان بڕوات، کاتێکش ئەم قۆناغەی لە تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بڕیوە، لە ڕەتکردنەوەی ترساوە و ویستوویەتی، وێنەی ئەم ئیشقە، وەکو خۆی لە مێشکیدا بمێنێتەوە، بەمجۆرە وەڵامی (بێڤەر) دەداتەوە ودەڵێت: **"ئەگەر بڕواشم پێ ئەکەی، ئەمە ڕاستییەکەیەتی: هێشتا قاچم وای لێ نەهاتبوو، سەرەتا لایەنی پیاوەتیم ڕێی لێ گرتم، بچمەوە، هەردوو قاچم هێشتا ساغ بوون، کەچی ئەتوت لە چیمەنتۆدا چەقیون و وشکبوون، هەنگاوێکم پێ نەنرا، پێم ئاسانتر بوو بە دوای کۆچی مەل بکەوم و بەو لایەی ئەوانا نەچمەوە..بەرەبەرەش زاڵبووم بەسەر ئەو هەستەمدا، ویستم بڕۆمەوە لای، لەوێشا هەر نەموێرا، ترسام هەر ڕەتم بکاتەوە و هێشتا نە گەیشتبێتە قەناعەت و بڕیاری پێنەدرێت".** (سەلمان،٥٠٢،٢٠١٥)، ئەگەرچی، لە کۆتایی دەقەکەدا، (ئادەم) بڕیار دەدات، بچێتە لای ژنەکان، بەڵام کاتێکیش دەگاتە ئەوێ هەر لە پەنجەرەکەوە سەیری ژوورەوە دەکات، نازانرێت، ئاخۆ دەچێتە ژوورەوە بۆ لای ژنەکان، یان نا، ئەمەش، وەک ئاماژەیەک، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ڕۆمانەکە بە کراوەی بۆخوێنەر بەجێهێڵراوە، جگەلەوە، ژیانیش بۆ خۆی هەمیشە کراوەیە، گێڕەرەوە دەڵێت:**"دوکەڵی ئاگردانی سەر سەربانی بەدیکرد، لە لێژاییەکەوە، بە**

**زەحمەت بەرەو تروسکاییەکی ماڵی ژنەکان چوو، بە ئەسپایی چووە لایەکی خانووەکە، ....دیقەتی ناوەوەیدا، شەش ژن و تانجییەک بەدەوری ئاگردانەکەوەبوون"،** (سەلمان،٢٠١٥،٥٧١).

## زۆزان:

یەکێکی دیکەیە لە کارەکتەرە پەرەسێنەکانی ناو ئەم ڕۆمانەدا، ئەگەرچی، کچێکی سادەی نەخوێندەوارە، ئاستی تێگەیشتنی بۆ شتەکان، وەک پێویست نییە، بەڵام کاتێک (هیوا) ناو ڕووداوەکاتە گوندەکەیان بۆ پشوو وەرگرتنێک دەچێتە ماڵەکەیانەوە، بە یەکەم بینینی (هیوا/ مەردۆخ) عاشقی دەبێت، ئەمەش دەبێتە سەرەتای وەرچەرخان لە ژیانی ئەم کارەکتەرەدا، گەڕیدە بوونی لێرەوە دەستپێدەکات، چونکە دوای ڕۆشتنی (هیوا)، بڕیاردەدات، ببێتە گەڕیدەی ئەم ئیشقە و بڕوات بە دوای (هیوا)دا تا دۆزینەوەی، بەناو وێرانەی گونددا دەڕوات و مەترسی کێڵگە چۆڵەکان دەبڕێت، بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە، چی دێتە ڕێی، تەنها بۆ ئەوەی بگاتەوە بەو کوڕەی، خۆشی دەوێت. یەکەم شوێنیش، کە پێیدەگات، دوای سەفەری ئیشقی، ماڵی ژنەکانە، (سەکینە)ی خاوەن ماڵ لێی دەپرسێت: **"پێمان بڵێ بۆ کچۆڵەیەکی جاحێڵی جوانی وەک تۆ، کە دەستی هەر پیاوێک بکەوێ، بە قەپاڵ گۆشتی لێ ئەپچڕێنێ، وا بەتەنیا بەو هەموو چۆڵەوانییەدا ڕۆشتووی و گەیشتیتە ئێرە"،** (سەلمان،٢٠١٥،٢٢٤)، وەڵامی (زۆزان)ش ئەوە دەبێت، کە دوای کوڕێک کەوتووە، کە خۆشی دەوێت، دەڵێت: **"دەیان پیاوم تووش بوو، هەندێکیان حەزیان لێم بوو، هی واشیان هەبوو، دڵیان پێم بەخشی، هەشبوون، بە کورتی، ئەیانویست وەچەیەکیان لێم بکەوێتەوە، هیچی سەری نەگرت، ئەو تاقە پیاوێک بوو کە بە تاقە شەوێک زانیم چەنێ دڵم بۆی چوو و بێدەنگی هەردووکمانی کرد بە تاقە ڕۆحێک و ئینجا ڕۆیشت،... وای بۆ ئەچم، کە لەبەر نەخوێندەواریمە، کوڕێکی وەک ئەو، چۆن بە من ڕازی ئەبێت!"**،(سەلمان، ٢٠١٥،٢٣٤)، (زۆزان) هۆکاری جێهێشتنی، لەلایەن خۆشەویستەکەیەوە، بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کە نەخوێندەوارە و هیوا پێی ڕازی نەبووە، بەڵام ئەمە تەنیا لە تێگەیشتنی خۆیدایە، بەڵکو جەنگ و وێرانە و گومانکردن لە دەوروبەر، بەهۆی ئەو دۆخەوە، هۆکاری ڕۆیشتنی هیوایە، پاشان هەر ئەم کارەکتەرە لە گفتوگۆیەکی تردا، هۆکاری بەجێهێشتنی لەلایەن (هیوا)وە، بۆ خوێنەر بە جۆرێکی تر دەخاتەڕوو و بۆ هۆیەکی دیکە دەیگەڕێنێتەوە، بەوەی کە خودی (هیوا) نەیتوانیوە، لەگەڵ ژنێکدا پێکەوە بژین: **"هەر لە پێشەوە دیاربوو کە یەکێکمان ئەوی تر بە جێدەهێڵێ، نازانم بۆ! بەڵام من ئەوەم لە دڵ گیر ببوو، ئەویشم وا ئەبینی، کە ئەیویست بڕوات، هەر ئەمەش وای لێمکرد، بکەومە شوێنی، ئەو**

**سەری خۆی هەڵگرت، منیش پێم وابێت لەبەر ئەوە بوو، کە نەیدەتوانی ژیان لەگەڵ ژنێکدا پێکەوە بنێت، بە باشتری زانی بڕوات، خۆی لە ڕەشەبا بدات، نەک لەژنێک".** (سەلمان،٢٢٨،٢٠١٥)، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت، پیاو بەرگەی هەموو زریانەکان و سەختییەکانی ژیان دەگرێت، بەڵام بەرگەی ئیشقی ژنێک ناگرێت، بۆیە بڕیاری ڕۆشتن دەدات.

دوای ئەوەی، لە ماڵی ژنەکاندا بۆی دەردەکەوێت، کە (هیوا) پێشتر لێرە بووە و ڕێی گرتووەتەوە بەر، ئەمیش دەیەوێت، بەرەو ئەو ئیشقە بڕوات، بۆیە بڕیاردەدات، جارێکی دیکە ڕێگا بگرێتەوەبەر، دووەم وێسگەی سەفەرەکەی کۆشک دەبێت، کاتێک دەگاتە ئەم کۆشکە و لەوێ، لە گەڵ (ئادەم)دا دەست دەکەن بە گفتوگۆ (ئادەم) بە وریاییەوە لەگەڵیدا دەدوێت، چونکە ڕاستە، نەخوێندەوارە، بەڵام ئەزموونی گەڕیدەی، کردویەتی بە کەسێکی ژیر: **"تێگەیشت، کە بەو تەمەنە کەمەیەوە، کچێکی وەها ساویلکە و ساکار نییە، لە پاش ئەوەش، ئادەم بە وریاییەوە قسەکانی لەگەڵدا کرد، پێشتریش ژینۆ ئەو تێبینییەیدابوو پێی، کە ئەمە کچە دەشتەکییەکی دەستەمۆ کراو نییە، هەلو مەرجی جێگۆڕکێ وای لێکردووە، حساب بۆ هەموو قسەکانی بکات، لە هەمووشی گرنگتر، ئەم کچە خاڵێکی تێدایە، ئەویش نەبەزییەتی، لە کەس ناترسێ، کچێکی گەنج بگاتە شوێنێکی وەک ئێرە، ئەمە گاڵتە نییە!"**، (سەلمان،٤٨٥،٢٠١٥).

هەر لێرەشدا، (ئادەم) دوای ئەوەی هەستیکرد، خەریکە ئەم کارەکتەرە لە سەفەری ئیشق ماندوودەبێت و هەست بە بێ هودەیی لە دۆزینەوەی خۆشەویستەکەی دەکات، بۆیە پێی دەڵێت: **"سەیر بکە، خاتوون، هەریەکە لە ئێمە بەشێوەی خۆی ئەگەڕێ، گرنگ ئەوەیە تۆش بەدوای شتێکا ئەگەڕێی، مەرج نییە ئەوەی تۆ بەدوایا ئەگەڕێی، وەک ئەوەی من بێت، نە ئەوەی منیش وەکی ئەوەی ئەو کەسە بێت، کە تۆ بەدوایا ئەگەڕێی،... هەمووی گەڕانە و هیچیشی هەمان گەڕان نییە!، ئەوەنە بزانە، تۆ مەبەستێکی خۆتت هەیە و بۆی تێئەکۆشی، لەوانەیە پێی بگەی، یان پێشی نەگەی. کە تۆ هەواڵی سەکینەت بۆم هێنا، مەرج نییە ئەمە لەگەڵ ئەوا بمانگەیەنێتەوە بەیەک لەمە تێئەگەی؟"**، (سەلمان، ٥٠٤،٢٠١٥)، (ئادەم) داوادەکات، زۆزان بەردەوامی بە سەفەرەکەی بدات، جا گەر بگات بەم دەرمانە(هیوا) یاخود نا، لەدوای ئەم گفتوگۆیەشدا، بە جۆرێکی تر گۆڕان لەم کارەکتەردا ڕوودەدات، لە وێسگەکانی پێشووتر بەرچاو ڕوونتر دەبێت، چونکە کۆشک و (ئادەم) جۆرێک لە کرانەوەی هزرییان پێی بەخشی، بۆیە بڕیاردەدات، بەردەوامی بە سەفەرەکەی بدات تا بەمەرگ دەگات، بەر لەوەی بەهیوا بگات.

**مەردۆخ:**

یەکێکی دیکەیە لە کارەکتەرە پەرەسێنەکانی نێو ئەم دەقەدا، لە سەرەتادا دوای جێهێشتنی دایکی و دەستکردن بە سەفەرەکەی، لە ڕێگەیدا کاتێک دەگاتە ماڵی (حاجی تەقی)، لەم وێسگەیەدا عاشقی (زۆزان) دەبێت:"**...هەر دەیویست بگاتە شتێک لەم هەموو دەرچوونە، کەچی خۆی بینی لە دۆخێکدابوو، هەر دەیویست بەتەنیا بێت، تا بیر لەو زۆزانە بکاتەوە، کە لەو عانەوەی بە کراسێکی وەنەشەییەوە بەدیی کرد، خەیاڵی بە تارمایی ئەوەوە نووسا**"، (سەلمان، ٣٩٧،٢٠١٥)، بەڵام ئەم ئیشقەی وەلا دەنێت و (زۆزان)بە جێدەهێڵێت لەلایەکەوە، بە هۆی دۆخی جەنگ و گومان و ڕاڕایی و لە لایەکی دیکەوە، بەهۆی ئەوەی، وەک خۆی دەڵێت، لە نەریتی کوردەواری لایداوە: "**ئەڵێی تازە فێری ئوسول و نەریتی خەڵکی گوند ئەبم، چۆن لەم بارە قورسە دەربچم؟ خۆ من بە تەواوی نەمبینیوە! خەریکە لە بیرم ئەچێت، کە باوکی میوانداریێتی کردووم! بچوکترین هەستم پێبکات، ئەوا بێگومان بە حەرامزادە لە قەڵەمم ئەدات باشترە بەیانی زوو وەک ڕۆژەکانی پێشوو بڕۆم و ئێرە بە جێ بهێڵم**".(سەلمان،٣٩٨،٢٠١٥)، بۆیە، بەیانی لە کاتی بانگداندا هەڵدەسێت و دەست دەکاتەوە بە سەفەرەکەی و ڕێگا دەگرێتەوەبەر و دەڕوات، دووەم وێسگەی سەفەرەکەی، کۆشکە، کاتێک دەگاتە کۆشک، ناتوانێت، باوەڕ بە دونیای ناو کۆشک بکات، بۆیە سەرەتا، وەک درۆیەکی دەبینێت، کاتێک دەربارەی کۆشک دەڵێت:"**بەرە بەرە هەموو مافێکی بۆخۆی زەوت کردووە. ئوسوڵەن هەر دەبوو ناوی ئەویش لەو شوێنە بنرێت. ناوێک لە بەرهەمی درۆی پیاوێک کە لەوە تێنەپەڕیوە بەدوای ئارامیدا گەڕاوە و بە ڕێکەوت لەو پارچە عەردە جێگیر بووە. وەختێ یەکەم خانووی خۆشی دەست پێکردووە، لەوێشەوە درۆکە تاکوو ئێستا هەر بەردەوامە، تاوای لێهاتووە ئەوەندە ئاسایی بێت کەس بە درۆزن لە خشتەی نەدات، درۆی یەکەم سڕینەوەی ناو و بوونی هەموو ئەوکەسانەیە لەوانەیە ئەسڵەن ئەوان لە پێشاندا گەیشتبوونە ئەو شوێنە**"، (سەلمان، ٤٨،٢٠١٥)، دنیای ناو کۆشک تەواو پێچەوانەی دەرەوەیە، کە ئاشتی و ئارامی و ئازادی و گوزارشتکردن لە ئێستاو ڕابردوودا، بێ هیچ سانسۆرێک تێیدا بەرقەرارە، بەڵام وردە وردە تێگەیشتنی بۆ دونیای ناو کۆشک دەبێت، لەگەڵ دۆخی ناو کۆشکدا ڕادێت، گۆڕانێک لە هزریدا ڕوودەدات، ئەمەش دوای گفتوگۆیەکی زۆر لەگەڵ (ئادەم) و کارەکتەرەکانی دیکەی ناو کۆشکدا: "**مەردۆخ خەریک بوو ڕادەهات لەگەڵ ئەوجۆرە هێما و پەنهانییەی ژینۆ. لەپڕا لە ناوەڕاستی ڕێڕەوەکەدا وەستا، بێ هیچ شەرمێک، لە ژینۆی پرسی گەر بکرێ بەرنامەی ئەو ڕۆژەی پێ بێژێت، تاکوو شتەکانی لێ ڕوون بێتەوە**"، (سەلمان،١٥٠،٢٠١٥)، پاشان لەلایەکەوە، بەهۆی ئەوەی، ئارامی و ئاشتی لە نێوکۆشکدا

هەیە، لەلایەکی دیکەوە، بە هۆی گفتوگۆی لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکەی نێو کۆشکدا، ئیدی لەم وێسگەیە بە دواوە، (مەردۆخ) جۆری کێشەکان لەلایدا گۆڕا، بەوەی، بەرچاو ڕوونتر لە پێشووتر دەیزانی کێشەکانی چییە و دوای چی دەکەوێت، چونکە سەرەتا، تەنیا لەجەنگە بەردەوامەکاندا هەڵدەهات بێ هەبوونی ئامانجێکی دیاریکراو، سەفەری دەستپێکرد، بەڵام پاش گەیشتنی بە کۆشک، جۆرێک لە ئامانج و بەرچاو ڕوونی لەلادا دروستبوو:**"مەردۆخ لەوە تێپەڕی ئیدی بترسێت وشەرم بکات. تاکوو ئێرە لەو هەموو ناڕوونی و ناحاڵیبوونەدا بایی ئەوەندە شتی لێ ڕوون بووەوە، کە جۆری کێشەکەی لەلا گۆڕی بۆ لێکدانەوەی بوونی خۆی، هەرچی هەبوو و نەبوو، ئەم پەی پێبرد"،** (سەلمان،٢٠١٥،١٨٠). بەهۆی ئەوگۆڕانکارییە ئەرێنییانەی، کە کۆشک لەم کارەکتەرەدا دروستیکرد، وایکرد، کە جۆرێک لە پەیوەستبوونی دەروونی لەلا دروست ببێت و بە دنیای ناو کۆشکی ببەستێتەوە، ئەگەرچی پێشتر دەیویست، بەهەر جۆرێک بێت، لێیدەربازی بێت، ئەمەش کاتێک دەچێتە دەرەوەی کۆشک و (ژینۆ) بە تەنیا بە جێیدەهێڵێت، لە خۆی دەپرسێت: **"ئەوەتا لە تۆزێ لە مەوپێشیش ئازادترم، بۆ ناڕۆم، کێ بەدەورمەوەیە و ڕێم لێ ئەگرێ، کێ کۆتی خستۆتە قاچم، ئەوە نییە تاق و تەنیا وێنە بێ کۆتاییەکانی گەردوون نەبێت، هیچم بەدەورەوە نییە، بۆ وەها چەقم بەستووە و دەسەڵاتم نەماوە بڕیار بدەم؟"،** (سەلمان،٢٠١٥،١٢٤)، بەڵام سەرەڕای ئەو دۆخەی نێو کۆشک وئارامی و ئاشتی تێیدا، (مەردۆخ)، لەبەرئەوەی باشتر بۆی ڕوونبووەتەوە، بە دوای چیدا وێڵە، بۆیە بڕیار دەدات، لە ڕۆشتن بەردەوام بێت. (ئادەم) پێیدەڵێت: **"دەی باشە کاک مەردۆخ، لە ئەمڕۆوە گەشتی تۆ دەست پێ ئەکات. تۆ ئازادی بۆ کوێ ئەچی، بەرەو کوێ ئەڕۆیت و لەلای کێی دیکە لا ئەدەیت، تەنها ڕێ بە خۆم ئەدەم ئامۆژگارییەکت بکەم، ئەوەش کە خۆتت لە بیرنەچێتەوە، بزانە بۆ لێرە دەڕۆی، بەدوای چیدا ئەچیت"،** (سەلمان، ٢٠١٥، ٢٩٤). لێرەدا (ئادەم)،وەک بیرخستنەوەیەک، بە (مەردۆخ) دەڵێت سەفەری تۆ لە پێناوی گەڕانەوەیە بۆخود و خود دۆزینەوە، بۆیە ئامانجی ڕۆشتنەکەت هەمیشە لەیاد بێت، هیچ شتێک نەبێتە هۆی دوورخستنەوەت لەم ئامانجە.

کاریگەریی (ئادەم) لەسەر ئەم کارەکتەرەدا بەجۆرێکە، لێرەدا تێدەگات، کە ئەو ئیشقەی، کە پشتر هاتەڕێی و جێیهێشت، ئەو کەسەبوو، کە ئەم بەدوایدا دەگەڕا، بەڵام تانەگەیشتە کۆشک و هەندێک تێگەیشتنی بۆ خود و شتەکان نەگۆڕا، درکی بەم هەستەی ناخیدا نەکرد، ئەمەش لە میانەی گفتووگۆیەکیدا ئاماژە بەوە دەکات، ئەوەی بەجێیهێشتووە ئەو کەسەبوو کە عاشقیبووە، بەڵام ڕاڕایی وایکردووە بەجێیبهێڵێت، وەک (مەرۆخ) خۆی ئاماژەی بۆدەکات ودەڵێت: **"ئەم قسانەی**

**ئێرەشمان، بڕێکی باش چاومی کردەوە، هەر پرسیارەکەی تۆ، پێش تۆزێک، چاومی کردەوە، بەم کاتە کەمەی ئێرەش، بۆم ڕوون بووەوە، کە ئەو خۆی بوو، کەچی من لێی ئەترسام... تەنها لێرە، لە بەرامبەر بە تابلۆکە، ئەمشەو چوومەوە نزیکی و سەیرم کرد، بۆم ئاشکرا بوو کە کەسێک هاتە ڕێم، نەدەبوو پشتگوێی بخەم"،** (سەلمان،٢٨٩،٢٠١٥)، سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییە زۆرەی لەفکری (مەردۆخ)دا ڕوویدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کۆشک نابێتە دوا وێسگەی گەشتەکەی و هەر بەردەوام دەبێت.

لە درێژەی سەفەرەکەیدا، (مەردۆخ) هەندێجار دۆخی ڕەشبینی دایدەگرێت، پێیوایە، مرۆڤ بوونەوەرێکی تاریک پەرستە، کە بەمجۆرە گوزارشت لەو ئازارەی دەکات، کە بەهۆی ئەودۆخەوە تووشی بووە: **"هەندێجار ئەوەندە وزەمان هەیە، هەرچیی هێزی تاریکییە، دەرهەقی ئەو تاریکییەی ناوەوەمان نایەت، هێندە چالاکین بۆ کوشتنی کەسێک، ئەوەندە بۆ ڕواندنی تووێک چالاک نین، شان و باسکمان قورسترین چەک هەڵدەگرێ، ئەتوانین چەک و ژنێکیش بخەینە کۆڵمان، کەچی ناتوانین پارچە زەویەکی بچوک بکێڵین، یان نەمامێک بچەقێنین"،** (سەلمان،٥٥٧،٢٠١٥)، دەکرێت بڵێین، چالاکبوون بۆ کوشتن دیوە شەڕانگێزێکەی مرۆڤ بۆ وێرانکردن نیشاندەدات، نەک ئاوەدانکردنەوە، (بێردیایڤ) وەک بیریارێک"شەڕ وەک دیاردەیەکی نامۆی مێژوویی ناناسێنێت، هەرچەندە تا ئەندازەیەکی گەورە هەوڵیداوە لە ڕەوایەتی شەڕ بهێنێتە خوارەوە، بەڵام بە حوکمی واقیعیەتە هەمیشەییەکەی دیاردەی شەڕ و ڕەگ داکوتاوییە بوونەوییەکەیەوە، دانی بەوەداناوە شەڕ ڕەوشی ئاسایی مێژووە نەک ئاشتی"، (حەمەعەلی،١٤١،٢٠٢١)، بەڵام لە هەمانکاتیشدا، بۆتاکی کورد شەڕ دەشێت، واتایەکی دیکەی هەبێت، هەروەک ڕۆماننووس ئاماژەی بۆ دەکات"بارگرانی مرۆڤ بەوەی، دەتوانێت چەک بۆ پارێزگاری نیشتمان و ژنیش هەڵگرێتە سەر شانی، چونکە ژن هەمیشە بەرەورووی مەترسی و هەڕەشە دەبێتەوە لەکاتی جەنگدا، ئەو بارە زۆر قورسە، لەبەر ئەوە دەبێتە بەرپرسیارێتی. پیاو دەتوانێت، چەک و ژن لەو دۆخانەدا هەڵبگرێتە سەر شانی، کەچی ناتوانێت نەمامێک بچەقێنێت! بە پێچەوانەوە، هەرگیز لێرەدا، ژن بە واتایەکی نیگەتیف بەکارنەهێندراوە، بەڵکو مەبەست لە قورسی هەلومەرجی ژنە!"،(سەلمان، چاوپێکەتن،٢٠٢١). نەتوانین بۆ چاندنی نەمامێک بۆ نەبوونی گیانی ژیاندۆستی و ژینگە دۆستی لای مرۆڤ دەگەڕێتەوە.

لە بەردەوامی ئەو گۆڕانکارییانەی، کە لەم کارەکتەرەدا ڕوودەدەن، دوای دەرچوونی لە کۆشک و گەیشتنی بە ماڵی ژنەکاندا، لێرەدا هەواڵی ئەوەی پێدەدەن، کە (زۆزان)، بەر لە تۆ لێرە بووە،

ئەمەش دەبێتە وەرچەرخانێکی تر لە ژیانیدا، لەم ساتەوە بڕیاردەدات، بەدوایدا بڕوات، بەمەبەستی دۆزینەوەی، ئەگەر چی پێشترش لە کۆشکدا لە جێهێشتنی پەشیمان بوو، بەڵام بڕیاری بەردەوامی سەفەرەکەی و جێهێشتنی کۆشک بۆ دۆزینەوەی (زۆزان) نەبوو، بەڵام لەم وێسگەیەی سەفەرەکەیدا، هەوڵ بۆ دۆزینەوەی دەدات، گێڕەرەوە دەڵێت: **"لە ناکاوا هیوا دڵی بە پەنهانی ئەم ژنانە تەنگ بوو، هاتیشە سەری، کە گەڕانی ڕاستی لەم چرکەیەوە دەستی پێ کرد، بە سەکینەی گوت"من هەر ئەمشەو ئەڕۆم، ئەبێ بڕۆم، لێم مەپرسن بۆ کوێ، یان بۆ ئێستا، ئەوەندە هات بەسەرما و هەر حاڵی حازر ئەبێ لێرە دەربچم یەکەم جارە کە پێویستم بە شەوە تیایە نوقم ببم"،** (سەلمان،٣٥٢،٢٠١٥)، (مەردۆخ) پێیوایە، گەڕانی ڕاستی لێرەوەیە، چونکە گەڕان بە دوای خۆشەویستی، هەنگاوی سەرەتایە، بۆ گەڕان بەدوای جوانییەکانی تر لە ژیاندا، لەمماڵەدا تێگەیشت، بە گەیشتنی بەو ئافرەتەی کە خۆشی دەوێت دەتوانێت هەنگاو بۆ تێگەیشتن لە هەموو ئەو چەمکانەی ترش بنێت.

لە کۆتایی دەقەکەشدا، کاتێک دەگاتە (زۆزان)، کە لەسەرەمەرگدایە درەنگ وەختە بۆیە: **"چۆن بەسادەیی و پەنهانیی ئەو ئیشقە ناکامڵە، لە نێوانیاندا دەستی پێکرد، ئەوهاش بەسادەیی هەمووشتێک لە کۆتاییدا بوو، دەی ئەوەتانێ ئەمیش وا دەخلیسکێت و لەدەستی دەردەچێت و هیچی بۆ ناکرێت"**،(سەلمان،٥٤٥،٢٠١٥)، بەیەک نەگەیشتنی ئەم دوو عاشقە، ئاماژەیە بۆ ئەو تەوەرە سەرەکییەی، لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا کاری لەسەرکراوە، بەوەی جەنگ و کارەساتەکان ڕێگرن لە بەیەک گەیشتنی عاشقەکان و لە ناوبردنی خۆشەویستی. پاشان لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا لەگەڵ کارەکتەرێکی دیکەدا کە ئەویش هەمان ناوی(زۆزان) هەڵدەگرێت، ڕووداکاتە کۆشک، کە لەم قۆناغەدا کۆشک (مەردۆخ/هیوا)ی لێیە، نەک (ئادەم)، لە کۆشکدا لەگەڵ ئەم کارەکتەرەدا ژیانێکی نوێ دەست پێدەکەنەوە (مەردۆخ) لە کارەکتەرێکی گەڕیدەوە دەبێتە نیشتەجێی کۆشک، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو خاڵەی دەشێت ئیشق ببێتە فاکتەر نیشتەجێبوون و ئارامگرتنی کەسێکی گەڕیدە و نائارام.

### ویژدان:

یەکێکە لەو کارەکتەرە ژنانەی، کە گۆڕانکاریەکی زۆر بە درێژایی دەقەکە بەسەر ڕەفتاریدا هاتووە، لەڕێگەی گێرانەوەوە، بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە ژیانی هەرگیز، وەک پێشوو نییە. ئەگەرچی کۆی کارەکتەرەژنەکان گۆڕانکاری بەسەر ژیان و نیشتەجێبوون و هەندێکجار بیرکردنەوەشیاندا

هاتووە، بەوەی، ئەم کارەکتەرانە نیشتەجێی شارن، پاشان بەهۆی ڕووداوەکانی ئەنفالەوە، دەبنە نیشتەجێی گوند: **"ژنی شار قەت نابێتە دانیشتووی گوند، مەگەر بەهاندانی دڵ یاخود کارەساتی دڵتەزێن، ئەمەشیان قەت کورد لێی بێبەش نەبووە"**، (سەلمان،٢٠١٥،٢٣١)، ئەوەی ئەم ژنانەی کردە نیشتەجێی گوند کە بۆخۆیان نیشتەجێی شاربوون کارەساتی ئەنفال و جەنگە بوون، ئەو ژنانە شارنشینبوون، بەڵام شوێنی ژیانیان دەگۆڕێت و دەبن بە  ژنی گوندنشین و هەڵوێستیان دەگۆڕێ لە ئاستی هەر کەسێکدا، کە بە ماڵەکەیاندا تێدەپەڕێت و گومانی لێدەکەن. "هەر خودی چەمکی گومان گەورەترین گۆڕانە لە ژیانیاندا کە پێشتر ئەوانە زۆر بە شادی قۆناغەکانی ژیانیان بڕیوە، بەڵام ئێستا لە ترسی خۆیاندا گومان لە هەموو کەس دەکەن"، (سەلمان، چاوپێکەوتن، ٢٠٢١)، بەڵام لە نێو کارەکتەرە ژنەکاندا (ویژدان) بە زەقی گۆڕانکاری بەسەر ڕەهەندی دەروونی و هزریدا دێت، (ویژدان) کچی (سەکینە)یە، کە بەکاریگەریی زەبری دەروونیی (تراوما)ی ئەو دۆخەی بەسەریاندا هات دەبێتە کەسێکی تر، کە بە تەنزەوە دەڕوانێتە دەوروبەر و گفتوگۆ لەگەڵ ژنەکاندا دەکات، لە جووڵەکانیدا، بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە هەمان کچە هەرزەکارەکەی پێشوو نییە، لەسەرەتادا، وەک هەرزەکارێک قسە لەسەر بابەتەکان دەکات بە شێوەیەکی جدیتر دەردەکەوێت، بۆ نموونە کاتێک ژنەکان گفتوگۆی پێوەندیی نێوان (سەکینە) و (وەستا) دەکەن، **"ویژدان سەر زەنشتی ئەفسانەو ژنەکانی تری کرد و وتی" من ڕازی نیم، ئەی شەو لە باوەشی کێدا بخەوم؟ من تا ئێستاش لە باوەشی دایکمدا  ئەخەوم ئەتانەوێ لێمی بسەنێت، ها؟ هەمووتان بەدوای ئەمەدا ئەگەڕێن"**، (سەلمان،، ٢٠١٥،٢٦٦)، دواتر (ویژدان) ،وەک کچێکی ڕۆشنبیر، بە وردی وەسفی دۆخی دەروونی خۆی و دایکی و ژنەکانی تر دەکات و دەڵێت: **"....ڕاستییەکەشی ئەوەیە، کە دایکم تەواو مرد و بە خۆشی نازانێت، ئێمەش هەموو مردووین، نابینی؟ بێڤەر ئێمە بەلای تۆوە زیندووین؟ تۆ لە بری ئێمە، خێو و سێبەر و تارمایی نابینی؟ کۆڵێ ژن لە ئاست خۆیان وڕێنە ئەکەن، ئا ئەو هەموو ساڵە بێکەس، تۆ بە زیندوو  دامان ئەنێیت؟ ئەوانە هەموو هەر وژە وژی قسەن! دەنا کەسمان بە زیندوو ئەچین؟"**، (سەلمان،٢٠١٥،٢٤٢)، (ویژدان) پێمان دەڵێت، کە ژنانی ڕزگاربووی ئەنفال، تەنیا بە جەستە زیندوون، دەنا لە ڕووی دەروونی و ڕۆحییەوە، بە هۆی لە دەستدانی ئازیزانیان و کاریگەریی ئەو تراومایەی ئەنفال لەسەریان جێیهێشتووە، مرۆڤێکی مردوون. چونکە ڕزگاربووانی ئەنفال"لەباری دەروونییەوە، پێیان وایە هەست بە بوونی ژیان ناکەن و چاوەڕێی مردنێکی لە سەرخۆن. ئەوان مردون لە لاشەیەکی زیندوودا کات بەسەر دەبەن، هەمیشە لە دڵەڕاوکێ، شپرزەییدا دەژین و لەگەڵ خودی خۆیاندا نامۆن و لە کێشەی ناوخۆییدا دەژین کە کاری

کردووەتە سەر ڕەفتاری ڕۆژانەیان و وەکو جاران ناتوانن پێوەندیی لەگەڵ ژینگەکەی خۆیاندا ببستنەوە، ئەوەش وای لێکردوون کە گۆشەگیربن و لە خەمۆکێکی شاراوەدا بژین". (بیارەیی،٢٠١٣،٢١).

پاشان (ویژدان) بە کاریگەریی ئەو تراومایەی، کە ئەنفال لەسەریان بەجێیهێشتووە، دەبێتە کارەکتەرێک، کە هەمیشە بە تەوسەوە گوزارشت لە بۆچوونەکانی خۆیدا دەکات، بۆ نموونە کاتێک دەگەنە ماڵی (وەستا) و (وەستا) داوای خۆشەویستی لە دایکی ویژدان دەکات، ویژدان: **"بە تەوسەوە وتی،" ئێوە خۆتان هەڵئەخەڵەتێنن، تۆش، دایکە من لە پلانی تۆ تێئەگەم، تۆ هەر ئەتەوێت کات بکڕییەوە، تاکوو لێمان ڕوون ئەبێتەوە چی بکەین، دەی با کچی بچووکت ئەمەت بۆ ڕوون بکاتەوە، من ئەوەندەی لەو پیاوە تێگەیشتم، ئەم لەوانە نییە تۆ بتوانی بە چەند قسەیەک کاتی پێ بکڕییەوە، ئەمە کەسێکی تەنیایە، ئێرە فێری کردووە لە هەمان کاتا هەست ناسک و نەرم و ڕە قیش بێت"**، (سەلمان،٢٠١٥،٣٧٤)، لێرەدا (ویژدان) کارەکتەری (وەستا)مان بۆ دەردەخات، کە کەسێکە، فریونادرێت، بەڵکو تەنیایی فێریکردووە، کە لە کوێدا پێویست بێت، ڕەق و لە چ شوێنێکشدا پێویست بێت، نەرم بێت، بۆیە هەوڵی فریودانی مەدەن، پاشان دەربارەی دایکی و (وەستا) بەمجۆرە دەدوێت: **"ویژدان لە وێدا دای لە قاقای پێکەنین، بە تەوسەوە وتی" دایکە چەند خۆشە مارەت ببڕن! مەلا لە گوندێکی دوورەوە بێت و لە بری من و ئەفسانەو ڕەهێڵە و بەفرین، تۆ شوو بکەیتەوە، هاهاها..."**، (سەلمان،٢٠١٥،٣٦٤). لەکۆتایی ڕۆمانەکەشدا، دوای ئەوەی (وەستا) دەڕوات و ژنەکان بە تەنیا دەمێننەوە، ئەو ئیشقەی، کە لەتەنیا شەوێکدا، لە نێوان (سەکینە و وەستا)دا دروست بووە، پاشان لێک دوورکەوتنەوە، ئەمەش جۆرێک لە بێ تاقەتی لای(سەکینە) دروستکرد، بۆیە ویژدانیش جارێکی دیکە، وەرچەرخان لە گفتوگۆکانیدا ڕوودەدات، کاتێک دایکی بە بێ تاقەتی دەبینی تێڕوانینی، دەگۆڕێت: **"ویژدان بێتاقەتیی دایکی بینی، بۆی چوو هی چییە، بە جۆرە پاڕانەوەیەک پێی وت، بڕوات هەبێ، دایە، ئێستا عاجز نابم ئەگەر بتەوێ وەستا بێتەوە ئێرە"**، (سەلمان،٢٠١٥،٥٢١).

## زۆزانی دووەم:

یەکێکی دیکەیە لە کارەکتەرە پەرەسێنەکانی نێو ئەم ڕۆمانە، لەکۆتایی دەقەکەدا دەردەکەوێت، دوای مردنی (زۆزان)ی یەکەم، ناوی هەمان کارەکتەر لە خۆی دەنێت و ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەردەوامیدان بە چیرۆکی (زۆزان)، کە لە پێناو گەیشتن بە خۆشەویستەکەی گیانی سپارد،

(زۆزان)، سەبارەت بەناسنامەی ڕاستەقینە خۆی، پێیوایە، ناسنامەی هەمووان ساختەیە، بۆیە ئەمیش ناسنامەیەکی ڕوونی نییە، وەک خۆی دەڵێت: **"ناسنامە پاساوێکە کە بۆ خۆمانی ئەهێنینەوە، هێزێکە، ئەیدەینە بەر خۆمان، تا ورەمان پێبدات لە شوێنێک دەربچین. ڕەنگە واش بێت، کە سەرجەمی ئەم دونیا لەسەر ناسنامەی ساختە دروست کرابێت، ئەگینا لە خۆت نەپرسی کێ لەم سەردەمەی ئێمە ناسنامەی ڕاستی هەیە؟"،** (سەلمان،،٢٠١٥،٥٦٤).

ئەم کارەکتەرەش، وەک هەموو کارەکتەرەکانی تر، هەڵهاتووی ژینگەیەکی توندوتیژە و وێڵی پەناگەیەکی ئارامە، هەروەک خۆی دەڵێت:**"بەڕێز، من تەنها خوێنمژەکانم تووش بووە، لە ماڵ، لە کۆڵان، لە زانکۆش، کە هەر بەهۆی ئەوانەوە تەواوم نەکرد، هەر تووشی ئەو کەسانە بووم، کە وزەیان ئەبردم"،** (سەلمان،٢٠١٥،٥٥٥)، ئەم کارەکتەرە، گوزارشت لە ئازاری بێ دایکی و باوکی لە ژیانیدا دەکات، دیارە، باوکی هەیە، بەڵام لەڕووی سۆز و خۆشەویستییەوە، هەر بێ باوکە. دوای مردنی دایکی، لەبەر ئەوەی، باوکیشی نازی هەڵناگرێت، ئیدی ئەمەش ڕێگە دەگرێتەبەر:**"نەخێر! من تاقانەم بە هەتیوی گەورەبووم، هەرلە منداڵییەوە تەنها ئەو گوارەیەم لە گوێ کراوە. نیشانەیەکە بۆ هەتیوبوونم"... من هەر هەتیوم، هەر بەهەتیویش ئەمرم، ئەبینی بۆمن لێرەم؟ لەبەر ئەوەی لەم تەمەنەشما هەر هەتیوم، نە دایکم هەبوو نازم بداتێ، نە باوکم توانی نازم هەڵگرێ"،** (سەلمان،٢٠١٥،٥٥٢). یەکەم وێسگەی سەفەرەکەی، ڕوودەکاتە کۆشکەکەی(مەردۆخ/هیوا/ئادەم)، کە هەردووکیان بە دەردی ئیشق بریندارن، لەم کۆشکەدا گۆڕانکاری لە ڕەهەندیی دەروونی و هزری ئەم کارەکتەرەدا ڕوودەدات، لێرەدا (مەردۆخ/ئادەم) دوو بژاردە دەخاتە بەردەستی و سەرپشکی دەکات، لە هەڵبژاردنی هەر کام لەم بژاردانەدا، جێگەی ئاماژەیە، نووسەر ئەوە دەخاتە ڕوو، کە کێشەی تاکی ڕۆژهەڵاتی لەوەدایە، مرۆڤ وابەستەی کۆمەڵێک چەمکە، کە نایەوێت، بیانگۆڕێت، لە کاتێکدا بۆ دەستپێکردنەوە، گرنگە، مرۆڤ ژیانێکی نوێ بۆ خۆی هەڵبژێرێت، لەبەر ئەم هۆیەش لەم ڕۆمانەدا هەڵبژاردن لەبەردەستی کارەکتەرەکاندایە، کە یان بگەڕێنەوە بۆ ناو شەڕ و کوشتار و وێرانە، یان لە جێیەکدا بە ئاسودەیی بژین و لاپەڕەی ئەو ژیانەی پێشوو دابخەن و لاپەڕەی نوێ بکەنەوە. بیری مرۆڤیش، لەدوای ئەو جۆرە جێگیربوونەش، هەر وەکو خۆی نامێنێت، دەکرێت، لەوەدواش گۆڕانکاریی دیکە بەسەر بیرو بۆچوونیدا بێت و ڕەوتێکی تری ژیان هەڵبژێرێت، ئەمە تایبەتمەندیی مرۆڤە، کە هەمیشە لە پرۆسەیەکی خۆهەڵسەنگاندن و گۆڕاندایە بۆیە،: **"ئادەم ناو حەسرەتێکی توندوتیژی خەفەکراوی لەو دواقسانەی زۆزان خوێندەوە، پێی وت تەماشابکە، زۆزان، ئێمە لێرە دوو هەڵبژاردە ئەخەینە بەردەستت، یەکێکیان چارەسەرە و ئەیخەینە**

**نێو دەستێکت، لەدەستەکەی ترشت، هەرچی نەخۆشی ئەم دونیایەیە، تێی ئەخەنین، بە دوایا داوات لێ ئەکەین، هەردوو چاوت بنوقێنی و چەند جارێک ئەم دەست بۆ ئەو دەست بیانگۆڕە، کە چاوت کردووە، چی ئەبینی؟ تێکەڵەیەک لە دەرمان و ژەهر، هەرگیز بۆت جیاناکرێتەوە، لێرەش تەنها خۆت خاوەنی خۆتی، دۆزینەوەی ئەو تێکەڵەیەی ئەم دەست وئەو دەستەت، کاتی ئەویێ، مەرج نییە کاتی زۆر بوێ، بەڵام هەر وەخت ئەبات، ئەو دەمەی توانیت شتەکان جیا بکەیتەوە، زۆر شتت لەلا ئاسان ئەبێتەوە، تێئەگەی ژیان خۆی بریتییە لەو تێکەڵەیە، بەشێکی ژەهرە و هەر ئەیخۆی، بەشەکەی تریشی دەرمانە و خۆت نایخۆی!"**،(سەلمان٢٠١٥،٥٦٩، ) لێرەدا، ئەم کارەکتەرە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ژیان هەمیشە تێکەڵە لە خۆشی و ناخۆشیدا، هەروەها جەخت لەسەر ئازادیی هەڵبژاردنی چارەنووس، لەلایەن تاک خۆیەوە دەکاتەوە، چونکە "ئازادی چەمکێکی ناجێگیرە، واتە ئەو دۆخە نییە، کە تێیدا دەژین، بەڵکو ئەو دۆخەیە، کە دەمانەوێت هەبێت بۆ ئەوەی تێیدا بژین، مرۆڤ بەردەوام لەهەوڵی پیادەکردنی ئازادیدایە بۆ ئەوەی بگات بەو شوێنەی دەیەوێت بوونی خۆی تێیدا بدۆزێتەوە"،(سیوەیلی،٢٠٠٨،٢٣٦)، واتە بوونی مرۆڤ لە نێو ئازادییەکەیدا دەردەکەوێت، بەواتایەکی دیکە، نووسەر پێماندەڵێت، دەبێت مرۆڤ خۆی چارەنووسی خۆی هەڵبژێرێت و دیاری بکات، چونکە، گەر تاک لەدەرەوەی خۆیدا، چارەنووسی بۆ دیاریکرا، ئەوە بوونی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، بۆیە (زۆزان)یش بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات و واز لە شوناسی هەتیوی دەهێنێت، بە جۆرێکی تر ژیان دەستپێدەکاتەوە، کە هەست بەبوونی خۆی بکات، گێڕەرەوە دەڵێت: **"هەر لەو ساتەوە زۆزان ناو وەرچەرخانێکی بە خۆییەوە بینی، لە نێو ئەو هەموو کەسانەدا، بۆیەکەمجار خۆیی بە کەسێک هاتە پێشچاو، هەرچی شووناسی هەتیوی بوو، لێی دوورکەوتەوە و بوو بە یادگارییەکی ناخۆش، دەبوو لەو ساتەوە ئیشی لەسەربکات، لێی دەربچێ،... ئادەم ناویش چاوی بڕییە چاوی زۆزان، لەو زۆزانەی لەدەستی چوو، ئەمی دۆزییەوە، بڕوای بەوە هێنا، کە مرۆڤ دەکرێ دەست پێبکاتەوە، لەهەر کوێیەک بێت، لە پاش هەر کارەساتێک"**، (سەلمان،٢٠١٥،٥٧٠)، لێرەش بەدواوە، لە جیاتی ڕق و کینە، ڕوو لە دنیای خۆشەویستی دەکات و لەڕێگەی ئەم خۆشەویستییەوە، دەتوانێت، لە مەبەستەکانی (مەردۆخ/ئادەم) تێبگات ودەڵێت: **"ئێمە بەرامبەر بە خۆشەویستی، ڕووت ڕووتین، ئەمەشە هێز ئەخاتە بەر ئیشق و وامان لێ ئەکات، ئەوی تر بخوێنینەوە، کە باسی خوێندنەوەی دڵ ئەکەم، هەر مەبەستم لەمەیە"**، (سەلمان،٢٠١٥،٥٦٧)، ئەم کارەکتەرە پێماندەڵێت، مرۆڤ تەنیا لە کاتی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەدا، ناتوانێت، نواندن بکات، ئەمەش وادەکات هەموو ماسکەکانی سەر ڕووخساری

لابچێت، چونکە ئەو هەستەی لە کاتی خۆشەویستیدا دروست دەبێت، ناتوانرێت، بە ئاسانی بشاردرێتەوە، ئەمەش وادەکات مرۆڤ تەنیا لەم کاتەدا، خاوەن بوونی ڕاستەقینەی خۆی بێت و هیچ ماسکێک نەپۆشێت. "بەدەربڕینێکی دی، لە ئیشقدا، ناچاریی ناوەکی و دەرەکیی‌بوونی ڕووداوەکە یەکدەگرن. ناچاریی ناوەکی، بریتییە لەو ناوکە ڕاستەقینەیەی، کە سوبێکت پێکدەهێنێت، هەمان ئەو شتەی هەندێک بە نەفس و هەندێک بە ڕۆح و هەندێکیش بە شوناس ناویدەبەن."(وەقفی پور، ٢٠١٢. پێگەی نێگەتیڤ).

کەواتە لەم ڕۆمانەدا، جگەلە کارەکتەری سەرەکی و پەرەسەندوو، نووسەر گرنگییەکی زۆری بە کارەکتەری لاوەکی پەرەنەسەندووەکانداوە، لە ڕێگەیانەوە، چەندین چەمک و گرفتی نێو کۆمەڵگەی خستۆتەڕوو، بە گونجاندن لە گەڵ ئاستی هزری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندیی کارەکتەرەکاندا.

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، لەم چەند خاڵەدا خراونەتەڕوو**

– لە نێو ڕۆمانەکەدا ڕەهەندی جەستەیی تەنیا نیشاندانی دیوی دەرەوەی کارەکتەر نییە، بەڵکو لە هەندێک شوێندا لە ڕێگەی جەستەوە، گوزارشت لە ئازاری دەروونیی کارەکتەرەکان کراوە، بە تایبەتی لای(ئادەم).

–سەرجەم کارەکتەرەکانی نێو ئەم ڕۆمانە، لە ڕووی دەروونییەوە خاوەن دەروونێکی نائارامن، لەبەرئەوەی ڕزگاربووی جەنگ و پرۆسەی ئەنفالن، بە جۆرێک ڕەهەندی دەروونی (ڕاڕایی، نائارامی دەروونی، بێ متمانەیی... هتد)، هۆکارە، بۆ زۆربەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە و گەڕیدەبوونی بەشێکی زۆری کارەکتەرەکان بەتایبەت "مەردۆخ".

–هەندێک لە کارەکتەرەکان لە ڕووی هزرییەوە، تووشی نامۆیی خودی بوون، جگەلەوەی ڕەهەندی هزری ڕۆڵی لە دروستبوون و یەکلاییبوونەوەی ڕووداوەکاندا هەیە، بۆ نموونە هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە "مەردۆخ" بەهۆی نەگەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکانی، دەربارەی خود و بوون، دەبێتە کارەکتەرێکی گەڕیدە و پاشان گەیاندنی پەیامی کۆشکی پیاوەکان بە ماڵی ژنەکان، هەر بۆیە ڕەهەندی هزری، ڕۆڵی گرنگی لە بونیادی کارەکتەرەکاندا هەیە.

– لەم ڕۆمانەدا، ناولێنان، وەک ڕەهەندێکی سەرەکی کاری لەسەر کراوە، بەپێی ناوەرۆک و گرفتەکان بەکارهێنراوە، وەک ناوی "ئادەم/وەستا" ئاماژەیە، بۆ دروستکەر و دەستپێکەرەوەی ژیان، هەروەها ناوی "پاساری" ئاماژەیە بۆ ڕاڕایی دەروونی و گومان و ئارامنەبوون لە شوێنێکدا، "هیوا/مەردۆخ" ئاماژەیە، بۆ هیوایەک، پاش هەموو کارەساتەکان، جگەلەوەی، سەرجەم کارەکتەرە پیاوەکان، گێڕەرەوەش نازانێت، ناوی خۆیان چییە، بەوەی بە"ئادەم ناو، ژینۆ ناو، هیوا ناو"ناوی کارەکتەرەکان دەهێنێت، بەڵام سەرجەم کارەکتەرە ژنەکان، تەنیا یەک ناویان هەیە، جگە لە(زۆزان)، چونکە گرنگبوو، ئەم ژنانە، کە بەر شاڵاوی ئەنفال نەکەوتوون، دوای ئەنفال ناویان، وەکو خۆی بمێنێتەوە وەک ئاماژەیەک بۆ گەورەیی و ڕاستیی ئەنفال، کە ڕوویداوە، بۆیە ڕۆماننووس بە ڕەچاوی کۆمەڵێک پێوەری گشتییەوە، لەوانە ژینگەو شوێن و زەمەنی ڕووداوەکان گونجاندنی لە نێوان ناو و کارەکتەرەکاندا کردووە.

–ڕۆماننووس بەشێکی زۆری ئەم ڕۆمانە، لە سەر شێوازی کارەکتەرسازیی ناڕاستەوخۆ بنیاتنراوە، ڕێگە بە کارەکتەرەکان نەدراوە خۆیان گوزارشت لە خۆیان بکەن. بۆیە گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە، لە شێوازی ڕانانی کارەکتەر بە شێوەی ناڕاستەوخۆدا پشتی بە وەسفی دەرەکی بەستووە، ئەمەش زێتر لە ڕەهەندی جەستەییدا بەکارهاتووە، لە ڕانانی کارەکتەر بە شێوازی ڕاستەوخۆدا لە

ڕێی کارەکتەری ترەوە، یان کارەکتەر خۆیەوە گفتوگۆ ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە ناساندنی کارەکتەر بە خوێنەر و ناسینی ئاکار و ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەر.

– گفتوگۆ ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دەرخستنی ناسنامە و وێنە و ڕەهەندەکانی بونیادی کارەکتەرەکان، چونکە لەڕێگەی گفتوگۆوە گوزارشت لە خۆیان و چیرۆکی ڕابردوویان دەکەن، جگەلەوەی، جگەلەوە هەندێک لە کارەکتەرەکان وێنەیان بۆ خوێنەر کێشراوە لە نێو سەرجەم کارەکتەرەکاندا، (مەردۆخ) زۆرترین مەنەلۆگی هەیە، چونکە لە هەموو کارەکتەرەکان زێتر، باری دەروونیی نائارامە و ڕاڕاترە و بەردەوامیشە لەسەفەرەکەیدا، جگەلەوەی، کە خۆشی شاعیرە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر نائارامی ڕوحی ئەم کارەکتەرە هەیە.

– لە نێو ڕۆمانەکەدا، پێوەندیی نێوان کارەکتەر و ڕووداو پێوەندییەکی تەواوکارییە، هەم کارەکتەر کاریگەرییان لەسەر ڕووداوەکان هەیە وەک (ئادەم، مەردۆخ)، هەم ڕووداوەکانیش کاریگەری لەسەر چارەنووسی کارەکتەرەکان هەیە و چارەنووسی هەندێک لە کارەکتەرەکان بە پێی ڕووداوەکان کۆتاییان دێت، نەک ویستی خۆیان، وەک (کارەکتەرە ژنەکان)، جگە لە زۆزان.

– لە نێو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا بە پلەی یەکەم هۆکاری سیاسی و بە پلەی دووەم هۆکاری هزری، ڕۆڵی گرنگیان لە بنیات و پێکهاتە و جووڵەو ئاراستە کارەکتەردا بینیوە.

– لەم ڕۆمانەدا، لە بەرئەوەی ڕووداوەکان لە نێو وێرانەی پاش ئەنفالدا ڕوودەدەن، بۆیە شوێن کاریگەریی لەسەر کارەکتەرەکان هەیە، چونکە ئەم وێرانەیە بۆخۆی، کاریگەریی لەسەر باری دەروونی کارەکتەرەکان هەیە، هەروەها لە نێو ئەم وێرانەیەشدا، ڕووداوەکان لە نێو دوو خانوودا ڕوودەدەن، بە تایبەتی خانووی پیاوەکان زێتر گفتوگۆی تێدا ڕوودەدات و ئازادی تێدایە.

– لە ڕووی کاتەوە، کاتی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە زیاتر لە دوای ئەنفالەوە دەست پێدەکات، پاشان لە ڕێگەی یادەوەرییەوە، کارەکتەرەکان ڕووداوەکانی پێش ئەنفال و سەردەمی ئەنفال دەگێڕنەوە، بەڵام کاتی کۆتایی هاتنی ڕووداوەکانی دەقەکە دیارینەکراوە و بە کراوەیی هێڵراوەتەوە، جگەلەوەی لەنێو ئەو کاتەشدا زۆرتر کار لەسەر کاتی شەو کراوە، چونکە لەگەڵ تەوەری سەرەکی دەقەکەدا گونجاوە، کە کارکردنە لەسەر تێڕامان و گەڕانەوە بۆ خود، هەروەها ئاماژەشە بۆ تاریکی سەردەمەکە بۆ نەتەوەی کورد.

– لەم ڕۆمانەدا، کارەکتەرەکان لە ڕووی ڕۆڵەوە، دەبن بە دووبەشەوە، کارەکتەری سەرەکی، وەک(ئادەم، مەردۆخ، سەکینە) ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، کارەکتەری لاوەکی وەک( مەندان، ڕەهێڵە، بەفرین، ویژدان، ئەفسانە، زۆزان، مام سەمەنی، حاجی تەقی، ژینۆ. پاساری ناو) ڕۆڵی لاوەکی

دەگێڕن. لەم ڕۆمانەدا، جگەلە کارەکتەری سەرەکی، نووسەر گرنگییەکی زۆری بە کارەکتەری لاوەکی داوەو لە ڕێگەیانەوە، چەندین چەمک و گرفتی نێو کۆمەڵگەی خستۆتەڕوو، چونکە ڕۆمانەکە تیشک دەخاتەسەر چیرۆکی خودی کارەکتەرەکان و دەیەوێت گرفتی کەسە پەراوێزخراوەکان بخاتەڕوو وەک "ژینۆکان، زۆزان، پاساری ناو".

– لە نێو ڕۆمانەکەدا، کۆمەڵێک کارەکتەری پەرەسێن بەرچاو دەکەون، کە تەنیا کارەکتەری سەرەکیی نەگرتۆتەوە، بەڵکو کارەکتەری لاوەکیش، وەک(زۆزانی دووەم، ویژدان) بەرچاو دەکەون، کە لاوەکیی پەرەسێنن.

–جگە لە مرۆڤ چەند کارەکتەرێکی ئاژەڵیش لە بنیاتنانی ڕۆمانەکەدا بەشدارن، وەک( تانجی، شەمشەمەکوێرە)، تانجی، کە ناوەرۆکی ڕۆمانەکە خواستوویەتی، دەربارەی ئەنفال و کاریگەرییەکانی ئەنفالە و مەردۆخ ناوی لێناوە(ئادەم)، هەروەها (شەمشەکوێرە)ش لەبەر ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا کار لەسەر شەو کراوە و ئەم باڵندەیەش، بە باڵندەی شەو ناسراوە.

## پاشکۆ:

ناساندنی ڕۆماننووس:

ڕۆماننووس و شاعیر و وەرگێڕ"بەیان سەلمان" لە ساڵی (١٩٦١)دا لە گەڕەکی تەپە، لەشاری کەرکوک لەدایکبووە. قۆناغی سەرەتایی وناوەندی و ئامادەیی، هەر لە کەرکوکدا خوێندووە. ساڵی (١٩٨٦) کۆلێژی ئابووری و بازرگانی لەزانکۆی بەغداد تەواو کردووە. لە ساڵی (١٩٨٨) تا (١٩٩١) مامۆستا بووە لە ئامادەیی بازرگانیی ڕانیە. لەنێوان ساڵانی (١٩٩٢ تا ١٩٩٨) لە هەندێک لە ڕێکخراوە مرۆییەکاندا، لەشار و شارۆچکەکانی کوردستاندا کاریکردووە. ئەندامێکی چالاکی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "شیعر"ە. لە ساڵی (١٩٩٨)ەوە، لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا دەژێت. کاری نووسین و وەرگێران دەکات و دامەزرێنەر و سەرنووسەریی سایتی (ترانسکولتوور)ە.

بڕوانامە: لە

ساڵی (٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠١ )دا دیپلۆمی لە ئەدەبی هاوچەرخی فەرەنسیدا، لە زانکۆی پاریسی هەشتدا بەدەستهێناوە.

لە ساڵی (٢٠٠١ بۆ ٢٠٠٢)،دا دیپلۆمی لیسانسی لە هەمان بواردا بەدەستهێناوە.

لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٤)دا دیپلۆمی بەکالۆریۆسی لەئەدەبی هاوچەرخ و ئەدەبی فەڕەنسیدا-تایبەتمەندێتی لە ئەدەبی ژیاننامە و ئۆتۆفیکشن وەرگرتووە. بەسەرپەرشتی بەڕێوبەری ماستەر (Christine Montalbetti-کرستین مۆنتالبیتی ) .

لە ساڵی (٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٥)دا، ماجستێری لە ئەدەبی هاوچەرخ و ئەدەبی فەڕەنسی-تایبەتمەندێتی لە ئەدەبی خەیاڵدا وەرگرتووە. بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەری ماستەر (کرستین مۆنتالبیتی) ئەمڕۆ یەکێکە لە ڕۆمانووسە ناودارەکانی ئەدەبی فەرەنسی.

لە ساڵی (٢٠١٩)دا نوێترین ڕۆمانی چووە، ناو لیستی خەڵاتی مێدیسیسMédicis

کاری پرۆفشناڵ:

لەساڵی (٢٠٠٦)ەوە، سەرقاڵی کاری ڕۆژنامەوانی و نووسین و وەرگێڕانە.

بڵاوکراوەکانی، بەزمانی عەرەبی:

١- انا کما فی حکایات الجنیة، شیعر، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،(٢٠٠٦).

٢- تلك الغيمة الساكنة "سيرة هجرة"، خانەی چاپەمەنیی الزمان، سوریا، (٢٠٠٨).

٣- بوراق، ڕۆمان، خانەی چاپەمەنیی الزمان، سوریا،(٢٠٠٨).

هەروەها بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە بابەتێک بە عەرەبی لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠٠٦) لە گۆڤاری (الکرمل) کە شاعیری فەلەستینی مەحمود دەرویش سەرنووسەری بوو.

بڵاوکراوەکانی بە زمانی کوردی:

١- "نامۆیی سەر و هەرەسی دیمەنەکان"، شیعر، (١٩٩٤).

٢- "نەوەکانی مادایی"، ڕۆمان، چاپی یەکەم چاپخانەی یاد، (٢٠١١). چاپی دووەم ناوەندی ئەندێشە بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە٢٠٢٠ .

٣- "بەسەرهاتەکانی خەزنە مەملوک"، ڕۆمان، چاپی یەکەم چاپخانەی یاد، (٢٠١٢). چاپی دووەم ناوەندی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە٢٠٢٠ .

٤- "لەبەرزایی شووراکانەوە"، ڕۆمان، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم (٢٠١٣). چاپی دووەم، ناوەندی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ٢٠٢٠.

٥- "شەوانی ئادەم"، ڕۆمان، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، (٢٠١٥).

٦- "یادداشتی عەتر و ئاگر"، ڕۆمان، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ، (٢٠١٨).

٧- "ئەڤین و جەنگ"، شیعر، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ، (٢٠١٩).

٨- "کرۆنێک"، کۆمەڵە گوتار لەبارەی تیۆری ئەدەبی و هونەری. خانەی چاپی دەزگای ژیان، سلێمانی (٢٠٢٠).

٩- "دەریا و خەونە شاراوەکەی مەرجان. ڕۆمان"، ناوەندی ڕەهەند بۆچاپ و بڵاوکردنەوە٢٠٢١.

"باڵندەکانیش دەنیشنەوە"، ڕۆمان، ناوەندی ڕەهەند بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، (٢٠٢١).

"ئەو هەرە کپە "ژیاننامەی کۆڕەو"، دەقێکی بەیان سەلمانە بە عەرەبی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە کاروان بازیانی، ناوەندی ڕەهەند بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە (٢٠٢١).

"تیۆرێما، دەربارەی چەند چەمکێکی ئەدەبی" دەقێکی بەیان سەلمانە بە عەرەبی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە کاروان بازیان، ناوەندی ڕەهەند بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە (٢٠٢١).

بڵاوکراوەکانی، وەرگێڕان:

وەرگێڕانی ڕۆمانی "کهوف هایداهوداهوس"ی سەلیم بەرەکات لەعەرەبییەوە بۆفەرەنسی

Actes Sud فەرەنسی خانەی چاپەمەنیی) .

"کاندید"، ڤۆڵتێر، وەرگێڕانی لەفەڕەنسییەوە، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، (٢٠١٤).

"شەقامی دوکانە تاریکەکان"، پاتریک مۆدیانۆ، وەرگێڕانی لەفەڕەنسییەوە، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە بۆ بڵاوکردنەوە، (٢٠١٦).

"میتامۆرفۆس"، ئۆڤید، وەرگێڕانی لەفەڕەنسییەوە، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە ،(٢٠١٨).

پێداچوونەوەی فەرەنسی، بە دوو دەقی وەرگێڕاوی توانا ئەمین کە لە زمانی فەرەسییەوە کردویەتی بە کوردی: "کەوتن" ئەلبێر کامو و "تریفەی مانگ" مۆپاسان.

"کەرکەدەن"، پارچە شانۆگەری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (٢٠٢٠).

"بە فەرەنسی بدوێ"، (فەرهەنگی بچووک) ڕێنمایی زمانی فەرەنسی –کوردی، نووسینی بەیان سەلمان، حامید درودی و فیلێپ دولارب. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (٢٠٢٢).

بەهەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فەڕەنسی، چەندین گوتار و بەرهەمی لە گۆڤار و ڕۆژنامە و وێب سایتەکاندا بڵاوکردووەتەوە. هەروەها شیعری ئەم شاعیرانەی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی: مالارمێە، ڕامبۆ، ڤێرلین، سۆفی داربۆڤیل، ژان لۆران، ولییەم بلێیک، ئەلکسەندەر پۆپ، پۆل ڤالێری، گیلڤیک، لامارتین، ئەدونیس، سەلاح فایق، پۆل–ژان تولێە. لەتەک چەندین دیمانەدا، کە تیشک خراوەتە سەر بەرهەمەکانی بەیان سەلمان، هەروەها کۆمەڵە وتارێکی فەلسەفی و تیۆری ئەدەبی و ڕانانی کتێبی کردووە بۆ:

- Alain Badiou, sloterdijk, Julia Kristeva, Roland Barthes, Tzvetan Todorov Jérard Genette …etc.
- Jean Baudrillard, La société de consommation
- Guy Debord, La Société du spectacle.

ئەو کتێبانەی بۆ ڕادیۆ خوێندراونەوە:

"شەوانی ئادەم" (٢٠١٦) ڕادیۆی هێلین، بە دەنگی نەرمین سندی.

"یاداشتی عەتر و ئاگر" (٢٠١٩) ڕادیۆی هێلین، بە دەنگی نەرمین سندی.

ئەو کتێبانەی بەشێکیان بۆ نووسینی (بەیان سەلمان) تەرخانکراون، یاخود خۆی تێیدا بە نووسینێک بەشدارە:

"هاوڕێیانی شەقامی جەمهوری"، ئازاد ئەحمەد ئەسود.

"ژنە ناودارەکانی کورد"، کۆکردنەوەی زامدار مەحمود.

"خودنووسینەوە"، کۆکردنەوەی هۆزان مەحمود.

"چێژی نووسین"، کۆکردنەوەی شاخەوان سدیق.

"نووسەران لە زەمەنی کۆرۆنا"، کۆکردنەوەی داستان بەرزان.

"ئەنسکیلۆپیدیای کەرکوک"، ئامادەکردنی، سمکۆ بەهرۆز و زاهر شوکر.

"دەربارەی ژنانی شاعیری کورد"، کۆکردنەوەی، ئەحمەد عەبدوالحەکیم.

"گرنگیی کارەکتەر لە ڕۆمانی "یادداشتی عەتر و ئاگر"ی بەیان سەلمان، کتێبێکی لێکۆڵینەوەی ئاکادیمییە، نەجم خالد ئەڵوەنی.

ئەو خەڵاتانەی پێی بەخشراوە:

خەڵاتی ڕۆماننووسین لە ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشەوە بۆ ساڵی (٢٠١٦) پێشکەش بە بەیان سەلمان کرا.

# لیستی سەرچاوەکان

کتێب بە زمانی کوردی:

- ئەرستۆ، (٢٠١١)، هونەری شیعر، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، چاپی دووەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- ئۆشۆ، (٢٠١٨)، تەنیایی، وەرگێڕانی: شێرزاد حەسەن، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتبفرۆشی مێخەک، زنجیرە(٧)، هەولێر.
- ئیسماعیل، سەباح، (٢٠٠٩)، چەمک و ستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- ئەرستۆ، (٢٠٠٤)، هونەری شیعر(شیعرناسی)، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێنما، سلێمانی.
- ئەرستۆ، (٢٠١٠)، پۆیەتیکا، وەرگێڕانی: د.محمد کمال، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- ئەڵوەنی، نەجم خالید، (٢٠٠٤)، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا(ژانی گەل، شار، ڕاز)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپی سەردەم، سلێمانی.
- ئەڵوەنی، نەجم خالید، (٢٠٠٩)، کارەکتەرسازیی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
- ئەڵوەنی، نەجم خالید، (٢٠٢١)، گرنگیی کارەکتەر لە ڕۆمانی(یادداشتی عەتر و ئاگری) بەیان سەلماندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- ئەڵوەنی، نەجم، (٢٠١١)، سێ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لە بارەی ڕۆمانی کوردییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- بیارەیی، ئاسۆ، (٢٠١٣)، ژنان و کچانی کورد لە دۆزەخی پرۆسەی ئەنفالدا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت(٣٣)، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
- تەها، خالید عوسمان، (٢٠٠٤)، بوونگەرایی فەلسەفەی واقیعی مرۆڤایەتی(کۆمەڵە وتار)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- حەسەن، حەمە سەعید، (٢٠٠١)، هونەری نووسینی چیرۆک، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- حەمە غریب، سازان جەوهەر، (٢٠١٣)، پاڵەوان لە حیكایەتی فۆلكلۆری كوردی(ناوچەی گەرمیان)دا، لە بڵاوكراوەكانی یەكێتی نووسەرانی كورد-لقی كەركوك، ژمارە(٢٠٤)، چاپخانەی كارۆ.

- حەمەعەلی، ئومێد، (٢٠١٨)، فەلسەفەی ئومێد، لە بڵاوكراوەكانی ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە.

- حەمەعەلی، ئومێد، (٢٠٢١)، مرۆڤ بوونێكی تەواونەكراو، چاپی یەكەم، لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ڕۆسا، ژمارە(١٢٠)، هەولێر

- حەمەعەلی، ئومێد، (٢٠٢١)، ئازادی و كەسێتی، چاپی یەكەم، بڵاوكراوەكانی ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.

- خدر، ڕێزان ڕەحمان، (٢٠١٢)، تەكنیكی گێڕانەوە لە ڕۆمانەكانی(عبدلله سەراج)، چاپی یەكەم، هەولێر.

- خەیات، ئاری عوسمان، (٢٠١٩)، ڕوانگەی ڕەخنەو ڕوانینی تیۆری، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر

- دەوڵەت، مەریوان عومەر، (٢٠١١)، سیماو خەسڵەتی كارەكتەر لە كورتە چیرۆكی كوردیدا(١٩٢٥-١٩٥٠)، چاپخانەی دیلان، سلێمانی.

- ڕسول، شوكریە، (٢٠٠٥)، تەكنیكی گێڕانەوە لە چیرۆكەكانی(مارف بەرزنجیدا)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- ڕەسول، ڕەسول حەمەد، (٢٠١٣)، جیهانبینی لە ڕۆمانی كوردیدا كرمانجی خواروو ساڵی(٢٠٠٠-٢٠١٠)، چاپخانەی كەمال، سلێمانی.

- سابیر، پەرێز، (٢٠٠١)، بینای هونەری چیرۆكی كوردی-لەسەرەتاوە تا كۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

- سامۆك، سەعدون محمود، (٢٠١١)، لە ڕێبازە هزرییە هاوچەرخەكان، وەرگێڕانی: بوخاری عبدوڵا و نالی یوسف، دەزگای نارین، هەولێر.

- سیوەیلی، ڕێبوار، (٢٠٠٨)، نەتەوەو حیكایەت، بەرگی یەكەم، چاپی دووەم، دەزگای موكریان، چاپخانەی خانی، دهۆك.

- سەراج، عەبدوڵڵا، (٢٠٠٧)، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاكان، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

- سەعید، جەلال ئەنوەر، (٢٠٠٩)، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلیدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
- سەعید، جەلال ئەنوەر، (٢٠١٣)، گفتووگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجیی خوارووداا(١٩٩١-٢٠٠٣)، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
- سەلمان، بەیان، (٢٠١٥)، شەوانی ئادەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە.
- عوسمان، ڕێزان، (٢٠١٠)، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا ساڵی(١٩٨٥-١٩٩٠)، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- عوسمان، هەرێم، (٢٠١٨)، دامەزراندنی بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ ڕەخنە، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- عەبدولا، پەروین، (٢٠٠٨)، توخمەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا(١٩٨٠-ڕاپەڕین)، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- عەبدولڕەحمان، بەهادین محمد، (٢٠١٨)، کاریگەرێتییە دەروونییەکانی ئەنفال لەسەر جێماوانی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- عەبدوڵلا، عەبدولموتەڵیب، (٢٠٢١)، ناسنامە تواناکانی بوونی مرۆڤ، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆسا، ژمارە(١١٠)، هەولێر.
- عەبدوڵلا، کانیاو بەکر، (٢٠٢١)، کۆتایی ڕووداو لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی خاک.
- عەزیز، محەمەد رەئوف، (٢٠٠٥)، ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
- عەلی، بەختیار، (٢٠١٢)، سێوی سێهەم، چاپخانەی کارۆ، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە.
- عەلی، بەختیار، (٢٠١٥)، چێژی مەرگ دۆستی، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە.
- عەلی، بەختیار، (٢٠٢١)، لەدەستدانی ئاسمان، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.

- عەلی، بەختیار، (٢٠٢١)، وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان، چاپی دووەم، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند.
- عەلی، بەختیار، (٢٠٢٢)، دەستەسڕەکەی ئۆتێلۆ، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.
- عەلی، سامان محەمەد، (٢٠١٢)، نوێکردنەوە لە چیرۆکی هونەریی کوردیی کوردستانی باشور(١٩٩١-٢٠٠٣)، دار الثقافة والنشر الكردية، بغداد.
- قەزاز، ئازاد، (٢٠١٠)، کەسێتی و ململانێی دەروونی، زنجیرە کتێبی دەروونناسی،(٢)، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- کاکە وەیس، جەلیل، (٢٠٠٥)، ڕۆمانی کوردی- پەرت بوونی ڕووداو نا زیندیی شاکەش، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- کۆمەڵێک نووسەر، (٢٠٠٢)، تیۆری ڕۆمان، وەرگێڕانی: محەمەد کەریم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- کۆمەڵێک نووسەر، (٢٠١٤)، بنەماکانی فەلسفەی ئاکار، وەرگێڕانی: سەعید کاکی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- کەسنەزانی، بوشرا، (٢٠١٢)، ئاستانەی سبەینێ(لێکۆڵینەوەی ئەدەبی)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- کەمال، محمد، (٢٠٠٤)، بوون و داهێنان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- کەمال، محمد، (٢٠٢١)، لەجەوهەرەوە بۆ بوون، وەرگێڕانی: پشتیوان مەنسور، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.
- مونیف، عبدولرەحمان، (٢٠٠٦)، تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان، وەرگێڕانی: شیرین.ک، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- مەنتک، حەمە، (٢٠١٠)، تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجی خوارووسالی ٢٠٠٠-٢٠١٠)، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
- هایدگەر، (٢٠٠٧)، شۆڕشێکی فەلسەفی، د. محمد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- یاقووب، عەلی عوسمان، (٢٠٢١)، ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و توخمە فرە ڕەهەندەکان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**


– اسماعيل، عزالدين، (١٩٨٥)، الادب و فنونه، الطبعه الثانيه، دار فكر العرب، القاهيره.

– بحراوى، حسن، (١٩٩٠)، بنيه الشكل الروائى، المركز الثقافى العربى، بيروت.

– برنس، جيرالد، (٢٠٠٣)، المصطلح السردى معجم المصطلحات،ت:عابد الخزندار،المجلس الاعلى للثقافة.

– بلوك، لورانس، (٢٠٠٩)، كتابة الرواية من الحبكة الى طباعة، ت: دكتور صبرى محمد حسن، دار الجمهورية للصحافة.

– بوطيب، عبدالعالى، (١٩٩٩)، مستويات دراسة النص الروائى، مطبعه الامنية، ديمشق.

– تزفتان تودوروف، (١٩٨٢)، شعرية النثر، ت . احمد المدينى ، الثقافة الا جنبية.

– ثامر، فاضل، (١٩٩٢)، الصوت الاخر، الجواهر الحوارى للخطاب الادبى، دار الشوون الثقافية العامة، بغداد.

– جاسم، فاتمة عيسى، (٢٠٠٤)، غائب طعمة فرمان روائيا، مطبعه دار الشؤون للثقافية العامة، بغداد.

– جنيت، جيرار، (٢٠٠٠)، خطاب الحكاية، بحث فى المنهج، ت: محمد معتصم، المجلس الاعلى الثقافة، مصر.

– جوف، فانسون، (٢٠١٢)، اثر الشخصية في الرواية، ت: لحسن احمامة، دار التكوين للتآليف والنشر، دمشق.

– حجازى، سمير سعيد، (٢٠٠١)، قاموس مصطلحات النقد الادبي المعاصر، دار الافاق العربية، القاهرة.

– حسين، سليمان، (١٩٩٧)، الطريق الى النص(مقالات في الرواية العربية)، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

– الحفنى، عبدالمنعم، (١٩٦٧)، الوجوديه فى حياة سارتر و فلسفته، دار الكتاب العرب، القاهرة.

– رحيم، احمد كريم، (٢٠١٢)، المصطلح السردى فى النقد الادبى العربى الحديث، دار صفا للنشر، عمان.

– زيرافا، ميشل، (٢٠٠٥)، الادب القصي، الرواية والواقع الاجتماعى، ت: سما داود، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد.

– السلامة، محمد على، (٢٠٠٧)، الشخصية الثانوية و دورها في المعمار الروائى عند نجيب محفوظ، دار الوفا الطباعة النشر، مصر.

- سماحة، فريال كامل، (١٩٩٩)، رسم الشخصية في روايات حنا مينه، دار الفارس للطباعة و النشر والتوزيع.
- سومرليان، ليون، (١٩٨٢)، تيار الفكر و الحديث الفردى الداخلى،ت: عبدالرحمن محمد رضا ، للثقافة الاجنبية.
- الشنطى، محمد صالح،(٢٠٠٦)، فن التحرير العربي، ضوابطة وانماطة، دار الاندلس للنشر وللتوزيع، طبعة السابعة.
- الطالب، عمر،(١٩٧١) الاتجاة الواقعى فى الرواية العراقية ، دار الثقافة, الطبعة الاول، بيروت.
- الطائى، ابراهيم، (٢٠١٢)، بين القصة الادبية القصة سحيفية، كلية الاداب، الجامعة العراقية، بغداد.
- بطرس، نورى، (٢٠٠٣)، مسارات في القصة والرواية الكردية، اربيل.
- عبدلله، عدنان خاليد، (١٩٨٦)، النقد التطبيقى التحليلى، دار الشؤن الثقافيهت العامة، بغداد.
- عزام، محمد، (٢٠٠٥)، شعرية الخطابالسرى، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دار المدى للثقافية و النشر دمشق.
- عزيز، ساجدة زرار، (٢٠١٠)، البنية السردية فى روايات نبيل سليمان، مكتب الشبابد ارزينى للطباعة، مصر.
- الفضل، صلاح، (٢٠٠٣)، اساليب السرد فى الرواية العربية، دار المدى للثقافية و النشر، ديمشق.
- فوستر، ا.م، (١٩٩٤)، اركان الروايه، ت: موسى العاصى، مطبعه دارجروس ، طرابلس، لبنان.
- قاسم، سيزا احمد، (١٩٨٤)، بنا الرواية- دراسة مقارنة فى الثلاثية نجيب محفوظ، مطبعة الهئة الصرية للكتابة، قاهرة.
- مارتن، والاس، (١٩٩٨)، نظريات السرد الحديثة، ت: حياة جاسم محمد المجلس الاعلى للثقافة.
- مرتاض، عبدالملك، (١٩٩٨)، في نظرية الرواية(بحث في تقنيات السرد)، سلسلة كتب عالم المعرفة، كويت.
- المرزوقى،جميل شاكر، (١٩٩٦)، مدخل الى نظرية القصة، دار الشؤون الثقافيه العامة،بغداد.
- ملقد، طةعبدالفتاح، (١٩٧٥) الحوار فى القصة والمسرحية والا ذاعة والتلفزيون، مكتب الشبابد ارزينى للطباعة، القاهيرة.
- نجم، محمد يوسف، (١٩٦٣)، فن القصة, دار الثقافة, الطبعة الرابعة،بيروت.
- هلال، عبدالناسر، (٢٠٠٥)، تراجيديا الموت فى الشعر العربى المعاصر، مركز الحضارة العربية مصر.

- وادی، طه، (١٩٨٩)، دراسات في النقد الراوية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر.
- الوەردی، علی، (٢٠٠١)، شخصية الفرد العراقی، لندن.

**سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:**

- آلوت، میریام، (١٣٨٠)، رومان به روایت رومان نویسان، ترجمه علی محمد حق شناس، نشر مرکز ضاث دوم، تهران.
- ایرانی، ناصر، (١٣٨٠)، هنر رمان، نشر آبانگاه، چاپ اول، تهران.
- بوئن، الزابت، (١٣٨٣)، یاداشتهای درباره رمان نویسی،(فن داستان نویسی)، ت: محسن سلیمانی، چاپ چهارم، موسسه انتشارات آمیر کبیر، تهران.
- دیو لاج، (١٣٨٨)، هنر داستان نویسی، ت: رضا رضایی، نشرنی، چاپ اول، تهران.
- شمیسا، د. سیروس، (١٣٧٩)، انواع ادبی، چاپ هفتم ،انتشارات فردوس، تهران.
- کارد، آورسون اسکات، شخصیت پردازی و زاویه دید در داستان، ت: پریسا خسروی سامانی،
- مستور، مستەفا، (١٣٨٤)، مبانی داستان کوتاه ، چاپ دوم، تهران.
- مهاجرانی، نسرین، (١٣٧٨)، هزار توی داستان، آشنایی باعناصرداستان کوتاه، چاپ آول، نشر چشمه، تهران.
- یونسی، ئیبراهیمی ، (١٣٨٤)، هنر داستان نویسی، موسسة انتشارات نگاة، تهران.

**نامەیی زانکۆیی:**

- ئیبراهیم، خالید قادر، (٢٠١٦)، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (ئیبراهیم ئەحمەد و غایب توعمە فەرمان)دا، زانکۆی چەرموو، کۆلێژی پەروەردە، نامەی ماستەر.
- تاهیر، سەیوان محمد، (٢٠١٣)، بنیاتی هونەری لە چیرۆکەکانی کاوس قەفتان، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، نامەی ماستەر.
- حەمە بچکۆڵ، ئاهەنگ شەفیق، (٢٠١٩)، گوتاری جەستە لە ڕۆمانی کوردیدا کرمانجی خواروو ساڵانی(١٩٩٥-٢٠٠٥)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، نامەی دکتۆرا.
- خلیل، سمیە نجیب، (٢٠١٠)، ئافرەت لە ڕۆمانی ئافرەتانی کورددا( ٢٠٠٠-٢٠٠٩)، زانکۆی صەلاحەدین، کۆلێژی زمان، نامەی ماستەر.
- ڕۆستەم، ئاری عوسمان، (٢٠١٦)، ڕەنگدانەوەی بوونگەرایی لە ڕۆمانی کوردیدا لە کرمانجی ناوەڕاست(٢٠٠٣-٢٠١٣)، زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، نامەی ماستەر.

- سەعدون، سامان عەزەدین، (٢٠١٣)، دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، نامەی دکتۆرا.
- شێخانی، جەوهەر محەمەد مەولود، (٢٠١٣)، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی(حسێن عارف)دا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان، نامەی ماستەر.
- عارف، ئاشتی حسین، (٢٠١٦)، وێنەی ژن لە چیرۆکەکانی (شیرین.ک)، زانکۆی چەرموو، کۆلێژی پەروەردە، نامەی ماستەر.
- عبدوڵلا، محەمەد ئەمین، (٢٠٠٠)، شاکەس لە ڕۆمانی کوردی کوردستانی عێراق دا(١٩٩٠-١٩٩٧)، زانکۆی صەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، نامەی ماستەر.
- عومەر، عەونی ئەمین، (٢٠١٥)، بنیاتی کارەکتەر لە دوو ڕۆمانی (فرهاد پیرباڵ)دا بەنموونەی (مولازم تەحسین و شتی تر) و (هۆتێل ئەوروپا)، زانکۆی صەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، نامەی ماستەر.
- عومەر، مەهدی فاتیح، (٢٠١٩)، پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زمان، نامەی دکتۆرا.
- عەزیز، بێستون عارف، (٢٠١٤)، بابەت و تەکنیکی خواستراو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا(٢٠٠٠-٢٠١٢)، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، نامەی ماستەر.
- عەلی، ئەحمەد شەریف، (٢٠٠٩)، ئەنفال لە ڕۆمانی کوردیدا، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زمان، نامەی دکتۆرا.
- فەرەج، سنور قادر، (٢٠١٢)، تەکنیک لە کۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی ڕەش)ی شێرزاد حەسەن دا، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، نامەی ماستەر.
- قادر، ئارام محەمەد، (٢٠٠٧)، نامۆیی لە شیعری کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، نامەی ماستەر.
- کەریم، حەسەن یوسف، (٢٠١٢)، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانەکانی (عەتا نەهایی) دا، زانکۆی صەلاحەدین، کۆلێژی زمان، ماستەر.
- مجید، بەیان، (٢٠١٤)، وەسف لە ڕۆمانی (شار)دا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، نامەی ماستەر.
- مجید، سەردار فایەق، (٢٠١٣)، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانەکانی (محمد موکری)دا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، نامەی ماستەر.

- محمد، تانیا ئەسعەد، (٢٠٠٦)، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە،ئەژدیها)، زانکۆی صەلاحەدین، کۆلێجی زمان، نامەی دکتۆرا.
- محمد، میران جلال، (٢٠٠٨)، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، نامەی ماستەر.

**گۆڤار و ڕۆژنامە:**

- ئیبراهیم و عەبدولڕەحمان، سەرکەوت عومەر، ناهیدا حسین، (٢٠٢١)، شیکردنەوەی دەروونی بۆ(کەسێتی سەرەکی لە ڕۆمانی "دەریاس و لاشەکان"ی بەختیار عەلی دا)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، خولی(٨)، ژمارە(٤).
- بەکروصبری، هیمداد حوسین و ڕازاو ڕشید، (٢٠٠٨)، چەمک و ڕەگەزەکانی چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا(١٩٩١-٢٠٠٥)، گۆڤاری ئەکادیمی ، ژمارە (٧)، هەولێر.
- سەعیدو محەمەد، محمد ئەحمەد، ئاهەنگ شەفیق، (٢٠١٩)،پێوەندیی ناو بە جەستەوە لە ڕۆمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی٦، ژمارەیەک١.
- سەلمان، بەیان، (٢٠١٢)، "کەسایەتی، خوێنەر، دووفیگەری ئاڵۆزی ڕۆمان"، گۆڤاری کۆنسیپێت، ژمارە٧، چاپخانەی شەهاب.
- عبدللە، سەروەر، (٢٠٠٢)، سەرەتایەک لە بارەی بنەمای کەسایەتی لە نیو رۆمان،گۆڤاری رامان ،ژ.٥٧.
- عزیز، حەمید ، (٢٠٠٦)، جەوهەری ڕاستی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١١١).
- عوسمان، هەرێم، (٢٠٢١)، ڕۆمانی"شەوانی ئادەمی"، گۆڤاری وانەر، ژمارە(٢).
- عەبدوڵڵا، سەردار، (٢٠٢١)، سیستەمی ناو لای ڕۆماننووسانی کورد لە باشوری کوردستان، یەکەم ڤیستیڤاڵی نێودەوڵەتی ئەدەب، سلێمانی.
- غولامی، ئەحمەد، (٢٠٢٢)، سیاسەت بە واتەی دوورکردنەوە لە ئەویدیی نوقسان، فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی گەلاوێژ، یوبیلی زیوین(٢٥).
- غەریب، ئەحمەد، (٢٠١٦)، چەمکی مردن لە فەلسەفەی مارتن هایدیگەردا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٢٢٨).
- قانع، ڤیان ، (٢٠١٢)، کەسایەتی ئافرەت لە نێو ڕەهەندە کلتورییەکاندا، گۆڤاری (لەیلا قاسم، لەیلا زانا) ژمارە ٧.
- کۆشکی، ئارام، (٢٠٢٠)، پاڵەوان لە ڕۆمانی شەوانی ئادەمدا، ڕۆژنامەی هەولێر، ژ. ٢٧٤٩.

- کەمال، محمد، (٢٠٠٥)، ئینسان. بوون. ئەنتۆلۆژیا، گۆڤاری سەردەمی ڕەخنە، ژ.٢.
- مەنتک، حەمە، (٢٠٢١)، ئاریشەی ناسنامە لە ڕۆمانی"شەوانی ئادەم" ی بەیان سەلماندا، گۆڤاری وانەر ، ژمارە(٢).
- یەحیا، شەونم، (٢٠١٩)، ڕوانگەکی فیلۆ-سۆسیۆلۆژیانەی ڕۆمانی(شەوانی ئادەم)، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە(٣٢٤١).

گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی عەرەبی:

بیرون، بۆل، (١٩٩٢)، السردیة حدود الفهم، ت: عبدلله ابراهیم(الثقافة الاجنبیة) بغداد.

چاوپێکەوتن:

چاوپێکەوتن لەگەڵ (بەیان سەلمان)، ٢٠٢١، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە.

لینکەکان:

)https://www.dabran.org/Dreje.aspx?jimare=3568&paiwandidar=2(

پەیوەندیی نێوان عەشق و ڕیاڵ، شەهریار وەقفیپوور، وەرگێڕانی: شێروان ئیبراهیم
www.negativegroup.org

(https://www.almrsal.com/post/895843

https://www.qallwdall.com) /شیما یوسف،٢٠٢١، قل و دل.(

http://bayansalman.wixsite.com/bayan-salman

https://fr.wikipedia.org/wiki/Bayan_Salman

https://de.wikipedia.org/wiki/Bayan_Salman

چەمکی ئازادی لە پانتایی بیری نەتەوەیی و دیدی جەمال نەبەزدا , هەڵۆ بەرزنجەیی
https://pmnews.se/?p=43665

سالار عوسمان،(٢٠٢٠)، مرۆڤ لە نێوان مردن و بیرکردنەوە لە مردندا..!
https://www.wishe.net/detailsWtar.aspx?NusarID=281&Jmare=1597

.www.road.net

**ملخص البحث:**

هذه الاطروحة بعنوان ( بناء الشخصية في رواية "ليالي آدم" لبيان سلمان")، تسلط الضوء على أهمية ودور الشخصية في رواية "ليالي آدم"، لأنة، لا يمكن تخيل رواية دون وجود شخصية، يعنى كل ما يحدث في نصوص الرواية لة، علاقة مباشرة مع شخصية، وتكمن أهمية الشخصية في أنه الراوى يمنح اللسان كآداة مهم للتعبير لهذه العنصر من بين جميع عناصر الرواية فقط، ينقل من خلاله آفكارة للقراء. و من هذا المنطلق تحاول هذه الدراسة ابراز جميع الحضال والأبعاد المختلفة وأنواع وعرض الشخصية التي تجسدها الروائي في رواية "ليالي آدم".

استعمل فى هذه الاطروحة منهج (الوصفي – التحليلي) حيث تم استعمال المنهج الوصفي في القسم النظري و استعمال المنهج التحليلي في القسم التطبيقى. لتحديد الخصائص والأبعاد المختلفة وأنواع شخصية.

بصورة عامة، يتكون هذا البحث من ثلاثة آقسام. و تتضمن كل منها عدة محاور، فالقسم الأول بعنوان " بناء الشخصية الروائية من منظور نظري"، حيث يتكون من أربعة محاور: ففى المحور الأول تم الدراسة مفهوم وتعريف وأهمية الشخصية في الرواية، و فى المحور الثاني عرض الأبعاد الفنية لبنية الشخصية وعرض الشخصية، وفى المحور الثالث الكلام حول علاقة الشخصية بالعناصر الأخرى للرواية، يعرض المحور الرابع أنواع الشخصيات في الرواية. والقسم الثاني الذى بعنوان "الأبعاد البنيوية وعرض الشخصية في رواية "ليالي آدم"، يتكون من الثاني محاور: وفى المحور الأول عرض أبعاد بنية الشخصية في رواية "ليالي آدم"، وفى المحور الثاني تم بيان آشكال عرض الشخصية في الرواية. والقسم الثالث بعنوان "علاقة الشخصية آنواعها في رواية" ليالي آدم" ، يتكون من محورين: ففى المحور الأول تم تناول علاقة الشخصية بعناصر أخرى في الرواية "ليالي آدم"، وفى المحور الثاني تم عرض أنواع الشخصية في الرواية.

وفى الختام، عرض نتائج البحث وقائمة المصادر وملخص الاطروحة باللغتين العربية والإنجليزية.

## Abstract:

This thesis entitled (characterization in the novel of Adam's night of Bayan Salman) focus on the significant role of character in the novel of Adam's night. It means, everything that will happen in the novel directly related to the character. The role of character is that novelist among all the genres of novel, allocate language as a significant genre of expression and in this way convey the thinking to the reader. Accordingly, this study attempts to illustrate all of the types, characteristics and dimensions of character that novelist used in the novel of Adam's night.

In the thesis the description-analysis method used. In the theoretical part description method and in the practical part analysis method used to determine the different characteristics and dimensions of different character.

Generally, the thesis consists of three chapters and each chapter consists of some parts. The first chapter entitled characterization of novel in terms of theory consists of four parts. In the first part definition, concept and role of character described. In the second part artistic dimensions of character illustrated. In the third part the relation of character with other genres of novel described. In the fourth part the types of character illustrated.

Second chapter entitled structural dimensions of character in the novel of Adam's night consists of two parts. In the first part structural dimensions of character in the novel of Adam's night described. In the Second part the way of using character in the novel described.

Third chapter entitled the relation between character types in the novel of Adam's night consists of two parts. In the first part the relation between character and other genres of novel in the novel of Adam's novel described. In the second part the types of character in the novel illustrated.

At the end the result of the research, references and the abstract of the thesis in Arabic and English languages illustrated.